
● خاوەنی ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**

● سەرنووسەر
**ئازاد عەبدولواحید**

● بەڕێوەبەری هونەری
**سەرکەوت وەلی**

● مۆتیڤ و پۆرترێت
**قەرەنی جەمیل**



# ١١٣

## مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە

بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی ڕامان دەری دەکات

**خولی سێیەم/ ساڵی یازدە/ تشرینی یەکەم ٢٠٠٦**

---

**ناونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت سینەما سەڵاحەدین**
**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی /** www.raman-media.net
**فاکس /** 00448701358681
**تەلەفۆن / ٢٢٣٠٥٨٢**
**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر / ٤٤٩٤٦٦٢ ـ ٢٢٢٨٥٠٦**
**چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر**
**نرخ ٧٥٠ دینار**

**لۆگۆ**
**ئاسۆ مامزادە**

# ناوەرۆکی


**● سەروتار**

– چیتر لە چاپدانەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە کۆنەکانمان دواخستن هەڵناگرێ/ سەرنووسەر/ 3

**● دەق**

– سەردێڕی شیعرێکی خوێناوی بە پەیڤی دارەبەن/ یوونس ڕەزایی/ 5
– جانتا/ کەریم دەشتی/ 8
– حیکمەتەکانی ئەستێرەیەکی ڕەش/ زانا خەلیل/ 10
– لانەواز/ بەدرخان عەلی/ 12
– دوا سەماکان/ لە ئەڵمانییەوە: د. سەروەر عەبدوڵڵا/ 13
– جواناغا/ محەمەد ڕەمەزانی/ 14
– ژمارە حەوت/ فەرۆخ نیعمەتپوور/ 21
– تابلۆیەکی شکاو/ فایەق جەمیل/ 24
– (.....)/ محەمەد عەبدولڕەحمان/ 26
– دوای ئەو شەوە/ لە فارسییەوە: سەلاح نیساری/ 27

**● هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ خاتوو (پۆلێت سامڤێلیان)ی زمانەوان/ ئا: ئامر طاهر/ 30
– دیمانەیەک لەگەڵ نووسەری ناوداری کورد (عەلی ئەشرەف دەروێشیان)/ لە فارسییەوە: شەریف فەللاح (هێژا)/ 46

**● لێکۆڵینەوە و ڕەخنە**

– زانستی عەرووز/ کامەران موکری/ 54
– قاڵبییەک بە زمانی گوڵەکانی ئەزموونەکەی دەهۆنێتەوە/ هەندرێن/ 63
– چێژ و بەهای دەقی شیعریی لەنێوان پەیامگر و خوێندنەوەدا/ د. فوئاد ڕەشید/ 69
– لێکدانەوەیەک بۆ گفتوگۆی نێوان هاملێت و تارماییەکە/ و – ئا: فوئاد یوونس/ 74
– «مەحوی» لەنێوان دوو «هیچ»دا/ عەبدولخالق یەعقووبی/ 82
– مەم باوەڕ ژئیڤارێن ئامەدێ دترسیت/ ئەحمەد قەرەنی/ 95

**● بیرورِا**

– تۆش شیعر دەنووسی؟!/ محەمەد فەریق حەسەن/ 101

**● بەدواداچوون**

– پێداچوونەوەیەک بە وەرگێڕانەکەی «مێژووی فەلسەفەی هیگڵ»/ عەبدولقادر عەزیز سەعید/ 108

**● وتار**

– زەردەشتیزم: فەلسەفەی کوردەواری یا وەهمی خۆپاراستن؟!/ فەرهاد شاکەلی/ 119
– خوێندنەوەی غەزەلێکی مەحوی/ موراد ئەعزەمی/ 124
– گێندەر زمان/ لە ئینگلیزییەوە: کاوە شێروانی/ 126

**● هزر و فەلسەفە**

– تایبەتمەندیی هزری کۆمەڵایەتی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا/ د. حەمید عەزیز/ 129
– چەمکی بونیاد لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان/ لە عەرەبییەوە: ستار باقی کەریم/ 135
– گەشەو سەرهەڵدانی چەمکی نەتەوە/ لە فارسییەوە: مەهدی عەلی ئەحمەد/ 142

**● زمانزانی**

– لێڵی لە زمانی کوردیدا/ سەلام ناوخۆش بەکر/ 155

**● مێژوو - کەلەپوور**

– ئیلامییەکان یەک لە باپیرەی کوردانن/ عەباس سلێمان سمایل/ 165
– پیرۆزیی بەرد لە ئەفسانە و باوەڕی کۆندا/ محەمەد سلێمان عەباس/ 170

**● هونەر**

– ڕیژیسیۆر و خەیاڵ/ د. فازیل جاف/ 174
– هونەری گۆرانی و موزیک لە ناوچەی کۆیەدا/ وریا ئەحمەد/ 185
– پێداچوونەوە بە بیروبۆچوونی هەندێ لەوانەی.../ دارا محەمەد عوسمان/ 190
– تەکنیک و ئەزموونی گرافیکی وەلید ستی/ سۆران ئیسماعیل/ 196
– بەکارهێنانی فلتەرات/ فارس سەعدی/ 201

**● خوێندنەوەی کتێب**

– ڕێگاوبان/ سابیر ڕەشید/ 203
– کاتێ نیچە گریا/ هاشم سەڕاج/ 205

**● ئێستێتیک**

– ڕامانێکی سایکۆلۆژیانە بۆ ئەدەب/ محەمەد تەها حوسێن/ 208

**سەروتار**

**لە پەراوێزی كولتوورەوە**

# چیتر لە چاپدانەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە كۆنەكانمان دواخستن هەڵناگرێ

**سەرنووسەر**

* بەپێی ئەو زانیاریانەی دڵسۆزانی ساغكردنەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەری كوردی لەدوو توێی كتێب و باس و وتارەكانیاندا بۆیان تۆمار كردووین، بزاڤی ڕۆژنامەگەری كوردیشمان هەروەك بزاڤە سیاسییەكەی ئەویش بە درێژایی تەمەنی خۆی تووشی هەڵبەزودابەزی زۆر بووە، بەڵام لە هەموو سەردەم و قۆناغەكانی سەرهەڵدان و گەشەكردنی خۆیدا بەپێر داوایە مێژووییەكانی نەتەوەكەمانەوە چووە. لە زۆر بڕگە و قۆناغی مێژوویی گرنگدا كە خەباتی چەكدارانە سەركوت كراوە و بۆ ماوەیەك خامۆشی بەخۆیەوە دیوە، یان كە ڕووناكبیرانی كورد زانیویانە خەباتە چەكدارییەكەی ئامانجە سیاسییەكانی ئەو گەلە بەدی ناهێنێ و بەزەبری پیلانگێڕی و ئاگر و ئاسن و توندوتیژی و گەلەكۆمەكی لەبار براوە، ئەوە خەباتێكی دیكەیان دەست پێكردووە كە خۆی لە خەباتی هوشیاركردنەوەی نەتەوەیی و ورە بەرزكردنەوەو خۆبەدەستەوە نەدان لە پەنای كاری ڕۆژنامەوانی دیوەتەوە، بۆیە سەرومڕ لاپەڕەكانی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە تەژین لە ڕەنگدانەوەی ڕووداوەكانی ئەو قۆناغانە و هەمیشە واقیعی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئەدەبی بە ئەمانەتەوە گواستووەتەوە. هەڵدانەوەی لاپەڕەكانی مێژووی دێرین و هاوچەرخی بە ئەركی سەرشانی خۆی زانیوە تا پەندو عیبرەتی لێوەربگیرێ، ئەوە باسی خزمەت گەیاندن و گەشەپێدانی زمانی كوردی هەر ناكەم كە وەك كۆڵەگەیەكی نەتەوەیی ئەركەكەی خستووەتە سەرشانی خۆیەوە.

* ئەو نووسەر و باسكارانەی ئەمڕۆكە دەیانەوێ لێتوێژینەوە بنووسن و بەدوای ژیانی كوردەواری پێش ئەو سەد و هەشت ساڵەی بكۆڵنەوە، بێگومان ناتوانن بەبێ دەوركردنەوە و هەڵدانەوەی لاپەڕەكانی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە هیچ بە هیچ بكەن، كە لە نووسینی باس و لێتوێژینەوەكانیاندا كە ئەو سەرچاوە گرنگەی ڕۆژنامەگەری كوردیی زەمینەی دەوڵەمەند كردنی باس و بابەتەكانیان بۆ خۆش دەكات و بەردەمیان بۆ ڕووناك دەكاتەوە، بۆیە ئەو باسكار و لێتوێژەرەوانە لە هەموو كەس زیاتر پێویستیان بە گەڕانەوەیە بۆ سەر لاپەڕەكانی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە.

* ڕۆژنامەنووسانیش بۆ كاری ڕۆژنامەوانیی خۆیان پێویستیان بەوەیە ئاگایان لەمێژووی ڕۆژنامەگەری كوردی بێ، تەنانەت بەلای منەوە دەبێ بەرلەوەی دەست بدەنە كاری ڕۆژنامەوانی بكەونە هەڵدانەوەی لاپەڕە بە لاپەڕەی سەرجەمی گۆڤار و ڕۆژنامەكانی كوردی هەر لە سەرەتای دەرچوونییەوە تا ڕۆژی دەستبەكار بوونیان وەك ڕۆژنامەنووس، بۆ ئەوەی بە وردی لەتەكنیك و شێوازی كاركردن و پێشكەوتنی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە تێبگەن، هەروەها لە شێوەی پەرەسەندنی زمان و ڕێنووسی كوردی وردببنەوە، لە هونەری وتارنووسین و ئاستی داهێنانی ئەدەبی و هونەری و بایەخی ئەوان بە مێژوو و كەلەپوور و گرنگیدانیان بە هەواڵ و ڕێپۆرتاژ و لایەنی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و بازرگانی زانیاری بەدەست بخەن، یان لە چۆنیەتی هەڵسوكەوت كردن لەگەڵ وێنەدانان و دیزاین و نەخشەسازی بزانن، پرۆسەی وەرگێڕان و پێشكەوتنی پەخشانی كوردی و چاوهەڵێنانی سەروتار و ڕەخنەو چیرۆكی كوردی لەوێدا ببینن، كە هەموو ئەو لایەنانە لە دوو تووێی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەدا هەریەكەیان بە قەبارەیەك هەن و لەسەر لاپەڕەكانیاندا خۆیان دەنوێنن، ئەم بەسەركردنەوەیە حەتمەن دەبێ قوتابیانی بەشی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری لە ئامۆژگاو زانكۆش بگرێتەوە و جێگەی بایەخی ئەوانیش بێت.

* ئەوانەی كە تێزی ماستەرنامە و دكتۆرا دەنووسن، لەگەڵ ئەوانەی نیازیانە لێكۆڵینەوە لە بارەی هەر بوارێك لەو بوارانەی سەرەوە ئاماژەمان پێدان بنووسن، یان هەر كەسێ بیەوێ ئیندێكس و بیبلۆگرافیا بۆ لایەنێكی مێژوویی و كولتووری

ساز بکات، بیەوێ و نەیەوێ دەبێ بگەڕێتەوە سەر ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە، وەک من ئەو ئازارەم بەدەست پەیداکردن و دۆزینەوەی سەرجەمی گۆڤارو ڕۆژنامەکان چەشتووە، تا خەڵکی دیکە نەیچێژن و بۆ ئەوەی بە تەقەڵی درشت ئەو کارە نەکرێ، دەبێ سەرجەمی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامە کۆنانە لەبەردەستماندا هەبن، تا کارمان مەیسەرو ئاسان بکات و زانستیانە ئەرکەکەمان ڕاپەڕێنین. لەبەر ئەوەی ئەمڕۆکە لە کوردستاندا کتێبخانەی نیشتمانیمان نییە کە هەموو ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە دوورە دەستانەمان لەبەردەست دابنێ و بە مایکرۆفیلم پارێزرابن، لەبەر ئەوەش کە نابێ تەنیا لەکاری ئەکادیمی و نەتەوەییانە ئیش هەر لەسەر ڕۆژنامە و گۆڤاری باشووری کوردستانی بکەین، بۆیە دەبێ هەتا زووە هەڵمەتێکی کۆکردنەوە و ڕزگارکردنی سەرجەمی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە بگرینە ئەستۆ کە لە سەنتەرێکدا کۆبکرێنەوەو دابنرێن، پاشان کام گۆڤار و ڕۆژنامەیە هاتە دەست و ژمارەکانی بەنجیرە و بە تەواوی هەبوو بەزووترین کات بە چاپیان بگەیەنین، کەلێنی ژمارە ناتەواوەکانیش پڕ بکەینەوە.

* ئێمە لێرەدا نابێ ئەو نەریتە جوانە کە بە هەوڵ و هیمەتی (جەمال خەزنەدار) دەستی پێکرد لەبیر بکەین، کە لە حەفتایەکاندا جگە لە (ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی)یەکەی، هەردوو ڕۆژنامەی سەردەمی حوکمڕانی شێخ مەحموودی نەمر (ڕۆژی کوردستان) و (بانگی کوردستان)ەکەی چاپ کردووە کە ئەم کارە بە بەرزی دەنرخێنن، لە ئێستاشدا هەوڵەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و دەزگای ئاراس و بنکەی ژین نابێ لە یاد بکەین کە زۆر خەمخۆرانە کەوتنە سەرلەنوێ لەچاپدانەوەی (نزار، ژیان، ڕۆژی کورد، ژیانەوە، دیاری کوردستان، زاری کرمانجی و ڕووناکی، دیاری لاوان و یادگاری لاوان، پێشکەوتن)ی زەمانی مێجەرسۆنیان ڕزگار کرد، بەڵام ئەو جموجووڵە دەبێ خێراتر بکرێ و لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دیکە بخاتەوە بەردەستی خوێنەران و نووسەران و لەوانەش: (گەلاوێژ، ڕۆژی نوێ، شەفەق، هیوا، بڵێسە، پێشکەوتن، هەتاو، پێشمەرگە، هەولێر، دەنگی گێتی تازە،..تاد) برایانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەرچی زووترە بکەونە خۆیان بۆ کۆکردنەوەی ڕۆژنامەکانی سەردەمی کۆماری کوردستانی قازی محەمەد، بەتایبەتی ڕۆژنامەی (کوردستان) و (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) و چاپەمەنییەکانی دیکەیان هەر زوو بەچاپ بگەیەنن، تا لەوە زیاتریان لێ نەفەوتاوە، چونکە ئەو لاپەڕانە ڕۆژ دوای ڕۆژ دەپوێن و بەهۆی کاریگەریی کەشوهەوا و شێداری لەبەین دەچن.

* ئەمڕۆکە باری ڕۆژنامەگەریی عەرەب لە عیراقدا لە بارودۆخی پاراستنی ئەرشیفی ڕۆژنامەگەریی کوردی حاڵیان باشتر نییە، لە عیراق بێجگە لە ژمارەکانی (لغة العرب)ی ئەنستانس ماری ئەلکەرمەلی، ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەرەتای سەدەی ڕابردووی بەدەست ناکەون، بۆیە زۆر لەو ڕۆژنامانەیان تەنیا وەک ناو ماون، من بۆ لێکۆڵینەوەیەکم کە چەندان ساڵە ڕامگرتووە، تەنیا لەبەر ئەوەیە کە بۆ بینینی ڕۆژنامەکانی (العراق) و (الزهور) زۆرم هەوڵدا کەچی تا ئێستا بە ئەنجام نەگەیشتم، کە لەوێ زۆر بابەتی گرنگیان سەبارەت بە کورد لەخۆ گرتووە.


* ئەمڕۆکە کە دنیای نووسینی کوردی پڕبووە لە (چەواشەکاری) و زۆر بە دەگمەن نووسەری خاوەن ئینساف و زانست پەروەر و دەستپاک و ئەمانەت پارێز بەرچاو دەکەون، بۆیە لە چاپدانەوەی سەرلەنوێی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە لەلایەک ڕێ لەتاڵان و فەرهود کردنی بەرهەمی ڕەنجی نووسەرە دێرینەکانمان دەگرێ و لەلایەکی تریشەوە زۆرجار ڕێ کەوتووە نووسەرم دیوە ئاماژەی بەسەرچاوەیەکی کۆن کردووە خۆی ئەو سەرچاوەیەی نەدیوە و ئەسڵەن تاقەتی نەبووە ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە ببینێ یان بەدوایاندا بگەڕێ، چونکە زۆر دانسقە و دەگمەنن، بۆیە نەیتوانیوە ڕاستەوخۆ سوودیان لێوەربگرن، کەچی ئەوان دەچن سوود لە ئاماژەکانی نووسەرێکی دیکە وەردەگرن کە خۆی هیلاک کردووە و ئەرکی کێشاوە تا ئەو سەرچاوە ئەسڵییەی دۆزیوەتەوە و سوودی لێ وەرگرتووە، برامان هاتووەتە سەر سفرەی حازر و وەک نووسەری دووەم مشەخۆرانە وەری گرتووەو بێزی نەهاتووە ئاماژە بەو سەرچاوەیە بدات کە ڕاستەوخۆ لێی وەری گرتووە، بۆیە بۆ زۆرکردنی (سەرچاوەکانی خۆی) و بۆ هەمەڕەنگ کردنی سەرچاوەکانی، دەنووسێ (ژیان، ژین، پێشکەوتن، گەلاوێژ) کە نەیانی دیوە، ئەمەش لە کاری نووسین و ڕۆژنامەوانیدا دەستپاکی و نووسینی زانستی پێ ناوترێ، بەڵکو ئەوەی بۆ چاووڕاو و بۆ خۆنواندن کردووە و ئەو سەرچاوەیە دەنووسێ بۆ ئەوەی بە خوێنەران بڵێ گوایە من هیلاک بووم تا بەدوای ئەو ژمارەیەی ئەو ڕۆژنامەیە، یان ئەو گۆڤارە کۆنەدا گەڕاوم، بەڵام لە حەقیقەتدا ئەو لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی کتێبێک یان لێکۆڵینەوەیەکی دیکەوە ئەوەی وەرگرتووە، بێگومانیشم بەو کاری لەچاپدانەوەیە زۆر نووسەری تەمبەڵیش لە ئەمانەتی زانستی نزیک دەبنەوە.

* لە جیاتی ئەوەی ساڵانە لە یادی ٢٢ی نیسانی هەموو ساڵێکدا کۆڵێک پارەوپوول بە هەدەر بدرێ و لە گێڕانی ئاهەنگی بێ سوود، وتاری ساردوسڕ و ڕێو ڕەسمی تەقلیدی یادکردنەوەی ئەو بۆنەیەدا سەرف بکرێ، پێویستە بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ ئەو مەبەستە دابنرێ کە ساڵانە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە بکرێنە دیاری بۆ کتێبخانەی کوردی، کە هەر ئەوەش دەمێنێتەوە و لە کتێبخانەدا جێی خۆی دەگرێ. لەپاڵ ئەوەشەوە دەکرێ ئیندێکسێک بۆ ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە بەناوی (نووسەرەکان) و (بابەت)ەکانەوە ڕێک بخرێ، تا نووسەران و خوێنەران کە باسێک، بابەتێکیان ویست بەهەڵدانەوەی لاپەڕە بە لاپەڕەیەوە کاتیان بە فیڕۆ نەڕوا، بگرە بە پێی پیتی ئەبجەدی و هەرزوو ناوی نووسەرەکە بدۆزرێتەوە، ئەمەش مەگەر تەنیا باسکاران بزانن چەند کارێکی گرنگ و سوودبەخشە بۆیان و چەند کاتیان بۆ دەگێڕێتەوە.

# سەردێڕی شیعرێکی خوێناوی
# بە پەیڤی دارەبەن

یوونس ڕەزایی
(بۆکان)

ئەگەر پێبکەنین یانی ئەو شیعرە سڵاو بە تۆدا دەچێنێ
من شان بە شانی کازیوە ئاسۆم
پێ بە پێی میوە تا گەیشتن...
من پێ بەپێی میوە دارێکی ڕاوەستاو
کە دڵۆپێک عیشقی ئاورین و
قامووسێک پیت بە پیت
ماچێک نەبێ مەگەر
ئەگینا
ئەم هەموو ئاسۆیە کوا هێندی میوەیەک ڕوون
ئەم گشتە میوەیە کوا چەشنی درەختێکی کاڵ
ئەم تێکڕای مەمکانە و
کوا من
من (کاڵترین ئاسۆی ماچێک دەچێژم)
سڵاو... کە ئەوەی پێکەنینی ئاسۆیە
شان بەشانی میوە لە گەیشتنا... کاڵ
... کە ئەوەی ماچێکە بە پێی گریان
پێ بە پێی دار لە بەهارا گەیشتوو
میوەیەک ئاسۆی ماچی ئاورین و
تۆ گەیشتن دەپیڤی
میوەیەک درەختی ڕوونی ئەگینا سبەینێ و
تۆ باخی کام ئاسۆ بەر دەگری لە گلێنەی سەوزدا –
شین –
تۆ مۆسیقای کام با حینجە دەکەی
لە لەپی خوێناوی بەفردا – گەرم –
تۆ
کەی بەم وڵاتەدا کاڵ دەبێ
کە من درەخت
کە من پیرتر.



ئەگەر کازیوەی عەشقی ئاسۆیەک لە چاوە کاڵەکانت
بباریّ
کوا من تا سەروەری میوەیەک لە باڵاتا ماندووم
تا بارانێکی ماندوو بە وڵاتی سبەینێدا
شان بە شانم
ڕوون.
ئەگەر من لە تۆدا گریانی کازیوە
(شەو دەبم)
بێ ماچی ئەو شیعرەی دەمچێنێ
لە ئێستا و زەماندا
(ڕۆژ دەبێ)
بە تێکڕای ئەوینی سبەینێی گەیشتن
لە دوێنێ و بۆسۆدا.
تۆ میوەی درەختی قەراغی باران و شەو دەژی
بۆو کەسەی حەوت برای بە جامیلکە جامیلکەی ئاسۆوە
دارەبەن
بۆو عیشقەی حەوت کەڵی بە گۆمیلکە... گۆمیلکەی
شەوەوە
هەڵدێراو.
ئەو دەبم...
هەتاوەکو سپیانی ماندوویەک بێ قەرار
دەمکێڵێ بە تەنیا
تەنیایی حەوت کەسی خوێناوی ئاسۆیەک
بەبێ ڕووناکایی و
بە بێ ژن
لە مندا دەباری.
بمپەیڤن ژنانی گۆمیلکە گۆمیلکەی چاوەڕوان
دەتانبەم هەتاکو هەتاوێک ئاسۆ بم
لە کێلە سپیانی دڵنیا لە مەرگ
هەتاکو برینێک عاشق بم
بە ڕازی خوێناوی زەمەندی سیامەند.
پێکەوە داستانی ئاسۆین و بێ ئۆقرە
کە گوتیان:
دوو باوک کەروێشکەی کینە بوون لە عەشقا
دوو نەمام عاشق بوون بە بۆنی خاک و خوا
دوو نیگا هیچ کامیان چاوەڕوان
دوو تاوان هیچ کامیان ڕوون و کاڵ.

پێکەوە... (بمبیسە): «ئەی کازیوەی عەشقی ئاسۆیەک
لەچاوەکانتدا... من
ئەی سەروەری ماندوویی کازیوەم
شەو بە
شەو.
هەتاکو بە گەشی لە تۆدا دەرکەوم
ئەگینا... حەوت ڕۆژی نا عاشق دەتچێنن لە مەرگا
تا ڕووحی دارەبەن بریندار
ئەگینا... حەوت مانگی خوێناوی دەمبیستن
هەتاکو گۆمیلکە گۆمیلکەی
تەنیایەک.
ئامۆزای شەو دەبم و مویتەلای ژنێکی میوەیی
چازانم بە ئاسۆی چاوەڕوان.
تەلاقی تاریکیم هەڕوونە و
ئەگینا عەشیرەی داستانێک کازیوە
شان بەشان لە ون بوون
پێ بە پێ لە کوێستان.
ئەگینا... کوڕژنی ئەم شیعرەم سڵاوە و
سمکۆڵی تەنیایی
ئەگینا... من بە باغەڵی شەوەوە هەڵواسراو
هەر بۆیە حەوت بەدفەڕی تاریک
تا چەند عەشیرەی بێ هەوار
قاقایان لە مندا
پاییزە و هەڵوەرین.
نا ناڵێ گۆڕ غەریب... هەر ئەوە و ئامۆزای ڕۆژئاوا
هەتاوەکو ڕۆژئاوای غەریبی سڵاوێک دادێت و
بێ وڵام ئاوایە.
دەچۆڕێ تەنیایی لە چڵی دارێک و
کوڕژنی حەوت ئاسۆی لێڵ و ڕوون
قاقری.. ئاسۆیە و
تەنیایی... تینوویەک
لە زەمان پەیڤینە...
ئەگینا کوا جامی بەفراوی سبەینێی شنەیەک
کە من شان بەشانی دارەبەن کارەسات دەبینم و
ڕێ بە ڕێی شیعر
شاعیرانە
خوێناویم.

نیمانه بەرماڵێک بە تاڵی ڕابردوو
دەنا
کوا لە سەر ڕەوەزێک بە زەمانی تینووی ئاسۆ
هەتاوین
نیمانە کتێبێک نووسراوی ڕۆژئاوا
دەنا
کوا سەردێڕی حەوت جامی خوێناوی لەمڕۆدا و
شان بە شانی شیعر
لە کەلی وشەوە ئاوابوون.
بە تەنیا:
ئەی عەشقت میوەیەک لە کازیوەدا کاڵ
پێکەوە:
ئەی ماچت ئاسۆیەک سەر بە سەری ڕێگایە و
من ڕێبوار.
ئێستاکەش حەوت شەوە لە مندا دەترەکێ تاریکی و
حەوت شەوە لە مندا دەلووریێ چاوی تۆ و
حەوت شەوە لە مندا دەوەڕێ تەنیایی.
مەودامان خەنجەرێک دەیکێڵێ و عاشقیش
تەنیایی دەیچێنێ و شاعیریش
غەریبی بە شانی داماوی دارەبەندا دەتکێ و
واوەیلا
تا
لەیلا.
ئەگینا نە مەجنونە شاعیر
نە ماندووە سبەی.
ئەگینا غەریبی شاعیریش خەنجەرە و
تەنیایی لە مندا چاوی تۆ دەترەکێ.
بەم وڵاتەدا هەتاوم
شان بە شانی ڕێ (بێ ئەوەی تەواو بم)
ئەگینا
حەوت شیعریش بمکێڵێ و
غەریبیش بە شانما خوێناوی
دەتبەم و دەتچێنم بە ناخی ڕووحمدا...
تا دەبم بە دێڕی بێ مانای عەشیرەت

# جانتا

کەریم دەشتی

١
من هەمیشە خەون بە جانتای سەفەر دەبینم
سەفەری دوور..... هێجگار دوور

٢
دەمەوێ دەریا ببینم
دەمەوێ بچمە لای تبت سەری دەلایلاما بدەم
بچم لەناو دڵی کەشمیر تۆزێ لەسەر پشت ڕاکشێم
لە مۆزەخانەی میلانۆ سیمای دانتی بەدی بکەم
دەڵێن ئێستاش چاوەڕوانە بیاتریس بگەڕێتەوە

٣
ڤینیس پڕە لە بازرگان
بەڵام تەنها من یەک بازرگان دەناسم
کە شکسپیر بۆ تاهەتا لە ناو جانتای زەینی ناوە

٤
ئەو جانتایەی من دەمەوێ پڕ کتێبە
لەوەتەی هەم کتێبەکان دەکەمەوە
ئەو جانتایە دەڵێی بنی لە دەریایە
قەتاوقەت کۆتایی نایە

٥
یەکەم جانتا بینیبێتم جانتایەکی عوسمانی بوو
لە دەستی کابرایەکی باڵا بەرزی دەرسیمی
کۆڵان بە کۆڵان دەگەڕا
مناڵانی شارەکەمی سوننەت دەکرد



ئێستاش هەر جانتایێ کە دەبینم
بۆنی سپرتۆ دەکەم

٦

بیرمە یەکەم جار کە چوومە قوتابخانە
دایکم جانتیەکی لە پەڕۆ بۆ دروست کردم
کە بە ملم هەڵدەواسی دەتگوت کۆتە
لەو ڕۆژەوە تاکو ئێستا هەر فلیمێ
پەتی سێدارەی تێدابێ
جانتی پەڕۆم بیردێتەوە

٧

زۆر جار کە لەژێر ئاسمانی پڕ ئەستێرە ڕادەکشێم
بیر دەکەمەوە جانتایەکی گەورەم هەبێ
بەقەد داد و خۆزگ و بریا
هەرچی گوللە و شەڕ و زوڵم و زۆریی هەیە
هەمووی لەم جانتیە بکەم تووڕی هەڵدەمە ناو دەریا

٨

گوڵاو فرۆشێکم بینی عەتاری دەکرد لە شاران
ڕۆژێ ڕێی کەوتە بەر ماڵێ
کاتێ کە جانتای کردەوە
دەتگوت عەتری لێ دەبارێ
شووشە عەتری ئاوای پێ بوو بۆنی دەگەیشتە ئاسمان
ئێستاش کاتێ کە دەچمەوە شوێنی جاران
بۆنی ئەو عەترە هەر ماوە

٩

یەکەم جانتا کە بەشانی خۆم دادابێ
ئەو کاتە بوو کە بە قیتار چووم بۆ بەغدا
یەکەم کتاب کە لەناو جانتام دانابێ
کتێبی ئیسماعیل نامە بوو

١٠

لە ناوەندی قەیسەری هەولێر
دوو کەسم دی بەشەڕ هاتن
بەجەنتا لەیەکتریات دەدا

١١

یەکەم شەڕ لەسەر جانتای دەسەڵات بوو
دووەم شەڕ لەسەر جانتای پارە بوو
سێهەم شەڕ لەسەر حیسابی جانتای
مناڵانی قوتابخانە بوو

١٢

مامۆستا هەمیشە دەیگوت
ئەگەر شتێکتان دۆزییەوە بیدەنەوە بە خاوەنی
بەڵام من جانتایەکم دۆزییەوە ڕوبعێکی تیا بوو
سێ دەبدەبە و قەڵەمێک و سەموونێکی عەسکەریم پێ
کڕی

١٣

لە لای ئاوباری مەولەوی تەنزیلات فرۆشێ هەبوو
هەمیشە دوو جانتای پێ بوو
پێیان دەگوت عومەر جانتا

١٤

حەمە شێت پیاوێکی ڕیش سپی نوورانی بوو
کە دەگەیشتە دوکانی ئاسن و تەنەکەی شار
دەوەستا و سەیری دەکردن
بەڵام کە دەگیشتە دوکانی جات فرۆشان
ئاوڕی لە دواوە دەدایەوە و لەبەر خۆی قسەی دەکرد

* ئەم شیعرە پێشکەشە بە ئاسۆی کوڕم کە پۆلی سێیەمی سەرەتاییە، داوای لێ کردم کە ئەم ساڵ جانتایەکی بە تایەی بۆ بکڕم.

# حیكمەتەكانی ئەستێرەیەكی ڕەش

زانا خەلیل

جگە لەو پردە، هیچ پردێكی تر نییە
بەهۆیەوە لەو ئۆقیانۆسەدا بپەڕینەوە..
(پردی عەشق).

*   *   *

كە شەپۆلەكان هەندێ گەڵای زەردیان
لەگەڵ خۆیان هێنایە كەنار دەریا
دەبێ بزانین
لە شوێنێک لە شوێنەكاندا پایز هەیە.

*   *   *

لەسەر ڕووبارێكی هاوینی پردێک هەیە
ئەسپێک بە مەلە ڕووبارەكە دەبڕێ.

*   *   *

لە پەنجەرەكەدا دەڕوانیتە دەرەوە
ئاسمان پارچەیەكە لە ئاگر
ئەوە هەمووی بیرەوەرین

*   *   *

ڕووناكی دراوسێكان دەگاتە نێو كۆشت
كەچی هێشتا ژوورەكەت تاریكە..

*   *   *

مەرج نییە بۆ ئەوەی ئێمە عەشق بۆ یەكتری دووپات كەینەوە،
بە چاوەكانمان لە یەكتری بڕوانین و قسەكانی یەكتری ببیستین،
بەڵكو ڕۆح چاو و زمانی هەیە، هەمیشە عاشقەكان بەیەک دەگەیەنێ،

*   *   *

با عاشق قبووڵی بێ، ئازار بدرێ،
چونكە بۆ هەمیشەیی مەعشووقەكان زادەی ڕەحمی ڕۆحی گەردوونن..
پەیامی خودایان بۆ هێناون.

*   *   *




هەتاوی زێڕین جوانە و تووشی سەرئێشەشت دەکا
هەوڵدە لەژێر سێبەرێکدا لە هەتاو بڕوانە.
* * *
خۆشەویستی حەددی ئێسقان پڕ لە ئازارە،
بەڵام لە خۆشەویستی بە ئازارتر ئەوەیە کە مرۆڤ
عاشق نەبێ.
* * *
لەبانهۆفێکدا شەمەندەفەر بەرەو هەموو دنیا دەڕوا و
دەگەڕێتەوە هەمان وێستگەی سەرەکی، مرۆڤیش ئاوایە
تەنیا وێستگەیەکی سەرەکی هەیە، هەر دەبێ بۆ ئەوێ
بگەڕێتەوە..
(خاک).
* * *
هەموو تەمەن ڕیزگرتنێکە بۆ ئەوەی ئیمزاییێک بکەیت و
ڕێگات پێبدەن لە دەرگاییێکدا بچیتە ماڵی مردنەوە.
* * *
ڕاکردنی دۆلفینێکی سێرک بەرەو دەریا
مەرج نییە هەموو جارێ لە بەرژەوەندی دۆلفینەکەدابێ.
* * *
کاتێک شەڕی نێوانی یەقین و گومان کۆتایی پێدێ
کە مرۆڤ باوەڕێکی سپی هەبێ.
* * *
ئەو دەمە دەزانین ڕووناکی خۆشە، کە تاریکی
هەموو ژیانی داگیر کردبێن.
* * *
عەشق تەواو وەکو ئێنستر و مێنتەکانی مۆسیقا وایە،
هەرکەسێ دەتوانێ دەستی لێبدا،
بەڵام کە من، ئەوانەی دەتوانن پسپۆڕانە بیژەنن.
* * *
ماڵێک هەیە، هەزارەها دەروازەی تێدایە بۆچوونە
ژوورەوەی مرۆڤەکان
(ماڵی عەشق).
* * *
یەکێکت تا ڕادەی پەرستن خۆش نەوێ، چونکە هەمیشە
خوداوەند دەیەوێ عەبدە خۆشەویستەکەی خۆی
لەناو ببات.
* * *
لە توانای بۆقێکدایە بۆ تاوێ، جوانی مانگ
لەنێو گۆماوێکدا
لەناو ببا..
* * *

کەشتییێک کە هەزاران کەسی هەڵگرتووە لەنێو دەریادا
وەکو دنکە گەنمێک وایە لەنێو هەزارەها دۆنمی زەوی
مرۆڤەکانی نێو کەشتییەکە میکرۆبن
بەچاو نابینرێن.
* * *
هەوڵدە لەسەر ئەو شەقامەی کە بەرەو مردنت دەبا
لەگەڵ خۆشەویستەکانت پێبکەنە و
گاڵتەت بە هەموو شتەکان بێت.
* * *
کەشتییێک هەیە لەمتمانە
هەمیشە مرۆڤەکان لە کەنارەکانی ژیانەوە
بەرەو کەنارەکانی مەرگ دەگوازێتەوە.
* * *
پشیلە عاشقەکان لە کۆتایی ڕێگاکەدا
بە مەراقەوە لێک دادەبڕێن و
بەرەو ماڵە جیا جیاکانیان دەبنەوە.
* * *
هەتا ئەوکاتەی ئێمە دەگەینە ئەو باوەڕەی
کە ژیان بە یەقینیەوە بەسەر ببەین،
هەموو تەمەنمان لەناو گوماندا بەڕێکردووە.
* * *
تەنها تاکە ڕێگاییێک هەیە کە مرۆڤ بەرەو ژیان دەبا..
(ڕێگای خەون).
* * *
کاتێ کۆترێکی تیژڕەو بەنێو سێبەری تۆدا تێدەپەڕێ
دەبێ تۆ بزانی کە ئەو کۆترە زانایە
لە تیژ تێپەڕیندا بەنێو سێبەرەکان.
* * *
بۆیە خاک جوانە، چونکە پەیمانی سپی لەگەڵ
مرۆڤەکاندا هەیە.
* * *
بۆ ئەوەی ئێمە بەربەرەکانێ لەگەڵ خودا بکەین
دەبێ لە تواناماندابێ
گەردوونێکی وەکو ئەوەی خودا دروست بکەین.
* * *
وەختێ تەم دەست بەسەری دوو عاشق دادەهێنێ
ئەوە بێئارامی خوداوەندەکانە!
لەوەش خراپتر
تووڕەیی خوداوەندەکانە.

# لانەواز

بەدرخان عەلی
(بەریتانیا)

لەو کەفی عەتری باڵا بلوێرییە ڕامێنێ
با حەسرەتی سەودازەدەی توڕڕەی شاهانەیی
سەرشارت کا و
عیشق لە چەشنی
ڕیزێ مێرووی ڕەونەقداری گەردن زراڤێک
غەمزەدە و منەتبارت کا
* * *
شکاوەیی قەدت لەو بازنەی تاریکییەدا
دەڵێی
ملوانکە ئەشکێکی غەریبییە و



زەوی متمانەی پێناکا
* * *
ئای! ژیان چ تێهەڵچوونەوەیەکە لە عیشق
عیشق چ تێهەڵچوونەوەیەکە لە تۆ
* * *
بە عیشوە و نازی تاقانەت
دڵمت هێنایە زەلزەلە و
گرێکی بڵێسەدارت بەردایە کووخی تێفکرین!
* * *
ئیتر ناچارم
بە هاتنی ئەو وەرزەی کە – با – ئاراستەی دەکا خۆ
دڵخۆش کەم..
دەنا
بۆ وەبیرهێنانەوەی ڕوخساری تۆ
دەبێ سنووری خەیاڵە دوور دوورەکان ببڕم!
* * *
ئەو دەمەی باران دەمرژێنێتەوە سەر قەدپاڵی زیندەگی و
تەم
بە هێواشی سەربردەی نوێی مانگم بۆ دەگێڕێتەوە کە
تێیدا
گریان
ماڵێکی هەمیشەیی خەونەکانە و
سەیلی خەفەتە ئاڵ ئاڵەکانی ئێوارەوەختان
تەرزی گەنجێتیم ڕادەماڵێ تۆ لە کوێی؟
وەرە بەو لارولەنجە و نوورە ئاتەشییەی ڕوخسارت
پەنام دە.
* * *
من دەمرم و
دوایین خڵتی شەرابی ئەو عومرە تاڵەم
دەپرژێنمە
بەر دەرگای یار
بە سەلیقەترین ئاوازی زیندەگیشم
بە ژێر دەواری
تارژەنێکی تاراوگەی بە ئەزموون هەڵدەواسم.

بێرمینگهام
تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣



# دوا سەماکان

له ئەڵمانییەوە: د. سەروەر عەبدوڵڵا
(ئەڵمانیا)

**به شێوەیەکی سروشتی**

بەرەو کوارک چنینەوە
ڕێگەمان گرتبووەبەر.
بەڵام هاوکات
وەک جووتە شیعرێ
یەکترمان لەتەک یەکترا دۆزییەوە.

**له پێخەفی هەمیشەییەوە**

فڕۆکەیەک... ئا ئەوەتانێ
به ئاسمانی دوورگەیەکەوە هەڵدەفڕێ
بەرەو کوێ؟
بۆ ئەوێ...
بۆ خۆشترین ئەوێ.
له نێوان لووتکە و دارستانیشا... ئا ئەوەتانێ
ماڵەکەی ئێمەیە
وا دەردەکەوێ.

**دواتر**

وەختی یەکترمان تواندەوە
داوی یەکترمان هەڵکێشا
ئەوسا برسییەتیمان دەستی پێکرد
توند توند لێمان توندی کرد،
هەر تەنها گێزەرەکان نەبێت
له شەکەتی خۆیاندا
خاو ببوونەوە.

**بێ شەرمی**

وەک گیانەوەر
یەکدی دەلێسینەوە
به هەمان ئەو زمانەی
تێر و ماندوومان دەکات.
به هەمان ئەو زمانەی پەیڤ و
چەمکەکانی شارستانییەتی داتاشیوە؛
بەرزبوونەوەی نرخی پانزین،
سستی سیستی خانەنشینی،
سەرنجگیری دوا چوارینەی بیتهۆڤن.

سەرچاوە:
تێکڕای ئەم چوار دەقە به تۆزێ وردە دەسکارییەوە لە کۆمەڵە شیعری (دوا سەماکان)ی نووسەری ئەڵمانی (گونتەر گراس)ەوە وەرگێڕاوە، بنواڕە:

Letzte Taenze, Gunter Grass,
Print: Steidl, Goettingen, Cermany, Jahr: Unbekannt.
P: 67, 73, 80, 83.

# جواناغا

محەمەد ڕەمەزانی
(بۆکان)



«ئەمن تازە پێم نابووە نێو خاکی شارێکی تازەوە. ئاگام لەخۆم نەبوو. پێم لەکلکی سەگە بەرەڵڵایەک نا. سەگە قرووسکاندی و دەرپەڕی. بە بڕوای تۆ من گوناحبارم؟»

لە وڕێنەکانی خۆم (کاتێ هەنگوین و کاڵەک پێکەوە دەخۆم)

بای ساردی پاییز بە هەناسەبڕکێ ئەو هەواڵەی بە گوێی دارەکانی دارستانی ڕۆژئاوای شاری «خۆمان»دا دا. دار ڕاچڵەکان و زێڕی زەرد و سووریان لێ بەربوونەوە و ڕووت و ڕەجاڵ پێکدادەدران، دەتگوت دەیانهەوێ هەڵێن هەموو هەر دەیانگوت: «دێ، دێ، بەڵام کێ؟» قەلەڕەشە لەسەر نووچگەی دارێکی زۆر بەرزەوە خۆی بەرداوە خوارێ، وەک ئەوەی لە تاوی کەلاکی بێ ڕەقیب ملی خۆی بشکێنێ. پشیلە قوشقی بوو، بۆنی گۆشتی هاتە لووت و کەس نازانێ بۆچی دەیەویست هیوا و سوپاسگوزاریی خۆی بەزمانی عارەبی دەرببڕێ: «ئەلمیاو، ئەلمیاو». سەگ لووراندی، گوتی: «هوووو...» یا عەمر تادێ!

ئەوا چەند مانگە ئەو دەمگۆیە لەسەر زاری خەڵکی شار ناکەوێتە خوار. هەموو هەر دەڵێن دێ، دێ، بەڵام کێ؟ بۆ کێ خەیاڵی هەرکەسێ لەگەڵ ئەوی دی ڕێی ئەرز و ئاسمان جیاوازی هەیە:

پارسایەک دێتە ئەم شارە، لە بەرەکەتی وی نەخۆشی و ناخۆشی و ناتەواوی و ناتەبایی نامێنێ. ڕووناکبیرێک دێ کەم کەس ئەوەندە خوێندەوارە، ڕێ بۆ لاوەکان دەکێشێ. ئارەقخۆرێک دێ لەبەر مەستیان چوار پەلی دەگرن لەسەر ئەڕابەی دادەنێن دەیبەنەوە ماڵێ،

بەڵام...!ساماندارێک دێ عالەمێک بەزێڕ هەڵدەکێشێ. دێ، چەند کارخانە ساز دەکا، بێکاری ناهێڵێ. بازرگانێکی زەرەرمەندە واوە دێ، عاشتەبای خوای نەماوە، بەڵام...! ژەنیار و دەنگخۆشێک دێ، بە سیحری مۆسیقا مەل بەئاسمانەوە ڕادەگرێ. دەنگ ناخۆشێک پەیدادەبێ کە لە حەیبەت دەنگی ناخۆشی منداڵ دەزیرێنێ و پاتاڵ بەردەخا، کەچی...! شارەدارێ دێ، میعمارێکی مەزنە و شکڵی شار بەجارێ دەگۆڕێ. قومارباز ێکی کارکوشتە دێ، باخەڵی هەموان بەتاڵ دەکا، بەڵام چی پەیدای دەکا، دەیدا بەماڵە فەقیران. سەرۆکێ بۆ دایرەی پۆلیس دێ، کێ بڵێ لەل گونەوێڵی دەردێنێ، بەڵام شار وا هێمن و هێور دەکاتەوە، گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو بخۆنەوە. زۆر شتی دی، زۆر شتی دی.

تاریک و لێڵی بەرەبەیانی ڕۆژێکی سەرەتای هاوینە. مینی بووسێکی کۆنی کەنەفتی خۆڵاوی بەحاڵ خۆ بە جادەکەدا دەکێشێ. جانەوەرێکە تۆزی ئیمشی گرتبێتی. نەخێر، بەو بەیانییە زووە هێشتا خەو بەری نەداوە. مسافیر کێن، بەرێی خۆیان، بەڵام لەدواوە، پێنج کەس لەسەر چوار کورسی تێک ترنجاون. چواریان چۆدارن، بۆنی پەینە مەڕیان لەوانەیە «جواناغا» بخنکێنێ. بە هەموان، وەک شتێک بە دانستە، جواناغایان لە گۆشەی چەپ توند کردووە. جواناغا بە چەرمەسەرێ کۆتەکەی دەردێنێ و کراواتەکەی شل دەکاتەوە. چۆداران ماوەیەکی باش دەیکەنە فشقە فشق و بەسرتە سرت پلاری تێدەگرن جواناغا گوێی تێوەیە و بەسەر خۆی ناهێنێ. بەخۆی دەڵێ کە مرۆ خۆیەکی دەستکردی درۆیی بۆ خۆی پێک هێناوە و هەر ئەوەیە دەبێتە هۆی دڵهێشان و هەڵچوونی. کاکۆ، تۆش هەروەک بوودائیان بیردەکەیتەوە؟ من چی و ئەو ڕێگایە و ئەو ناو مینی بووسە چی؟ ئەم بەشە لەگۆرانییەکی مامۆستا عەلی مەردان لە گوێیدا دەزرینگێتەوە:

**ئەگەر نەبوایە لەیل بە بۆنەی تۆوە**
**من چیم دەکرد بەو کەژ و کێوە**

بزەیەکی دێتێ.

لە دادگا شکایەتکار زۆر بوون. لێژنەی تازیەباری بەوەی تاوانبار دەکردم کە دابونەریتی تازیە باریم شکاندووە. سەگی دارۆغە تۆپی (دەڵێن بڵێ مرد). دەستووریان دا هەموو خەڵکی شار بە نیشانەی ماتەم بۆ سەگی کۆچ کردوو، کلکە سەگێکی دەستکرد بە دوای خۆیانەوە هەڵواسن. ئەو کلکە سەگانە لە لێژنەی تازیەباری دەفرۆشران و نرخیان جۆراوجۆر بوو و هەڵبژاردنی بە دەست تۆ نەبوو و ئەبوو کاغەزێک لە دایرەی داراییەوە بێنی و ئەوانیش بەپێی سامان و دارایی هەر کەسێ، بۆیان دادەنا کە لە چ جۆرێک وەرگرێ. ئەمانە کۆمپانیایەکی ئینگلیسی بەناوی My Black Doggy- کە جۆرە سەگێکی زەلامی بۆ یاری منداڵان تەواو دەکرد- بە ڕاسپاردەی وەزیری تازیەباری سازی دەکردن. زۆربەیان لە ئاکریلیک تەواو بووبوون، بەڵام هێندێکیان لە ئاورێشم و بۆ ماڵە دەوڵەمەندان تەرخان کرابوون. هەمووشی هەر ڕەش بوون، ڕەش، ڕەش. لە میوانی و تەنانەت لەسەر داوەت و بۆنەی جۆراوجۆر، کێ کلکی گرانتر بوایە شانازی پێوە دەفرۆشت (جواناغا، کلکی بە خۆیەوە هەڵنەواسی)...لە وەزارەتی بازرگانییەوە شکاتم لەسەر بوو، چونکێ لە وتارێکدا لە گۆڤاری «تەندروستی»دا باسێکم کرد سەبارەت بە گۆشتی کەر و هێستره بەرەڵڵای کە کۆمپانیای «لوقمە تەڵا» لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی بە شکڵی کاڵباس و سۆسیس و هەمبەرگر دەرخواردی خەڵکیان دەدا... لە گۆڤاری گاڵتە جاڕی «مێشەکەرانە»دا شێوە شیعرێکم بڵاو ببۆوە سەبارەت بە جلوبەرگی پیس و پلۆخ و شڕۆڵ و بگرە پیناوی کاربەدەستان:

**ئەی کۆتی چەور و چڵێک و چڵکنی من**
**باشتری تۆ لە نووشتەی ئەبوو دووجانە**
**گۆیا سەد قەڵابەدەورتا دەکێشێ**
**دەبا من خۆوە شارم لە پشت تۆوە**
**قوربان لە سایەی موبارەکی تۆوە**
**لە سەد ملوێن نەیار**
**کەس کاخم نابینێ...**

(زۆر گوناحی دی، زۆر گوناحی دی)

پاش حەوت ساڵان بەریانی دام. خەڵک هێشتا پێمەوە دەهاتن. کەفارەی گوناهی نەکردووە.

ڕایانگوێستم لە شارەکەمان. ئاغای «دەمراستیان» نوێنەری پەرلەمانان تکای بۆ کردم: «زۆری دوور مەخەنەوە». دوێنێکە هاتمە شاری «هۆوەتا». شەو لە ماڵی خزمێکمان مامەوە. دوێنێ دەمە و ڕۆژئاوا چوومە چایخانەی «دێی تۆ دێی». ئەوانەی هات و چۆی ئەو قاوەخانەی دەکەن دەڵێن: «دێ، یەکێک دێ». ئەوانەش

چەند دەستــەبوون. یەکـیــان دەیگوت: «پزیشکێ تێ هەرچی دەردە دەرمانی ئەکا. ئیتر کەچەڵی و خروێلکە و ئازارە باریکە و زۆر دەردی تر بنەبڕ ئەکا. ئیتر منداڵمان دەستـە دەستـە نامـرن». دەستـەیەکی دی لایان وابوو: «یاخیەک پەیا ئەوێ، پیاو کوشتن و پشیلە کوشتنی پێ وەک یەک وایە، بە تفەنگەوە ئەچێتە گیان ساماندارەکان پارەیان لێ ئەستێنێ، ئەیداوە فـەقیر و گەدا و هەتیو و بێوەژن و خۆلاسە گشت مەردومی پێخواسی بێچارە»، بەڵام لایەنگرانی ئەم بـاوەڕە زۆرترن: «یەکێ تێ ناوی پاڵەوان هەیبـەتە. جۆتێ سمێڵی هەس یەک لە مەغرب یەک لە مەشرق. گشت گیانی خاڵ کووبیە، ئێژن لە بان و پشــتــیــە و نەخش و نیگارێک هەس فـرە مـەعنادار: ئافرەتێکی ڕەزا سووکە لە مانگ چواردە قەشەنگتر. ئەو ئافرەتە تماشای چوار پیاگی خۆش هەیکەلی تفەنگ لە شـانی کـردگـە. هەر چواریان لەبەر پایا کـەفـتگن و مــردگن... برا ئەم پاڵەوانەتێ، عــەربەدە ئەکـێــشێ، مەرکەس زاتی هەس لە حاندی بێژێ لەل؟ یاوەرگەدا و نەخۆش و بێ ئەنواس. پەرچەمێکی هەس ئەسکی سمێڵ خۆی و تەبەر زێنێکی هاپێوە. برا، ئەی شێوێنێ، وەخوا ئەی شـێـوێنێ». جـواناغـا، لە داهاتوویەکی نزیکدا، لە شاری «خۆمان» ئەو پرسیارە لە خۆی دەکا:

تۆ بلـێی پەتای «یەکـێک دێ»، لەم شـارەوە ڕووی لە شاری خۆمان کردبێ؟

مـینی بۆسی وەڕەز و تەپلۆس وەک کەرەجنە بە ڕێگادا دەڕوا. ڕۆژ بە قـەرا مـوجومـعـەیەک دەبێ کـە خەریکە لە پشت کـێــوی «بەرزە بەردان»ەوە خــۆی بەرەو ئاســمــان دەکوتێ. لەبەر چاوی جـواناغـا بووە بە دەفـەیەک. وەبیـر کـۆڕی سـەمــای مــەولانا کــەوتەوە. لە مـێــشـکـیــدا دەزرینگێتەوە:

چەباشد پیشە عاشق بجز دیوانگی کردن؟!
چەباشد ناز معشوقان بجز بیگانگی کردن
ز هر ذرە بیاموزید پیش نور برجستن
ز پروانە بیاموزید ان مردانگی کردن...(١)

حاڵێکی بەسەرداهات. هەست دەکا ئەلحان نائەلحان لە خۆشیـان گیـان بەدەستـەوە دەدا. هەست دەکا ژیان تەنیا چەند چرکەی ماوە. هەست دەکـا ئەو چەند چرکـەیە خۆی چەند میلیارد ساڵە، پڕە لەسـەر مەستی و سـەربەستی و ئەویندارى. هەست دەکا هەمـوو شتێک جوانە، تەنانەت ئەو کورسیە پیس و پڵۆخەی لەسەری دانیشتووە. هەست دەکا هەموو کەس یەکجار خۆشەویستە، تەنانەت ئەوانەی وا جـەزرەبەیان دا، تەنانـەت ئەو چۆدارانەی کـە بە گـوێی یەکتریدا دەسرپێنن و شتی خەراپی سەبارەت دەڵێن.

جـواناغـا هاتۆتە بەر دەرگـای مـینی بۆسـەکـە. دەیەوێ یەکـەم کـەس دابەزێ. وەڕەزە. دەسـتی چەپەی هەروا بێ هێـزە. ئێـشی هەر هەیە. بە دەسـتی ڕاسـتـەی دەیگرێ، لەباوەشی دەکا. وەک منداڵ، دەیلاوێنێتەوە: «... زۆرت دی چەرمـــە ســەرێ...»دەسی ڕاست دەسـتی چەپەی لە باوەشـدا. لەناو دەریای پڕ شـەپۆلی بیـرەوەری پڕ ئازاردا، پێکەنین دەیگرێ: وەبیــر گــۆرانیــبــێــژێکی قــەرەجی دەکەوێتەوە: ... ئێوارێ درەنگان بوو... کچێکی نیمچە جـحـێـڵـی بوو، برێک نەخـۆش. مـات بوو. لە پەسـتـا بەسەریدا دەگریا.. باوکم بە قوربانت بێ، ئێستا دەتبەم بۆ لای پزیشک کچەی لە باوەش کرد. کچە بە حاڵ پێی لە عەرز هەڵبڕا. کچەکەی بەقەد خۆی دەبوو. ئەو گۆرانی وێژەش سـمـێـڵـێکی بوو، یەکێ لە مـەشریق ئەوی دی لە مەغریب. بێ ویستی خۆی پێکەنین گرتی. ئێستاش هەر ئەو پێکەنینەیە... «ئەی دەستی چەپ تۆ خـۆت بە قـەد دەسـتی ڕاسـتــە دەبی». لە شـەقـامی «چەند هەنگاو» قــرووسکەی ســەگــە بەرەڵڵایەک وەئاگــای دێنێــتــەوە. جواناغـا پێی لەکلکی ناوە. گـوێی لێ بوو ڕێبـوارێک گــوتی ئەو فــیلەتەنە پێی لەکلکی نا. وەک مــرۆیەکی خـورافـاتی ئەمـە بە نیـشـانەیەکی خراپ دادەنێ. دەبێ ڕووداوێکی لەو چەشنە بە ڕواڵەت ئاسـایی، مـانایەکی سـەمـبـولێکی نەبێ؟... نەبوو پێ لە شـارێک بنێم، پێ نەنێمە سەر کلکی یەکێک...

هەمـوو دیمەنێکی ئەم شارەی پێ ئاساییە: بە قـقـاڵ و چەققاڵ و بەرگدروو و جل فرۆش و دارتاش و سەرتاش و شـیـرینیـخـانە و کـەبابی... لە بازاڕی کـۆن، دەچێـتـە چایخـانەکـەی مـام بارام. لە سـەری لایداوە. چنگێکی ماوە کەچی زیت و بەگوڕە. تەواوی بنەماڵەی ئەم شارە و دەوروبەری بە ڕەچەڵەک دەناسێ. ڕواڵەت نـاســـێکە منداڵێکی دوو ساڵە ببینێ دەزانێ هی کام بنەماڵەیە. بە هەست و خـوســتی تەواوی ئەو شــارە دەزانێ. زگی عەمباری کەس نییە و لێفە لەسەر هەتیوان هەڵدەداتەوە. هەواڵی شـــــار و نـاوچە و دەرەوەی وڵات ڕۆژانە بـەو چایخانەیەدا دێ و دەڕوا. جواناغا خەریکی نان و چاپی خواردنە. مام بارام:

– کـــاکـــه تۆ خـــەڵکی ئەم شـــارەنی، بەڵام دەبێ بە ڕەچەڵەک لە ئاغایانی شاری «هۆوەتا» بی.

– وەڵڵا لەو شارە خزم و کەسم کەم نین،...

موشتەری قاوەخانەکە زۆرتر لە تیپی گیرفان بەتاڵی شارەکەن: کۆڵ کێش و کارەکەر و واکسی و دەستفرۆش و حافز و شاگرد و بەردەست و... یەکیان بە جواناغا دەڵێ چەند سی دی ژنی ڕووتم هەن لێم بکڕە. هەر کـەســەی دەیەوێ خزمەت گوزاری خۆی بەجێ بێنێ:

– ئەرێ کـاکـه تۆ وا دیارە پووڵت لێ هەڵناوەرێ. دە لانی کەم کەوشەکانت داکەنە با واکسیان بکەم. کوڕە پووڵیش نەدەی، خاتری چاوی تۆ...

وەدەردەکــــەوێ. گــــوێی لە داوەری مــــام بارام و دانیشتووانی قاوەخانەکەیە:

– وەک پیاوێکی ماقـووڵ دەچێ. بەم سەرو فـوکل و کراواتەیدا دەبێ کاربەدەست بێ.

– بەو کراواتە سەوزەیدا سەیدە.

– هەتیو سەیدی چی، کەری گوێت لێ نەبوو مام بارام گوتی لە تایفەی ئاغایانی...

– بابە نەرۆ لەو هەیکەلە، ئەوە لە کـوێستـانی کـوێ لەوەڕاوە؟

– ئەرێ ئەوە دەستی چەپەی بۆ هەڵگرتووە؟

– بۆ دایکت... بێچارە سەگە دەستی هەڵگرێ؟

سـەعـاتی ٩,٣٠ بەیانی، بەپێی بڕیار دەچێ خـۆ بە دایرەی پۆلیس دەناسێنێ. پاش قەدەرێکی باش کە خۆی تێ ناگەیەنن، پۆلیسێک گازی دەکا:

ئەو دەفتەرە ئیمزابکە. جواناغا قەڵەمە لامیەکەی دەردێنێ بە خەتێکی خۆش دەنووسێ: جواناغا عێل مرادی و پاشان ئیمزایەک لە پەنای دادەنێ. ئەو خەتە پۆلیسەکە دەهەژێنێ: ئەمن لە مێژ ساڵە تەمرینی خەت خۆشی دەکەم و شاگردی مامۆستای خەت خۆش «ئەمیر خانی» بووم، شیعرێکی حافزی بەخەتی خۆی نووسیوەتەوە، لە کەشەوی (چەکمەجەی) مێزەکەی دەریدێنێ، پیشانی جواناغای دەدا. پاشان داوا لە جواناغا دەکا هەر ئێستا بەو خەتە خۆشەی لەبەری بنووسێتەوە و بیداتێ. جواناغا کارەکەی تەواو کردووە. پۆلیس شاگەشکە بووە: «تۆ هونەرمەندی، تۆ ئۆستادی منی» پاشان بە ڕێز و ڕووخۆشییەوە: «هەموو بەیانییەک نۆ و نیو وەرە ئیمزا بکە...»

لە ڕێگای تیز بەخۆی دەکا: «بەرگی نوێت لێ موبارەک بێ، پۆلیس بەڕووی خۆشەوە دواندووتی.» پاشان بە تەوسەوە بەردەبێتە ویرە ویر:

**بابێ، خەندەی پڕ ئاهەنگ بێ!**
**نەغمەی نازی شۆخ و شەنگ بێ!**
**زرەی بازن بێ!**
**بەرەو لای من بێ:**
**هارەی هەیاسەکەی،**
**ورشەی کراسەکەی!**

کەچی ئەو دوو دێڕەی ئاخر وەکو شتێک هەستێکی ئۆرۆتیکی تێدا دەبزوێنێ «ئاخ بۆ جوانێ سەری گێژم بنێمە سەر باوەشی نەرمی...» دوو ئافرەت بەرەو ڕووی دێن. یەکیان قژکاڵی چاو گەورەی دەم چکۆلانەی، بەڵام لێوگۆشتن، دەم و چاو خڕ و سپی و پان و پۆڕ، کەڵەگەت و نێو قەد باریک. ئەوی دی هەوایەک بە تەمەنتر لەچاو دەدا. کورتە باڵاترە. ئەویش سپیکەلانەیە، بەڵام وەک میوەی دارێک هەر لە بەهاری ژیانیدا خەریکە چرچ هەڵێ و نەگاتە نەشونمای هاوین. گەردی خەمێکی لەمێژینەی بەڕوو وەدیارە. گوێی سووکی جواناغا ئەم دیالۆگە وشە بە وشە دەقۆزێتەوە:

– ئەی ئەو چاوە سەوزانەت بخۆم. ئەوە لەخۆم گاتەوە.

– ئەدی ئەوە دەستی چەپەی دێشێ؟

– لە دەســتی گـەرێ، کـارت بە... ئەو مـێـردە گـولە پیسەت ئەوا سێ ساڵە بە قسەی خۆت هیچی لەباراندا نەماوە...

– (بە هەناسەیەکی ساردەوە) خـوڵا لە براکانم ڕازی نەبێ، بە زۆری دایانم بەو پیرەکەرەی.

مانگێکی تەواو بەسەر نەچووە. ناوبانگی جواناغا لە شاری «خۆمان» و دەوروبەر لە هەموو شایەکانی مێژوو پتر ڕۆییوە. لاوەکان بتێکیان لێ سازکردووە لەناو دڵی خۆیاندا:

– حەوت ساڵان ئەشکەنجەیان دا، کۆڵی نەدا.

– ... لێی دەترسان... شەرمیان لێ دەکرد...

– حقووقدانێکی گەورەی فەرانسە وەدەست هات و چالاکی کرد و دەوڵەتی فەرانسە بووە نێو بژی و بەریان دا...

– ئیعدامی بۆ دەرهاتبوو...

– کوڕە جا چ مەنزووریە... کەڵە کەڵ...

– جـا چ فـەرانسـەیەک دەزانێ، لەزمـانی زگـمـاکی

باشترە.

– غەزەبە کتێب نییە نەیخوێندبێتەوە، لە هەر بابەتێکەوە لێی دەپرسی چ ئەدەبی، چ فەلسەفی، چ دەروونناسی، چ مێژوویی یان ڕامیاری بە قەرا دکتۆرایەکی سەری لێ دەردەچێ...

– کاکە خۆ زەمانی ئەبو عەلی سینا نەماوە، بەشەر لە هەموو زانستەکاندا وەستابێ. ئەورۆ تەنیا دەبێ بەشێکی چکۆلە لەزانست بگری و بە ناخیدا بڕۆیە خوارێ...

– برا لێت تێک نەچێ ئێرە ڕۆژ هەڵاتە، لەبیرتە چەند ساڵ لەمەوبەر مەخمەلباف، فیلمسازی گەورە، لە وتووێژ لەگەڵ هێرتسووگ فیلمسازی ئەڵمانی چی گوت؟... گوتی جیاوازی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لەوەدایە کە لە ڕۆژئاوا نیزامی کۆمەڵایەتی پێچەڵاو پێچە، بەڵام مرۆڤەکان ساکارن، چونکێ هەر مرۆڤێک تاڕادەیەک هەر لەمنداڵی و لاوی ڕا دیارە بە چ ڕێبازێکدا دەڕوا و هەموو شتی بۆ دیاری کراوە. جا بۆیە لەلانی ئەزموونی ژیانەوە، هێندە ئاڵ و گۆڕ نابینێ، بۆیە کاراکتێری ساکار ئەبێ. بە پێچەوانە لە ڕۆژهەڵات نیزامی کۆمەڵایەتی ساکارە، بەڵام بنیادەمەکان دەروونێکی پێچاوپێچیان هەیە، چونکێ لێرە مرۆڤ زۆر دەرکان بە قوون دەکاتەوە و لە زۆر جێگا سەری لە بەردی ئەلحەد دەدا و دەگەڕێتەوە و بەلایەکی دیدا تێهەڵدەچێتەوە، جا بۆیە ئەزموونەکانی جۆراوجۆر و هەمەلایەنن....

جواناغا شەوانە باخەڵێک کتێب دەباتەوە. خاوەن ماڵ کە خۆی مامۆستای قوتابخانەیە و بۆرە خزمایەتیەکیشی لەگەڵدا هەیە، دەڵی: «ئەوە هەر ژیان نییە!».

یەکێ لەو شوێنانەی خۆی پێدا دەکا مەیخانەکەی نادرە کوردەیە. شتێکی بەلاوە سەیرە: لەسەر مقەبایەکی پان و پۆڕ بە خەتێکی زەلام نووسراوە کە گۆرانی وتن لەم شوێنە قەدەغەیە. کەچی دەنگی گۆرانی سەرخۆشان لە دوورەوە و لەسەر خیابانەوە دەبیسترێ. لەوێ لەگەڵ زۆرکەس ئاشنا دەبێ. یەکێ لەوانە دوور خراوەیەکی پیرە بەناوی ئاغای هاشمی. پۆستچیە. زۆرجار لەکاتی سەرخۆشیدا،جانتا پڕ لە نامەکەی شانی هەڵدەگرێ، دەچێ لە گوێی چۆمی لای ڕۆژئاوا دادەنیشێ، نامەکان یەک یەک بەدەم ئاودا دەدا و دەڵێ: «بڕۆ، بڕۆ، هەر بڕۆ و ئازاد بە. بڕۆ بۆ ئەو شوێنەی بۆ خۆت دەتەوێ، نە بۆ ئەو شوێنەی لەسەریان نووسیوی، چونکێ هەر ئەوەندەی خوێندرایەوە، ئیدی مردووی. گرمۆتکەت دەکەن، فڕێت دەدەن، ئیدی کاریان پێت نییە..» جاروبارە لە وەها کاتێکدا جواناغای لە پەنا دانیشتووە. جواناغا بەو قسانەی ئەوەندەی دی سەرخۆشتر دەبێ: «آنچنان را آنچنانترمی کند» هەر لەوێ لەگەڵ دوورخراوەیەکی دی بەناوی ئاغای ئیحسانی ئاشنا دەبێ و گیرۆدەی کەسایەتی دەبێ. ئیحسانی مام وەستای شیمی (کیمیا)یە. ئەمیش وەک خۆی هەمیشە سەری لە کتێب دایە و فەرانسی بە قەد ئەم نازانێ، بەڵام لە زمانی ئەڵمانیدا شارەزاییەکی تەواوی هەیە (باوکی فارسە و دایکی نەمسایییە). سەری زۆر لە فەلسەفە دەخورێ. شاگردی قوتابخانە سوێند بەسەری دەخۆن. چوارشانەیە. ڕیشێکی پان و پۆڕی هەیە. جواناغا ناوی ناوە مەندەلییێف.

ئەم دوانە لە کتێب فرۆشی «میرزا کەریم» لەگەڵ لاوێکی بەلەباریکەی تۆزێ زەردەڵ بەناوی ناسری دەروێشە ڕەشە ئاشنا دەبن (گۆیا بە دوو سێ پشت دەچێتەوە سەر دەروێشە ڕەشەی هیندی). ناسریش وەک ئاغای ئیحسانی کوشتەی فەلسەفەیە، بەڵام خۆی زۆرتر بە فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتەوە خەریک دەکا. لە خواردنا زۆرتر گیاخۆرە و خۆ لە قەرەی گۆشت نادا.

دۆستایەتی نێوان ئەم سێیانە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژی لەپەرە سەندنە. جواناغا هەستێکی خەستی نەتەوایەتی هەیە و لەو باوەڕەش دایە کە نەتەوە جۆراوجۆرەکان دەبێ یەک گرن تا بزاڤیان وەدەم یەک درێ و شتێکی بۆ هەمووان لێ پەیدا بێ، دەنا پاشاگەردانی نێویان وادەکا جدەوبن و لە دەست و پا بکەون.

ئیحسانی مارکسیستێکی دڵ قایم و شەیدایە و گومانی لەوەدانییە هەموو شوێن و ڕێبازی ناوخۆو دەرەوەی کۆشکی کرملین شۆڕشگێڕانەیە و قەتی قسە نایەتەوە سەر. ئەوەندە شەیدای عروسانە بۆن بە کتێبەکانی چاپی ناوەندی بلاڤۆکی «میر»، یان «پرۆگریسی مۆسکۆوە دەکا و بەچاوی نیوە قوچاو و پڕ لە حەزەوە و بە بزەیەکی عاشقانەوە پڕی بە سیپەلکی هەڵیان دەمژێ و دەڵێ: «ئۆخەیش، بۆنی سۆسیالیزمیان لێ دێ!» ئەوەش وا جواناغا بەناوی مەندەلییێف گازی دەکا، هەموو گیانی دەڵێی ڕۆنی گورگی لێ دەدەن. لەسەر ئەو قسەیەی خۆی زۆر سوورە کە خەباتی چینایەتی پیرۆزتر و سەرەکیترە لە خەباتی نەتەوایەتی.

دەڵێ تا چینی ڕەنجبەران ئازادی و دەسەڵاتی وەچەنگ نەکەوێ، نەتەوەکان ڕزگار نابن. بەحسەکانی نێوان جواناغا و ئیحسانی لەسەر ئەو دوو تەوەرە دژ بەیەک و نەحەواوەی بەینیان، چەلی وایە چەند شەوی ڕەبەق دەخایەنێ، جاری واشە هەڵدەچن و لێک هەڵدەستنە سەر چۆک، جاری واشە تا یەک دوو ڕۆژان لێک نەبان دەبن، بەلام بێ یەکدیش هەڵناکەن. ناسر لە هەوایەکی دی لێدەدا. دڵنیایە خەباتی هێمنانە و لەسەرەخۆ و هەنگاو بە هەنگاو گەلێک باشترە لە خەباتی توندوتیژ و بە پەلەپرووزێ. دەڵێ کاکە ئاڵ و گۆڕ دەبێ لە پێشدا لەدەروونی بنیادەمەکانەوە دەست پێ بکا، ئادەمیزاد دەبێ لەناخەوە بە کەماڵ بگاو لەو ڕێگایەدا خەبات و بەربەرەکانێ لە ئاست نەفسی شەیتانی خۆی دەست پێ بکا، ئەگەر سەرکەوت، ئەوکاتی دەتوانێ بناغەی کۆمەڵێکی نوێ دانێ. دەپێشدا دەبێ ئێڤۆلۆسیون بێتەدی جا پاشان ڕێڤۆلۆسیون دەست پێدەکا. دەنا وەک ئەوەیە جووچک بەدوو دەستان بکوشی و حوکمی لێ بکەی هەر ئێستا هێلکە بکا و وەکورکیش بکەوێ و لەسەر هێلکان هەڵنیشێ و هەڵیان هێنێ. هەردووکیان بەرەنگاری قسەکانی ناسر ڕادەوەستن. جواناغا جاری وایە بە نیوە شۆخی و نیوە تووڕەییەوە دەست دەداتە هەمان پلاری کە (ڕەزا بەراهێنی) لە کتێبی «تەڵا لەناو مس»دا لە سۆهراب سپێهری شاعیری دەگرێ و بەناسر دەڵێ: «کوڕە ئاخر جووچکە بوودایی.. پیاو ماسی بگرێ، قوونی چۆن تەڕ نابێ؟» ناسر جاری وایە برێک دڵمەند دەبێ، بەلام دەست بەجێ تەمی سەر دڵ بەو ئیستیدلالە لادەبا کە ئەم دڵ هێشانە هی خۆی درۆییە و دەبێ خۆی لێ لادا.

ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژێ ژمارەی دوورخراوەکان لە زۆری دەدا. شاری «خۆمان» وەک شارێکی گەشتیاری لێدێ. ئیحسانی دەڵێ یەکەم سفتاح ئێمە بووین، شوکور دەستمان بە بەرەکەتە. جواناغا دەڵێ شاری «خۆمان» وەک زبڵدانی ناو کامپیوتێر (dust bin)ی لێهاتووە. ئەوی لەم وڵاتەدا بیانەوێ دیلیت (delete)ی بکەن، دەکەوێتە ناوی هەر دێن، لەپەستا هەر دێن. کەسایەتی جۆراوجۆر دێن. پیرێژنێکی کزی، درێژ، شوعلەی ناوە، شاعیرە. لاوەکانی شار ئەم شیعرەی وی دەست بەدەست دەگێڕن:

**من دوو بست و نیو ڕێز و حورمەتم دی**
**پڕ بە باڵای دەست لەسەر سینگی مام ڕێوی**
**کە چۆن دەچەماوە**
**لەبەر پۆلە چووجکی بەر کولانە مریشکی ماڵەکەم.**
**من خرکە بەردی ئەنتیکەم دی**
**ڕوو لە شووشە و پەنجەرەی مۆزەی شارەکەم،**
**ئای چەند قیمەتی بوون ئەو بەردانە...**

کابرایەکی کورتە باڵای ورگن واوە هاتووە. دەم و چاوێکی چکۆلەی تووکن، جووتێک چاویلکەی درشتی زەرەبینی دایپۆشیوە. ڕێگا ڕۆیشتنی وەک منداڵی خەتەنەکراو دەچێ. چاوی درشتی لە پشت ئەو عەینەکانەوە، جۆری چاولێکردنی وەک چاوی قرژاڵ دەچێ. ڕدێنی هەتا نێو کۆشیەتی. ناویان ناوە «جووخەی ئیعدام»و «مۆسیۆ گیۆتین». دوو کتێبی نووسیوە، یەکی سەبارەت بەمێژووی هونەر، ئەوی دی لەسەر فەلسەفەی هونەرە. خوێندەواران ئەوەیان لا سەیرە کە ئەم کابرایە هەرگیز باسی هونەر ناکا. دەڵێن کاتێ لەزیندان بووە، دوو پشیلەی بە دەستی خۆی خنکاندووە. گۆیا بە شاڵ گەردنەکەی خۆی دەیخنکاندن و هەر کاتێ زیندانیەکی دی دەدی، بە شانازییەوە پشیلە خنکاوەکەی بە دەستی ڕاستییەوە هەڵدەواسی. باڵی ڕاستەی ڕاست ڕادەگرت و باڵی چەپەی جۆرێک بە بەر دا دەکردە لەمپەر کە هەردووکیان وەک سێدارە دەهاتنەوە. دەڵێ دەسەڵات دەبێ بکەوێتە ژێر دەستی کەڵەپیاوان. هەرچەندە بیری نیچەم زۆر بەکەیفە، بەلام کەڵەپیاوی ویم پێ دڵناسکە. کەڵەپیاوان دەبێ مل بنێن لە کەم کردنەوەی بۆرە پیاوان: ئیعدامی بە پۆل چارەی کارە. کە باسی جووخەی ئیعدام و سێدارە دەکا، سەر مەست دەبێ. دەڵێ کەیفم زۆر بە بۆمبی نێوترۆنی دێ، چونکێ تەنیا بنیادەم دەکوژێ و چ لە ساختومان و خانووبەرە ناکا. ڕوو لەجواناغا و ئیحسانی دەکا و دەڵێ دوعا بکەن تا ئەوکاتەی ئێمە دەسەڵات دەگرینە دەست هیچتان لێ نەیە، ئەو کاتی بۆخۆم بە دەستی خۆم ئیعدامتان دەکەم. جواناغا دەڵێ بە شۆخی دەیلێیی ئەمما نیوە ڕاستە.

پۆلی دوورخراوان لە پەستا ڕوو لە شاری «خۆمان»ن. دێن، هەر دێن، ڕۆژ هەیە تاک و تەرا، ڕۆژ هەیە پۆل پۆل.

ئیحسانی و جواناغا و ناسر لەسەر کێوی «بەردە قیت» لە شوێنێکی تەختی وەک هەیوانێکی گەورە دانیشتوون.

دوانیــوەڕۆیەکی بڕێک فــێنکی ئاخــری هاوینە. لەو بەرزاییەوە، دیمەنی دارستانی خۆرستی داوێنی کێوەکە، مەزرا و باغ و باغاتی دەوروبەری شار وێڕای چۆمی جێ جێ خــۆر و جێ جێ مــەند کــە بەناویانا دێ و دەچێ، تابلۆیەکی پێک هێناوە کە ئەمان بە دیتنی خەم لە دڵیان نامــێنێ. بە ئیــشــتــیــایەکی ســافــەوە لە دەوری خــوانی ساکاری سێ کەسی دانیشــتــوون دەخۆن. ئیــحســانی و جواناغا دەشخۆنەوە. ناسر، بەڵام، هەرگیز نەیخواردۆتەوە و ناشــخــواتەوە. ناســر دەڵێ بەو خــواردنەوەیەی ئێــوەدا وەبیــر شــتــێــک کــەوتمەوە، کــاک حــەیدەری قــەســاب بۆی گێڕامەوە. گۆیا ساڵێکیان ڕادەسپێرن لە کاک حەیدەر بچێ بۆ گوندی «قەزوان» کە جوانەگایەک ببینێ و بکڕێ کە شوانەکە لە دەستی چەپەی داوە وردی کردووە. کاک حــەیدەر، حــەســەن نانەوا و برایم کــەبابچی هەردووک برادەری گیانی و هاوپیاڵەی خۆی، بەسواری تیوتا باربەریەکــەی، هەڵدەگرێ و دەچێ جــوانەگــاکــە دەکــڕێ و دەیهــێــنێــتــەوە. جــەنگەی نیــوەڕۆ لە لای پۆلەدارێک لادەدەن. لە گــوێی کــانییــەکــە بەردەبنە کەباب برژاندن و خواردن و خواردنەوە. حەسەن دەڵێ کوڕە ئەو جوانەگایە گوناحە، چاوی لەدەست و دەممانە، بڕێکی دەرخواردەن با تووی نەتکێ! دوو بتری مۆر ڤۆدکای بە گەرووودا دەکەن. ئەمــان خــەریکی خــواردن و خــواردنەوەی خۆیان دەبنەوە، پاشان وەڕێ دەکەونەوە.

جــوانەگــا کــە لەڕێگا مــەســتی وای لێــدەکــا خۆ لەســەر ماشێنەکەوە هەڵدەدێرێ و بە شیو و دۆڵێکدا بەردەبێتەوە و لەت و پەت دەبێ. ئیحسانی بەگاڵتەوە دەڵێ جا ناسر تۆ بڕوات بە تەناســـوخ هەیە. ڕۆحی ئەو جــوانەگــایە هاتۆتە بەدەنی جــواناغــاوە ئەوە نیــیــە دەســتی چەپەشی هێشتا بە تەواوی ساغ نییە. ئەوە نییە مەستە. جواناغا دەڵێ دەلیلی سێیەمیش ئەوەیە کە زەمانێ ناوم جوانەگا بووە، ئێستا ناوم جواناغایە. جواناغا هەمان جوانەگایە. هەرسێک لە قاقای پێکەنین دەدەن.

ئیحسانی و جواناغا هەستاون بەشوێنەکەدا ڕاوێشکە دەکــەن و تەمــاشــای دیمەنی خــوارەوە دەکــەن. پەلەوەران دەبینن، تاک و تەرا. جــواناغــا دەڵێ جــا حــەیف نییــە ئێــمــەش باڵمــان نەبێ بەســەر ئەو دیمەنە دڵگیــرانەدا بخــولێینەوە؟ ئیــحــســانی دەڵێ ئەی ڕەحــمــەت لە بابت ئەوەت لە دڵی منەوە گوت، باوەڕکە هەر ئێستــا ڕاست ئەو بیــرە بە مــێــشکی مندا هات. ناســر دەڵێ ئەوەش تێلێپاتیە، ئیحسانی و جواناغا چاولێک دەکەن و توند و قایم دەست لێک دەدەنەوە و بە تاڵووکە وەڕێ دەکەون. ناسر دەڵێ پەلەمەکەن با منیش بێم، دەنا دوورنییە بێ باڵ هەوای فڕین لە کەللەتان بدا و خۆ هەڵدێرن و ملتان بشکێ!

زنجیرەی دوورخراوان نایەتە پسان. دێن، هەر دێن، لە پەســتا هەر دێن. شەو دێ، ڕۆژ دێ. هاوین دەڕوا پاییز دێ، زستانیش تەواو دەبێ، بەهار دیسان ڕوو لە شاری «خۆمان» دەکاتەوە.

شنەبای بەهێزی بەهاری ئەو هەواڵە بە گوێی دارەکانی دارستــانی ڕۆژئاوای شــاری «خــۆمــان»دا دەسرپێنێ. دار وەک دەروێشی جەزم بوو سەر و سینگ ڕادەوەشێنن. هەمــوو هەر دەڵێن دێ، دێ، بەڵام کێ. قــشــقــەرە لە بەرزایی لووتکەی دارێکەوە، هەردووک باڵی لوول دەکا و هەردووک لاقی جووت دەکا و خۆ هەڵدەدێرێ: تەماعی کــەلاکی بێ ڕەقــیب گــرتوویە، گــۆیا. کــەرە بەرەڵڵایەک دەڵێ نزیکە ئەو ڕۆژەی ئیــدی نەمــانکەن بەکــالبــاس و سۆسیس. پەرەوەردەم دەکەن. دەمکەنە ئەسپی مەیدانی کێ بەرکێ. گــوریە پشــیــلەی برسی بەو کــەپۆ چکۆلەیەی کــەوتۆتە بۆن کــردن. پۆلێ چۆلەکــە لەســەر دارگیــلاسێک جریوە جریویانە. «مۆسیۆ گیۆتین» خرکە بەردێکیان ڕێ دەهاڵێنێ:

– بەسە بێ قووچێنن ئەو دندووکی بەلەعنەت بووتان!

پۆلە چۆلەکە فڕین. بە ئاسمانەوە، دەیانجریواند: «دێ، دێ، جا کێ دێ!».

**١– ئەویندار ئاخرچی لە دەست دێ، مەگەر خۆ شێت کا نازی مەعشووق چیە جگە لەخۆ بواردن؟ لە دزەڕەی بەر تیشک فێربە هەڵبەزو دابەزین، لە پەپوولەوە فێربە مەردانە هەڵپرووزان.**

# ژمارە حەوت

**فەڕۆخ نیعمەتپوور**
**(نەرویج)**

ئەوەندە لە هاوینی سالّی شەست و حەوت تێنەپەڕیبوو، کە ئەو شەوی سێ جار دەیژماردین، ئا! ڕێک سێ جار. دواتر بەبێ ئەوەی بە ئەنجامێکی خوازراو بگا، دەستی لە ژماردن هەڵدەگرت و دەچوو دەنووست، لەبەر ئەوەی:

- لە یەکەم دەوردا دالّغە لێی دەدا.
- لە دووهەم دەوردا بیری مندالّی ئەو دەکەوتەوە.
- لە سێهەم دەوریشدا نەیدەزانی کە دوای شەش چ ژمارەیەکە!

کە بۆم گێڕایەوە، کەمێک ڕاماو گوتی: «سەیرە! دەی با چوارجار یاخود زیاتر بیژماردبان.»

منیش لە وەڵامدا گوتم:

- ئەی نازانی دالّغە لەگەڵ ژمارەکاندایە!
- ئەی نازانی بیری مندالّی واز ناهێنێ!
- ئەی نازانی پیاو کە ژمارەیەکی نەزانی، دەبێ بگەڕێتەوە سەرەتا!

جوان لە بیرم دێ کە چۆن دەیژماردین. ڕادەوەستا تا خەومان لێ دەکەوت (هەڵبەت من هەمیشە لەدوای خۆیشی دەخەوتم). پەنجەی ڕادەداشت و لەگەڵ وتنی هەر ژمارەیەک، لێوە چرچەکانی کۆ دەکردەوە و زمانێکیشی پیا دەهێنان. سەرپۆشە سپییەکەی لەبەر تیشکی بێ هێزی زەردی گڵۆپەکەی سەر سەری، لەبەرچاومە ئارام ئارام دەژاکا.

کە بۆم گێڕایەوە، گوتم کە ئێمە تەنیا شەش کەس بووین، نە زیاتر. کەچی ئەو هەمیشە لەدوای شەش ژمارەیەکی تری لەسەر زار بوو. بەدەم پەنجە ڕاداشتنەوە



بۆ سەر جێگا چۆڵەکەی تەنیشتی من، ژمارەکە لەناو زاریدا دەژاکا و حەوتی لەبیر دەچووەوە. گوتی باشە، دڵنیای لەوەی کە حەوت نازانیٚ؟ منیش لە وەڵامدا گوتم:

– ئەی نازانی ڕۆژانە حەوت جار خۆی بە قوربان دەکردین!

– ئەی نازانی چەندە حەزی لەحەوتەوانە بوو!

– ئەی نازانی ڕۆژێ بە حەوت قورئان سوێندی دەخوارد کە قەت ئەوی لەبیر ناچێتەوە!

بەرە بەرە لەجێگا چۆڵەکەی تەنیشتی خۆم دەترسام. تۆ بڵێیی کەسێکی لیٚ بێت و من پێی نەزانم؟ خەمێکی قووڵ سەرتاپای داگرتبووم. لەبەر خۆمەوە دەمگوت: «گەر قەرار بێت حەوت بزر بێت، شەشیش دەتوانیٚ بزر بێت» شەشیش من بووم!

شەوێکیان ویستم پێی بڵێیم کە واز لە ژماردن بێنیٚ. ویستم بڵێیم کە پیاو شتێکی زۆر ژمارد، لە خۆوە کەم دەکا، بەڵام نەمگوت. ئاخر لە کاتی ژماردندا ئەوەندە وشک و گرژ دیار بوو، کە غیرەتی تیا دەکوشتم. باشە بۆچی ڕێک لەکاتی نووستندا دەیژماردین؟ پێم وابیٚ دەبا بەیانیان زوو ئەم کارەی بکردایە. ئاخر مرۆڤ، ئەوکاتانەی ون دەبیٚ کە هەموو لە خەودان. ئیتر کەس ئاگای لیٚ نابێت کیٚ دیٚ و کیٚ دەڕوا. تەنانەت ئەگەر هەموو دەرگا و پەنجەرەکانیشت داخستبیٚ، هێشتا ڕێگایەک بۆ دزە کردن هەیە. پەح! وەی لەماڵ و حاڵی ئێمە و مانانیش، کە نە دیواری لە دیوار دەچیٚ و نە دەرگاو پەنجەرەیشی لەدەرگا و پەنجەرەی خەڵک. شتی وا هەموو کەس وەبەر تەماح دەخا کە خۆی تێهاویٚ. جا چی لەوە خۆشتر کە ئاوا بە ئاسانی پیاو بتوانیٚ لە ڕاز و سڕی خەڵکی دیکە تیٚ بگا!

هەموو کەس دەیزانی کە دەمانژمێریٚ. هەر لە دراوسێکانەوە بگرە هەتا مامۆستای قوتابخانە. دراوسێکان بەزەییان پێماندا دەهاتەوە و لە کاتی نوێژدا، دوعا و نزایان بۆ دەکردین، مامۆستاکەش ناوچاوی تێک دەنا، لێم ڕادەما و و بیری دەکردەوە. ڕۆژێکیان لە کاتی وانە گوتنەوەدا بە هەڵکەوت ژمارە حەوتی وەک نموونە لەسەر تەختە ڕەشەکە نووسی. ژمارەیەکی سپی لەسەر تەختەیەکی ڕەش. بیٚ ئۆقرەییەک دایگرتم. گوتی: «وک دەڵێن لە ئاوی حەوت چەم و حەوت دەریا پەڕییەوە و سنووری حەوت وڵاتیشی بەزاند..» لەبەر خۆمەوە گوتم: «ئاخۆ چەندان حەوتی دیکەشی بە بەرەوە مابیٚ!»

بزربوونی حەوت و ئەگەری بزربوونی شەش تەواو ترساندبوومی. حەزم دەکرد ئیتر واز لەژماردن یاخود لەژمارە بێنیٚ. بەڵێنمدا کە جێگاکەم بگۆڕم، بەڵام چۆن؟ تەنیا ئەو دوو بەتانیە بوو کە هەر شەشمانی دادەپۆشی. ئەی کەواتە چی بەخۆمدا بدەم؟ بە ناچاری وازم هێنا. لە کاتی ژماردندا تەنیا من بووم کە بە خەبەربوم، ئەوانی تر نووستبوون. سەیر بوو! قەت هەڵ نەدەکەوت کە بۆ جارێکیش بێت نیگامان لە یەک بچەقیٚ. هەمیشە لە کاتی ژماردندا پەنجەی لەسەر ئێمە بوو و چاوی لەسەر جێگای حەوت، لەبەر خۆمەوە دەمگوت: «هەموو دنیای ئەو ئەم قوژبنەیە».

خۆی لە خوارەوە لەبەر قاچی ئێمەدا دەنووست، لەبەر ئەوەی ناچار نەبێت کە نیوەشەوان بۆ ئاو هێنان بچێتە دەرەوە، دۆڵکە ئاو و لیوانەکەیشی لە پشت سەری خۆی دادەنا. ئێمە ئەوەندە ماندوو بووین کە زۆربە دەگمەن بەدەمخەوەوە داوای ئاومان دەکرد. کەچی هەمیشە بەیانیان کاتیٚ لەخەو هەڵدەستاین دەمانبینی کە دۆلکەکە ئەوەندەی ئاو تیا نەماوە. زۆر دواتر زانیم کە حەوت عادەتی بووە تا بەیانی چەند جار ئاو بخواتەوە.

بە حەوت ڕاهاتبووم. ئیتر تەواو لەوە دڵنیابووم کە شەوانە لە تەنیشتمدا دەنویٚ. بۆن و ڕەنگی تایبەتی خۆی هەبوو. تەنانەت هەندێک جار بەتانیەکەشی بەدەمخەوەوە لیٚ دەڕفاندین. جاری وابوو مڵچەی دەهات و خۆی کۆدەکردەوە، وەک بڵێیی بۆ مەمکی دایکی بگەڕیٚ. تەنیا عەیبی ئەوە بوو کە نە لەگەڵ ئێمە خەوی لیٚ دەکەوت و نە لەگەڵ ئێمەش بەیانیان لە خەو هەڵ دەستا. پێم وابیٚ لەگەڵ هەڵ هاتنی خۆر بزر دەبوو. وەک بڵێیی خۆر بانگی بکا. هەموو ڕۆژێک لەگەڵ خۆر دەڕۆیشت و لەگەڵ بزر بوونیشیدا دەگەڕایەوە ماڵەوە. ئەو دەیزانی دەگەڕێتەوە، بۆیە لە بیری بوو کە حەتمەن ئەو شەوەش وەک شەوانی پێشوو بیژمێریٚ.

شەوێکیان کە لەسەر ژمارەی شەش چەقی، ویستم بڵێیم: «حەوت!» بەڵام نەمگوت. هەستم کرد ئەودەبیٚ حەوت ببینیٚ، نەک ببیبیستیٚ. جا چۆن بیبینیٚ؟ بۆ سبەی لە قوتابخانە چوومە لای مامۆستا.پێم گوت کە پێویستم بەحەوتە. ئا! ژمارەی حەوت! وتی ژمارە حەوت لە هیچ شوێنیٚ دەست ناکەویٚ، حەوت تەنیا خەونە، ژمارەکان هەر هەموویان خەونن. بیرم کردەوە: «کەواتە شەش و حەوت فەرقیان نییە!» خۆشحاڵییەک دایگرتم. کەواتە گەر ژمارەکان فەرقیان نەبیٚ، دەکریٚ منیش حەوت بم. گەڕامەوە ماڵەوە. خەریکی قاپ و قاچاخ شۆرین بوو. بە ئەسپایی چوومە ژوورە و بەبیٚ ئەوەی ئاگای لیٚ بێت، لە

تەنیشتییەوە ڕاوەستام. ویستم پێی بڵێم کە خەم نەخوا منیش خەوتم. نەمتوانی. ڕوخساری بەدەم قاپ شۆردنەوە هەمان ڕوخساری کاتی ژماردنی شەوانە بوو. دالغە. ئەو هەمیشە لە دالغەدا بوو. ئارام گەڕامەوە و لە ژوورەکە چوومە دەرەوە.

دیسان شەو. دیسان کاتی ژماردن. دیسان لەکاتی گوتنی حەوتدا ڕاماو ئەوسا چوو نووست. منیش کەمێک ئەم بارەو بارم کرد. خەوم لێکەوت. وەک شەشێکی خوار زارم کرابووە و دەمپرخاند. چۆن دەمزانی؟ چونکە کە خەبەرم بووەوە، گوێم لە دوا پرخەی دژواری خۆم بوو. چاوم هەڵهێنا. دنیا، نیوەشەو. نیوەشەوێک، ئاشنا بە دەنگی هەناسەی یەک تا پێنج، چ خەوێکی قووڵ دایگرتبون! ڕاکشامەوە کە بخەوم. هەستم کرد کەسێکی دی بە تەنیشتی چەپمەوە لەسەر جێگای حەوت ڕاکشاوە. پەلم کوتا. ئا! پەیکەرێک وەک حەوت. دوو هێڵ کە لە خوارەوەڕا پێک دەگەیشتن و لەسەرەوەڕا لە یەک جودا دەبوونەوە. دوو هێڵی تەڕ. حەوت! ترسێکی سەیر دایگرتم. حەوت لەوێ بوو. ڕێک لە جەنگەی زستاندا گەڕابووەوە. نەموێرا هیچ بڵێم. بە گوێمدا چپاندی: «تەڕی شلێوەی دەرەوە نیم، تەڕی بارانی ناو دەمارەکانی خۆمم!» خوێن! بۆنم بە دەستمەوە کرد. بۆنی بەیانیانی زووی هاوین، بۆنی کەسێک لەبەر دیوارێکی بەرزدا، بە دەست و چاوی بەستراوەوە «گوتی:

– لەبەر ئەو نا، لەبەر خۆم هاتوومەتەوە. پێم وانەبوو یەکجار وا بێتاقەت بم.

هیچم نەگوت. گوتی:

– لەگەڵ خەونەکانم یەکجار دوور ڕۆیشتین. وەها کە ئەم جێگا بچکۆلەم لە بیرکرد. لە هەر کوێ بم پێویستیم بێرەیە.

گوتم:

– دۆلکەکە ئاوی تایە بۆت بێنم؟

– نا ناخۆمەوە.ئاو بۆ من خراپە، ئەو برە خوێنەی کە تیام ماوە دەبێ بەشی گەڕانەوەم بکا.

ڕاچەنیم. گوتم:

– نا، نابێ بڕۆی. سبەی شەویش بمێنەوە. تا ئەوەندە کە ئەو دەتبینێ و دەڵێ «حەوت!»

– ئەی شەوانی تر؟

کەمێک ڕامام. گوتم:

– شەوانی تر لەبیرکە. بۆ جارێکیش بێت با ئەو وەک جاران بێت.

بزەیەکی تاڵ لێوەکانی تەنی.

– حە! جاران هەمیشە وەک جاران دەمێنێتەوە. بە شوێن خەونەوەیە.

سەرێکی بادا و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. وەک بڵێی دەیەوێت بۆ هەمیشە بۆنی ژوورەکە هەڵمژێ.

وتم:

– ئەی تۆش بە شوێن خەوندا نەڕۆیشتیی؟

سەری هەڵبڕی. زۆر ئارام گوتی:

– ئەو خەونێک بەرەو ڕابردوو و من خەونێک بەرەو داهاتوو. ئەم ژوورەیش شوێنی یەکگرتنەوەمان!

وتم:

– ئەو گریان و تۆ لەشێکی خوێناوی.

دەستی خستە سەر چۆکی و هەستا. وتی:

– ئەو وێڵی ناو ژوورێک و من وێڵی تەواوی جیهان.

بیرم کردەوە، من شەش و ئەو حەوت... پێکەوە شەست و حەوت! ئا ساڵی شەست و حەوت! کە نەورۆز بێت ئەو بۆهەمیشە بزر دەبێ. وەک بڵێی بیری منی خوێندبێتەوە،

گوتی:

– لەبیرت بێ پێی بڵێی کە حەتمەن لەمە بەدوا لەم جێگایەی مندا بخەوێ. لەبیرت نەچێ ها!

بیرم کردەوە، دیسان دەبینەوە بە حەوت، دیسانەوە شەست و حەوت! کەواتە گەر نەورۆزیش بێت، شەست و حەوت بزر نابێ.

ڕاچەنیم. ئەژنۆم لە باوەش گرت. حەوت ئارام ڕاکشایەوە. کاتەکان تێپەڕین. حەوت، خەوێکی قووڵ دایگرت. کتوپڕ زانیم کە ئەگەرچی شەش و حەوت لەپاڵ یەکترەوەن، بەڵام یەکجار لە یەکتری دوورن. ئەو بزر دەبوو و من دەمامەوە. من دەمام تا هەشت، ئا تا شەست و هەشت و شەست و نۆ. دواتر ساڵەکانی تر بەوەوە دەستی پێدەکرد. لە خۆشی ئەوەی کە ژمارەکان بۆ هەمیشە ون نابن، ویستم توند توند لە ئامێزی گرم. کەچی هەر لەوکاتەدا بینیم کە ئەو هەستا. وتم ڕەنگە دەیەوێ بمانژمێرێتەوە، بەڵام نەیژماردین. ئارام هات و ڕێک لە شوێنی حەوتدا ڕاکشا. ئەوسا بینیم کە حەوت لە جەستەی ئەودا بەرە بەرە بزردەبوو. بۆ یەکەم جار لەو شەوە زستانەدا بینیم کە دوای ئەوەی حەوت بە تەواوی لە جەستەیدا بزر بوو، بەدەم خەوێکی شیرین و لێوێکی بە بزەوە گوتی: «ئاخ کوڕم، بە خێرەیتەوە!»

٢٠٠٦/٦/١٦

# تابلۆیەکی شکاو

**فایەق جەمیل**



خەریک بوو جلە هەڵواسراوەکانی ناو کەنتۆرە دوو دەرگاکەی لێک جیادەکردەوە کە چەند دانەیەکی هەر بە عەلاگەکانییەوە بە ئەسپایی فڕێ دەدا سەر نوێنەکەی هێشتا چۆن پێی خەوتبوو هەروا مابۆوە، تاک تاکە لەبەر ئاوێنەی مێزی توالێت دوو سێ جار ڕاست و چەپ بەخۆیەوە دەگرت تا دڵی کەوتە سەر کراسە نیوقۆڵە سوور و تەندوورە ڕەشەکەی دوو پەنجە بەسەر چۆکانی بەرز... ئینجا سووڕایەوە بۆ پێڵاوەکانی جووتێ لەگەڵ کراسەکەی دەوەشایەوە پاژنەشی زۆر بڵند نەبوو لەوانی دی جیا کردەوە، هەر لەم مەیانەش دیسان ڕووبەڕووی هەمیشە دۆستی بێ گرێی- ئاوێنەکەی مێزی توالێت- بۆوە دەستی کرد بەجوانکاری لێوو کوڵم و چاوە ڕەشەکانی هەر بەم شێوەش گلۆڵە قژی درێژی سەرشانی پەیتا پەیتا دەیان جار بەشانەی وردو درشت دای هێناو بە نازوفیزەوە ئەوبەروئەوبەری پێدەکردن تا دڵنیا بوو قاڵبی خۆی گرت، گەرچی تەنیا لیسکێکی باریکی لێی جیا کردەوە بەسەر ڕوومەتی چەپی شۆڕبۆوە، ئیدی دەنگی دایکی دا:

دایە دە وەرە... بزانە ڕێکم.. جوانم...؟؟

دایەی تازە تاقمی چایەی بەیانی بەلاوە نابوو بۆ شۆڕبنی، هەر بەدەستی تەربوە لێی وەژوور کەت- بەم شێوەیەی دی بە تووڕەیی پێی وت:

- کچم بۆ کوێ وا خۆت ڕازاندۆتەوە...!!

- دایە هەر بۆ سەعاتێ تا گەرما دانەهاتووە ئەچم بۆبازاڕ...بۆ تۆمارگەکە

- تۆمارگەی چی...؟ بازاڕو ئەم بەزمەیان گوتووە... کچم وا نابێت...!!

نەشمیل وەک گوێی لەهیچ نەبووبێت بە هەستی بڕوا بەخۆبییەکی گەرم ڕووی کردەوە دایکی وتی:

– دایە دەبێ ئەم جارە لووتی بشکێنم... با پیاو بێ سەرم لێ هەڵنەگرێ... دایە زۆر سەیرە ئاوڕم لێ ناداتەوە خۆیم لێ گێل دەکات وەک نەبووبم وایە!!.. باشە کاروان دەردت لەگیانم... بەقوڕگی گریانەوە وەک لە قسەکانی پەشێمان بووبێتەوە لەبەر خۆیەوە ئەیوت (ئاخر چ بکەم)... هەر ئەوەندە و بۆی تەواو نەکرا.

لەم مەیانە بێ وەی چاوەڕوانی دایکی بێت، کاسێتەکەی ئامادەکرد و بە قەڵەمی ماجیک بە خەتی درشت لەسەری نووسی (خۆشم دەوێ) خستییە ناو جانتاکەی دەستی و بۆی دەرچوو.

سەد مەترێ دوور لە مەحەلەکەی کاروان لە تەکسی دابەزی، لە شۆستەکان وەک سووسکە ڕێی دەکرد! خەڵکانیش بە زەقی دەیانڕوانی، ئەمیش بە شەرمەوە چاوی لەبەر خۆ نابوو گەرچی هەستی دڵنیایی و بڕوا بەخۆیی سەرتاپای داگرتبوو، بە ئەسپایی دەرگای جامخانەکەی کردەوە، یەکسەر ڕووبەڕوو بوو لەگەڵ هەرزەکارە شاگردەکەی بێ یەک و دوو پرسی:

– کوا وەستات...؟؟

– لێرە نییە

– کەی دێتەوە...؟؟

– بڕواناکەم وا زوو بێتەوە... ژنی هێناو چوون بۆ مانگی هەنگوین لە دەرەوەی وڵات... چت پێویستە...؟؟ بەم هەواڵە کتوپڕو چاوەڕێ نەکراوە جەستەی تەزی و هاتە هەژان بێ یەک و دوو سووڕایەوە بۆ دەرگا و کاسێتەکەشی فڕێ دا ناو تەنەکەی زبڵ.

**هەولێر حوزەیرانی ٢٠٠٦**

## (..............)

محەمەد عەبدولڕەحمان



ئەوسا پۆلی دووی سەرەتایی بووم، لە یادمە بەهاری ئەو ساڵە جیا لە ساڵانی تر بەهارێکی زۆر باراناوی و تەڕ بوو، دایکم هەمــوو جــار دەیگوت: خوا بکاو ئاخیری خێر بێت، خوایە لە شەڕ و ناخۆشی بمانپارێزی. ئەوسای منداڵیم چەند خـۆش بوو! مـانای شـەڕ و مـانای بەهارم نەدەزانی. ڕۆژانە هەر قــوتابخــانەو یاری و هەڵپـەڕین؛ شـەوانیش هەر گـەمـە و گـاڵتـە و پێکەنین؛ ئەوەی بەلامـــەوە زۆر خـــۆش بوو: هەمـوو شـەوێک لەکـاتی ڕاخـستنی جێگەی نووستن، من و دوو خوشکەکەم دەبوو بەکێشە و هەرامــان لەســەر ئەوەی کــامــەمــان جــێی نووسـتنمـان لە تەنیـشت جـێگای باوکـمـانەوە بێت!؟ هەریەکـەمـان حـەزمـان دەکرد لە نزیک باوکــمــان بە ئارامی بخــەوین. ڕۆژان هاتن و ئاگری شەڕ و جەنگ هەڵگیرسا، باوکمان بوو بە ســەرباز؛ ڕۆیشت و نەگـەڕایەوە! ئیــدی نە باوکـمان مـاو نە جـێگاکەی! ئیـتر لەمـە بەدوا شەوان من و خوشکەکانم بە کڕی و بەچاوی پڕ فرمێـسک، خەو دەیبردینەوە. ئێـستـاش دوای بیــست و دوو ســاڵ؛ شـەوانە لەسـەر جـێگای خــەوتنمــدا، تاوێک چاو دەبڕمــە دووکــوڕە بچکۆلەکـەم، کە لە تەنیشـتم خەوتوون و وەکو شەوانی منداڵیم بەیادی باوکم و جێگاکەی، بە چاوی پڕ فرمێسک خەو دەمباتەوە!

**٢ی تەمموزی ٢٠٠٤**

# دوای ئەو شەوە

مەرجان شێر محەممەدی
لە فارسییەوە: سەڵاح نیساری
(بۆکان)

ئەمڕۆ پاش نیوەڕۆ، لە شەقامەکەوە دەڕۆیشتم، هەر ئەو شەقامە درێژەی بەشانی وەرزشگاکەوەیە. هەر ئەوەی چواردەوری دیوارە، لە هەوەڵەوە هەتا کۆتایی چۆڵ و هۆڵتر لە جاران. لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ هەینی بوو. دەزانی چیم وەبیر هاتەوە؟

ڕەنگبێ بزانی، بڕێک گۆڤار و ڕۆژنامەت لوولکردبوو و خستبووتە بن هەنگڵت بە پەلە ملی ڕێگات گرتبوو. تاریک داهاتبوو. کتێبێکم بۆ ڕۆژی لە دایک بوونت کڕیبوو. لە جانتاکەم دەرهێنا و دامە دەستت. ئەو ڕستەیەم لەسەر هەوەڵ پەڕەی کتێبەکە نووسیبوو، ئێستاش هەر لەبیرمە: «بۆ هەمیشە نوختە، بێ نوختە هەتا هەتایە.»

کتێبەکەشت هەروەک گۆڤارەکان لەبن هەنگڵ نا. زیاتر لە دە چرکەسات وەختمان نەمابوو، کەسێک بە ماشێنەوە لە شەقامی بەهار چاوەڕوانت بوو، ناویشت وت، بەڵام لەبیرم نەماوە. ئاخری ئەو شەقامە دەیمێنێ بگاتە بەهار، کۆڵانێکە، کۆڵانێک بە ماڵە کۆنەکانییەوە، بە پیرەدارەکانییەوە، بەڵام لایەکی کۆڵانەکە هێشتا دیوارە. هەتا ئەو سەری کۆڵانەکەش چووین و گەڕاینەوە. پێم وت:

«دەزانی چییە؟ هەست و ئیحساسی کەسێکم هەیە کە خەڵاتێکی بلوورینی بەدەستەوە بێ، خەڵاتێکی بە نرخی زۆر جوان. ئەو کەسە دایمە دوودڵە، نەکا خەڵاتەکەی لە دەست بەربێتەوە و بشکێ.»

تۆ پێت وتم: «کچی باش، تۆ ئەویندار‌ی»

منیش وتم: «تۆ ئەویندارت کردووم.»



هەر زۆر زوو. هەستێک، هەستێکی نامۆ پێی وتم تۆ ئەو هامـوشـۆیە تەواو دەکـەی. ڕۆژێک دێت و دەڵێی: «دڵنیای تۆ ئەو کارە ناکەی؟»

مـن وتم: «مـن؟ مـن بـاوەڕم هـەیـە بـە هـەسـت و ئیحساسم.»

دەزانی، هەمـیـشـە خـودا تۆ لەگـەڵ خـۆت بەکـێـشـە دەهاتی. خۆیشت نەتدەزانی خەریکی چی. بەڵێ ئێستا کە بیـری لێدەکەمەوە، تێدەگەم ئیدی لەو هەموو «دایە مەمدە بە گورگێ»یە ماندوو بووم. زۆرم ناز کێشای.

پێت دەوتم: «من مەفحت دەکەمەوە.»

وتم: «ئەگەر بەجێم بێڵی، ژیانم لێدەشێوێنی.» تۆش بەڵێنت پێدام کە بەجێم نەهێڵی.

لەهەرچی شەرت و قەرارە بێزم هەڵدەستێ. بەتایبەت لە قەولی پیاوانە ئەمڕۆ بەڵێنت پێدام، حەوتەیەک دواتر بەڵێنەکەت خستـە ژێرپێ. دیسـانیش قـەولت دا و هەر خێراش شەرت و پەیمانت بەتاڵ کردەوە. قسەت بڕ ناکا. پیاو باوەڕت پێ ناکا ئەوەندە پەیمانشکێن بی.

جارێک لە شەقامی بەهارەوە دەهاتییە خوارێ، دەمەو ئێوارێ بوو. لە بارەی فـیلمەکەوە قسەمان دەکرد. ژن و پیاوەکە دەمەقاڵەیان بوو، تۆ وتت:

«بەستەزمانە، چەندە ئافرەتێکی بێ تاوان بوو!»

من وتم: «بنیـادەمـێکی گـەوج بوو.» چونکە دەزانم گەوج بوون چۆن چۆنییە، بە چەشنێک وەکو خۆم.

تۆ وتت: «ئافرەتەکە ئەویندار بوو.»

بەسیلەی چاو سەیرم کردی. هەروەک جاران کتێب و گۆڤارت پێبوو، سەرت بەرداپۆوە بە پەلە دەڕۆیشتی.

لێمگەڕێ با لە جێگایەکی دیکەوە دەست پێبکەم. هەر ئەو شەوەی خەریک بووم یەکێک لە گەڵاڵەکانم پاکنووس دەکرد. کـات دوازدەی شـەو بوو تەلەفـۆنت کـرد، «سـەلام حاڵت چۆنە؟»

«سەلام ئێوە چۆنن؟»

«من زۆر باشم ئەی ئێوە؟»

پێت وایە دەمتوانی باش نەبم؟ گەڵاڵەی چەند کارێکم پێـدابووی وەیخـوێنی، بیـروڕای خـۆت دەربـبـڕی. وتت: «گـەڵاڵەکـانتم خـوێندەوە، باش بوون. سـبـەینێ دوای وانەکـان دەچینە دەرێ، قـسـەیان لەسـەر دەکـەین. ئێـوە سبەینێ دێنەوە کلاس؟»

«بەڵێ سبەینێ دێم.»

«کەوابوو هەتا سبحەینێ.»

بەیانی نەختێک دوا کەوتم، وانەکانم زۆری کات گرتم. بەقـەت درێژایی تەمـەن. دەجاریش سـەیری کـاتژمێـرەکەم کـرد، هەتا ئەو وەختـە زەنگی سـەعـات حـەوت لێـدرا، دەرسـەکـان تەواو بوون، بەڵام هاوڕێکانت نەیاندەهێشت بڕۆی، لە دەورت کۆببوونەوە، پرسیار لەسەر پرسیار، من لە دالانەکەدا ڕاوەستابووم وابزانم دەچرکەیەک دەبوو، ئەو شەوە ماشێنت هێنابوو، لەبەرچاوی ئەو هەموو خوێندکارە سواری ماشێنەکەت بووم. وتم:

«ترسی دەمگۆت نییە؟»

وتت: «نا، هەر بە ڕاستی پێـمـخـۆشـە خـەڵک خـراپ لەبارەی منەوە بیر بکەنەوە، دەمەوێ چەواشەیان بکەم.»

چاوێکم لێکردی و پێکەنیم. ئەویش چ پێکەنینێک، گـاڵتـەجـاڕی، بەدەست خـۆم نەبوو، بەڵام قـەت وابیـر مـەکەوە تۆش زۆر وریای، ڕوانینەکەت هەموو شتـێکی درکاند. وتت:

«بەستەنی دەخۆی؟»

وتم: «بەو سەرمایە؟ بەو زستانە؟»

وتت: «بەڵێ ئێستا بەستەنی خۆشە.»

لە ئاخـردا سـەبارەت بە زۆر شت قسـەت کـرد، تەنیـا لەبابەت گـــەڵاڵەکـــانی منەوە نەبێ. لە دڵەڕاوکێ هاتمەدەرێ، وتم:

«دەزانی چییە؟»

وتت: «چی؟»

وتم: «من حەزم لێتە.»

وتت: «کـچـێکی سـەیری» ئیـتـر بێـدەنگ بووی. دەقـیـقـەیەک هیـچت نەگـوت. لە یەکـێک لە شـەقـامـە قـەرەباڵغـەکـانی شـاردابووین، نازانم کـامـە شـەقـام بوو، پێویست ناکا کوێ بوو، ئیتر تۆش دەستمت گرت و وتت: «منیش ئەویندارى تۆم»

بۆ مـاوەیەکی کـەم چاوم لەسـەریەک دانا. وەمـدەزانی کێشی پەڕەمریشکم هەیە لەسەر زەویدا. با ئەوەش بڵێم: بۆ ئەو چرکەساتە شیرینە زۆرت سپاس دەکەم. ئەو کاتە تەواوی ئەو ئازارانەی دەهێنا تۆ لە دوایەدا بۆت دروست کـردبووم. شـتـێکی دیکەشت پێ بڵـێم: من هەر لە هەوەڵیشـەوە بەم باس و خواسەم دەزانی، من دەمزانی تۆ ژنت هەیە، لەمـێـژ بوو لەگـەڵ خۆم کـێشـەم بوو. زۆر زوو

ئەوەم پێ وتی من نەهاتبووم هێلانە لە ژنەکەت بشێوێنم. هەردووکمان سەرمان لێشێوابوو. بەڵام ئێستا وابزانم تۆ بارت ڕاستە.

کاتێک وتت: وەختێک دەرس و دەورمان تەواو بوو دەچینە دەرێ، زانیم کارێکی باش نەبوو. کاتێک بە وردی لە چاوم ڕامابووی وتت: «بەستەنی دەخۆی؟!» دڵنیا بووم.

ئەگەر ئەو شەوە نەدەچوویتە دەرێ، ئەگەر هەر لە پۆل ڕەخنەت لە گەڵاڵەکانم دەگرت، من ئیزنم بەخۆم نەدەدا قسە بکەم. بەڵێنیم بەخۆم دابوو لە دڵی خۆمدا ڕاییبگرم بۆ هەتا هەتایە. بەڵام تۆ نەنهێشت، تەلەفۆنت کرد و دوایەش سواری ماشێنەکەت بووم، بریا وەڕووی خۆم نەهێنابا، بریا پێم نەوتبا، خۆزیا ئەو کاتە وتم خۆشم دەوێی، وتبات: کچی باش دەنا من سەبارەت بە تۆ ئەو هەست و باوەڕەم نییە. کەچی تۆ دەستت لەنێو دەستم نا، هەر ئەو جۆرەی بۆ ڕووبەڕووی خۆت ڕوانیبوو، گوتت: «منیش تۆم خۆش دەوێ.» لەو شەوە بەدوا گوزەرانی منیش گۆڕدرا. تۆ خۆت دەزانی دەڵێم چی، هەزار دەرد سەری لێدابووم. بێ ئارامی، خۆشحاڵی، دڵەڕاوکێ...، چەند جۆر بیرم لێدەکردەوە نەتدەزانی چەند وەڕەز بووم؟ ڕۆژێک دەتوت: خۆشم دەوێی بەبێ تۆ ژیانم توورێک ناهێنێ، ڕۆژێکیش دەتوت: نا، من نابوودت دەکەم، ئاوا نابێ دەبێ کۆتایی بەو حاڵە بهێنم. دوایی دەتکوت ڕوو لەهەر لایەک دەکەم لەگەڵمدای. دیسان دەتکوت: هەر دەبێ ڕۆژێک جێت بێڵم. ئەمڕۆ تەواو حەوتەیەکە لەسەفەر گەڕاومەتەوە. ئەو نووسراوەی بۆت بەجێهێشتبووم ئێستاش هەر لەسەر تاقەکەیە: «ئێمە چیدیکە ناتوانین لەو بارودۆخەدا وەمێنین، ئیتر ناشێ یەکدی ببینین، زۆر شتی دیکەش هەیە جارێ بۆ وتن نابێ ئەگەر ماوە بوو باسی دەکەم.»

چ لە ڕۆیشتنەکەت قەڵس نیم. بڕوات هەبێ من لەوسەری دێمەوە، هەر ئەو شەوەی پەنجەت لەنێو پەنجەم نا، وتت خۆشم دەوێی توورەبوونی من هەر لەبەر ئەو نووسراوەیە وا بۆت ناردبووم. شتێکی پڕوپووچ بوو، ڕەنگە ئەوەلەلای تۆش هەر گاڵتە بێ، بەڵام پێم خۆشبوو بەشێوەیەکی دیکە تەواو ببووایە. پێم خۆشبوو بەرەوڕووم ڕاوەستابای وتبات: خودا حافیز. لەو دواییانەدا زۆرت دەستی دەستی پێدەکردم. من بەڕاستی خۆم حازر کردبوو بۆ لێک دابڕان. لەیەک دوور کەوتنەوە، بەڵام ئەو نووسراوەیەت ئەو نووسراوە خاوێنەت، هەموو تان و پۆی کارەکانی لەبەریەک برد.

ئینسان لەم شەقامەدا گەلێک شتی وەبیر دێتەوە. شیعر و میعرەکانی تۆ. نازانم من وا بیر دەکەمەوە، هەمووی هەر پەرژین و دیوارە، کەچی هەمیشە بەرامەی ئەوینداری پێوەیە. خۆ ڕەنگبێ هەر بۆ منیش وابێ، یان لەوە دەچێ من خەریکی خۆ فریودانم. بۆ ئەوەی هەروەخت بێ تاقەت بووم شوێنێک بۆ سانەوە ساز بکەم. ئێستا بە دایەی خودا لەبیری ئەو قسە قۆڕانەدام. بۆ هەتا هەتایە، بۆ هەمیشە، ئای چەندە هەڵخەڵەتێنە، چەندە لەرزۆک و ڕووخەکە، هەروەک بەڵێنەکانی تۆ.

**سەرچاوە:**

**مجموعە داستان بعد ازآن شب، مرجان شیر محمدی، نشر مرکز، چاپ چهارم. ١٣٨٣.**



پۆلێت سامڤێلیان زمانەوانێکی گەنجی فەڕەنسییە. بە ڕەچەڵەک ئەرمەنی و لە دایکبووی ئێرانە. بەهۆی ڕووداوەکانی سەرەتای شۆڕشی ئیسلامی ئێران، بەرەو هەندەران وڵاتەکەی بەجێ هێشتووە و لە فەڕەنسا ئاکنجی بووە. بە نواندنی زیرەکی و توانایی زۆر توانیویەتی بگاتە ئاستێکی بەرزی زانستی و ئێستا لەئەنستیتۆی زمانەوانیی زانکۆی سۆربۆنی نوێ (پاریسی ٣)، مامۆستایە. یەکترناسینمان بۆ سێ ساڵ بەر لەئێستا دەگەڕێتەوە ، کاتێ داوای لێ کردم بۆ کارکردن لەسەر زمانی کوردی (کورمانجی سەروو و خواروو) یارمەتیدەری بم. پاش سێ ساڵ کاری بەردەوام بە باشم زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا سازبکەم. بۆ ئەوەی جگە لە وڵامدانەوەی کۆمەڵێ پرسیاری زمانەوانی، دیمانەکە ببێتە پردێکی یەکتر ناسین لەنێوان ئەم لێکۆلەرە بلیمەتە و هەموو دڵدارانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و بواری لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی(١).

# پۆلێت سامڤێلیان:
# بەڕای من زمان داناهێنرێت و بە یاساش ناسەپێنرێت، بەڵام دەکرێ سیاسەتێکی بەهێزی زمانەوانیمان هەبێت

**هەڤپەیڤین و وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە: ئامر طاهر**
**(فەڕەنسا)**

* حەزدەکەم پێش هەموو شتێک باسی خۆت و دەسپێکی ژیانی زانکۆییتمان بۆ بکەیت. چیت خوێندووە و باوەڕنامەکەت کەی و لە چ بوارێکدا و لە کوێ وەرگرتووە؟

– لە ساڵی ١٩٩٥دا دکتۆرایەکم لەبواری زمانەوانی تیۆریک و فۆرماڵ(٢) لە زانکۆی پاریسی حەوت و بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر Laurence Daulos کردووە. نامەی دکتۆراکەم لە بواری زمانی فەڕەنسیدا بوو و لە بنەڕەتەوە هیچ خوێندنی ئەکادیمی تایبەتم لە بواری زمانە ئێرانییەکاندا نییە. تێزەکەم بریتی بوو لە ئاراستەیەکی تیۆری و تاڕادەیەکیش ئەوەی پێی دەووترێت «چارەسەری ئۆتۆتامتیک(٣). پاش ماوەیەکی زۆر کەم وەکو وانەبێژ maitre de con-fernce لە زانکۆی توولووز لومیرای Toulouse le Mirail لە بەشی ئەدەب، فەلسەفە و مۆزیکدا دەسبەکار بووم. لەسەرەتاوە دەستم بە وانە وتنەوە لە بواری زمانی فەڕەنسیدا کرد. وردە وردە و بە ڕێگای زمانەوانی گشتی خۆم بەرەو فارسی و پاشانیش بەرەو هەندێ زمانی تری گرووپی زمانە ئێرانییەکان (وەکو زمانی کوردی) ئاراستە کرد. کاتێ بۆ زانکۆی پاریسی سێ (سۆربۆنی نوێ)، بەشی زمانەوانی و زانستە زمانییەکان گوێزرامەوە، کارەکەم ئاسانکاری زیاتری تێکەوت. ئەمە ئێستا بوارم پێ دەدات بێجگە لەزمانەوانی جێبەجێ کراو لەسەر زمانی فەڕەنسی، وانە لە هەندێ بواری تریشدا بڵێمەوە.

* ئەمە سەرنجڕاکێشە کە مامۆستایەکی وەکو تۆ کە تێزەکەی لە بواری زمانی فەڕەنسیدا بووە، بتوانێت لەسەر زمانە ئێرانییەکان کار بکات. دیارە ئەوە بەهۆی خوێندنت بووە لە بەشی زمانەوانی گشتی linguistique générale کە بوارت پێ دەبەخشێت لەسەر زمانە جیاجیاکانی تر ئیش بکەی. ئەوەندەی من بزانم بەشی زمانەوانی گشتی لە کوردستاندا نییە و قوتابیان، زمان و زانستەکانی زمان لە بەشەکانی زمان و ئەدەبدا دەخوێنن. بە ڕای تۆ جیاوازی لەنێوان ئەم دوو بەشەدا هەیە؟ ئەی خوێندن لە بەشی زمانەوانی گشتی بۆی هەیە پاش دەرچوونت وەکو پسپۆڕی زمان بواری هەندێ چالاکی زانستی زمانەوانیت بداتێ کە بەشی زمان و ئەدەب بۆی نەبێت؟

– لە ڕاستیدا ئەمانە هەندێ جار دابەشکردنی ڕواڵەتی و بێ سوودن. ڕوونی دەکەمەوە مەبەستم لەوە چییە. خودی چەمکی زمانەوانی چەمکێکی لێڵە و بە شێوەی جۆراوجۆر تێدەگەیەنرێت. دەکرێ ئامانج لە زمانەوانی فەڕەنسی، زمانەوانی کوردی،.. وانە وتنەوە لە بواری زمانەکە بێت وەکو خۆی. لەم کاتەدا ئەگەر بتەوێت لە زانکۆدا وانەی زمانی فەڕەنسی بڵێیتەوە، دەبێ بچیتە بەشی زمانی فەڕەنسی. بە هەمان شێوە ئەگەر بتەوێت وانە لەسەر زمانی ئینگلیزی یان کوردی بدەیتەوە، دەبێ بچیتە بەشی زمانی ئینگلیزی یان زمانی کوردی، ئەمەش بریتییە لە وانە وتنەوە لە بواری زمانێک لە خۆیدا و وەکو خۆی. مەبەستیش لەوە ئامادەکردنی ئەو قوتابییانەیە کەدەیانەوێ بتوانن بەم زمانە بخوێنن، بنووسن و قسە بکەن، بەڵام کاتێ تۆ زمانەوان بیت، بۆت هەیە بە شێوازی جۆراوجۆر بۆ وانە وتنەوە لە بواری زماندا بچیت. واتە بۆت نییە لەسەر زمانێک وەکو خۆی و بۆ خۆی کار بکەیت، بەڵکو دەبێ بچیتە بواری زمانەوانی گشتی و لەنێوان ئەو زانیاریانەی لەسەر زمانەکەتدا هەتە و ئەو زانیاریانەی لەسەر زمانێکی تردا بە دەستی دێنی، پێوەندی دروست بکەی بۆ ئەوەی بگەیتە زانیاری گشتی دەربارەی زمانی مرۆڤ lan-gage(٤) بەشێوەیەکی گشتی. ئا لەم کاتەدایە کە ئەم دابەشکردنانەی سەرەوە دەبنە شتێکی ڕواڵەتی و دەسکرد. با نموونەیەک لەو بوارە بهێنینەوە کە تیایدا پێکەوە ئیشمان کردووە. بۆ نموونە ڕاناوە لکاوەکان Pronoms clitiques(٥). ئەم ڕاناوە پاشگریانەی کە لە کورمانجی خوارووداهەن و بۆیان هەیە لە ڕستەدا بە کەرەستەی جیاجیا وەکو فرمان، بەرکاری ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ.. بلکێنەوە. تۆ بۆت هەیە لەم دیاردەیە وەکو خۆی و بە تەنیا لە کورمانجی خوارووداا بکۆڵیتەوە، ئەمەش هەوڵێکی زۆر سەرنجڕاکێشە، بەڵام کە زمانەوان بیت، کاتێ دێیت ئەو

**ئەمرۆ زمانەوان هەیە لەسەر زمانێک ئیش دەکات کە ١٥٠ کەس قسەی پێ دەکەن، ئەمەش شتێکە دەبێ بکرێت، بەڵام زمانێکی وەک زازایی (زازاکی)کە نزیکەی دوو ملیۆن کەس پێی دەدوێن و فەرامۆش کراوە و بە فەرەنسی هیچی لەسەر نەکراوە.**

پرسیاره لە خۆت دەکەیت کە خۆ کورمانجی خواروو هەروا لە ئاسمانەوە نەهاتۆتە خوار و پێوەندی ژێنێتیک و ڕەگ و ڕیشەیی(٦) لەگەڵ هەندێ زمانی تردا هەیە. لەوکاتەدا دەتەوێ بزانیت لەم ڕووەوە لە زمانەکانی تردا چ ڕوودەدات. تەماشا دەکەی و پرسیار لەخۆت دەکەی کە ئەرێ لەبەرچی ئەم دیاردەیە لە هەموو زمانە هیند و ئەوروپییە کۆنەکاندا هەبووە. تەماشای یۆنانی هۆمەر دەکەی؛ کلیتیک هەیە کە پێی دەگوترا کلیتیکی پایەدوو(٧). لە خێزانی زمانە هیندییەکان تەماشای سانسکریت دەکەی، دەبینی کە بە هەمان شێوە کلیتیکی پایەدوو هەبووە. تەماشای زمانێکی زیندووی وەکو پەشتو دەکەی، دەبینی هەموو کلیتیکە پایەدووەکانی خۆی پاراستووە. جا هەوڵ دەدەی بزانی لەبەرچی لە کورمانجی خوارووداد ئەم کلیتیکانە بە تەواوی وەکو کلیتیکەکانی زمانی پەشتوو ڕەفتار ناکەن. یان بۆچی لە پەشتوودا هەمان دیاردانە بە تەواوی دووبارە نابنەوەکە لە فارسیدا هەن. واتا کاتێک دێ ناچاری پەرە بە پرسیارەکە و بواری کارت بدەی. کاری زمانەوانی گشتی ئەوەیە کە ڕەفتاری کەرەستە زمانییەکان لە زمانی مرۆڤدا langage بە گشتی دەستنیشان بکات و بگاتە ڕەهەندە سەرەکییەکانی چۆنیەتی کارکردی زمانی مرۆڤ. بۆیە بۆ چارەسەکردنی پرسی(٨) کلیتیکەکان، ناچاری بڕوانیتە ڕەفتاری کلیتیکەکان لەزمانە هاوخێزانەکاندا؛ وەکو دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی، پاشان زمانە ئێرانییەکانی تر. ئینجا دەچیتە سەر زمانە هیند و ئێرانییەکان، هیندو ئارییەکان و هیندو ئەوروپییەکان. بۆ نموونە سەیری زمانە سلاڤییەکان دەکەی و دەبینی کە کلیتیکەکان هەمان ڕەفتار بە تەواوی نانوێنن؛ یان کلیتیکە پایە دووەکان بە شێوەیەکی تر لە زمانە هیندو ئەوروپییەکاندا گەشەیان کردووە و ئینجا بۆت دەردەکەوێت کە کلیتیکەکان بەشێوەیەکی گشتی هەندێ تایبەتمەندییان هەیە کە بە لێکۆڵینەوەی تاقانە(٩)ی کورمانجی خواروو نابینرێن و هەستیان پێ ناکرێت. کە تایبەتمەندییە گشتییەکانی کلیتیکەکانت لەم زمانانەدا دەرخست، ئینجا ئەوەی سەرنجڕاکێشتریشە، ئەوەیە کە بۆت دەرکەوێت کە لە فلانە زمانی زیندووی دوورە دەست لە ئۆسترالیا یان لە ئەمریکای باکوور، دیاردەی هاوشێوە هەیە. ئەوەش وات لێ دەکات لە خۆت بپرسی کە لەبەرچی لە دوو زمانی کورمانجی خواروو و دیربیال-دا



**پۆلێت سامڤێلیان - ئامر طاهر**

(کە لە ئۆسترالیا بەکار دێ)، دیاردەی زمانەوانی تاڕادەیەک هاوشێوە هەیە؛ سەرەڕای ئەوەی کە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویمان نییە پێیەوە ئەم دوو زمانە بەیەکەوە ببەستینەوە؟ ئەمە چ ڕاستییەکمان لەسەر زمانی مرۆڤ langage بۆ ڕوون دەکاتەوە؟ ئەمە چ ڕاستییەکمان لە بارەی ئەم توانا ئیدراکییە(١٠) بۆ دەردەخات؟

دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەگەر زمانەوان بیت، مەبەستت تەنیا ڕاڤەکردنی زمانەکان (ڕێزمان) نابێت. پێویست دەکات لە ڕێگای کۆمەڵێ پرسیارەوە بزانیت لەبەرچی مرۆڤ دەدوێت؟ لەبەرچی لە هەموو کۆمەڵگایەکی ئینسانیدا دیاردەی زمان langage بە کۆمەڵێ تایبەتمەندیی کەم و زۆر و هاوشێوەوە، بوونی هەیە؟ چی وا دەکات کە نامۆیی exotisme لەنێوان زمانەکاندا بێ سنوور نەبێت؟ چۆن منداڵ دەست بە قسە کردن دەکات؟ ئایا توانایەکی ئیدراکی پێشوەخت لای مرۆڤ وای لێدەکات کە قسە بکات؟ ئایا (وەکو چۆمسکی بۆی دەچێت (لە مێشکی منداڵدا پێوەرێک(١١) هەیە کە دەبێتە هۆی گەشەسەندنی زمانی منداڵ؟ ئایا ئەوە پێوەندی بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە یان بە هەندێ توانایی تری ئیدراکی(١٢) هەر زمانەوانێک کە کاری خۆی بە دروستی ئەنجام بدات، لە ساتێک لە ساتەکان دەبێ ئەم پرسیارانە لە خۆی بکات. ناتوانێت تاقە زمانێک وەربگرێت و پێی پەسەند بکات. ئەمە جگەلەوەی کە لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینەکانی لە چۆنیەتی کارکردنی زمانانی تر، دادەزمانییەکانی زمانی خۆی بەشێوەیەکی تر بۆی بەرجەستە دەبن. تۆ شێوازی

شیتەڵکاری و ڕوونکردنەوەی جیاوازت دەبێت، بەپێی ئەوەی کار لەسەر دیاردەکانی تاقە زمانێک بکەی یان لەسەر تاقە دیاردەیەک لە نەوەد زماندا (ئەگەر بتوانین لە بوونی یەک دیاردە لە نەوەد زماندا بدوێین!). ڕاڤەکردنی زمانێک لە خۆیدا کارێکی بە لەززەتە. ئەوەی بە لەززەتترە ئەوەیە کە بزانین ئەم کەرەستە سەرنجڕاکێشە کە زمانە، لە کوێوە دێت. پرسیارە سەرەکییەکەی زمانەوانی گشتیش ئەوەیە کە «بۆچی مرۆڤەکان قسە دەکەن و چی دەکەن بۆ قسەکردن؟» و لەو بڕوایەشدایە کە بتوانێت هەندێ وەڵامی سەرەتایی بۆ ئەم پرسیارانە بدۆزێتەوە. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین کە زمانەوانی گشتی دیسیپلینێکە کە زۆر سوودی لە ڕاڤە ڕێزمانییەکانی تاقە زمانەکان بینیوە، بەڵام ئێستا پرسیارەکان بەشێوەیەکی تر خۆیان دەخەنەڕوو. دووبارەی دەکەمەوە: «بۆچی ئێمە قسە دەکەین و بۆ قسەکردن چی دەکەین؟» ئەمە نهێنییەکە، هەوڵ دەدرێ وەڵامی بۆ بدۆزرێتەوە. دوو چەمکی «بکەر» و «بەرکار» کە لە نەریتی ڕێزمانی ڕۆژئاوادا مانای خۆیان هەیە، زۆر سادە و ساکار دێنە پێش چاو. کاتێ دەڕوانینە زمانە دوورە دەستەکان، دەکرێ لە خۆمان بپرسین ئەم چەمکە زمانەوانییە هیندو ئەوروپییانە چ ڕامانێک لەم زمانانەدا دەگرنەوە خۆیان؟ مرۆڤ بەشێوەیەکی جەوهەری درک بە بوونی ئەنجامدەرێکی کردار دەکات و جێی سەرسوڕمانە کە لە زۆربەی هەرە زۆری زمانەکاندا، پێوەندی لەنێوان ئەم ئەنجامدەرە و ئەوەی زمان لە ناو ڕستەدا وەکو کەرەستەیەکی دەستنیشانکراو هەیە(١٣) دەمان داتێ- کە ناوی لێ دەنێین: بکەر- لەبەرچی؟ بێگومان ئەمە پرسیارێکە لە مەڕ بابەتی درک پێکردن(١٤). لەبەر چ هۆیەک، چەمکی ئەنجامدەری کردار بە چەمکێکی تەواو زمانەوانی وەک ڕێککەوتنی ڕێزمانی فرمان دەبەسترێت؟ ئەمانە هەموویان ئەو هۆیانەن کە وات لێدەکەن وەکو زمانەوان خۆت بە یەک زمان نەبەستیتەوە و لە زمانەکانی تریش بکۆڵیتەوە.

* کەواتە کارکردنت لەسەر زمانی کوردی بەو هۆیە بووە کە تۆ لە بواری زمانەوانی گشتیدا ئیش دەکەیت و زانینی زمانی فارسی و کارکردن لە سەری وای لێ کردووی کە بەرەو زمانە دراوسێکانی (وەکو زمانی کوردی) هەنگاوبنێی تا لە ڕێگەیەوە بتوانیت لە هەنگاوی یەکەمدا تایبەتمەندییەکانی زمانە ئێرانییەکان لەگەڵ یەکتر بەراورد بکەیت؟

- لە ڕاستیدا ئاراستە بوونم بەرەو زمانی فارسی بە هاندانی ژمارەیەکی بەرچاوی هاوکارانم بوو کە پێیان دەگوتم «زمانی فەڕەنسی کاری زۆری لەسەر کراوە و زمانی ئەرمەنی کە زمانی دایکتە و فارسیش (کە وەکو ئەرمەنی زۆرباش دەزانی) لەچاو فەڕەنسی زۆر کەم کاریان لەسەر کراوە». هەرچەندە کاتێ ئێمە باسی ڕادەی کارکردن لەسەر زمانێک دەکەین، چەمکی «ڕادە» ڕێژەییە. ئەرمەنی و فارسی دوو زمان نین کە کەم کاری زمانەوانییان لەسەر کرابێت، بەڵام بە ڕادەی زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزی نییە، زمانە ڕۆمییەکان (فەڕەنسی، ئیتاڵی، ئیسپانی..) و زمانە ژێرمەنەکان (ئینگلیزی، ئەڵمانی...) کاری زۆریان لەسەر کراوە. هەندێ زمانیش هەن کە تاڕادەیەک کاریان لەسەر کراوە. یاخود باشتر بڵێین شرۆڤەیەکی ڕێزمانییان بۆ کراوە. بە پێچەوانەی ئەوەی هەندێ جار لە پێشەکی هەندێ لە تێزەکانی دکتۆرادا دەبینرێت، فارسی زمانێکی نەتوێژراو نییە، بەڵام ئەوەی کراوە بە بەراورد لەگەڵ ڕادەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر ئینگلیزی و فەڕەنسی کراون، زۆر کەمە، بۆیە زۆر کەس پێی گوتم کە «بۆچی سوود لە زانیارییە زمانەوانییەکانت وەرناگری بۆ ئیش کردن لەسەر ئەو زمانانەی دەیان ناسی و کاری کەمتریان لەسەر کراوە؟» بۆیە هەنگاوی یەکەمم بەرەو فارسی هاوێشت، چونکە وەکو زمانی دایکم دەمزانی. ئەمەش گرنگی خۆی هەیە کە پێشتر لەسەر زمانێک کار بکەی کە دەیزانی. حەز دەکەم هۆی گرنگییەکەشتان بۆ باس بکەم.

کاتێک زمانەوانی داوا دەکات بە زانست بناسرێت و سەیر بکرێت، کێشەیەک دێتە سەر ڕێگای زمانەوان کە بریتییەلە کێشەی تەماشاهەڵگر(١٥). تەماشاهەڵگر لە هەموو زانستێکدا هەیە، بەڵام لە زمانەوانیدا چییە؟ ڕاستە ئەوە هەیە کە پێی دەڵێن کۆبەڵگەی(١٦) سەرزارەکی و نووسراو وەکو سامانی ئەدەبی، ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان... هەموو ئەمانە هەن، بەڵام ئەگەر میتۆدۆلۆژییەکی زانستی بگرینە بەر، دەزانین کە هیچ هەنگاوێکی زانستی مومکین نییە مەگەر ئەو دیاردەیەی لێی دەکۆڵینەوە، جیای بکەینەوەو وەدەری بنێین(١٧). بۆ نموونە هیچ فیزیکدانێک دیاردەکان لێرە و لەوێ و بەبێ جیاکردنەوە وەرناگرێت. هیچ فیزیکدانێک هەموو ژیانی خۆی بەوە تێنەپەڕاندووە کە تەماشای یەکە یەکەی

بەرگەدارەکان بکات کە چۆن دەکەون، لەبەر ئەوەی کەوتنی هەر بەرگێک لە هی تر جیاوازە، بەڵکو لە کەوتنی یەکە یەکەی بەرگەکان دیاردەی کەوتنی بەرگی- وەکو دیاردەی کەوتنی هەر شتێک- جیاکردۆتەوە و کاری لەسەر دەکات. واتە ئەگەر فیزیکدان بیت و بتەوێت تەنیا لە دیاردەی کەوتنی جەستەیەکی ڕەق بکۆڵیتەوە، دەبێت زۆر شتی تر پشتگوێ بخەیت. هەمان شت (جیاکردنەوەی تەماشاهەڵگر) دێتە سەر ڕێگای زمانەوانیش، کاتێ لەسەر دیاردەیەکی تایبەتی زمان ئیش دەکات، چونکە کۆبەڵگەکەی پڕە لە دیاردەی جۆراوجۆر و لە حاڵەتی گفتوگۆیەکی ڕاستەقینەدا زۆر شت هەیە کە زیادە و پارازیتە. ناتوانێ هەمیشە لەسەر کۆبەڵگە ڕاستەقینەکان کار بکات. ناچارە تەماشاهەڵگر لە کۆبەڵگە جیابکاتەوە. ئەمەش لە ڕێگای خۆتوێژینەوەوە(١٨). مەبەستیش لە خۆتوێژینەوە ئەوەیە کە بۆ بڕیاردان لەسەر پەسەندکردنی یەکەیەک وەکو یەکەیەکی ڕێزمان، تاقە سەرچاوە، هەر خۆیەتی، وەکو قسەکەری زمانەکە لە خۆی دەپرسێ کە ئەرێ فلانە زنجیرە وشە، لە زمانیدا یا لەزمانێکی تردا وەکو یەکەیەکی ڕێزمانی پەسەند دەکات یان نا؟ بەپێی ئەم حوکمە پەسەندهەڵگریانەیە(١٩) کە هەوڵ دەدات دیاردەکان شرۆڤە بکات. دیارە

لە ڕووی ئەبستمۆلۆژیکەوە کاری زمانەوان بە پێچەوانەی کاری فیزیکدان یا زانایانی زانستە سروشتییەکان، کارێکی زۆر ئەستەمە، چونکە زۆر گوتراوە کە ئەگەر زمانەوانی زانستە، دەبێت شیاوی ئەوە بێت لەگەڵ زمانە سروشتییەکاندا- کە زانسی ئەزموونین- بەراورد بکرێت(٢٠)، بەڵام زمان وەکو ماتماتیک نییە، ڕاستە لە زانستی زمانیشدا ڕادەی ئەزموونیمان هەیە کە لێی دەکۆڵینەوە، بەڵام لێکۆڵەری زانستە سروشتییەکان ئەو ئاسانییەی لە کارەکەیدا هەیە کە تەماشاهەڵگرەکەی لە دەرەوەی خۆیەتی ومیتۆدۆلۆژیشی هەیە کە بواری پێ دەدات تاقی بکاتەوە. بۆیە بۆی هەیە کە هەنگاوێکی سادە(٢١) بگرێتە بەر، بێ ئەوەی هزرێکی پێشوەختی لەبارەیەوە هەبێت. بۆ نموونە هەر شتێک کە بەری دەدات، دەکەوێتەوە. ئەوە دەکاتە یاسا و دەی چەسپێنێ.

**زمانی وا هەیە شایانی ئاوڕدانەوەی قووڵە، بێ ئەوەی باس لەو زمانانە بکەم کە بەشێوەیەکی نابەجێ بە دیالێکت ناوبراو و لە ئێران و تورکیا و ئازەربایجان و قۆقاس قسەیان پێ دەکرێت.**

بەشێوەیەکی زۆر ساکارانەش دەتوانێ لە خۆی بپرسێت «چی دەسەلمێنێت کە ئەوەی من دەڵێم نادروستە؟» شتەکان هەڵدەگرێ و بەریان دەدات، ئەگەر یەکێکیان نەکەوتە خوارەوە، ئەوا بە خۆی دەڵێت: «ئەوا شتێکم بەردا کە نەکەوتە خوارەوە و بەرەو ئاسمان ڕۆیشت». ئەمیش پێی دەوترێت «ساختە پەزیری»(٢٢) و یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زانستە سروشتییەکان کە دەبێت یاساکانیان ساختە پەزیر بن(٢٣). ئەمەش بە ڕێگای تەماشاهەڵگرێک کە لەدەرەوەی لێکۆڵەرەکە بوونی هەیە و لێکۆڵەر تێی دەڕوانێت.

ئەمە بەگشتی و بە کورتی میتۆدۆلۆژی کاری زانستی سروشتییە، بەڵام بۆ زمان بە هەمان شێوە نییە. تەماشاهەڵگر لەزماندا چییە؟ لە ڕووی فیزیکییەوە دەتوانی هەموو شتێک بڵێیت. دەتوانی دەیان ڕستەی ڕێزمانی بەڵام هەڵە دروست بکەیت. بڕۆ لەسەر ئەنترنێت بگەڕێ؛ دەتوانی تیایدا بەدەیان فۆرمی زمانی فەڕەنسی بدۆزیتەوە کە بە تەواوی هەڵەن. دەبینی سەختی کاری زمانەوانی لەچیدایە؟ سەختییەکەی لەوەدایە کە (بەپێچەوانەی زانستە سروشتییەکانی تر) هەرچی کە شیاوی دەربڕین بێت(٢٤)، تەماشاهەڵگرنییە و ناکرێ پشتی پێ ببەسترێت، بۆیە دەبێ وەکو زمانەوان، کۆبەڵگەکان لەوەی کە خۆتوێژینەوەکەت ڕێگەت پێ دەدات پەسەندی بکەی، جیابکەیتەوە؛ بەپێی ئەو نۆرمانەی لەلات هەن و توانات پێ دەبەخشن بڵێی ئەمە فەڕەنسییە و ئەمە فەڕەنسی نییە. ئەمە لە فارسیدا وادەگوترێت و ئەمە لە فارسیدا وانییە، بۆیە کاتێک دێ پێویستیت بە کاری خۆتوێژینەوە دەبێت، لەبەر ئەوە زۆر باشترە پێشتر لەسەر ئەو زمانانە ئیش بکەین کە دەیانزانین، چونکە لەکاتێکدا کە زمانەکە نەزانی یان زمانێک بێت کە تازە فێری بوو بێت، خۆتوێژینەوەکە زۆر قورس دەبێت. یەکەم هۆی کار کردنم لەسەر زمانی فارسی ئەوە بوو کە وەکو زمانی دایکم وابوو. پاشان حەزم کرد هێشتا دوورتر بڕۆم و لەسەر زمانە ئێرانییەکانی تریش کار بکەم، لەوانە زمانی کوردی. واتا ئەو زمانانەی کە کەمتر لە فارسیش تاوتوو کراون. ئەوەی لە بارەی زمانە ئێرانییەکاندا سەرنجڕاکێشە

ئەوەیە کــە ئەم زمــانانە بەشــێکن لە زمــانە هیندو ئەوروپییــەکــان. زمــانە هیند و ئەوروپییــەکــانیش لای زمانەوانان بەوە ناسراون کە زۆر کاریان لەسەر کراوە و پێیان وایە کە ئەم زمانانە ئیتر هیچ نهێنییەکیان نییە و ئەوەی شــــــایانی لێکۆڵینەوە بێت، لە زمـــــانە ئامازۆنییەکان، ئۆستراڵییەکان، ئەمەرهندییەکان و ئۆسترو نێزییەکاندایە و هەموو ئەم زمانانە شتی وا دەخەنە بەرچاو کە لەزمانە هیندوئەوروپییــەکــاندا نابینرێن، بەڵام ئەگەر بە وردی و لە نزیکەوە لە زمانە هیندوئەوروپییەکان بڕوانین، دەبینین کە لقە ئێرانییەکەی لقێکی یەکجار دەوڵەمەندە و نزیکەی سەد زمان لەم خێزانەدا دەبینرێن و هەندێکیان بە وردی لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە. کە دەڵێم بە وردی، مەبەستم ڕێزمانێک نییە لێرە و لەوێ لەسەر زمانەکە دەرکرابێت، بەڵکو مەبەستم لە شرۆڤەکردنێکی وردەکاریانەی زمانەوانییە. ئەمڕۆ زمانەوان هەیە لەسەر زمانێک ئیش دەکات کە ١٥٠ کەس قسەی پێ دەکەن. ئەمەش شتێکە دەبێ بکرێت، بەڵام زمــانێکی وەکــو زازایی (زازاکی) کــە نزیکەی دوو ملیۆن کەس پێی دەدوێن، فەرامۆش کراوە. بە فەرەنسی هیچی لەسەر نەکراوە. بە ئینگلیزیش هەروا دوو ڕێزمــانی زازایی لەم دواییــەدا دەرچوون کــە بە ئەڵمانین، ئەمە دەسەلمێنێت کە تەنانەت لە خێزانی زمانە هیندوئەوروپییــەکــانیشدا کە بە خێزانێکی ناسراو بەسەرچوو دانراوە، زمانی وا هەیە شایانی ئاوڕدانەوەی قــوولە. بێ ئەوەی باس لەو زمــانانە بکەم کــە بە شێوەیەکی نابەجێ بە دیالێکت ناوبراون و لە ئێران و تورکیا و ئازەربایجان و قۆقاس قسەیان پێ دەکرێت. زۆر زمانی ئێرانی هەن کە تاوتوونەکراون یان هەر دەستیان لێ نەدراوە. ئەم هەنگاوەی من لەوەشدا ســەرچاوەی وەردەگرت کە دەمویست بەرەو ئەو زمانانە بڕۆم کە ناڵێم هیچ ئاوڕیان لێ نەدراوە، بەڵکو هەندێ لە دیاردەکانیان پشــتگوێ خــراون. جــارێکی تر دێمــە ســەر بابەتی کلیتیکەکان. ئەمە دیاردەیەکە لە ساڵی ١٩٧٠وە لە سەری دەنووسرێت. بیبلۆگرافیایەک لە ساڵی ١٩٩٤ بۆ ئەو کــتـــــێب و لێکۆڵینەوانەی لەســــەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی زماندا کراون. ئامادە کراوە. ٨٠٠ لاپەڕەی ئەم بیبلۆگرافیایە تەنیا بۆکلیتیکەکان تەرخان کراوە. بزانە چەند ئیشی تیادا کراوە! دیاردەیەکە کە سەرنجی خەڵکێکی یەکجار زۆری ڕاکێشاوە و

ڕادەکێشێت، چونکە ئەمانە هەندێ کەرەستەن کە تا ئێستاش نازانن چۆن ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەن و لەکوێ دایان بنێن. بە وشەی بیانژمێرن یان بە پاشگر. چۆن و لەکوێ دەبێ پۆلێن بکرێن؟ بۆیە بەهۆی سروشتەکەیانەوە سەرنجڕاکێشن. هەر لەبەر ئەوەشە کە قوتابییەک کە تێزی دکتۆراکەی لەئەمریکا لەسەر کلیتیکی پایەدوو لە زمانی پەشتوودا ئەنجام دابوو، ئەم کلیتیکانەی بە زمانەوانان ناساند و ئێستا هەر بەرهەمێکی زمانەوانی گشتی لە بارەی کلیتیکەکان بدۆزیتەوە، دڵنیابە تیایدا باسی کلیتیک لە زمانی پەشتوو هەیە، کەچی هیچ باسی کلیتیکەکانی زمانێکی وەکو تالشی (کە تا ئێستاش لە ئێران بە دیالێکت ناسراوە) یان کورمانجی خواروو تیایدا بەدی ناکەیت. کەچی ئەم کلیتیکانەش بە قەدەر ئەوانی تر بۆ زمانەوانی گشتی گرنگ و سەرنجڕاکێشن. تەماشای کلیتیکەکانی زمانە سلاڤییەکان بکە، زمانی چیکی، زمانی پۆلۆنی، تەماشای کلیتیکە پایەدووەکانی زمانی سێربوکروات بکە، بەدەیان نووسراویان لەسەر دەدۆزیتەوە، کەچی کلیتیکەکانی کورمانجی خواروو بزرن و باسیان لێ ناکرێت. لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی ئەو کارەی لەسەر کلیتیکەکانی کورمانجی خواروو (وەک ڕاناوە لکاوەکان) کراوە، لە سنووری ڕێزمان تێنەپەڕیوە و بەبواری کاری زمانەوانی گشتییەوە نەبەستراوە. کەواتە ئەم هاتوچۆیە لەنێوان شرۆڤە کردنی زمانێک لەخۆیدا و شوێنی تایبەتمەندییەکانی لە خانەی زمانەوانی گشتیدا دەبێ فەراهەم بێت، بۆ ئەوەی بزانرێت تا چ ڕادەیەک تایبەتمەندییەکانی زمانەکە دان و ستاندنە زمانەوانییەکانی زمانەوانی گشتی دەوڵەمەندتر دەکەن. دیاردەیەکی تر کە پێکەوە کارمان لەسەر کردووە، خستنە سەرە. دەبینین کە ماوەیەکە ئەم دیاردەیە سەرنجی زمانەوانانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە، بەڵام چەند ساڵێک پێش ئێستا وانەبوو، کەچی خودی دیاردەکە لە شوێنی خۆیدا هەر هەبووە و تازە نییە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ژنێکی ئێرانی کە لە ئەمریکا کار دەکات، گوتارێکی زانستی لەسەر خستنەسەر لە گۆڤارێکی نێو دەوڵەتیدا دەنووسێت. جا هەموو ئەوانەی لەسەر زمانی چینی، فەرەنسی، ئینگلیزی، عبری،..کاردەکەن، لە ڕێگەیەوە دەبینن کە لەم ڕووەوە جۆرە لێکچوونێک لەگەڵ زمانەکەیاندا هەیە. ئا بەم شێوەیە دان و ستاندنەکان دەستیان پێ کردووە و خستنەسەر کە تایبەتمەندییەکی

زمانە ئێرانییە ڕۆژاواییەکانە، بووە جێی بایەخی زمانەوانی گشتی. کە واتا ئەمە یەکێکە لە ئەرکەکانی زمانەوان کە نە تەنیا بە شرۆڤە کردنی دیاردەکانی زمانێک ڕابگات، بەڵکو بزانێت لەچیدا و لەچ ڕوویەکەوە ئەو دیاردەیە دەچێتە ژێر باڵی زمانەوانی گشتی.

* بەکارکردن لەسەر هەندێ بابەتی زمانی کوردی بێگومان دەرفەتی ئەوەت هەبووە هەندێ لێکۆڵینەوە کە پێشتر لەسەر ئەو بابەتانە لەلایەن توێژەرە کوردەکانەوە کراون، ببینیت. ئایا بەوەی کە کارەکەیان تەنیا لەسەر زمانی کوردی کراوە، هەستت بە بوونی کێماسی و ناتەواوی لە لێکۆڵینەوەکانیاندا کرد؟

– هەموو شتێک بەو ئامانجەوە بەندە کە بۆ خۆت دایدەنێیت، وەکو گوتم لە خۆیدا ئەوە کارێکی جوان و شایانی ستایشە کە یەکێک بیەوێت لەسەر تاکە زمانێک ئیش بکات. ئەمە پراتیکێکی ڕێزمانییە کە تەمەنێکی زیاتر لە هەزارساڵی هەیە و بوونی نەریتی ڕێزمانیش لەو ڕاستییەوە سەرچاوە وەردەگرێت کە زمانێک هەیە و هەوڵ دەدرێت بزانرێت چی لەو زمانەدا ڕوودەدات.

* بەڵام لە بیرمە کاتێ پێکەوە کارمان دەکرد، جاری وا هەبوو ڕەخنەت لەکاری ڕێزماننووسەکان دەگرت؟

– ڕاست دەکەی. جارێکی تریش دەڵێم ئەوە ویستێکی ڕەوا و زۆر باشیشە ئەگەر بمانەوێت کاری ڕێزمانی بکەین. بە پێچەوانەی ئەوانەی ڕەخنە لە ڕێزماننووسیی تەقلیدی دەگرن، بە ڕای من ڕێزمان سوودێکی زۆری بە زمانەوانی گشتی گەیاندووە، بەڵام لێرەدا گرفتێکی تر هەیە. زۆر شت هەیە کە ڕێزماننووس بە تەنیشتیدا تێدەپەڕێت، بەڵام نایبینێت، تۆ تەماشای خستنەسەر لە زمانی فارسیدا بکە. ژمارەیەکی یەکجار کەمی ڕێزمانی فارسی دەدۆزیتەوە کە باسی خستنەسەر بکات. بۆچی؟ چونکە خستنەسەر لە خۆیدا هیچ کێشەیەک بۆ فارسی زمانێک دروست ناکات. ئەمەیە جیاوازی نێوان ئەوەی ڕێزمان دەیکات و ئەوەی زمانەوانی گشتی دەیکات. خستنەسەر کەرەستەیەکی لە خۆیدا بێ مانایە و بەدەیان ئەلۆمۆرفیشی نییە و هیچ منداڵێکی فارسی زمان کە دەچێتە قوتابخانە لە بەکارهێنانیدا هەڵە ناکات. زۆربەی هەرە زۆری ڕێزمانەکانیش لەو کەرەستە و دیاردە زمانیانە دەکۆڵنەوە کە بۆ قسەپێکەرانی زمانەکەیان بۆ ئەو بیانیانەی



پۆلێت سامڤێلیان

دەیانەوێ فێری زمانەکە ببن، کێشە دروست دەکەن، بەڵام ئەو لایەنە زمانەوانیانەی دەکەونە ژێر توێژینەوەی زمانەوانی گشتی، هەندێ جار لە خۆیاندا هیچ کێشەیەک لەخودی زمانەکەدا دروست ناکەن. پرسیارەکەش لەوکاتەدا دەرووژێتەوە، کە دیاردەکە دەخەیە هەمبەر دیاردەیەکی هاوشێوەی لە زمانێکی تردا، لەبەرئەوەیە کە دەڵێم بەڕاستی ئەمانە (ڕێزمان و زمانەوانی گشتی) دوو هەنگاوی تەواوکەری یەکترن؛ بەڵام هیچ کامێکیان جێی ئەوی تر ناگرێتەوە. شرۆڤە کردنی ڕێزمانیی زمانێک لە خۆیدا کارێکی سەرنجڕاکێشە، بەڵام هیچ گەرەنتییەک نییە کە ئەو دیاردانەی ڕێزماننووس لە سەریان کاردەکات، بۆ زمانەوانیش سەرنجڕاکێش بن. نموونەیەکی جوانی تر کە سوودی زمانەوانی گشتیمان باشتر بۆدەردەخات، نموونەی «ڕا»ی نیشانەی بەرکاری ڕاستەوخۆیە لە زمانی فارسیدا. کە تەماشای ڕێزمانەکانی زمانی فارسی بکەی، شتێکی ئەوتۆ لە بارەیەوە نادۆزیتەوە. بۆچی؟ دیسان لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی نیشانەکە بۆ فارسی زمانان هیچ کێشەزا نییە و هیچکامێکیان لەبەکارهێنانیدا هەڵە ناکات. کەچی ئەگەر تەماشای زمانەوانی گشتی بکەی شتی یەکجار زۆر لەسەر ئەم مۆرفیمە دەدۆزیتەوە. لەبەرچی؟ چونکە هەندێ زمانەوان وەکو ژیلبێر لازار Gilbert Lazard کە لەسەر کۆمەڵێ زمانی تر ئیشیان کردووە، بینیویانە کە لە زۆربەی هەرە زۆری ئەم زمانانە دیاردەیەکی هاوشێوە هەیە و پرۆسەکە بەگشتی «نیشانکاریی جیاکارانەی بەرکار»ی پێ دەوترێت و هەوڵیان داوە لە دیاردەکە لە

زمانی فارسیشدا بکۆڵنەوە. لە زمانی ئیسپانیدا بەرکار بە a (Prepósition) و لە زمانی ڕۆمانیشدا بە پاشگری Pe دەسنیشان دەکرێت. بەم شێوەیە دیاردەیەک کە لە خۆیدا و لە چوارچێوە تەسکەکەی زمانەکەدا دیاردەیەکی بچووک و کەم بایەخ دێتە بەرچاو، لەچوارچێوەی زمانەوانی گشتیدا دەبێتە دیاردەیەکی گرنگ و بایەخدار. ئەمەش ئەو پرسیارەت لەلا دەورووژێنێتەوە کە «بۆچی و چۆن لە کۆمەڵێ زماندا کە هیچ پێوەندییەکی ڕەگ و ڕیشەییان لەگەڵ یەکتردا نییە، دیاردەی هاوشێوە هەیە؟» یاخود «مرۆڤەکان هەستیان بەچ پێویستییەک کردووە کە وایان لێبکات کەرەستەیەکی زمانەکەیان کە هەمبەری بکەر دایدەنێن، بەشێوەیەکی مۆرفۆلۆژیک دەسنیشان بکەن؟» ئەوە بە ڕێکەوتە کە ئەم کەرەستەیە لە فارسیدا «ڕا» بێت، بەڵام پێشاندەری ڕاستییەکی تازەیە لەمەڕ زمان. ڕێزمان باسی چ دەکات؟ بۆ نموونە باسی گەردان کردنی کاری «هەبوون» و «بوون» دەکات و ئەو ئەلۆمۆرفانەی هەیانە. چۆن ئەم دوو کارە کە زۆر جار پێڕەوی یاسا گشتییەکانی گەردان کردنی کار ناکەن، گەردان بکەین؟ لە ڕێزمانی هەموو زمانێکدا دەتوانی وەڵامی ئەم پرسیارە بدۆزیتەوە، بەڵام خستنەسەر چییە؟ دەیان ڕێزمانی فارسی دەدۆزیتەوە کە هیچیان لەسەر نەنووسیوە. بە هەمان شێوە دیاردەی کرداری داڕێژراو لێکدراو کە لە کوردی و فارسیدا هەیە، لە ڕێزمانەکاندا باس کراوە. کەچی کۆمەڵێ پرسیاری لێ بەجێ ماوە کە لە بەراورد کردنیدا لەگەڵ دیاردەی هاوشێوە لە زمانی تردا لەمێشکی زمانەوانیدا دروست دەبن.

* پێشتر پرسیارێکم ئامادە کردبوو لەسەر گرنگی زانینی زمانی بیانی بۆ لێکۆڵەری زمان و ئەو دەسەڵاتەی بەهۆیەوە بەدەستی دێنێت. تۆ لە قسەکانتدا وەڵامی پرسیارەکەت دایەوە. باسی سەختییەکانی کاری زمانەوانت کرد و وتت کە لە لێکۆڵینەوەی زمانی دایکیشیدا کێشەی هەیە، کەچی دەبینم سەرەڕای ئەوەش ڕێگا بەخۆی دەدات لەسەر زمانێک کار بکات کە نایزانێت؟

– لەبەر ئەوەی ناچارە! بێگومان کاتێک دێ پێویست دەکات لەسەر زمانێک ئیش بکات کە نایزانێت. زۆرجار (دروست یان هەڵە) سەرەتای زمانەوانی مۆدێرن دەگەڕێننەوە بۆ سۆسوور Saussure و فۆنەتیکی مێژوویی و فۆنۆلۆژی و بە تایبەتی فۆنۆلۆژیساختاری (بونیەوی) بە دەسکەوتی گرنگی زمانەوانی ئەورووپی دەژمێرن، کەچی لە هەمانکاتدا شتێکی گەورەتر لە ئەمریکا ڕووی دا، ئەویش بریتی بوولە دۆزینەوەی زمانە ئەمەرهنیدییەکان کە هیچ شرۆڤە نەکرابوون و ئەو بایەخەی کە ئەم زمانانە لای زمانەوانە ئەمریکییەکان هەیانبوو؛ کەسانێکی وەکو بلووم فیلد Bloomfield و هەریس Harris کە نەریتەکەیان بە -dis tributionalisme ناوزەد کراوە. ئەوان چیان دۆزیبووەوە؟ ئەوەی کە بەدەیان زمان هەن لە مەترسی لەناوچووندان و هەرگیزاو هەرگیز شرۆڤە نەکراون. دەبوایە دەسبەکار بن. زۆر زمانەوانی ئەمریکی هەبوون کە کاریان لەسەر هەندێ زمان دەکرد کە وشەیەکیشیان لێ نەدەزانی. «زمانەوانی مەیدانی» ئاوها لە دایک بوو. دەچوونە ناو خێڵە دوورەدەستەکان و حاڵەتی وا هەبوو هیچ لەزمانەکە تێنەدەگەیشتن. ئەگەر هیچ لە بارەی زمانەکە، وشەکانی، ڕێزمانی.. لەبەر دەستت نەبێت، چۆن فێری دەبیت؟ ئەمەش فاکتەرێک بوو بۆ ئەوەی ئەمانە لەسەر کارەکەیان موکوڕتر بن. کارکردن لەسەر زمانێک کە نایزانیت، پێویستییەکە کە ناتوانێ خۆتی لێ بدزیتەوە. هەرچەندە ئەمە ڕیسکیشی هەیە. دەسنیشان کردنی تایبەتمەندییەکانی زمانێک، وشەکانی، دیاردەکانی... هەموو ئەمانە بۆ زمانێک کە نەریتی نووسینی هەبووە، زۆر ئاسایی دێتە چاو، بەڵام چۆن دەشێ ئەوە بۆ زمانێک کە هیچ نەریتێکی نووسینی نییە، بکرێ؟ ئەوە کارێکی مسۆگەر نییە! چونکە کاتێ قسە دەکەی، زنجیرە دەنگییەکە، زنجیرەیەکی بەردەوام و نەپچڕاوە. ئەگەر کاتی قسەکردنی من بە فەڕەنسی، تۆ دەزانی کە ئەم ڕستەیە پێنج وشەی تێدایە و هەست بە سنووری وشەکان دەکەی، لەبەر ئەوەیە کە پێشتر نەریتێکی نووسین هەبووە کە توانات پێ دەبەخشێت درک بە چەمکی وشەکان و سنووری نێوانیان بکەیت و لەکاتی قسەکردنمدا لە یەکتری بیانناسیت، بەڵام کاتێ زمانەکە نەزانی و هیچ نووسراوێکیشت پێشوەخت لەبەردەست نەبێت کە سنووری وشەکانت بۆ دەستنیشان بکات، چۆن لەکاتی قسەکردنی کەسێک بەو زمانە، وشەکان لە یەکترجیا دەکەیتەوە؟ ئەمە کارێکی زۆر ئەستەمە. ناتوانی دەسبەرداریشی بی، چونکە کارێکە دەبێ بکرێ و زمانەکە خەریکە لەناو دەچێت و خودی

قسەکەرانی زمانەکەش کەسیان لەنێواندانییە کارەکەت بۆ بکا. ئەم کارە ڕێبازی لێکۆڵینەوە و میتۆدۆلۆژی تایبەتی خۆی هەیە. ئا لێرەیە کە گرنگی ئاخاوتنکەرێکی یاریدەدەر کە «ئەنفۆرماتۆر»(٢٥)ی پێ دەڵێن، بەرجەستە دەبێت. واتا کەسێک کە زمانەکە (ئەم زمانەی زمانەوان نایزانێت) زمانی دایکێتی و توانای هەیە کار لەگەڵ زمانەواندا بکات بۆ دروست کردنی ڕستە و دەربڕینی جۆراوجۆر لە زمانەکەدا و بە گوێرەی ویستی زمانەوانەکە... وەکو خۆت، بۆ زمانی کوردی! [بە پێکەنینەوە].

... بێگومان! ئەنفۆر ماتۆرەکان هۆکاری زۆر گرنگن بۆ بەرەو پێشچوونی کاری زمانەوان. نوکتەی خۆشیش لەسەر ئەمەرهنیدییەکان دەگێڕنەوە کە کاریان لەگەڵ زمانەوانان دەکرد. هەروەک چۆن کاتی کارکردنمان، من ڕستەیەکی فەرەنسی یان فارسیت دەدەمێ و تۆش بەرامبەرەکەیم بە کوردی دەدەیتێ، دەڵێن بە هەمان شێوە زمانەوانێک هەر ڕستە دەداتە ئەنفۆر ماتۆرەکەی و داوای بەرامبەرەکەی لێ دەکات و هەر جار لێی دەپرسێ: «دەتوانی ئەوەشم بۆ بڵێی؟» ئینجا هەر پاڵی پێوە دەنێت و ڕستەی زیاتری دەداتێ و دەیەوێت لە نموونەکانیدا دوورتر بڕوات. پاش ماوەیەک دیسان کە لێی دەپرسێ: «دەتوانی لە زمانەکەت ئەوەش بڵێی؟» ئەنفۆر ماتۆرەکە وەڵام دەداتەوە: «دەبینی کە دەیڵێم! بەڵام هیچ مانای نییە!» لەبیرتە باسی تەماشاهەڵگر و بیستراوم بۆ کردی؟ ئا لێرەشدا ئەم کێشەیە سەر هەڵدەدات کە هەموو شتێک لە زماندا دەبینرێت و دەبیسترێت، نابێ بە تەماشاهەڵگر و زمانەوان ناچارە بەپێی توانا زانستییەکانی خۆی لە یەکتری جیایان بکاتەوە. بزانە چەند گرنگە ئەو زمانە بزانیت کە لەسەری کاردەکەی. لەهەمان کاتدا ئەمە لە گرنگی کارکردن لەسەر ئەو زمانانەی کە ناشیانزانیت، هیچ کەم ناکات! ئەم میتۆدە دەبوایە هەبایە بۆ ئەوەی کارکردن لەسەر هەندێ زمان کە تەنیا ١٥٠ قسەکەری هەیە و هیچ زمانەوانیشی لێ نەهەڵساوە، شیاو بێت. هەر هەمان میتۆد بۆ زمانێک کە قسەکەرێکی یەکجار زۆریشی هەیە، بەڵام کاری ئەوتۆی لەسەر نەکراوە، دەشێ بەکاربهێنرێت.

**یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانەوانی لە سەردەمی ئێمەدا بە بەراورد لەگەڵ بوارەکانی تری زانست بریتییە لە کاری دەستەیی و بەکۆمەڵ.**

* ئایا ڕێبازی جۆراوجۆری لێکۆڵینەوە لە زمانەوانی گشتیشدا هەن؟ ئەگەر ئەرێ، کامانەن و هی تۆ کامەیانە؟

– بێگومان، بەڵام پێش هەموو شتێک دەبێ بزانین کە زانستە زمانییەکان بواری جۆراوجۆریان هەیە. زمان وەکو ماددە وایە. دەکرێ ماددە لە ڕووی جۆراوجۆرەوە لێی بکۆڵرێتەوە و توێژینەوەی لەسەر بکرێت. شیمیدان و فیزیکدان بە هەمان شێوە کار لەسەر مادە ناکەن. زمانیش کەرەستەیەکی فرەڕەهەندە(٢٦). بۆ ئیش کردن لەسەر زمان دەبێ پێشتر ڕەهەندی کارەکەت دەسنیشان بکەیت. هەرچەندە دابەشکردنی ئەم ڕەهەندانەش کارێکی مسۆگەر دێتە چاو، بەڵام گەنگەشەیەکی زۆری هەڵگرتووە و تائێستاش هەڵدەگرێت.

* جا ئەو بوارانە کامانەن؟ دەمەوێت بەراوردێک بکەم لەگەڵ ئەو بابەتانەی لە کوردستان لە بەشەکانی زمان و ئەدەبدا دەخوێندرێن؟

– یەکەمیان کە لە هەرە کۆنەکانیانە، فۆنەتیکە: واتا ئاستە دەنگییەکە. لەسەردەمی ئێمەدا ئەم بوارە زۆر گەشەی کردووە و لەبواری فۆنەتیکی ئەزموونیدا، پێوەندییەکی پتەوی بە فیزیکەوە هەیە. شێوازی کار لەم بوارەدا وەکو شێوازی پەنجا یان سەد ساڵ بەر لە ئێستا نییە. واتا تەنیا بە بیستن و درک پێکردن کار ناکرێ، بەڵکو ئامێری زۆر ورد هەیە کە هەندێ ئەنجامت دەخاتە بەردەست کە گوێی ڕووت هەرگیز بۆی نییە بتداتێ. کەواتە فۆنەتیک توێژینەوەی لایەنی دەنگی و فیزیکی زمانە. پاشان فۆنۆلۆژی دێت کە نەک لە دەنگ، بەڵکو لە فۆنێم دەکۆڵێتەوە. واتا ئەو شێوازەی پێیەوە زمان لایەنە دەنگییەکە دەخاتە نێو ساختارێک. ئەمە لە خۆیدا پشتگوێ خستنی ئاستە دەنگییەکەیە. پاش ئەوەی مۆرفۆلۆژییەکە بریتییە کە لێکۆڵینەوەی ئەو کەرتانەی لە وشە بچووکترن و ئەو شێوازەی پێیەوە ئەم کەرتانە یەکدەگرن، لەدواییدا سەنتاکس دێت کە لێکۆڵینەوەی چۆنیەتی ڕێکخستنی وشەکانە لەڕستەدا. سیمانتیک لە ئاستی مانا دەکۆڵێتەوە و پراگماتیکیش لێکۆڵینەوەی زمانی سەرزارەکییە. ئەمە ناوکەکەی زمانەوانییە. هەرچەندە تەوژمێک هەیە کە فۆنەتیک بە بەشێک لە

زمانەوانی دانانێت؛ چونکە لەسەر ئاستی دەنگی و فیزیکی زمان کار دەکات. ئەمە یەکێکە لەو لایەنانەی زمان کە گەنگەشەی لەسەرە، ئینجا جگە لەم ناوکە ئێمە بواری تری کار کردن لەسەر زمانمان هەیە وەک، سۆسیۆزمانەوانی و پسیکۆزمانەوانی و ئەتنۆزمانەوانی، تاد. سۆسیۆزمانەوانی(٢٧) لەسەر زمانی کۆمەڵگا و بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی زمان کاردەکات. پسیکۆزمانەوانی(٢٨) لە پێوەندی زمان و دەروونناسی مەعریفی و هەموو ئەو گرفتە زمانیانەی وەکو dys-lexie(٣٠)، aphasie, (٢٩)، دەکۆڵێتەوە، دەبینی کاتێ باس لە زمانەوانی یان زانستی زمان دەکەی بەراستی شتێکی زۆر هەمەجۆرە و لەوانەیە پێوەندی نێوان سۆسیۆزمانەوانێک و سەنتاکسناسێک بە قەدەر پێوەندی نێوان سەنتاکسناسێک و کۆمەڵناسێکیش نەبێت!

* سۆسیۆزمانەوانی و پسیکۆزمانەوانی و... هەموو ئەمانەش لە بەشی زمانەوانی گشتیدا دەخوێنرێن؟

– بێگومان. ئەوانەش دەخوێنرێن و هەریەکەیان چەندین ئاراستەی جیاواز دەگرێتەوە خۆی. ئەمانە بەگشتی بوارەکانی زمانەوانین، بەڵام خاڵی سنووری نێوان هەریەک لەم بوارانەش زۆر دیار و ڕوون نییە، لە هەر بوارێکی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیشدا هەندێ ڕێڕەو و ڕەوتی جیاواز هەیە. بۆ نموونە هەندێ کەس باوەڕیان بە سەنتاکسی فۆرمال یا فۆرمالیزە هەیە و هەندێکی تریش لەو بڕوایەدان کە بە پێچەوانەوە ناکرێ سەنتاکس فۆرمالیزە بکرێت. لێرەدا هەوڵ دەدەم شتەکان بەشێوەیەکی تر بخەمە ڕوو، دەکرێ بەشێوەیەکی سەربەخۆ و بەپشتگوێ خستنی ئاستەکانی تر لە سەنتاکس بکۆڵێتەوە. ئەمە ڕایەکە و منیش باوەڕم پێیەتی.

* کەواتا لە بواری زمانەوانی گشتیدا تۆ خەریکی سەنتاکسیت و باوەڕت بە سەنتاکسێکی فۆرمال هەیە

– بەڵێ. من لەگەڵ ئۆتۆنۆمی سەنتاکسم. واتا بەڕای من، دۆخی قسەکردن هەر چی بێت، مەبەستی قسەکەر هەرچی بێت، ئاستی پەروەردەییەکەی هەرچی بێت، کاتێ بیەوێت بە فەڕەنسی قسە بکات و «ناو» و «نیشانەی ناو» لەگەڵ یەکتر کۆبکاتەوە، لە هەموو حاڵەتێکدا نیشانەکە دەخاتە پێش ناو. زمانەوانیش بۆ چەسپاندنی ئەم یاسا سادە و ساکارە، پێویستی بەوە نییە بزانێت کە قسەکەر بۆچی ئەو قسەیەی کردووە، بۆ کێ کردوویەتی، مەبەستی لە قسەکە چی بووە، لەکاتی قسەکردندا لە چ بارودۆخێکی دەروونیدا بووە.. پێویستی بە فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی، بە ناسینی جۆرەکانی زمانی langage ئاخاوتن نییە بۆ ئەوەی بزانیت کە لە فەڕەنسیدا نیشانەی ناو پێش ناو دەکەوێت. ئەمە یاسایەکی سادەی سەنتاکسیکە کە بۆ سەلماندنی خۆی بانگەوازی هیچ زانستێکی تری زمانەوانی وەکو پراگماتیک یان فۆنۆلۆژی ناکات، بەڵام هەموو زمانەوانەکان لەسەر ئەم بۆچوونە کۆک نین. بەڕای هەندێکیان، بۆت نییە لە بوارێک لە بوارەکانی زمانەوانیدا بەبێ بەرچاوگرتنی بوارەکانی تر کار بکەیت. لێرەدا کێشەکە، کێشەیەکی تەواوئەپەستمۆلۆژیکە. هەندێ زمانەوان تێڕوانینێکی تەواو ساکارانەیان لە کەرەستەی لێکۆڵینەوەیان هەیە. سەنتاکسناس لەسەر ڕستە ئیش دەکات، بەڵام هەیە پێت دەڵێت: «ئەی ڕستە چییە؟ ڕستە لە خۆیدا و بەتەنێ بوونی نییە!» بەواتایەکی تر کاتێ من ڕستەیەک دەردەبڕم، ئەوا من لە بواری «بەیان» دام. لەو بوارەشدا تۆ دەتوانی بەیەک ڕستە سێ مانای جیاواز دەربڕی و بە پێچەوانەشەوە بۆت هەیە لە دۆخێکی تایبەتی پێوەندی زمانیدا، بەسێ ڕستەی بە ڕواڵەت جیاواز، یەک مانا و مەبەست بگەیەنیت. بۆ نموونە بابڵێین کە پێکەوە لەگەڵ هەندێ لە برادەران لە دەوری مێزێکدا دانیشتووین و خەریکی نان خواردنین، تۆش خەریکی باسی پێویستی ڕیێفۆرمی ڕامیاری لە فەڕەنسامان بۆ دەکەیت. من تەماشات دەکەم و دەڵێم: «ئاه، تەماشاکە ئەوا کراسەکەت پیس بووە». بۆ کەسێک کە لە ڕوانگەی پێوەندییەوە(٣١) لەم ڕستەیە دەکۆڵێتەوە، ناوەڕۆکی ڕستەکە بە قەدەر مەبەستی سەرەکی دەربڕینی ڕستەکە (کە بریتییە لەوەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تێت بگەیەنم کە قسەکانت نابەجێن) گرنگ نییە. واتا من مەبەستی ڕاستەقینەم لێرەدا ئەوە نەبووە کە لەپیس بوونی کراسەکەت ئاگادارت بکەمەوە، بەڵکو ئامانجم ئەوە بووە بەشێوەیەک تێت بگەیەنم کەوا لەگەڵ تۆدا هاوڕانیم و ئاراستەی قسەکەت بگۆڕە. دەکرا ڕستەی تریش لە جیاتی هی پێشوو بۆ هەمان مەبەست بەکاربێنم. وەکو: «دەزانی زۆر گەرمامانە؟» یان «ئەوا کەسێک لە دەرگا دەدا..». واتە لەو کاتەدا کەدەربڕینی ڕستەیەک، گەیاندنی مەبەستێکی تەواو جیاواز لە ناوەڕۆکی ڕستەکەم پێ گەرەکە، ئیتر

فـۆنەتیک یان سـەنتـاکسـی ڕسـتـەکـە چ بایەخـێکی دەبێت(٣٢)؟ ئەوە لە هەندێ وێنەی ڕەوانبێژیشدا هەیە وەکـو paradox کە پێچەوانەی مانا فەرهەنگییەکەی دەگەیەنێت. لە حاڵەتی وادا بەرامبەرەکەم لە مەبەستم دەگات و دەزانێ چی پێ دەڵێم. بۆ نموونە بابڵێین ئازاد ناوێک کـە کـاتی خـۆی قـوتابی من بووە، نامـەیەکی پشتیوانیم لێ داوا دەکات تا بیخاتە ناو دۆسیەکەی و پێشکەشی زانکۆیەکی کوردستانی بکات بۆ ئەوەی وەکو مامۆستا وەربگیرێت. منیش لەنامەکەمدا دەنووسم: «ئازاد کـوڕێکی زۆر چاکـە. هەمـوو کـاتێ بە پێکەنینە. هەمیشە جلی جوان لەبەر دەکات و زۆر قسە خۆشە و لەکاتی خۆیدا دێتە سەر کارەکەی و...». ڕاستە کە لە نامـەکـەمـدا هیچ باسی ئاسـتی شـارەزایی و توانایی زانسـتی ئازاد ناکـەم و ناڵێم: «ئازاد لێکۆڵەرێکی بەتوانانیـیـە و هیچ شـارەزایی ئەوتۆی لە بواری زمانەوانیدا نییە..» و ناوەرۆکی ڕستـەکانیشم هیچ پێـوەندیان بە بابەتەکـەوە نییـە؛ لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەو کەسەی نامەکەی من دەخوێنێتەوە، باش لە مەبەستەکەم تێدەگات و دەزانێت کـە بەڕای من ئازاد زمانەوانێکی زیرەک و بەتوانا نییـە، بۆیە هەندێ زمانەوان هەن کە دەڵێن: «جا چۆن دەتانەوێ ڕستە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لێک بدەنەوە، کەچی هەمان ڕستە لە دۆخێکی تایبەتی گفتوگۆدا دەتوانێت مەبەستێکی پێچەوانەی ناوەرۆکی خۆی بگەیەنێت؟» ئەمانە زۆر هۆی تریشیان لەبەر دەستە کە بەهۆیەوە دەیسەلمێنن کە ناکرێ لە بوارێکی زماندا بەبێ ڕەچاوکردنی بوارەکانی تری زمان کار بکەیت، بەڵام من و کەسانی وەکو من لەو باوەڕەداین کە زمان شتێکی فرەڕەهەندە ولێکۆڵینەوەی گفتوگۆی سەرزارەکی، لە خۆیدا بریتی نییە لە لێکۆڵینەوەی فۆنۆلۆژی. وەکو فیزیکدانێک کە لەسەر ئەتۆم ئیش دەکات و کاری بە فیزیکی ئەستێرەکان نییە. هەیە پێت دەڵێت: «ڕستە بوونی نییە»، یان «ڕستە شتێکە ئەبستراکتە». وایە. منیش دەتوانم هەمان شت بڵێم! بۆ هەر کەسێ کە ئەندازە (هندسـە)ی خـوێندبێت، «خـاڵ» (نقطە) شـتـێکی ئەبستراکتە و بوونی نییە. هەر کەرەستەیەکی زانستی بێگومان ئەبستراکتە، بۆیە بۆ ئێمە مانان کە باوەڕمان بە سەربەخۆیی سەنتاکس هەیە، وتەی لە جۆری: «ئەمە ڕستـەیەکـە کـە هیچ کـاتێ نایبیـستی!» بێ مـانا و نابەجێیە. ڕستە چییە؟ ڕستە ساختمان و ئەسکەلێتە، نە هیچی تر. «بەیان» زۆر دەوڵەمەندتر و کۆمپلێکس ترە، بەڵام بۆ هەمان مەبەست نییە، لەبەر ئەوەیە کە هەندێ جار سەنتاکناسان حەز دەکەن کار لەسەر هەندێ ڕستە بکەن کە لەوانەیە هیچ کاتێ نەگوترابن. ئەمەش چونکە بەدوای ئەو دیاردانە دەگـەڕێن کـە هەندێ جـار هیچ پێوەندیان بە دەربڕاوە(٣٣) ڕاستەقینەکانەوە نییە. جا ئەوانەی بە سەنتاکسێکی سەربەخۆوە پابەندن، کار لەسـەر «بەیان» ناکـەن و نایانەوێ بزانن چی بەزمـان دەکرێت و ڕسـتـەکـە دەیەوێ چی بلێت و تاد، بەڵکو ئامانجیان ئەوەیە نەخشەی ساختمانی ڕستە دابڕێژن و یاسـاکـانی لێ دەربێنن. کـە ئەوەت پەسـەند کـرد، هەنگاوێکی تریش بەدوایدا دەهاوێژی. ئەویش فۆرمالیزە کردنی سەنتاکسە. واتە چۆن لە زانستی لۆژیکدا دەتوانی بەبێ ئەوەی ناوەرۆکـێکت لەبەردەسـتـدا بێت، گـرۆڤـە (اسـتـدلال) بکەی(٣٤)،دەتوانی هەمـان شت بۆ سـەنتـاکسـیش بکەیت و بۆ دیار کـردنی سـاخـتـارە سەنتاکسییەکان، یاساکان بەبێ یەکە لێکسیکییە دیارەکان دەربێنی و دایان بڕێژی (سەنتاکسی فۆرماڵ). ئەمە بیرۆکەیەکە کە لەوبەری ئەتلانتیک (لە ئەمریکا) لە دایک بووە و ئێستاش لەوێ بیرۆکەیەکی زاڵە و ڕۆژ بە ڕۆژ لایەنگری زیاتری هەیە و لە ڕێزمـانی ناودار بە ڕێزمانی «تەکوینی تەحویلی» (٣٥) سەرچاوە وەردەگرێت و لە دایک بووی ئەو ڕەوتە کـە پێی دەگـوترێت «زمانەوانی چۆمسکی». بەپێی ئەم بیرۆکەیە ساختمانی سەنتاکسیک شیاوی فۆرمالیزە کردنە. هەرچەندە دەکرێ لەگەڵ هەمـوو بیروڕاکانی چۆمسکی تەبا نەبین، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ئەوانەی لەسەر سەنتاکس کار دەکەن لەمەڕ سەربەخۆیی سەنتاکس و فۆرمالیزەکردنی کۆکن، ئەمە ڕەوتێکی سەنتاکسناسییە. من ڕەوتی سەنتاکسی «ئەدەبی» باس ناکەم و یەکسەر دەچمە سەر ڕەوتێک کە بەقـەدەر ڕەوتە «تەکوینی»ەکەی باسم کرد گرنگە و بریتـییـە لە نەریتی «کـارکـردی» (٣٦). لە ئەوروپا نەریتێکی کارکردی هەیە کە بۆ مارتینێ Martinet دەیگەڕێنن(٣٧) و زیاتر فۆنۆلۆژی کارکردی و مۆرفۆلۆژی کارکردی بەخۆیەوە دەگرێت و نەریتێکی کارکردی زۆر بەهێزیش لە ئەمریکا هەیە کە بەکارکردی ئەمریکان ناسراون. ئەم دوو تەوژمە لە هەمبەر ڕەوتە تەکوینییەکە ڕادەوەستن و دەڵێن: «نا، ناکرێ بەبێ ڕەچاوکردنی ئاستەکانی تری زمان و بەتایبەتی پراگماتیک، لە

سەنتاکس بکۆڵرێتەوە». کە واش بێ و هەندێ فاکتەری تری وەکو پراگماتیک و سۆسیۆلۆژی و.. بێنە ناو لێکۆڵینەوەی سەنتاکس، ئیتر ناتوانیت سەنتاکس فۆرمالیزە بکەی. هەرچەندە ئەم لێکۆڵەرانەش زۆر خزمەتی زمانەوانییان کردووە و تەنانەت زمانەوانی تەکوینیش هەندێ جار سوودی لێ بینیوون. لە بواری سۆسیۆزمانەوانیدا دەتوانین ئاماژە بە لابۆڤ بکەین کە لەسەر زمانی ئینگلیزی سەرزارەکی کاری کردووە و هەندێ توێژینەوەی ئەژمارەییشی لەسەر ڕەشپێستە ئەمریکییەکان ئەنجام داوە. لقێکی تری ئەم ڕێبازە بریتییە لە ئەتنۆمیتۆدۆلۆژێ کە ئانالیزی گفتوگۆکانیان دەکرد و زیاتر لەژێر کاریگەریی کۆمەڵناسەکان بوون تا سۆسیۆزمانەوانەکان. ئەمانە واتە تەکوینییەکان و کارکردییەکان دوو ڕەوتی سەرەکی و زاڵی دژ بە یەکی بواری سەنتاکسناسین، هەرچەندە خاڵی هاوبەشیشیان لەنێواندا هەیە.

* لە کەیەوە لەسەر زمانی کوردی کار دەکەیت؟

– ڕاستییەکەی، کوردیم درەنگتر لە فارسی دەست پێکرد. هەر لە ساڵی ١٩٩٧ەوە کە دکتۆراکەم لە توولووز وەرگرت، دەستم کرد بەکارکردن لەسەر زمانی فارسی، بەڵام دەسپێکی کارم لەسەر زمانی کوردی لەگەڵ تۆ و ساندرین(٣٨) بوو. وا دەبێتە سێ ساڵ.

* لەسەر کامە دیالێکتی کوردی زیاتر کارت کردووە؟

– تا ئێستا زیاتر کارم لەسەرکورمانجی خواروو کردووە. ماوەیەکی زۆر خەریکی دیاردەی خستنەسەر بووم. بەم دواییەش لەسەر کلیتیکەکان (ڕاناوە لکاوەکان) کارم کردووە. زیاتر لەگەڵ کورمانجی خواروو ڕاهاتووم. هەرچەندە جارێ شتی زۆر کەمی لێ دەزانم، بەڵام ڕادەی زانیارییەکانم لە بارەیەوە لەگەڵ کورمانجی سەروودا بەراورد ناکرێ.

* جا چیت لە بەرهەمی لێکۆڵینەوەکانی ئەم سێ ساڵەت کردووە؟ گوتارت نووسیوە؟ کۆنفرانست کردووە؟

– یەکەم کارم کە تەنیا تایبەت بە بابەتێکی کورمانجی خواروو بێت، لەسەر کلیتیکەکان بوو کە ساڵی پار تەواو بوو و ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەم ساڵی ڕابردوو لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی کە لەژێر ناونیشانی «مۆرفۆسەنتاکسی زمانەکەم بایەخ پێدراوەکان» لە شاری ئۆستنی Austin ویلایەتی تێکساسی ئەمریکی ڕێک خرابوو، پێشکەش کرد. هەمان بابەتم لە زانکۆی ئێسێکس Essexی ئینگلیزیش پێشکەش کرد. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەم نووسیوە و ڕێک خستووە و خستوومەتە ژێر چاپ و ئەگەر پەسەند بکرێ، چاپ دەبێت. ڕاستە کارەکە لە کۆنفرانسێک پێشکەش کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ سەرلەنوێ بابەتەکە بخرێتە بەردەم کۆمیتەیەکی پسپۆڕان کەدەیخوێنن و ئەگەر پەسەند کرا، چاپ دەکرێت. ئەگەر چاپ بوو، دەبێتە گوتارێکی بیست لاپەڕەیی و لە چاپەمەنییەکانی زانکۆی ستانفۆرد Stanfordی ئەمریکی دەبێت. ئەمە تەنیا لەسەر کورمانجی خواروو، بەڵام من بەردەوام دەبم، چونکە ئەمە تەنیا یەکەم قۆناغی کارمانە لەسەر کلیتیکەکان. بابەتێکی تر کە کارێکی باشمان لەسەر کردبێت، پێکهاتەی «خستنەسەر»ە. لەم بوارەدا زیاتر کارم لەسەر زمانی فارسی کردووە. گوتارێکم نووسیوە کە بۆ چاپ کردن ئێستا لە دەست لێژنەی خوێندن دایە، بەڵام هەندێ دادەی کورمانجی سەروو و خوارووشم خستۆتە ناوی. ئێستاش خەریکی ئامادەکردنی گوتارێکی ترم کە لە ڕاستیدا سەنتێزی ئەو بابەتەیە لەسەر دیاردەی خستنەسەر لە زمانە ئێرانییەکاندا لەلایبزیگ Leibzig لە ئەڵمانیا لە یەکەم کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کە لە مەڕ ئاستە جیاجیاکانی زمانە ئێرانییەکان ڕێک خرابوو، پێشکەشم کردبوو. ئێستا گوتارەکە لەبەردەستمدایە و تیپۆلۆژیکتر و گشتیترە و تیایدا نە تەنیا باسی فارسی و کورمانجی سەروو و خواروو، بەڵکو باسی گۆرانی و زازاییش دەکەم. پاشانیش ئەوەی زۆر حەزم لێیە بیکەم، توێژینەوەیەکی وردترە لەسەر خستنەسەر لە کورمانجی سەروودا، چونکە لەنێوان خستنەسەر لە کورمانجی خواروو و فارسیدا زۆر خاڵی لێکچوون هەیە. بێگومان جیاوازیشیان هەیە، بەڵام لە زۆرشتدا هاوتەریبن. لە کورمانجی سەروودا مۆرفۆلۆژی ناوی زۆر دەوڵەمەندترە لە کورمانجی خواروو. ئەویش بەهۆی بوونی دیاردەی نێر و مێ و کاریگەری تێپەڕ و تێنەپەڕ بوونی فرمان کە لە زۆر شێوەزاری کورمانجی خوارووداا تاڕادەیەکی زۆر نەماون. بەهۆی ئەم دیاردانە لەکورمانجی سەروودا ئەلۆرمۆفی خستنەسەریش دەوڵەمەندترە و ساختارەکانی بەپێی ژمارە و نفش جیاوازن. هەندێ دیاردەی تریش هەن وەکو ئەوەی- بە هەڵە- بە «خستنەسەری دیارخەری» ناوی لێ براوە. یان «خستنەسەری سەرەکی» و «خستنەسەری لاوەکی» کە مەکەنزی باسی دەکات.. بەڕاستی هەندێ

دیاردەی مۆرفۆلۆژی و زۆر ئاڵۆزتریش هەن و ئەمە ڕێگات پێ دەدات لە ڕووی سەنتاکسەوە دوورتر بڕۆی. هەمان ئەو دیاردانە لە زازایی-دا دەبینرێن. بۆ زازایی جارێ ئەنفۆرماتۆرم نییە، بەڵام بۆ کورمانجی سەروو هەندێ ڕێزمانیشم لەبەردەستدا هەیە. کە واتا بۆ کورمانجی خواروو بەردەوامی بە بابەتەکەم دەدەم کە لەسەر کلیتیکەکان و شوێنی لکانەوەیانە کە لە کاتی ئێستا و ڕابردوودا گۆڕانیان بەسەردادێت. لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ نووسراوەکانی مەکەنزی و جۆیس بلۆ (کە هەمان بیری مەکەنزی وەرگرتووە) هاوڕانیم و لەو باوەڕەدام کە بابەتەکەی لەوەی کە هەیە ئاڵۆزتری کردووە و باسی هەندێ شتیان کردووە کە هیچ سوودیان نییە. بۆ کورمانجی سەرووش بە نیازم بە وردی لە دیاردەی خستنەسەر بڕوانم کە زۆر شتی سەرنجڕاکێشی تیایە و ئەمانە دوو تەوەرن دەمەوێت لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا لەسەریان بڕۆم.

* هیچ کارێکت خستۆتە سەر هێڵەکانی ئەنترنێت بۆ ئەوەی ئەو لێکۆڵەرانەی حەزیان لێیە، بیخوێننەوە؟

- جارێ تەنیا بابەتەکەم لەسەر خستنەسەر لە کورمانجی خوارووودا لەلایەن هاوکارێکەوە (بێ ئەوەی ئاگادارم بکات) خراوە سەر ئەنترنێت و لەسەر
http://web.gc.cuny.edu/linguistics/doc/sambelian.pdf
دەتوانی بیخوێنیتەوە، ئەمە سایتی زانکۆی {City University of New York} CUNY نیویۆرکە. هاوکارەکەشم ناوی ڕیچارد لارسۆن Richrd Larsonە کە ماوەی دوو ساڵە لەسەر خستنەسەر کار دەکات و پێوەندی پێوەکردم و منیش بابەتەکەم بۆ نارد، بەڵام نەمدەزانی دەیەوێ بڵاوی بکاتەوە ئەگەرنە جارێ نەمدەنارد، چونکە هەندێ کاری تێدا مابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی هاوکارەکەم بەشێوەیەکی نێودەوڵەتی ناسراوە و زانکۆکەشیان زۆر ناودارە، دەنگم نەکرد. بابەتەکەی تریشم لە بارەی کلیتیکەکان، وەکو گوتم جارێ لەژێر خوێندن دایە و ئەگەر تەواو بوو لەسەر لاپەڕەکەی خۆم بڵاوی دەکەمەوە کە ئەمەی خوارەوەیە:
http://www.cavi.univ-paris3.fr/ilpga/pages_personnelles/samvelian/ index.htm

* لەنێوان زمانەوانە ئەوروپی و ئەمریکییەکان کێی تر دەناسی کە دوور یان نزیک لەسەر زمانی کوردی ئیش بکات؟ تەنانەت لە لێکۆڵەرەکانی خۆشمان لە کوردستان و وڵاتانی دەوروبەری لەگەڵ کێ پێوەندیت هەیە؟

- لە ئەمریکا کەس ناناسم کە لەسەریەک زمان کار بکات. بۆ نموونە هاوکارم لارسۆن کە لە بواری زمانەوانی گشتی کار دەکات، شتەکان بەشێوەیەکی زۆر گشتی و ئەبستراکت وەردەگرێت و نموونەکانیشی لە زمانە جیاجیاکانەوە هەڵدەبژێرێت. واتا لەسەر دیاردەیەکی تایبەتی لە زمانێکدا کار ناکات. لە ئەمریکا جارێ کەس ناناسم کە وا کاربکات. لە ئەوروپا زمانەوانێکی ئینگلیز هەیە بەناوی Jeffrey haig کە ساڵی ڕابردوو لە لایبزیگ لەگەڵی ئاشنا بووم و لە زانکۆی Kielی ئەڵمانی کار دەکات. لە سەرەتادا پسپۆڕی زمانی تورکی بووە. پاشان وردە وردە هاتووە سەر زمانی کوردی و لەسەر کورمانجی سەروو کاری کردووە و هەندێ شتی سەرنجڕاکێشی لێ خستۆتە ڕوو. جگە لەم لێکۆڵەرە کەسێکی تر لە ئەوروپا ناناسم. لە تورکیاش جارێ دەزگای فەرمی وەکو زانکۆ یان پەیمانگای زمان نییە کە لەسەر زمانی کوردی کار بکا. لەگەڵ کوردستانی عیراقیش بە داخەوە جارێ پێوەندیم لەگەڵ کەسدا نییە، بەڵام بەنیازم ئەمساڵ سەفەرێکی ئێران بکەم بۆ ئەوەی بتوانم پێوەندی لەنێوان هەندێ لەوزمانەوانانەدا دروست بکەم کە لەسەر زمانە ئێرانییەکان کار دەکەن.

* دەکرێ لە ڕێگەی ئەنترنێتەوە پێوەندی ئاڵوگۆڕی زانستیت لەگەڵ زمانەواناندا هەبێت؟

- بێگومان. کە لارسۆن پێوەندی پێوە کردم لەبەر ئەو بابەتەم بوو کە لەلایبزیگ پێشکەشم کردبوو و خستبوومە بەردەست لێژنەی خوێندن کە لە پسپۆڕانی زمانی زانکۆی تۆرۆنتۆی کەنەدا و هەندێ پسپۆڕی ئەمریکی پێکدەهات، بەڵام ئەم جارە ئەگەر بەرهەمەکانم کەوتنە سەر ئەنترنێت، بێگومان پێوەندییەکانمان زیاتر و بەهێزتر دەبن. ئامانجم ئەوەیە کە تۆڕێک(٣٩) لەو لێکۆڵەرانە دروست کەم کە لەسەر کوردی و فارسی ئیش دەکەن و دەمەوێ پێوەندی نێودەوڵەتیمان هەبێ. بۆ نموونە کۆنفرانسی زمانەوانی ئێرانی کە ساڵی ڕابردوو لەلایبزیگی ئەڵمانیا بەسترا، بڕیارە لەمەودووا دوو ساڵ جارێک ببەسترێت. کۆنفرانسی داهاتوو لە زانکۆی ئۆپسالا Uppsalaی سوێد دەبێت و ئامانج ئەوەیە کە ببێتە شوێنی یەکتر ناسین بۆ ئەو توێژەرانەی خەریکی

زمانە ئێرانییەکانن. بیرۆکەکەش لە سەرەتا ئەوە بوو کە جارێکیان لە ئەوروپا بێت و جارێکیش لە ئەمریکا، بەڵام لەبەر ئەوەی هاتن بۆ ئەمریکا بە تایبەتی بۆ لێکۆڵەرە ئێرانییەکان مسۆگەر نییە و ڤیزایان پێ نادرێت، جارێ کۆنفرانسەکان زیاتر لە ئەوروپا دەکرێن بۆ ئەوەی لێکۆڵەرە ئیرانییەکانیش بتوانن تیایدا بەشداربن. ئەگەر پاریس بتوانێت ساڵی ٢٠٠٩ ئەم کۆنفرانسە بەخۆیەوە بگرێت، زۆر باش دەبێت!

* لە فەرەنسا گرفتەکانی کارکردن لەسەر زمانی کوردی چین؟

– نەبوونی قسەکەرانێ کە بتوانن یارمەتیت بدەن. نەبوونی گرووپێکی کارکردنیش، چونکە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانەوانی لەسەردەمی ئێمەدا (بە بەراورد لەگەڵ بوارەکانی تری زانیستیش) بریتییە لە کاری دەستەیی و بەکۆمەڵ. ئیتر وا نییە کە ئێواران لەماڵی خۆت لەبەر ڕۆشنایی ماڵەکەت خەریکی خوێندنی یەک ستوون کتێب و نووسراوبیت. ئێستا کاری زمانەوانی کارێکی گرووپییە و لێکۆڵەران دەستە دەستە پێکەوە کار دەکەن. ئەمە لەلایەک، لە لایەکی تریشەوە دەستمان ناگاتە کتێب و گۆڤار و چاپەمەنییەکان، بۆ ئەوەی بزانین دوا پێشهاتەکانی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان لە مەڕ زمانی کوردی چین.

پێوەندیشمان وەکو گوتم لەگەڵ لێکۆڵەرە کوردەکانیش نییە. بۆ نموونە بۆ زازایی تەنانەت کەسی واشمان وەدەست ناکەوێ کە قسەی پێ بکات و بتوانێت یارمەتیمان بدات. ئەمانە کۆمەڵێ گرفتن کە ڕووبەڕووی هەموو ئەو لێکۆڵەرانە دەبن کە لەسەر هەندێ زمان لە دەرەوەی ئەو شوێنەی پێیان قسە دەکرێت، کار دەکەن.

* کە ئێستا لەکوردستان هەندێ لە ڕۆشنبیران بیرۆکەی داهێنانی زمانێکی یەکگرتووی کوردیان لەلا هەیە، زمانێک کە بتوانێت ڕۆژێ لە ڕۆژان ببێتە زمانی کوردی یەکگرتووی هەموو نەتەوەی کورد، چونکە کورد وەکو نەتەوەیەک لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا یەک زمانی خوێندن و نووسینیان نییە. ئەگەر تەماشای زمانی عەرەبی بکەی، لەگەڵ هەموو ئەو جیاوازیانەی لەنێوان دیالێکتە جۆراوجۆرەکانی ئەم زمانەدا هەیە، عەرەبی قورئان کە لەسەرەتادا تەنیا شێوەزاری خێڵی قورەیش بووە، ئێستا زمانی فەرمی و نووسینیانە، بەڵام کورد شتی وای نییە و هەندێ کەس وا بیردەکەنەوە کە لەجیاتی زاڵکردنی دیالێکتێک بەسەر دیالێکتێکی تردا، باشتر وایە ئێمە ئەمانە تێکەڵاو بکەین و کوردی «سورمانجی» لێ وەبەربێنین. هەرچەندە بەشێوەیەکی فەرمی شتی وا لە ئارادانییە، بەڵام ڕایەکە هەیە و هەندێ کەس باوەڕی پێیەتی. بەڕای تۆ ئەمە سوودی هەیە یان زیان؟ تا چ ڕادەیەک شانسی سەرکەوتنی هەیە؟ شتی وا لەمێژووی زماناندا هەبووە؟ دەکرێ خۆمان زمانی خۆمان دروست بکەین؟ ئەمە هیچ زیانێک لە دەوڵەمەندیی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی نادات؟

– بە ڕای من زمان داناهێنرێت و بە یاساش ناسەپێنرێت! دەکرێ سیاسەتی زمانەوانیمان هەبێت. هەندێ دەوڵەت هەن کە سیاسەتێکی زمانەوانی زۆر بەهێزیان هەیە. تەماشای وڵاتی کێبێکی کەنەدا بکە. لەوێ بە سیاسەتێکی زمانەوانی زۆر بەهێزەوە پشتگیریی لە فەرەنسی زمانی(٤٠) دەکەن و تەقەڵلا دەکەن تەنانەت زیاتر لە زمانێکی فەرمی بایەخ بە زمانی فەرەنسی بدەن و پەرەی پێ بدەن. بۆ ئەوەی هەموو کاتێ کۆمەڵەیەکی فەرەنسی زمان لە کەنەدا هەبێت. سەرەڕای هەموو ئەم هەوڵانە ئەو فەرەنسییەی لە کێبێک قسەی پێ دەکرێت، بە تەواوی وەکو فەرەنسی خودی فەرەنسا نابێت. کەواتە دەکرێ یاسا دەربکەین و بسەپێنین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی لەنێوان زمانی فەرەنسی ئەم دوو وڵاتەدا هەر دەمێنێتەوە، ئەویش بەهۆی کۆمەڵێ هۆکار؛ لەوانە دووری جوگرافی، پێوەندییەکی جیاواز لەگەڵ زمانی ئینگلیزی، تاد. ئەگەر بەڕاستی ئەو ئیرادەیە هەیە کە زمانی «سورمانجی» دروست بکرێت، کەس ناتوانێ ڕێگری بێت، بەڵام بۆ ئەمە، دامەزراوێکی فەرمی بەکۆمەڵێ زاناو پسپۆری زمانەوانییەوە پێویستە، کە کاریان بەرەو ئەم ئامانجە ئاراستە بکرێت؛ دەبێ ڕێزمان و فەرهەنگێکی تایبەت بەو زمانە دابنرێت؛ دەبێ منداڵان لە قوتابخانەدا بەو زمانە بخوێنن؛ ڕاگەیاندن بەو زمانە بێت؛ زمانەکە بکرێتە زمانی فەرمی... ئەمەش کار و دەرامەتی یەکجار زۆری دەوێت، بەڵام پێشتر دەبێ لەخۆمان بپرسین ئەرێ شتەکە ئەوەندە دێنێت؟

لە ڕاستیدا، هەوڵی وا، لێرە و لەوێ و لەلایەن ژمارەیەکی کەمی ڕۆشنبیرانەوە ناگاتە ئەنجامێکی وا. لە وڵاتی ئیسرائیل–دا بۆ دانانی زمانی عیبری تازە، شتی هاوشێوە کراوە. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئامانجێکی سیاسی زۆر بەهێزی لە پشتەوە هەبووە کە بریتی بوو لە

دروستکردنی نەتەوەیەکی یەکگرتوو کە بە یەک زمان قسە بکات. ئەگەر هەموو ئەو ئامرازانەی بۆ کارێکی وا پێویستن، بەرهەڤ بکرێن، لەوانەیە سەرکەوتنێ بەدەست بێنێت. لەوکاتەدا دەبێ تەنانەت وشەگەلی زمانەکەش ئستاندەر بکرێت. دەبێ ئەوەش بزانین کە تەنانەت لە حالەتی دەرچوون و جێبەجێ کردن و سەرکەوتنی بڕیارەکەش، نە کوردی تورکیا، نە کوردی ئێران بەو زمانە قسە ناکات..! تۆ باسی دەوڵەمەندیی دیالێکتەکانت کرد. بە پێچەوانەی هەندێ لە زمانەوانان من باوەڕم بە دەوڵەمەندیی زمان نییە. زمان کەرەستە و ئامرازێکە بۆ پێوەندی کردن و تەواو. نابێ زمان بۆ خۆی و لەخۆیدا بێ بەئامانج. ئەگەر بەڕاستی بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانیان، کوردەکان لەو باوەڕەدان کە دەبێ بێ هەلومەرج هەموو شتێکیان وەکو یەک بێت، تەنانەت زمانەکەشیان، ئا ئەوکاتە دەبێ هەموو شتێک یەک بخرێت. بەهەرحاڵ ئەمە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکیش جێبەجێ نابێت و سیاسەتێکی زۆر بەهێزی دەوێت. لەوکاتەشدا زمانەکە نە کورمانجی سەروو دەبێت و نە کورمانجی خواروو. لەوانەیە لە یەکێکیان نزیکتر بێت تا لەوی تر، بەڵام زۆر کاری دەوێت. تازە کێ دەڵێ خەڵکی ئەم دوو ناوچەیە ئامادەن واز لە زمانەکانیان بێنن؟ ئەگەر بشکرێت لەوانەیە پاش دوو سێ نەوەی تر ئامانجەکە بێتەدی. بەڕاستی من لەم بارەیەوە نە هەڵوێستی زمانەوانی، نە هەڵوێستی ئایدۆلۆژیم نییە. دیارە وەکو تۆ باست کرد شتی وا بەشێوەیەکی فەرمی لە ئارادانییە، ئەمە دەکرێ مانای ئەوە بێت کە بیرۆکەکە لای هەموو ڕۆشنبیرانی وڵات یەکانگیر نییە و هەست بە پێویستی هەنگاوێکی وا ناکرێت، بەڵام ئەگەر هات و شتێکی وا هاتە پێش، بەر لە دەسبەکار بوون، کورد دەبێ ئەو پرسیارانە لەخۆی بکات کە ئایا ئەمە بەڕاستی هەنگاوێکی پێویستە بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتییەکانی؟ ئەرێ شیانی جێبەجێ کردنی پرۆژەیەکی وا لە ئارادا هەیە؟.. و دەیان پرسیاری تر..

**(پاریس)**

**پەراوێزەکان:**

**(١) خوێنەری بەڕێز ئاگادار دەکەمەوە کە پۆلێت لە ماوەی دیمانەکەدا کۆمەڵە وشەیەکی تەکنیکی زانستیی بەکارهێناوە کە لە فەرهەنگەکاندا وشەی کوردی بەرامبەریانم پێ نەدۆزرایەوە، بۆیە ناچار بووم خۆم وشەیەکی کوردی بۆ هەریەکێکیان دابنێم. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ زیاتر ڕوون بوونی مانای وشە دانراوەکان، وشە فەڕەنسییەکانی بەرامبەریانم لە پەراوێزدا هێناوە و باشتر وایە خوێنەری بەڕێز لە کاتی خوێندنەوەی دیمانەکە تەماشای وشە فەڕەنسییەکانیش بکات.**

**(٢) ناونیشانی نامەی دکتۆرا:**

**Les nominalisations en francais: arguments semantiques et actants ayntxiques**

**(3) Traitement automatique.**

**(٤) لە زمانی فەڕەنسیدا جیاوازی دەخرێتە نێوان دوو وشەی langue و langage. وشەی langue بۆ واتا ناسراوەکەی زمان بەکاردێت: زمانی کوردی، زمانی فەڕەنسی: langue kurde, langue francaise، بەڵام وشەی langage بەشێوەیەکی گشتیتر، بە مانای «کارکردی دەربڕینی هزرو گفتوگۆی نێوان مرۆڤەکان کە بە قسە یان بەنووسین دەکەوێتە کار» ، دێت. هەروەها بە مانای «شێوازی دەربڕینی تایبەتی گرووپێک یان هی کەسێک»یش دێت. وەکو: زمانی پیشەیی، زمانی ئەدەبی، langage litteraire, langage professionnel.**

**(٥) شایانی باسە کە پۆلێت بەشێوەیەکی گشتیتر لەو کەرەستانەی زمان دەدوێت کە شوێنێکی دیاریکراویان لە ڕستەدا نییە و بە کەرەستەکانی ترەوە دەلکێن و بە کلیتیک (clitique) ناسراون. کلیتیکەکان ڕاناوی لکاویش دەگرنەوە خۆیان. ئێمە لێرەدا هەر بە ڕاناوی لکاو وەرمان گێڕا.**

**(6) Généalogique.**

**(7) Clitiques de seconde position.**

**(8) Problématique.**

**(9) Isolé.**

**(10) Capacité cognitive.**

**(11) Module.**

**(١٢) بڕوانە گەنگەشەی نێوان ساختارییەکان (بونیەوییەکان) les structuralistes و تەکوینییەکان les génératvistes لە مەڕ چیەتی زمان لە:**

**MILNER, Jean-Claude, Le Périple structural, figure et paradigme, paris, Seuil, 2002,pp. 179-245.**

تەکوینییەکان لەو باوەڕەدان کە زمان بوونێکی سروشتییە و دەشێ ببێتە کەرەستەی لێکۆڵینەوە و دەکرێ وەکو زانست حسابی بۆ بکرێت، بەڵام ساختارییەکان لەو باوەڕەدان کە زمان بوونێکی فەرهەنگی واتا مرۆڤانە (مرۆڤی ناو کۆمەڵگا)یە و وەکو کەرەستەکانی تر نابێتە کەرەستەیەکی لێکۆڵینەوە.

(١٣) کەرەستەی دەستنیشانکراو لێرەدا بەمانای تایبەت ئەوەیە کە شوێنێکی بەرچاوی لە ڕستەدا هەیە دەوری هەیە لە دەسنیشانکردنی چۆنیەتی هەندێ کەرەستەی تری ڕستە وەکو نێر و مێ یان تاک و کۆی فرمان.

(14) Cognition.

(15) Observable.

(١٦) Corpus: مەبەست لەم وشەیە لەزمانەوانیدا دەستەیەکی تەواوە لە دەربڕینی ڕاستەقینە کە بۆ لێکۆڵینەوەی دیاردەیەکی زمانەوانی کۆکراون. ئێمە وشەی «کۆبەڵگە»مان بۆ بەکارهێنا. هەمان وشە لە زانستەکانی تریشدا بەواتای «کۆی ئەو کەرەستە و دۆکیومێنتانەی پێوەندیان بەیەک دیسپلینەوە هەبێت»، دێت.

(17) Isoler.

(18) Introspection.

(١٩) Jugements d’acceptabilite، ئەم چەمکانە لەلایەن چۆمسکییەوە دانراون. بڕوانە:

CHOMSKI,N,

- Aspects of the Theory of Syntax, MIT Press, Cambridge, 1965.

- Santactic Strucres, The Haguem, Mouton, 1957.

(٢٠) لەم بارەیەوە و هەروەها دەربارەی observable لە زانستە زمانییەکان بڕوانە:

MILNER, Jean-Claude, Introduction a une science du langage, Paris, Seuil, 1989.

کە تیایدا هاوردەکانی چۆمسکیش بۆ ناو بابەتەکە تاوتوو دەکات.

(٢١) Naif، مەبەست لێرەدا لە هەنگاوی سادە هەنگاوێکە کە هیچ بیرێکی پێشوەختی لە پشتەوە نەبێت، جگە لە خودی تەماشاهەڵگرەکە بایەخ بە هیچ شتی تر نادات.

(22) Falsifiabilité.

(٢٣) بۆ پڕەنسیپی ساختە پەزیری زانست principe de falsifiabilite بڕوانە:

POPPER, Karl, The Logic of Scientific Discobery, Basic, NY, 1959.

(24) Prononcable.

(25) Informateur.

(26) Multidimensionnel.

(27) Sociolinguistique.

(28) Psycholinguistique.

(٢٩)گرفتی دەربڕین یان تێگەیشتنی زمانی سەرزارەکی یان زمانی نووسین بەهۆی تێکچوونی بەشێکی دیاری مێشک.

(٣٠) گرفت لە خوێندن یا لە ناسینەوە و بەرهەم هێنانی زمانی نووسیندا.

(31) Communication.

(٣٢) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی Performance بڕوانە:

John L.Austin, How to do Things with Words, Harvard University Press, 1962;DUCROT, O, Le Dire et le dit, Paris, Les Editions de Minuit, 1984.

(33) Prononces.

(٣٤) لە لۆژێکدا نموونەیەکی بەناوەرۆک وەکو (ئازاد مرۆڤە. هەر مرۆڤێک ڕۆژێک لە ڕۆژان دەمرێت. کەواتا ئازاد ڕۆژێک لەڕۆژان دەمرێت) بەم شێوەیە (بەبێ ناوەرۆک) فۆرمالیزە دەکرێت: [A=B & B= C- A=C].

(35) Grammaire generative transformationnelle.

(36) Fonctionnaliste.


(٣٧) کە نووسەری ئەم کتێبەیە:

Elements de linguistique generale, Paris, Armand Colin, 1960.

(٣٨) قوتابییەکی فەڕەنسی کە خەریکی ئامادەکردنی تێزێکی دکتۆرایە لەسەر لایەنێکی کاری لێکدراو لە کورمانجی خوارووودا.

(39) Réseau.

(40) Francophonie.



عەلی ئەشرەفی دەروێشان لە ئەدەبیاتی چیرۆکی ئێراندا ناوێکی دیارو ناسراوە. کەسێک کە گوڵشیری ئەوی بە «پاک و بێ غەل و غەشی ئەدەبیاتی ئێران ناوزەد کرد».

ئەم نووسەرە کوردزمانە لە ئەدەبیاتی فارسیدا خاوەنی کارنامەیەکی پتەو و بەربڵاوە و لە نووسیندا خاوەن ڕوانگەیەکی دەرەوستانەیە و بەردەوام بەتوندیش بەرگری و داکۆکی لێدەکا.

# عەلی ئەشرەف دەروێشیان:
# ئەدەبیاتی کوردی ئەدەبیاتێکی جیهانییە

**لە فارسییەوە: شەریف فەللاح (هێژا)**
**(ڕۆژهەڵاتی کوردستان)**

* سەرەتا باسی سەردەمی منداڵی و مامۆستایەتی و نووسەریی خۆتمان بۆ بکە، لەو ساڵانەی لە دیوی شێدار و تاریکدا وانەتان دەگوتەوە، لە ساڵەکانی دڵەڕاوکێ و هەوری کە نووسیوتانە بەو هیوایەی کە ڕووی خۆر بۆ من و خەڵک هیچ کات ئاوا نەبێ.

– لە کرماشان لە دایک بووم. قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و پێش زانکۆییم لە کرماشان تێپەڕاند. لە ڕەزبەری ۱۳۳۷ی هەتاوی کە ڕێک هەژدە ساڵان بووم بە پێی بەڵێنێک کە دابووم بۆ مامۆستایەتی چووم بۆ (گەیلانی غەرب) کە یەکێکە لە قەزاکانی شائاباد (ئیسلام ئاوای ئێستا) گەیلان غەرب بەسەرهاتی خۆی هەیە، خەڵکی ئەوێ، هەژار و دەستەنگ بوون و خان و ئاغاواتی ملهوڕ و خاوەن پارە بەسەریاندا زاڵ بوون. کورتە چیرۆکەکانی «لەم وڵاتەدا»زیاتر پێوەندی بە کەشوهەوای گەیلان غەربەوەیە. خەڵکێکی دڵۆڤان و چاک و بە ئاکار لەوێدا دەژیان. منداڵگەلی پێخواس و هەژار دەهاتنە قوتابخانە و زۆربشیان نەیاندەتوانی بێنە قوتابخانە، ئەوان کاریان دەکرد و لەکاری وەرزێریدا هاوکاری و یارمەتی باوکیان دەکرد. سێ ساڵ لە گەیلان غەرب بووم و دوای ئەوە بۆ شائاباد نەقڵ کرام.

پێنج ساڵیش لەوێ وانەم گوتەوە. دوایی لە پەیمانگای خوێندنی باڵای تاران و زانکۆی تاران (هەردووکیان پێکەوە) دەستم دایە خوێندن. لە ساڵی ۱۳۵۰ی هەتاوی (۱۹۷۱ز) بەهۆی چالاکی سیاسی و چاپ و بڵاوکردنەوەی «لەم وڵاتەدا» کەوتمە زیندان و تا ساڵی ۱۳۵۷ (۱۹۷۸ز) لە زینداندا بووم کە لەگەڵ شۆڕشی گەلاندا ئازاد کرام.

* بارودۆخی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی کۆمەڵگایەک کە ئێوە تێیدا بۆ بە نووسەربوون هەوڵتان دەدا، لەگەڵ کۆمەڵگایەک کە ئێستا تێیدا نووسەرن، چۆن هەڵدەسەنگێنێ؟

– هەر سەردەم و قۆناغێک کێشە و گیروگرفت و مەسەلەی تایبەتی خۆی هەیە. ئەگەر بمانەوێ هەلومەرجی ئەوڕۆژانە لەگەڵ ئەمڕۆدا بەراورد بکەین، بەگشتی باس و لێدوانێکی دووروودرێژ هەڵدەگرێ،بەڵام تا ئەو جێگەیەی پێوەندی بە ئەدەبیات و هونەرەوە هەیە،دەبێ بڵێین کە لە هەر قۆناغێکدا سانسۆر کێشەی سەرەکی و گەورە بوو، لە ساڵەکانی دەیەی سی و چلدا سەرەڕای بوونی زەخت و زۆر بۆ هێنانی سانسۆر، شەڕە دەنووکێی ئەدەبی کتێبگەلی باش و بەکەڵک لەبەردەستی لاوەکاندابوو. لە سەرەتاکانی دەیەی سی (۱۹۵۱ز) لەو دوو ساڵ و چەند مانگە کە دکتۆر محەمەدی موسەدیق سەرۆک وەزیر بوو، کۆمەڵگای ئێمە ئەزموونی لە ئازادی و دیموکراسی وەرگرت، کتێب و نامیلکە و پەرتووکگەلی یەکجار زۆر بڵاودەبۆوە.هەر لەو سەردەمەدا بوو کە هۆگری بە خوێندنەوەی کتێب بە جیدی لەناخی مندا سەری هەڵدا. لە قوتابخانە ڕۆژنامەی دیوارییمان سازدەکرد، ئەنجومەنگەلی ئەدەبیمان هەبوو. دوای کودەتا هەموو شتێ گۆڕا. سانسۆر و سووتاندنی کتێب دەستی پێکرد، بەڵام دووبارە خەڵک بەخۆداهاتنەوە، بەچەشنێک کە لە دەیەی چلدا (۱۹٦۱ز) نووسەر و شاعیرگەلێکی مەزن هاتنە مەیدانەوە و بەرهەمی ئەدەبی گەشەی سەند. هەر لەو سەردەمەدا بوو کە کانوونی نووسەرانی ئێران وەک ڕێکخراوێکی سەربەخۆ، بۆ سڕینەوەی سانسۆر و خەبات لەپێناو بەدەست هێنانی ئازادی بیروڕا و قەڵەمدا پێی نایە دنیای بوونەوەو سەری هەڵدا، بەڵام بەهۆی گوشاری سانسۆر و چەپاندن، لاوەکان ڕوویان کردە چالاکی نهێنی و ڕێگا و ڕوانگەیەکی چەکدارانەیان گرتە پێش.

دوای شۆڕشی (۱۳۵۷)– (۱۹۷۸ز) یەک دوو ساڵێک، خەڵک ئازادانە بیرو ئەندێشەی خۆیانیان دەربڕی؛ بەڵام دیسان سانسۆر زاڵ بۆوە. ئەو گوڕوتینە، ئەو هۆگرییە بۆ زانین و خوێندنەوە، ئەو ڕیزبەندییە درێژانە بۆ کڕینی کتێب، نەما و لەنێو چوو، بەڵام ئەو جیاوازییەی کە بەر لە ساڵی ۱۳۵۷ (۱۹۷۸ز) سانسۆر سیاسی بوو، بەڵام ئەمڕۆ سانسۆر هیچ یاسا و ڕێوشوێنێکی نییە. کانوونی نووسەران دیسان بە نایاسایی ناسراو ئیزن و دەرفەتی چالاکی پێنەدرا. (کانوونی نووسەرانی ئێران دیسان بۆ سڕینەوە و نەهێشتنی سانسۆر درێژەی بە هەوڵ و تەقەللای خۆیدا) لە دەورو سەردەمی پێشوودا نووسەرگەلێکی وەکو «سەمەدی بەهرەنگی» لە هەڕەتی لاوێتیدا خنکێنران و لەم دەورەیەشدا (محەممەد جەعفەر پوویەندە و محەممەد موختاری)یان لەسەر شەقام ڕفاند و خنکاندیانن. دەبینین کە لە هەر دەورە و قۆناغێکدا ڕووناکبیران دیسان لەژێر چاودێری و ئازارو ئەشکەنجەی سانسۆر دابوون.

* لە دوو ڕوانگەی «هونەر بۆ هونەر» یان «هونەر بۆ

خەڵک» کامیان پەسند دەکەیت؟

– ئەمە بەگشتی ڕوون و ئاشکرایە کە من «هونەر بۆ خەڵک» پەسند دەکەم، چونکە لەسەر ئەو باوەڕەم کە بەرهەمی هونەری پێویستە کە قازانجی مۆڕاڵی، کۆمەڵایەتی یان سیاسی هەبێت.

لێرەدا سیاسی بەواتای سانا و گشتگیر و عامیانەکەی، یانی خەبات بۆ بەچنگەوە گرتنی دەسەڵات نییە، بەڵکو سیاسی بوون یانی لە چارەنووسی خەڵکدا بەشداربوون و بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی نووسینە، جا کە وایە هونەر دەبێ بە نیسبەت و ئاستی قازانج و بەهرەکەیەوە بکەوێتە بەر ڕەخنە و لێکدانەوەوە، نەک تەنیا بە پێوەرگەلی جوانیناسییەوە ببەسترێتەوە. ئەو جوانییەی کە لە واقیعدایە، بەربڵاوترە لە جوانی هونەری. تەنیا هونەرمەندانن کە دەتوانن و دەبێ بە شوێن حەقیقەتەوە بن و تەنیا ئەوانن کە ڕەوایی دیتن و گوتنی حەقیقەتیان هەیە، چونکە مرۆڤ لەکۆمەڵدا دەژیت و خۆیشی زادەی کۆمەڵگایە، حەقیقەتێک کە نووسەران ئەرکی بەدواداچوون و پێداگرییان لە ئەستۆیە بەناچار بواری کۆمەڵایەتی هەیە. من باوەڕم بە هونەری دەوڵەمەندانە و بێ برک و ژان نییە و بایەخ بە هونەری کۆمەڵایەتی دەدەم، هەروەها هیچ کاتێکیش ناڵێم کە وەها هونەرێک نابێ ببێت. هونەر لایەن و بواری جۆراوجۆری هەیە. لە بەرامبەر داهێناندا نابێ کۆسپ و تەگەرە دابنرێ.

* پێگەی نووسەر لە ئێراندا چۆن هەڵدەسەنگێنێ؟

– پێگەی ئەمڕۆی نووسەر لە ئێراندا لەرزۆکە؛ چونکە سانسۆر، متمانە و بایەخ و بەهای بەرهەمی خوڵقاوی لەنێو بردووە. سانسۆر هۆکارێکی سووتێنەر و ڕاگرە لە داهێنانی هونەریدا و تا کاتێک سانسۆر هەبێت، نووسەران و هونەرمەندان ناتوانن ژیانی هەمەلایەن بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە وێنا بکەن. ئەدەبیاتی ئەمڕۆی ئێمە نابێتە جیهانی، مەگەر نووسەران بتوانن ئازادانە بیروڕاو ڕوانگەکانیان دەرببڕن. ئەندێشە و قەڵەم دەبێ ئازادبێ؛ ئەمە یەکێکە لە بنەڕەتیترین بڕگەو بەندەکانی جارنامەی کانوونی نووسەرانی ئێران. تا کاتێک کە نووسەران بانگهێشتی دادگا بکرێن هیواو ئومێدێک بە پێشکەوتن نییە و نووسەریش هەروا بێ هۆ بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە و دەستیشی بەهیچ کوێ ناگات.

* بەداخەوە زۆرێک لە ڕەخنەکانی ئێمە ڕەخنەیە لە نووسەر تاکو لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەق بێ، یان نان بە یەکدی بەقەرزدانە! ئێوە لەم بارەیەوە، هەروەها پێگەی ڕەخنەوە چ ڕوانگە و بۆچوونێکتان هەیە؟

– نووسەری و نیگا و ڕوانینی ڕەخنەگرانە بۆ بارودۆخی کۆمەڵ پێکەوە پێوەندییان هەیە. لێرەدا هەر گرووپ و تاقمێک تێدەکۆشێ تاقم و دارودەستەی خۆی بناسێنێ. ئەویش ناساندن نەک ڕەخنەی زانستی. ئەم لەسەر ئەو دەنووسێ و ئەویش لە پەناو پەسێودا باس لە کارەکانی خەڵکانی تر دەکات. ڕەخنەش بەم شێوەیە ناشیرین و بێبەها بووە. ڕەخنە لەسەر بنەمای پێویستییەکانی نییە، بەڵکو لەسەر بناغەی تیۆریگەلێکە کە بە جوانی و بە دروستی دەرک پێنەکراون و بە نابەجێ کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. ڕەفیق بازی و هاوڕێیەتی و پاڕانەوە و ویستن و دەست نیشانکردن بۆ نووسینی ڕەخنە لەلایەن هێندێک لە نووسەرانەوە کارێکی باوە، بەڵام هیچ کام لەم پیلانانە کاریگەرنین و وەها ڕەخنە و شیکردنەوەگەلێک بەناساندنی کتێب بە خەڵک کە خوێنەرانی سەرەکین، یارمەتی یەک نادات، چونکە دەبینم ئاستی تیراژی کتێب بەردەوام کەم دەبێتەوە.

* ئایا ئەدەبیاتی کوردی شایانی و توانایی و تایبەتمەندی بەجیهانی بوونی هەیە؟

– ئەدەبی کوردی هەر ئێستا بە بوونی کەسایەتیگەلێکی وەکو: بەختیار عەلی، شێرزاد حەسەن، شێرکۆ بێکەس و ڕەفیق سابیر ئەدەبێکی جیهانییە. ڕۆمانەکانی «ئێوارەی پەروانە» «دواهەمین هەناری دنیا»ی بەختیار عەلی وا پێدەچێ پێگەیەکی گرینگ و قورس و قایم لەجیهاندا بەدەست بێنن. شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس بە گوێی خەڵکی جیهان گەییوە. بە لەناوچوونی سەدام و رووخانی دیکتاتۆرییەتە ترسناکەکەی، ئەدەب و هونەری کوردی لە ئێستادا زیاتر گەشە دەکا. ڕادە و ئاستی بڵاڤۆک و بڵاوکراوەی ئەدەبی و هونەری لە باشووری کوردستان زیاترە لە بڵاوکراوەی فارسی و هێندێ جار لە باری چۆنایەتی و نێوەرۆکەوە بە ئاست و پلەی بەرز گەیشتووە.

* تا چەندە لەگەڵ کولتوورو ئەدەبیاتی نووسراوەیی کوردیدا ئاشنایەتیت هەیە؟

– ڕۆژنامەکان و بڵاوکراوەی ئەدەبی و هونەری کوردی (باشووری کوردستان) دەخوێنمەوە و لەگەڵ نووسەران و

شاعیرانی کورددا ئاشنایەتیم هەیە. کۆمەڵێک لە چیرۆککگەلی کوردیم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و بەم زوانە لە دووتوێی کتێبێکدا بەناوی «بەهیوای باران» بڵاودەبێتەوە. وەرگێڕدراوی هێندێ لەم چیرۆکانەم لە بڵاوکراوە ئەدەبییەکانی ئێراندا بەچاپ گەیاندووە.

* ڕەوتی چیرۆکنووسی ئەمڕۆی ئێران چۆن لێک دەدەیەوە؟

– چیرۆکنووسیی ئەمڕۆی ئێران بەرەو لای تیۆری ژیان دەڕوات، هەرچەند ئەمە زۆر جێگای مەترسییە. ئەگەر ئەم ڕەوتە بەردەوام بێت، چارەنووسی کورتە چیرۆک و تەنانەت ڕۆمانیش تووشی چارەنووسی شیعر دەبێ. نووسەرانی لاوی ئێمە، بەرلەوەی ئەزموون بەدەست بێنن و دەستبدەنە خوێندنەوەیەکی بەردەوام و ورد بە خوێندنەوەی چەند تیۆرییەک لە ڕووی کتێبە وەرگێڕدراوەکانەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێویستییەکان و بارودۆخەکان، دەست بە نووسین دەکەن و خوێنەر تووشی سەرلێشواوی و گێژاوی تیۆریگەلی ناپوخت و نادروست دەکەن. ئەم قسانەی من هەرچەندە کاریگەری و ڕۆڵێکی نابێ و کاتێک نووسراوەیەک پێشوازی لێ نەکراو و نەفرۆشرا و نووسەر تووشی زیان بوو ئەو کاتەیە ڕەنگە بەخۆیدا بچێتەوە.

* ئایا ئێوە لە نووسیندا پەیڕەوی و لایەنگیری لەقوتابخانەیەکی تایبەت دەکەن؟ بەگشتی ڕاتان لەسەر قوتابخانە ئەدەبییەکان چییە؟

– من تاکو ئێستا لەگەڵ نووسەرێک بەرەوڕوو نەبوومەوە کە بڵێ و بانگەشە بکا کە سەرەتا بەدوای ڕێباز و قوتابخانەدا گەڕاوم و دوایی دەستم داوەتە نووسین. (جیا لە نووسەرانی لاوی ئەمڕۆکە کە لە پێشدا ڕوودەکەنە تیۆرییەکان و دوایی دەنووسن.) من لەسەر ئەو باوەڕەم کە ڕێباز و قوتابخانەکانی نووسین خۆی سەرهەڵدەدا. لەلایەکی دیکەوە گوتوویانە شێوەی نووسین و قوتابخانە هەمان کەسایەتی و ئەزموون و ژیانی نووسەرە کە بە شێوەیەکی سروشتی کاتی نووسین، لەسەر بەرهەم شوێن دادەنێ و کاریگەریی دەبێت. کەسێک کە لە نێو خەڵکدا ژیابێت و دەستی دابێتە کار و هەوڵ و تەقەللا و لەگەڵ وتەکان و دەردو ئێش و ئازارەکانی خەڵکدا ئاشنایە، ڕێباز و شێوەی نووسینی جیاوازە لەگەڵ کەسێک کە تەریک و دوورە پەرێزە لە خەڵک. یەکێکیان ڕواڵەت خوازو ئەوی دیکە دەروونخوازە. هەرکەسە بەپێی ئاستی بژێوی ژیان و ئەزموونەکانی دەنووسێت.

* لە نووسیندا نێوەرۆک زیاتر بۆ ئێوە گرینگە، یان فۆرم و قەوارە، یان تێکەڵاوێک لە هەردووکیان؟

– ئەم دووە یانی نێوەرۆک و فۆرم دوو بابەتی جیانەکراوەن لە یەک.هەر نێوەرۆکێک فۆرمی شایان و شیاوی خۆی دەبینێتەوە. لەبەرهەمی ئەدەبیدا جیاکردنەوەی فۆرم و نێوەرۆک (ظرف و مظروف)یان قاپ و مادەی ناوی ئیمکانی نییە و نالوێ. لەنێوەرۆکدا، دەروونمایە و هەوێنێک کە لە خەیاڵ و زەینی هونەرمەنددایە، لەگەڵ تەوەرێک کە دەری دەبڕێ، پێکەوە تێکەڵاو دەبن و بەشێک لە گشت پێک دێنن کە بە ئاسانی لە یەکدی جیاناکرێنەوە و هەر ئەم کۆمەڵە لێک جیانەکراوەیە کە وەکو نێوەرۆک ناوی لێ دەبرێ. بەم شێوەیە نێوەرۆک تەنیا ئەوەی کە نیشان دەدرێ، وەکو ئەندێشە، یان هەستی خاوەن بەرهەم نییە، بەڵکو تێگەیشتن و خوێندنەوەی نووسەر لە تەوەر و دەروونمایەش دەردەخا کە ئاکام و دەرەنجامی ڕوانگەی هونەری و دەرکی کۆمەڵایەتی ئەوە.

* چیرۆکی باش و چیرۆکنووسی باش و بەتوانا چ تایبەتمەندی گەلێکیان هەیە؟

– چیرۆکی باش چیرۆکێکە کە سەرنج ڕاکێش بێت، هەر کە دێڕی یەکەمت خوێندەوە دەستت پێ لێ هەڵنەگرێ و بەدوای خۆیدا بتکێشێ. چیرۆکی باش ئەوەیە خەو لە چاوانتا بڕەوێنێتەوە تا هەمووی نەخوێنییەوە هەست بە ئارامی و هێوری نەکەی. چیرۆکی باش و نووسەری باش، بە نیسبەت باشی و خراپی کۆمەڵگای خۆیەوە بەرپرس و دڵسۆزە، هاودڵ و هاوڕازە، خوێنەر دەگەیەنێتە ئاستێکی بەرز، ئاشتی و ئارامی پەرەپێدەدا، بە دژی نایەکسانی و زوڵم ڕادەپەڕێ. نووسەری باش هیچ کات خۆی سانسۆر ناکات و دژی سانسۆر و چەپاندن خەبات دەکات.

* بەرهەمێک چۆن دەبێتە بەرهەمێکی جیهانی؟

– تاکو بەرهەمێک لەنێو خەڵکی میللەتێک و قەومێکدا پێشوازی لێنەکرێ و نەخوێنرێتەوە هیچ کات نابێتە بەرهەمێکی جیهانی. بەرهەمێک جیهانی دەبێت کە نیسبەت بە فەرهەنگ و دابونەریت و دەنگ و ویستی

خەڵکی خۆیەوە هەست و دژکردەوە و عەشقی هەبێ و هونەرمەندانە ئەو عەشقە بەشێوەیەکی شیاو و شایستە وێنا بکات. هەموو ئەو بەرهەمانەی کە تاکو ئێستا بوونەتە جیهانی و خەڵاتی نێونەتەوەییان بەرکەوتووە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەن. ئەحمەد شاملوو، هەروەها نووسەری ئەفسانەییمان «سادق هیدایەت» خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانە بوون. ئەوان لە زمان و کولتوور و دابونەریتی خەڵکی خۆیان بە باشی تێگەیی بوون و دەرکیان پێکردبوو و لە بەرهەمەکانی خۆیاندا بەکاریان دەهێنا.

* بەرهەمەکانتان تاکو ئێستا وەرگێڕدراوەتە سەر چ زمانگەلێک و لەکام دەقی وەرگێڕدراوەکان زیاتر ڕازیت؟

– چیرۆکەکانم بە زمانەکانی، ئینگلیزی، فەرانسەیی، ڕووسی، ئەڵمانی، کوردی، تورکی، ئەرمەنی و بەم دواییانەش بە نەرویجی وەرگێردراون. لە وەرگێڕانی بە کوردی چیرۆکەکانم، لەلایەن ئاغای عەبدوڵڵا حەسەن زادە، زۆر چێژ وەردەگرم. جەنابیان ڕۆمانی چوار بەرگی «سالهای ابری»یشیان لەبەردەستدایە بۆ وەرگێڕان.

* زۆربەی چیرۆکەکانی ئێوە ڕەنگدانەوە و گێڕەڕەوەی ژیان، فەرهەنگ، دابونەریت و...تاد خەڵکی کوردە، ئایا ئێوە قبووڵ دەکەن کە نووسەرانێکی وەکو ئێوە، «یەشار کەمال»، «سەلیم بەرەکات» و «مەنسوور یاقووتی» جیا لەوەی بە زمانی زگماکی، نووسینەکانتان خاوەنی ڕۆح و گیانێکی کوردییە؟

– دروست وایە. من کوردم و بەم بۆنەشەوە خۆشحاڵم. هەموو هەوڵی من ئەوەیە کولتوور و دابونەریتی گەلی کورد لە نووسینەکانما ڕەنگ بداتەوە و خەڵکانی تر لەگەڵ ئەم کولتوورە بە پێز و دەوڵەمەندەدا ئاشناکەم، چونکە لەسەر ئەو باوەڕەم ئەگەر ئەم ئاشنایەتیی و ناسینە لەنێوان گەلانی جیهاندا پەیدابێ، زەمینەی تێکهەڵچوون و پێکدادان و دوژمنایەتییەکان تاڕادەیەک لەناودەچێت.

* ڕووناکبیر کێیە؟ (ئایا دەکرێ بە هەر نووسەرێک بگوترێ ڕووناکبیر؟) دەبێ خاوەنی چ تایبەتمەندیگەلێک بێت؟

– ڕووناکبیر کەسێکە کە هەمیشە لە حاڵی پرسیار دایە. بە ڕوانینی شک و گومانەوە چاو لە مەسەلەکان دەکا، لەبەرامبەر هەر مەسەلە و هەر بابەتێکدا پرسیارێکی هەیە، هیچ کات ناڵێ کە بە حەقیقەتی ڕەها گەیشتووە، ئەو لە حاڵی گەیشتن بەحەقیقەتدایە. کەسێک کە دەڵێت من بە حەقیقەتی ڕەهاگەیشتووم ڕووناکبیر نییە، بەڵکو دەکرێ ناوی بنێین ئیدیۆلۆگ. واتا کەسێک حەقیقەتێک کە باوەڕی پێیە بێ ئەم لاو ئەولا بە پیرۆز و ڕەهای دادەنێت، ئەم کەسە ناتوانێت ڕۆشنبیر بێت. بەم پێیە «احسان طبری» کەسێکی ئیدیۆلۆگە، ڕۆشنبیر نییە، «عبدالکریم سروش» ئیدیۆلۆگە نەک ڕۆشنبیر، بەڵام «کارل مارکس» ڕۆشنبیرە، چونکە باوەڕی بەوە هەیە کە هەموو شتێک لەحاڵی ئاڵوگۆڕ و گۆڕاندایە و هیچ شتێک بۆ ئەو هەمیشەیی و نەگۆڕ نییە و هیچ کات ناڵێت کە بە حەقیقەتی ڕەها گەیشتووم، لەم ڕووەوە ڕۆشنبیری دینی چەمکێکی نادروستە، چونکە ڕۆشنبیر بەو ڕاڤە و خوێندنەوەیەی کە بۆمان کرد، ناتوانێت دینی بێت، چونکە ڕۆشنبیر لە زۆربەی مەسەلەکان گومان دەکات و بە حەقیقەتی نازانێت.

* ئێوە جیا لە نووسینی کورتە چیرۆک و ڕۆمان هێندێک لێکۆڵینەوەی فەرهەنگیشتان ئەنجام داوە، بۆ نموونە: کۆکردنەوەی ئەدەبی نەنووسراو و عامیانەی کوردی، نووسینی فەرهەنگی کرماشانی، بیرەوەرییەکانی سەفەرخان و... تکایە لەم بارەیەوە زیاتر ڕوونکردنەوەتان هەبێت؟

– کارگەلێک کە لە بوارگەلی جیا لە ژانری چیرۆک و ڕۆماندا ئەنجامم داون، زیاتر هۆگریان بووم و هەروەها بە مەبەستی بژێوی ژیان بوون. هۆگری و عەشقی سەرەکی من هەمان چیرۆکنووسییە، ئەویش چیرۆکی کورت، وتارنووسیشم پێ خۆشە، پێم وایە لە نووسینی وتاردا سەرکەوتووترم. لە وتاردا دەتوانم هەموو شتێک ڕووت و پەتی و بێ پێچ و پەنا ناوڕاست و بە گوڕوتین و عەشقەوە دەرببڕم و ئیتر لە پشت دەمامکی فۆرم و ڕێبازەکانی هونەریدا خۆم حەشار نەدەم.

* ئایا دەکرێ ڕۆمانی «سالهای ابری» بەژیاننامەی ئێوە لە قەڵەم بدرێ؟ (هێندێک لە قەڵەم بەدەستانی کرماشان لەوەی ناڕاحەتن کە لەم ڕۆمانەدا سووکایەتی و بێ حورمەتی بەهێندێ کەس کراوە) ڕاتان لەم بارەیەوە چییە؟ ئایا درێژەی «سالهای ابری»تان لەم بیست و پێنج ساڵەی ڕابردوودا نووسیوە؟

– بەڵێ وایە ڕۆمانی چواربەرگی «سالهای ابری» ژیاننامەی منە. ژیاننامەی کەسانێکە کە لەنێوان

ساڵەکانی (١٣٢٠) تا (١٣٥٧) (١٩٥١-١٩٧٨ز) لەگەڵیان ژیاوم. لە ئێش و ئازارەکانیان، شادی و خۆشییەکانیان، شکست و سەرکەوتنەکانیاندا بەشداریم کردووە. پێم وانییە لەو ڕۆمانەدا سووکایەتیم بە کەس کردبێ. ناوەکان زۆربەیان دەستکردن. سەبارەت بە ڕۆمانی «شوهر آهوخانم»یش، هاوشارییەکانم ئەم قسانەیان دەکرد. نووسین یان، دەربڕینی ئەزموونگەلی تایبەتی و تاکەکەسی بێ بەربەست و چوارچێوەگەلی کۆمەڵایەتی، قەومی و دەوڵەتی ئەم سنوورو چوارچێوانە لە پانتایی ڕوانگەی نووسەر کەم دەکاتەوە. سنوورداری لە ئەزموونگەلی تاکەکەسیدا دەبێتە هۆی نابووتی و وێرانی ئەندێشە. ئەمە تاوانی من نییە کە شتگەلێک وەبیر خۆم دێنمەوە و دیومە کە خەڵکانی تر لە بیریان چۆتەوە و نەیاندیوە و توانایی و بوێری باسکردن و دەربڕینیان نییە. بۆ نموونە: کەسێک بانگەشەی پاڵەوانی قارەمانی دەکات و لەناو کۆمەڵدا دەبێتە نموونە و سەمبول، ئێستا ئەگەر ئەوکەسە بێت و دەزگای «هێرۆئین» سازی دابنێت و لاوانی تووشی ئیعتیاد بکات، نابێ شتێک لەسەری بڵێی و بنووسی؟ ئایا ئەمە سووکایەتی کردنە؟ ئەو خۆی بەخۆی و سووکایەتی و هاونیشتمانەکانی کردووە. یان مامۆستایەک کە فەرق و جیاوازی دادەنێ، نابێ شتێک لەبارەیەوە بڵێی؟ جا کەوایە جیاوازی مامۆستاگەلێک وەکو: داریووش نیک گووی کرماشانی، هورمز گورجی بەیاتی، یەحیا ڕحیمی، بەهەممەن عیزەتی، قوربان حوسێنی و... لەگەڵ ئەوانی تر لە چیدایە؟ فەرق و جیاوازی جیهان پاڵەوان «تختی» لەگەڵ خەڵکانی تر لەکوێدایە؟

* ڕاتان لەسەر چیرۆکنووسانی کرماشانی وەکو «عەلی محەمەد ئەفغانی»، «مەنسوور یاقووتی»، «لاری کرماشانی» و... چییە؟ بەگشتی چیرۆکنووسی ئێران تا چەندە و قەرزداری کرماشانە؟

- عەلی محەممەدی ئەفغانی بە نووسینی «شوهر آهوخانم» گەورەترین و گرینگترین ڕۆمانی لە مێژووی ئەدەبی ئێران لەزمانی فارسیدا نووسی و تاکو ئێستاش کەسێک ڕۆمانێک بە گەورەیی ئەوە (بە مانای واقیعی ڕۆمان)ی نەنووسیوە. من هەرکات دەرفەتم هەبێت دەیخوێنمەوە، بەڵام «شادکامان درەی قرەسو» ڕۆمانی دوایی ئەو بەباشی ڕۆمانی یەکەمی نییە و کارەکانی دوایی بەرە بەرە لاوازتر بوون. سەبارەت بە مەنسوور یاقووتی دەبێ بڵێم کە خەسارگەلێک کە لە ژیانیدا وێکەوت، پێشگیری لە پێشکەوتن و گەشەی زیاتری ئەوکرد. زیندان، زەخت و گوشار و تەنگ و چەڵەمەکانی ژیان، بێکاری و دواییش کارگەلی دژوار بۆ بژێوی گوزەرانی ژیان، پێشی پێشکەوتن و گەشەکردنی گرت. تا ساڵی (١٣٥٩)ی هەتاوی (١٩٨٠ز) بەتوانایی و وزەوە باشی کارکرد بەرهەمەکانی کاریگەر و شوێن دانەربوون ڕۆمانێکی جێگای پەسندی وەکو: «چرایەک لەسەر لووتکەی مادیان کێو»ی نووسی، بەڵام بەو هۆکارانەی کە باسم کردن بە دوای ساڵی (١٣٥٩)دا (١٩٨٠ز) کێشە و گیروگرفتەکان دەستیان پێکرد. بەهیوام ژیانی سەرو سامانێک بگرێت و دیسان شایەت و بینەری سەرکەوتن و گەشەی بین، بەڵام «لاری کرماشانی» جیا لەوەی کە زۆری نووسیوە و لەگەڵ ژیان و ژینگەی کرێکاری و لادێیدا ئاشنایەتی هەیە، نووسینەکانی چینی ئاسایی پەسندە و لە ئاستێکی بەرزدانین. من نووسینەکانی بەگشتی ڕەت ناکەمەوە، چونکە ئەو خوێنەرانی تایبەت بە خۆی هەیە و هاوکاری گەشەو چوونەسەری ئاستی کتێب خوێندنەوەی لە کرماشاندا کردووە. لە شاعیرانی ئەمڕۆی کرماشانی دەبێ لە «پەرتەوکرماشانی» ناوبەرین کە شیعرە ناوچەیی و خۆماڵییەکانی خاوەنی ڕەسەنایەتی و ڕاستگۆیی و پتەوییەکی بێ وێنەیە. ژیانی سالم و کەسایەتی سەربەخۆی دەبێ پارادایم و سەرمەشقی لاوانی ئێمە بێت، شاعیرە ناوچەیی و خۆماڵییەکانی وتەی سەرزاری جەماوەرە. هیچ کاتێ لەبەرامبەر کەش و هەواو دۆخی زاڵی کۆمەڵدا سەری دانەنواندووە.

* ئەگەر داواتان لێبکەین کە خەڵکی کورد بە گەلانی دیکە بناسێنن؟ ئەم ناساندنە چۆن دەبێت؟

- خەڵکی کورد، خەڵکێکن خاوەنی کولتوورێکی کۆن و لەمێژینە و پڕ بایەخە، خەڵکێکی جوامێر، زوڵم لێکراو، خەباتگێڕ و، تێکۆشەر وماندوو نەناس.

* ئایا نووسەرانی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان و باشووری کوردستان و... توانیویانە ئەدەبیاتی کوردی بە گەلانی دیکەی جیهان بناسێنن؟

- ئەدەب و کولتووری کوردی، بە بوونی نووسەران و شاعیرگەلێکی هەڵکەوتووی وەک: ڕەئووف بێگەرد، شێرزاد حەسەن، بەختیار عەلی، نەجیبە ئەحمەد،

شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت و.. لە جیهاندا جێگای تایبەتی هەیە و دەبێ بڵێم ئەمانە لە باشووری کوردستانن کە بەهۆی خەباتی نەپساوە و بەردەوامی خەڵکەوە، بەتایبەت دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١ز) و دوای بەدەست هێنانی ئازادی و دیموکراسی گەشەی زیاتری کردووە.

فرەچەشنی و چۆنیەتی ئەو بڵاوکراوانەی کە لە باشووری کوردستان چاپ دەبن، بەرچاو و سەرسوڕهێنەرە، بەڵام بەداخەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وانییە، چونکە بەردەوام نووسەران و شاعیرانی کوردی ئەم پارچەیەی کوردستان بەهۆی تەنگەتاو کردنی سانسۆرەوە نەیانتوانیوە بەو شێوەیەی کە دەبێ بێت، گەشەبکەن، بەڵام دەتوانم لە؛ هەژار، عەتانەهایی، ناسر وەحیدی، مەنسوور یاقووتی، ئیبراهیم یوونسی و عەلی محەممەد ئەفغانی ناوبەرم. لە شاعیران لە باشووری کوردستان: (شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو و ڕەفیق سابیر) دیار و بەرچاون، هەروەها جگەرخوێن لە ڕۆژئاوای کوردستان. لە نووسەران؛ (حەسەن قزڵجی، محەممەد موکری، ئەحلام مەنسوور، نەجیبە ئەحمەد، شێرزاد حەسەن، ڕەئووف بێگەرد، ئازاد بەرزنجی، بەختیار عەلی، مەریوان وریا قانیع، ڕێبوار سیوەیلی و فەرهاد پیرباڵ) دەتوانم ناوبەرم، سەبارەت بە ناساندنی ئەدەبیاتی کوردی لەلایەن نووسەرانەوە دەبێ بڵێم بەش و ئەرکی سەرشانی نووسەرانی کوردی باشووری کوردستان، بەتایبەت لە سلێمانی و هەولێردا زۆرە و دوای ڕووخان و لەناوچوونی ڕێژیمی بەعسی زاڵم، ئەم ڕەوتە خێراتر بۆتەوە و ڕەنگ و بۆنێکی دیکەی بەخۆیەوە بینیوە.

* ئایا لە پێکهێنان و دامەزراندنی کانوونێک بۆ قەڵەم بەدەستانی کورد پشتیوانی دەکەن؟

– ئەم کانوونەی کە باسی دەکەن لەکوێ پێکدێ؟ لە باشووری کوردستان یان ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟ ئەگەر لە باشووری کوردستاندا بێت، بەبێ شک شانازی پێوەدەکەم، کە ئەندامێکی بچووکی بم، بەڵام لە ئێراندا من ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێرانم و ئەو کانوونە بە ماڵ و خانووی دووەمی خۆم دەزانم و زۆرێک لە نووسەران و شاعیرانی کورد لە ئێرانیشدا ئەندامی ئەو کانوونەن و زیاتر لە ٣٥ ساڵ پێشینەی خەبات دژی سانسۆر و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنان و دابین کردنی ئازادی ئەندێشە و قەڵەمی هەیە. جا بەم پێیە دامەزران و پێکهێنانی کانوونێکی تر لە ئێران لەبەرامبەریدا لەژێر هەر ناوونیشانێکدا بە دروست نازانم. ئەم کانوونە یانی کانوونی نووسەرانی ئێران دەست ڕەنج و ئاکامی هەوڵ و لەخۆبوردوویی زۆرینەی ئەندامانی خەباتگێڕو بوێری ئەو ڕێکخراوەیە وەکو محەممەد موختاری، محەمەد جەعفەر پویەندە، غەفار حوسێنی، ئەحمەد میر عەلایی و ئەحمەد شاملوو، ئەحمەد مەحموود، جەلال ئال ئەحمەد و م. الف بە ئازین و خەڵکانی ترە.

* وەزعیەتی کانوونی نووسەران لە چ قۆناغێکدایە؟

– لە هەلومەرجی ئێستادا کانوونی نووسەرانی ئێران بە قۆناغێکی لاوازی و وەستاوی ناچاریدا تێدەپەڕێ. بەدوای خولی دووبارە دەست پێکردنەوەی هەوڵ و تێکۆشانی کانوون کە بە بەیانی دەقی ١٣٤وەوە دەستی پێکرد، کانوون خەسارگەلێکی گەورەی وێکەوت. «محەممەد موختاری و محەمەد جەعفەر پویەندە» لەسەر شەقام ڕفێنران و خنکێنران، بەڵام کانوونی چاکتر و کاریگەرتر لە هەمیشە درێژەی بەکارەکانیدا.

دوو خولی کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشتی پێکهات. ئەندامەکانی بوونە چوار بەرابەر، بەڵام خولی سێیەمی کۆمەڵەی گشتی کە دەبوو لەسەرماوەزی ١٣٨١ی هەتاویدا (٢٠٠٢ز) پێکهاتبا، بەهۆی ئەو کۆسپانەی کە هاتنەڕێی خول و قۆناغی لاوازی و ڕاوەستاوی دەستی پێکرد. لەم قۆناغەشدا دیسان کانوون بە چالاکییەکانی لە دژی سانسۆر و پشتیوانی لە ئازادی ئەندێشە و قەڵەم درێژەی داوە و دەدات.

لە خول و قۆناغی نوێدا دوو ژمارە نامەی بڵاوکراوەی کانوونی نووسەرانی ئێران بڵاوکرایەوە کە دەست ڕەنج و دەرەنجامی ڕوانگە و ئەندێشەی ئەندامەکانیەتی.

* چ ڕاو پێشنیارێکت بۆ لاوان هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی کە دەیانەوێ دەست بکەن بە کاری نووسین؟

– ئەو لاوانەی کە ڕوودەکەنە کاری نووسین و هۆگرییان پێی هەیە، دەبێ دوو خاڵ لە بیرنەکەن، یەکەم ئەوەی کە لە هەر هەل و دەرفەتێک بۆ خوێندن و خوێندنەوە کەڵک وەرگرن. فەلسەفە بخوێننەوە، مێژوو، ڕەخنەی ئەدەبی، چیرۆک و ڕۆمان و شانۆنامە و فیلم نامە و ئەوەی پێوەندی بە ئەدەب و هونەرەوە هەیە بە وردی بخوێننەوە. خاڵی دووەم ئەوەیە ئەزموونگەرێتی لەبیرنەکەن. بەنووسەر بوون، بەبێ ڕووبەڕووبوونەوە و لێک هەڵپڕژان

لەگەڵ کۆمەڵگایەک کە تێیدا دەژین، ئیمکانی نییە، هەر بەم پێیەیە کە نووسەرگەلێک وەکو: محەممەد عەلی جەماڵزادە و بوزورگ عەلەوی کاتێک لە وڵات و نیشتمانی خۆیان دوور دەکەونەوە ئیدی ناتوانن وەکو پێشوو بنووسن.

هۆکاری کۆکردنەوە و بەدەستهێنانی ئەزموون و نزیکایەتی بە ژیانی خەڵک لە دەست دەدەن. ئیدی تەنیا دەتوانن پێداگر و پابەندبن بەبیرەوەرییەکانی ڕابردووی خۆیانەوە و خاڵ و هەوێنێکی تازە لەکارەکانیاندا بەرچاوناکەوێ و دەگەن بەدووپاتبوونەوە، بەڵام نووسەرانێک کە لە دەرەوەی وڵاتن باش دەستیان پێکردووە، چونکە لەگەڵ تاقمێکی گەورەی کۆچبەراندا تێکەڵاوبوون پێکەوە گرێ دراون. کۆچبەرگەلێک کە هەر کام بۆخۆیان پێگەو مەقامێکیان هەیە. ڕەزا قاسمی هاوڕاز و هاوسازی شەوانەی گرووپی «ژەنیارانی سازەکان» و شارام ڕەحیمیان «دکتۆر نوون ژنەکەی زیاتر لە «مصدق» خوشدەوێ» لەو کەسانەن. لەکاتی نووسیندا دەبێ لەبیری خوێنەر دابین. خوێنەر دەبێ لە دەقێک کە لەبەردەستیدایە چێژ وەربگرێ. سادە و ساکار نووسین یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکان و دەبێ فێری ببین. دەڵێم سادەنووسین نەک بیرکردنەوە. هەرچەشنە سادەییەک نیشانەی پێگەیشتوویی و کارامەییە چ لە نووسین، چ لەبەرکردنی جلوبەرگ و چ لە خواردندا. بۆ خەڵکی نووسینی سادە ئەمە نووسین و لەبەرچاوگرتنی حاڵی خوێنەرە بە واتا بەپێی مەیل و ئولگوو و پێوەری خوێنەر نووسین نییە، بەڵکو نووسین بە چەشنێکە کە سادە و پڕ نێوەرۆک و مانا و پتەوبێ. دەبێ بخوێنین و زۆریش بخوێنین. دەبێ ئەزموون کۆکەینەوە و سەفەر بکەین. کاری هونەری کارێکی بەردەوامە. پشتکارو هیمەتی دەوێ. ماندووبوون لەکاری هونەریدا جێگای نییە. دەبێ بە تەواوەتی و سەراپا هەوڵ و تەقەللا بدەین. دەبێ زمانی بیانی فێربین و بەرهەمی پێشینان و ئەوانەی پێش خۆمان بەوردی و لەسەرەخۆ بخوێنینەوە.

**سەرچاوە:**

**ڕۆژنامەی ڕۆژهەلات ژمارە«٦»، ٢٠٠٤/٦/٢٦، سالی یەکەم، هەڤپەیڤین: موحەممەد باقر پیری.**



# زانستی عەرووز

**کامەران موکری**

**(١ – ٢)**

پێش چەند مانگێک برامان مامۆستا حەسەن جاف نووسینێکی کامەران موکری ڕەحمەتی بۆ هێنام کە بە شێوەی مەلزەمە بۆ قوتابیانی بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەدین ئامادەی کردبوو. ئێمە لە گۆڤاری ڕامان بە مەبەستی پاراستن و بەرچاوخستنی بەرهەمەکانی ئەو شاعیرە و بۆ ئەوەی ئەو نووسین و بەرهەمانە ون نەبن بڕیارمان دا بڵاوی بکەینەوە.

ڕاستییەکەی ئەو مەلزەمەیە کە ئێستاش لە ئەرشیڤەکەماندا هەڵمان گرتووە لەبەر ئەوەی بە ئامێری (طابعە) تایپ کرابوو، پاشان بە (ڕۆنیۆ) ڕاکێشرابوو، زۆر بە زەحمەت دەخوێنرایەوە و لە هەموو لاپەڕەکاندا چەندان دێڕ و پەرەگراف و لاپەڕەی بەڕادەیەک کاڵ ببوونەوە کە خوێندنەوەی زۆر زەحمەت بوو، بۆیە جارێکی دیکە سەرلەنوێ نووسیومانەتەوە و دێڕ بە دێڕی ئەو نووسینەمان بە وردی و بە ئەمانەتەوە خوێندووەتەوە و بە وردیش هەڵەچنیمان کردووە تا بە هیچ شێوەیەک هەڵەی تێنەکەوێ، پاشان بردمە لای د. مارف خەزنەدار تا پێیدا بێتەوە و ئەگەر سەرنج و تێبینییەکی هەیە وەک پەراوێز بۆی بنووسێ. د. مارف-یش پێشنیاری (د. محەمەد بەکر)ی کرد کە لە زانکۆی دهۆکە و هەم دۆستێکی دێرینی منیشە کە بە وردی پێیدا بێتەوە و سەرنجەکانی وەک پەراوێز لە دووەم بەشی ئەو نووسینەدا بڵاو بکەینەوە، تا زیاتر سوودی خۆی بگەیەنێ، چونکە ئەوەی کامەران موکری خوالێخۆشبوو نووسیبووی زیاتر بۆ قوتابیانی بەشی کوردییە و لە کەموکوڕی بەدەر نییە، لێرەدا دەبێ سوپاسی مامۆستا حەسەن جاف و د. محەمەد بەکر بکەین کە خەمخۆرانە بە تەنگ پاراستنی ئەو بەرهەمەوە بوون.

هیواداریین بەرهەم و نووسینەکانی دیکەی ئەو شاعیرە ئەگەر کەوتووەتە لای هەر کەسێ بۆمان بنێرێ تا سەرەتا بڵاویان بکەینەوە و پاشان لە دوو توێی کتێبێکدا چاپیان بکەین، بەمەش خزمەتێکی بچووکی ئەو شاعیرە کوردپەروەرەمان دەکەین کە هەموو تەمەنی خۆی لە پێناوی کێشەی ڕەوای میللەتەکەی خۆی بەڕێ کرد و چی لە تواناییدا بوو لە بواری خزمەتی ڕۆشنبیری و ئەدەب و وشەی کوردی درێغی نەکرد، ئێمەش بە دانەوەی بەشێکی کەمی ئەو قەرزە نەختێ گیانی ئاسوودە بکەین.

**«سەرنووسەر»**

### وشەی عەرووز

هەندێ لە شارەزایان دەڵێن: کە گوایا وشەی عەرووز بەناوی ئەو شوێنەوە ناونراوە کە ئەم جۆرە زانستەی تێدا پەیدابووە کە کێشانەی هۆنراوەیە. بەم پێیە دەڵێن: دۆزەرەوەی ئەم زانستە کە (خەلیلی ئەحمەدی) فەراهیدییە خەڵکی عەرووز بووە.

عەرووزیش (مەککەیە) ئەگەرچی هەندێک دەڵێن: (عەممانە). هەندێ لە شارەزایانی تر دەڵێن: وشەی عەرووز لە وشتری چەمووشەوە وەرگیراوە، گوایە عەرووز بەواتای چەمووش دێت کە وشتری چەمووشیش ئەو وشترەیە کە ڕام نابێ، بەڵام بەپێی سەردەمی دۆزینەوەی، یان دانانی ئەم زانستە وادەردەکەوێ کە وشەکە و بگرە هەموو زاراوەکانی زانستەکە، لە ژینگەی عەرەب خۆیەوە وەرگیراوە، ئەو سەردەمە عەرەب زۆربەی کۆچەر و دەوارنشین بوون، لەبەر ئەوە زۆربەی زاراوەکانیش ئەگەر نەڵێین گشت زاراوەکانی عەرووز لە چۆنیەتی ژیانی کۆچەرییەوە وەرگیراوە وەک:

١- وتد: (مێخ) کە بریتییە لەو مێخەی پەتی ڕەشماڵی پێوە دەبەستن.

٢- ضرب: کوتانەوە واتە کوتانەوەی ئەو مێخانە.

٣- رکن: قوژبن بە واتا قوژبنی ڕەشماڵەکە.

٤- مسراع: لاشیپانی واتە لاشیپانی ڕەشماڵ، یان دەوار هەروەها دەڵێن دەشێ کەوا عروض مەبەست لە عارسە بێت کە بریتییە لەو دار نیرگەیەی دەدرێتە بەر ڕەشماڵەکە لە ناوەڕاستدا.

٥- بیت: کە مەبەست لە بەیتی هۆنراوەیە لە (بیت الشعر)ەوە وەرگیراوە، یان لە (بیت الخیمة)وە.

٦- طـــي: بە واتای پێچانەوە کە مەبەست لە پێچانەوەی دەوار و ڕەشماڵە.

### زانستی عەرووز

عەرووز ئەو زانستەیە کە بریتییە لە تەرازووی هۆنراوە بەهۆی ئەم زانستەوە دروستی و لاسەنگی کێش لە یەک جیادەکرێتەوە، هەروەها کێشەکانی هۆنراوەی عەرەبی پێ دەست نیشان دەکرێ ئەو مەرجانەی پێ دیاری دەکرێ کە پێویستن بۆ هۆنراوە لە ڕووی مۆسیقاوە، «کەواتە عەرووز ئەندازەیەکە، یان پێوانەیەکە دەنگی هۆنراوەی پێ ساغ دەکرێتەوە.» (١) پێویستمان بەم زانستە چییە؟ ئەم زانستە بەلای هەندێ شاعیرەوە هیچ پێویست نییە کە دەبووایە ئەوان لە هەموو کەس زیاتر پێویستیان پێی بوایە، چونکە پێویستیان بەوە هەیە کە هۆنراوەکانیان کێشانە بکەن نەک لەنگ بن کەچی کەم هەبووە و هەیە کە شارەزای ئەم زانستە بێ. بێگومان لێرەدا مەبەستمان لە شاعیری بەتوانایە.. «ئەمانە هەر بە سەلیقە و کەڵەکەبوونی مۆسیقای هۆنراوەی پێشین خۆیان ڕێک دەخەن بەبێ ئەوەی لەنگ بێ.» (٢) بەلای هەندێکی ترەوە ئەم زانستە، واتە عەرووز زۆر پێویستە کە دەبوو ئەوەندە پێویستیان پێی نەبوایە کە ئەوانیش ئەوانەن کە لە هۆنراوە دەکۆڵنەوە و دەیانەوێ لە هەموو کون و قوژبنێ لە ڕووی کێشەوە شارەزابن. «شاعیرانی عەرەب پێش ئەوەی زانستی عەرووز بزانن، یان بدۆزنەوە، هۆنراوەیان ڕێک خستووە ڕێک و پێکیش بووە و بە گوێرەی ئەو دەریایانەش بوون کە لەدواییدا خەلیل دەست نیشانی کردوون.» (٣)

**قد كان نظم الورى صحيحاً**
**من قبل ان يعرف الخليل**

### هۆنراوە بەپێی زانستی عەرووز

هۆنراوە بەپێی زانستی عەرووز بریتییە لە چەند بەیتێ (بیت) بریتییە لە دوو بەش، یان دوو پارچە کە لە عەرەبیدا بە هەریەکێ لەم دووبەشە دەوترێ (شطر)، یان (مسراع).

شەتری یەکەم ناوی (صدر)ە و شەتری دووەمیش (عجز)ە هەریەکێ لەم شەترانە لە چەند (تەفعیلە)یەک پێک هاتووە. دوا تەفعیلەی شەتری یەکەم پێی دەوترێ (عەرووز)، دوا تەفعیلەی شەتری دووەم (ضرب) تەفعیلەی تر پێیان دەوترێ (حشو).

### تەفعیلە چییە؟

هەموو هۆنراوەیەک لە هەموو زمانێکدا بریتییە لە کۆمەڵە برگەیەک «ئەمجا لە هۆنراوەی عەرەبیدا بەپێی زانستی عەرووز چەند برگەیەک بەرامبەر دەکرێ لەگەڵ دەنگێکدا کە لە چەند پیتێکی بزوێن و نەبزوێن پێک هاتووە کە ناونراوە (تەفعیلە)» (٤) ئەم تەفعیلانەش کراون بە سەنگ بۆ کێشانەی برگە و شەتر و بەیت و هەموو هۆنراوەکە واتە (چامەکە). بۆ نموونە کەوتمان.

**ابسط لنا يافتى اعذاركم فاذا**
**لاقت لنا لم ندع في قومكم عوجا**

لێـرەدا بۆمـان دەردەکـەوێ کـەوا ئەم بەیتـە لە چەند تەفعیلەیەک پێکهاتووە بەم جۆرەی خوارەوە.

«ابسط لنا یافتی اعذارکم فاذا
لاقت لنا لم ندع فی قومکم عوجا
مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلا» (٥)

## بڕگەکردن و تەفعیلە دانان

بۆ ئەوەی تەفعـیلەکانی بەیت بدۆزینەوە، پێـویستـە پێشەکی ئەم خاڵانەی خوارەوە ورد بکرێتەوە و ئەم ڕێیانە بیگیرێن.

(١) دەبێ هۆنراوەکە بە ڕێنووسی عەرووزی بنووسرێ ئەم ڕێنووسـەش بریتـییـە لەوەی کـە تاڕادەیەک بە پێی دەنگی پیتەکان وشەکە بنووسرێ وەک:

أ- ئەگەر ئەو پیتە شەددەداربوو شەددەکەی بکرێتەوە و پیتەکە بە دوو پیت بنووسرێ نەبزواوێک و بزواوێک.

ب- ئەگـەر جـووتە بۆردار، یان جـووتە سـەردار، یان جـووتە ژێرداربوو لە جـیـاتـیـیـان بە نوونێکی نەبزواو بنووسرێ.

٢- هەر پیـتـێکی بزوێن نەبزوێنێکی بەدوادا نەیەت، ئەم نیـشـانەیەی بۆ دادەنرێ (ب) واتا چوکـڵـەیەک هەر پیتێکی بزوێن نەبزاوێک بەدوایدا هات ئەم نیـشـانەیەی لەژێردا دادەنرێ (–) واتـا هێـڵـۆکـەیەک. کـەواتە ئەم نیـشـانەیە (ب) یەک پیت دەنوێنێ کـە ئەویش پیـتـە بزوێنە، بەڵام نیشانەکەی تر کە ئەمەیە (–) بریتییە لە دوو پیت یەکەمیان بزوێن و ئەوی تریان نەبزوێن.

(٣) بەم جۆرە نووسینە ئاساییەکە دەکرێ بە نووسینی هێـما و بەپێی هێـماکـان بڕگە دەست نیـشـان دەکـرێ و تەفعیلە پێک دەهێنرێ، بۆ نموونە:

**قفا نبک من ذکری حبیب و منزل**

ئەم شەترە بەم جۆرەی خوارەوە بڕگە دەکرێ.

ق/ فا/ نب/ ک/ من/ ذک/ ری/ حـ/ بی / بن / و/ من / ز / ل

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩ ١٠
١١ ١٢ ١٣ ١٤

ئەم شـەترە بە پیـتی بزوێنی (ق) دەست پێ دەکـات وە (١٤) بڕگـەشە لەبەر ئەوە بەپێی ڕێ و شـوێنی زانسـتی عـەرزوو بـۆ دۆزینەوەی تەفعـیلە بەش بەش دەکرێ بەپێی (٣ بە ٤ و ٣ بە ٤)، چونکە هەر شەترێ کە (١٤) بڕگە بێ، یان بڵـێین هەر بەیتێ شـەترەکـانی (١٤) بڕگـەبن ئەگەر یەکەم پیـتی بزوێن بوو، بەش بەش دەکرێ بە ٣ بە ٤ و ٣ بە ٤، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو بڕگەیە، یەکەم پیـتی نەبزوێن بـوو، ئەوا دابەش دەکـرێ بۆ ٤ بە ٣ و ٤ بە ٣ ئەمـجـا بەم پێـیـە کـۆمـەڵە کـۆمـەڵە بڕگـەکـان لە یەک جـیـادەکـەیتـەوە، هەریەکێ لەم کـۆمـەڵانە پێی دەوترێ (تەفعـیلە) کـە تەفعـیلەکـانیش ناوی خـۆیان هەیە. بەم پێیە شەترەکە ئاوای لێدێت:

قفانب / ک من ذکری / حبیبن / و منزل
فعولن مفاعیلن فعولن مفاعل

ئەوسا شـەترەکـانی تری هۆنراوەکـە هەروەک ئەو شـەترە لێ دەکرێ و هەموو هۆنراوەکە کێشانە دەکرێ.

## هەندێ زاراوەی پێویست لە زانستی عەرزوودا

١- سـەبەبی سـووک (سبب خـفـیف): بریتـیـیـە لە بڕگەیەکی درێژ کە لە پیتە بزوێنێک و ئەمجا نەبزوێنێک پێک دێت و نیشانەکەی هێڵۆکەیە (–) وەکو: سم، فم.

٢- سەبەبی گران (سبب ثقیل): بریتییە لە دوو بڕگە هەردووکـیـان کـورت و لە تەنیـشـت یەکـەوە دەبن و نیـشـانەکـەیان چوکڵـەیە (ب) واتـا هەر بڕگـەیەکـیـان و چوکڵەیەک وەکو:

بم ، لم
ب ب ب ب

٣- وەتەدی کۆ (وتد مقرون: وتد مجموع): بریتییە لە دوو پیتە بزوێن و یەک نەبزوێن و نیشانەکەی چوکڵەیەک و هێڵۆکەیە (ب –) وەکو: قضی، شکا.

٤- وەتەدی جوێ (وتد مفروق) بریتـییە لە دوو بزوێن و یەک نەبزواو لەنێوانیانا بێ. نیشانەکەی هێڵۆکەیەک و چوکڵەیەکە (– ب). وەکو: قام، نام.

٥- پشووی بچووک (فاصلة صغری) سێ پیتی بزوێن و یەک نەبزوێنە بەدوای یەکدا نیشانەکەی دوو چوکڵە و یەک هێڵۆکەیە (ب ب –). وەکو: کتبت.

٦- پشووی گەورە (فاصلة کبری) بریتییە لە چوکڵە و یەک هێڵۆکە (ب ب ب –). وەک: سمکة، عتلة.

**تەفعیلەکان**

لمعت سیوفنا

**ڕەسەنەکان:** تەفعیلە ڕەسەنەکان هەشتن کە ئەمانەن:
١- فعولن: ب - -
٢- مفاعیلن: ب - - -
٣- مفاعلتن: ب - ب ب -
٤- فاعلاتن: - ب - -
٥- فاعلن: - ب -
٦- مستفعلن: - - ب -
٧- متفاعلن: ب ب - ب -
٨- مفعولات: - - - ب

**لقەکان**

لەو تەفعیلە ڕەسەنانە گەلێ تەفعیلەی تر دروست دەبێ کە پێیان دەوترێ تەفعیلەی لق. وەک:

| | | |
|---|---|---|
| ١- لە فعلن | فعول | ب - ب |
| ٢- لە مفاعیلن | مفاعلن | ب - ب - |
| ٣- مفاعلتن | مفاعلتن | ب - - - |
| ٤- فاعلاتن | فاعلا | - ب - |
| یان فالاتن | | -: - - |
| ٥- فاعلن | فالن | -: ب |
| یان فعلن | | ب ب - |
| ٦- مستفعلن | متفعلن | ب - ب - |
| یان مستفعلن | | - ب ب - |
| ٧- متفاعلن | متفاعلن | - - ب - |
| ٨- مفعولات | مفعلات | - ب - ب |

## بەراوردێ لەنێوان سەبەب و وەتەدی عەرەبی و بڕگەی کوردیدا

تەنیا جیاوازیەک لەنێوان بڕگەی کوردی و سەبەب و وەتەدی عەرەبیدا یان بڕگەی کوردی و سەبەبی قورس و سووکدا هەر ئەوەیە کەوا زمانی کوردی لە نووسیندا سەروبۆری نییە، بەڵکو چۆن دەوترێ هەر بەو جۆرەش دەنووسرێ. واتا لە کوردیدا پیتە بزوێنەکان و نابزوێنەکان دیارن بەسەروبۆر پیت نابزوێ، بەڵکو لەجیاتی ئەو سەروبۆرە خۆی پیت هەیە وەکو سر لە عەرەبیدا دوو پیتە (س) و (ر) پیتی یەکەمیان بەسەر بزاوە وە پیتی دووەمیان بەزەنە کپ کراوە، بەڵام بە کوردی سێ پیتە (سەر) (س) و (ە) و (ر)...

بەم پێیە سەبەبی سووکی عەرەبی بریتییە لە بڕگەیەکی درێژ لە کوردیدا. وەک:

دم، هم

ئەگەر ئەمە بە ڕێنووسی کوردی بنووسین، دەنووسین (دەم)، (هەم) کەواتە درێژی بڕگەی کوردی کتومت وەکو سەبەبی سووکی عەرەبییە و لە کێشانەی عەرووزیدا نیشانەکەی هێڵۆکەیە (-).

بەڵام سەبەبی قورس لە عەرەبیدا بریتییە لە دوو پیتی بزوێن لە تەنیشت یەکەوە کە نیشانەکەی دوو چوکڵەیە (ب ب) ئەمە لە کوردیدا دوو بڕگەی کورتە. وەک:

لم، بم

لە کوردیدا دەنووسرێ (لیمە) واتە بەم جۆرە لی/مە کە نیشانەکەی دوو چوکڵەیە (ب ب) بەم جۆرە وەتەدیش لە نووسینەوەیدا بەکوردی جیایە لەگەڵ وەتەدە عەرەبییەکەدا.

## بڕگە لە زمانە هیندۆ ئەوروپییەکاندا

«زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان بەوهۆیەوە کە ڕەگ و ڕیشەیان لە یەکەوە نزیکە، گەلێ خاسیەتی چۆن یەکیان تێدایە، لە ڕووی پیتی بزوێن و نەبزوێنەوە و چ لە ڕووی دروست بوونی وشەوە و چ لە ڕووی ئاوازی پیتەوە و بەگشتی فۆنۆتیکی زمانەکەوە» (٦) لەبەر ئەوە دەشێ کە هۆنراوەکانیشیان چەشنە خاسیەتێکی هەبێ کە لە یەکیان نزیک بکاتەوە کە ئەمەش لە ڕووی مۆسیقای هۆنراوەوەیە بۆیە دەتوانین بڵێین کەوا کێشانەی هۆنراوەکانیان ئەگەر گشتیان وەک یەک نەبن. زۆربەیان لە یەک دەچن و لەیەکترییەوە نزیکن «واتا زۆربەی کێشەکان یان بڵێین زۆربەی ئەم زمانە کێشی هۆنراوەیان لەسەر بنچینەی بڕگەی جەردەبییە واتە ژمارەی بڕگە.» (٧) کۆنترین یادگار کە بەزمانی (ئاریی هیندی) نووسراوەتەوە کتێبی (ڤیدا)یە کە ئەو زمانەی ئەوەی پێ نووسراوەتەوە هەر بەناوی کتێبەکەوە ناوی ڕۆیشتووە. واتا پێی دەڵێن زمانی (ڤیدا) وەکو چۆن دەوترێ زمانی ئاڤێستا یان کە هەندێ جار بەزمانی عەرەبی دەڵێن زمانی (قورئان) لەم زمانەرا کە ڤیدایە بڕگە هەروەک بڕگەی زمانی کوردی دوو چەشنە (درێژ و کورت) دروست بوونیشیان یان چۆنیەتی پێک هاتنیان هەروەک پێک هاتنی بڕگەی کوردییە، واتا هەر بڕگەیەک کۆتایی بە بزوێنێکی کورت هات، ئەوا کورتە و ئەگەر کۆتایی بە بزوێنی درێژ هات بە پیتی نەبزوێن ئەوا ئەو بڕگەیە درێژە.

لە ڕووی کێشی هۆنراوەشەوە هۆنراوەکانی (ڤیدا) لەسەر کێشی بڕگەیین هەروەک هۆنراوەی ڕەسەنی کوردی. ئەو هۆنراوانەی (ڤیدا) زۆربەیان لەسەر کێشی (٨) و

(١٠) و (١١) و (١٢)- بڕگەیین. کەواتە هۆنراوەکانی (ڤیدا) لەسەر بنچینەی ژمارەی بڕگە کێشانە دەکرێن وەک کوردی. ئەوەی ئاشکراشە کێشی (١٠) بڕگەیی لە هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردیشدا یەکجار زۆرە، هەروەها لە زمانی سانسکریتیشدا کێشانە هەر بەپێی بڕگەیە و پەیوەندی بە بڕگەی درێژ و کورتەوە هەیە. سەبارەت بەزمانی پەهلەویش ئەگەرچی بە تەواوی ڕوون نەبووەتەوە کە سەردەمی ئەشکانی و ساسانی هۆنراوە بە زمانی پەهلەوی بووبێ، یاخود نەدۆزراوەتەوە، بەڵام (کریستن سن) کە یەکەم کەسە دان بەوەدا دەنێ کەوا هۆنراوە بە زمانی پەهلەوی هەبووە، بەڵگەشی پارچە نووسراوێکە لە کتێبی شاپووری یەکەمدا کە لە (حاجی ئاباد) دۆزراوەتەوە کە گوایە زنجیرە هۆنراوەیەکی تیایە لەسەر کێشی (٧) و (٨) بڕگەیین، بەڵام هۆنراوەکانی ئاڤێستا واتا گاتاکانی ئاڤێستا هەروەک هۆنراوەی کوردی لەسەر کێشی (١١) و (١٢) و (١٤) و (١٦) بڕگەیین کە ئێستەش لەو جۆرە کێشانە لە هۆنراوەی کوردیدا هەن. بۆ نموونە:

«ئەم بەیتەی گۆران کە دەڵێ:

**زۆر قژی زەرد سەرنجی ڕاکێشاوم**
**زۆر چاوی شین داویە پرشنگ لە چاوم**

ئەم بەیتە لەسەر کێشی (١١) بڕگەییە بەپێی پشووی ٤-٧ کە لەم چەشنە لەگاتاکانا زۆرە.» (٨)

**کێشەکانی هۆنراوەی عەرەبی**

«بە پێی زانستی عەرووز هۆنراوەی عەرەبی (١٦) کێشە کە پێی دەڵێن دەریا و (٣٦) عەرووز و ٦٦ (- رب).» (٩) دەریاکانیش (کێشەکان) ئەمانەن:

١- طویل
٢- مدید
٣- کامل
٤- وافر
٥- مجتث
٦- مقتضب
٧- متدارک
٨- متقارب
٩- سریع
١٠- خفیف
١١- مضارع
١٢- بسیط
١٣- رجز
١٤- هزج
١٥- رمل
«١٦- متسرح» (١٠)

**(١) دەریای طویل**

فعولن مفاعیلن فعولن مفاعیلن
ب - - ب - - - ب - - ب - - -

نموونە

**أطالت بلایانا سلیمی فدیتها**
**فعدنا بمغناها وطالت معاذیري**

أطالت بلایانا سلیمی فدیتها
ب - - ب - - - ب - - ب - ب -
فعولن مفاعیلن فعولن مفاعیلن

فعدنا بمغناها وطالت معاذیری
ب - - ب - - - ب - - ب - - -
فعولن مفاعیلن فعولن مفاعیلن

**(٢) مدید**

«فاعلاتن فاعلن فاعلاتن» (١١)

نموونە

**قد مددتم في منی طالبینا**
**هل تروني أبتغي** طالباتي

قد مددتم في منی طالبینا
- ب - - - ب - - ب - -
فاعلاتن فاعلن فاعلاتن

هل ترونی أبتغي طالباتي
- ب - - - ب - - ب - -
فاعلاتن فاعلن فاعلاتن

**(٣) کامل**

«متفاعلن متفاعلن متفاعلن» (١٢)
ب ب - ب - ب ب - ب - ب ب - ب -

نموونه

**لا يسلم الشرف الرفيع من الاذى**
**حتى يراق على جوانبه الدم**

لا يسلمش   شر فل رفي   عمنلأذى
– – ب –   ب ب – ب –   ب ب – ب –
متفاعلن   متفاعلن   متفاعلن

حتتا يرا   قعلا جوا   نبهلـ دمو
– – ب –   ب ب – ب –   ب ب – ب –
متفاعلن   متفاعلن   متفاعلن

**(٤) وافر**

«مفاعلتن   مفاعلتن   فعولن» (١٣)
ب – ب ب –   ب – ب ب –   ب – –

نموونه

**لقد وفرت مواهبنا عليكم**
**كما كثرت مساوئكم إلينا**

لقد وفرت   مواهبنا   عليكم
ب – ب ب –   ب – ب ب –   ب – –
مفاعلتن   مفاعلتن   فعولن

كما كثرت   مساوئكم   إلينا
ب – ب ب –   ب – ب ب –   ب – –
مفاعلتن   مفاعلتن   فعولن

**(٥) مجتث**

«مستفع: لن   فاعلاتن   مستفع: لن   فاعلاتن» (١٤)
– – ب –   – ب – –   – – ب –   – ب – –

نموونه

**لا ينبض اليوم للشعر في المحافل عرق**
كن بلبلاً او غراباً **فما هنالک فرق**

لا ينبضل   يوم للشع   رفي المحا   فل عرقو
– – ب –   – ب – –   ب – ب –   ب ب – –
مستفع: لن   فاعلاتن   متفعلن   فعلاتن

کن بلبلاً   او غراباً   فما هنا   لک فرقو
– – ب –   – ب – –   ب – ب –   ب ب – –
مستفع: لن   فاعلاتن   متفعلن   فعلاتن

**(٦) مقتضب**

«مفعولات   مستفعلن   مفعولات   مستفعلن» (١٥)
– – – ب   – – ب –   – – – ب   – – ب –

نموونه

**حامل الهوى تعب**
**يستخفه الطرب**

حامل الهـ   وى تعبو
– ب – ب   – ب ب –
مفعلات   مستعلن
يستخف ف   ـه الطربو
– ب – ب   – ب ب –
مفعلات   مستعلن

**(٧) متدارک**

«فاعلن   فاعلن   فاعلن   فاعلن» (١٦)
– ب –   – ب –   – ب –   – ب –

نموونه

**لم يدع من قضى للذى قد عبر**
**فضل علم سوى أخذه بالأثر**

لم يدع   من قضى   للذى   قد غبر
– ب –   – ب –   – ب –   – ب –

فضل عل   من سوى   أخذه   بالأثر
– ب –   – ب –   – ب ب   – ب –
فاعلن   فاعلن   فاعل   فاعلن

**(٨) متقارب**

«فعولن   فعولن   فعولن   فعولن» (١٧)
ب – –   ب – –   ب – –   ب – –

نموونه

**سلامي على من قربنا حماها**
**فأمسي فؤادي يعاني بلاها**

سلامي   على من   قربنا   حماها
ب – –   ب – –   ب – –   ب – –
فعولن   فعولن   فعولن   فعولن

فأمسي   فؤادي   يعاني   بلاها
ب – –   ب – –   ب – –   ب – –
فعولن   فعولن   فعولن   فعولن

**(٩) سريع**
«مستفعلن   مستفعلن   فاعلن» (١٨)
– – ب –   – – ب –   – ب –
نموونه
**قد أسرعت فى عذلها لاتفي**
**من بعدها لا اخشى عاذ لات**

قد أسرعت   في عذلها   لاتفي
– – ب –   – – ب –   – ب –
مستفعلن   مستفعلن   فاعلن

من بعدها   لا اخشى   عاذ لات
– – ب –   – – ب –   – ب –
مستفعلن   مستفعلن   فاعلن

**(١٠) خفيف**
«فاعلاتن   مستفعلن   فاعلاتن» (١٩)
– ب – –   – – ب –   – ب – –

نموونه
**ليت من شفني هواه رأي**
**زفرات الهوى على كبدي**

ليت من شف   فنى هوا   ـه راي
– ب – –   ب – ب –   ب ب –
فاعلاتن   متفعلن   فعلا

زفرات الـ   هوى على   كبدي
ب ب – –   ب – ب –   ب ب –
فعلاتن   متفعلن   فعلا

**(١١) مضارع**
«مـفـاعـيـلن   فـاعـلاتن   مـفـاعـيـلن   فاعلاتن» (٢٠)
ب – – –   – ب – –   ب – – –   – ب – –

نموونه
**وقد** رأي **الرجالا فما أرى مثل زيد**

وقد رأى   تر رجالا   فما أرى   مثل زيد
ب – ب –   – ب – –   ب – ب –   – ب – –

**(١٢) بسيط**
«مستفعلن   فاعلن   مستفعلن   فاعلن» (٢١)
– – ب –   – ب –   – – ب –   – ب –

نموونه
**ابسط لنا يافتى اعذاركم فاذا**
**لاقت لنا لم ندع في قومكم عوجا**

ابسط لنا   يافتى   اعذاركم   فاذا
– – ب –   – ب –   – – ب –   ب ب –
مستفعلن   فاعلن   مستفعلن   فعلن

لاقت لنا   لم ندع   في قومكم   عوجا
– – ب –   – ب –   – – ب –   ب ب –
مستفعلن   فاعلن   مستفعلن   فعلن

**(١٣) رجز**
«مـسـتـفـعلن   مـسـتـفـعلن   مـسـتـفـعلن   مستفعلن» (٢٢)
– – ب –   – – ب –   – – ب –   – – ب –

نموونه
**لا خير فيمن كف عنا شره**
**إن كان لايرجى ليوم خير**

لا خير في   من كفف عن   نا شراهو
– – ب –   – – ب –   – – ب –
مستفعلن   مستفعلن   مستفعلن

إن كان لا يرجى ليو م خيري
- - ب - - - ب - ب - -
مستفعلن مستفعلن متفعل

**(١٤) هزج**
«مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن» (٢٣)
ب - - - ب - - - ب - - - ب - - -

نموونە
**فتى مختصر الماكول، والمشروب، والعطر**

فتى مخت صر الماكو ل، والمشرو ب، والعطرى
ب - - ب ب - - - ب - - - ب - - -
مفاعيل مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن

**(١٥) رمل**
«فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن» (٢٤)
- ب - - - ب - - - ب - -

نموونە:
**في سبيل المجد اودى نفر**
**شهداء العلم اعلاهم مقاما**

في سبيلل مجد اودى نفر
- ب - - - ب - - ب ب -
فاعلاتن فاعلاتن فعلا

شهداء ال علم اعلا هم مقاما
ب ب - - - ب - - - ب - -
فعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

**(١٦) منسرح**
«مستفعلن مفعولات مستفعلن» (٢٥)
- - ب - - - - ب - - ب -

نموونە
**لا تسرحي يا نيلق في بلدي**
**انعامنا في عكاظ مسرحها**

لاتسرحي يا نيلق في بلدي
- - ب - - ب - ب - ب ب -
مستفعلن مفعولات مستفعلن

انعامنا في عكاظ مسرحها
- - ب - - ب - - - ب ب -
مستفعلن مفعلاتن مستفعلن

## قافیە

**واعصارنا أبيات شعر كأنما**
**أواخرها للمنشدين قوافي**
(أبوعلاء المعري)

### پێناسەی قافیە

سەبارەت بەقافیە لە هۆنراوەی عەرەبیدا گەلێ پێناسە هەیە بۆ نموونە (ئەخفەش) دەڵێ: قافیە بریتییە لە دوا وشەی بەیت، واتا یەک وشە کە دەکەوێتە کۆتایی بەیتەکەوە کە ئەمە بێگومان پێناسەیەکی تەواو نییە، چونکە جاری وا هەیە قافیە دوو وشەیە وەکو (یشهدبی) لەگەڵ (الکذب) یەکەمیان دوو وشەیە کەچی دووەمیان یەک وشەیەو قافیەشن. هەر لەم ڕووەوە (جاحظ) دەڵێ: قافیە کۆتایی بەیتە کە ئەمیش پێناسایەکی تەواو نییە، چونکە زۆر سادەیەو هیچ سنوورێکی نییە.

بەڵام (خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی) دەڵێ: قافیە دواپیتە تا دەگاتە یەکەم پیتی نەبزواو و ئەمجا پیتە بزوێنێک کە ئەمە گونجاوترین پێناسەیە، چونکە وشەو بڕگەو دوو وشەش دەگرێتەوە.

هەندێ لەشارەزایان ئەوەندە بایەخ بە قافیە دەدەن، دەڵێن: دەتوانرێ بوترێ کەوا بەیتەکە خۆبەتی چونکە هەرجۆرە کێشێک، چەشنە قافیەیەک هەڵدەگرێ.

پێکهاتنی قافیەی عەرەبی: بەپێی زانستی عەرووز ئەو پیتانەی کە قافیە دروست دەکەن سێ چەشنن کە ئەمانەن:

١- پیتی ڕەوی: یان بڵێین پیتی بنەڕەت یان ڕەسەنی قافیە، ئەم پیتە ئەو پیتەیە کە شێوەی قافیەکە دەردەخات ئەمە لە کوردیدا وەکو (سەر، شەکر، گەوهەر) کە پیتی ڕێکە، ڕەسەنە.

٢- پیتی دوای ڕەسەن: ئەم پیتە دوای ڕەسەن دێت.

٣- پیتی پێش ڕەسەن: کەلەیەک پیتەوە دەست پێ

دەکـات تا چەند پیـتێ و پیـتـەکـانی پێش ڕەوی کـە لە قافیەی عەرەبیدا دەستنیشان کراون ئەمانەن:

١- تأسیس: بەبێی زانستی عەرووز ئەو پتی ئەلفەیە کە لە پێش پیتێکی بزوێنی پێش پیتی ڕەسەنەوە دێت وەکو: (مائل، شامل، حاصل). لێرەدا (ل) پیتی ڕەوییە (ڕەسەن) لە وشەی (مائل)دا و (١) تأسیسە بەڵام (ئـ) دەخیلە ئەمە لەهەرسێ وشەکەدا.

٢- دەخـیل: ئەوپیـتـە بزوێنەیە کـە دەکـەوێتـە نێـوان تأسیس و ڕەوییەوە (تأسیس، دەخیل، ڕەسەن).

٣- ردف: ڕەدفـیش هەر ئەو پیـتـەیە کەیەکسـەر پێش ڕەوی هاتووە لە جێی دەخیل کە ئەمە دوو چەشنە: ڕەدفی ئەسـڵی/ کـە لەپیـتـی (و ا ی) دروست دەبێ و ڕەدفی زیادە: کە لە پیتی نەبزواو دروست دەبێ.

٤- قید: هەر پیتێکی نەبزواو بێ پێش ڕەسەن، بەبێ بوونی جیاکەرەوە.

پیتەکانی پاش ڕەوی (ڕەسەن)

١- وصل: کە بەپیتی ڕەوییەوە لکاوە.

٢- خروج: ئەو پیتەیە کە لە دوای (وصل) دێت.

٣- زیادە: ئەمیش دوای (خروج) دێت.

## قافیەی کوردی

### بایەخی قافیە

پێش ئەوەی بێـینە سەرچۆنیـەتی قـافـیـە لە هۆنراوەی کوردیدا سەبارەت بەبایەخی قافیە دەدوێین بەگشتی لە هۆنراوەی هەمـــوو زمـــانێکدا. لەبەرئەوەی لەســـەرەتای پەیدابوونی هۆنراوەوە ئامـانج لە هۆنراوە دانان ئەوەبووە کە ببێ بەسرووودو گۆرانی. دەبوو هۆنراوە جۆرە ئاوازێکی هەبێ کـە بۆ گـۆرانی بشێ و لە پەخشـان جیـابکرێتـەوە، ئەمە سەبارەت بەکێش، بەڵام سەبارەت بە قافیەش لەبەر ئەوەی ئاوازی گـۆرانی دەبێ پشـووی تیـابێ، کـورت یان درێژی پێ بەپێی ئەوەش دەبێ هۆنـراوەکـــەش پشـــووی تیـابێ و ئەم پشـووانەی ئاوازی گـۆرانی وەک پشـوودانی ناو (صدروعجز) نییە. واتا بێجگە لەوە پشوودانێکی تر هەیە واتا جۆرە پشوودانێکی تر هەیە کە فراوانترە.

یان بڵـێین قـووڵتـرە بەم پێـیـە قـافـیـە بەرامـبـەر بەو پشوودانە دەوەستێتەوە، بێجگە لەمەش قافیە ئەو جۆرە دەنگەیە کـە صـدرو عـجـر و بەیت و بەیت لەیەک جـیـا دەکاتەوە بەم پێیە ئەوەتانە هۆنراوەی ئازادیش دەستی لە قـافـیـە هەڵنەگـرتووە. ئەم بۆچوونە گـونجاوە بۆ هۆنراوەی کوردیش نەک هەر عەرەبی.

### «قافیەی هۆنراوەی کوردی» ٢٦

کاتێ کە گوێمان لەم وشانەی خوارەوە دەبێ تێ دەگەین کـە لەگـەڵ یەکـدا قـافـیـەن: (جـوان، نیـان، کـوێسـتـان، سازان).

یان ئەم وشانە: (سەر، سێبەر، گەوهەر، کەمەر)

لەڕیزە وشـەی یەکـەمـدا وەکـو سەرنج دەدەین پیـتـی (ا، ن) لەهەر چوار وشەکەدا هەن.

لە ڕیزی دووەمدا (ە، ر) هەن کە بەدەنگی ئەم دووپیتە لە هەردوو ڕیزەکەدا دەوترێ قـافیە. لەمەدا دەردەکەوێ کە لەم دووڕیزەدا دووپیت قـافـیـە بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ کـە یەک پیت ببێ بە قـافـیـەوە و ئەوەی شـایـانی سـەرنجـە ئەوەیە کـە لەڕیزی یەکـەمـدا پیـتـی (ن) پیـتـی ڕەسەنی قـافـیـەکـەیە و لـە ڕیزی دووەمدا پیـتـی (ر). ئەو پیتـانەی دەکەونە پێش پیتی ڕەسەن تا ژمارەیان پتر بێ، قـافـیـەکە بەهێزتر دەبێ و مۆسقاکەی خۆشتر دەبێ وەکو: (سەردار، نازدار) لێرەدا پیتی (دار) هاوبەشن، بەڵام لە پێکهاتنی وشەکەدا پاشگرن لەبەر ئەوە قافیەکە دانانرێ بەقافیەیەکی بەهێز، بەڵکو تەنیا لەڕووی پیتەوە کردمان بەنموونە. هەروەها دوای پیتی ڕەسەن پیتی تر دێن کە ئەم پیتـانەش قـافـیـەکـە بەهێزدەکەن. وەکـو: (سەرم، دەرم). پیتی (م) ئەگەرچی لێرەدا ڕاناوی لکاوە، بەڵام قـافیەکە بەهێزدەکات، بەڵام قـافیەکە ئەگەر پیتی ڕەسەنی نەبێ، نابێ بەقافیە.

وەکو: (شانم، لەشم، دەستم). ئەم سێ وشەیە قـافـیـە نین، چونکە کە پیتی (م) لابرا دەمێنێتەوە (شان، لەش، دەست) کە پیـتی ڕەسـەنی یەکەم (ن) نەو دووەم (ش) و سێیەم (ت). لەبەر ئەوە بۆ دۆزینەوەی پیتی ڕەسەن دەبێ نیـشـانەی کـزو ناسـراوو نەناسـراوو ڕاناوەو هەرپیـتـێکی تری زیادە هەبوو، لاببرێ.

# قالّبیەک بە زمانی گوڵەکانی ئەزموونەکەی دەهۆنێتەوە

خوێندنەوەیەک بۆ کۆ شیعری:
«قالّبیەک دەناسم لە هەرچی گولّیەتی ماندووە»

**هەندرێن**
**(سوێد)**

لە سەرتاپای مێژووی ئەدەبدا پرسیاری کردانندنی ژیان لە شیعردا. خالّێکی بنەڕەتی بووە. ئەمڕۆش پێوەندی نێوان ژیان و شیعر لە جاران بەهەرمەێنتر بووە، بەلاّم ئەمڕۆ بزاڤێکی شیعریی هەیە کە وەک پێشتر جەخت لەسەر گفتوگۆی تیۆریی و دەقدا ناکاتەوە، بەڵکو زیاتر ئاوڕ لە وردەکاری هونەریی زاراوەسازیی دەق دەداتەوە. بە واتایەکی تر. ئەو بزاڤە نوێیەی شیعر زیاتر جەخت لەسەر ژیاننامەی دەقنووس دەکاتەوە نەک نێوەڕۆک و تێگەیشتنی ئەدەبی، چونکە ئەمڕۆ. وەک دیاردەیەک، نووسەرگەلێک ژیاننامەی خۆیان دەنووسنەوە. بۆیە ڕەخنەگرانی ئەدەب بەگشتی زیاتر سەرنج دەدەنە ڕاستگۆیی و ڕەسەنایەتی ژیاننامەی نووسەر. بەم جۆرە ڕەخنەگری ئەمڕۆکە زارقەڵەباڵغی شاعیری لەکن زۆر گرنگ نییە. بەڵکو ئەزموونە جیاوازەکەی بۆ گرنگە.

لەو ناکۆییەوە دەکرێ لە ئاستی فەلسەفیدا ئاماژە بە ژاک دێریدا، ژولیا کریستیڤا. ماوریس بلانشۆ. جۆرج باتالی و چەندان هزرڤانی دیکە بکەین کە شوێن پێیان دیارە لە پانتایی ئەو ڕەوتە ڕەخنە نوێیەی کە جەخت لەسەر دەقی ئەدەبی وەک ئەزموونێک لە ژیان دەکەنەوە. هەر لێرەوە گرنگە بڵێین. کە زانەوەی ئەو دیاردە ڕەخنەییە، چەشنە فراژانێکە لەو ئەزموونەی مارتن هایدگەر بەتایبەتی و فێنمێنۆلۆگیش بەگشتی. هایدگەر لە ڕێگای خوێندنەوەکانی شیعری هۆلدرلین. ریلکا و تاراکل توانی خاکێکی بە پیت بۆ گفتوگۆیەکی دۆستانەی نێوان فەلسەفە و شیعر بئافرینێ. لە هەمان کاتیشدا ئەو هۆکردانەی کە بەرهەمهێنەری ئەو بزاڤە نوێیەی ڕەخنەی ئەدەبین. بەشێکیان ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەوتە هزریی و

فەلسەفییەی کە لەژێر چەتری «پاشنۆێگەریی/ پۆستمۆدێرنیزم»دا پۆلێن دەکرێ. وەک دەزانین. ئەو ڕەوتە فەلسەفییە بەناو «کۆنتینێنتال»ە لە شەستەکانەوە لە فەرەنسا و ئەڵمانیا سەری هەڵدا و لە هەشتایەکانیشدا بە تەواوی دەنگی دایەوە. لێ بە دیوێکی دیکەوە، ئەو دیاردە ڕەخنەییەی کە هەنووکە لە ئارادەیە. پەنگدانەوەی ئەو «قەیران»یە کە مرۆی پاش نوێگەریی دەرگیر بووە دوای «ئاوابوونی داستانە مەزنەکان»، نووسەری هەنووکە زیاتر سەرقاڵە بە بەرجەستە کردنەوەی داستانی خەمە چکۆلەکانی خۆیەوە. لە بۆیە لەو ناوکۆییەوە دەکرێ بە هەڕمێن بوونی نووسینەوەی ژیاننامە لە جەم نووسەران. وەک جەختکردنەوەیەک لەو خەمە خودیانە بخوێنینەوە کە مرۆی ئەمڕۆکە بەدەستییەوە دەتلێتەوە.

بەهەمە حاڵ. لێرەدا ئەرکی ئەو کورتیلە نووسینە نییە کە لەسەر ئەو بابەتە چەق ببەستێ. لێ حەزمان کرد بەو ئاماژانە ڕۆشناییەکی بەلەز بپرژێنییە سەر پاشخانی ئەو ڕەوتە ڕەخنە نوێیەوە.

لەو گۆشەنیگایەوە. شاعیر بەدەم شیعراندنی ئەزموونەکەی وا لە مرۆڤ دەکا مرۆڤانەتر بێ، یان بە واتای بلانشۆ شاعیر هەوڵدەدا ئەو شتانە بەدیار بخات کە خۆیان لە پرۆسەی بەدیارکەوتنن. بەمجۆرە وشەکان دەبنە کردەیەک و بە نەوا و لەرینەوەکانیان. شوێنی پێیەک لەڕووبەرێکی بەتاڵدا بەجێدەهێڵن. (#)

بۆیە ئەوەی کە وام لێدەکا لەگەڵ دەرکەوتنی دیمانەی گەردوونی شیعردا بورووژێین و شاگەشکە بین. خودی زمانە بەخشندەکەیەتی. شیعر لە ڕێگای زمانەوە ئەزموونگەلی ژیان بەرجەستە دەکاتەوە و بەمیوانداریيە چڕەکەی هانمان دەدا ئاوێتەی گەردوونە لێکچڕژاوەکەی بین کە لێوانرێژە لەڕەنگە لێک ئاڵاوەکان و دەنگەلە بەناو یەکدا لەریوەکان. شیعرو زمان لە بەراییرا پێکڤە لە پێناوی ئاوەدانکردنەوەی ئەو گەردوونە نادیارەدا پەیمان دەبەستن. بەمجۆرە زمان لەم سەفەرە بزۆکەدا دەبێتە ڕێنیشاندەری شیعر، بەڵام کە شیعر و زمان پێ دەنێنە ناو ڕاڕەوەکانی ئەوگەردوونە نادیارەوە، هەردوکیان لە جەستەیەکی لێک ڕۆچوو و گفتوگۆیەکی شەپۆلاویدا، ئەزموونێک لە بوون، کە بۆ ئێمە نەبینراو بوو ڕادەگەیەنن.

بەڵام لەمەڕ مەیلی ئامادەکردنی ئەزموونێک، وەک چەشنە پێناسەیەک، دەکرێ مرۆ لەسەر ئەویدیکە، یان جیاوازی بپەیڤێ؟ ئایا چەقی ئەزموون پابەند نییە بەخودی میتافیزیکی ئامادەییەوە؟ کەواتە ئەزموونێکی جیاواز لەپێناو دۆزینەوەی نائامادەییەکی پەنهان هەڵگر. ڕێگایەکی جیاواز. نووسینێک، سەرقاڵە بە دوای ئاوەڵاکردنەوەیەک، یان جووڵاندنی بوونێکی فەرامۆشکراو. هەڵبەتە ئەوە زمانە کە ئەو ئەزموونە ئامادە دەکا. لە هەمان کاتیشدا ئەوە زمانە کە تام و بۆی ئەو ئەزموونە جیاوازە پێناسە دەکا. بە واتایەکی دیکە. ئەوە زمانە کە پێناسە تایبەتمەندییەکەی ئەو ئەزموونە ڕادەگەیەنێ.

لەم گۆشەنیگایەوە کە کۆشیعری ڕەزا عەلی پوور، «قالّییەک دەناسم لەهەرچی گولّیەتی ماندووە» دەخوێنمەوە. ئەو چەشنە هزرانەی کە لەسەرەوە وەک تەرزە ڕوانینێک بۆ شیعر ئاماژەم پێکردن لە زەینمدا هەڵدەقوولێن. بۆیە ڕەزا عەلی پوور لە پانتایی کۆشیعرەکەیدا کۆی خەمەکانی لەزمانی پەیڤین و بێدەنگییەکی مەیلە و ناباو وەک تەونکاری مافوور «قالّییەک» دەچنێتەوە. شەپۆلەکانی ئەو کۆشیعرە بە دەم ڕێوە: چنینەوەکانەوە دەنگەلێک بەناو یەکدا وەردەکا. بەمەش کۆی شێوازەکان: زمانی «ڕۆژانە» و «شیعرییەت» : دەنگی ئاخێوەرەکان لەگفتوگۆیە جیاوازەکانیاندا بەدەم ڕەوتەنی شەپۆلەکانی شیعرەکەدا ئامادەیی خۆیان بەرجەستە دەکەنەوە و هەنیەی گەردوونێکی شیعریی ڕۆشن دەکەنەوە. کەواتە ئەو کۆشیعرە دوای ئەوەی ئەرکە سەرەکییەکەی ڕادەپەڕێنێ: واتا بە زمانەکەی پێکهاتە پێکهێنراوەکان تێک دەشکێنێ. ئەوجا بە دەم ڕێوە لە پێناو چڕکردنەوەی ئەزموونە تایبەتمەندییەکەی خۆی گەردوونە شیعرییەتەکەی دەخەملێنێ و ئامادە دەکا. لێرەوە دەتوانین بە دەستەوایی کردنی ڤیتگنشتاین بڵێین کە لەنێوان کەرەستەی زمانی «ئەدەب» و «زمانی ڕۆژانە»دا جیاوازییەکی کەرەسەیی نییە، بەڵکو لەکاتی پیادەکردندا وشە و ڕستەکان لەناوکۆییەکی نوێدا دەردەکەون و وەک نا ئاشتایەک خۆیان دەنوێنن، بەم جۆرە کاتێک پەیڤەکان وەک پەیڤ دەبنە کردە؛ کاتێک نەوای پەیڤ و ڕستەکان شێوەی ناوەکی و دەرەکی خۆیان بەدیار دەخەن و قورسایی خۆیان

بەرجەستە دەکەنەوە. کە مەرجیش نییە ئەو پەیڤ و ڕستانە نوێنەرایەتی شتێکی دیاریکراو. بینراو. دیمەنێکی واقیعی ژیان بکەن. لە هیکرا شیعرییەت ئامادە دەبێ. لەم دیدەرا ڕەزا عەلی پوور. بە ئاپۆرەکردنی خەیاڵاندن. بیرۆکە و ئامادەیی کۆی دەنگەکان. کە هەندێ جار کەسەکان بە شێوازی ئاخاوتنی سەرزارەکی و هەندێ جاریش بە شێوازێک لە فەلسەفاندن و بیرڕۆیی دەردەکەون. زمانی ڕۆژانە و دیمەنی واقیعی تێک دەشکێنێ و دواجاریش تەواوی ئەو دیمەن و دەنگانە ئاوێتەی شەپۆلدانەکانی شیعرەکە دەبن. لێرەدا دەبێ بێژم. ئاپۆرەی ئەو دەنگانەی کە بە شێوازی سنەیی. یان بەنەوای خۆماڵییانە دەپەیڤن. چێژی خوێندنەوە تامدارتر دەکەن و لەگەڵ دەربڕینە خۆرسکییەکانیانەوە، ئەتمۆسفێری شوێنکات: واتا جووڵە خۆیان. تام و ڕەنگ، شێوەی شەقام و ماڵ. لەپانتایی کۆشیعرەکەدا ئامادە دەکەن. بەم جۆرە ئەم کۆشیعرە بە ئامادەییە چڕایەتییەکەی. تێڕامانە باوەکان بە نامۆ دەکا و بەمەش خوێنەر بەرەو گەردوونێکی نوێ پەلکێش دەکا. هەڵبەتە یەکێک لەو خەسڵەتانەی شیعر. هەر ئەو ئاکاری بەنامۆکردنەیە کە مرۆڤ هان دەدا بە شێوازێکی جیاواز لە پێشوو. پرسیار بکا. هاوکاتیش بە شێوەیەکی جیاواز بەرسڤ بداتەوە.

هەڵبەتە شیعر خۆی زمانێکە لەناو زماندا. بۆیە بە سروشتە چڕایەتییەکەی ئاوازێکی شەپۆلدارە. کۆشیعری «قاڵییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندوو». بە ئاوێزانییەک لەئامادەیی فرە زماندا.کە ئەو زمانگەلە تاوێک بە نیگایەکی سوریالی. شۆخی. بێهوودە و تاوێکیش بە ڕامانێکی هی دڵی و هزراندنەوە. بەرەو شەپۆلەکانی شیعرییەت مل دەنێن. بە دەم ڕێوە نەوا. هەناسە و هەڵچوونەکانی شاعیر و هاوسەفەرەکان: خەمگەلی شاعیر و ئەو دەنگانەی کە لە ئاستی سەفەرە بوونگەراییە شیعرییەکەیدان. هەموویان لە چڕبوونەوەیەکدا ئامادە دەبن و خەمە بوونگەراییەکانیان دەچننەوە. بۆیە:

**«دیتن یانی کۆکردنەوەی مەودا**
**دانانیشتەکان لەوێ لە جێی خۆی**
**یان تۆکماندنی مەودا**
**یا خۆ هەڵبەستنی نوتفەی زەڕڕە..»ل٣٧**

بەڵام ئەم «قاڵی»یە لە شیعرییەتە بۆ ئەوەی سەبووریەک بۆ ئەو «ماندوو» بوونە دەستەبەر بکا. لەهۆکردی بزوان دەهزرێ. بەمەش چێژێکی تامنەکراو بە خودی ڕۆیشتن بەرەو سەرەتاییەکان دەبەخشێ. هاوکاتیش بە ئامادەبوونی نامە وەک ئاسۆیەک بۆ پێوەندییەکان، ڕازانکارییەکی شیعری بە «غەریبی» دەبەخشێ. بە:

**«سەرەتا دانیشتن بۆ ماشێن دامەزرا**
**غەریبی لە ئەسلا**
**بۆنامە داهێنرا.**
**ڕێگایەکم نییە بۆ نەڕۆیشتن...» ل٢٦**

لە بۆیە خوێنەر لە بەردەم تەرزە «قاڵییەک»ە. کە خەریکە ئەزموونێکی چڕ دەچنێتەوە. لەوێ لەناو ئەو تەونکارییەی کە بەدەست چڕایەتییەکی شاعیرانەوەوە. کە «... بۆ ڕەزا ئەوەندە مردنە و من منە و ئامادە/ ئەویشیان بۆ دنیا بەم شیعرە/ خۆش ئەدواو عەیبەکان؟» ، دۆشدامەوە، زایەڵەی پەیڤەکان بەناویەکدا وەردەبن و دواجاریش لە زرینگانەوەیەکی تێک ئاڵاودا. مۆژدەی گەردوونێکی جودا، ڕادەگەیەنن. لەو گۆشەنیگایەوە کۆشیعر: کۆخەمی ڕەزا عەلی پوور، شێوازێکە لە کردانی خەم بۆ ویسی ژیان. یان ئەو کۆخەمە هەر خۆی ژیانێکە. هەر بۆیە لەو کۆشیعردا زمان هەندێک جار بەرەواژوو. بێ منەت، تێکشکاو... دەپەیڤێ تاوەکو تامی ڕەسەنایەتی ئەو ئەزموونە بەگەردوونێ ئەو «قاڵی»یە بوون هەڵگرە ببەخشێ. بۆیە لە ڕەوتی شەپۆلە بزۆکەکانی ئەو هەڵچوون و داچوونەی کاروانی شیعری ڕەزا عەلی پووردا، ڕەنگ و ئاوازی شیعرییەت نایانەوێ بە ڕامانێکی ڕاهاتوو، خوێندنەوەیەکی باو. کە ئەزموونگەلی شیعری «ئەودیو و ئەم دیوی» کوردی فێری کردووین خۆیان بدەنە دەستەوە.

دەبا لێرەدا ئەوەش بڵێم، کە وێڕای ئەوەی کە ئەمڕۆ گۆڤار و وەشاندنەکانی کورد لە برەودان کەچی پانتاییەکانی ئەو گۆڤار و وەشاندنانە، بەتاڵە لە ئامادەیی ڕەخنە و ئاوڕدانەوە لە ئەزموونە جوانەکانی دەقی کوردی. لە کاتێکدا دەبوو ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کوردی، لە بری ئەو زارقەڵەباڵغییەی، کە بەشێکی زۆریان بێتام و بێ سوودن، تەرخان بکەن بۆ خوێندنەوە و ئاوڕدانەوەی لە ئەزموونگەلێکی وەک ئەو کۆشیعرە،

بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەو بەناو ڕەخنە و وەشاندنە فرانەی کوردی هێشتا پێکهاتەیەکی خێڵەکی و کێبەرکێی بازرگانی لەپشتەوەیان ئامادەیە، بۆیە خەمی ئەو گۆڤار و بەناو ڕەخنەگرانەش هەر پەسندانی عێل و عەشیرەتەکەی خۆیان و پڕکردنەوەی ئارەزووە ڕووکەشەکانی خۆیانە. لێرەوە تاوەکو ئەو پێکهاتە خێڵەکییە ڕۆشنبیرییەی ئێمە تێک نەشکێنرێت. ئەوە چاوەڕوانیکردنی ئەو تەرزە ڕەخنە و ڕەخنەگرە چاوەڕوان کراوە، تەنیا بێهوودەییە، بە هەمە حاڵ.

کەواتە دەکرێ بێژین. کە «قاڵبییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە». لە کیبەرکێی کاریگەرییەکانی نێوان واقیع و هزراندن. نیگەرانی و ماخولیا، پەیڤین و بێدەنگیدا، لە دایک بووە. یان ڕەنگدانەوەی ئەزموونێکە، کە «ماندوو» بە دەست ئەو شێوازە شیعرییە باوانەی ئاوازەکانی خۆی. بەدەست ئەو شارەی کە «ژنێکی لێ تەنگە»، لەوەش خەمینتر «بووکۆکە»یەک کە خەمی «شکان»ی منداڵییەتی خودی شیعر، یان شیعرییەتی خوشک، لە شیعردا دەئەزموونێنێ. بە دەست «نیشتمان» کە هیچ وتنێکی لەسەر مەحاڵە...تاد کەواتە:

**وابزانم من ڕەزا**
**باوەڕکەن ماندوو بووم**
**ئەوەندەی شاعیرم» ل۱۲**

لێ دوای گشت ئەو هەموو «ماندوو» بوونانەی ئەو «قاڵبییە». ئێمەش ماندوو بەدەست دڵەلەرزی دانانی ئەو «مەربەعە» ماندوو دەبین، کە شەپۆلی شیعر دەرفەت نادا لەسەری دانیشین. بۆیە ئەزموونی ڕەزا عەلی پوور، بەوە دەمانکاتە هاوخەمی خۆیەوە، کە کێشەی شیعر ئەوەیە کە «هەموو شتێ لەحەجمێکا کۆتایی هات/ حەجمێک بە ئەستووری یەک لاپەڕەی ڕۆژنامەیەک». کەواتە مرۆڤ «مەجبوورە بە تاقەتەوە/ ماتڵی هیچێک» بێ.

«قاڵبییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە» بە ئەزموونێک لەجیاوازی: نەوا و وێنەگەلێکی مەیلەو ناباو لە ڕەوانبێژی و پەیڤین زمانەکەی مشتوماڵ دەکا. هەڵبەتە بەگوێرەی ئاگاداری من، ئەو شێوازە شیعرییە، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵات، دیاردەیەکی نوێیە. هەرچەندە کۆمەڵێ هەوڵی پێشتر هەن کە کاریان لەسەر قورسایی زمان تێکشکاندن کردووە. یان هەوڵیانداوە بە ڕازانکاریی زمان شیعر بخەملێنن. وەلێ ڕەزا عەلی پوور هەوڵدەدا ئەو مەودایانەی کە لەبەردەم ئەو تەرزە ئەزموونە شیعرە بەتاڵ ماوەتەوە. بە پڕشنگگەلی ئەو کۆشیعرە پڕ بکاتەوە و تاوەکو گەردوونێکی جودا ئاوەڵا بکاتەوە. یان پانتاییەک بۆ زمانێکی نامۆ، گەردوونێکی بەتاڵ، ئاوەدان بکاتەوە. ئەو کۆشیعرە زایەڵەیەک لە خەمێکی ڕەمەکی و خود دەربڕینێکی ئیرۆنیانە و تێهزرینێک لە پێوەندییە ئاشناو دوورەکان بەناویەکدا دەردەبن بەم جۆرە ئەم کۆشیعرە، بەدەم ڕەوتی شەپۆلدانی زمانەکەوەیەوە، کە هەندێ جار شێوە زمانێکی «ڕۆژانە»، وەک هەناسەدانێکی ئەم کاروانە شیعرییە، ئامادە دەبن و لە هیکرا لە پێچ و ڕاڕەوەکانی زمانی «شیعرییەت»دا چڕ دەبنەوە. بەئاوەڵاییەک میوانداریی گەردوونەکەی خۆیان دەکا. لەوێدا زمان وێنە سرک و ڕەمەکی و هێڵە ستوونی و زیکزاکییەکانی ئەزموونە شیعرییەکەی مینا قاڵبییەک دەچنێتەوە و گەردوونەکەی نمایش دەکا:

**«گەلاوێژ پێم ئەڵێ:**
**نامروەت دەستێک بێنە بە خەیاڵما**
**کە وشەکانم بە هەدەرەوە بەفریون**
**پەپوولە بە خەتی قژتەوە ئەنیشێ:**
**گیانی گیا**
**لەکوێدا بینووسم هەڵنەفڕێ!؟**
**پێم وابێ بیناسن،**
**گەلاوێژ هەر هەمان عوبووری تەیرێکە**
**بە هەس و نیەسما داکوتراو.» ل۲۳**

ئەوەتا بە دەم ڕستە ڕستەی تەونێکەوە، شەپۆلی زمان و نمایشکردنی هێشووە شیعرییەتییەکانەوە. ڕامانمان بەدیار دیمەنێکی چینیەوەی گفتوگۆیەکی بوونگەرایانە ئاوەڵا دەبێتەوە. ڕەزا لەو کۆپلە شیعرەدا، هەروەک بە هەمان تەرز سەرتاپای کۆشیعرەکەی، وەک بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی شەپۆلی سترانێک، یان کۆپلە کۆپلەی پەیڤین و بێدەنگی دەنگ گەلێکی بەدەم ڕێوە، ئەزموونە شیعرەکەی دەخەملێنێ: دەهۆنێتەوە.تاوەکو ئەو گەردوونە نادیارەمان بۆ ئامادە بکا.

بەم جۆرە «گەلاوێژ» بەدەم گوڵچنینی «قاڵی»یەکەوە «ماندووە» نەک خودی «قاڵی»یەکە.لە بۆیە لەنێوان

سنووری ئامادە بوونی هەست و جەستەدا. لەنێوان شەپۆل و مەنگیدا. ژیان دەستێکی گەرەکە تاوەکو «خەیاڵە» کەمۆیە ورووژاوەکانی ناو شیعرەکە بژێتەوە. وەلێ لە مەیلی ئەو دەستەدا «پەپوولە بەختەتی قژ»یەوە هەڵدەنیشێ. بەمەش ئەزموونی شیعرییەت بە فڕینێک لە وێنەی «تەیرێک» بوونە بە جووڵە دەکەوێ و پێناسەیەک ڕادەگەیەنێ. وێڕای ئەمەش، لە ڕەوتی شیعرەکەدا «پشیلە»ی ناو خەیاڵ دەبێتە گفتوگۆیەکی نێوان و دەنگی منی شیعر و «جۆێس»دا. لێ بەدەست نامۆیی پرسیاری «جۆێس»وە زمان بە نامۆکردنی خۆی، ڕامانمان بە ورووژاوی ڕادەچڵەکێنێ.

وەلێ پێشتر شیعر «دێڕێک» وەک بازن بۆ دەستەکانی پێشنیاز دەکا. هاوکاتیش وێدەچێ لەبەردەم فڕینی خەیاڵ و گفتوگۆی دەنگەکانی ئەو ئەزموونە شیعرییەدا، ئاسمان و سەربان لێک ڕۆچوو بن و تاقەکەیان بتەنننەوە:

**«دێڕێک لە دەستەکانتەوە ئاڵێنە**
**خوا هێشتا**
**نیشتەجێی ـــ ئاسمانی ـــ خۆش ئەوێ**
**ئاسمان لەسەر تاقەکەدایە**
**یان سەربان!» ل٨**

خوێنەر لەگەڵ دووبارەبوونەوەی ئەو کۆپلانەی، کە هەر دەڵێی تێهەڵچوونەی شەپۆلی نەوای دەنگی بەڕێوەی شیعرەکەیە. یان زرینگانەوەی دەستپێکردنی چینێکی ترە لە تەونچنی مافوورەکە. دەکەوێتە ناو گەردوونێکی نامۆی ڕازاوەی شیعری، پەیڤینێکی زایەڵدار و بێدەنگ. لە گەردوونی ئەو ئەزموونە شیعرییەدا. زمان و جووڵەکان لە پێوەندییەکی تۆراوی هۆگردا دەسازێن و بە دەست لەملانێی شەپۆلی ڕامان و لەرینەوەکان، لەگەڵ خۆیاندا هەڵمان دەگرن. کەچی ڕەنگە «قاڵبییەک دەناسم لەهەرچی گوڵیەتی ماندووە»، ماندوو بوونەکەی لە حەسرەتی ئەو ئاسمانە بێ کە «حەوشە دیوارەکانی خۆش ناوێ». لەو مڕکێش مڕکێشەی نێوان ئاسمان و زەویدا. کە زمان سەرقاڵە لە یەکاتیەکدا یەکیان بخات. تاوەکو جارێکی تر «پلیکانەکان» لە خەواندنی شیعردا جووڵەکان بکەونە شەپۆلدان و زمان باخچەکانی گەردوون بڕازێنێتەوە:

**«ئەبێ جارێکی تر**
**پلیکانەکان بخەوم**
**یان بگریم**
**تا پشیلەیەک لە زەینما بپشکوێ..» ل١٠**

لێ وێڕای ئەوەی زمان و شێوازی «قاڵبییەک لە هەرچی گوڵیەتی ماندوو»، گەردوونی بە زمان ئامادە کردووە. وەلێ هەر لە سەرەتای ئەو کاروانە شیعرییەدا، هەنیەمان بە وشەگەلێک دەکەوێ. کە ڕەنگە بەهۆی عارەبی زانینی خوێنەری باشووری کوردستان، مایەی پرینگانەوەیەک بن. هەرچەندە ڕەنگە بۆ خوێنەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خودی شاعیری ئەو کۆشیعرەش، بەهۆی مەیسەر نەبوونی خوێندنی زمانی کوردی لەزارۆکایەتی و فرچکگرتن بە زمانی بێگانەوە، ئەو پەیڤگەلە عارەبییە بە فارسی کراوانە کە لەسەرتاپای ئەوکۆشیعرەدا تاو ناتاوێک ساتمەیان لێدەکەین، بە خەوشیش نەزانرێن. لێ پەیڤگەلێکی وەک «موربەع، زەرورەت، ئیدامە، ئەسڵ، حەجم، عەدەد، سقووت، حاشیە، ئینتها، سطح، مصداق و...تاد کە گشتیان عارەبین، وەک چۆن وشگەلێکی فارسی وەک «خاکستەر، فردەوس، خیابان، جومبش، جەڕەیان و...تاد، کە بەشێک لە نووسەر و شاعیرانی باشوور، بەهۆی زاڵبوونی زمانی فارسی لەسەریان. بەکاری دەهێنن، بۆ خوێنەری فارسیزانی کوردی ڕۆژهەڵات عەنتیکە بنوێنن، بەهەمان تەرزیش فرە ئامادەیی ئەو پەیڤانە لە دەقێکی شیعرییدا. ڕازانکاری/ ئێستێتیکیەتی شیعرەکە دەڕووشێنن. هاودەمیش، لەڕوانگەی ئەوەی کە شیعر خەمی خەملاندن و داڕشتنی زمانێکی پەتی نەتەوەیەکە، بۆیە هەبوونی ئەو هەموو وشەگەلە ناکوردییانە، لەبەردەم باڵادەستی باڵادەستی زمانێکی سەپێنراو نیگەرانمان دەکەن.

وێڕای مەیلە و پێویستی ئاماژە کردنمان بەو ئاستەنگە زمانییە، بەڵام ئەو کۆشیعرە بە ئامادەیی ڕامانە چڕ، وێنەگەلە نامۆ، دیمەنە ژیکەڵە، خەم بزۆک و جوانکارییەکانی دیکەوە، ئەو خەوشە زمانییە تێکدەشکێنێ. بەم جۆرە بە دەم هاوسەفەری شیعر و زمانەوە لەگەڵ گەیشتن بە ناخی ئەو گەردوونەدا. کە سنوورێکە لەنێوان هەست و ڕامانگەل، نێوان جەستە و ڕۆح، خوشک، باوک، جیرانە کیژ...تاد، وەک دەنگ گەلێک تێکەڵی یەکتر دەبن و ڕوانینمان بە دیمانەی ئەو

ئەزموونە شیعرییە شاگەشکە دەبێ و ئاوەڵا دەبێتەوە. بە واتایەکی دیکە، خوێنەر لەگەڵ گەیشتن بە دیمانەی ئەو ئەزموونە شیعرە، ئەگەر ئامادە بێ لەویەکاتییەی بوون بهەزرێ، یان ڕابمێنێ، دەتوانێ ڕۆبچێتە ناو بوونایەتییەکەی، کە ئەو دەقە شیعرییە وەک «قاڵبیەک» وێڕای ئەوەش «لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە» چنیویەتەوە. دواجاریش شاعیر لەسەر کورسییەک بە دەم ڕەوتی چنینەوەی ئەزموونە جیاوازەکەیەوە، میوانی گەردوونێکی بەرهەڵدراومان دەکا:

**«درگاکە هەڕاکە**
**پێم ئەوت:**
**خانم گیان بێ زەحمەت**
**تا ئێرە شاعیرم**
**خیابان ئەمناسن**
**لەم کووچە بەرەو خوار**
**حەز دەکەم**
**لەخۆما هەر خۆمم...»**

(#) سەبارەت و بەو دیاردە ڕەخنەیە نوێیە بڕوانە: گۆڤاری
22-23.Nr, 2004, Aiolos. Respublicka. 1998, nr39 شایەنی باسە. ئەم دوو گۆڤارە بە زمانی سوێدین و وەک دوو وەرزنامە تایبەتن بە بواری فەلسەفی. تیۆریی و ڕەخنەی ئەدەبی.
هەروا بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە ئەزموونی بلانشۆ بڕوانە کتێبی:
Maurice Blanchot, "essaer"، وەرگێڕانی .Lund 1991 Horace Engdahl

**کۆشیعری:** قاڵبیەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە
**ناوی شاعیر:** ڕەزا عەلی پوور
**لە بڵاوکراوەکانی:** دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
**شوێن:** کوردستان - سلێمانی ٢٠٠٦

# چێژ و بەهای دەقی شیعریی لەنێوان پەیامگر و خوێندنەوەدا

د. فوئاد ڕەشید
(زانکۆی دهۆک - کۆلێژی ئاداب)

ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشتی کەرەستەی سەرەکی پێکهاتەی تێکستی ئەدەبی، دەربڕینی زمانەوانییە، بەڵام چۆنێتی و چەندایەتی ئامادەبوونی زمان لەنێو هەموو دەقێکی شیعریدا چوون یەک نییە. بە دەربڕینێکی دی هەر دەقێک، لە بەرجەستەکردنی ئەوبەها ئیستاتیکی و مرۆڤایەتییەی کە دەیەوێت دەریببڕێت، تەکنیک و تەکنیکی دارشتنی خۆی هەیە.

ئەم گەمە هونەرییە، لە چوارچێوەی ڕەوتی مێژوویی خۆیدا، لەژێر کاریگەری هۆکارە ڕۆشنبیری و زانستی و سۆسیۆلۆژییەکانی سەردەمی خۆیەتی و لەسەرێکی دیکەشەوە پێوەندە بەشیان و هۆشمەندی مەعریفییانەی دەقنووس و ڕوانینی بۆ پرۆسەی ئەفراندن و (ئەدەبیبوون) و ئەو ستایلەی کە لەم پرۆسەیەدا کاری پێدەکات. لێرەوەیە کە دەقە شیعرییەکان، نەک هەر لەنێوان دوو قۆناغی جیاوازدا، بەڵکو لە سنووری یەک ژینگە و قۆناغ و تەنانەت لەنێو خودی بەرهەمی تاکە شاعیرێکیشدا، دەقەکان لە هەموو ڕوویەکەوە فۆتۆکۆپی یەکدی نەبن و هەر دەقێک، یان هەر کۆمەڵە دەقێک- کەم، یان زۆر- خودان کەسایەتی هونەرییانەی خۆی بێت. ئالێرەشەوە هەر دارشتنێک لەسنووری قۆناغ و پێکهاتەی کەسایەتییە هونەرییەکەیدا، هەڵگری چێژ و بەهای خۆی دەبێت.

ئاشکرایە بابەتی چێژ و بەهای دەقی شیعری، بابەتێکی ئاڵۆز و فرە جەمسەر و پێکڤە گرێدراوە بە چەندین بابەت و هۆکار و دۆخی جیاجیاوە، وەک (ڕێژەییبوونی چێژو بەها بەپێی کەس و کات و شوێن، جۆر و سروشتی کەسایەتی پەیامگر لە بەرامبەر دەقەکەدا، جیاوازی ڕوانین لە خودی ئەدەب و ماهییەتی

چێژ،... تاد).

ئێمە لەم نووسینەدا هەوڵدەدەین لە ئاست چەند دەقێکی شعری کوردیدا قسە لەسەر چۆنێتی و چەندایەتی دیارکەوتن و نەکەوتنی چێژ و بەهای دەقەکان لای پەیامگر (خوێنەر، گوێگر، ڕەخنەگر) بکەین؛ چونکە قسەکردن لەسەر (چێژو بەها)ی دەق، ڕاستەوخۆ جەمسەری سێیەمی پرۆسەی نووسین دێنێتە ئاراوە کە بریتییە لە پەیامگر (المتلقي).

ڕاستە هەڵوێستی پەرچە کردارانەی پەیامگر لە ئاست چێژ بینین و نەبینین و پەیبردن و نەبردنی بە بەهای هەر دەقێکی شیعری، مەسەلەیەکی نسبییە و چەسپاو نییە و بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و شیان و ڤیانی ئەدەبییانە، لە کەسێکەوە بۆ کەسێک و لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دی دەگۆڕێت، هەر بۆیەشە زەحمەتە پێوەرێکی دیاریکراو بۆ چێژو بەهای دەق لە چەند قۆناغێکی جیاجیادا دابنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ جار دەکرێ چەند سیما و سنوورێک لەنێوان دەقەکان و حاڵەتەکانی دەرکەوتنی کاردانەوەی (پەیامگر) دیاری بکرێت کە تاڕادەیەک هەڵوێستی پۆزەتیڤی، یان نێگەتیڤییانەی پەیامگر لە ئاست چەند دەقێکدا بەدیار بخات.

کەواتە لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئێمە ئەوەیە کە پەیامگر چۆن و کەی هەست و دەرک بە چێژ و بەهای نێو تێکستێکی ئەدەبی دەکات؟ ئاخۆ هەموو دەقێکی ئەدەبی و لە هەموو دۆخ و چوارچێوەیەکدا دەتوانێ لەگەڵ پەیامگردا جۆرە کارلێکردنێک بخوڵقێنێ و زەین و زەوقی خوێنەر بورووژێنێ؟

ئێمە پێمان وایە جۆر و سروشتی پێکهاتەی تێکست، لە ڕووی زمان و کەرەستە و بونیاد و ناسنامە ئەدەبییەکەیەوە، وا دەکات کە چێژ و بەهای هونەری و مرۆیی دەقەکە زیاتر و زووتر لە چوارچێوەی کردەیەکدا، یان پرۆسەیەکدا بۆ پەیامگر دەرکەوێت. لێرەدا ئاماژە بە چەند چوارچێوەیەک (سیاق) دەدەین:

## دەق لەنێو پرۆسەی ستراندا

هەندێ جار و هەندێ دەق لە ڕێگای میکانیزمای پرۆسەی سترانێکدا زیاتر و زووتر چێژ و جوانی بەهاکانی بۆ پەیامگر دەردەکەوێت. ڕۆڵ و کاریگەری کەرەستەکانی گۆرانی (ئاواز، مۆسیقا، دەنگ و چڕین) بەسەر ئەم جۆرە دەقانەوە، ئەوکاتە دەردەکەوێت، کە دەبینی دەقەکە دوور، یان بەر لەکردەی بە گۆرانیکردنی، زمانێکی سادە و ناسکی هەبووە و زۆریش نزیکە لە زمانی ڕۆژانەوە مەگەر هەر ئەوە نەبێت بە کوردییەکی پەتی و ڕەوان داڕێژراوە. دواتر لە ڕێگای چێژی گۆرانییەکەوە، پەیامگر چێژ لە دەقەکەش وەردەگرێت، کاتێ گوێ بیستی چەند دەربڕینێکی کاریگەر دەبێت کە ئەم دەربڕینانە بۆ خۆشیان لە زمانی ئاخاوتنیشدا جوان و کاریگەر و سەرنجڕاکێشن، کە ڕەنگە دەلالەتی بەرائەتی و سووتان و بە ئەمەکی و پەشیمانی و نامۆیی و بێنازی ببەخشن، لێرەدا سیحر و هێزی موگناتیسی ئەم جۆرە دەربڕینانە بۆ ڕاکێشانی پەیامگر، ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لە زمانی ئاخاوتنماندا سەرنجمان لێیان نەداوە و لەژێر کاریگەری پاڵەپەستۆی باری سایکۆلۆژیماندا دەرکمان بە جوانی و کاریگەرییەکەیان نەکردووە، یان عەیامێکە ئێمە لەقسەکردندا بەکارمان نەهێناون. پێم وایە نموونەی ئەم حاڵەتە لەنێو هەندێ لەو دەقانەدا بەرچاو دەکەوێت کە هونەرمەندان (بەهجەت یەحیا، عەتا قەرەداغی، حەمە ڕەووف کەرکووکی، خالید ڕەشید، سامان عومەر) کردوویانە بە گۆرانی.

لە پاڵ ئەم نموونانەدا، دەقی دیکەشمان هەیە، هەر بۆ خۆیان کاریگەرن و زوو خۆیان ئاوێتەی زەین و زەوقی پەیامگر دەکەن، جا ئەگەر کەسێکیش، بێت و توانای ئەوەی هەبێت لەم جۆرە دەقانە سترانێک سازبکات بەشێوەیەک (ئاواز و دەنگ) هاوتەبای ئەزموونی ئەدەبی دەقەکە بن، ئەوا هێندەی تر دەق لەنێو پرۆسەکەدا جوانتر و کاریگەرتر دەبێت و زیاتریش پەیامگر دەورووژێنێت.

دیارە ئەم قسانەمان مانای ئەوە نییە، کە هەموو گۆرانییەک دەقێکی جوان و سیحراوی لە پشتەوەیەتی، هەروەها میکانیزمای گۆرانییش بە تەنیا ناتوانێ هەموو دەقێک بخاتە نێو زەین و زەوقی پەیامگرەوە.

## دەق لەنێو پرۆسەی خوێندنەوەدا

خوێندنەوە چالاکییەکی ئیستاتیکی و فیکرییە، لەمیانیدا هۆشمەندی خوێنەر پەیوەست دەبێت بەڕەوتی دەقی ئەدەبییەوە(١) هەڵبەتە دەکرێ کەسایەتی خوێنەر خودی شاعیر خۆی بێت، یان کەسێکی دیکەی ئاسایی بێت. کەواتە لەسەروبەندی دەرکەوتن و نەکەوتنی چێژو بەهای دەق بۆ پەیامگر، قسە لەسەر دوو جۆر حاڵەتی خوێندنەوە دەکەین:

أ- دەق هەیە لە خـوێندنەوەیەکی جـەمـاوەریدا، لە چوارچێـــوەی کـــۆڕێک، ئاهەنگێک، زووتر و زیاتر کـارلێکردنێک لەگـەڵ پەیامگردا دروست دەکـات و لە بەرامبـەریشـدا، پەیامگر (کە لێرەدا گوێگرە) هەست بە چێژ و بەهایەکی دەقەکە دەکات.

ئەم جۆرە تێکستانە پتر نەفەسێکی حەماسی وتینێکی شۆڕشگێڕی، یان ڕەخنەیەکی ڕیالیزمیانە، یان هەڵکشان و داکشانی ڕەهەندە ویژدانییەکانی ئەڤینداری بەرجەستە دەکەن. لێرەدا پتر هێزو سیحری ناوەڕۆک (جا ئیدیۆلۆژی بێ، یان سایکۆلۆژی بێ)، دەقەکەی لای پەیامگر جوان و سەرنجڕاکێش کردووە؟ بۆیە لەم جۆرە حاڵەتانەدا (دەق) ڕەزامـەندی پەیامگر مـسـۆگـەر دەکـات و بە چەپڵـە و حەماسەت و هەندێ جاریش بە بزەو خەندەشەوە پێشوازی لێـدەکـات، بەڵام ئەمـەش مـانـای ئەوە نییـە ئەم جـۆرە تێکستـانە، سادە و قسەی ئاسایین و خاڵین لە سیمـای هونەری، نەخێـر، بەڵکو هێندە هەیە ئەم جـۆرە دەقـانە و لەم حاڵەتانەدا زیاتر هێزی ڕاکێشانی پەیامگر بۆ خۆیان لە هەڵوێستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە وەردەگرن و کەمتر لەبونیادی زمانەوانی ناوەوەی تێکستەکە. واتە هاوکـێـشـەکـە لێـرەدا زیاتر شـۆڕشگێـڕییـە نەک شیعرگەرایی.. ئەوینییە نەک ئەدەبییە...

دەکـرێ نموونەی ئەم حـاڵـەتانە، بۆ لایەنی ڕەخنە و شۆڕشگێڕییەکەی لە کرداری خوێندنەوە شیـعریـیەکانی (عەبدوڵڵا پەشێو)ی شاعیردا بەدی بکەین و بۆ لایەنە ئەوینییـەکەشیی لە خوێندنەوە شیـعرییـەکـانی (ڕەنج سەنگاوی)دا بەدی بکرێت.

ب- خـوێندنەوەی خـودی (تاکـەکـەسی): کـاتێک دەقێکی شیـعری، تاڕادەیەک خۆی دوورە پەرێز دەگرێت لە کێش و قـافیـە، بەمـانا و شێـوە تەقلیـدییـەکـەی، لە ڕووی کـورتی و درێژیشــەوە شـیــعـرێکی درێژ دەبێت و ڕەنگە ١٠-١٥ لاپەڕە، یان پتـریش بگرێتـەوە، ئا لەم جۆرە حاڵەتانەدا، چێژ و بەهای هونەری و بابەتییـانەی دەق لە کـردەی خـوێندنەوەیەکی سـەرپێ و جـەمـاوەریدا بەدیار ناکەوێت و ئەم جۆرە تێکستانە پێویستیان بەوەیە کـەپەیامـگر (خوێنەر- ڕەخنەگـر) بەتاقی تەنیـا بۆ خـۆی دەقەکەبە تێڕامان و وردبوونەوەوە بخوێنێتەوە، مەرجیش نییـە ئەم کـارە بـەیەک جـاری خوێندنەوە ڕایی بکرێت، بەڵکو دوور نییـە دوای چەندین جاری خوێندنەوە ئینجا سیـحری جوانی و ئامـاژە و هێمـاکـانی پشـتەوەی چنینە زمانەوانییەکەی دەق بەدیارکەوێت.

لێـــرەدا دەبینرێت کـــەســـایەتی پەیامگر، لە چەند لایەنێکەوە کەسایەتییـەکی جیـاوازە لە کەسایەتی ئەو پەیامگرەی شیعرەکەی بۆ دەخوێنرێتەوە لێرەدا پەیامگر بۆ خـۆی بڕیاردەر و ئەنجـامـدەری پرۆسـەی خـوێندنەوەیە. جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە پەیامگر لەم دوو حاڵەتەی خوێندنەوەدا، هاوکـات و هاوشـانی گـۆڕان و جیـاوازی نێـوان پێکهـاتەی دوو جـۆر دەقـیـشـە لەڕووی زمـان و کەرەستە و گەمەی هونەرییەوە.

### دەق لەنێو پرۆسەی توێژینەوەی ڕەخنەییدا

پێـکـهـــاتەی بونیـــادی زمـــانەوانی و فـــێـــڵـــە ئیستـاتیکییـەکانی هەندێ دەق، بە ئاسانی خۆیان نادەن بەدەست زەین و زەوقی پەیامگرەوە، بۆیە ئەم جۆرە دەقانە نەک هەر کـەڵکی خوێندنەوەی بەردەم جەماوەریان نییـە، بەڵکو بەیەک دووجـار خوێندنەوەی تاکەکەسیش چێـژ و بەهاکــەی دەرناکــەوێت. ئەم جــۆرە تێکســتـــانە دوای توێژینەوەیەکی وردی بابەتیـــانە و بەکـــەڵک وەرگـــرتن لەمـیکانیـزمـای مـیـتـۆدێک، یان چەند مـیـتـۆدێکی ڕەخنەیـی، دەشێ هەندێ ئەدگـــاری هونـەرییـــانەی دەربکەوێت و لێـرەیشـەوە پەیامگر بورووژێنێت. هەڵبەت مـیـتـۆدێک تەباو گـونجـاو بێت لەگـەڵ ئەزموونی ئەدەبی دەقـەکە، چ لە ڕووی ئیسـتـاتیکی و چ لە ڕووی بنەمـای بابەتیـیــەوە. دەکـرێ بڵـێین هەندێ لەو تێکســتـانەی کـــەبەناوی (فـــۆرمی گـــران) و (دەقی نوێکار) و (نوێخـوازی) و (ئەفراندن و تێکشاندن و تەغریبکردنی زمـان)ەوە پێـشـکـەش کـراون، نموونەی ئەم جـۆرە حـاڵـەتە بن، لێرەدا دەکرێ ئامـاژە بە دەقەکانی (ئەنوەر مەسیفی) و (سەباح ڕەنجدەر)ی شاعیـر بدەین وەک نموونەیەکی ئەم جۆرە دەقانە.

بێگومـان ئەم مەسەلەی دەرکەوتن و نەکەوتنەی چێژ و بەهای دەقی شیـعـری، هەروەک لە سـەرەتاوە ئامـاژەمـان پێکرد بابەتێکی فرە جەمسەر و بەنێویەکداچووی ئاست و جۆرەکانی پەیامگرە لەگەڵ جیاوازی نێوان ئەو جیهانبینی و ئەدەب بینییەی کە تێکستەکانی لەسەر داڕێژراوە.

هەڵبـەتە هەریەک لەم دوو جـەمـسـەرە، پەیامگر و جیـهـانبـینی دەقنووس بیروبۆچوونی جیـاوازی لەسەرەو هەر میتۆدێکی ڕەخنەیی تیۆرێکی ئەدەبی لە گۆشەنیگای

خۆیەوە تەماشای ئەم دوو جەمسەرەی کردووە. ئێمە لێرەدا بەگشتی و بە ئەندازەی نزیک بوونی لەباسەکەمانەوە، ئاماژە بە چەند لایەنێکی دەدەین.

بە بۆچوونی ڕەخنەگر و تیۆریستکاری ئەڵمانی (H.R.JAUSS) کاردانەوەی پەیامگر لە ڕووی کارلێکردن و ئاوێتە بوونییەوە لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا بە مەبەستی تێگەیشتن و چێژ وەرگرتن و ڕاڤەکردن و چۆنێتی دواندنی دەقەکەش پێوەندە بە چەند فاکتەرێکەوە(٢):

– ئەو زانیاری و شارەزاییەی کە (خوێنەر، پەیامگر) هەیەتی سەبارەت ئەو ژانرە ئەدەبییەی کە دەقەکە لەخۆ دەگرێت.

– تا چ ڕادەیەک خوێنەر ئاشنای ئەو پێکهاتە بابەتییانەی دەقەکەیە، کەوا دادەنرێ خوێنەر دەرکیان پێبکات.

– خوێنەر تا چ ڕادەیەک شیانی جیاکردنەوەی نێوان زمانی ئیستاتیکی و زمانی ژیانی ڕۆژانە و دنیای واقیعی و جیهانی ئەندێشەکراوی هەیە.

جا هەروەکو (یاوس)یش ئاماژەی پێداوە، هەڵوێست و ئاستی پەیامگر و لەبەرامبەر ئەم سێ هۆکارەدا، ڕادەی دووری و نزیکییەی لەجیهانی دەقەکە، یان هەروەک ئەوەی (یاوس) پێی دەڵێت: (مەودای ئیستاتیکی)(٣) دیاری دەکات.

لە بەرامبەر پەیامگریشدا، ئەوە جیاوازی ڕوانینی و تێگەیشتنی دەقنووسە لە چەمک و پەیامی ئەدەب کە دەقی ئەدەبی تاڕادەیەک سانا و تاڕادەیەک ئاڵۆز دەخاتە بەردەستی خوێنەرەوە.

ئەو ئەدیب و دەقنووسەی کە پێیوایە، شیعرییەت و ئەدەبیبوون، پتر ئیشکردنە لەناو زمان و خوڵقاندنی زمانێکی نوێیە و (شیعری نوێ ئەو هونەرەیە کە ئەرکێک بە زمان دەبەخشێت زمانی ئاسایی نەیکردووە و پێی ئاشنانییە)(٤)، ئیدی لێرەوە زمانێکی سرووشبەخش (ایمائي) دێتە ئاراوە،کە ماناو دەلالەتی وشە وفرێزەکانی لەدەرەوەی فەرهەنگ و زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە دەبن و لە سنووری پێوەندییەکانی ناوەوەی دەقەکەدا مانا لەخۆ دەگرن و ئاماژە و نیشانەکان لەنێو خۆیاندا دەردەکەون. هەڵبەتە شاعیر ئەم گەمە زمانەوانییە لە ڕایەڵکردنی خەون و ئەندێشەی دنیابینی خۆیدا دەڕەخسێنێت، ئەمەش بە کەڵک وەرگرتن لە کەرەستە ئەفسووناوییەکان و خودی کرداری بە ئەفسانەکردن و میکانیزمای جیاجیای جۆرەکانی ترازان و لادانی زمانەوانی، کە لادانی سیمانتیکی لێدەکەوێتەوە و سەرئەنجام دەقێک لە دایک دەبێت، کە هەموو خوێنەرێک ناتوانێ بە ئاسانی کۆد و نیشانەکانی بدۆزێتەوە و ئاشنایەتییەکیش لەنێوان پەیامگر و ئیستاتیکای دەقەکە دروست نابێت؛ بۆیە ئەم جۆرە تێکستانە هەروەکو (د. عبدالله الغذامي) دەڵێت: کارو پێکهاتەیەکی چڕوئاڵۆزن و کات و هەوڵێکی باشیان دەوێت بۆ لێوردبوونەوە و لێگەیشتنیان و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیان بە خوێندنەوەیەکی بێدەنگی تاکە کەسییە.(٥)

ئەمەیە خاڵی سەرەکی ئەم کورتە نووسینە (دۆخ و چوارچێوەی دەرکەوتنی چێژ و بەهای دەق). دەق هەیە لە چوارچێوەی کردەی ستراندا و دەق هەیە لە خوێندنەوەیەکی جەماوەریدا و دەقیش هەیە لە خوێندنەوەیەکی تاکەکەسی و بێدەنگ و بە ئامادەبوونی میتۆدێکیش ئینجا چێژو بەهاکەی بۆ پەیامگر ئاشکرا دەبێت. ئەم سەرنجەیش کە لێرەدا ئاماژەمان پێدا، یاسایەکی نەگۆڕ و چەسپاو نییەو شورایەکی پۆلایینی لەنێوان ئەم حاڵەتانە دروست نەکردووە، بە دەربڕینێکی دی مەبەستمان ئەوە نییە هەرچی دەقێک هەیە کە کرایە گۆرانی ئەوە دەقێکی کاریگەر و ورووژێنەرە، یان ئەو دەقەی کە پێویستیی بە خوێندنەوەی قووڵە، ناکرێتە گۆرانی، یان ئەو دەقەی کە نەکرایە گۆرانی، مانای وابێت خاڵییە لە داهێنان، نەخێر ئەم جۆرە دەرەنجامانە ناکرێ ڕەهابن و بە تایبەتی لێرەدا پتر مەسەلەکە گرێدراوە بە کەسایەتی پەیامگرەوە، کە جۆرو ئاست و هەڵوێست و ژین و ژینگەی قسەی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەم ڕاستییانەشدا ئێمە دەتوانین بۆ سەرنجەکانمان چەند نموونەیەک بهێنینەوە و بڵێین، لە خوێندنەوەیەکی جەماوەرییدا بۆ دەقی (ئۆپێرای گا)ی (ئەنوەر مەسیفی)، نەک هەر پەیامگر چێژی لێوەرناگرێت و پەی بە بەهای هونەریی دەقەکە نابات، بەڵکو پەیامگر پتر تووشی بێزاری و ناڕەزاییبوون دەکات و دەکەوێتە پرسیار و گومانیشەوە لە ناسنامەی ئەدەبی ئەو دەقەی گوێبیستی دەبێت(*)

(د. فەرهاد پیرباڵ) چەند دەقێکی دوو توێی کتێبی (سپیاییەکانی ناو ڕەش ڕەشاییەکانی ناو سپی) بە دەم

مۆسیقاوە دەخوێنێتەوە.(**) ئینجا لێرەدا هەندێ دەق هەیە نەک هەر (مۆسیقا) ناتوانێ لای پەیامگر شیرین و چێژداری بکات و بیخاتە زەین و زەوقییەوە، بەڵکو قابیلی خوێندنەوە نییە؛ بۆ نموونە پێکهاتەی ئیستاتیکی هەندێ دەق هەیە وەکو دەقی (i)

**i**
**لە**
**پاریس**
**جارجار**
**دەچم**
**لەسەر**
**بڵندترین**
**دوندی**
**بورجەکەی**
**ئیڤێل**
**ڕادەوەستم؛**
**هەموو شوێنێکم لێوە دیارە:**
**تەنیا هەولێر نەبێ!**

خوێندنەوە بە تەنیا زۆر سادەی دەکاتەوە، یان دەیشوێنێت؛ چونکە دەقێکی وێنەییە و دەبێ چاو (بینین) بەشداری بکات لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا، یان تۆ وەرە سەرنجی دەقی (شیراتون لەبەر باراندا)، یان دەقی (پەڕگاڵ) بدە، چۆن و لەگەڵ چی مۆسیقایەک دەیخوێنیتەوە؟ ئەمە کارێکی بێهوودە، یان نارێکی لێدەکەوێتەوە.

دەکرێ لەم میانەدا بڵێین، ئۆباڵی ئەم جۆرە تۆرانەی نێوان دەق و پەیامگر لە ئەستۆی نەگونجاوی ئەو چوارچێوەیەیە کە دەقەکەی تێدا خراوەتە بەردەم پەیامگر.

## پەڕگاڵ

دراو:

کوردستان - (١٩٩٢-١٩/٥ = ٠٠٧ - ١٩ پارچە عەردێک ٠,٠٧+ باوک و دایک و سێ خوشک و سێ برا + ١٩ دینار= س٢- ٣٠٠

داواکراو:

شیعر= ٠,٠١٣

خۆشەویستی و برایەتی + برادەرایەتی+ خزمایەتی = (ص×١/٢)

٢٠٠٠ دینار= پۆلیس هێنانە سەر ماڵی زاوا و هەڕەشەکردن لە برای خۆ بە کوشتن

(١÷٥)+ ئوتومبێلێکی بەرازیلی = ٩٩٠٠٠,٥٠٠ دینار

٠,٠١٣+ (ص×١/٤)= ١٠٠٥+ میرانی باوک (دوکانێکی قەسابی)

دەشزانین کە س٢- ٣٠٠+ (ص×١/٢)= ٣٠٠ دۆلار

هەروەها

هونەر و داهێنان و جوانی + قەڵای هەولێر= (-١× ٤٦).

کەواتە:

س٢ - ٣٠٠+ (١÷٤٦) × ٤٠٩٠٠+ کوردستان هەمووی یەکسانە بە (٢٥) دۆلار.

تێبینی:

٠,٠١٣ دینار دەمێنێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

**(١) گۆڤاری (الأقلام) ژ(١) ١٩٩٩، ل٢١.**

**(٢) گۆڤاری (الأقلام) ژ(٥) ١٩٩٩، ل٢٣.**

**(٣) هەمان ژێدەر.**

**(٤) د. محمد علی فـفلد، الشعر و الصراع الايديولوجی، ص٧٨.**

**(٥) د. عبدالله الغذامي، تشريح النص، ص١٠٢.**

**(*) لەبیرم نییە چ ڕۆژ و کاتێ بوو، کە (مەسیفی) شاعیر لە (گۆڵان T.V)ەوەم بینی و هەڵە نەبم لە هوتێلی چوارچرابوو لەبەردەم کۆمەڵێک خەڵکدا شیعری خۆی دەخوێندەوە. زۆر بە زەقی دەم و چاوی ئامادەبووان ناحاڵیبوون و نەگونجاوی نێوان خۆیان و دەقەکەیان پێوەدیار بوو، وەک بڵێی نەیان دەزانی هەڵوێستیان چۆن بێ لە ئاست دەقەکە و شاعیردا.**

**(**) جێگای ئاماژەیە (د. فەرهاد پیرباڵ) لە کاسێتێکدا بە دەنگی خۆی و لەگەڵ مۆسیقادا هەندێ لە دەقەکانی خۆی دەخوێنێتەوە و کاتی خۆی دانەیەک لەم کاسێتەی بە دیاری پێشکەش کردم.**

# لێکدانەوەیەک بۆ گفتوگۆی نێوان هاملێت و تارماییەکە

و. ئا: فوئاد یوونس

تارماییەکە لەگەڵ هاملێت دێتە ژوورەوە و ڕووبەڕووبوونەوەکەش بەردەوام دەبێت.

**هاملێت: بەرەو کوێم دەبەی؟ قسە بکە**
**لەوە زیاتر نایەم لەگەڵتا**
**تارمایی: گەرەکمە بمناسی**
**هاملێت: بەڵێ**
**تارمایی: کاتی ڕۆیشتنم نزیک بۆتەوە**
**دەبێ خۆم ژێردەستەی گڕی**
**گۆگرد و سوێی ئازار بکەم**
**هاملێت: ئای تارمایی داماو!**

لە دەربڕینەکانی سەرەتاییدا تارماییەکە پێمان ڕادەگەیەنێت کەوا ئەو تەنیا تارماییەکە نەوەک فریشتە. هەروەها شکسپیریش بەبیرمان دێنێتەوە کەوا ئەم ڕوحە ئەوە نایەنێت کە ئێمە ڕاوێژ و ئامۆژگارییەکانی بە ژیرییەکی بێ هەڵە وەربگرین، بەڵام هیچ شتێکیش نییە ئاماژە بەوە بکات کە ئەم تارماییە چەواشە کرابێت کەمتر لە هەر یەکێک لە ئێمە.

**تارمایی: بەزەییت بەمندا نەیەتەوە، بەڵام**
**گوێت باش ڕادێرە بۆ قسەکانم**
**هاملێت: قسە بکە ئامادەم**
**تارمایی: کاتێ گوێت لە قسەکانم دەبێ**
**لەو چرکە ساتە بەدواوە پابەندی تۆڵە دەبی**
**هاملێت: چی؟**
**تارمایی: من ڕۆحی باوکتم**
**دەبێ لەشەودا دەرکەوم**

**له ڕۆژیشدا له ئاگردا دەبێ ئازار بچێژم**
**تا ئەوکاتەی تاوانە چڵێسەکان کە**
**لە ژیانمدا ئەنجام دران نەسووتێ و**
**پاک نەبێتەوە.**

دووباره شکسپیر جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم تارماییە فریشتەی ئاسمان نییە، بەڵکو ڕۆحێکە کە هێشتا پێویستی بەوە هەیە تاوانەکانی پاک بکرێتەوە. بۆ دڵنیابوون لەوەی ئێمە ئەم تارماییە ون ناکەین، بۆیە شکسپیر ئەمەی (تارمایی) وەک بابەتێک وەرگرتووە بۆ ئەڵقەی پێوەندی کردنی تێگەیشتنمان لە شانۆکە کە پاک کردنەوەی تاوانەکانی ئەم تارماییە لەم ئان و ساتەدا چەندە سەخت و دژوارە.

**تارمایی: نابێ نهێنییەکانی دۆزەخت پێ بڵێم**
**بەڵام دەتوانم ئەو چیرۆکەت بۆ باس بکەم**
**کە وشە ڕەقە درەوشاوەکانی، ڕۆح دەکێڵێ**
**خوێنی گەرمی گەنجیت دەبەستێ و وشک دەکا**
**هەردوو چاوت وەک ئەستێرە ئەبڵەق دەکا**
**مووەکانی قژت لە ترسانا وەک تووکی**
**ژووژک دەوەستێ، بەڵام ئەم باسکردنە**
**ئەبەدییە ناشێ بۆ گوێچکەیەک کە لە**
**خوێن و گۆشت پێکهاتبێ**
**گوێ بگرە، گوێ بگرە، باش گوێ بگرە.**

شکسپیر هەر بەوەش ناوەستێ، دڵنیایی بوونەکەی دەگەیەنێتە ئەو پەڕی بۆ خوێنەرەکانی، کە تارماییەکە کەسێکی زیرەک و هۆشیار نییە لە کۆتایی ئەم دیمەنەدا زۆر بە جددییەوە داوا لە خوێنەرانی سەردەم دەکات کە بەشێوەیەکی ژیرانە تاوتوێی بابەتەکە بکەن و لایەنی باش و خراپی دیاری بکەن. بۆ ئەم مەبەستە پاساوێکی بەهێزی هەیە. پەیام و بیرۆکەی شانۆیەکە کارێکی یەکلایی کەرەوەیە، ئێمەی خوێنەر بەشێوەیەکی ئەکادیمییەوە بۆ ڕووداوەکانی شانۆکە دەچین و چونکە ئەمە ڕاسپاردەیەکی زۆر تۆقێنەر بوو بۆ هاملێتی کوڕی بۆ جێبەجێ کردنی داواکارییەکەی کە ئەویش تۆڵەکردنەوەی گیانی خۆیەتی لە دژی براکەی کە هەر ئەمەش بوو لە کۆتاییدا بووە هۆیەک بۆ لەناوچوونی ڕۆحی هاملێت و بۆ حاڵی ئێستاش بۆ لەناوچوونی دەروونی هاملێت و بەرپابوونی ململانێیەکی بێ کۆتایی لەنێو بیروهۆشی هاملێت کە تا مردن لێیەوە ڕزگارنەبوو.

**تارماییەکە نهێنی خۆی ئاشکرا دەکات**
**تارمایی: گوێ بگرە، گوێ بگرە، باش گوێ بگرە**
**گەر تۆ ڕۆژێک باوکی خۆتت خۆش ویستووە.**
**هاملێت: ئای خودایە!**
**تارمایی: تۆڵەی تاوانی کوشتنی نا سروشتی بکەرەوە**
**هاملێت: کوشتن!**
**تارمایی: لێڵترین کوشتنی ئەم جیهانە**
**کە تاوانێکی زۆر دژوار و**
**نامۆ و نا سروشتییە.**
**هاملێت: بیڵێ با خێرا بیزانم**
**ئەوەتا بیرەکانم باڵیان گرتووە**
**لە بابەتێکەوە هەڵدەفڕن لەسەر یەکێکی**
**تر هەڵدەنیشن. بیرەکانی**
**خۆشەویستیم ڕەنگە خێرابن بۆ تۆڵە.**

یەکەم کاردانەوەی هاملێت دەبێت تۆڵەسەندنەوەی زۆر خێرای گیای کوژراو باوکی بێت. کاردانەوەیەک کە لە ئەنجامی داڕووخانی لەناکاوی بە دیارکەوتنی تارماییەکەوە دروست بوو، بەڵام هەروەک خۆمان دەزانین کاردانەوەکە بەم شێوەیە نییە، هەرچەندە تارماییەکە زۆر بە دڵنیاییەوە پێشبینی ئەوە دەکات.

**تارمایی: تۆ زۆر شیاوی بۆ ئەم کارە**
**گەر چالاکیش نەبی لە ئەنجامدانی ئەم کارە**
**ئەوا زەبوونترین کەسی وەک ئەو فریزەی کە ڕەگی داکوتاوە**
**لەسەر بەندەری «لیزە» (١)**
**گوێبگرە ئەی هاملێت**
**گوایە من لە باخچەکەم خەوم لێکەوتووە**
**مارێک پێیەوە داوم. هەواڵی مردنی من بەم جۆرە**
**گوێی هەموو دانیمارکییەکی فریوداوە، بەڵام بزانە**
**ئەی لاوی خۆشەویست، ئەو مارەی کە بەژیانی**
**باوکتی وەدا ئێستا تاجی شایەتی لەسەر کردووە!**
**هاملێت: ئەی ڕۆحی پێشبینیکەرم مەبەستت مامە!**

هاملێت پێشتر بەر لە بیستنی قسەکانی تارمایییەکە، کاریگەرییەکی خراپی هەبوو لەنێو مێشکیدا بەرامبەر بەمامی.

**تارمایی: ئای کە درندەیەکی داوێن پیس و زیناکارە**
**سەرچاوەی ڕازیکردن و زاڵبوون بەسەر**
**ئیرادەی شاژن بۆ ئەنجامدانی کرداری سێکسی**
**تەڵەکەبازی و قسەی خۆش و دیارییە فریودەرەکان و وتە خراپەکانیەتی.**
**ئاخ هاملێت ئەمە چ فریودانێکە!**
**ئاسەواری ئەو خۆشەویستییە شکۆدارەی من**
**ئاوا بە ئاسانی لەناو بچێت! ئاوا**
**لەنێو کەساسی و زەلیلی نغرۆ بکرێت ئەم خۆشەویستییە پاکەی من**
**بگوازرێتەوە بۆ یەکێک کە بەهاکەی**
**دڵۆپێکە لە دەریایەک لەچاو بەهاکانی من!**
**چاکە هەمیشە بێ جووڵە و فرۆفێڵە**
لەکاتێکدا خراپە خۆی لە پێستی فریشتە نیشان دەدا
ئەو خراپانەی حەز و شەهوەتە چڵێسەکانیان تێر دەکەن
هەر ئەوانن تۆوی گومان لەنێو
مێشکی چاکەکان دەچێنن

تارمایییەکە کەسێتی شاژن بەوە وەسفی دەکات وەکو یەکێک کە هەر لە بناغەوە ئارەزووی سێکسی باڵی بەسەردا کێشا بێ و بۆ دووبارە شووکردنەوەیەکی خێرا، لەم شانۆیەدا گیرترود (شاژن) زۆر بەبێ شەرمانە بەدوای خرۆشانە سێکسییەکانی خۆیدا دەگەڕێت بێ لەبەرچاوگرتنی ناوبانگی هاملێتی باوک و داهاتووی کوڕە تازە پێگەیشتووەکەی هاملێتی کوڕ. هەتا دوای ئەوەی لەلایەنی سروشتی شەڕانگێزی کلۆدیۆسەوە (مامی هاملێت- پاشای ئێستا) پێی ڕاگەیەنرا، بەڵام هەر بەردەوام بوو لەوەستان شان بەشانی مێردە تازەکەی لە هەڵسووڕاندنی هەمووکارە پاشانشینانەی وڵاتەوە لە کۆتاییدا هەستی بە هەڵەکانییەوە کرد، بەڵام دوای چی؟ دوای ڕووداني قوربانییە لەناکاوەکەی کە بووە هۆی دەرچوونی گیانی لەنێو کاسەی ئارەقی ژەهراوی بە دەستی مێردە بەرژەوەندی تاک پەرستەکەیەوە.

## هاملێت ڕێگای گۆڕینی هزری خۆی بۆ تۆڵەسەندنەوە لە باوکی هەڵبژارد

گەڕانەوە بۆ دیمەنی سەر قەڵاکە، ئێستا تارمایییەکە بەوە پەیوەستە کە چۆن باوکی هاملێت ژەهراوی کراوە، لەو کاتەی کە لەنێو باغەکەدا نوستبوو، کلۆدیۆسی برای هات و ژەهری پرژاندە نێو گوێی هاملێتی باوک خێرا بەنێو لوولەکانی خوێنیدا بڵاوبۆوە بووە هۆی تێک هەژانی لاشەکەی. ئا بەم جۆرە هاملێتی باوک کوژرا، بێ ئەوەی مۆڵەتی ئەوەی هەبێت داوای بەخشین لەو تاوانانەی بکات کە پێشتر ئەنجامی داوە. ئینجا تارمایییەکە چیرۆکی ژەهراوی کردنەکەی بۆ هاملێت گێڕاوە کە لەکۆتاییدا بە لەناوچوونی گیانی نۆبلی خۆی کۆتایی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی هێنا، کە بە ژەهری تۆڵە ناوی دەبرد.

دوای ئەوەی تارمایییەکە بۆ جاری دووەم خۆی بە هەملێت پیشان داوە، ئێستا هاملێت بەڵگەی پاسا و هەڵگری پێیە بۆ تۆڵەسەندنەوە، گەرچی کارێکی ئاسان نییە بۆ هێنانەوەی پاساوێکی تر. باوکی بەشێوەیەکی نامەردانە کوژرا، تاوانبارەکەش زۆر بە خێرایی ئامانجەکانی خۆی پێکا- پێوەندی سێکسی لەگەڵ ژن براکەی خۆی (گێرترود) داناو خواستییەوە بۆ ئەوەی هەل بۆ (هاملێت)ی کوڕ نەمێنێ تا لە ئەڵمانیا بگەڕێتەوە لە جێگای باوکی کوژراوی لەسەر کورسی پادشایەتی وڵاتدا دابنیشێ، هەربۆیەش ئەمە بیرۆکەی شکسپیرە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بۆ خوێنەرەکانی. ئەگەر تۆڵەسەندنەوەکە هەڵەبێت، ئەوا هەر بە هەڵەیی دەمێنێتەوە هەتا ئەگەر لەژێر باڵی بارودۆخێکی پاساو هەڵگریشدا بێت، بۆیە بە پاساوێکی بەڵگە نەویستانە پێمان ڕادەگەیەنێت و بەردەوام دەبێت لە باسکردنیدا کەوا بۆچی تۆڵەسەندنەوەکە هەڵەیە.

پەیامە بەناوبانگەکەی پێغەمبەر مەسیح لەنێو مێشکی شکسپیردا دەنگ دەداتەوە: ئەوەت گوێ لێ بووە کە وتراوە، چاوێک بۆ چاوێک، ددانێک بۆ ددانێک، بەڵام من ئێستا دەڵێم: تۆڵە لە کەسێک مەکەوە کە هەڵەی بەرامبەرە تۆ کردووە، ئەگەر یەکێک زللەیەکی لەلای ڕاستی دای لای چەپیشی بۆئامادە بکە، ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەر مەسیح ئێستاکەش لەو ئان و ساتەدا پەیڕەوی دەکرێت. پرۆسەی کارەکانمان، دوور لە

بەزەیی و بەخشندەیی، دەبێ هەمیشە لەسەر بناغەی یارمەتیدانی یەکترەوە بنیات بنرێ، نەک هەر کوشتنی کلۆدیۆس بۆ تۆڵەسەندنەوە نابێتە هۆی چارەسەرکردنی هیچ کێشەیەک، بەڵکو کارێکی هەڵەشە، هەروەها کارێکی ڕووخێنەری پۆزەتیڤانەیە بۆ هۆیەکانی تر. لە شانۆی هاملێت شکسپیر هۆیەکە دەسەلمێنێ! لەڕاستیدا وامان لێدەکات کە لەنێو ئەم تەجروبەیەدا بژین.

**تارماییەکە بەردەوامە لە قسەکردن:**
**تارمایی: گەر هەستی تۆ هەستێکی سروشتییە**
**بەرگە ناگرێ و ڕێگە نادا پێخەفی دانیمارک**
**بە بۆگەنی کرداری سێکسی لەسەر ئەنجام بدرێ**
**دەبێت تۆ تۆڵە لە مامت بسەنی**
**بەڵام ڕۆح و مێشکت ئارام بێت**
**بەرامبەر دایکت و هیچی لەگەڵ مەکە**
**وازی لێبێنە با هەردەم هەست**
**بەتاوان بکا، با ئەم هەستە**
**بیتاوێنێتەوە. ئێستا خوات لەگەڵ**
**ئەم مێرووە خەریکە بەیانیم پێ نیشان دەدات**
**دەست بە کەمکردنەوەی گڕی ئاگرەکە دەکا**
**خوات لەگەڵ، خوات لەگەڵ، خوات لەگەڵ**
**لە یادم نەکەی**

ئا بەمجۆرە تارماییەکە کۆتایی بە قسەکانی هێنا لەگەڵ بەجێهێشتنی فەرمانێکی زۆر سەخت بۆ هاملێت بۆ ئەوەی تۆڵەی بۆ بسەنێتەوە. هەرچەندە هاملێتی ئاگادارکردەوە کە واز لە دایکی بێنێ و تەسلیمی (خودای ئاسمان)ی بکات ئەم ئاگادارکردنەوەیە تۆزێک هاملێتی لە تۆمەتبارکردنی دایکی ساردکردەوە. تۆمەتبارکردنەکەی هاملێت بۆ دایکی تەنیا زیادکردنی ژەهری تۆقێنەر بوو بۆ تۆڵەسەندنەوەکەی باوکی و ئێستاش ژەهرەکە کاری خۆی دەکات:

**هاملێت: ئەی سوپای فریشتەکان! ئەی زەوی! چی تر؟**
**نابێ ئاشنابم بە یاساکانی دۆزەخ؟ نا بە نەفرەت بی**
**دەتۆش ئەی دڵ خۆگر بە، ماسوولکەکان ئێوەش**
**خێرا گەشەبکەن و پیر مەبن، بەهێزبن و بەرگە بگرن**
**لە یادت ناکەم! ئەی تارمایی داماو و هەژار**
**لەناو ژوورەکانی کەللەی سەرم خزمەتت دەکەم**
**هەرگیز لەیادت ناکەم!**
**هەموو وشە بێ مانا تۆمارکراوەکان**
**وشە بەهادارەکانی نێو کتێبەکان**
**شێوە و وێنە جوانەکان**
**ئەزموونە خۆش و ناخۆشەکانی ڕابردووم**
**هەموو وێنەکانی لاوێتیم کە لەمێشکدا**
**کۆپی کراون، ڕەش دەکەمەوە**
**بەخوا هەموو داخوازییەکانت بە تەنیا**
**لەنێو مێشکم جێبەجێی دەکەم، بە هیچ**
**جۆرێ لەگەڵ کێشەی تر تێکەڵیان ناکەم!**
**ئاخ کە چەندە هیچ و پووچە، هیچ و پووچە**
**ئاخ کە کاریگەری ئافرەت پیسترین و**
**بەهێزترین کاریگەری دنیایە!**
**ئای کە زەردەخەنەکانی سەرزەنشت کراو و پووچن!**
**دەتوانم لە تابلۆکانی مێشکم ئەوە بنووسم:**
**گەر یەکێک بە درۆ خەنییەوە ئەوا ئەو کەسە**
**ئەمڕۆ براتە و بەیانی دوژمنت**
**زۆر دڵنیام شتێکی لەم چەشنە هەیە لە دانیمارک**
**بەڵێ ئێستا دڵنیابووم کە «مام»مە لە دانیمارک**
**خوات لەگەڵ! خوات لەگەڵ!**
**ئەوە سوێندم خوارد کە لە یادت نەکەم!**

هاملێت ئەو پاساوەی لەبەردەستە کە ڕووبەڕووی پلانە نەناسراوەکانی ببێتەوە و گەڕان بەدوای ڕاستیەکان. ئەگەر هاملێت بەم ڕێگایەدا بڕوات کە نموونەی خۆشەویستی و بەخشندەییە، ڕۆحێکی بەرزە فڕی نوێ دەرگای بەختەوەری لێ دەکاتەوە، بەڵام هاملێت ڕێگای گۆڕینی هزری خۆی بۆ تۆڵەسەندنەوەی باوکی هەڵبژارد لەوەی جێبەجێی بکات، بەڵام ئەم بیرکردنەوەیە هەڵەیە دەرئەنجامێکی تاڵی لە پشت خۆیەوە حەشارداوە. ئەمجارەیان هاملێت بە هەڵەیەکی گەورەوە دەگۆڕدرێ بۆ هاملێتێکی جیاواز لە خۆی، ڕۆحێکی سارد

**یاسا پێویستی بە ئێمە نییە، بەڵکو ئێمە خۆمان پێویستیمان بە یاسا هەیە**

و گـومـاناوی و ئازار دراو. ڕێبـازی نوێی بیـرکـردنەوەی ئێستای هاملێت شتێکی گونجاوە: «خوات لەگەڵ! خوات لەگەڵ! لە یادت ناکـەم»، چونکە خـۆمـان خـواحـافـیـزی پێـشکەش بەهاملێت دەکـەین. لە زۆربەی بەڵگەکـاندا وادەردەکـەوێ بۆچی تۆڵەسـەندنەوە کـارێکی هەڵەیە؟ واپێدەچێ شکسـپـیـر گرنگی بە یاساو دادگـا نەدەدا بە دڵنیـاییـەوە هاملێت و تارمـاییـەکـە هۆیەکن بۆ گـەڕان بەدوای شـارراوەکـان. چۆن ژیان بەردەوام دەبێ بەبێ نەبوونی یاسا؟ هەروەها شکسـپـیـر پێـدەچێ گـرینگی نەدات هەتا بە (Poetic justice) یاسای شیعری، بە جۆرێک کە کاری باش پاداشت بکرێت و خراپەکانیش سزابدرێن، بەتایبەتی کاتێ مەسەلەکە تەرخان دەکرێ بۆ سزادانی تاوانبارەکە، ئەم تایبەتمەندییە کە بەڵگەیە لە گـەلێک لە شـانۆکـانی تری وەک (Measure fer, Measure, The Tempest Ail's Well That Ends Well). لەم شانۆیانەدا، تاوانبارەکـان زۆر بە ئاشکرا دیارن. بۆچی شکسپیر ئەوا بێ ئاگایە لە یاسـای شیـعری. ئەمـەش لە ڕاسـتیـدا هەر هەمـان هۆیە کـەوا بۆچی وەلی و پیـاوچاکـان گـوێ نادەن بە یاسـا. ئەمـەش خۆی لەخۆیدا ئامـانجی ئەوان نییـە و بەڵکو لە جیاتی ئەمە دەگەڕێن بۆ ڕزگارکردنی هەموو بوونەوەرەکان لە ناخـۆشی و ئەشکەنجـەدان و هەروەها گـەڕان بەدوای یاسا پێویست نییـە بۆ ئەم ئامـانجە. بە هەرحـاڵ خودای ئاسـمـان و یاسـای تایبـەتی کـارما* گـرینگی دەدەن بە یاسـاو داد، بۆیە پێـویـست بەوە ناکـات پیـاوچاکـێک پابەندبێت بە یاسا.

لەوانەیە ئێمە مقۆمقۆی ئەوە بکەین کەوا بوونی یاسا لەنێو هەر کۆمەڵگایەک پێویستـە، چونکە دەبێتـە هۆی گـەشـەکـردن و پێـشکەوتنی ئەم کـۆمـەڵگایە، ئەمـەش دروسـتـە بۆ کـۆمـەڵگایەک کـە بۆ مـەبەسـتێکی نۆرماڵ بژین، بەڵام ئەگەر پەیوەست و کارکردنمان بۆ سەرکەوتن و هێنانەدی هەموو ئامانجەکانی دنیا بێت، ئەوا دەبێ ئێمە خـۆمـان پابەندبین بۆ گـەڕان بەدوای یاسـایەک کـە بێت ژیانمان بۆ ڕێک بخـات. نەبوونی سـیـسـتـەمی یاسـا و ڕێسـاکـانی زۆربەی بارودۆخی لەبار و گـونجـاو بۆ بە دەستهێنانی لایەنە پۆزەتیڤەکانی دنیا و مەبەستەکانی دەکەونە ژێر باڵی مەترسییەوە.

شکسـپـیـر خـۆیشی درک بەوە دەکـات کـەوا ڕاز و نیازەکانی دنیا ناتوانن چارەسەری کێشە ڕاستییەکان بکەن، ناتوانن جیـهـان لە ئەزیەتی غـەم و نەخۆشی و بە ساڵاچوون و مردن بپارێزن ئێمە فێڵ لەخۆمان دەکەین و ڕەفزی ئەوە دەکەینەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەمان بۆ کارەکان پێویستـە ئێمـە خۆمـان ڕوون و ئاشکرابین لەگـەڵ بوونی خۆمان و ئەگـەر ئێمە بە ڕاستی ئامـانج و مەبەسـتمـان یارمەتیدانی جیهانە، پێویستە بەزووترین کات دەست بەکـاربین و قـوڵی لێ هەڵمـاڵین، سـەرەتا لە ڕێبـازی ڕووخـانییـەوە دەست پێ بکەین تا دەگـەینە ڕاسـتیـە شـارراوەکـان و خـۆشـەویسـتی و بەخـشندەیی لەنێـو تاکەکاندا بڵاوبکەینەوە بۆ ئەوەی ڕێگای ڕاستی نیشانی کـەسانی تر بدەین و بیـانپـارێزین لە هەڵە و لەناوچوون. یاسـا پێـویسـتی بە ئێـمـە نییـە، بەڵکو ئێـمـە خـۆمـان پێویستـمـان بە یاسـا هەیە، چونکە یاسا خـۆی گرینگی بەخۆی دەدات. ئەوەی لەسەرمان پێویستـە هەوڵبدەین بۆ گـەڕان بەدوای خۆشگوزەرانی بوونەوەرەکـان بەگـشتی بۆ ئەوەی خـۆشی و ئاشتی ببێتـە ئاسمـانی جیـهـانی پڕ لە گوناه، بێ جیاوازی لەنێوانیاندا.

لەسەر خاڵێکی جیاوازدا، ئێمەی خوێنەر تێبینی لەو خـۆ دوانەی سـەرەوەی هاملێت دەکـەین کـەوا تەئکیـد کردنەوەیەکی حەماسی تێدایە لەسەر ئەو ئایدیەیەی کە دەڵـێ: «That one may smile, and smile, and beauillian» لە ڕاسـتـیـدا، هاملێت زۆر بە ئازارەوە ئەم لە خـۆ دوانانەی دەکـرد. لەبەر بەهێـزی و پەرۆشی دەربڕینەکـان لێشـاوی دراماکـە دێنێـتـە هەژان. کاریگەری قسەکانی هاملێت گرێیەکی سەرەکی شانۆیەکە پێـک دێنێت لەلایەن شکسـپـیـرەوە، چونکە نووسـەر بە ئەنقەستەوە دەیەوێت هزر و بیری تەواوی خوێنەرەکەی بۆ ناو شـانۆکە ڕابکێشێ و دووبارە هێنانەوەی بابەتەکە بۆ نێـو شـانۆیەکـە. بوونی ئەم بابەتە بەنیـەت پاکی پیـشـان دەدات لەم شانۆیەدا. یاخود بەڵکو کەمتەرخەمی ئێمەی خـوێنـەرە بۆ ئەم بابەتە کـە ئەمـەش بە ڕێگەیەکی نێگەتیڤانە لە قسەکانی پۆلۆنیۆس دەنگ دەداتەوە "To thin own self be true, and it must” follow as the night the day, thou Canst not then be false to any man”

پادشا کە بە بەردەوام زەردەخەنە گرتوویەتی و هەمیشە پراکتیزەی سەر لێ شێواندن و فێڵ لێکردن لە کەسانی

## کاتێ پەردە دادەخرێ ڕەوتە تراژیدییەکان گزنگێکی نوێ بە سەر هاملێتدا دەهێنێ

ترەوە دەکات کلۆدیۆس «پادشا» خۆی بەرامبەر خۆی ئەنجام دەدا بە ڕەت کردنەوەی ڕاستی و مامەڵەکردنی. لەم ڕەوشە خەیالاوییەدا چۆکی دادا بۆ حەز و ئارەزووە شەڕانگێزەکانی، دوای ئەوەی ڕێگای ڕاستی لێ ون بوو و دەستی کرد بە ساختە و درۆکردن لەگەڵ خۆیی و کەسانی دەوروبەر بیرۆکەی ئەو "One may smile, and smile, and be a villian" بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باس لە نەبوونی دڵسۆزی ئێمە دەکات. بۆیە ئەم بیرۆکەیەش گرینگییەکی تایبەت دەدات بە باسەکەمان کە بەشێوەیەک جوانی دەدات بەو شتانەی کە نەفرەتیان لێ کراوە وەک ڕێگایەک بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان.

وێنەی ئەندێشەکان (images) هێمایەکن کە بەردەوام لە شانۆیەکەدا دووبارە دەبێتەوە.

گەڕانەوە بۆ سەر سەکۆی قەڵاکە. ئێستا هۆراشیۆ و مارسیلیۆس شوێن پێگەی هاملێتیان دۆزییەوە. زۆر بەجۆشەوە لە هاملێتیان پرسی «چی دەرکەوت؟». هاملێت دەستی کرد بە گێڕانەوە بۆیان:

**هاملێت: باشە ئێوە چی دەڵێن؟**
**ئایا ئەوە دەچێتە عەقڵی مرۆڤەوە؟**
**نهێنییەکە دەپارێزن؟**

**هۆراشیۆو- مارسیلیۆس: بەڵێ گەورەم، سوێند بێ، دەیپارێزین.**

**هاملێت: هەرگیز بێ ڕەوشت و بۆگەن لە دانیمارک نەژیاوە**
**بەڵام ئەمەیان زۆر بێ ئابڕوو و بوودەڵەیە.**

لە ناوەڕاستی قسەکانیدا هاملێت بیری خۆی گۆڕی لە ڕاستیدا ئەمە لەمێشکیدا نەبوو کاتێ دەستی بە قسەکردن کرد ئێستا هاملێت بەرگری ئاشکراکردنی زیاتری نهێنییەکانی دەگرێت.

**هۆراشیۆ: ئەمەش تارمایی پێویست نییە گەورەم.**
**تا لە گۆڕ بێتە دەرەوە و ئەمەمان پێ بڵێ.**
**هاملێت: ڕاست دەکەی، بەخوا ڕاست دەکەی**
**کەواتە بێ هیچ ڕێ و ڕەسمیەک**
**من ئێستا دەوەستم، تەوقە دەکەین و جیادەبینەوە**
**بڕۆنە سەر کاروبارەکانی خۆتان و کە ئارەزووەکانتان**
**ئاماژەتان بۆ دەکا و ڕێگاتان نیشان دەدا**
**چونکە هەموو مرۆڤێ کارو ئارەزووی هەیە**
**هەروا دەبێ بۆ لاشە داماو و هەژارەکەی من**
**سەیرکەن من دەچم نوێژ دەکەم**
**هۆراشیۆ: گەورەم ئەم وشانە یەکتری ناگرنەوە**
**هەموو تێکەڵن بە یەکتری**
**هاملێت: داوای لێبوردن دەکەم، کە ئەم وشانە**
**بێزارتان دەکات، بەڵێ لە دڵەوە بێزارتان دەکات**
**هۆراشیۆ: نا گەورەم بێزارکەر نین**
**هاملێت: هۆراشیۆ، سوێند بە پاتریکی پیرۆز ئەمانە بێزارکەرن، زۆریش بێزارکەرن. سەبارەت بەم دیمەنەی ئێرە**
**تارماییەکی ڕاستگۆیە، پێویستە پێتان بڵێم**
**تا ئارەزووەکانتان بزانێ چی لەنێوانماندا هەیە**
**گەر گەرەکتانە بزانن بەهەر ڕێگایەک بێ دەتوانن**

هاملێت ناتوانێ نهێنییەکان بدرکێنێ، بەڵام ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێ شتی نامۆ هەیە مێشکیان گەڵاڵەداوە. خۆی گرت و چی تری نەدرکاند. ئاماژەکردنی بۆ «تارماییە ڕاستگۆیەکە» ئەوە نیشان دەدات کە هاملێت بەلایەنی کەمەوە بەهۆی ئەم خاڵە باوەڕی بە لێکدانەوە و قسەکانی تارماییەکە هەیە، ئێستاکەش بەدوای ڕووداوەکاندا دەکەوێت لەگەڵ نەریتی سوێند خواردن.

هۆی سەرەکی ڕوودانی ئەم دیمەنە دوور و درێژە دەگەڕێتەوە بۆ دوای گەیاندنی پەیامەکەی کە تێیدا باس لەچۆنیەتی کوشتنی خۆی (هاملێتی باوک) دەکات لەلایەن براکەیەوە. هەر ئەم پەیامە بووە هۆی سەرسوڕمانی ڕەخنەگرەکان پێویست بەوە ناکات هەنگاوی پێشوەختە بنێین بۆ ڕووداوەکانی شانۆکە، هۆیەکە بۆ ئەم دیمەنە بەڵگەیەکی دروستە. شکسپیر زۆر بە ئاسانی ڕووداوەکانمان وەک سروشتی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە بەهۆی وێنەدرامییەکانەوە (dramatic

images) لە کارەکە.
دەنگی تارماییەکە لەژێرەوە دەنگ دەداتەوە، شوێنە لاساییکردنەوەکەی بۆ نێو دۆزەخ. ئێستا هاملێت ڕێگایەکی بۆ پێناسەکردنی تارماییەکە گرتۆتە بەر ئاماژە بەوە دەکات کە تارماییەکە ئەهریمەنە نەوەک باوکی، لە ڕاستیشدا تارماییەکە باوکی کوژراویەتی ئەم دیمەنە نامۆ و ترسێنەرە لەگەڵ وتە گاڵتەجارییەکانی هاملێت شان بە شانی بانگکردنە نادیارەکەی تارمایی لەژێرەوە بۆ سوێند خواردن جۆرێک لە هەستێکی شەیتانی و دۆزەخیانەی بێ هەڵەیە یان بە پێوەدەبینرێ. لێرەوە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنەکە لینکێکی هەیە لەگەڵ سوێند خواردنەکەی پێشووی هاملێت بۆ گۆڕینی کەسێتی خۆی و بۆ ئالەتێکی تۆڵەسەندنەوەی باوکی کوژراوی. سوێندەکان هەموو وەک یارمەتیدەرێکە بۆ هاملێت لەسەر ڕێگای تۆڵەسەندنەوە.

**هاملێت: ئێستاش برادەرە خۆشەویستەکانم**
**ئێوە قوتابین، سەربازن، برادەری منن**
**تەنیا یەک داوکاریم هەیە.**
**هۆراشیۆ: چییە گەورەم؟ ئێمە ئامادەین**
**هاملێت: ئەوەی بینیتان با کەس نەیزانێ**
**هۆراشیۆ و مارسیلۆ: گەورەم هەرگیز**
**هاملێت: ئەوا نابێ، دەبێ سوێند بخۆن**
**هۆراشیۆ: بەمتمانەوە**
**من لای کەس نایدرکێنم**
**مارسیلیۆس: هەروەها منیش گەورەم**
**هاملێت: سوێند بە شمشێرەکەم**
**[شمشێرەکەی دەردەکا و ڕاست دەیگرێت]**
**مارسیلیۆس: پێشتر سوێندمان خواردووە گەورەم.**
**هاملێت: بەڕاست، سوێند بێ بە شمشێرەکەم، سوێندتان خوارد؟**
**تارمایی: (لەژێر سەکۆیەکە دەڵێ) سوێند بخۆن.**
**هاملێت: ئەها کوڕینە نەمگوت؟ لێرەی ئەی ڕاستگۆ؟**
**وەرە لەژێر زەمینەوە گوێ لەم برادەرانە بگرە**
**وا گەرەکیانە سوێند بخۆن.**

گاڵتە و جموجوولە سەرشێتانییەکەی هاملێت جۆرێک لەخۆشی بەم دیمەنە بەخشی. هەروەها ئەم شارەزاییە نامۆیەی کە هاملێت لە ئیش و کارەکانی نێو کۆشک ئەوە پیشان دەدات کە تارماییەکە هەموو شتێکی بەبیر هاملێت هێناوەتەوە.

**هۆراشیۆ: گەورەم چی بڵێین و بەچی سوێند بخۆین؟**
**هاملێت: سوێند بە شمشێرەکەم بخۆن**
**کە ئەوەی بینیتان لای کەس باس نەکەن**
**تارمایی: (لەژێرەوە) سوێند بخۆن**
**هاملێت: لێرەو لە هەموو شوێنێکی؟**
**شوێنی خۆمان دەگۆڕین**
**ئادەی بەڕێزان وەرنە ئەم لاوە.**

(Hic et ucique) وشەیەکی لاتینییە بە مانای (ئێرە و لە هەموو شوێنێک)، تەنیا خودای بەخشندە و ئەهریمەن دەتوانن لێرە و لەوێ بن بەیەکەوە و لە هەمان کاتیشدا، ئەو قەوارەی خوارەوە ئەو توانایەی هەیە و ئاماژە کردنێکیشە بۆ پرسیارە ورووژێنەکانی هاملێت Canst work i'th earth So fast "

**هۆراشیۆ: ئەی شەو و ڕۆژ هەڵسوکەوتی زۆر نامۆیە**
**هاملێت: دەم خۆش ئەی مۆلی پیر ئەم نامۆییە**
**بەخێرهاتن دەکرێت**
**ئەی هۆراشیۆ لە ئاسمان و زەوی شتی زۆر**
**زیاتر هەیە وەک لەوەی تۆ لە خوێندنی سروشتا**
**خەونیان پێوە دەبینی.**

ئەمە بەیاننامەیەکی ڕاست و یەکلاییکەرەوەیە، پێویستە مێشکێکی وەرگرمان هەبێ بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتەکە، ئەگینا ئەو دەرگایە دادەخرێت کە دەبێتە خۆی تێگەیشتنی ڕاستی ماناکانی ژیانی ئێمە، بەڵام هێشتا ڕاستییەکان شارراوەنە بۆ ئێمەی خوێنەر.
گەورەترین و مەترسیدارترین هەڵەی زانستی مۆدێرن کە دەگەڕێتەوە بۆ کەمی تواناکەی بۆ دیاریکردنی هۆیەکانی کەسی نەزان و گەمژەوە دەرئەنجامەکەیەتی کە لە هەموو ڕوویێکەوە کە زانستی تەکنیکی سەردەم نەیتوانیوە درکی پێ بکات. لێرەوە چەندین ڕوو هەیە کەوا زانستی تەقلیدی ئەمڕۆ ناتوانێ تەنانەت سەرەتاییەکیشی لێوە بزانێ، بەتایبەتی ئەوانەی کەوا پێوەندییان بە ویژدان و مێشکەوە هەیە وەڵامە ئاساییی و تەقلیدییەکە بۆ زۆربەی زاناکان ئەوەیە دووبارە پێناسکردنەوەی ئەو سنوورانەی کە پێویستە وەربگیرێن

وەک زانستێک و هەروەها ئەوانەش وەک ڕاستییەک.
پێویستە ئێمە وریابین و ئاگاداربین لەو تاکتیکە و ڕێگا بە مێشکمان نەدەین داخراو بێت لەبەرامبەر ئەو کارە فرت و فیلانەی کەوا دەبێتە هۆی شاردنەوەی نەزانین و گێلایەتی. بۆیە هەندێ جار شتی زۆر سەرسوڕهێنەر و نامۆ دێنە سەر ڕێمان کە دەستەو چۆک لەبەرییەوە کڕنۆش بەرین. لەسەرمان پێویستە ئەم ئایدیانە وەربگرین لە قسەکانی هاملێت. هێشتا زۆری ماوە بۆ فێربوونیان.

**هاملێت: بەڵام وەرە: لێرە، وەک جاران، هەرگیز، ئەی خودای بەخشندە**

**یارمەتیم بدە، هەرچەند هەڵسوکەوتم زۆر سەیرە**
**لەنێو پاش بەرەو شوێنێکی خەیاڵی دەچم**
**کە ئێوە جار ناجار بە چەشنێک**
**دەمبینن کە هەرگیز منتان وا نەدیوە**
**کۆمەڵێ ئاماژەکردنی ئاوایان**
**هەندێ دەستەواژەی گوماناوی بەکاردێنم**
**وەک: باشە دەزانین یان دەتوانین**
**گەر بمانەوێ یان گەر بخوازین قسە بکەین**
**یان هەندێ هەیە گەر ڕێگەیان پێ بدرێت**
**یان هەندێ شتی واشاراوە بە جۆرێ**
**سەرنجمتان ڕابکێشێ کەشتێ لەمن نەزانن**
**ئەمە وا ئاسان نییە، ئەی خودای بەخشندە**
**پێویستم بە یارمەتی تۆیە**
**دەی ئێستا سوێند بخۆن.**
**تارمایی: (لەژێرەوە) سوێند بخۆن**
**[هەموو بەشمشێرەکەی هاملێت سوێند دەخۆن]**

**هاملێت: پشووبدەن، پشووبدەن، ئەی ڕۆحی نیگەران و پەشێو.**

ئا بەم جۆرە هاملێت بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆی داو لە بارەی شێتانیەکەی بۆ ئەوەی خۆی ڕزگار بکات لەم گومانەی کە هانی دەدا بۆ تۆڵەسەندنەوەی بەشێوەیەکی ئابڕۆنی و هەروەها بەردەوام بەدوای نموونەکەی کلاودیسۆس کەوتووە، ئەو کەسەی کە بەردەوام پێدەکەنی و زەردەخەنەی شەیتانی لەسەر زاری کۆتایی نایێت و هەروەها بە پیاوخراپیش دەمێنێتەوە لە ڕێکخستنی کاری شەڕانە و شاردنەوەی ڕاستییەکان لە بەرامبەر کەسانی دەوروبەری تەنیا بۆ مانەوەی لەسەر کورسی پادشایەتی.
ئەو هەموو پراکتیزەکردنە بۆ هەڵەدانی کەسانی تر لە کۆتاییدا لە دژی خۆی دەوەستێ. سوێند خواردنە نهێنییەکە بەرەو کۆتایی دێت. هۆی درێژیی سوێند خواردنەکە بەڵگەیە بۆ نهێنییەکە. هەموو سوێند خواردنەکان لە لایەن هاملێتەوە بە گرینگ وەرگیران بۆ تۆڵەسەندنەوە.
دەرئەنجام هەموو سوێند خواردنەکان کاردانەوەیەکی عاتفی بۆ سەر ئێمەی خوێنەر بەجێ هێشت. فەرمانەکە بۆ تۆڵەسەندنەوە- لە ڕاستیدا بەدکاری بوو بۆ سەر جوانی سروشت. کاتێ پەردە دادەخرێ ڕەوتە تراژیدییەکان گزنگێکی نوێ بەسەر هاملێتدا دەهێنێ...
گزنگێک کە ڕۆحی گەشبینی بە سوارچاکی خەونەکانی دەگەیەنێت.

*** یاسای تایبەتی کارما= بیروباوەڕێکە لەنێو بوزییەکان و هیندۆسەکاندا دەڵێن: ڕابردوو و ئێستای مرۆڤ بەستراوە بە ژیانی ڕابردووی و هەروەها چارەنووسی داهاتووی ئەم مرۆڤە دیاری دەکات.**

**سەرچاوە:**
**١- ئینتەرنێت.**
**٢- هاملێت، وەرگێرانی گۆران سەباح.**

# «مەحوی» لەنێوان دوو «هیچ»دا

عەبدولخالق یەعقووبی
(بۆکان)

ئەم عەسرە، عەسر و وەقتە لە بۆ فاجیرێ لە هیچ
دینی نەکا ویقایە، حەیا نەیگرێ لە هیچ

دنیا بە کامی هیچ کەسانە هەمیشە دەم
هیچ ئەڵبەتە بە هیچ دەمێ نابڕێ لە هیچ

دنیا کە هیچە، جوملە دەزانن، کەچی چ کەس
مەردانە بۆ خودا نییە دەس هەڵگرێ لە هیچ

تا سەر نەبۆتە گۆ، دە لە دنیا دە تۆ شەقێ
هەر ئەم شەقە بەکارە کەوا هەڵدرێ لە هیچ

ماچی دەمی لە کەڵکەڵەما بوو، چ خۆشی وت:
قرم، ئەی ئەسیری واهیمە، خۆش ناکرێ لە هیچ

دەم نادیار و نازی قسەی پڕ بە دەشت و شار
دنیایەک ئاوی زیندەگی و دەرخرێ لە هیچ


مەجنونە شاهی عیشق و بیابانی بارەگا
ئاهی دەکا هەمیشە بە پا چادرێ لە هیچ

دیققەت کە، غەیری ڕوشتەیی جان و میانی یار
ڕوشتەم نەدیوە، «مەحوی» ئەمن، بادرێ لە هیچ

چاوی کەوێ کە بەم غەزەلەم دوڕشناسی شیعر
کێ بێ دەڵێ ئەمەندە گوهەر وەردەگرێ لە هیچ

دیوانی مەحوی، ل ٩٨-١٠٠

لە سەرەتاوە دەخوازم ئەم ڕاستییە سادە و گرینگە بۆ خوێنەرەوەی ئەم وتارە ڕوون بکەمەوە کە خوێندنەوەی من نەک هەر بۆ ئەم غــەزەلەی مــەحــوی، بگرە بۆ هەر شیـعرێکی داهێنەرانەی تریش، خوێندنەوەیەکە لەسەر بنەمای چێشکەی جوانی ناسانەی شیعر دامەزراوە و بە هیچ کلۆجێک لەژێر تاو و تەئسیـری ئەو بیـروباوەڕانەدا نییەکە بە شێوەیەکی گشتی و ڕەمەکی بەسەر شیعری شاعیـرانێکی لە چەشنی مەحوی دای دەسەپێنن و بەم جۆرە شیعری بزۆک و بگۆڕی ئەم شاعیرە داهێنەرانە لە چوارچێوەی بەر تەسکی خانەیەکی دەسکردی فیکری - فەلسەفی یاخود فۆڕمی- جوانی ناسانەدا بەند دەکەن و دەرەتانی هەڵسووڕان و دەرفەتی خۆ نواندنیان لێ زەوت دەکەن و پێشیان وایە بەم شێوەیە پێناسەیەکی زێڕین و هەتا هەتاییان بۆ ناسین و ناساندنی ئەم جۆرە شاعیرانە دەستەبەر کردووە و بۆ وێنە، لە ڕوانگەی ئەوانەوە، دەقی شیـعری مـەحوی تا ئەبەد و لە هەر دەلاقـەیەکـەوە لێی بڕوانی هەر عــاریفــانەیە و بۆیە هەر لێکدانەوەیەکی شیعری مەحوی دەبێ لەژێر تیشکی ئەم ئەسڵە، بە ڕای ئەوان لێکۆڵەران، حـاشـا هەڵنەگرە بێـتـە ئاراوە. بە وتەیەکی وردبینانە تر، بەپێی ئەم بۆ چوونە، شـیـعـری مــەحـوی لەنێــو بۆتەی کــەڵەگــێــڕانەوەیەک بە ناوی عیرفان-دا قاڵ بۆتەوە و هەر گێڕانەوەیەکی تر لە شیعری ئەم شـاعیـرە سێـبەری قـورسی ئەو کـەڵەگێـڕانەوەیەی بەسـەرەوەیە. من وای بۆ دەچم هۆی سەرەکی ئەو شێـوە شــەرح و تەفــســیــرە بە پیت و پێــزەی نەمــران مـوددەریسیـەکـانیش هەر بگەڕێتـەوە سەر ئەم ئەسڵـە گـریمانکراوە. واتە دیسـان بۆ نموونە، شـەرحی شیـعـری مەحوی بە قـەڵەمی ئەوان لە ڕاستـە ڕێی خوێندنەوەیەک کە بەردەوام بەرەو باس و خواسەکانی عیرفانی و ئایینی ئاڕاستە دەکرێ لانادات و شیکردنەوەی ئەوان تەنها لەم بازنە تایبـەت و بەرتەسکەدا خـول دەخـوات، بەرتەسک هەڵبـەت بەمانا ماتماتیکیـەکەی نەک لە گۆشە نیگای بەهادانانەوە. هەڵبـەت پێویسـتـە ئەم ڕاسـتـیـیـەش بەو هۆیەی سەرەوە زیاد بکرێ کە چۆنێتی جیهانبینی و زەین و زمانی شیکەرەوەش لە شێوازی شیکردنەوەدا کاریگەرە و دیارە مـوددەرسـیــەکــانیش خـۆیان لە بواری باس و خواسی ئایینی و عیرفانیدا کارامە و پسپۆڕ بوونە و بێ گومـان شەرحەکـانیـان لەم گۆشەنیگایەوە پڕ و پاراون و گــەلێ لایەنی شــاراوەی شــیــعــری شــاعــیــرێکی وەک مــەحــوی-یان ڕوون کــردۆتەوە. هەروەها حــاشــا لەوەش ناکرێ کە شاعیرێکی وەکو مەحوی لایەنی زاڵ و بیرۆکەی سەرەکیی شیعرەکانی جیهانی عیرفان و دنیای ئایینە و دیارە لەســەر ئەم ڕوانگانەی مــەحــویش هەندێ بابەت نووسراوە و کۆمەڵێک شت ڕوون بۆتەوە. لێرەدا دوو خاڵ هەیە ناخــوازم بەسـەریاندا پاز بدەم و باســیــان نەکــەم. یەکەم، مەحوی لە سۆنگەی ئەوەی شاعیرێکی داهێنەر و خاوەن ئەزمـوون و جیـهـانبـینی تایبـەت بە خۆیەتی بە شێوەیەکی تایبەتیش لە جیهـان بە گشـتی و لە جیهانی ئایین و عــیــرفـــان بە تایبــەتی دەڕوانێ. بۆ نموونە خوێندنەوەی مـەحوی بۆ ژیان و هەڵسوکەوتی مرۆڤێکی ئایین پەروەر گــەلێ جیــاوازە لەو خــوێندنەوەیەی کــە ئیـسلامیـیـەکی ئیـمـڕۆ بۆ مرۆڤی دەستنیشـان دەکا. لە تەفسیری ئیسلامی سیاسی هاوچەرخدا هیچ شوێنێک بۆ ئەسڵی «لێبوردەیی» و «پێکەوە هەڵکردن»ی مرۆڤەکان دیاری نەکـراوە، کەچی لە جیـهـانی عـیـرفـانگەرایانەی مـەحـویدا «مـەحـەبـبـەت» کە بەردی بناغـەی لێبـوردەیی مـرۆڤـە جـەوهەری ژیانە و مــەحـوی جیــهــانی بە بێ مەحەببەت بۆ وێنا ناکرێ:



مەحوی

**لەبەر باری مەحەببەت ئاسمان و ئەرز ئەنالێن**
**چییە ئەم دەعوەییەت زاهید، جلی لێ بارە گا پیرت**
(دیوانی مەحوی، ل٦٨)

**قورێ بکەم بەسەرا یا بە دادڕینی بەرۆک**
**حەقی مەحەببەت ئەدا کەم، بدەی خودایا دەست**
(د.م، ل٧٠)

**ئەی مەحەببەت! ئاگرێکی هێندە خۆش و دڵنشین**
**ئەو کەسەی سووتووتە، هەر ئەو هەوڵ ئەدا بۆ سوبە سووت**
(د.م،ل٧٩)

**لەسەر خۆ چوونە، شەیدا بوونە، قوڕ پێوانە، سووتانە**
**هەتا مردن، مەحەببەت ئیشی زۆرە، ڕێزی لێ دەگرم**
(د.م، ل٢١٩)

کەواتە دەبێ ئەم ڕاستییە لە خۆمان نەشارینەوە کە ڕاڤەی مەحوی بۆ عیرفان و ئایین و ڕاڤەیەکی تایبەت بە جیهانی شیعری مەحوییە و هەندێ جار بە جارێک لەو ڕاڤانە دادەبڕێ کە بە ناوی ئایینەوە و لەسەر دەستی عیرفانی ئیسلامی چێ دەکرێن. ئەم خاڵە لەو سەرەوە بۆ من گرینگە کە زۆر جار هەندێ ئەدیبی ئایدۆلۆژیستی مەیلە و ئیسلامی سیاسی بۆ پتەوکردن و سەرخستنی قسەی خۆیان پشت بەو کەڵەگێڕانەوانە دەبەستن کە دەخرێنە پاڵ شیعری مەحوی، وەک شاعیری عاریف و موسڵمانی شاعیر و تاد و دەیانەوێ لەم ڕێگایەوە هەم خوێنەرەوە لە چوارچێوەی باوەڕی خۆیاندا بەند بکەن، هەمیش شیعری مەحوی دابەزێنە سەر چەند ڕستەیەکی ساکاری خوتبەئامێز و چەند ئامۆژگارییەکی ساناى دینی، ئەویش ئەو خوتبە و ئامۆژگارییانەی کە ئەوان باوەڕیان پێیەتی و بەرژەوەندییان دەستەبەر دەکات. خاڵی دووەمی شایانی باس ئەوەیە کە ڕوونکردنەوەی لایەنەکانی جیهانی عیرفانی شیعری مەحوی شتێکە و باسکردنێکی ڕەخنەگرانەی جیهانی شیعریی عیرفانی مەحوی شتێکی ترە. لە باسی یەکەمدا تۆ وەک عاریفێک کە شیعری نووسیوە و بە بۆنەی شیعرەوە و لەسەر زمانی شیعر لە عیرفان دەدوێ ڕووبەڕووی مەحوی دەبێتەوە، بەڵام لەباسی دووەمدا مەحوی وەک شاعیرێک دەناسی کە لە شیعری خۆیدا هەندێ جار عاریفانە لە دنیای ڕوانیوە و هەندێ جاریش، دیسان هەروەک شاعیر، بۆی هەبووە ئاوڕ لە عیرفان نەداتەوە و لە دەلاقەیەکی ترەوە لە جیهان بکۆڵێتەوە. ڕووکردی یەکەم کە مەحوی وەک عاریفێکی شیعرنووس سەیر دەکات ڕێگا لە هەر چەشنە خوێندنەوەیەک دەگرێ کە لە کەڵەگێڕانەوەی عیرفان نیزیک نەبێتەوە و ڕووکردی دووەم کە پێی وایە مەحوی شاعیرێکە کە وەک هەموو شاعیرێکی تر بۆی هەیە لە عیرفانیش بدوێت، باوەشی بۆ هەموو جۆرە خوێندنەوەیەک ئاواڵەیە، بەو مەرجەی لەگەڵ مەنتیقی شیعری مەحویدا بگونجێ. لێرەوەیە کە دەبێ بڵێین بۆ ناسینی پلەوپایەی نرخ و بەهای ڕاستەقینەی شوێنەواری گرینگی ئەدەبی دەشێ لەم ،ڕاستییە بگەین کە ئەم شوێنەوارە بە سەنگی مەحەکی گونجاوی خۆیان هەڵسەنگێن و لە بری بەکارهێنانی پێوانەگەلێکی کۆن و لەبرەوکەوتوو، با خەڵکانێکی زۆریش پەسەندی بکەن، دەشێ پێوانەیەکی تازە و کارا بدۆزینەوە و لەم ڕێگایەوە تێگەیشتنی ڕەخنەگرانەی خۆمان ڕووبەڕووی دەق بکەینەوە، نەک قەناعەتی گشتی کۆمەڵێک بیری سواو و هزری پککەوتەی کۆن پەسەند، کە دەخوازن دەق هەمیشە بە تاکە مۆدێلکی عامخوازانە بخوێندرێتەوە. بۆ نموونە ئەو مۆدێلەی کە شیعری کلاسیکی کوردی بە دڵداری و عیرفانی و نیشتمانپەروەری و گاڵتەجاڕی و... دابەش دەکات تائێستاش بەردێکی گەورە بووە لەسەر ڕێگای خوێندنەوەی دینامیک و زیندووی دەقی شیعری کلاسیک، و ئەو مۆدێلە هەمیشە داسەپاندنی پێشگریمانەیەکی گشتگەرای لە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی پاڕبینانە پێ باشتر بووە.

دیارە سەردەمی نوێ و جیهانی ئەدەبیاتی مۆدێرن و چاخی ڕەخنە و تیۆری ئەدەبی ئەوەمان لێ دەخوازن کە زەینی خۆمان لە قاوغی بیرۆکەی تاکمۆدێل پەسەندی لەمجۆرە دامالین و لەسەر ئەم باوەڕە سوور بین کە شیعری کلاسیکی کوردیش، وەک ڕەسەنی دیکەی جیهان، شایانتر لەوە کە تەنیا لە بازنەی یەک شێوە تێڕوانیندا بمێنێتەوە.

مەحوی لەم غەزەلەدا چەمکی «هیچ» دەکاتە ناوەندی قورسایی فۆرم و ناوەرۆکی شیعرەکەی و پاشان لەسەر

هێڵی بازنەیەک کە بە دەوری ئەم ناوەندەدا دەیکێشێتەوە تێڕوانینی خۆی بۆ ئەم چەمکە لە دوو توێی دوو گوتاری بە ڕواڵەت جیاواز دا ڕوون دەکاتەوە. گوتاری یەکەم کە لە چوار بەیتی سەرەتای غەزەلەکەدا لەنگەری لەسەر دەگرێ و دەکرێ وەک گوتاری «دیندارانی دژە دنیا» لێی بڕوانین و گوتاری دووەم کە لە چوار بەیتی دواییدا باسی لێ دەکرێ و بۆمان هەیە وەکو گوتاری «دڵدارانی ژیانخواز» ناودێری بکەین. دوا بەیتی ئەم غەزەلەش هەڵبەت ئاماژەیەکە بە توانایی داهێنەرانەی مەحوی، وەک شاعیر، کە پاشان لێی دەدوێین.

بەڵام با چەند پرسیارێک لەخۆمان بکەین و بڵێین ئەم دابەشکارییە بەپێی چ ئەسڵ و مەنتقێک لەم شیعرە دا هاتۆتە ئاراوە؟ یا باشترە بپرسین، مەحوی لەم غەزەلەیدا چ تەمهید و تەکنیکێکی بەکارهێناوە تا منی خوێنەر بەم قەناعەتە بگەم کەوا دوو گوتار لە پێکهاتەی مانایی و فۆرمێکی ئەم شیعرەدا ئامادەن و ئەم دوو گوتارەش لەسەرخانی شیعرەکەدا لێک جیاوازن و لەژێرخاندا یەک دەگرنەوە و دەبن بە یەک گوتاری گەورەتر کە ئەم گوتارە بنچینەی باوەڕی شاعیر پێکدێنێ؟ ئایا مەحوی بۆ ئەم کارە تەنها ڕووی لە ناوەرۆکی ڕستە و خەیاڵی ئیماژە شیعرییەکەی بووە، یاخود کارێکی داهێنەرانەتر و شاعیرانەتری لەم تەمهیدە باوانە کردووە؟

من بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە سەرنجی خوێنەر بۆ وشەی «هیچ» ڕادەکێشم کە مەحوی وەک «ڕەدیف»ی غەزەلەکەی بەکاری هێناوە. بە وتەیەکی تر دەمەوێ بڵێم بۆ تێگەیشتن لە مانا و مەبەستی ئەو دابەشکارییەی ئاماژەم پێکرد دەشێ ڕوومان لەو مانا و چەمکانە بێت کە مەحوی لە هەناوی وشەی «هیچ»دا چاندوویەتی و لە هەر بەشەو مانایەکی تایبەتی لێ هەڵکڕاندوون، بەڵام با بەر لەوەی بە ناخی باسی «هیچ» ناسانەماندا شۆڕ بینەوە ئاوڕێکی کورت لەو مانا باوەی «ڕەدیف» بدەینەوە کە لە نەریتی شیعری کلاسیکی فارسی و کوردیدا تا ئێستاش جێگر بووە و مەحوی لەم غەزەلەدا زۆر زیرەکانە و لادەرانە خۆی لێ نەبان کردووە. لە شیعری کلاسیکیدا زۆر کەم هەڵدەکەوێ شاعیر وشەی «ڕەدیف»ی شیعرەکەی خۆی بە دوو یان چەند مانای جیاواز بەکار بێنێ، لە تاقە مانایەک زیاتری لە وشەی «ڕەدیف» نەخواستووە. نالی لە غەزەلی «کە تۆی قیبلە،...» دا لەم ڕێسا باوەی شیعری کلاسیک بۆ شێوەی بەکارهێنانی «ڕەدیف» -لێرەدا وشەی «قوربان»-، کە لە سەرلەبەری شیعرەکەدا دەشێ تەنیا مانایەکی تاک و نەگۆڕ بەدەستەوە بدات، لای نەداوە:

**کە تۆی قیبلە، دەمت سا بێنە قوربان!**
**لەسەر قوبلە دڵم مەشکێنە قوربان!**

**وەرە بنوارە دوو دەستی حەناییم**
**حەنایی چی؟ هەموو خۆ خوێنە قوربان!**

یا حافیزی شیرازی لەم غەزەلەیدا هەمان ڕێسای ڕەچاو کردووە:

**دمی باغم به سر بردن جهان یکسر نمی ارزد**
**بەمی بفروش دلق ما کزین بهتر نمی ارزد**

**به کوی می فروشانش به جامی برغمی گیرند**
**زهی سجادەی تقوا که یک ساغر نمی ارزد**

بەڵام هەندێ جار هەڵکەوتووە هەندێ شاعیر ئەم یاسایەیان لەبەرچاو نەگرتووە و بەپێی پێداویستی لە بەیتێک یان لە چەند بەیتێکدا «ڕەدیف»-یان بە مانای جیاواز هێناوە، وەک ئەم شیعرەی حافیز:
**روز هجران و شب فرقت یار آخر شد**
**زدم این فال و گذشت اختر و کار آخر شد**

**آن همه ناز و تنعم که خزان میفر مود**
**عاقبت در قدم بهار آخر شد**

کە لەم شیعرەدا هەموو ڕەدیفەکان، واتە «آخر شد»، بە مانای «کۆتایی پێهات» دێن جگە لە ڕەدیفی میسراعی دووەمی بەیتی یەکەم کە بە مانای «سەرگرتن» و «جێبەجێ» بوون هاتووە.

مەحوی لەم غەزەلەدا سەبارەت بە ڕەدیفی «هیچ» ئەم ڕێساشکێنییەی کردووە و «هیچ» لە چوار بەیتی یەکەم و چوار بەیتی دووەم و تەنانەت تاک بەیتی دواییدا نەک هەر لە باری ماناییەوە، بەڵکو لە باری چەمکیشەوە خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێ. دیارە ئەو شتەی بەم

باوەڕەمان دەگەیەنێ ئەو مانا و چەمکانەیە کە لە وشەی ڕەدیفی «هیچ» دا، لە هەر پاژێکی دابەشکراوی گریمانەیی خۆ بە دەستەوە دەدەن. لێرەدا بەدوا شۆڕبوونەوەمان بە ناخی شیعرەکەدا و ڕووناکی خستنە سەر ئەو گوتارانەی باسمان کردن دەست پێ دەکات و سەرەتا با پاژی یەکەم، واتە چوار بەیتی سەرەتای غەزەلەکە شەنوکەو بکەین:

**ئەم عەسرە، عەسر و وەقتە لە بۆ فاجیرێ لە هیچ**
**دینی نەکا ویقایە، حەیا نەیگرێ لە هیچ**

مەحوی لە یەکەم بەیتی شیعرەکەیدا بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لە بارودۆخی سەردەمی خۆی-«ئەم عەسرە»- دەڕوانێ و بە عەسرێکی لە قەڵەم دەدات کە خراپەکاران تێیدا سەرکەوتوون، ئەو خراپەکارانەی کە ئایین یان بیناییییان-«دین» بە دوو مانا لە هیچ شتێک ناپارێزن و لەم ئاکارەشیان شەرم نایانگرێ. ئەم ڕەخنەیە، واتە نەپاراستنی دین و تەریق نەبوونەوە لە هەمبەر ئەم ئاکارە، ڕەخنەیەکە لە دۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگای سەردەمی مەحوی دەگیرێ و ئاراستەی ڕەخنەکەش ڕووی لەو کەسانەیە کە وێدەچێ دەسەڵاتدارانی خراپەکار (فاجیر) بن، چ ئەوانەی دەسەڵاتی مادی و سیاسی کۆمەڵگایان لە دەست دایە، چ ئەوانەش کە وا خاوەن دەسەڵاتی مەعنەوی و کولتووریی کۆمەڵگان. ئەم ڕەخنەیە ڕەخنەی دیندارێکە کە خەمی لە کیس چوون و دۆڕاندنی پرەنسیپە سەرەکییەکانی ئایینی بە کۆڵ دا داوە و لەم ڕووەوە ڕەخنە لە سەردەمی خۆی دەگرێ. کەواتە لە عەسری شاعیردا فاجیران خاوەن دەسەڵاتن- دەسەڵات بە مانای بەربڵاوی خۆی و لە سەردەمی خراپەکارانیشدا پاراستنی دین ئەستەمە.

لە بەیتی دووەمدا مەحوی لەکاتی هەنووکە هەڵدەکەنێ و پێی وایە ئەم گەمەیە گەمەیەکی هەمیشەیی بووە و دەبێ:

**دنیا بە کامی هیچ کەسانە هەمیشە دەم**
**هیچ ئەڵبەتە بە هیچ دەمێ نابڕێ لە هیچ**

دیارە لێرەدا خوێنەری وردبین ناتوانێ خۆی لە هەمبەر وشەی «هیچ» دا، کە لەم دوو بەیتەدا شەش جار بە کار هاتووە، نەبان بکات، چونکی شاعیری داهێنەر بەبێ هۆ و لە خۆڕاو لە مەودایەکی هێندە کورتدا پێنج جار لە تاقە یەک وشە کەڵک وەرناگرێ ، مەگین ئەوەی مەبەستێکی ماناخوازانە یان جوانی ناسانەی لە مێشکدا هەڵگرتبێ. دیارە مەحوی دەخوازێ لە ڕێگای زەقکردنەوەی واژەی «هیچ» لەبەرچاو و گوێی خوێنەرەوە و بیسەری شیعرەکەی «هیچێتی»-ی سەردەمی خۆی چڕ و پڕتر و خەستوخۆڵتر بنوێنێ.

لە بەیتی دووەمدا هیچ کەسان کە هەمان «فاجیر»ی بەیتی یەکەمە بە کام وەرگرانی هەمیشەیی دنیا دێنە ئەژمار و مەحوی لەم بەیتەدا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ دەبینێ لەنێوان کامی دنیا و کەسی خراپەکاردا و ناڕاستەوخۆش پێمان دەڵێ کە فاجیر بۆ گەیشتن بە کامی دنیا لە هیچ شتێک سڵ ناکات، دیارە بە هیچ کلۆجێکیش دەست لەم خواستەی هەڵناگرێ و هیچ کاتێکیش کەڵکەڵەی ئەم ئاکامەی لە کەللە دەرناچێ. کەواتە فاجیر بۆیە فاجیرە چونکی بۆ گەیشتن بە چێژ و کامی دنیایی پشت لە دین دەکات و تەریق نابێتەوە، هەڵبەت بە باوەڕی دینداری ڕەخنەگری ئەم پاژەی غەزەلی مەحوی ئەمەش ئەسڵێکە و هەموو سات و سەردەمانێک وەڕاست گەڕاوە.

لێرەدا بە پشوویەکی درێژترەوە پرسیارێک لە خۆمان دەکەین و دەڵێین ئایا ئەو هێرشەی مەحوی دەیکاتە سەر ئەو «هیچانە»ی، کە تا سەرئێسک ڕەشبینانە و دژە دین و بە پێچەوانەی بەرژەوەندی سەردەمن، بەرگری کردنە لە جیهانبینییەکی تایبەتی، بۆ نموونە جیهانبینی ئیسلامی، یان ئایدۆلۆژییەکی مەزهەبی، وەک ئەشعەریگەری، یاخود «هیچ»ێکن کە لەپێناوی بەرگری کردن لە چەمکێکی گشتیی وەک «کۆمەڵگا» یان «دینداری» و نیشاندانی ڕۆحی بەرپرسایەتیی شاعیر لە هەمبەر جوانیی ئەسڵە خودایی و مەعنەوی و ئینسانییەکان ڕەخنەیان لێ دەگیرێ؟

دیارە مەحوی لەم پاژەی شیعرەکەدا کە وەک گوتمان لە زمان دیندارێکی ڕەخنەگرەوە قسان دەکات، ئەوەندەی خەمی گەندەڵ بوونی عەسر و زەمانە و دارمانی ڕۆحی ڕاستی خوازیی دنیای بە گشتی لە دڵدایە، ئەوەندە خەمی تیا چوونی ئایدۆلۆژییەکی تایبەت، یان لە کزی دانی جیهانبینییەکی هەڵبژاردە نییە. لێرەدایە کە دەکرێ مەحوی وەک شاعیرێکی دینداری مەیلەو هیومانیستی

(مرۆڤگەرایی) لە قەڵەم بدەین، بێ ئەوەی بمانەوێ خەسڵەتی عاریفانە و خواستی دینگەرایانە و بۆن و بەرامەی کوردانەی شیعرەکەشی لێ زەوت بکەین. مەحوی لەم شیعرە دەروەستی تاقە یەک ژێدەر و ئاخێزگەی فیکری- فەلسەفی (با بڵێین ئایینی بە تەنیا) نەبووە، تا دواجار شیعرەکەشی تەنها لە بازنەی عیرفانی ئیسلامیدا ببەستریتەوە، هەرچەند گومان لەوەش ناکەین کە ئەم شیعرانە ئی شاعیرێکی موسوڵمانی عیرفانگەرایە، بەڵام ئەو دەروەستییەی کە لەم شیعرەدا و بە تایبەت لە پاژی یەکەمیدا دەیبینین پتر لە وەی دەروەستییەکی دینی-عیرفانی بێت، ئیلتیزامێکی فەلسەفی-فیکرییە. ئەو ئیلتیزام و دەروەستییەی کە مەحوی لەم شیعرەدا بۆ مرۆڤی بە ڕەوا دەزانی ئەرکێکی قورسی بەرپرسایەتییە لە هەمبەر عەسر و سەردەم و ئایین و کۆمەڵگا، تا لە سۆنگەی وەئەستۆ گرتنی ئەرکێکی لەم دەستە عەسری فاجیران کۆتایی پێبێت و هیچکەسان دەستیان لە دەسەڵات کورت بێتەوە و دین بپارێزرێ و مرۆڤانە لە زۆر شت حەیا بیانگرێ.

لەبەیتی سێیەمدا مەحوی پێوەندیی نێوان دنیا و مرۆڤ پتر شی دەکاتەوە:

**دنیا کە هیچە، جوملە دەزانن، کەچی چ کەس**
**مەردانە بۆ خودا نییە دەس هەڵگرێ لە هیچ**

لە دوو بەیتی سەرەتای پاژی یەکەمدا قورسایی ڕەخنەی مەحوی دەکەوتە سەر شانی «فاجیران» و «هیچ کەسان»، بەڵام لە بەیتی سێیەمدا مەحوی باس لە «جوملە»، واتە هەموو کەس دەکات و بازنەی ڕەخنەکەی بەر بڵاوتر دەکات و پێی وایە ئەوە دابڕان لەنێوان مرۆڤ و خودا دایە کە عەسری فاجیران و هیچ کەسان بەرهەم دینێ. لێرەوە دەبینین مەحوی سەر لە بەری کۆمەڵگای خۆی بە تاوانبار لە قەڵەم دەدات و «هیچێتی» تەنیا هەر لە کام وەرگرتنی هیچ کەسان لە دنیادا نابینێ، بەڵکو دەسهەڵنەگرتنی خەڵکانیش، پیاوانە و لە پێناوی خوادا، بە«هیچێتی» لە قەڵەم دەدات. ئالێرەوە دەکرێ دوانە لێکدژێکی گرینگ لەم پاژەی شیعری مەحویدا بدۆزینەوە، ئەویش دوانە لێکدژی دنیا/دین-ە. لێرەدا داوا لە خوێنەرەوە دەکەم ئەم دوانە لێکدژەی لەبیر بمێنێت تا لە شوێنی خۆیدا باسی بێنینەوە گۆڕێ.

لە دوا بەیتی پاژی یەکەمی ئەم غەزەلەدا، مەحوی ئەو شتەی کە بە کامی هیچ کەسانی دەبینێ و هەر لە بنەڕەتەوە، بە باوەڕی ئەولەم پاژەدا،هەر لە بنەڕەتەوە خۆی هیچە، واتەدنیا، دەداتە بەر شەق و باوەڕی وایە کە هەر ئەوشەقەش بۆ مرۆڤ سوودی هەیە کە بەر لە مەرگ لە هیچ هەڵدەدرێت، بە وتەیەکی تر پێوەندییەک کە لەنێوان مرۆڤ و ژیاندا دەشێ هەبێت، پێویستە پێوەندییەک بێت کە لەسەر بنەمای خواستی دنیا خوازیدا دانەمەزرابێت. بە زمانێکی دیکە، ژیان بخوازە، بەڵام دنیا توور هەڵدە. لێرەوەیە کە مەحوی تووشی پارادۆکسێک دەبێ و دەڵێ: «بژی بێ ئەوەی دنیات بوێ.» مەحوی دابڕان لەنێوان مرۆڤ و خودا بە«هیچ» لە قەڵەم دەدات و بە بڕوای مەحویش ئەو شتەی ئەگەر ئیمکانی ئەم دابڕانە دێنێتە ئاراوە پشت بەستن بە«دنیا»یە. لێرەوەیە کە جارێکی تر دەمەوێ بڵێم ئەو گوتارەی کە لەم چوار بەیتەی ئەم غەزەلەی مەحویدا خۆیا دەبێت، گوتاری وەگێڕێکی (راوی) «دینداری دژە دنیا»یە کە لەسەر دەستی باوەڕی دینی و لە هەمان کاتدا بە هەڵوێستی مەیلەو هیومانیستێکی نەک هێندە تۆخ، ڕەخنە لە دۆخی کۆمەڵگا و کەشوهەوای سەردەمی خۆی دەگرێ. بۆ ئەوەی پاڵپشتێکی بەهێزتر بۆ ئەم بۆ چوونەی خۆم دەستە بەر بکەم، لێرەدا بە پێویستی دەزانم بەراوردێک بکەم لەنێوان هەڵوێستی مەحوی لەم شیعرەدا و تێڕوانینی «ئالبێر کامو» کە دەزانین نوێنەرو دەنگی ئەدەبیی گەڕیانی فەلسەفەیی ئیگزیستانسیالیستەکانە لە ڕۆمانی «تاعون»دا بۆ چەمکی «هیچ». هیوادارم خوێنەرەوە پێی وا نەبێ لێرەدا خەریکم توانایی بینایی چاوی مەحوی بە نیسبەت توانایی ژنەوایی گوێی ئالبێر کامو هەڵدەسەنگێنم. ئەم هەڵسەنگاندنە سەنگوسووک کردنی دوو بیرۆکەی جیاوازی دوو مرۆڤی ئەدیبە لەسەر یەک چەمک و بەس. ئیتر لێرەدا خۆماڵی و بیانی، کلاسیک و مۆدێرن، شاعیر ورۆمانووس بوونم لا مەبەست و پێ گرینگ نییە.

«ئاندرێ موروا» لە پێشەکی ڕۆمانی «تاعون»-دا و بۆ ڕوونکردنەوەی فەلسەفەی وجوود گەرایانە و ئیگزیستانسیالی ئالبێر کامو دەڵێ، پووچی نە لە ناخی مرۆڤ دایە و نە لە هەناوی دنیادا، بەڵکو لە پێکەوە

ژیانی مـــرۆڤ و دنیـــا دایه. به وتەیەکی ڕوونتـــر، له کۆبوونەوەی نێوان مرۆڤ و دنیا دایه کە پووچی لە دایک دەبێ. دیارە مرۆڤ ناچارە لەوەی لەنێو دنیا و لەگەڵ دنیا دا بژی و هەر بۆیەش ناچارە لەوەی لەنێو پووچی و لەگەڵ پووچیدا ژیان بباتە سەر.

لای کـامـو پووچی ناچارەکی بەسـەر مـرۆڤ و ژیانی مـــرۆڤـدا دەســەپێ، تەنیـــا بەو هۆیەی کـــە مـــرۆڤ بوونەوەرێکە لەنێو هەرا و هەنگامەکانی دنیادا دەژی. بە بڕوای کـامـو پووچی لە ئاکـامی ڕووبەڕووبونەوەی نێـوان دەنگی ویژدانی مـرۆڤ و بێـدەنگی مـەنتق هەڵنەگـری جیهاندا لە دایک دەبێ. ئالێرەشەوەیە کە مرۆڤ لە ژیان دادەبڕێ و ئەمەش بە باوەڕی کامو ڕێک هەمـان هەستی بە پووچی کـردنە. ئالبـێـر کـامـو پێی وایە، هەمـیـشـە هەندێک ڕەنگ و ڕواڵەت هەن کـــە هەقـــیـــقـــەت و واقیعەکان لە ئێمە دەشارنەوە، هەر کە بێت و دیواری ئەم ڕەنگ و ڕواڵەتانە تێک بڕمێ، هەســـتی پـووچیش سەرەتاتکێ دەکات. مرۆڤی کامویی مرۆڤێکە کە دەیەوێ دنیـــا بگۆڕێ، بەڵام بۆ گـــۆڕانی دنیـــا دەس لە دنیـــا وەرنادات- ئەو کـــارەی مــرۆڤی مـــارکــسی دەخـــوازێ بیکات، واتە دەس لە دنیـــا وەربدات- بەڵکو دەست لە دنیا دەشواتەوە. «مۆرسۆ» لە ڕۆمانی «نامۆ»دا دەیەوێ لە سۆنگەی کـوشـتنی خۆی ئەو دنیـایەی کـە نایخـوازێ بگۆڕێت. بۆ یەکگرتنەوەی ژیان و مـرۆڤ و پڕکـردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە ئاکامی دابڕانی نێوان ژیان و مرۆڤدا دێتە ئاراوە مرۆڤ دەشێ دەسبەرداری ژیان بێت. مرۆڤی کامویی بە دەردی جەرگبڕ و هەمیشەیی بەردی سیزیفی زانیوە و چیـتر تاقـەتی بە کۆڵ دادانی ئەم خەمـە تاقـەت پڕووکێنەی نییە. «هیچ سزایەک مەترسیدارتر لە کاری بێ هوودە و بێبەری لە هۆمێد نییە.»

پێزانین بە بێ هوودەیی و لە خۆڕایی بوونی ئەم هەمـوو ڕەنج و ئازارەی مــرۆڤ دەیبــینــێ، بە ڕای کـــامـــو واتە دۆزینەوەی چارەنووسی مرۆڤ. دوا جار بە باوەڕی کـامو، مــرۆڤ بۆ ئەوەی مــرۆڤ بێت، دەشێ واز لە خــودا بوون بێنێ. پیرۆزیی مرۆڤ لەوەدایە کە مرۆڤ وجوودی خۆی لە پیـرۆزێتی خـوداوەندی دامـاڵێ. کـامـو لە ڕۆمـانی «تاعـوون»دا پێـمـان دەڵێ: «مرۆڤی پیـرۆز ئەو مرۆڤـەیە ژیانی نێو مرۆڤەکانی پێ خۆش بێت.»، چونکی مرۆڤ لە بەرزترین ئاسـتی مـرۆڤـایەتیـدا بۆی هەیە هەوێنی بچـووکـتـرین عـەدالەت و بەرابەری بێت و لە نزمـتـرین ئاستی خوایەتیشدا دەکرێ بێتە مایەی گەورەترین زوڵم و زۆر و نایەکـسـانی. مـرۆڤی کـامـو مـرۆڤـێکە وازی لە خـودایەتی هێناوە و سـوورە لەسـەر ژیانی تژی لە ڕەنج و ناهومـێـدی و ئامـادەی دەس شـووشـتنەوەیە لە ژیان و جیهان.

دیارە مـەحوی لەم پاژەی شیعـرەکـەیدا لەوەدا کە دنیـا خواز نییە و بە نیازی گۆڕینی ڕوخساری دنیا و سەردەمی «فـاجـیـر لە خـۆگـر» و «هیـچکەس پەسندە»، لەگـەڵ فـەلسـەفـەی کـامـو یەک دەگرێتەوە. بەڵام ئایا مەحـویش وەک کامو لە هیچی و پووچی دنیاوە بە هیچی و پووچی ژیان دەگـات؟ ئایـا ئەو شـەقـەی کـە مـەحـوی لە «هیچ» (دنیــا)ی هەڵدەدات، دوا جـار وەبەر ژیانیش دەکـەوێ؟ ئایا مەحویش چەشنی کامو دەس شووشتنەوە لە جیهان (دەسـهـەڵگرتن لە هیچ) دەیگەیەنێـتـە ئاسـتی دەس لە ژیان بەردان؟ ئەگـەر مـەحـوی لەم پاژەی شـیـعـرەکـەیدا گوتارێکی دیندارانەی دژە دنیاییمان بۆ ڕەنگڕێژ دەکات، ئایا ئەوەشمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لە بەرامبەر ژیاندا چ هەست و هەڵوێسـتـێکی هەیە؟ ئەو مـرۆڤـەی مـەحـوی بە دویدا دەگـەڕێت و داوای لێ دەکـات مـەردانە لە پێناوی خودا دا دەس لە ئەوکی دنیا بەردات و بە کامی دنیاوە نە نووسێ و دنیـــا وە بەر شـــەق دات، داخـــۆ دەبێ چۆن ستراتیژییەک لە هەمبەر ژیاندا بگرێتە بەر؟

باشە مرۆڤی ئیدیالی مەحوی کە دەیەوێ دژی فاجیران و هیچ کەسان و دنیا خوازان دەنگ هەڵبڕێ و مەردانە بۆ خودا دەس لە «هیچ» بشـواتەوە و دینی خـۆی بپـارێزێ و حەیا بیگرێ لە «هیچ»، چ ڕێبـازێک بۆ ژیان هەڵدەبژێرێ و چ شـێـوازێک بۆ مـانەوە لە جـیـهـاندا ڕەچاو دەکـات؟ دیارە، وەک گوتمان، دەس شووشتنەوە لە دنیـا بە باوەڕی مەحوی بە مـانای تووڕهەڵدانی ژیان نییە، بەوتەیەکی تر لای مـەحـوی، بە پێـچـەوانەی باوەڕی ئیـگزیسـتـیـالی کـامو،دووركەوتنەوە لە دنیـا بە مـانای تەرە بوون لە ژیان نییـە. ئێـسـتـا پرسـیـاری گـرینگ ئەمـەیە، مـەحوی کـە ناخوازێ دژی ژیـان بوەستێـتەوە، ئەی چۆن لەگـەڵ ژیاندا هەڵسـوکـەوت دەکـات؟ بە زمـانێکی تر مـرۆڤی مـەحوی دەیەوێ چۆن چۆنی ئەزمـوونی ژیان تاقی بکاتەوە؟ تووڕ هەڵنەدان و هەڵکردنی ئەو لەگەڵ ژیان هەڵگری چ مانا و مـەبەسـتـێکە؟ گـەر مـەحـوی گـۆڕانی دنیـا، یان گۆڕانی

عەسری فاجیران و هیچکەسان بە پشت لە دنیا کردن و دەس شـــووشـــتنەوە لە دنیـــا لە قـــەڵەم دەدات، نەک دەسـبـەردار بوون لە ژیان ، ئەو شـتـەی فـەلسـەفـەی وجوودیی کامو باوەڕی پێیەتی، باشە چلۆن دەخوازێ ئەم گـۆڕانە بێنێـتـە دی؟ دەسـبـەردار نەبوونی ئەو لەژیان هەڵگری چ مانایەکە؟ ئەو چلۆن دەیەوێ مەردانە بۆ خودا دەس لە دنیـا هەڵگرێ؟ ئایا مـرۆڤی مـەحـوی بۆ ئەم پرسیارانە وەڵامی بە دەستەوەیە؟ بۆ ئاوڕدانەوە لەم پرس و پرسیارە گەورە و گرینگانە دەشێ دەرگای پاژی دووەمی شیـعری مەحوی بخەینە سەر گازەرای پشت و لەسەر شەنوکەو کردن و خوێندنەوەی شیعرەکەمان بەردەوام بین.

لە پاژی دووەمی ئەم غەزەلەماندا کەشوهەوای گشتیی شیعرەکە گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر دادێ و باسو خواسی ڕەخنەگرانەی شاعیر لە هەمبەر عەسر و زەمانەی فاجیران و هیـچکەسـان کـۆتایی پێـدێت و لە کـتـوپڕ بەسـەر وەسفـێکی دڵدارانەی ڕووتی ئاشقـێک دادەکەوین کە وێدەچێ کـەمـتـرین ئاگـای لە هەلومـەرجی جیـهـان و بارودۆخی کـۆمـەڵگا نەبێ. لەم پاژەدا جـیـهـان لە ئۆبژێکتـیـویتەی (حاڵەتی عەینی) خۆی دادەماڵدرێ و دەبێـتـە سوبژێکتـیـویتـەی (حاڵتی زەینی) وجـوودی شـاعـیـر، بۆیە ئەگـەر لە پاژی یەکـەمـدا دەکـرا باس لە «هیـچکەسـان» و «جـوملە» (هەمـوو کـەس) بکرێ و ڕەخنەیان لێ بگیـرێ، لەم پاژەدا تەنیـا باس لە «مـاچی دەم» و «نازی قـسـە» و «مـیـانی یار» دێتـە گـۆڕێ. بە وتەیەکی تر، لە پاژی یەکەمدا دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بە چاو دەبینران و بە هزر شی دەکـرانەوە، بەڵام لەم پاژەدا بابەتەکان لە خەیاڵدا دەگووڕێن و لەسـەر دەسـتی وزەی هەست و ئیحساسی شاعیر خۆیا دەبن. کەواتە لە پاژی یەکـەمدا عـەقڵ و مـەنتقی هزرێکی ڕەخنەگر لە جیـهان دەدوێت، کـەچی لە پاژی دووهەمـدا هەست و خـەیاڵی دڵێکی ئەڤیندار ڕاڤەی دنیا دەکات. دیارە دەکرێ بۆ هەر کـام لەم پاژانە بە جیـا چەندان تایبـەتمەندی تریش زیاد بکەین و لە فەرق و جیاوازییـەکانیان پتر بدوێین، بەڵام ئەو شـتـەی لێرەدا بەلای منەوە گـەلێ گرینگ و شـایانی لێکۆڵینەوەیە ئەو سـەرە داوە زۆر باریک و تا ڕادەیەک نەدیوەیە کـە ئەم دوو پاژە بە ڕواڵەت لێک جیـاوازە بە یەک دەبەستێتەوە و پێوەندییەکی بابەتییانەیان لەنێواندا بەدی دێنێ. بە تەعـبـیـرێکی تر، لێـرەدا ئەو شـتـەی سەرنجی خوێنەرەوەی وردبین پتر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ دۆزینەوەی دەلیلی ئەو گۆڕانە بنەڕەتییەیە کە مەحوی لە فەزای پاژی دووهەمدا هێناوییەتە ئاراوە بێ ئەوەی ئەم گـۆڕانە بە مـانای دابڕانی یەکـجـارەکی لە فـەزای پاژی یەکەم بێت. ئێمـە وەک خوێنەرەوەی ئەم دەقەی مـەحوی مافی خۆمانە لەم پرسیارە ورد بینەوە کە ئایا مەحوی بە دیوی ئەو دیوی ئەم گـۆڕانکارییـەدا مـەبەسـتـێکی مـانا ناسـانە و جـوانیناسـانەی هەبووە؟ ئایا پاسـاوێک بە دەستەوە دەدرێت کە بۆچی مەحوی باروبنەی شیعرەکەی لە کەشوهەوای ڕیالیزمـێکی ڕەخنەگرانەوە بەرەو فـەزای ڕۆمانتیسیزمێکی ئاشقانە تێکەوە دەپێچێ؟

وەک بە تێـر و تەسـەلی لێی دواین مـەحـوی لە چوار بەیتی یەکـەمی غـەزەلەکـەیدا (پاژی یەکـەم) باسی لە دابڕانی نێـوان مرۆڤ و خوا کرد و هۆی ئەم دابڕانەشی بە دەس هەڵنەگـرتن لە دنیـا، کـە «هیـچ»ە، لە قـەڵەم دا. «هیچ» لە سەرلەبەری پاژی یەکـەمی ئەم شیـعـرەدا، کـە سەرجەم دە جـار دووپات بۆتەوە، هەڵگری دەلالەتگەلی سەلبییە. چەمکی سەلبییەت کە لەم پاژەدا لە دەلالەتی مـانـایی واژەی «هیچ» هەڵدەهێنجـرێ لە سـۆنگەی ئەو سـەرچاوە و ژێدەرانەوەیە کـە «هیچ» دەگـەڕێتـەوە بۆ سەریان و لەوێوە لێـیـان پاراو دەبێ. بۆ نموونە لە بەیتی دووەمی پاژی یەکەمدا:

**دنیا بە کامی هیچکەسان هەمیشە دەم**
**<u>هیچ</u> ئەڵبەتە بە هیچ دەمێ نابڕێ لە <u>هیچ</u>**
**١ ٢**

بە خوێندنەوەیەک لە خوێندنەوەکـان «هیچ»ی ژمارە ١ دەگەڕێتـەوە بۆ سەر «هیـچکەسان» و «هیـچ»ی ژمارە ٢ بۆسـەر «دنیـا». لەم ڕووەوە دەبینین لەم پاژەدا «هیـچ» مانایەکی تەواو سەلبی هەیە و شاعیر مۆرکی ئەم واژەیە بە نێـو چاوانی ئەو دیاردانەوە دەلکێنێ کە لە ڕوانگەی خۆیەوە بەناحەز و نەگریس و نەشیاویان لە قەڵەم دەدات و ڕەخنەیان لێ دەگرێ و حـاشایان لێ دەکـات، بەڵام لە پاژی دووەمی ئەم شـیـعـرەدا، مـەحـوی واز لە پێـوەندی نێوان خودا-مرۆڤ دێنێ و دەچێتە سەر هێڵی پێوەندیی نێوان من-یار. بە وتەیەکی تر،پاژی یەکەم پاژێکە کە لە پێـوەندیی نێوان مـرۆڤ و هێزێکی میـتـافیـزیکیی وەک خـودا دەدوێ و بە گـوێرەی ئەم پێـوەندییـەش ڕەخنە لە

مـرۆڤی هیـچکەس دەگـرێ و باس لە دەس هەڵگرتن و شەق هەڵدان لە دنیا دەکات، کەچی لە پاژی دووهەمدا پێوەندیی نێوان ئاشق-یار دەکەوێتە بەر باس ، هەر بۆیە باسی بابەتی لە جۆری «ماچی دەم» و «ئاوی زیندەگی» و «شاهی عـیشق» دەکرێ و هەوێنی دوان لە بری ڕەخنە گرتن و سەلبی ڕوانین، پەسەندکردن و ئیجابی نرخاندنە. هەر بۆیە، ڕێک بە پێچەوانەی پاژی یەکەمی غەزەلەکە، لە پاژی دووهەمـدا، دالی «هیچ» هەڵگرێ کـۆمـەڵێک مـەدلوولی ئـیـجـابییـە و تەنانەت سـەرچاوەی هەمـوو «هیچـەکان» لەم پاژەدا، کە پێنج جار دووپات دەبنەوە، ئەو واژانەن کە پەسەند و دڵخوازی شاعیرن، بۆ وێنە:

**دەم نادیار و نازی قسەی پڕ بە دەشت و شار**
**دنیایەک ئاوی زیندەگی و دەرخرێ لە هیچ**

کـە «هیچ» لەم بەیتـەدا دەگـەڕێتـەوە بۆ سـەر «دەم»ی یار.

لێرەوە بەم ئاکامە دەگەین کە مەحوی لەسەر دەستی یەک کەرەسەی شیعری، واتە وشەی «هیچ»، دوو فەزای تەواو جیـاوازی بە پاژی یەکـەم و دووەمی شیـعـرەکـەی بەخـشـیـوە و لەم ڕێگایەوە خـوێنەرەوەی تـووشی سـەر سوڕمانی خوێنەرەوانە کردووە کە چۆنە ئەو «هیچ» ەی کە لە پاژی یەکـەم هێندە هیچ بوو، لە پاژی دووهەمـدا لە ناکاو بوو بە هەموو شتێک. مەحوی تەنانەت بۆ خەست و خـۆڵتـرکـردنی باری تەکنیکیی ئەم فـرتوفـێـڵـە شاعیرانەیەی ئەم کایەیەی بە وشەی «دنیا»ش کردووە:

**دەم نادیار و نازی قسەی پڕ بە دەشت و شار**
**دنیایەک ئاوی زیندەگی و دەرخرێ لە هیچ**

«دنیـا» کـە لە پاژی یەکـەمـدا هیچ بوو و شـەقی تێهـەڵدەدرا، لەم بەیتەی پاژی دووەمی شیعرەکەدا ئاوی ژیانی لێ دەچۆڕێ و ئامـاژەیە بۆ نازی قـسـەی یار. ئەم شێوە کارکردنە بە وشەکان پیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە مـەحـوی لە ڕوانگەیەکی ڕەهایی مـیـتـافـیـزیکی و بە مـەنتـقـێکی ویشکی فـەلسـەفی و لەسـەر دەسـتی دەمارگرژییەکی ئایدۆلۆژیک لە جیهان و پێوەندیی نێوان مرۆڤ و خودا و مرۆڤ و مرۆڤ ناڕوانێ و دیاردەکانی دنیـا لەنێـو تاقـە یەک بۆتەی تاقـیکاری تایبـەتدا قـاڵ ناکـاتەوە. مـەحـوی کـە لە پاژی یەکـەمـدا لە دیدی دینداریێکی دژە دنیـاوە بـاس لەجـیـهـان دەکـات و مـانای سەلبی بە چەمکی «هیچ» دەبەخشێ، لە پاژی دووهەمدا لە ڕوانگەی دڵداریێکی ژیان خوازەوە لە دنیـا دەڕوانێ و دەلالەتی ئیـجـابی بۆ «هیچ» دیاری دەکـات. «هیچ» لە زەمینەی عـەسری فاجیـران و هیچکەساندا «هیچ»ێکی ڕەش و تاریکە و هێـمـای جـیـهـانێکە سـیـخناخ بە دڵەڕاوکەی مـەرگ، بەڵام لە زەمـینەی مـاچی دەم و نازی قسە و میانی یاردا کە شاهی عیشقە «هیچ»ێکی سپی و ڕووناکە و نیشانەی دنیایەکە تژی لە کەڵکەڵەی ژیان. ئەو «دنیـا»یەی بە کـامی هیچ کـەسانە کانیـاوی حەیای تێدا ویشـک دەبێت و ئەو «دنیا»یەی نازی قسەی یار پڕ بە دەشت و شارە ئاوی زیندەگی لێ هەڵدەقوولێ.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەم ڕاستییە بۆ خوێنەرەوەی شـیـعـری کـلاسـیکی کـوردی بدرکـێنم کـە زێدە وەسف (اغراق) لەمەڕ باریک لە قەڵەم دانی کەمەر یان میـانی یار، نـەک هەر تـا ڕادەی تاڵـە مـــــوویەک، بـەڵکـو تا ئاسـتی«هیچ» یان بچـووک وێناکـردنی دەمی یار تا ئەندازەی هیچ، لە شـیـعـری کـلاسـیکی فـارسـیـدا مـێـژینەیەکی دوور و درێژی هەیە.بۆ نموونە خـواجـوی کرمانی هەشت سەدە لەمەوبەر گوتوویەتی:

**شدیم همچو میانت نحیف و نتوان گفت**
**که نیست با کمرت هیچ در میان ما را**

یان حـافـیـزی شـیـرازی هەر سـەبارەت بە مـیـانی یار دەڵێ:

**میان او که خدا آفریدة است از هیچ**
**دقیقه ایست که هیچ آفریده نگشا دەست**

یان هەر حافیز وەک زێدە وەسفی دەمی یار دەڵێ:
**چون وصف دهان تو کنم زآنکة در آفاق**
**من هیچ ندیدم به لطافت چو دهانت**

یان لەم بەیتـەدا کـە هەر دیسـان حـافـیـز بـاسی دەم و میانی یاری پێکەوە کردووە:
**هیچ است آن دهان و نبینم از او نشان**
**مویست آن میان و ندانم که آن چه موست**

دیاره مەحوی وەک شاعیرێکی کلاسیک کە لە ناو کەشوهەوای نەریتی شیعری کلاسیکی فارسی و عەرەبیدا هەناسەی داوە و خوێنەرەوەیەکی ورد بینی ئەم بوارە بووە، ئاگای لەم وردەکارییانەی شاعیرانی کلاسیکی بەر لە خۆی بووە و هەر تەنیا بەراوردێکی بچووکی نێوان ئەو بەیتانەی سەرەوەی خواجو و حافیز و ئەو بەیتانەی مەحوی لە پاژی دووەمدا ئەم حەقیقەتەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە مەحوی لەم غەزەلەدا پشتی بەو شوبهاندن و وێناندنە کلاسیکییانەی پێش خۆی بەستووە و رێبازی ئەوانی درێژە داوە، بەڵام ئەو شتەی لەم شیعرەدا گرینگە و شایانی شیکردنەوەیە و تا رادەیەک مەحوی لە نەریتی شیعری کلاسیکی پێش خۆی جیا دەکاتەوە و شەقڵی تایبەتی و شێوازی شیعریی مەحوی پێوە دیارە ئەو مەبەستە جوانی ناسانەیەیە کە لە شێوەی بەکارهێنانی چەمکی «هیچ» بۆ دەم و میانی یاردا هەستی پێ دەکرێ، مەبەستێک کە تەنیا لە شوبهاندنێکی رووتی شاعیرانەدا چڕ نابێتەوە، بەڵکو لە پشت ئەم شوبهاندن و جوانکارییە هونەرییەوە مانا و دەلالەتێکی قووڵی فەلسەفی خۆی مەڵاس داوە، بەو مەرجەی واتای «هیچ» لەم بەیتانەدا کە باسی دەم و میانی یار دەکەن بلکێنینەوە بە واتای «هیچ» لە پاژی یەکەمدا، کە وەک گوتمان، هەڵگری گەلێ لایەنی سەلبی بوو. بۆ نموونە ئەگەر «هیچ» لەم شیعرەی مەحویدا و لە بەیتێکی وەک:

**دیققەت کە، غەیری ڕوشتەیی جان ومیانی یار**
**ڕوشتەم نەدیوە ئەمن مەحوی، بادرێ لە هیچ**

تەنیا بە مانای ئاسایی خۆی و بێ پێوەندی لەگەڵ «هیچ»ەکانی تری پاژی یەکەم، کە سەر لە بەریان دژی مانای «هیچ»ی ئەم بەیتەن، هاتبایە، ئەوە لە بەراورد دەگەڵ «هیچ»ی ئەم بەیتەی خواجوی کرمانی-دا، لە باری جوانی و ناوەڕۆکەوە هیچی بە هیچ نەدەکرد:

**از میانش چون سر مویی ندیدم در وجود**
**هیچ اگر خواهی نوشتن مختصر باید نوشت**

بەڵام «هیچ» لەم بەیتەی مەحویدا جگە لە مانای ئاسایی خۆی و ئەو جوانییە ناوەکییەی کە بەم بەیتەی بەخشیوە، لە سۆنگەی پێوەندیشی لەگەڵ «هیچ»ەکانی پاژی یەکەمی غەزەلەکە خاوەن جوانییەکی دەرەکیشە کە لە سەرلەبەری تانوپۆی شیعرەکەدا تەنراوە.

«... کەواتە تۆ ئێستا لە خودای خۆت تووڕەی، خەریکە لێی یاغی دەبی...

ئالیۆشا ماوەیەکی زۆر لە ڕاکیتین ڕاما و لێی ڕوانی و ڕووناکاییەکانی لە ناکاو لە چاویدا درەوشایەوە... بەڵام نەک لە بەر ڕق هەڵگرتن لە ڕاکیتین.

پاشان لە کتوپڕ بزەیەکی بە زۆری هێنایە سەر لێوی و گوتی:

-لە خودای خۆم یاغی نابم، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەم دنیایەشی قبوڵ ناکەم.»

(ڕۆمانی «برایانی کارامازۆف»، فیۆدۆر دەستەیڤسکی، وەرگێڕانی بۆ سەر فارسی ساڵح حسێنی، ل٤٧٨)

مەحوی وەک شاعیر کە بۆی هەیە لە دەلاقەی گوتاری شیعرییەوە ڕەخنە لە هەلومەرجی وجوودیی ئەو جیهانە بگرێ کە تێیدا دەژی ئالیۆشا گوتەنی دنیای خودای بەو شێوەیەکە خۆی وەسف و وێنای دەکات، کە دیارە ئاوێنەیەکی واقیع نوێنی بارودۆخی کۆمەڵگای ئینسانی و هەلومەرجی جیهانی سەردەمی خۆیەتی، قبوڵ نییە و ئەگەر چی ئەم قبوڵ نەکردن و حاشا کردنەی لە دنیا ناچێتە چوارچێوەی گوتارێکی لە جۆری ئەو نیهیلیزمە زەق و زۆپە ڕووسیاییەی سەدەی نۆزدە کە ئالیۆشا لە ڕۆمانی برایانی کارامازۆف-دا ئاماژەی پێ دەکات هەرچەند ئالیۆشا کارامازۆف لەم ڕۆمانەدا خۆی کەسایەتییەکی ئایین پەروەر و باوەڕدار بە خوایە، بەڵام هەر ئەوەندەی کە مەحوی بەردەوام ناڕاستەوخۆ هێمای ئەم قبووڵ نەکردن و ڕەخنەگرتنە لە زەمانە و عەسری هیچکەسانمان بەردەوام دەخاتە بەر دەست خۆی شاهیدێکی بەهێز و حاشا هەڵنەگرە بۆ ئەم تێبینییەی ئێمە. ڕەخنەی مەحوی لە دیندارانی ڕووپامال و ئاین پەروەرانی ڕیاباز و واعیزانی زمان لووس و مێزەر بەسەرانی مێشک ویشک بەر لەوەی هەڵگری ڕەهەندێکی ڕەخنەگرانە بێت لە بارودۆخی ئەو ڕۆژگارەی مەحوی تێیدا ژیاوە، دەربڕی ئەو ئیلتیزام و دەروەستییە فەلسەفی و وجوودییەیە کە مەحوی لە هەمبەر ڕوونکردنەوەی هەقیقەتەکانی جیهان و بەرهەمهێنانی ئەخلاقی مرۆڤایەتی هەستی پێکردووە:

**زوبانی واعیزی بێ دڵ درێژە دەرهەق ئەهلی دڵ**
**بەجێشە غەیری ئەو مل پانە کێ بێ هەڵگری ئۆباڵ**

**ئەمڕۆ لە کن زەمانە هونەر بۆتە قەشمەری**
**شێری ژیانی بۆ چییە، مەیموونیە گەرەک**

**عەجیبم دێ لە عەقڵی ئەو کەسەی وا تێدەگا مەردە**
**کەچی وەک خان و خانم دائیما دڵخۆش و بێ دەردە**

مەحوی تەنانەت لە ڕێبازی ئەم گوتارە ڕەخنەگرانەیەدا کەسایەتیی مەلایانەی خۆیشی ناپارێزێ و بە زمانێکی تێکەڵ بە تووڕەیی و تەنز و توانج حاشا لەو هێمایە دەکات کە ئەو وەک پیاوی دین دەنوێنێ:
**بەر پێی ئەوم، بە مێزەرەوە، سەرکەنا، وتی:**
**«مەحوی» تەمایە بمخەڵەتێنێ بە تووری پووت**

**لەگەڵ دەستی مەلا ڕێ ناکەوێ زونناری زوڵفی یار**
**وەکو شێخ ئیختیاری مەزهەبی تەرسا نەکەم چبکەم؟!**

مەحوی لە بەرامبەر ئەو جیهانەی کە ئەو بە جیهانی واعیزانی بێ دڵی مل پان و فاجیرانی دین نەپارێز و هیچکەسانی بە کامی دنیاوە نووساو و خان و خانمانی دائیما دڵخۆش و بێ دەرد ناوی دێنێ، جیهانێکی ئارمانخوازانە و یوتۆپییکی (utopic world) دڵخوازی خۆشیمان پێ نیشان دەدات کە نەک هەر وەک ئەلترناتیڤێک (هەڵبژاردە) بۆ ئەو جیهانە دزێو وهیچەی کە بەردەوام ڕمی ڕەخنەی لێ دەوەشێنێ، بەڵکو وەک تاقە ئیمکان و ئەگەرێکی بوون لێی دەڕوانی کە شایانی ئەوەیە سێبەری بەسەر جیهاندا بکشێ و لە بۆتەی هەناوی مرۆڤاندا قاڵ بێتەوە. ئەم جیهانە یوتۆپییکەی مەحوی چ نییە جگە لە جیهانی دڵ و عیشق و مەحەببەت:

**گەر ئاگری مەحەببەتی شک بەم لە دۆزەخا**
**ئەو دۆزەخە بەهەشتمە، جەننەت دەکەم حەرام**

لەم دێڕە شیعرەدا گوتاری دین گەرایی کە لەسەر دەستی واژەیلی «دۆزەخ» و «جەننەت» و «حەرام»دا زەق دەبێتەوە لە پێناوی مەحەببەتدا، لە ڕۆحی ئایینی و گیانی شەرعیی خۆی بەتاڵ دەبێتەوە و بەم چەشنە شاعیر دەخوازێ پێمان بڵێ ژیان بێ حەڵاڵ و حەرام دەگونجێ لە ئارا دابێ، بەڵام بێ مەحەببەت مەحاڵە. گەر چی لە ئاماژە کردن بەم خاڵە سڵ ناکەم کە دیارە مەحوی هیچ کات مەبەستی دامەزراندنی دنیای بێ بەری لە گوتاری دینی نییە، بەڵام هەمیشەش لەسەر ڕۆنانی جیهانێکی تژی لە مەحەببەتی مرۆڤایەتی سوور و پێداگرە.

مەحوی ئەوەندەی بۆ فێڵی واعیزان لە هەرای دەدات و دەستی فاجیران ڕوو دەکات و بە خوا پەرەستانی ڕووبڕێ و مەراییکەر گاڵتەی دێت، ئەوەندەش لە خەمی عاشقانی بێ سووچ و دڵدارانی داماوو ئەهلی دڵی شەهیددایە:

**دەبینم ئەهلی دڵ یا سەنگەسارە، یا لەسەر دارە**
**دیاری عیشق ئەگەر ساغت دەوێ، هەر دارە هەر بەردە**

مەحوی ئەم خەمە قورسەی لەو سۆنگیەوە لە دڵدایە کە خۆی ئەزموونی «سەر بە دەرد» بوونی ئاشقێکی قانیعی نەک هەر تاقی کردۆتەوە، بەڵکو کردوویەتی بە هەوێنی هەرمانی ژیانیشی:

**بەشمە پێی قانیعم، بەسمە داغ و دەردی سەرمەدی**
**سەر بە دەردین ئێمە، بێ دەردی لە ئێمە سەرمەدە**

ئاشقێکی قانیعی هەمیشە چاوەڕێ و دڵ دەرهاتووی ژیانی نەهاتی:

**دڵم دەرهات و تۆ هەر دەرنەهاتی**
**نەهاتی، هەر نەهاتی، هەر نەهاتی**

ئەم خەون و خولیا یوتۆپییک و ئارمانج خوازانەیەی مەحوی دیارە لە پێناوی ئەوەدایە کە ژیان و جیهانی مرۆڤان شایانی شانی وجوودی ڕاستەقینەی ئینسان بێت، ئینسان بە مانای عامی خۆی، لە دۆستی گیانی بە گیانیەوە بیگرە تا دوژمنی تینوو بە خوێنی سەر:
**دەستم دەوێ سواوی ئەسەف، دیدە کەیلی ئەشک**
**یارەب بە دوژمنیشی نەدەی دەست و چاوی ساغ**

بیرۆکەی هیومانیستانەی لەم چەشنە تەنیا لە عەقڵی مرۆڤێک دەوەشێتەوە کە باوەڕی بە پێکەوە هەڵکردنی مرۆڤەکان بێ، ئەویش تەنیا لەژێر سەیوانی عیشق و مەحەبەتدا. مەحوی لە جیهانی یوتۆپیکی خۆیدا، وەک پادشەهی عیشق، بەر دەنگانی گوتاری شیعریی خۆی، لە ڕێگای «داغی جنوون»ەوە کە تاجی سەری شاهێتییە بە ئادابی مەحەببەت ئاشنا دەکات:

**سووتانی بە بێ دەنگییە ئادابی مەحەببەت**
**وەک بولبول ئەم ئەفغانە بە پەروانە حەرامە**

**من پادشەهی عیشقم، و هەر داغی جنوونم**
**تاجی سەرە، باقی کە لە دێوانە حەرامە**

ئێستا ئەگەر لە دەلاقەی ئەم غەزەلە بەردەستەی مەحوییەوە لەم ڕوانین و ڕووکردە گشتییەی گوتاری شیعری مەحوی ورد بینەوە، دەبینین پاژی یەکەمی ئەم شیعرە وێنا کردنی هەر ئەو دنیا نگریس و ناحەزەیە کە مەحوی بەردەوام ڕەخنەی لێ دەگرێ و بە «هیچ»ی لە قەڵەم دەدات و بە شایانی وەبەر شەق هەڵدانی دەزانێ. کەواتە مەحوی لەو شوێنەی دنیا بە مەیدانی ڕمبازێن و غارغارێن و جووتە وەشاندنی فاجیران و هیچکەسان و واعیزان و زاهیدانی دەبینێ، ئەو دنیایەی بێ هیچە و «هیچ»یش بە مانایەکی تەواو سەلبی بەکار دێنێ، بەڵام کاتێک دنیا بە ژوانگەی ئاشقان و ڕێڕەوانی ڕێگەی مەحەببەت دەبینێ، هەر لەو دنیایەدا «ئاوی زیندەگی» دەدۆزێتەوە بە دوای دەمی یاردا دەگەڕێ کە هەر چەند هیچە، بە مانای تەواو ئیجابی خۆی کە ئەو پەڕی بچووکی دەم دەگەیەنێت و دیارە ئەمەش جوانترین وەسفە بۆ دەم، بەڵام نازی قسەی هەموو دنیای تەنیوە. لەژێر تیشکی خوێندنەوەیەکی لەمجۆرە دایە کە دەکرێ پاساوێکی ڕەخنەگرانە و بەپێی مەنتقی دەقی ئەم غەزەلە بۆ ئەم دابڕانە لە کتوپڕە بدۆزینەوە کە لەنێوان پاژی یەکەم و دووەمی ئەم غەزەلەدا هاتۆتە ئاراوە. کەواتە ئەم دابڕانە، دابڕانێکە بۆ لە بەرامبەر یەکدانی دوو جیهانی دژ بە یەک:

جیهانی فاجیران و جیهانی ئاشقان، ئەو جیهانەی کە خودا تێیداتووڕ هەڵدراوە و ئەو جیهانەی کە عیشق تێیدا ڕەگی داکوتاوە. لە جیهانی یەکەمدا باس لە خوا دەکرێ، چونکی خودا لەم جیهانەدا بە شێوەیەکی میکانیکی لە گیانی فاجیراندا بوونی هەیە و کپ کەوتووە، لەجیهانی دووهەمدا باس لە خوا ناکرێ، چونکی خودا لەم جیهانەدا بە شێوەیەکی دینامیکی دەژی و لە ڕۆحی ئاشقاندا لە گەڕ دایە.

لە پاژی یەکەمی شیعرەکەدا، لەژێر خانی دەلالەتیی زاراوە و دەستەواژەکاندا وەک: حەیا گرتن، لە هیچ بڕین، شەق هەڵدان، چەمکەیلی توندوتیژی و هەڕەشە و گوڕەشە و مەرگ و تیاچوون خۆیان حەشار داوە، کەچی لە هەناوی مانایی ناو و کارەکانی پاژی دووهەمدا لە جۆری: ماچی دەم، نازی قسە، ئاوی زیندەگی، واتاگەلێکی وەک نەرمونیانی، هومێد بەخشین، ژیان و بووژانەوە خۆیا دەبن.

لێرە دایە کە دەبێ باسی ئەو شتە بکەین کە لە سەرەتای وتارەکەدا ئاماژەم پێکرد و بەڵێنی ڕوونتر کردنەوەی بابەتەکەمان بە خوێنەرەوە دا، ئەویش ئەو دوو گوتارە بوو کە گوتمان بە ڕواڵەت لێک جیاوازن و لەم شیعرەدا ئامادەن، واتە گوتاری پاژی یەکەم کە گوتاری«دیندارانی دژە دنیا بوو» و گوتاری پاژی دووهەم کە بە گوتاری «ئاشقانی دنیا خواز» لە قەڵەم درا پێموایە ئێستا خوێنەرەوە دوای ئەو ڕێگا دوور و درێژەی کە لەم وتارەدا بڕی، بەم قەناعەتە گەیشتبێت کە لە ڕاستیدا ئەم دوو گوتارە لەم شیعرەدا بە ڕواڵەت لە یەک جودان و لە ڕاستیدا هەر یەک گوتارن، یان باشترە بڵێین هەر گوتاری تاکە یەک جیهانبینی و باوەڕن. جیهانبینییەک کە لە شوێنی خۆیا دنیای خودای خۆی قبووڵ ناکات و بە تۆزی مەرگی لە قەڵەم دەدات و لە کات و سەردەمی گونجاوی خۆیشیدا، هەر چەند کاتێکی دوورە دەست و سەردەمێکی یوتۆپیک بێت، خوا لە هەناوی ئاشقی خۆیدا دەتوێتەوە و دنیاکەی بە ئاوی زیندەگی دەزانێ.

لێرەدا و وەک گولاوپژانی کۆتایی وتارەکە بە پێویستی دەزانم ئاوڕێکیش لە دوایین بەیتی ئەم غەزەلە بدەینەوە کە دەکرێ وەک پاژی سێیەمی شیعرەکە بیهێنینە ئەژمار. لەم دێڕە شیعرەدا، وێدەچێ مەحوی مەبەستی لە «هیچ» غەزەلەکەی خۆی بێ کە پێی وایە دوڕناسی شیعر گەر بیبینێت سەری سووڕ دەمێنێ و دەڵێ، ئەوە کێیە توانیویەتی ئەو هەموو گەوهەرە، واتە ئەو هەموو مانا ورد و جوانەی نێو دنیای شیعرەکە، لە «هیچ»، واتە لەو غەزەلە وەربگرێ. لێرەدا دژوازی یان پارادۆکسیکی

وردی شیعری بۆ خوێنەرەوە ڕوون دەبێتەوە و ئەویش «لە هیچ ڕوانین» و دوا بە دوای ئەو «لە هیچدا گەوهەر بینین»ە، واتە «هیچ»ێک کە هەڵگری «هەمووشتێک»ە، گەر واگریمان بکەین کە گەوهەری ئەم شیعرەیە. خاڵی سەرنجڕاکێش کە لەم بەیتەدا وێدەچێ مەحوی زۆر وشیارانە و بە ئاگادارییەوە باسی کردبێت ئەم ڕاستییەیە کە پەی بردن بە پاڕادۆکسێکی لەم دەستە تەنیا کاری دوڕ ناسی شیعرە، نەک خوێنەرەوەیەکی ئاسایی. بێگومان مەحوی لەم شێوە وردبینانە و ناڕاستەوخۆ ئاماژە پێکردنە بە نرخی شیعری خۆی مەبەستێکی مەعریفەناسانەی بووە، کە بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن و چێژ وەرگرتن لە هەر شیعرێک دەشێ لە سەنگی مەحەکی شایانی ئەو شیعرە بۆ هەڵسەنگاندن کەڵک وەربگیرێ و خاوەن سەنگی مەحەکی شایان بۆ ئەم غەزەلەی مەحویش دوڕناسی شیعر. گەر لەتۆنی قسەی ئەو دوڕشناسە شیعرەی کە چاوی بە غەزەلەکەی مەحوی دەکەوێت وردبینەوە، دەبینین حاڵەتی پرسیار کردنێکی تێکەڵ بە سەرسوڕمانی هەیە:

**چاوی کەوێ کە بەم غەزەلەم دوڕشوناسی شیعر**
**کێ بێ دەڵێ ئەمەندە گوهەر وەرگرێ لە هیچ (؟!)**

واتە تەنانەت دوڕشناسی شیعریش لە خوێندنەوەی ئەم غەزەلە تووشی سەرسوڕمان و واق وڕمان بووە. وەک ئەوەی بڵێی لە هەمان کاتدا کە بە زۆر نهێنیی ئەم شیعرەی پەی بردووە تا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە پێی وا بێت ئەو هەموو گەوهەرە لە «هیچ»ەوە وەرگیراوە، لەم ڕاستییەش ئاگادارە کە هێشتا زۆر وردە گەوهەری تر ماوە کە نەیتوانیوە بیاندۆزێتەوە و بیانخاتە سەر خەرمانەی گەوهەرەکانی پێشووی ئەم غەزەلە.

گەر بێتو لە بازنەی ئەم دێڕە شیعرە کە پاژی سێیەمی غەزەلەکە پێکدێنێ، بێینە دەرێ و وای لێک بدەینەوە کە مەبەستی دوڕشناسی شیعر لە «هیچ» سەرلەبەری ئەو هیچانەیە کە وەک «ڕەدیف»ی غەزەلەکە بەکارهاتوون، دیارە ئەم بۆچوونە ئاماژە کردنە بەو کایەکردن و فۆرم بازییانەی کە مەحوی بە دال و مەدلولەکانی واژەی «هیچ» کردوویەتی، ئەویش لە سەرتاسەری جەستە و پێکهاتەی شیعرەکەدا، ئەوشتەی کە ئێمە هەوڵماندا لە تاوتوو کردنی پاژەکانی ئەم شیعرەدا تۆزێک لێیان بدوێین. ئالێرەدایە کە بە حوکمی ئەم سەرنجەی دواییمان دەکرێ بڵێین لەم غەزەلەدا «هیچ» بە هیچ کلۆجێک لە بازنەی تاقە یەک مانای لە قالبدراوی داخراودا نابەسترێتەوە. ئاماژەی «ئەمەندە گوهەر وەرگرێ لە هیچ» ڕێک بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە لە دالی «هیچ» تەنها گەوهەری یەک مەدلوول وەرنەگیراوە، بەڵکو گەوهەری چەندان مەدلوولی لێ بەرهەم هاتووە. دوا خاڵێک کە دەکرێت لەم دێڕە شیعرەدا باسی لێ بکەین نیشاندانی شاعیرانەی دەسەڵاتی خواوەند ئاسایانەی مەحوی خۆیەتی بۆ خولقاندنی «گەوهەر» لە «هیچ». دەستۆیڤسکی گوتەنی: «تەنها خوا دەتوانێ لە «هیچ» شتێک بخولقێنێ.» (برایانی کارامازۆف،ل٢٤٠١). مەحوی لەم شیعرەدا، هەر تەنیا خولقێنەری ڕووت نییە، هەر تەنیا لە «هیچ» چەند گەوهەرێکی بە باق و بریق، بەڵام سارد و سڕی نەخولقاندووە، بەڵکو ئەم گەوهەرانەی لە خەزێنەی ڕۆحی غەزەلیدا پارستووە و بە ئاوی مەحەببەتی واژەکان شووشتوونی و وەک جوانترین دەسکردی خواوەندیی خۆی پێشکەش بە ئەڤیندارانی شیعر و هەقیقەتیان دەکات. ئەم گەوهەرە نایابانە چین جگە لە ڕوخسارەکانی عیشق، لە جیلوەکانی خۆشەویستی.

دەستۆیڤسکی لە «برایانی کارامازۆف»-دا جارێکی تر و بە دەنگێکی بەرز دەڵێ: «عیشق لە هیچ ناخولقێندرێ. تەنها خوا دەتوانێ لە «هیچ» شتێک بخولقێنێ.» مەحوی لە غەزەلی «هیچ»دا هێواش و بە حورمەتەوە وەڵامی دەداتەوە و دەبێژێ:

**چاوی کەوێ کە بەم غەزەلەم دوڕشوناسی شیعر**
**کێ بێ دەڵێ ئەمەندە گوهەر وەرگرێ لە هیچ**

**گەلاڕێزانی١٣٨٤**
**نوامبری ٢٠٠٥**

*** سپاس بۆ هاوڕێی ڕەخنەگرم ڕەهبەر مەحموود زادە کە ئەم ڕاستییەی بۆ ڕوون کردمەوە کە لە بەیتی سێهەمدا و لەم بەشە «کەچی چ کەس» «چ» بە واتای «هیچ»ە.**

# مەم باوەڕ ژ ئێڤارێن ئامەدێ دترسیت

ئەحمەد قەرەنی

رێڤینگەکێ دل شکەستی پارزینێ هێڤیان هەلگرت و دناڤ چاڤێن یارێ دا نغرۆ بوو. ژیانا ئەڤی رێڤینگێ بەرزەبووی دناڤ نەینکەکا دەرزی دا دهێتە خویندن، لێ خوێندەڤانێن ئەوێ ئەلفبایێ دکێمن و ئەوێن دزانن ژی د فێهمکرنا رامانێن پەیڤان دا کێژ دبن. لێ ژبۆ رەڤدەکا گێژو سەوداسەر فەرهەنگەها تێگەهشتن و پاچڤەکرنێ لازمە و، ئەو فەرهەنگ ژی تەنێ دناڤ جوانیا وەلاتەکی داگیرکری دا هەیە، کو د وەرگێرانا رووپەلێن وێ دا، عەورێن رەش دهێنە رامالین و پەیڤا ئازاد و کریارا چاک و نیازا بژوین دبنە پەیسک ژبۆ شرۆڤەکرنا پەیڤێن ئەوێ فەرهەنگێ..

دەمێ من کۆمەلە شیعری یا «مۆنۆلۆگێن ئەڤینێن کەدیکری» خویندی، ئەڤ هزرا سلال د مێشکی مندا زڤری و من حەزکر تشتەکی ل سەر بنڤیسم. لێ نڤیساندنەکا هۆسا گشتگیر و ناسک کو راستەوخۆ دەربرینا ئەوان شعران بیت کارەکێ ئاسان نییە، ژبەر هندێ من ڤیا یەکەمجار هنەک ژ هزرێن دناڤ هەلبەستان دا هاتین بەحس بکەم پاشان پەیڤێن دووبارەکری و ل دویڤدا وێنەیێن شیعری و ئەگەر دشیان دا هەبوو پوختەو ناڤەرۆکا دوماهیێ کو هێڤینێ تێکەهشتنا خوە ژبۆ ئالیێ ستاتیکیا ئەوان هەلبەستێن دناڤ ئەڤێ کۆمەلە شیعرێدا بێخمە بەرچاڤ...

لێ ئەڤە حالەتەکێ ئاسایییە د رەخنەگرتنا پراکتیکیدا و، ناڤەرۆکا ئەڤان هەلبەستان، ئانکو راستر بێژم دەقێن ئەڤان هەلبەستان حالەتەکێ دیکەیە و ژ رەوشا من دڤیا جۆداوازە. هنەک دێرە شعر تێدا هەنە، تەنانەت دەستەواژە ژی کو پێتڤی لسەر راوەستانێ هەنە، ژ ئەوان دێرە شعرێن گەلەک سەرنجا من راکێشای ئەڤ دێرە بوو:

**ئەز دناڤا خوە كوشتنێن قەرپالۆكی دە دچم وتێم**
**دترسم**
**دترسم ژ ئێڤارێن ئامەدێ**
ل: ٧٩

گەلۆ،چما ترس ژ ئێڤارێ دبە خوەیی، نەخاسمە ئێڤارا ئامەدێ؟ ل جەم من ئەڤە پرسیارەكە گرنگە و، ئەز ل پەی بەرسڤا وێ دگەڕم و، هەر بەرسڤەک ب دلێ من نەبوو... نەمازە بەرسڤا شاعری بخوە دەما دبێژە:

**نها باش دزانم**
**زادێ حەزكريانە بيرئانين**
**سبەهێ، نيڤرۆ و ئێڤاركی**
**خوە ب بيرئانينا تێر دكە ئەڤين.**
ل٥٧

دوور نييە ترسا شاعری ژ ئێڤارا ئامەدێ د ئەنجاما جێگۆڕكييا كەرستەو دەمێن شاری بە، چونكە تێكدانا سەليقا باژاران كارەكێ پڕ زەحمەتە ژبۆ ئاكنجی و خوەجهان، لێ ڕێڤينگ هەست پێ ناكەن و، هنەک ژ خەلكی ژی دەما خوە ب ريڤينگ دزانن، هەر ئەو بۆچوون هەنە، لێ شاعير وەكو خوەجهەک هەستێن خوە لبارەی جێگۆڕكيێ دەردبڕيت، مينا دبژتە يارا خوە:

**ژ رەشاتييا چاڤێن خوە**
**ستێركەكێ بدە من يارێ**
ل: ٥

ستێرک ژ رەشاتييا چاڤی دروست دبە و، جهێ وێ دگرە، لێ دەما شاعر ناچار دبيت هشێ خوە بدەتە كرێ ژبۆ هێمنی و تەناهيێ و پاشان دەست ب كار بيت ل سەر ڕێچكەكا دن:

**و هشێ خوە ژی ئەزێ ژ بۆ تەناهيێ بدم كرێ**
**و ئەزێ بكەڤم رێ...**
ل: ٧

ڕێڤينگ چاڤەڕێی ژيانەكا نوويە، ژيانا نوو ژی هەرتم ژ زايينەكێ دەستپێ دكە:

**دۆزينێن مە كەفتارێن ژاكاون**
**دناڤا ميژيێ مە دە**
**د دۆرگەيێن رووئاڤا دە**


**رۆژا مە د ئاڤان دە دفەتسە**
**لێ ديسا ژی خەم نينە**
**خەونێن مەيێن تەهليشێرين**
**ب زايينەكە وەژەتاتيف دزێن**
**د دلێ رۆهلاتێ ناڤين دە**
ل: ٢١

لێ بەروڤاژييا ئەڤێ چەندێ ژی جێگۆركەک دن ژی هەيە كو ژ مرنێ دەستپێ دكە:

**ومە دەرەنگ فێم دكر كو**
**قيامەتا هەر مرۆڤێن دلسۆژ**
**ب مرنا وان دەستپێ دكر.**
ل: ١٥

ئەڤ تەنێ بەس نينە، د ئەنجامدا ئەڤين دزێ و ژيانەكا نوو پەيدا دبيت و مرنەک ژی دەستپێ دكە:

**د ڤێ قلەقژا نيڤرۆكی دە**
**ب بايەكی هينک دلەبتە گيانێ من**
**د هاڤينا تەمەنێ من دە**
**تۆڤێن ئەڤينەكە دلخواز**
**تەڤی خەمگينيا خوە**



**قەشمووشکێ هێکا خوە نکل دکە**
**ئەڤین دزێ**
**وێ گاڤێ دەستپێ دکە مرنا وێ.**
ل:١٢

جیهان ب ئەڤێ جێگۆرکا دووبارە دۆم ناکە، چونکە دوو حالەتێن وەک هەڤ نابن، دەبێ گۆڕین هەبە و جۆداوازی و پۆلیکرن ژی هەبە.

**دەستێن بێهنچیرۆک**
**پشت و قولنجێن من دخوراندن**
**گولێن بەربەرۆ بوو روویێ من**
**من ئەو دگوهەراند**
**ل گۆری گەرما دلان**
ل:٩

گۆڕین و جێگۆرکی ژ رامانا کەرستە و دەم و وەختان دەرباز دبەو دگەهە پیت و حەرفان ژی، لێ ب شرۆڤەکرنەکا رۆن و ئەشکەرا و بێ چەپ و چیر پەیڤا «چەپ» وەکو ناڤونیشان دنڤیسینە «Pec» لێ دناڤ دێڕێن هەلبەستێ دە، هەر ئەو پەیڤ ب سەروسیماییێن خوە یێن کرێت ڤە دمینە:

**دخوە رۆی گرارا چەپێ دەستێ ب چەپ**
**ئە... لە... لە دکن پێ خوە حەنەکێن زارۆک و**
**یا هانێ دەرا قردکەکی بێبەختی**
ل:٧١

دیارە حەزکرنا شاعری ژبۆ باژارێ خوەو، چاوانیا پەسنا وی ژبۆ ئەوان رەوشێن ل ئێڤاران رووددەن گەڕیانەکە ژبۆ ڤەدیتنا ئەوێ بەرسڤا مە بەحس ژێ دکر، لەوما ل سەر بەرگێ دیوانا خوە دنڤیسە:

**و گاڤا مە ژ ڤی باژاری حەز دکر**
**دارێن وی زارۆک بوون**
**مەزن بوون کۆلان**
**ئێدی مە نکاربوو هەمبێز بکرا ئێڤارێن وی.**

دیرۆکا ئەڤان ئێڤاران ڤەدگەڕێتە ڤە ژبۆ بەری پەیدابوونا مرۆڤی ل سەر روویێ ئەردی، چونکە بەرەپێشین رووەک هەبوو، پاشان زیندەوەر پەیدابوونە و، ژبۆ هەژمارتنا دەمی زێدەتر جارەکی بەحسا ساعەتا خیزی دهێتەکرن و جارەکی ب پەیڤان ژی دهێتە وێنەکرن:

**ئەڤین رێ یە**
**ئەڤین رەڤە**
**بێریکرنا چووینێ یە**
**هەکە رێوی بگەهیژە جیییێ خوە**
**کورمێ ڤەگەرێ دناڤا وێ دە دڤتڤتە**
**ژبەرکو هەر چووین**
**مینا حەیقوومێن ساعەتا خیزێ**
**دیسا ڤەدگەرن دەما خوە یا بەرێ**
ل:٥٨

لڤێرە سەرەداڤەک دگەتە دەست کو ترس ژ ئێڤارێن ئامەدێ، نە ژ کەرستەیێن جێگۆرک دروست بوویە و، نە ژ دەمێن بەرێ و نها و داهاتوویا ژینێ، بەلکو زێدەتر د ئەگەرا هندێ یە.. ئێڤارێن باژاری سەرەتایا رووناهیا ژینەکا گەشا شەڤێ نیبە کو ژچێکرنا مرۆڤان بیت، شەڤ تاریبە و مرۆڤ تێدا وندا دبیت چونکە بیناهی نامینە وتەنێ بیناهییا هۆش و بیران هەیە، کو ئەو ژی بووینە ژێدەر و سەروکانییێن هزرێن مەزن، هەستێن مەزن، پسدانا شعرێن نازک:

**دەنگێ تە**
**د گەرما ژڤستانا من دە**
**دەنگێ بنەفشا نارینە**
**بێدەنگییا شەڤا من دنالینە**
**ئێڤار ئەورێن رەشۆلە**
**زوو دجڤینە**
**ل ڤان دەران**
**با کەڕ، باران شل**
**شەڤێن من شەڤشەڤۆک**
ل: ١١

ئەڤ ئێڤارە کنارەکێ لەرزۆکە ژ شەڤێن قورس و گران و خەتەرناک کو تووشی مرۆڤی دبن... لەرزین و ترس هەیە و، ئەڤ ترسە ژی یا بوویە سیبەرا هۆڤان، لێ د شەڤتاریان دە مرۆڤ نابینە، بەلکو لەوانەیە شاعر هەست پێ دکە و، هەڤالێن خوە ژێ ئاگادار دکە، کو د ئەڤان دەلیڤەیان دە دالەڤایی و تکا و خوەشخوەشک ب کێر خوەیێ ئەڤێ رێییێ ناهێن، لەوما هزرکرن ژ نهێنییێن

شـەڤێ تشـتـەكی پێدڤی و فـەرە نەخـاسـمـە ژبۆ ئەوێن دتارییا شەڤێ دە هۆشدارییا مێشكی وان كۆرەیە و چو نابینن:

هەر ئێڤار مە خوە دشقتاندە خەیالەكە خەمگین
**هەلبەستكاران زوو خوە ڤەدكشاندن كۆزكێن خوە**
**د هەلبەستان دە بندەستێن پەیڤان بوون**
**برینێن خوە یێن رەنگریحان د ئالاستن**
**و وەكی كیڤرۆشكا د دەڤێ تاژییەكی دە**
**خەرابترین بوو رەوشا وان**
ل: ٢٠

ئەڤ بێدەنگی و تێكنەیشتن گۆمانەكە دناڤبەرا ئەوێن هەستدكەن و ئەوێن هەست نەكەن:

**شكێن تە ب پەی كولەكە ئاڤێ كەتینە نیڤێ شەڤێ**
**باران دوبارە، ژیان دوبارە**
**چاڤ تاری بوونە ل سەر سەرێ تە**
ل:٥١

نیشاندەرێن ئەڤێ رێكێ بێ قۆمباس كەتینە ئێڤارێن باژاری. ئێڤار بووری شەڤ هات، ئەوێ شارەزایی نەبت وێ كەڤیت بەندا خوە:

**دەم وەكی مەهینا بەزێ دبەزیا**
**تم ل پەی سیبیا وی بوو كاروانێ من**
**پێشەنگی كاروانێ من كەر**
**بارێ وی هووركێ هێڤییان**
**رێ درێژ**
**شەڤێن من رووڕەش**
**خەونێن من گش بێخەو**
**و هشێ من بێهش**
ل:٢٣

ئەڤ گۆمانە د كورت و سەرڤە سەرڤە بوون، نكارن چو پرســیــاران چێكەن. زڕبوون، هێــڤی پەیدانەبوون، لێ ئاگرەكێ جۆشدار خوە دخوارەڤە:

**بزوتكێن ل سەر هناركێن گەپێن پۆدرەكری**
**دحەلیان د وێ شەڤا شەرپەزە دە**
**دبوون خوەلی**
**خوەلیسەرێ، دەستكۆچەرێ**
**كو نها ئەز باش دزانم**
**تو سەرپێهاتیێن خوە**
**خوە ب خوە ددۆشی ئەرێ...!**
ل:٤٧

زڤڕین ژبۆ پێنگاڤا یەكێ كارەكی چێ و باش نییە، خوە قـورتالـكرن ژ شـەڤێ بەرەڤ سـەنتـا ئەلندێ یە، نەكـو گەڕیان ژبۆ تیرۆژكێن ئێڤارێ. ئەڤ دودلییە ژی شاعری ماندی دكەت:

**ئیشەڤ بێهنا ئێڤارێن خەونخوەش**
**ژ پۆرێ تە تێ**
**پۆرێ تە مینا بارانێ بێهن دكم**
**و دەنگێ حەزكرییێن هەستەكۆر**
**د قەورینم ژ گوهێن خوە**
ل:١٦

رێڤـینگی شـەڤێ چەند نەشـارەزا بیت، هەڤـالێـن خـوە هەنە. چونكە ژ دەستدانا هەتاڤێ، شەڤ خوە دكە شێرێ مـەیدانێ... مـا كی دمـینە ژبلی هەیڤ و مـرۆڤـان كـو ژ هەڤرا دۆستن و گۆركۆلێن هەڤن:

**شەڤەڕەشە**
**زۆرداریا هەیڤێ ل سەر roووێ جیهانێ**
**هەیڤا بریقۆكی ب هەموو خەمگینیا خوە**
**رۆناهیا چاڤێن تە دلورینە**
ل:٤٥

دۆسـتـینیـا وان راسـتـەوخـوە نیـیـە، بەڵكو زێدەتر لێكچـوواندنە، ئەڤــە ژی ژبەر دووربیـــا وێ یە و، نە دیاربوونا بەردەوام و، هەر تشتەكی جاروبار بهێتە دیتن كارتێكرنا خوە نابە:

**ئەز دهەلما چایا خوەیا سبەهێ دە**
**ل بشرینێن هەڤالێن خوە دگەڕم**
**جارنان ژی نهێرینێن من**
**تیرێژێن نهێرینێن تە یێن هەیڤرۆنی دادبەلینن**
ل:١٥

* * *

د ئەڤێ تارییا وندابوونێدا، چاڤ ئالاڤەكێ كـاریگەر نییە و ژكاركەفتیە؛

**دیسان دەمسالا تالانا چاڤێن تەیە**
**كو پەل ب پەل**

**هەشینابیا دارستانا روویێ منێ شا درووچکینە**
**ب دەستێن چاڤێن تە یێن رماور**
**بێژەیێن منێن ئازاد**
**ل سەر زمانێ من**
**هاتن کوشتن**
**بێخەوم، بێپەیڤم**
ل:١٠

زوو یان درەنگ تێ فیێم کرن کو دیتنا رێکێ سیناهی دڤێ، گەیشتن ب ئارمانجان بزاڤەکا هەردەمی پێ لازمە و ئەوا چاڤ نکارن بکەن، هزر دکە:

**پشتی کو بەرۆشا خەونێن من قولۆپانی بوو**
**و رژیا ناڤا چاڤێن رۆناهییا من**
**من باش فێم کر**
**رووبارێن کو ناحەرکن تو دەرێ**
**تالیا تالیێ دحەرکن ناڤا خوە**
ل:٥٦

لڤرەدە ترس پێ نەڤێت، ئەگەر پەرێن عەوران هەبن و قارەمانان هەلگرن ژبۆ کەنارێ جەنگا مەزن ببەن:

**و حەسرەتێ دفیکێن**
**لێڤێن قەشاگرتی د زڤستانێ دە**
**عەور مژا چاڤێن تە دمژن**
ل: ٤٥

د ئەڤێ رێکێ دە «چاڤ» بوویە رێنیشاندەرێ شاعری ژبۆ ڤەدیتنا نەخشەیا رۆژا بێت کو هەموو چاڤەرێنە، لێ ناڤێ وێ رۆژێ، جهێ وێ، ئارمانج و خەونێن وێ چنە کەس نزانیت و ئەڤەژی د رووپەلێن (١٦، ١٨، ٢٥، ٤٠، ٤١، ٤٦، ٥٣، ٥٥...) تێ خویاکرن.

ئەلند دهێت، لێ دناڤ حمحما ئەوێ گەریانا دناڤا شەڤێدا گەلەک ژ شیان و روندک و تەمەنێ شاعری بربیە و، ئەزموونا وی گەهاندییە کەنارەکێ پر ئومێد و رەحەتی و، دەما لێ دبیتە ئەلند و رۆناهییا رێکا خوە دزانیت و یەکەم پێنگاڤ ژ دلی دەستپێ دکەت و بەرەڤ رۆژێن گەشتر دچیت، د ئەوی وەختیدا پەیڤ دڤەرسن و زمان نامینێ و ئاماژە دبنە سەربارک و رێنیشاندەر و هەروەکو د ئەڤان وێنەیان دا دیار دبیت:

**زمانێ تە باژارەکی سێوی یە**
**و ڤی باژاری چیایێن خوە**
**ژ خانیێن خزان چێکرییە**
**گاڤا کو ئەز نوو هاتبووم ڤی باژاری**
**هێڤیێن من مینا کورمکێن ناڤا شەڤێ**
**نەرمۆکی بوون دناڤا ئێڤارێن من دە...**
ل:٢٦

زمان دبیتە پێدڤی ژبۆ تێگەیشتن و دەربرینێ، لەوما رژدی هەیە کو کاروخەباتا خوە بکەت ژبۆ ئەوێ ئەگەرا کو دێ ببیتە رزگارکەرێ نێچیرێ شەڤێ، ئەو شەڤا بێ دلۆڤانی دڤێت خەونێن زارۆکێن هێشتا ژ دایک نەبووی بنئاخ بکەت، کو زمانێ وان ژێ بستینە، د ئەڤێ هەوارێ دە زمان ڤەدبە و مینا هەوارا دایکێ دبێژیت:

**دەنگەک د دلێ شەڤا رەش دە دنالییا**
**و خوە ب خوە رە دپەیڤی**
**ئەز کەسەک بووم بێ کەس بووم**
**ژ بێدەنگان رە دەنگەکی مزە**
**ژ لالان رە زمانەکی زیز**
**ژ تەنێتییا شڤانان رە دەنگێ بلوورێ**
**ژ گوران رە زوورینا برچیبوونێ**
**ژ مێکەوان رە قەبقەبا ئەڤینێ بووم**
**لێ هێ ژی ژیانێ لۆمە ژمن دکرن**
**ئەز بووم دەنگێ دەنگێ خوە**
ل: ٧٣

د داویا هەواران دە شاعر مۆنۆلۆگێن ئەڤینێ کەدی دکە و، رەنگێ ئەمەکدارییێ ددەتە بەر هەوارێن خوە و، پەسنا ئەوێ لۆرینا دایکان دکە و، چێژا شیرمژینێ تینە بیرا خوە و، هەموو دلدار و ئەڤینداریێن دنێ دکەتە یەک تۆخم، چونکە تەنێ ئەو راستیا ژیانێ و مەزنیا مرۆڤی فێم دکەن.. لەوما ژی دگفتوگۆیا دناڤبەرا کەچ و کوران ئانکو دوو عاشقێن دلسۆزدا شانۆنامەیەکا تراژیدی چێدکە و دلبەر ب ناڤێ «لەیل» د پەیڤی و یارێ وێ ژی ب ناڤی سیامەم لێ ڤەدگێرە... ئەڤ ناڤە ژی سێ عاشقان بهەڤرا کۆم دکە کو (سیابەند و مەم و قەیس)ن. چێ دبە مەرەم ژ ئەڤێ پێکهاتەیێ ئەو بیت، کو زەلام دهێنە گۆرین و جۆدا دبن و تەڤلیهەڤ دبەنەڤە.. لێ ئافرەت کو دایکە هەردەم وەکو خوە دمینە و دەنگێ وێ هەوارا ئازادی و دلۆڤانیێ و وەفا و ئەمەکدارییێ یە. هەر ئەو ژی بوو ئەڤ لالێ

دیلێ شەڤا رەش جارەکا دن رزگارکری، مینا سیامەم دبێژە و لەیل لێ ڤەدگێڕە:

**سیامەم: دەرگووشێن شیرمژ ژی، ژ گرییێ خوە زمانەک ئافراندنە، دگرین وەکی کو بپەیڤن دایک داخوازێن وان ب جتینە.**

**لەیل: هەر زمانەک دەردەکە، لێ هەر دەرد ژی زمانەکە.**

ل: ٦٤

ل داوییێ دبێژم کو دزڤرۆکا ئەڤی بازنەییێ خوەییکوژ دە چوار قۆناغێن پڕ ئاستەنگ هەبوون، کو ژ ترسا ئێڤاران دەستپێ دکر و ئەو ریڤینکێ بهێن هەلمایی دکەفتە نیڤا تارییا شەڤێ و بیناهی ژ دەست دچە و چاڤەرێی ئەلندا سبەیێ دکە... لێ زمان ژ بیرێ دچیت، هەتا پەیڤا ئەڤینێ دبیتە کلیلا ڤەکرنا لالیبیا وی، دەما دبێژیت:

**روحێ من**
**زراڤێ تە قەتیایە ژ ڤێ ژیانێ**
**جلکا بێناموسیێ راکە ژسەر سەرێ خوە**
**ستێرکێن چاڤێ تە**
**خرجێن د ناڤا ئێڤارێن تە دە**
**ئێدی نەڕەڤە ژخوە**
**و خوە بناسە**
ل:٣٦

**مەم باوەڕ:**

- د سالا (١٩٧٣) یان دە ل بسملا ئامەدێ ژدایکبوویە.
- د (١٩٩٧) ئان دە زانکۆیا دیجلەیێ. پارا پەروەردەهیێ کوتا کرییە.
- یەکەم دیوانا وی ب ناڤێ «مۆنۆلۆگێن ئەڤینێن کەدیکری» ل سالا (٢٠٠٤)ێ ل ئیستانبولێ هاتیە چاپکرن، کو ژ (وەشانێن باژار: ٩) بوویە و، مە ژی هەلبەستێن وێ کرینە بنگەهێ ئەڤێ گوتارێ.

# تۆش شیعر دەنووسی؟!

**محەمەد فەریق حەسەن**
**(دانیمارک)**

کاتێ پەڕیوەی ئەورووپا بووم و لێرۆکانە خەڵکانی دیکەی خوێندەواری غەیری کوردم ناسی؛ بەتایبەت ئەوانەی لە بوارەکەدا کاران و لە تەکیاندا کەوتمە ناو باس و خواسی کتێب و دنیای ئەدەبەوە؛ چەند جارێک ڕێک و ڕەوان بە گوێیاندا دامەوە: «کورد کتێبی نییە، برۆ ڕەفەکانی کتێبخانەی کۆچبەران بپشکنە. ئەوی هەتانە تەنیا شیعرە!»

لیرخ، لە زمانی (ئابوفیان)ەوە دەنووسێ: «هەر کوردێک بگری، نێر بێ یان مێ، بەخۆڕسک شاعیرە.» لیرخ، لێرەدا ئەم قسانەی ئابوفیانی وەک پەسەندانی میللەتی کورد نووسیوە. تۆ ڕیاڵ سەیری ئەم پرسە بکە.. چۆن دەبێ میللەتێک بەنێرو مێیەوە بەخۆڕسک شاعیر بێ؟! ئایا ئەمە مانای ئەوەش ناگەیەنێ، کە وردو درشتی میللەتێک لە خەیاڵ و وەهمدا دەژی؟! ئێستا نزیکەی هەموو دنیای مۆدێرن دەستبەرداری شیعر بوون. زۆر دەگمەنە لێرە، کەسێ ببینی لە کتێبخانەو پاس و میترۆ و شوێنە گشتییەکانی دیکەدا دیوانی شیعری بەدەستەوە بێ.

لە ئەورووپادا تەنیا مێردمنداڵ و هەرزەکار، ئەویش بەڕێژەیەکی کەم شیعر دەخوێننەوە. ئەوانیش، کاتێ قۆناغی هەرزەکارییان تێپەڕاند ئیدی چ وەک نووسین و چ وەک خوێندنەوە ناگەڕێنەوە سەری..

تۆ بڵێی ئێمەی کورد لە قۆناغی مێردمنداڵی و هەرزەکاریی بەردەوامدا بژین و لە ڕووی زەین و ئاوەزەوە لە گەشە بوەستێن و لەو قۆناغەی تەمەندا پێکوتەمان بێت و بەخۆمان نەزانیبێ؟!.. ئەگەر وەهابێ، ئەمە چ

کارەساتێکە و چلۆن چارەدەکرێ؟!

پێم وایە یەکێ لەو هۆیانەی وای کـردووە نووسـەری کورد هەروا بە ئاسانی دەستبەرداری شیعر نەبێ، ئەوەیە، کـە ژێر دەسـتـەی عـارەبەو بە ڕادەیەکی زۆریش بەو ڕۆشنبیرییە پاشڤەڕۆیەی، کە عارەب هەیەتی سەرسامە. پێم وایە کەم میللەتی دنیا هەبێ لە درێژایی مێژووی خـۆیدا ئەوەندەی نەتەوەی عـارەب شاعـیری دەرباری بەرهەم هێنابێ. با نموونەیەکی سەیر بهێنمەوە، کە دڵنیام بەرچاوی زۆربەی هەرە زۆری نووسـەرانی خـۆمـان نەکەوتووە. «إبن هانيء» لە پەسنی خەلیفە «المعز لدين الله الفاطمي»دا دەڵێ:

**ماشئت لا ماشاءت الاقدار**

**فاحكم فأنت الواحد القهار**

لێرەدا ئەم شاعیرە بەدبەختە، دەربارەی عارەب، هاتووە سیفەت و پلەی خواوەندێتی تاک و تەنیاو زاڵی داوەتە پاڵ خەلیفەی «فاطمی»، بەڵکو ئەو هاتووە بێ شەرمانە خـەلیـفـەی لەجـێی خـواوەند داناوە. هیـچی بۆ قـەدەرو خواوەندی تاک و تەنیاش نەهێشتۆتەوە. «ئیبن هانیءٔ»ی شاعیر بە خەلیفە دەڵێ: بە ئارەزووی خۆت فەرمانڕەوایی بکە. هەر خـۆت تاقـانە خـواوەندی بەسـەر هەمـوو بوونەوەرێکدا زاڵی!! «بڕوانە: أحمد خير، دوائر الخوف، ص/٤٣.)

ئەو هەمـوو شـاعـیـری دەرباری سـەردەمی بەعس. بە فـوسـحاو جلـفـەیانەوە هەمـیـشـەو بۆ هەر بۆنەیەک ملی بگری بە سەفتە شیعری ئامادەو لەسەرپێیان لە تەنکەی باخـەڵدابوو، کـە هەرە دیارترینیـان (عـبـدالرزاق عبدالواحد) بوو.

ئەمـەش دیاردەیەکی سـەیری شـیـاوی توێژینەوەیە.. ئەوی ڕاستی بێ لەکن عـەرەبەکان، لە هەندێ هەرێمدا، شـیـعـر وتن بۆ خـێڵ و بگرە بۆ کـەسـانی ناسـراوو دەوڵەمەندو دەست ڕۆیشتوو، هێشتا باوی ماوە. با لەم ڕووەشەوە هیچ نەبێ نموونەیەک بهێنمەوە:

لە وڵاتی مۆریتانیادا. کە پارەکەیان ناوی (هۆقە)یەو لە بەنزینخانەکانیدا بە بوتڵ بەنزین دەفرۆشن، شیعر وتن بۆ خێڵ هێشتا باوی ماوە. «المعلومة بنت المدياح)، کە ژنە گۆرانیبێژێکی ناوداری ئەوێیە. لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ: «.. لەبری قەسیدەکانی پێشوو، کە بریتی بوون لە پێداهەڵدانی خێڵ و کەسەکان، دیارە مەدحی تاک و خـێڵ وەک نەریتـێکی مـۆریتـانی باوی بوو، لە سـاڵی ١٩٨٦ بەدواوە، ئیدی یەکەم ئاوازیان بۆ دانام و دەستم بە چڕینی شیـعـری شـاعـیـرە مـۆریتـانییـەکـان، لەمەڕ خۆشەویستی و پێوەندیی نێوان خەڵکی کرد.» بڕوانە: الحياة، ژمارە ١٣٩٦٤، ٢٢ی ئایاری ٢٠٠١.

بەڵام ئەم دۆخـە، واتە ژێردەسـتـەیی عـارەب تەنیـا هۆکارنییە. خۆ وتە بەناوبانگەکەی ڕۆشنبیری عارەب د. علـي الـراعـي: [الـروايـة ديوان العـرب] وا چارەکـە سـەدەیەکی بەسـەردا تێـدەپەڕێ. ئەو بەم کـورتە وتەیەی سـەرلەبەری بونیـادی ڕۆشنبـیـریی عـارەبی لنگوقـووچ کردەوە، کە هەتا ئەوڕۆژەش عارەب و شاعیرانی عارەب بە شـانازییـەوە دەیانوت: [ الشـعـر ديوان العـرب! ] ئەگـەرچی ئەو دەم، ئەم وتەیەی ڕووناکـبـیـری ناوبراو دووربینی و خـوێندنەوەی ئایندەی پیـشـان دەدا، کـەچی کۆنە پارێزەکان، کە دەستیـان بە چمکی ڕەشماڵی خێڵەوە گـرتبوو ئەو بایەخەیان پێنەدا.. لێ تەواو بەپێچـەوانەوە شکایەوە. ئەوە بوو دوای مـاوەیەکی کـەم، نەجـیب مـەحفـووز خەڵاتی نۆبڵی لەسەر ڕۆمانەکانی وەرگرت، کـەچی لەم ڕووەوە ئاوڕێک لەو دەیان شـاعـیـرەی، کـە خـۆیان بە (فـحل- کـەڵ) دەزانی نەدرایەوە. دڵنیـابە لە ئایندەشدا ئاوڕیان لێ نادرێتەوە.

ڕۆمـان ڕووبەرێکی بەرفـراوانی بۆ گـوزارشت بە دەسـتەوەیە، بۆیە دەتوانێ بچێـتە نێـو وردەکـاری ژیان و ڕووداوەکان و ناخی مرۆڤەوە و بەدرێژی قسەیان لە بارەوە بکا، کەچی هەرچی شیعرە ڕاگوزەر بەلایاندا تێدەپەڕێ و دەتوانێ تەنیا ئاماژەیان پێبدا.

ڕەنگە سکە خـشکێی شـیـعـرو بەردەوام بوونی تاکـو ئیـسـتـاش یەک لەباری کـۆمـەڵگەی پاشـڤـەڕۆی عـارەب بەگـشـتـی، پاسـاوی خـۆی هەبێ، چونکە هەندێ لە زانایانی کـۆمـەڵناس وەهای بۆ دەچن، کـە ڕۆمـان لەسەردەمی سەقامگیریی کۆمەڵایەتیدا پەرەدەستێنێ، بەڵام لەو قـۆناخەدا کـە بارگرژیی جڤـاکی بەرکەماڵ بێ، ئەوە تەرزە نووسینگەلی دیکەی وەک شیـعرو وتار باو دەسـێنن. ئێ کـۆمـەڵگەی عـارەبیش بەردەوام لە تەنگژەدایە.. (إبن سلام)، لەم ڕووەوە دەڵێ: «شیعر بە جـەنگ زۆر دەبێ، ئەو مـیللەتانەی جـەنگیـان نییـە شیعریان کەمە.»

بەندە یەکەم کەس بووم لە کـوردستـان و لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بە وتاری «شـیـعـر لە بەتاڵی چاکـتـرە!» جـاڕی

پایدۆستی شیعرم دا.! ئەو دەم شاعیرە ناسراوەکان لە ناخەوە هەژان و هەستیان بەوە کرد، کە ئیتر شیعر ئەوە نییە وەک داهێنان حسابێکی ئەوتۆی بۆ بکرێ. ئاگادارم ژمارەیەک شاعیر، بەتایبەت ئەوانەیان لە هەگبەیاندا چەردەیەک زادی رووناکبیرییان گومان دەبرد، کەوتنە خۆیان و لەپاڵ شیعر نووسیندا دەستیان دایە نووسینی بابەتگەلی دیکە. ئەوەتا هەیانە بەختی خۆی لە رۆماندا تاقی دەکاتەوە.

هەشیانە بە ئەدەبی زارۆکانەوە سەرقاڵەو هەشە خووی داوەتە رۆژنامەوانی.. ئەم جۆرە هەولانە وەک چۆن وریایی ئەوان پیشان دەدا، ددان پێدانانێکیشە بەو حەقیقەتەدا، کە شیعر بە تەواوی پاشەکشەی کردووەو شایانی ئەوە نییە خۆیانی لەگەڵدا خەریک بکەن.

سەرەتا شیعر ژانری یەکەم بوو. دەقی هەموو ئەو شانۆییانەی بەر لە زایین و دواتریش نووسراون شیعرین، لەلای عارەبیش شیعر تەنیا ژانری ئەدەبی بووە. ئەوانیش وەک هەموو دنیا لە ئاستی شارستانییەتی یۆنانییەکاندا نەبوون هەتا شانۆو هونەری دیکەیان هەبێ. ئەوان تەنها زمانەکەی خۆیان بەدەستەوە بووە هونەری تێدا بنوێن و گەمە بە وشەکانی بکەن، بەڵام بە هاتنی ئیسلام ئەو بایەخە زۆرەی جارانی لە دەست دا. چونکە قورئان هەم دەقگەلێکی ئاست بەرزەو هەم پیرۆزیشە. لێرە بەدواوە ئیدی قورئان بە پلەی یەکەم و فەرموودەو وتارەکانی محەمەد دووەم و فەرموودەو وتاری خەلیفەکان و ئەوجا نۆرە دەهاتە سەر وتاری شیعری. وێڕای ئەوەی قورئان لە ئاست و پێگەی شاعیرانی ئەو سەردەمەی دابەزاند. ئەوانەیان ناڵێم، کە گوێڕایەڵییان نواندو بەتەواوی پێملی ئیسلام و ڕەمزەکانی بوون، وەک حەسانی کوڕی سابیت. قورئان بە ڕاشکاوی بە شاعیران دەڵێ: «سەرلێشیواون و گوفتارو کرداریان چون یەک نییە.»

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیعر هەر بەرگەی رۆژگاری گرت، بەڕادەیەک (ئیبن عەبباس) و زۆرێک لە گەورە یارانی محەمەد وتوویانە: «إذا إستعجم عليكم شيء من القرآن فاطلبوه من الشعر!» واتە ئەگەر هاتوو مانای شتێک لە قورئانتان لێ عاسێ بوو، ئەوا لە ڕێی شیعرەوە مانا و مەبەستی بزانن.. ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە شیعریش وەک قورئان بە عەرەبییەکی ستاندارد دەنووسرا، نەک بە زمانی ڕەشە خەڵکەکە. دیارە ئامرازی ئاوەزیش هەر زمانە.

بەڵام لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەمەوییەکانەوە ئیدی شیعریش گوڕوتین و ڕێزی جارانی پەیدا کردەوە، چونکە بە چێبوونی دەوڵەتی ئەمەوی جارێکی دی شانازی کردن بە خێڵ و جەنگی نێوان خێڵەکان لەسەر دەسەڵات. ڕێک وەک سەردەمی جاهیلی دەستی پێکردەوە. ئەوەش لەولاوە بوەستێ، کە خودی دەوڵەتی ئەمەوی لەسەر بناغەی خێڵ دروست بوو.

لەلای عارەب شیعر نووسین نیشانەی کامڵ بوونی هۆش و زەین بووە. تا ئەو ڕادەیەی ئەوەی شیعری نووسیبێ بە کەسێکی زیرەک و دانا لە قەڵەم دراوە. کەچی وەکو تر، یەک لە باری شیعر، لە ئەفسانەکاندا هاتووە، کە گیاندارێش توانیویێتی شیعر بنووسێ. زۆربەی قارەمانانی حیکایەت و ئەفسانەکانی نێو (هەزار و یەک شەوە) کاتێ تووشی داوی دڵداری دێن یان بەرەوڕووی دیمەنێکی سەرنج کێش دەبنەوە یانژی بەرەوڕووی تەنگانە و چورتمێک دەبنەوە، دەشیعرێن. بۆیە هەزارو یەک شەوە، کە خۆی کتێبی کۆ هەقایەتە، بەسەدان دێڕە شیعری تێدایە. تەنانەت گیاندارە بێزمانەکانیش بۆ سەلماندنی زیرەکی و کامڵ بوونی بیرو هۆشیان و بۆ دەمکوتی بەرامبەرو ڕکابەرەکانیان شیعریان وەک چەکی بەرگری بەکارهێناوە. ئەوەتا لە شەوی چواردەیەمی کتێبی ناوداری هەزارو یەک شەوەدا «مەیموون»ێک، کە لە کەشتییەکدایە بە بەرچاوی سەر نشینەکانەوە شیعر دەنووسێ. لەسەر بەرزیی شیعرەکەو جوانی دەستخەتی لەلایەن پادشاوە خەڵات دەکرێ. مەیموونیش دوای نان خواردن حەوت جاران خاکی بەرپێی پادشا ماچ دەکا!! ئەوەتا ئەم دیاردەی شیعراندنە، باڵندەشی گرتۆتەوە. ڕێک لە شەوی (١٧٧)دا بە ناوی حیکایەتێک لەمەڕ باڵندە. «حكاية تتعلق بالطيور» هەیە. لەم حیکایەتەدا مراوییەکی شیعر دۆست. هانا بۆ جووتێک تاوس دێنێ، کە لە ترسی دڕندەو مرۆڤ ڕوویان لە دوورگەکە کردووە. مراوی دەڵێ: خەوم بینیوە، لە مەکرو فێڵی مرۆڤ دەترسم. ئەو بە شیعر تاوس لە فێڵ و دەهۆی مرۆڤ ئاگادار دەکاتەوە:

**يعطيك من طرف اللسان حلاوة**
**و يروغ منك كما يروغ الثعلب**

کاتێ کیسەڵ لێی دەپرسێ: لەسەرچی لە نیشتمانەکەی

خۆت هەڵکەندرایت و لێرە لەسەر بەردێک لەنێو ئەم رووبارەدا قەرارت گرتووە؟ دیسان بەشیعر، ئاوا وەڵام دەداتەوە:

**إذا حل الثقيل بارض قوم**
**فما للساكنين سوى الرحيل**

هەروەها لە شەوانی ١٧٩ و ١٨٠دا، رێوی و گورگ لە فۆرمی شیعردا گفتوگۆ دەکەن. ئەم دیاردەیەی، کە شیعر خزاوەتە ناو حیکایەت و خورافە و فێڵ و ئەفسانەوە. مانای بەهەند گرتن و رۆڵی گرنگی ئەم هونەرەیە لە مێژووی کۆنی ناوچەکەدا، بەڵام دەبێ لەوە دڵنیا بین، کە حیکایەت و هونەری گێڕانەوە بونیادی سەرەکی هەزار و یەک شەوەیە نەک شیعر، بەڵکو شیعر لە هەزارو یەک شەوەدا، کەوتۆتە پەراوێزەوە.!! ئەمەش بە خاڵێکی ئەرێنی بۆ ئەو کتێبە لە مێژینەیە حساب دەکرێ.

لە کوردستان، لەکن هەندێ بەناو شاعیر، شیعری نوێ «ئەو رستانەیە، کە لە مانا رووت کراونەتەوە و پێوەندییەک کۆی نەکردوونەتەوە یان کۆمەڵێک وشەی بێ پێوەندییە، بەنیازە لە شوێندا رووبەرێک لەسەر رووی رۆژنامەیەک، گۆڤارێک... داگیر بکات. هەندێ شاعیر هەڵەی زمان و رێزمانمان بە داهێنان پێ دەفرۆشن و بە شیعر لە قەڵەمی دەدەن.» ئەندرێ جید، لەمەڕ شیعر دەڵێ من هیچ پێناسەیەک ئا لەمە بە باشتر نازانم: «شیعر بۆی هەیە باز بداتە سەری دێڕ بێ ئەوەی رستەکە تەواو بووبێ.» لەمەڕ شاعیریش عارەب دەڵێن: «هەر سەدەیەک شاعیرێکی تێدا هەڵدەکەوێت!». بۆیە شاعیر کەسێکی دانسقە و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزی هەبووە. وەک مێژوونووسە عارەبەکان خۆیان دەڵێن، بۆساڵرۆژی لە دایکبوونی ئاهەنگیان سازداوە. جێی شانازی خێڵەکەی بووە و پلەی وەک پلەوپایەی میر بووە. هەر بەراستیش هەندێکیان و ئێستاشی لەگەڵدابێ میرو میرزادەن. بە پۆشاکی تایبەتییەوە لەوەی ئاخوندی ئاینەکانی ئەو سەردەمە پۆشاویانەو لە جێیەکی روانگەی بەرز وەستاوەو بەدەم ئامـاژەوە، دەنگی لێ هەڵبڕیوە و شیعری خوێندۆتەوە.

هەروەسا ئەوان شیعریشیان بە سیحرو ئەفسانەوە بەستۆتەوە، گوایە شاعیریش پێوەندی بە «وادی عبقر»ەوە، ئەو دۆڵەی، لە ئەفسانەکانیاندا جێی کۆبوونەوەو گوزەرانی خێو و جنۆکەکان بووە، هەبووە.!! هەروەک ئەفسانەیەکی عارەبی بیابان نشین هەیە دەڵێ: «ئەوەی لە خەوندا شیری حوشتر بخواتەوە، ئەوا بۆ بەیانی کاتێ لە خەو رابوو، بۆتە شاعیر!».

حاڵی حازر، هێشتا لە وڵاتە هەرە دواکەوتووەکانی دنیادا شیعر ژانری ئەدەبی زاڵ و باوە. لێرەدا مەبەستم لە دواکەوتنی جڤاکییە. دەنا لە دنیای پێشکەوتوودا شیعرنووسین باوی نەماوەو ناوبەناو گوێی لەم جۆرە پلارانەش دەبێ: «ناشێ تۆش شیعر بنووسی! بۆچی تۆش شیعر دەنووسی؟!»

ئەم تەشەرەیان لە خۆشم داوە وەختێ لەنێو کۆمەڵێک خەڵکی وشیاردا منیش زارم هەڵهێنایەوە و لەمەڕ ئەدەب هەڵمدایە!! بەڵام هەر زوو بۆم روون کردنەوە، کە من شیعرنووس نیم! بەڵێ شیعر لەکن جڤاکە هەرە لەدواکانی دنیا هێشتا هەر برەوی ماوە، بەڵام لەگەڵ جیاوازییەکی زۆردا لە هەمبەر شیعری کوردی. پاشەکشەی شیعر لە خۆرئاوا کارێکی کردووە ناوەیلی رۆژهەڵاتی بێنە پێشەوە. بۆ نموونە «محەمەد ستیتو»ی بە بنەچە مەغریبی خەڵاتی شیعری ساڵی ٢٠٠٤ی وڵاتی هۆڵەندەی پێبرا. رەنگە لە وڵاتی خۆی نەناسرابێ. ئەمەش لەو سۆنگەیەوەیە کە خودی نووسەرە خۆرئاواییەکان ئەوەندە عەوداڵی شیعر نین.. ئەگینا لە کام بواردا رۆژهەڵات بۆری رۆژئاوای داوە؟

با هەندێ نموونەی زیندوو بهێنمەوە: (برنار مازو) کە شاعیرێکی فەرەنسی ناسراوە. لە گفتوگۆیەکدا، کە لە وڵاتی توونسەوە (خالد النجار) لەگەڵیدا سازدابوو، لە رۆژنامەی (الحیاة)ی رۆژی ٢٦/١٠/١٩٩٩دا، هاتە بڵاڤکردن، دەڵێ: «ژمارەی خوێنەری هەر کۆمەڵە شیعرێک لە ٣٠٠ هەتا ٦٠٠ خوێنەر تێپەڕ ناکا... خانەکانی پەخش و بڵاوکردنەوە ساڵانە نزیکەی هەزار دەستنووسیان پێدەگات.» فەرەنسا دڵی رووناکبیری ئەوروپایە، وێڕای ئەوەش حەشیمەتی سەدوپەنجا ملیۆنە. ئەگەر شیعر رۆژگاری بەسەرنەچوایە، دەبوو دیوانە شیعرێک بە دەیان هەزار دانەی لێ چاپ بکرایە و ساڵانەیش هەزاران دەستنووسی شیعر رەوانەی دەزگەکانی پەخش و بڵاوکردنەوە بکرانایە.

(خوان ئەنخیل خوریستو) لە رۆژنامەی (الحیاة)ی ژمارە (١٣١٩٩)ی رۆژی ٢٨/٤/١٩٩٩دا دەڵێ: «لە سەرەتای هەشتاکاندا، هێرشی ناوەیلی نوێ لە جیهانی رۆماندا دەستی پێکرد و بووە دیاردەیەکی بەرچاو، ئەم دیاردەیە پاشەکشەی بە کورتە چیرۆک و شیعر کردو بەرەو

خانەکانی دوای دواوە دووری خستنەوە.. ئەمەش لە سۆنگەی ئەو نوێخوازییەوە بوو، کە نووسەرانی ئەمەریکای لاتین هێنایان و بە جارێک هەرچی نووسینی ئەورووپا و ئەمەریکا هەبوو هەمووی بەجاری ڕامالی و زمانی ئیسپانیشی زیندوو کردەوە..»

خەڵکی وڵاتی مەغریبیش شیعر ناخوێننەوە. لەو وڵاتە (تەقریبەن) شیعر باوی نەماوە، ئەوان نووسەری باشیان هەیە و هەندێکیان بەزمانی فەرەنسی دەنووسن و پاشان بەرهەمەکانیان وەردەگێردرێنە سەر زمانی عارەبی.. هەر ئەم پشتگوێ خستنەی شیعر لەلایەن خەڵکی ئەو وڵاتەوە دنەی «محەمەد بنیس»ی سەرۆکی «ماڵی شیعر لە مەغریب»ی دا، پەنا بۆ یۆنسکۆ، کە ڕێکخراوێکی کولتووریی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە ببات و دەستەو دامانی ببێ. لێرەوە یۆنسکۆش بەدەنگ ئەم داوایەوە هات و بڕیار درا کە ٣/٢١ی هەموو ساڵێک بە ڕۆژی شیعر نامزەد بکرێ و یەکەم میهرەجانی ڕۆژی جیهانی شیعر لە شاری (دلف)ی وڵاتی یۆنان ساز بدرێ.

(موسى برهومه)، لە گۆڤاری «الوسط»ی ژمارە (٣٧٦ شباط ١٩٩٩)دا، لە شاری بەغدا، گفتوگۆیەکی لەگەڵ شاعیری عێراقی (يوسف الصائغ)دا سازداوە. لێی دەپرسێ: «دەڵێن شیعری عارەبی لە تەنگژەدایە نیشانەی ئەم تەنگژەیەش لەوەدا بەدیار دەکەوێ کە جەماوەر لێ تەکیوەتەوەو بە بێدەنگی ڕووی لە هونەرەکانی دیکەی وەک ڕۆمان کردووە، زۆریشن ئەوانەی ڕۆمان بە دیوانی ئەمڕۆی عەرەب حساب دەکەن، تۆ چلۆن بۆ ئەم تەنگژەیە دەڕوانی، لە کاتێکدا تۆ هەردوو جۆرە ژانرەکە دەنووسی؟»

وەڵام: «بەڵێ شیعری عارەبی لە تەنگژەدایە، ئەم تەنگژەیەش وەنەبێ بە تەنها شیعری عارەبی گرتبێتەوە، بەڵکو جیهانگیرەو پێوەندی بەو ڕاژەو (خزمەت)ەوە هەیە، کە شیعر لە توانایدایە پێشکەش بە دەزگاکانی پێوەندی جەماوەری، کە دیارترینیان تەلەڤزیۆنە بکات. ڕۆمان، شانۆ، سیناریۆ، هونەری شێوەکارو مۆزیک توانیویانە جێی خۆیان لە تەلەڤزیۆندا بکەنەوە، کەچی شیعر هیچی لە دەست نەهاتووە.. مەگەر لە بواری شیعری گۆرانیدا توانیبێتی شتێک بەدەست بهێنێ. بۆیە شیعر بانگ کراوە لێوەشاوەیی خۆی بنوێنێ و بەسەر هۆیەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەریدا بکرێتەوە. دەنا ڕۆژ بەڕۆژ گۆشەگیرتر دەبێ، هەتا دەمرێ..» ئەم ڕایەی «الصائغ» تەواو دروستە، چونکە کەسێ لە دووی کات بەسەربردن و زانیاری و مەعریفە بگەڕێ، ناچێ کاتی شیرینی خۆی بەفیڕۆ بدات و بەدیار تیڤییەوە دابنیشێ و گوێ لەوەهەمی شاعیر بگرێ. تیڤییەکیش ڕێزی کات و زەمەن بگرێ کاتی خێراو زێڕینی خۆی بۆ شیعر خوێندنەوە تەرخان ناکات، چونکە پێش وەخت ئاگادارە هەر کە شاعیر دەمی هەڵهێنایەوە ئیدی بینەری وشیار دەست دەداتە کۆنترۆڵ و کەناڵەکە دەگۆڕێ، مەگەر لە مۆریتانیا!!

دیسان لە ڕۆژنامەی (الحياة) ژمارە ١٣٢٩٨ی ڕێکەوتی ٢٧/ تەمووزی ١٩٩٧دا، (منى عبد العظيم) لە شاعیری ناسراوی عەرەب «ئەدۆنیس» دەپرسێ: «ڕات لەهەمبەر پاشەکشەی شیعر چییە. گوایە سەردەم سەردەمی شیعر نییە و هی ڕۆمانە؟»

ئەدۆنیس: «لە خۆرئاوادا ئەمە قسەیەکی باوە. لەوانەیە ئەم چرکە مێژووییە و دۆخی ڕووناکبیری جیهان بێ بواریان بۆ گەشەسەندنی ڕۆمان ڕەخساندبێ.. شیعر پێویستی بە ڕامان هەیە و زەحمەتە ڕێبوارێکی سەرنشینی میترۆ بتوانێ دیوانە شیعرێک بخوێنێتەوە، بەڵام ئەو دەتوانێ ڕۆمان بخوێنێتەوە، چونکە دەکرێ شێوازی گێڕانەوەی ڕۆمان زیاتر بتوانێ داخوازیی خوێنەر لەنێو ئەو جەنجاڵییەدا دەستەبەر بکا تاکو شیعر. بێئەوەی مانای ئەوە بگەیەنێ گوایە هەموو ڕۆمانەکان سانان.. لەلایەکی دیکەوە دنیای شیعر زۆر شەخسی و تایبەتییەو بۆ ڕۆچوونە ناوی پێویستی بە ڕووناکبیریی باڵاو ئەزموونی قووڵ هەیە، ئەمەش وا خەریکە لە بەردەم زۆر هۆکاردا وەک تەلەڤزیۆن و سینەما و گۆڤارە وێنەدارەکاندا پاشەکشە دەکا، بەڵکو خودی کتێب لەبەردەم هەڕەشەی نەماندایە؛ وەک ئەوەی لەوانەیە ببێتە قەوان (سی دی). بۆ نموونە.. بەڵام بە بڕوای من لە هەموو وڵاتێکدا، لە نێو هەموو میللەتێکدا، لەنێو گشت زمانێکدا، هەزار شێت هەن شیعر بخوێنێتەوە. ئەمەش سەروزیادە.»

سەرنج بدە، سەری زمان و بنی زمانی شاعیری کورد ئەدۆنیسە و زۆربەیان پێی سەرسامن. بەم ڕۆژگارە باس هەر باسی ئەوە. ئەدۆنیس وای وت و ئەدۆنیس وای کرد..! کەچی خودی ئەدۆنیس، کە سەردەمێ بڕوای وابوو، شیعر مۆسیقایە؛ ئەوەتا نەهۆ ئومێدی گەورەو گرانی شێتەکانە، بەڵکو ئەمە خوایە شێتەکان میزبان

کـەف بکات و بەرهەمــەکــانی بخــوێننەوە. ئەدۆنیس ڕاســتگۆیە و فــێڵ لە خــۆی ناکــا. ڕاست دەڵێ: لەم ڕۆژگارەدا هەر مەگەر شێت شیعر بخوێنێتەوە!! بەڵام ئەدۆنیس باسی ئەوە ناکات، کە ڕۆمان بەردەوام لە ڕووی هونەرو تەکنیکەوە بەرەو پێــشــەوە هەنگاوی ناوە. بە زمـانی سـادەی دوور لە گـرێ و گـۆڵ دەنووسـرێ. چێـژی گـوێگرتن و هەڵـوەدای بیـسـتنی حـیکایەتی لای مـرۆڤ زیندووکـردۆتەوە. جـدیتـر دەم لە کێشـەکانی ئینسـانەوە دەدات و تژییــە لە خـەیاڵ و فـەنتـازیاکـەی جـاران، بەڵام هونەری و ســەرنجکێش. جــێی هەمــوو هونەرەکــانی دیکەی، بەشیعریشەوە تێدا دەبێتەوە، کەچی شیعر ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەبەر ئەو هەمـوو گـرێ و گـۆڵانەی دووچار هاتووە، خزاوەتە کۆڵانێکی دەرنەچووەوە.

جیـاوازییـەکی گـەلێ گەورە لەنێوان شیـعری عـەرەبی و کوردیدا هەیە، کە هەمـیشـە دەبێ ڕەچاوبکرێ. شیـعری عـەرەبی بە دوو زمـانی تەواو جیـاواز دەنووسـرێ. زمـانی خەڵـک و زمـانی حکوومەت، کە ئەمەی دواییان زۆرینەی هەرە زۆری عارەب لێی تێناگەن. زمانێکی خۆ بەزل زانی بەگرێ و گـۆڵ، کە خـۆی لەسەراوردی ڕەشـە خەڵـکەکەوە دادەنێ، بەڵام شیـعری کوردی بە زمـانی خـەڵـک دەدوێ. لای ئێمـە زمـانی دەوڵـەت و زمـانی خـەڵـک هەر یەکێکە. جێی باسـە زانا «إبن خلدون» ٦٠٠ سـاڵێـک لەمـەوبەر باسی شـعـری مـیللی لە مـەغـریب و جـەزائیـر و مـیسـر کـردووەو نوقـڵانەشی لێداوە کـە شیـعـری میـللی دەبێـتـە شیعری ئاینده. ئەمـەش لەو سۆنگەیەوەیە، کە شاعیـری مـیللی بە زمـانێکی سـاکـار دەدوێ و سـینگ هەڵـکێش نییە. بەو زمانە دەدوێ، کە خەڵـک خەونی پێوە دەبینن و لەگـەڵ ژن و بـراو منداڵـی خـۆیاندا قـسـەی پێـدەکـەن و گۆرانی پێدەڵێن. زمـانی میللی زمانی جەماوەری پان و بەرینی خـەڵـکە، بەڵام هەرچی فـوسـحـایە، بەتایبـەتی فـوسحـای کـۆن، ئەوە زمـانی سـەر ڕەفە بەرزەکـان و نێـو فــەرهەنگە پەڕپووت بووەکــانە.. ئەم پێــشــبــینی و نوقـڵانەیەی ئیبن خەلدوون ئەمرۆ هەر بە ڕاستی هاتۆتە دی.. ئەمرۆ جەماوەریترین شاعیرانی عارەب، ئەمانەن: ئەحـمـەد فـوئاد نەجم، سـەلاح جاهین، عـەبدولڕەحـمـان ئەبەنودی و سەید حجاب لە مـیسـر.. هەروەها عـومـەر ئەلفـەڕا و عـەلی شیـبـانی و مـوزەفـەر نەواب و عـوریان سەید خەڵەف، کە هەر هەموویان بە زمـانی خەڵـک واتە (عامیە- جلفە) دەنووسن!

**شیعر لە نیمچە دوورگەی عەرەب**

لەوە دەچێ شیـعـر لەم سـەردەمـەی نیـمـچـە دوورگـەی عەرەبدا، کە زێدی گەورە شاعیـرانی سەردەمی جاهیلییە و تاکـو ئێـسـتـاش هەر شـانازییـان پێـوە دەکـرێ، نەزری ئەمـیـرو وەزیرو گـەورە بەرپرسـان بێ. دەبێ ئەوەش بڵـێم لەوێندەرێ وەک جـڤـاکـێکی لە ڕووی کـۆمـەڵایەتییـەوە دواکەوتوو، شیعر هێشتا لە هەرەتی خۆیدایە. با بزانین ناوە دیارەکـانی بواری شـیـعر کـێن و چ جۆرە شـیـعـرێک لەوێ باوێتی؟

لەوێندەرێ گـەلێ جـاران کـۆڕی شـیـعـر خـوێندنەوە بەسڵاوی شاهانە دەست پێدەکات، چونکە خودی شاعیر ئەمـیـرە و بە پشـتـێک یان دوان دەچێـتـەوە سـەر شـا عەبدولعەزیزی دامەزرێنەری شانشینی عەرەبی سعوودی. کۆڕەکە پێشتر ڕیکلامی بۆ دەکرێ و گەلێ جاران لەلایەن تیـڤـیـیـەکی زۆر بەناوبانگەوە وەک (ئیم بی سی) بۆ نموونە، ڕیکلامی بۆ دەکرێ. با چەند نموونە و بەڵگەیەک بهێنمەوە:

کـەناڵی (ئێم بی سی) ڕۆژی ٢٠٠٠/٧/٥ بانگەشە بۆ کۆڕی شیعر خوێندنەوەی شازادەی شاعیر (عبدالرحمن بن مسـاعد بن عبدالعزیز) دەکات. هەر ئەم کـەناڵە، لە ڕێگەی ڕۆژنامەوانی موتورفە (کوثر البشراوي)یەوە و لە بەرنامەکەی خۆیدا شازادەیەکی دیکەمـان پێ دەناسێنێ و گـفـتـوگـۆی لەگـەڵدا دەکـات، کـە شـیـعـری مـیللی دەخوێنێتەوە، ئەم شاعیرە بە شیعری (أون) بەناوبانگە، کـە گـۆرانیـبـێـژی ناوداری کـەنداو (مـحـمـد عـبـدە) کردوویەتی بەگۆرانی.

هەروەها شـازادەی شـاعـیـر (خـالد الفـیـصل)، کـە لە هەمان کاتدا هونەرمەندی شێوەکاریشە و خاوەنی شیعری بەناوبـانگی «مــرت السنین و الشــایب طفل- ســاڵان تێپەڕین و پیرەمێرد هێشتا منداڵە»

شازادەی شـاعـیـر (طلال بن عـبـدالعـزیز الرشـید)، کە ٢٠٠٣/١١/٢٨ لە جەزائیر کوژرا.

شازادەی شاعیر (بندر بن عبد المحسن)، کە شیعری گۆرانی بۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژی سعوودی (عبدالمجید عــبــداله) نووســیــوە. وەک گــۆرانی (منزعلک). هونەرمــەندی ناوبراو بە گــۆرانی (رهیب) ناوبـانگی دەرکـرد. بیــرمـە لە چاوپێکەوتنێکدا لێــیـان پرسی: «قـەرزاربـاری کـێـیت؟» ناوبراو لە وەڵامـدا وتی: «زۆر کەس، لەسـەروو هەموویانەوە شازادەی شـاعـیر (محمد

العبداله الفیصل). ئەم ئەمیرانە جگە لە تیڤییە گرنگەکان، ڕۆژنامە هەرە گرنگەکانی جیهانی عەرەب ڕیکلام بۆ چالاکییەکانیان دەکەن. هەر بۆ نموونە، لە ژمارەی ٨ی شوباتی ٢٠٠٠ی ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط)دا، ئاگادارییەک بەم سەردێرە دەخوێنیتەوە: «لە میهرەجانی جەنادرییە، ئێوارە کۆڕێک بۆ شازادە خالد الفیصل سازدەکرێت.»

هەروەها لە ژمارەی ڕۆژی ١١ی شوباتی ٢٠٠٠ی ڕۆژنامەی (الحیاة)دا، ئەم ئاگادارییە بڵاوکراوەتەوە: «کۆمەڵەی فاس- سایس-ی ڕۆشنبیری لە مەغریب کۆڕێکی ڕێزلێنان بۆ شاعیری ئیمارات (الدکتور مانع سعید العتیبە) ڕاوێژکاری سەرۆکی دەوڵەتی ئیمارات (الشیخ زاید بن سلطان آل نهیان) ڕێک دەخات. کۆڕەکە ڕۆژی هەینی دەست پێدەکات.

هەروەها زنجیرە درامای (آخر الفرسان) کە لە ڕەمەزانیساڵی ٢٠٠٠دا لە کەناڵی (ئێم بی سی)یەوە پێشکەش کرا، شیعری پێشەکی دراماکە، لە نووسینی (الشیخ محمد بن راشد آل مکتوم) بوو، کە دەکاتە جێگری سەرۆکی ئیماراتی ئەو سەردەمە.

هەروا بێتەوە گۆرانییە بە ناوبانگەکەی «أم کلثوم» بەناوی «ثورة الشك»، شیعری شازادەی شاعیر «عبدالله بن الفیصل»ە.

### دیاردەیەکی نوێ و سەیر

شاری «طائف»ی وڵاتی عەرەبستانی سعوودی ڕۆژی ٢٤/١٠/١٩٩٩ ڕێزی لە «١٦٥» شاعیر نا، کە خەڵکی وڵاتی سعودییە و دەرەوەی ئەو وڵاتە بوون. ئەو شاعیرانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان شیعریان بۆ تایبەتمەندیی و مێژووی ئەو شارە نووسیوە. جێی باسە (طائف) هاوینگەی یەکەمی وڵاتەکەیە. خەڵاتەکەیش بریتی بوو لە بڕوانامەو مەتاڵێکی یادگاریی و سەرجەمی شیعرەکان، کە لە دووتوێی فەرهەنگێکی شیعریدا چاپ کرابوون. زۆربەی ئەم خەڵاتانەش بە نەوەی ئەو شاعیرانە دەبەخشران، چونکە ژمارەیەکی زۆری ئەو شاعیرانە لە دنیادا نەمابوون. لە ناویاندا میری شاعیرانی سەردەمی خۆی (ئەحمەد شەوقی) هەبوو. بڕوانە: الشرق الأوسط، ژمارە ٧٦٣٧، ڕۆژی ٢٦/١٠/١٩٩٩.

سەرنج بدەن شاعیرانی ناوچەی کەنداو بەزۆری ئەمیرو وەزیرن. شیعر بۆ گۆرانی دەنووسن. دیارە ئەمەیان تەواو لە جێیە، چونکە ئەو شیعرەی ببێتە گۆرانی ئیدی بە زیندوویی دەمێنێتەوە. بەتایبەتی ئەمان، کە شیعرەکانیان بەرەوڕووی باشترین هونەرمەندی گۆرانیبێژی سەردەمەکەیان دەکەنەوە، بەڵام خۆ شیعری گۆرانیش هەروا ئاسان نییە. لە کوردستانی باشووردا، لەو سەدان، یان هەزاران شاعیرەی کە هەن، ژمارەی ئەوانەیان، کە دەتوانن شیعری گۆرانی بنووسی لە پەنجەی دەستێکیش کەمترن. دیارترینیان (ئەحمەد محەمەد)ە. کە بەلای منەوە زیندووترین شاعیری ئەم سەردەمەیە.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەمڕۆ لەلایەن نووسەرانی وڵاتانی کەنداوەوە بەگشتی ڕەوتێکی بەهێزی ڕۆمان نووسین لە ئارادایە. هەرە دیارترینیان هزرڤان و ڕۆماننووس «ترکي الحمد»ی خەڵکی وڵاتی عەرەبستانی سعوودی، بە ڕۆمانی «الکرادیب».. هەروەها «میس خالد العثمان» بە ڕۆمانی «غرفة السماء».. «آلاء الهذلول» بە ڕۆمانی «الإنتحار المأجور».

ئەم ڕۆمانانەو گەلێکی دیکە، کاتێ دەیانخوێنیتەوە بڕواناکەی لەو وڵاتە، لە پشت ئەو کەلاوە ڕووناکبیرییەوە دەنگی وەها وریاو بەدەربەست هەبن. ڕووی ڕاستەقینەی کارەساتباری ئەوێ بخەنە ڕوو. بڕواناکەی لەپشت ئەو بریق و باقە درۆزنە ڕووکەشەوە، کە لەوێندەرێ لە ئارادایە کەسانی وەها وشیار بژین و لە خەمی خەڵک و خەمی گۆڕان و پێشڤەچووندابن. دەحەپەسێیت و ئەوەندەت لە دەست دێ دەستخۆشییان لێ بکەیت. ئەمەش لە خۆیدا مانای ئەوەیە لە پشت ئەو ستەم و دواکەوتنە جڤاکییەوە ڕووناکبیری بەدەربەست هەن، دەیانەوێ لەو وەهمە درۆزنەی شیعری لە مێژوو بەجێماوی هەڵاوێرن و بەشێوەیەکی کۆنکریتی، ئەو جڤاکە بخەنە ڕوو..

تۆ هەر بەخوێندنەوەی ڕۆمانی «الکرادیب» بۆت ڕوون دەبێتەوە، لەوێ، لەودیو ئەو پاڵاوگەو چراخان و ئاپارتمانە بەرزانەوە چ کارەساتێک ڕوودەدات و چ دۆزەخێک نێڵە نێڵ دەسووتێ؟ لەوێندەرێ گرتووخانەکان چەند نوتەک و ترسناکن؟! کەچی لە شیعرەکاندا، ئەوێ بەهەشتی خودایە لەسەر زەوی. لەیەک وڵاتدا، دوو دنیای دژ بەیەک: دوو دنیای ناکۆک.. وەهمی شیعر و ڕیاڵی ڕۆمان!! لە باسی خودەوە بۆ باسی ئەوانی دی. لە زمانێکی تاکلایەنەوە بۆ دایەلۆگ. زمانی ڕۆمان، ئایندەی گەشی ئەدەب.

# پێداچوونەوەیەک بە وەرگێڕانەکەی «مێژووی فەلسەفەی هیگڵ»

عەبدولقادر عەزیز سەعید

(٢ - ٢)

لە ل ١٧٣ دێڕی ٢٣ وەرگێڕ نووسیویەتی:

«بیرۆکەی سەراپاگیر لەسەر شتێک» وابزانم هەموو کوردی زانێک دەزانێ ئەم دەربڕینە هەڵەیە. هیگڵ خۆیشی (لە تێکستە عەرەبییەکەدا) وتوویەتی:

«بیرۆکەی سەرتاپاگیر دەربارەی شتێک»

- لە ل١٧٤ پەراوێزێکی گرینگی سێ دێڕی پەڕیوەو وەرگێڕ نەیکردووە بە کوردی؟.

خاڵی (ب) دێڕی سێ لە ل ١٧٤ بە تەواوەتی شێوێنراوەو بە هەڵە کراوە بە کوردی وەرگێڕ نووسیویەتی:

«ئێمە حەقیقەت تەنها لە ڕێگەی ئەوە دەزانین کە دەگێڕدرێتەوە» ئەمە بیروبۆچوونی هیگڵ نییە، وا دیارە برای وەرگێڕ هیچ لە قسەکانی هیگڵ تێنەگەیشتووە، ئەگینا لەکاتی وەرگێڕانی ئەم خاڵەدا هەڵوەستەیەکی دەکردو تۆزێک ڕادەما. دەبێ ئەو حەقیقەتە چ ڕاستەقینەیەک بێت کە لە ڕێگەی گێڕدرانەوەوە بزانرێت؟!. هیگڵ وەک گریمانەیەک کە ویستوویەتی توێ توێی بکات و شی بکاتەوە وتوویەتی کە ئەمە وەرگێڕانە ڕاستەکەیە: ب «ئێمە تەنها بەهۆی بیرکردنەوەی ڕێک و پێکەوە- ڕاستەقینە دەزانین»

لە ل١٧٧ دێڕی یەکەم کە ناوونیشانە وەرگێڕ نووسیویەتی:

١- بوون لەخۆیدا یان بەهێز potentiality

ئەوەی لێرەدا دەتوانم بیڵێم ئەوەیە برای وەرگێڕ لە کتێبخانەی کوردی بێ خەبەرە، چونکە لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردووەوە کۆڕی زانیاریی کورد چەندین بڵاوکراوەو نامیلکەو کتێبی دەربارەی زاراوەزانستی و پەروەدەیی و نەفسی و فەلسەفە

بلاوکردەوە. ئەو وشانەی کە لە بەرهەمەکانی ئەرستۆ وەرگیرابوون و کرابوون بە کوردی هەردوو وشەی (بالفعل و بالقوة) بوون بەرامبەر بە وشەی یەکەم (کردەکیی) و بۆ دووەم وشەی (هێزەکیی) دانراوە، بۆیە دەڵێم دەبوو کاک عیرفان سوودی لەو بلاوکراوە جۆربەجۆرانەی کۆری ناوبراو وەربگرتبایە، ئەوکاتە ئەم هەموو هەڵە زەقانەی نەدەکرد. ئیتر بە باوەڕی من ناونیشانەکە دەبێ بەم جۆرە بێت:

«بوون لەخۆیدا یاخود بەهێزەکیی؛

- لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا، لەبەرامبەر «الامکان الفارغ» وەرگێڕ نووسیوبەتی (توانای بەتاڵ) بە باوەڕی من ئەمە پڕ بەپێستی خۆی نییە و ڕاستتر وابوو بیوتبایە: «شیاوەکیی پووچ». دەتوانم هەمان شت دەربارەی ناونیشانی ل١٧٩ بڵێم وەرگێڕ نووسیوبەتی «بوونی کارەکەی» بە باوەڕی من وشەکەی کۆڕی زانیاریی کورد- بەغدا لێرەدا بەتەواوەتی دەگونجێ و پڕ بەپێستی خۆیەتی ئەگەر بوترێ:

«بوونی کردەکیی...) دیسان ئەوەی سەرنج ڕادەکێشی کاک عیرفان لە هەموو پەراوێزەکاندا وشەی عەرەبی (المترجم)ی لەناوکەوانەدا وەک خۆی بە عەرەبی نووسیوەتەوە، کەچی لە هەردوو پەراوێزی ل ١٧٩ ل١٨٠) ئەمەی لە بیر چۆتەوەو نووسیوبەتی «وەرگێڕ» ئایا ئەمە بەسەردا تێپەڕینە، یاخود هەڵەی چاپە؟!

هەر لە پەراوێزی ل١٧٩ دێڕی چوار وشەی لاتینییە کە بەهەڵەی چاپ نووسراوە کە Existere دەبوو (وەک لە عەرەبییەکەدا داهاتووە (Existonce) بنووسرێ، ئینجا هەر لەهەمان دێڕ وشەی Existere پەڕیوەو دیارە هەڵە چنیش هەستی پێنەکردووە. دیارە دێڕی دووەمی پەراوێزی ل١٨٠ هەڵەی چاپەو وشەی دیالێکتیک بووە بە (لیکتکدا): ڕستەکە بەم جۆرە نووسراوە (یەکەم شتیشە کە لە ڕەوتی لێکتیکدا لە کاتیگوری خۆ گۆڕیوەوە دەردەچێت» بە باوەڕی من دەبوو ڕستەکە بەم جۆرە وەرگێڕدرێ: «یەکەم شتەکە لە ڕەوتی دیالێکتیکدا لە چەمکی گۆڕان دەکەوێتەوە».

لە ل ١٨٠دا شتێکی چاوەڕوان نەکراو سەرنجی ڕاکێشام و دڵتەنگی کردم، وەرگێڕ جیاوازی لەنێوان هەردوو وشەی عەرەبی «هنا و هناک» نەکردووە، دەبێ ئەوەندە لە عەرەبی نەشارەزاو بێخەبەربێت!. لە جیاتی «الوجود هناک» نووسیوبەتی:

«بوون لێرەدا» دێڕی ١٣؟! ئەمە هەڵەیەکە بەهیچ جۆرێک نابێ بەسەریدا تێپەڕیت! دەبوو بزانی «هناک» بۆ دوورە و دەنووسرێت (لەوێ) بەرامبەر بە (هنا) دەنووسرێ (لێرە) ئەمە شتێکە بەهیچ جۆرێک نە لەکردن دیت و نە ئەقڵ دەیبڕێ! هەمان هەڵە لە پەراوێزیشدا دووبارەبۆتەوە.

لە پەراوێزی ل ١٨٦دا - دێڕی سێیەمی پەراوێز- وەرگێڕ لە جیاتی وشەی عەرەبی (تناقظ) وشەی (لێکهەڵوەشاندن)ی بەکارهێناوە، ئەوە بەتەواوەتی هەڵەیە. لە چاپکراو ورۆژنامەو بلاوکراوەکوردییەکاندا بەرامبەر بەم وشە عەرەبییە وشەی (ناکۆکیی) بەکارهێنراوە بەکاردێت.

لە ل١٩٧ دێڕی ١٨ وەرگێڕ نووسیوبەتی: بەم شێوەیە بەیەک لێدان کۆتایی بەم چەنەبازییە دێت کە لەبارەی فرە جۆریی فەلسەفەکانەوە هەیە».

وەرگێڕانەکەم ئەم ڕستەیە تەواو نین. دەبوو بەم جۆرە بێت:

بەم پێیە بەدەستوەشاندنێک چەندە بازییەکە دەربارەی هەمە چەشنەیی فەلسەفەکانەو فرە جۆریان کۆتایی هات» هیگڵ باسی ڕابردووی کردووە وەرگێڕ کردوویەتی بە تێنەپەڕ!

ل ١٩٩ بە باوەڕی من وەرگێڕانی هەردوو ناونیشانەکە ناڕێکوپێکە: وەرگێڕ نووسیوبەتی:

چوارەم: پراکتیزەکردنی ئەم ڤاتیکۆرییانە لەسەر مێژووی فەلسەفە.

١- فەلسەفە گوزارشتە لە سیستەم.

من وای بۆ دەچم کە دەبوو (بەسەر)بێ نەک (لەسەر) واتە بەم جۆرە بوایە:

پیادەکردنی ئەم چەمکانە بەسەر مێژووی فەلسەفەدا

١- فەلسەفە بریتییە لە سیستەم:

هەر لەهەمان لاپەڕەدا- دێڕی سێیەم نووسەر نووسیوبەتی:

بیرۆکەیەکە خۆی بەرەو هوشیاری پەلکێش دەکات..

من وای بۆ دەچم کە دەبوو بڵێ: «ئەو بیرەیە کە خۆی بەرەو هوشیاریبوون دەبات» لە دێڕی ١٩ هەر هەمان لاپەڕەدا دەبوو لەجیاتی ئەوەی وەرگێڕ وتوویەتی:

«ئەم سیستەمەیەو شتێکی تر نییە» بنووسێ:

«ئەم سیستەمەیەو لەوە بەدەر شتێکی تر نییە».

لە ل ٢٠٤ دێڕی ٤ و لە پەراوێزدا دێڕی ٦، لەجیاتی «نعیمەو عنایە الالهیە» وەرگێڕ وشەی پشتیوانی خوای نووسیوە، بەپێی تێگەیشتنی من ئەوە ڕاست نییە، ئەم دوو وشەیە دەکرێ بەم جۆرە بکرێتە بەکوردی: (بەهرەی ڕەببانی) لەهیچ زمانێکدا (الالهي) بە خوایی ناکرێت بەکوردی، چونکە وشەی خوا بەرامبەر (الله) لە ئیسلامدا بەکاردێت و (الالهي) شتێکی ترە.

ل ٢٠٥ وەرگێڕ نووسیویەتی: «دەرئەنجامە پوختەکراوەکانی ئەوەی پێشوو».

بە باوەڕی من ئەمە بەوردی نەکراوە بەکوردی، چونکە ناوو نیشانە عەرەبییەکە ئەگەر بکرێ بەکوردی دەبێ بەم جۆرە بێت: «چەند ئەنجامێکی پوختەکراوە لەوەی پێشوو».

ل ٢٠٧ دیسانەوە بە باوەڕی من ناونیشانەکە بەتەواوەتی نەکراوە بەکوردی وەرگێڕ نووسیویەتی: (فەلسەفە گرنگی بەڕا (کەسی)یەکان نادات) من وای بۆ دەچم دەبوو ئەم ناوونیشانە بەم جۆرە بێت:

(فەلسەفە بیروڕا (کەسییەکان) بەگرنگ دانانێ) یاخود (فەلسەفە بایەخ بە بیروڕا (کەسیەکان) نادات).

لە ل٢٠٩ بەبێ هیچ جۆرە ئاماژەپێکردنێک پەراوێزێکی شەش دێڕی پەڕێنراوە!! هەر لە ل٢٠٩ دێڕی ٢٤ وشەی (پەرەسەندن) بەهەڵە نووسراوە، دیارە ئەمە هەڵەی چاپە، بەڵام نازانم بۆچی کاک عیرفان بەرامبەر وشەی عەرەبی (وجه) کە لە کوردیدا (ڕووە) وشەی (ڕووگەی) دووجار داڕشتووەو نووسیوە؟!

لە ل ٢١٤ هەردووخاڵی (أ،ب) بەناڕێکی کراون بەکوردی:

وەرگێڕ نووسیویەتی: «مێژووی فەلسەفەش ئەمانە دەخاتە ڕوو»

أ- دیاریکردنی توخمی سەلبکراو لە توخمەکانی ڕابردوودا.

ب- هەروەها خستنە ڕووی ئەو توخمەی کە پێویستە جەختی لەسەر بکاتەوە.

وەک من لەم چەند دێڕە گەیشتبم دەبوو بەم جۆرە بکرایەتە کوردی:

«مێژووی فەلسەفەش ئەمانە نیشان دەدات:

أ- سنوور دارێتی ڕەگەزە (توخمە) زەوتکراوەکە لە توخمەکانی ڕابردوودا.

ب- هەروەها ئەو ڕەگەزانەش کە دەبێ تیایدا دووپات بکرێنەوە، نیشان دەدات.

لە ل ٢٢٠ دێڕی ٥-٦ بەهەڵەکراوە بەکوردی. وەرگێڕ وتوویەتی:

«یەکەمجار بزانین: کامەیە بنەماکانی ئەو (فەلسەفەیەی!) کە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە دەرکەوتووە، دوای ئەمەش دووەمجار دەبێت لەوە بکۆڵینەوە.» بەپێی تێگەیشتنی من دوو دێڕە عەرەبییەکە دەبێ بەم شێوەیە بکرێن بەکوردی: «بزانین یەکەم: بنەماکانی ڕێبازە فەلسەفەییەکان کامانەن کە بەکردەکی دەرکەوتوون ئینجا پشت ڕاستی بکەنەوە دووەم.»

ناونیشانی ل٢٢١ بەهەڵەو ناڕێک و پێکی کراوە بەکوردی. وەرگێڕ نووسیویەتی:

«٣- گرنگیپێدانەکانمان لەسەر مێژوو بەشێوە گشتییەکەی ناوەستنەوە، بەڵکو لەسەر مێژووی بیردەوەستنەوە» ئەگەر لێرەدا ڕێگام پێ بدرێت لێرەدا پرسیارێک لە کاک عیرفان بکەم دەڵێم: ئایا تۆچی لەو دێڕە ناونیشانە تێدەگەیت؟! دەبێ «گرنگی پێدان لەسەر مێژوو وەستانەوە» چ واتایەک ببەخشێ؟! دەبوو ناونیشانەکەی بەم جۆرە وەربگێڕابایە: «٣- ئێمە بەشێوەیەکی گشتی بایەخ بەمێژوونادەین، بەڵکو گرنگی بەمێژووی بیردەدەین.» ئیتر نازانم ئەم تەمومژاوی کردنەو «لەسەرو، وەستانەوەو... تاد» ئاڵۆزکردنی واتاکەو شێواندنی ڕستەکان بەولاوە چی دەگەیەنێت؟!. دێڕی سێیەمی هەمان لاپەڕە: «لەسەر ئەوەی کە پێشتر وتمان دەرئەنجامی سێهەم دادەمەزرێت» هیگڵ نەوای وتووە و نەکوردیش بەم زمانە قسە دەکات، هیگڵ وتوویەتی:

«ئەنجامێکی سێهەم لەوە دەکەوێتەوە کە پێشتر گوتمان».

لە پەراوێزی ل٢٣٠ لەدوا دێڕدا (لە عەرەبییەکەدا نووسراوە ل ١٢٢) لە کوردییەکەدا بەهەڵەی چاپ بووە بە (ص٢٢). جگە لەمەش پەراوێزێکی سێ دێڕی پەڕێنراوەوە نەکراوە بەکوردی.

لە ل ٢٣١ هەمان هەڵەی زەقی پێشوو دووبارەبۆتەوە. لەجیاتی وشەی (المذاهب الملحدة) بەرامبەر بە وشەی لاتینی Atheism نووسیویەتی ڕێبازە (ناخوا گەرەکان). ئەم وشە دروست کراوە، بەڵام زۆر ناشیانە

وشەکە کورت و کرمانجی مانای بێئیمانیی دەدات «ڕێبازە بێئیمانییەکان» لە ل٢٣٢ دا وەرگێڕ دێڕێکی نووسیوە پرسیارێکی لە مێشکمدا وروژاند. وەرگێڕ نووسیوویەتی:

«ئەمەش- جارێکی تر- بەڕێگای لێکۆڵینەوەی فەیلەسووفە دێرینەکانەوە گرێدراوە» پرسیارەکە ئەوەیە: بە مرۆڤێک بڵێیت (فلانە شتە بەم ڕێگایەوە گرێدراوە» چیت لێ تێدەگات؟! ئایا شت بە ڕێگاوە گرێدەدرێ؟!. هیگڵ- وەک لە تێکستە عەرەبییەکەدا هاتووە وتوویەتی:

«ئەمەش- جارێکی تر- پێوەندیی بەشێوازی لێکۆڵینەوەی فەیلەسووفە کۆنەکانەوە هەیە...»

- لە ل ٢٣٣، دێڕی ١٢ وەرگێڕ نووسیوویەتی:

«هیچ شتێک لە ناشت وەدی نایەت». ئەوەی من لەو ڕستە عەرەبییە گەیشتبم ماناکەی بەم جۆرەیە:-

«هیچ شتێک لە هیچەوە پەیدا نابێت» ئیتر ئەم دێڕە بۆ وا دەسکاری کراوەو شیوێنراوە؟!.

لە ل ٢٣٧ دێڕی ٢٠ وشەی (خۆیەتی) کە لە کوردییەکەدا هاتووە لە عەرەبییەکەدا نییە و وەرگێڕ خستوویەتییە سەری. ئیتر پێنج دێڕ دواتر وەک من تێگەیشتووم وشەی «درەوشانەوەکانی تری گیانەوە» هەڵەیەو مەبەستی هیگڵ «چەند دەرکەوتنێکی گیانە»..

وەرگێڕ خۆشی باش دەزانێ، چونکە هەر نەبێ ئەم بەرهەمەی هیگڵی خوێندۆتەوە، قسە لە دەرکەوتن و پەرەسەندنی گیان و بیر دەکرێت و «درەوشانەوە) شتێکی ترە و مەبەستی هیگڵ ناپێکێ.

لە ل٢٤٢ دەبوو ناونیشانە کە لەجیاتی: «باری مێژوویی فەلسەفە» بنووسێ «دۆخی مێژوویی فەلسەفە»، چونکە لێرەدا بار وا بەبیردا دێت کە قورسایی و کۆڵێک بێت کەوتبێتە سەر شانی فەلسەفە.

لە خاڵی ئەلف- دێڕی پێنجەمی لاپەڕەکە هیگڵ بەگشتی قسەی کردووەو وتوویەتی دەبێ ئەمە (بۆ نموونە) بکرێت و ببێت، کەچی وەرگێڕ کردوویەتی بە (ئاگاداری بین)، هیگڵ (ئێمە)ی تێنەخستووە و نەدەبوو وەرگێڕ دەسکاری ڕستەکە بکات. دێڕێک دواتر وەرگێڕ وشەی فەلسەفەی پەڕاندووەو واتا ڕاستەکە گۆڕاوە. هیگڵ وتوویەتی:

«لەسەر فەلسەفەی سەردەمەکە»، کەچی وەرگێڕ نووسیوویەتی:

«لەسەر سەردەمەکە» ئەمە هەڵەیەکەو مەبەستەکە دەگۆڕێ.

لە پەراوێزی ل ٢٤٥دا دێڕی یەکەم و دووەم، بە باوەڕی من قسەکەی (هیگڵ)ی تێکداوە، وەرگێر نووسیویەتی: «ئەرکی فەلسەفە لە وێناکردنی ئەوەدا- کورت دەبێتەوە!- کە بوونەوەرە، چونکە ئەوەی بوونەوەرە هیچ نییە جگە لە- ئەقڵ خۆی». ئایا وێناکردن کورت دەبێتەوە، خۆ ئەگەر مرۆڤ بڵێ وێنەکە تەڵخە، تەمومژاوییە، کاڵ بۆتەوە... تاد، ئەوە مرۆڤ تێدەگات و دەگونجێ، بەڵام کورت بوونەوەو وێنا کردنم نەبیستووە. من وای بۆدەچم قسەکەی هیگڵ بەم جۆرە دەکرێت بەکوردی: «ئەرکی فەلسەفە زیاتر بۆ چوونی ئەوەیە کە لە ئارادایە و هەیە تێناپەڕێ، چونکە ئەوەی هەیەو لە ئارادایە لەژێری (ئەقڵ) خۆی بەولاوە شتێکی تر نییە».

لە ل٢٤٧ دێڕی یەکەم بەهەڵە کراوە بەکوردی (ئەگەرچی بیرە سەرەکییەکان لاپەڕەکە بەگشتی بەشێوەیەکی تەمومژاویی کراون بەکوردی): وەرگێڕ نووسیویەتی:

«گیانی سەردەمێک لەسەردەمەکان ژیانێکی کرۆکییە بۆ ئەو سەردەمە» من وا لە ڕستە عەرەبییەکە گەیشتووم کە بەم شێوەیە بکرێت بەکوردی:

«گیانی سەردەمێک ژیانی جەوهەریی سەردەمەکەیە».

- لە پەراوێزی ل٢٤٨، هیگڵ کردارەکەی بە تێنەپەڕ (تصل) نووسیوبەتی، کەچی وەرگێڕ کردوویەتی بە (وصول) (گەیشتن) ئەمە بۆ؟

- ل٢٤٩ لە دێڕی ٨دا دیاگۆگی کردووە بە «دیاگۆجی»، دیارە کاکی وەرگێڕ وەک میسرییەکان پیتی (ج) بە (گ) دەخوێنینەوە؟!

- هەرچەندی کردم لەدێڕی دووەمی پەراوێزی ل٢٤٩ نەگەیشتم، لەوێ نووسراوە:

«فەرمان ڕەوایی موشەربهە) ئەبێ ئەم وشەی دووەمی ناوکەوانەکە مانای چی بگەیەنێ و بەچ زمانێک بێت.؟!.

لە ل٢٥٢ خاڵی یەکەم و سێیەم بەهەڵە کراون بەکوردی، وەرگێڕ نووسیویەتی: «خاڵی یەکەم: ئەوەی کە- بەشێوەیەکی گشتی- بە ڕۆشنبیری زانستی دادەنرێت لەوێوە کە سەرەتاکانی بیرکردنەوەی عەقڵی لە

سروشت و گیاندایە، بەڵام ئەم سەرەتایانە چیتر فەلسەفە نین» «خاڵی سێیەم: بواری سێیەم گرنگی بە بەڵگەکاریی فەلسەفی دەدات، بەزۆری و بەگشتی ئەوە دەگرێتەوە کە بە میتافیزیکا، یان تێگەیشتن ناوی دەبەن.» من وای بۆ دەچم کە ئەم وەرگێڕانە پڕ بەپێستی قسەکەی هیگڵ نییە، دەبوو ئەم دەستەواژانە بەم جۆرە بکرێن بەکوردی خاڵی یەکەم: «ئەوەی- بەشێوەیەکی گشتی- بەرۆشنبیریی زانستی دادەنرێت.

لەوێدا چەند سەرەتایەکی بیری ژیرەکیی دەربارەی سروشت و گیان هەیە.»

خاڵی سێیەم: «بواری سێیەم بایەخ بە ئەنجامگیریی فەلسەفەیی دەدات و بەلایەنی هەمەکیی و فرەییەوە ئەوە دەگرێتەوە کە بە میتافیزیک وتێگەیشتن ناو دەبرێت.»

- ئەوەی من بەرچاوم کەوتبێ وەرگێڕ بەرامبەر وشەی (الثقافة)ی عەرەبی هەردوو وشەی کوردی (ڕۆشنبیری) و لاتینی کولتوور بەکاردێنێ ل٢٥٢ بە باوەڕی من جۆرە جیاوازییەک لەنێوان وشە کوردی و لاتینییەکەدا هەیە، ئەوی دواییان فراوانترەو جاروبار چەند لایەنێکی پەروەوردەیی و شارستانیش دەگرێتەوە بۆ نموونە بەرامبەر وشەی culture نووسراوە: (تثقیف، تهذیب، حضارة، حداثة... الخ بڕوانە منیر البعلبكي: المورد ٢٠٠٤ (دار العالم للملايين) بیروت- لبنان ط٣٧. ص٢٣٨ بڕوانە وشەی ناوبراو.

لە ل٢٥٦ پەراوێزێکی چوار دێڕیی دەربارەی هۆگۆ گرۆتیوس پەڕێنراوە.

لە پەراوێزی ل٢٥٧ دێڕی یەکەم بە هەڵەیەکی چاپ فرە دریش بووە بە فرۆرشی!. لە پەراوێزی ل٢٥٨دا لە نێوان ژمارە (١٤) و (١٥)دا پەراوێزێکی چواردێڕی پەڕێنراوەو دیارە هەڵەچنیش ناهەقی نەبووە کە هەستی پێ نەکردووە، بە باوەڕی من وەرگێڕ پەڕاندوویەتی، چونکە یەکسەر دوای ژمارە (١٤) ژمارە (١٥) بە دوایدا هاتووە. ئیتر هەڵەچن چۆنی پێ بزانێ!؟

- لە دوا دێڕی پەراوێزی ل ٢٥٨دا ناوی وەزیری دەوڵەت کانینگ بەهەڵەی چاپ بووە بە (کانبخ). لە ل ٢٦٤ پەراوێزی ژمارە (٢٢) قسەکەی هیگڵ بە هەڵەکراوە بەکوردی وەرگێڕ نووسیوەیەتی.... (بیر لە خۆ بکەرەوە) هیگڵ ئەمەی نەوتووە، بەڵکو نووسیویەتی: (بیر بۆ خۆت بکەرەوە) ئەم جۆرە هەڵە زەقانە ئەو بۆچوونە لە مێشکدا ڕەنگ دەرێژی کە کاک عیرفان سەرپێیانە خەریکی وەرگێڕانەکە بووە، ئەگینا مرۆڤ ئەگەر تۆزێک ورد بێت ئەم هەڵە سەیرانە ناکات!

- لە ل٢٦٥ دێڕی ١٩، سیمای یەکەم بەهەڵە کراوە بەکوردی و ڕستە کوردییەکەش سەرگەردانە، وەرگێڕ نووسیوەیەتی: «سیمای یەکەم: ئەو ڕێگایەیە کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە هوشیاری بەخوا پەیدا دەکات».

دەبێ بە بۆچوونی کاک عیرفان (ئەو ڕێگایە کامە بێت کە مرۆڤ بەڕێگایەوە). ؟! ئایا کورد وا قسە دەکات؟! ئەوەندەی من تێگەیشتبم هیگڵ وتوویەتی: «خەسڵەتی یەکەم: ئەو ڕێگایەیە کە مرۆڤ خوا (ڕەب)ی پێ دەناسێ»... ل٢٦٧ پرسیاری ژمارە (١) بەهەڵە داڕێژراوە. وەرگێڕ نووسیویەتی:

(١) ئێستاش فەلسەفە لە زانستی لاهووت و ئایین بەشێوە گشتییەکەی جیادەکرێتەوە؟! لێرەدا مرۆڤ هیچ نیشان و ئامرازی پرسیارێک لەسەرەتای ڕستەکەدا نابینێ، کەواتا ئەمە چ پرسیارێکە و چۆن نیشانەی پرسیار لە کۆتاییەکەیدا دانراوە، پرسیارەکەی هیگڵ لە عەرەبییەکەدا بەم جۆرەیە:

(١) چۆن فەلسەفە بەشێوەیەکی گشتی لە لاهووت و لە دین جیادەکرێتەوە؟

لە پرسیاری دووەمیشدا وشەیەک پەڕیوە؛ وەرگێڕ نووسیویەتی:

«.... پێویستە هۆکاری ئاینی» لە عەرەبییەکەدا نووسراوە:

«.... پێویستە لەسەرمان هۆکاری ئاینی». دێڕی ٢٣ لە ل ٢٦٧ ئەوی لە دوو کەوانەکەدایە بەوردی نەکراوە بەکوردی. وەرگێڕ نووسیویەتی:

«واتە فەلسەفەیەک کە لە ئایینیدا دەیدۆزینەوە» لە تێکستە عەرەبییەکەدا بەوجۆرە هاتووە: «ئەو فەلسەفەیەی لە ئایینیدا هەیە».. لە ل٢٦٨ دێڕی سێیەمی پەراوێزەکەدا نووسراوە (تیولۆژیاو ڕەمز) ئەمە هەڵەیە ڕاستییەکەی (میتۆلۆژی و ڕەمز)ە.

- لە ل٢٦٩دا پەراوێزێکی ١٢خاڵی- چل دێڕی کە تەواوکەری ژمارە/٣ بووە پەڕیوە، دیارە وەرگێڕ نەیکردووە بەکوردی.

ل٢٧٠ دێڕی دەیەم بەڕێک وپێکی نەکراوە بەکوردی، وەرگێڕ نووسیویەتی: «وتراوە ئەم بیروباوەڕانەش

مەیلخوازییەکی لێکچوونخوازن» من وای تێدەگەم کە دەبوو ئەم دێڕە بەم جۆرە بەکوردی بکرایە:
«وتراوە ئەم باوەڕانە مەیلێکی لێکچوواندنیان هەیە.»
ل٢٧٠ لە پەراوێزدا دێڕی یەکەم نووسراوە (کە خوا دەرکە گرێت و) وەک من بۆی دەچم دەبوو وەرگێڕ بینووسیبایە:
کە «خواوەند وەردەگرێت» دیارە ئەمە هەڵەیەکی چاپە.
ل٢٧١ دێڕی دووەم و سێیەم بەهەڵە کراون بەکوردی و بۆچوونەکەی هیگڵ شێوێنراوە لەوێ نووسراوە: «لەبارەی تێڕامانمان لەبوونی خوایەک پێویستمان بە بنچینەیەکی زەرووری و کۆمەڵە کاتیگورییەکی ژیان وێنەیەک لە وێنەکانی بیر هەیە)، من بەش بەحاڵی خۆم بەم جۆرە لەم دوو ڕستە عەرەبییە گەیشتووم:
«کاتێک ئێمە سەرنجی بوونی خواوەندێک دەدەین، وەک بنچینەیەکی ناچاری پێویستمان بەچەند چەمکێکی تر یاخود بە وێنەیەک لە وێنەکانی بیر هەیە»..
هەر لە ل٢٧١ دێڕی ٢٣ بەهەڵە کراوە بەکوردی، وەرگێڕ نووسیویەتی:
«... کە ئایین وا نیشان بدات داوا لە مرۆڤ دەکات دەستبەرداری...» ئەمە قسەی هیگڵ نییە، بەڵکو ڕستەیەکی دەستکاری کراوە، چونکە لە عەرەبییەکەدا، وەک من تێگەیشتبم بەم شێوەیە:
«ئەگەر ئایین وا دەربکەوێ کە داوا لە مرۆڤ بکات دەستبەرداری..» هەروەها دێڕی ٢٤ بە تەواوەتی شێواوە. وەرگێڕ وتوویەتی: «چونکە لە حیکمەتی دنیایی شتێکی تری لێناکەوێتەوە، بەمەش کردەی مرۆیی و مەعریفەی مرۆیی بەشێوەیەکی پوخت لە دژایەتیکردنی مەعریفەی خوایی و عەقڵی مرۆییدایە» ئەوە بێ سێ و دوو کردن هەڵەیە و دوور و نزیک پێوەندی بە قسەکەی هیگڵ-ەوە نییە، چونکە هیگڵ وتوویەتی: بەلای ئایینەوە لە فەلسەفە تەنیا داناییەکی دنیایی و کرداری مرۆیی و زانینی مرۆیی کە بەڕوون و پوختی دژی زانینی خواوەندیی و دژی ژیری خواوەندییە دەکەونەوە).
لە پەراوێزی ل٢٧٣دا وەرگێڕ ئەم دێڕە عەرەبییەی پەڕاندووە و نەیکردووە بە کوردی: (و مستأسرین کل فکر الی طاعة المسیح...) دەبێ ئەو ڕستە عەرەبییە ئەوەندە گران بێت کاک عیرفان دەسەڵاتی بەسەردانەشکابێ؟! کوردی ئەم دێڕە بەم جۆرە دەبێ: مستأسرین لە وشەی (أسیر) واتە (دیل)ەوە هاتووە، واتە (هەموو بیرێک وەک دیل و یەخسیر ملکەچی گوێڕایەڵیی کردنی مەسیح دەکەن). هەر لە ل٢٧٣دا دێڕی (٥) وەرگێڕ نووسیویەتی: «مەترسن، ئێوە، لە باڵندەکان باشترن» لە عەرەبییەکەدا ناوی باڵندە نەهاتووە بەڵکو وتراوە:
«مەترسن ئێوە لە چۆلەکەیەکی (چێشکەیەکی) فرە، باشترین» ل٢٧٤دێڕی یەکەم لەجیاتی (حەقیقەتی) دووەم وشەی (شتێکە) دانراوە، ڕستەکە خۆیشی ڕەوان نییە وەرگێڕ وتوویەتی: ئەو حەقیقەتەی کە لە ڕێگای ئایینەوە دەگات بە ئێمە، شتێکە لە دەرەوەی ئێمەوە بە ئێمە دەبەخشرێن» من لە هەمان ڕستەی عەرەبی بەم جۆرە تێگەیشتووم:
«ئەو ڕاستەقینەیەی لە ڕێگای ئایینەوە پێمان دەگات، ڕاستەقینەیەکە لە دەرەوە دەماندرێتێ..» لە پەراوێزی ل٣٠٤داکاک عیرفان گەیشتۆتە چڵەپۆپەی داڕشتنی وشەو ڕستەی شەق و شڕی کوردی- بۆنموونە وتوویەتی: «لە نووسینە گەنجانە لاهوتیەکاندا» سەرنجی ڕستە عەرەبییەکەمدا بەم جۆرە بوو: «نووسینە لاهوتییەکانی سەردەمی لاوێتی»..
ل٢٧٤ دێڕی ٢١ بە هەڵە کراوە بە کوردی و ئەو مانایەی نەداوەتە دەست کە نووسەر یاخود تێکستە عەرەبییەکە مەبەستی بووە:
وەرگێڕ وتوویەتی:«ئینجا بە سروشت خوا خۆیەتی» ئەمە جۆرە گورین و شێواندنێکە، چونکە هیگڵ وتوویەتی: «ئینجا سەر بە سروشتی ڕەب خۆیەتی» ئەم دوو قسەیە زۆر لە یەکتری جیاوازن. (شتێک خۆی شتەکە بێ) هیگڵ ئەمەی نەوتووە، بەڵکو وتوویەتی سەر بە سروشتی شتەکەیە! لە پەراوێزی ل٢٧٧ ژمارەی دوای ژمارە (٣٢) کە بە وشەی (بەراوردکە) دەست پێدەکات پەڕیوە.
لە ل٢٨١ دێڕی ٥ وەرگێڕ نووسیویەتی (شێوانی ڕەبانی یان پیرۆزکردن) بە بۆچوونی من باشتر بوو بڵێ (خوانی شێوانی ڕەببانی). ئینجا نازانم ئەم وشەی پیرۆز کردنەکە لە عەرەبییەکەدا نییە کاک عیرفان لەکوێی هێناوە؟ دێڕەکەی دواتر وەرگێڕ نووسیویەتی:
کە مەسیح بە ئامادەبوونێکی ڕاستەوخۆ ئامادە دەبێت»

به باوەڕی من ئەمە جۆرێکە لە وشەکردن بەکوردی. دەکرا بوترێ:

«مەسیح ڕاستەوخۆ لەوێ دەبێ»... لە ل٢٨٠ دێڕی ٦-٧ قسەکەی مەسیح بەناڕێکوپێکی کراوە بەکوردی و هەڵەیەکی چاپیشی تێدایە، لە جیاتی (ڕۆژەکاندا) نووسراوە (ڕوەکاندا) وەرگێڕ وتوویەتی: «ئەوە تا من تا تەواوبوونی گەردوون. لە هەموو ڕوەکاندا لەگەڵتام» وەرگێڕ لە جیاتی وشەی (دهر) گەردوونی نووسیوە. بە باوەڕبوونی من گەردوون دەهر نییە. مەسیحی مەبەستی قسە کوردییە ساکارەکەیە کە خەڵک بە کوردی دەڵێن (دنیا خەراپ بووە). من وا لە عەرەبییەکە گەیشتووم. «ئەوەتا من هەموو ڕۆژێک تا دنیا خراپ دەبێ لەگەڵتاندام» لە پەراوێزی ل٢٨١ (دێڕی حەوتی پەراوێز) دەسکاری کراوە، وەرگێڕ وتوویەتی (هەرکەس لە جەستەم بخوات) قسە عەرەبییەکە وتوویەتی «ئەوی لەشم بخوات» نەک لە (جەستەم یاخود لە لەشم بخوات»- لە ل٢٨٢ دێڕی سێیەم کوردییەکەی ناڕێکە. وەرگێڕ وتوویەتی: «هەرکەس وشەیەک لەسەر کوڕی مرۆڤ بڵێت.. بەڵام گەر وشەیەک لەسەر الروح القدس بڵێت...» من وای بۆ دەچم ئەو (لەسەرە) کوردی نییە، مرۆڤ ئاسایی لە ژیانی ڕۆژانەیدا دەڵێ: فڵانە کەس قسەی پێ وتم، ڕزگار قسەی خۆشی، ناخۆش کرد، وشە لەسەر کردن لە کوردی ناچێت. دیسانەوە وای بۆ دەچم دەبوو بوترێ: «ئەوی قسەیەک بەکوڕی مرۆڤ بڵێت لێی دەبووردرێ، بەڵام ئەوی قسە بەگیانی پاک بڵێت لێی نابووردرێ»- لە کوردیدا قسە لێکردن هەیە، بەڵام ئەمە شتێکی ترە. دەوترێ ئەرێ مەسەلەکە چی بەسەرهات لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەگوترێت: «لەدواییدا قسەی لێدەکەین!» لە پەراوێزی ل٢٨٣دا پەراوێزێکی گرنگی دوو دێڕیی پەڕێنراوە.

«ب- شێوەی بابەتییەتی خۆی لەدەست دەدات، زۆرجاریش ناوەڕۆک و شێوە لەبیردا یەکدەگرن.» ئەمە قسەکەی هیگڵ نییە و «باس زۆرجار یەکدەگرن» بەم جۆرە نەکردووە، لەوێدا وەک من تێیگەیشتبم وتراوە:

«ب- شێوە بابەتییەکەی خۆی لەدەست دەدات، مادام ناوەڕۆک و ڕوخسارەکە لەبیردا یەکدەگرن». لە پەراوێزی ل٢٨٩ (ژمارە- ٤٢) ڕستەکە باسی فەیلەسووفێکی کردووە دوو هەزار و سێ سەد و پەنجا ساڵ پێش ئێستا ژیاوە، کەچی کاک عیرفان بەدەمی تێنەپەڕ کردارەکانی نووسیوە وەک: دەردەکەوێ (کە دەبوو بڵێ دەرکەوتووە). هێرشی دەکاتە سەر (دەبوو بڵێ هێرش کردۆتەسەر..»تاد.

لە ل٢٩٠ پەراوێزێکی ئەوپەڕی گرنگی ١٧ دێڕی پەڕێنراوە و دیارە وەرگێڕ خۆی نەیکردووە بە کوردی، ئەگینا هەڵەچن هەستی پێدەکرد. - لە پەراوێزی ل٢٩١دا لە دێڕی دووەمەوە بە هەڵە کراوە بەکوردی. وەرگێڕ نووسیویەتی: «کە مەلەکەیەکی عەقلی بێگیانە و دابڕان و پچڕان دەخاتە نێوان بیرەکانەوە بنەمای شوناس (أ هەر أ)ە جیایە لەجیاواز. ئەوەندەی من لەو پەراوێزە تێگەیشتبم ئەم وەرگێڕانە هەڵەیە و دەبوو بەم جۆرە بێت:

«توانایەکی وشکی ژیرەکییە کە بیرەکان دەپچڕێنێ و لەیەکتربیان دادەبڕێ و بنەما بنەڕەتییەکە «أ هەرأ» واتە خوێنی دابڕاوە.

پەراوێزی ل٢٩٢ش هەر بەناڕێک و پێکی کراوە بەکوردی.وەرگێڕ نووسیویەتی: «مەبەست لە ڕێبازی عەقلی لێرەدا ئەوەیە کە بە گوێرەی لاهوت گرنگی پێدەدات» هەرچەندی سەرم هێناو برد تێنەگەیشتم «بەگوێرەی لاهوت گرنگی پێدەدات» مەبەست لەچییە و گرنگی بەچی دەدات؟! وابزانم وەرگێڕانەکە دەبوو بەم شێوەیە بێت: «مەبەست لە ڕێبازی ژیرەکیی لێرەدا سەبارەت بەلاهوت، واتە، باوەڕهێنانە بەوەی کە ژیریی مرۆڤ نەک وەحی ڕەببانی تاکە ڕێگای ڕاستی گەیشتنە بە ڕاستەقینە و ڕێکخستنی کردار و ڕەفتارە.» - ل٢٩٤دێڕی سێ و چوار بە هەڵە کراون بەکوردی: وەرگێڕ نووسیویەتی... «بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ/ یان/ بەتوانادارییی لەگەڵ ئاییندا یەکگرتووە، چونکە لەجیهانی مەسیحیدا سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە گیان تاکانەیەو..» ئەوەی من تێبگەم هیگڵ لە تێکستە عەرەبییەکەدا باسی سەرهەڵدان و گەشەی کردن و تاکانەیی گیانی نەکردووە، بەڵکو لە عەرەبییەکەدا بەم جۆرە هاتووە: «...بەشێوەیەکی نادیار یاخود بەهێزەکیی لەگەڵ ئاییندا یەکی گرتووە، چونکە لە جیهانی مەسیحیدا پەیدابووە گیان یەکێکە...» - لە ل٢٩٥ دێڕی ٢٠-٢١ بە تەواوەتی شێواوە. هیگڵ باسی ڕۆشنبیری بەدەستهێنراوی کردووە و نازانم ئەم«گوێزرانەوەیە لەکوێوە هاتووە».

وەرگێڕ وتوویەتی:

ئیمان و باوەڕ هێنان لە ڕێگەی پەروەردە و فێرکردن و ڕۆشنبیرییەوە دەسخراوە بۆ هەموو مرۆڤێک دەگوازرێتەوە. لەم دوو دێڕە دوو ڕەخنە دەگیرێ: یەکەم: وەک وەرگێڕ نووسیویەتی (ئیمان و باوەڕهێنان) دووشتن و تاک نین، بۆیە دەبوو وەرگێڕ نەنووسێ دەسخراوە، چونکە دەسخراو بۆ تاک دەبێت. دووەم: نازانم مەبەست لەگواستنەوە و گوێزرانەوەی ئیمان بۆ مرۆڤ چی دەگەیەنێ و کام کوردە بەم جۆرە قسە دەکات و لەم ڕستەیە حاڵی دەبێت؟! من وا لە ڕستەکە گەیشتووم: «ئیمان و بڕواپێ بوون، بۆ هەموو کەسێک، بە پەروەردە و خوێندن و ڕۆشنبیریی بە دەست هێنراوەوە، بەدەست دێن» ل٣٠٠ دێڕی دووەم بەکوردییەکی نارێک نووسراوە. وەرگێڕ وتوویەتی: «شوێنکەوتنی عەقڵ بۆ ئیمان» نازانم چ پێویست بوو کاک عیرفان ئەم (بۆ)یە بنووسێ؟ باشە باشترو ڕەوانتر نەبوو بڵێ (ژێری شوێن ئیمان بکەوێ)؟! یان «ژێری سەر بە ئیمان بێت» یاخود «ژێری بەدوای ئیمان بکەوێت»تاد. هەر لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا ناونیشانی بەرهەمەکەی هیگڵ بەهەڵە کراوە بەکوردی. کاک عیرفان نووسیویەتی: «دانراوێتی ئایینی مەسیحی» بەپێی تێگەیشتنی من دەبوو بنووسێ: «دۆخی ئایینی مەسیحی» یاخود- «ڕەوشی ئایینی مەسیحی». لە ل٣٠١ پەراوێزی ژمارە(٥١) وەرگێڕ بە تەواوەتی قسەکەی مەسیح کە هیگڵ خواستویەتییەوە بە هەڵە کردوویەتی بە کوردی، مەسیح وتوویەتی: خۆم کڵێسەکەم دروست دەکەم، کەچی کاک عیرفان وا نووسیویەتی کە پیترۆس کڵێسەکە دروست بکات ئەمە هەڵەیەکە بەهیچ جۆرێک نابێ بکرێت..

بەداخەوە جارێکی تر وەرگێڕ لە پەراوێزی ل٣٠٣دا (بۆ) ناحەزە عەرەبییەکەی بەکارهێناوەتەوە و نووسیویەتی: ماهیەتی دەوڵەت وەدیهێنانێکی کارەکیە-بۆ ئیرادەی هەمەکیی... لە عەرەبییەکە ئەم ڕستەیە دەکرێ بەم شێوەیە بکرێت بەکوردی: «ماهیەتی دەوڵەت بەدیهێنانی کردەکیی خواستی هەمەکییە».

- ل٣٠٤ پەراوێزی یەکەم سەرەتاکەی هەڵەیە و لەوێدا باسی (زیاتر) نەکراوە. لە پەراوێزی دووەمدا (ژمارە-٥٤-) لە دێڕی دووەمدا وشەی حەرفی بە هەڵە چاپ بووە بە خەرخی. لە جیاتی (إله) وشەی (خوا) بەکارهاتووە، وەک پێشتر وتم (إله) (خواوەندە). دەبوو وەرگێڕ ئەمە بزانێ! ل٣٠٦ دێڕی ١٤-١٥ بە نارێکی بەکوردی «ئەم تێبینیانە» کۆیە نەک تاک، چۆن دەوترێ پێوەندی بە.. هەیە؟! وەرگێڕ وتوویەتی:

«ئەم تێبینیانەش پێوەندی بەوەوە هەیە کە پێشتر لێی دواین و تا ئاستێکیش لەسەری دادەمەزرێن و ڕیزبەند دەبێ» بە باوەڕی من دەبوو ئەم دوو ڕستەیە بەم شێوەیە کرابان بە کوردی: «ئەم تێبینیانە پێوەندییان بەوەوە هەیە کە پێشتر باسمان کردو تارادەیەکیش لەوەوە کەوتوونەتەوە.»

دێڕی یەکەم و دووەمی ل٣٠٧ بەنارێک و پێکی کراون بەکوردی و وشەی (زۆرجار) کە وەرگێڕ نووسیویەتی لە تێکستە عەرەبییەکەدا نییە. وەرگێڕ نووسیویەتی «(١) وتراوە میتۆلۆجیا مەسەلە فەلسەفیەکان دەگرێتە خۆی، زۆرجار ئەم مەسەلانە بەشێوەیەکی گشتی دەکەونە ناو گوزارشتە ئایینەکانەوە» بەڕاستی خوێنەر هەقیەتی دڵتەنگ و غەمباربێ کە تێکستی فەلسەفە بەتایبەتی هی شۆڕە سوارێکی وەک هیگڵ بەو شەق و شڕییە بنووسرێت. من وا لە تێکستەکە گەیشتووم:

«وتراوە میتۆلۆجی چەند کێشەیەکی فەلسەفەیی تیایە، لەبەر ئەوەی ئەم کێشانە بە چەند دەستەواژەیەکی گشتی ئایینی دەربڕاون، ئەوا دەبێ فەلسەفە خۆی بە توێژینەوەی داستانەکانەوە خەریک بکات». بەگشتی لاپەڕەکە تەمومژاوییە و دێڕی ١٩ وشەکانی پاش و پێش کراون. لە ٢١٠ قسەکەی بلوتارک بەسەرپێی کراوە بە کوردی، وەرگێڕ نووسیویەتی: یەک بوون نییە.. یان بەکورتی: سروشت شتێکی وابەرهەم ناهێنێ کە لە شتێکی تر بەرهەم نەهاتبێ» لە تێکستە عەرەبییەکەدا دووجار وشەی بەرهەم هێنان دووبارەنەبۆتەوە، دەکرێ تێکستە بەم جۆرە بکرێتە کوردی: «بوونەوەرێک نییە کە... یان بەکورتی: سروشت شتێک بەرهەم ناهێنێ کە لە شتێکی تر پێک نەهاتبێ..» لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا «پەراوێز هەڵەیەکی چاپ هەیە.» لە ل٣١٥ دێڕی ١١ وەرگێڕ لەجیاتی وشەی عەرەبی «السالک» نووسیویەتی کەسی ڕێگرتوو، ئەمە وەرگێڕانێکە دوور نییە لەلای خوێنەر وێنەیەکی بەرەواژوو ڕەنگ بڕێژێ، واتە ئەم وشەیە وادێتە بەرگوێ کە کەسێک هەیە ڕێگای گرتووە، بەڵام وشەی (السالک) لەم تێکستەدا ئەو کەسە

دەگرێتەوە کە ڕێگا مەبەستەکەی گرتۆتەبەر. هیوادارم وەرگێڕ لەچاپی ئایندەدا بایەخ بەم لایەنانە بدات.

ل۳۱۹، کۆتایی دێڕی هەشتەم، «ئەمەیان نەکردووە» زیادە و پێوەندیی بە ڕستەکەوە نییە و بگرە بۆ تەمایەی ناحەزکردنی دەربڕینەکە. دێڕی ۱۹ بە هەڵە کراوە بەکوردی وەرگێڕ نووسیویەتی «لەڕەمزدا گوزارشتیان لێبکرێت» ڕاستییەکەی وەک لە تێکستە عەرەبییەکەدا هاتووە بەم جۆرەیە: «بە ڕەمز دەربڕدرێن» لە ل۳۲۰ دێڕی ۸ بە هەڵە کراوە بە کوردی وەک ئەوەی دەستکاری کرابێ وادێتە بەرچاو وەرگێڕ نووسیویەتی:

«خاڵی سێهەم کە گرنگە سەرنجی بدەین ئەوەیە، ئاین بەو شێوەیەی کە ئاوایە، هەروەک شیعر لە بیرەکان پێکهاتووە».

هیگڵ لەو ڕستەیەدا- تێکستی عەرەبی- باسی ئەوەی نەکردووە (گرنگە)، بەڵکو وتوویەتی (پێویستە) و نەیگوتووە ئاین لەچی پێکهاتووە. بۆیە من بەم جۆرە لە تێکستی ناوبراو گەیشتووم:

«خاڵی سێهەم کە پێویستە لە سەرمان ئاگاداری بین ئەوەیە کە ئایین وەک شیعر چەند بیروڕایەکی تیایە.»

دێڕی دوانزەش ئەوەی لەنێو دوو کەوانەکە دایە بە هەڵە کراوە بە کوردی و لاپەڕەکە بەگشتی نارێک و پێکە. وەرگێڕ نووسیویەتی:

(واتە لە بارەی ئەو هونەرەوە کە زمان هۆکارەکەیەتی) لە عەرەبییەکەدا وەک من تێگەیشتبم بەم جۆرەیە: «مەبەستمان ئەو هونەرەیە کە زمان ئامرازەکەیەتی» نازانم ئەم (ئامرازە)ی هیگڵ وتوویەتی بۆچی کاک عیرفان کردوویەتی بەهۆکار!؟

- لە پەراوێزی ل۳۲۱دا (ژمارە- ٦۹) کە باسی لە گۆتە کراوە، لە عەرەبییەکەدا نووسراوە (ئەدەب) و وەرگێڕ کردوویەتی بە (ئەدیب) وەرگێڕ نووسیویەتی: «یەکێکە لە کەڵە ئەدیبەکانی جیهان»، بەڵام لە عەرەبییەکەدا نووسراوە: «یەکێکە لە کەڵەکانی ئەدەبی جیهان»، ئەم گۆڕینە جارێکی تر ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەکاتەوە کە وەرگێڕانەکە ورد نییە و زۆرشت دەسکاری کراوە، بێگومان ئەمە کارێکە نابێ بکرێت!!

هەر لە ل۳۲۱ دێڕی ۱۲ لە تێکستە عەرەبییەکەدا وشەی لاتینی ئەسکولائینی نووسراوە و لە تەنیشتییەوە وشەی عەرەبی (المدرسيين) خراوەتە نێو دوو کەوانەوە بێگومان هەردوو وشە لاتینی و عەرەبییەکە یەک واتا دەبەخشن، کەچی کاکی وەرگێڕ لەجیاتی وشەکە وشەیەکی کوردی دارشتووە و لە جێگای (المدرسيين) دایناوە ئەویش وشەی (فێرخوازەکانە). ئەمە جگە لەوەی لە زماندا هەڵەیە، ئەو فەیلەسووفانەی سەدەکانی ناوەڕاست بەهیچ جۆرێک فێرخواز نەبوون، ئەگەر ئەوان خەڵکی تریان فێر نەکردبێ. من لەگەڵ ئەوە نیم وشە عەرەبییەکە بەکاربێت، چونکە بابەتەکە خۆی ئەوروپاییە و لە کوردستانیشدا زۆر دەمێکە وشەی قوتابخانە (ئەگەرچی لە وشەی کیتابییەوە) کەوتۆتەوە، ڕۆیشتووە و جێگیربووە. ل۳۲۳ دێڕی ۱۸، ۱۹ بەناتەواویی و نارێک و پێکی کراون بەکوردی. وەرگێڕ بە هەڵە نووسیویەتی (زانستە بەشەکییەکان) پێم شک نایەت کوردێک هەبێ لە مانای ئەم دوو وشەیە تێبگات: وەرگێڕ وتوویەتی: «یەکەم بوار لەو بوارانە کە پەیوەستن بە فەلسەفەوە بواری زانستە بەشەکییەکانە ئەمەش بوارێکە دەکرێت بە فەلسەفەی دابنێن لەسەر ئەم بناغەیە کە لە جیهانبینی تاکەکەسی بیری تاکەکەسی ئێمە پێک هاتووە.» ئەگەرچی ئەم وەرگێڕانە نارێک و پێکە و پڕ بە پێستی قسەکەی هیگڵ نییە، چونکە ئەم شۆڕە سوارە لە چەند شوێنێکدا ڕوونی کردۆتەوە کە مەبەستی لە زانستە تایبەتییەکان بووە کە هەریەکەیان تایبەتن بە بابەتێکی دیاریکراوەوە. بە باوەڕی من دەبوو ئەم دوو دێڕە بەم جۆرە کرابان بە کوردی: «مەیدانێک لەو مەیدانانەی پێوەندی بە فەلسەفەوە هەیە، مەیدانی زانستە تایبەتییەکانە، ئەمە مەیدانێکە دەکرێ بە فەلسەفە دابنرێت پشت ئەستوور بەوە کە دیدی تاکەکەسیمان و بیرکردنەوەی تاکەکەسیمانی تێدایە.» هەر لە هەمان لاپەڕەدا دێڕی ۱۲ وەرگێڕ لەجیاتی وشەی (فرز)ی عەرەبی وشەی کوردی بژار کردنی داناوە، بێگومان ئەمەش هەڵەیە! بەشی حەوتەم ل۳۲۹ بەتەواوەتی هەڵەی وەرگێڕانی ناونیشانەکە زەق و ئاشکرایە. لەوێ نووسراوە: «دابەشکردنی گشتی بۆ مێژووی فەلسەفە» بە باوەڕی من ئەمە بریتییە لە وەرگێڕانی وشە بەوشە، ئەگینا دەبوو بنووسرێت: «دابەشکردنێکی گشتی مێژووی فەلسەفە»

ل۳۳۲ لە سەرەتای لاپەڕەدا وشەی (پێشنیار) زیادکراوە و لە تێکستەکەدا نییە. وەرگێڕ وتوویەتی: ئەو پرسیارەی لێرەدا پێشنیار دەکرێت... لە عەرەبییەکەدا

بەم جۆرە هاتووە: ئەو پرسیـارەی ئێـستـا کە دەکرێت ئەمەیە.. لە دێڕی سێیەمدا نووسراوە: گەیشتبێتە پلەی بوون.

ڕاستییەکەی ئەمەیە (دەگاتە پلەی بوون). هەر ل٣٣٢ پەراوێزی (٥) وشەی مەرج (شرط) پەڕێنراوە. دوادێڕی هەمان پەراوێز بە هەڵە (نا) کراوە. ل٣٣٤، خاڵی (أ) بە تەواوەتی بە هەڵە کـــراوە بەکـــوردی. وەرگـــێـــڕ نووسیویەتی: «أ- بیری هەمەکی دەکاتە بابەتی خۆی» نازانم کاک عیرفان لەو دێڕەدا هەستی بەوە نەکردووە کە بکەر دیارنییـە؟! لە تێکستـە عـەرەبییـەکـەدا بەم جۆرە نووسراوە: «أ- بیر، هەمەکیی دەکاتە بابەتی خۆی».

- هەروەها دێڕی (١١) لە هەمـان خـاڵدا بەناڕێکی کراوە بە کوردی. وەرگێڕ نووسیویەتی: «لەسەر ئەمەش بابەتیەت لێرەدا هەیە، بەڵام لەسەر شکلی بیر» دەبێ بە باوەڕی کاک عیرفان «لەسەر ئەمە و... لەسەر شکل» لە چ زارێکی زمانی کوردیدا بەم شێوەیە بەکاربێت؟! من وای بۆ دەچم کە وەرگێـڕانەکە دەبوو بەم شێـوەیە بێت: «بەم پێیـە بابەتییـەت لێرەدا هەیە، بەڵام بەشێـوەیەکی بیر» زمانی خاڵی (ب) ئەوپەڕی کۆڵەوارە مرۆڤ نازانێ بەتەواوەتی باسی چی دەکـات. لە ل٣٣٦ دێڕی (٧) لە عـەرەبییـەکەدا چین بەتاک هاتووە کەچی کاک عـیرفـان کـردوویەتی بەکـۆ وتوویەتی (چینەداخراوەکـان) ئەمـە بۆ؟! دێڕی (٩)، ڕۆژهەڵاتی دووەم بەهەڵەی چاپ بوو بە لە «ڕۆژهەڵاتە» کە دەبوو بە «لە ڕۆژهەڵاتدا» بنووسرێت.

پەراوێزی ل٣٧٢ ژمـارەیەک بە هەڵە کـراوە بە کـوردی وەرگـــێـــڕ وتـوویەتـی «بڕیـارێکی هەمـــەکـــیـــانەی فـەیلەسـووفـێکی گـەورەیە» ئەمـە لە عـەرەبییـەکـەدا نەهاتووە. لەوێ وتراوە «مـتـعـسف» کـە لە «عـسف»ی عـەرەبییـەوە هاتووە مـاناکـەی «زوڵم»ە هەرەمـەکـیی. وەرگێڕانە کە دەبێ بەم جۆرە بێت»:

«حوکمێکی زاڵمانەی فەیلەسووفە مەزنەکەیە» هەر لە هەمـان دێڕدا «بغـیض» کراوە بە (بوغراوی) دیارە ئەمـە هەڵەیەکی چاپە. لە پەراوێزی ل٣٣٩ دوو هەڵە سـەرنج ڕادەکـێشن: ١- لە دێڕی دەی پەراوێزدا وشەی (مـادی) پەڕیوە و مـانای ڕسـتـەکە لەنگ بووە. ٢- پەراوێزێکی حـــەوت دێڕی پەڕێنراوە کـــە لە ل٣٧٤ی تێکســـتـــە عـەرەبیـەکـەدایە، ئەمـە چۆنە کـاک عـیـرفـان هەسـتی پێ نەکردووە؟!.

لە ل٣٤٨ پەراوێزێکی پێنج دێڕی پەڕێنراوە، کــە لە تێکستە عەرەبیەکەدا لە ل٣٨٥دایە - پەراوێزی ل٣٥٤ بەتەواوەتی شـێـوێنراوە و واپێـدەچێ وەرگـێـڕ هەندێک ڕسـتـەی دەسکاری کـردبێ. بۆ نموونە لە (دێڕی چوارەمی پەراوێزە) کە داهاتووە: «واتە مرۆڤ پێویستە مەعریفە دامەزرێنێ و وێنا نەکات» هەرچەندی کردم لە مانای ئەم ڕستەیە نەگەیشتم. عەرەبییەکە دەکرێ بەم جۆرە بکرێت بە کـوردی، «واتە پێـویسـتـە مـرۆڤ سـەرگـەرمی زانین نەبێت». ل٣٥٦ دێڕی- ٩- بە وردی نەکراوە بەکوردی. وەرگێـڕ وتوویەتی: «بەو ئەندازەیەی کـە گـیـان کـۆتادار دەبێتەوە و بەمەش ڕووبەڕووی سروشت دەوەستێتەوە». من بەم جۆرە لە عەرەبییەکە گەیشتووم «بەو ئەندازەیەی گیان سنووردار دەبێت بەمەش دژایەتی سروشت دەکات».

لەپەراوێزی ل٣٥٩ یەکەم پیتی وشە لاتینیەکە بە هەڵە لە (ە)وە بوە بە (D).

لە پەراوێزی ل٣٦٨ وەرگێڕ وشەی (توصیە)ی عەرەبی کردووە بەوەسیەت. بە باوەڕی من ئەمە لە جێگای خۆیدا نییـە، لە کوردیداوەسیـەت یەکـێک دەیکات کـە بزانێ دەمـرێ، یاخـود دوای مـردنەکـەی چی بـکرێت. ئەو وشـە عەرەبییەی لێرەدا بەکارهاتووە (توصیە) مانای ڕاسپاردە و ڕاسپاردن دەدات.

لە ل٣٨٠ پەراوێزێکی شەش دێڕی پەڕێنراوە.

ل٣٨٦ (پەراوێزی دێڕی یەکەم) لەجیاتی (بریتییە لە) بە هەڵە نووسـراوە (گـوزارشت لە). ل٣٨٧ بە هەڵـەیەکی چاپ و وشـەی پەتیـیـە بووە بە پیـتـە. هەروەها دێڕی پێنجـــەم برووسکەیە بووە بە بروسکەســـە. ل٣٨٨ بە هەڵەیەکی چاپ ناوی «لاو- تسی» بووە بە «لاورتسی» نازانم بۆ وەرگێڕ هەستی بەوە نەکردووە کە ناوەکە «کنگ King»ە نەک «کـنج». لە پەراوێزی ل٣٨٨ ژمــــارە (١٧) لاوتـــز بـــووە بـــە لاونـــز. لـــە ل٣٨٩- ٣٩٠دا واپێدەچێ (دێڕی ١٥) وەرگێڕ هەستی بەوە نەکردبێ کە جیـاوازییـەکی گـەورە لەنێـوان (خلق- صنع)دا هەیە، لە تێکسـتـەکـەدا (خلق) نووسـراوە وەرگـێـڕ کردوویەتی بە (دروست کـردن)، کـە ئەم وشـەیەش واتای صنع دەدات: دەبوو بڵێ: ژێریەکی داهێناوە و یەکیش دووی داهێناوە و دوو و سێ و بەڵام سێ هەموو جیهانی داهێناوە».

- لە ل٣٩٢ پەراوێزێکی گرنگی (٧)دێڕی پەڕێنراوە.

- لە پەراوێزی ل٣٩٣ ناوی کـولبـروک بە هەڵەی چاپ

بووە بە کوبروک.

– ل٣٩٧ ژمارە سێ بە هەڵە کراوە بە کوردی وەرگێڕ وتوویەتی:

«٣- وێنەیەکی دیاریکراو و زانینی بنەماکان.» لە عەرەبییەکەدا بەم جۆرە هاتووە: «٣- ئەو وێنەیەی زانینی بنەماکان دیار و دەستنیشاندەکات.» لە ل٣٩٨ لە پەراوێزدا ژمارە «٣٦» دانراوە بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لەلایەوە نووسرابێت.

لە ل٤٠٢دا پەراوێزەکە بە هەڵە کراوە بە کوردی. وەرگێڕ نووسیویەتی: «جۆناز ئەو هۆ بنچینەییانەی کە دەبنە هۆی چاکە هەڵچوونە...» عەرەبییەکەی وەک من تێگەیشتم بەم جۆرەیە:

«گۆناز ئەو هێزانەیە یاخود ئەو خەسڵەتە بنچینەییانەیە کە دەبێتە مایەی چاکەکاری».

– لە پەراوێزی لە ٤٠٧دا وەرگێڕ بنەما زێرینەکەی بیری کۆنی یۆنانی زۆر بە نارێک و پێکی و ناشیرینی کردوە بە کوردی کاک عیرفان نووسیویەتی: «هیچ لە ناشت وەدی نایەت» ئەوەندەی من لە عەرەبییەکە تێگەیشتبم وەرگێڕانەکەی دەبێ بەم شێوەیە بێت:

«هیچ شتێک لە هیچەوە ناکەوێتەوە».

**سێیەم:** ئەنجام

هیچ لە خوێنەر ناشارمەوە ئەگەر بڵێم بەدەگمەن لاپەڕەیەک لەو وەرگێڕانە ناکەوێتە بەرچاوم کە چەندین هەڵە و کەموکوڕی تێدا نەبێت. جگە لەو خاڵ و کەلەبەر و کەموکوڕییانەی پێشتر خستنمە بەرچاوان، بە باشی دەزانم سەرنج بۆ چەند خاڵێکی تر- بەگشتی- ڕابکێشم:

**یەکەم:** لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو شوێنانەی هیگڵ بیروبۆچوونی خۆی دەربڕیوە یاخود قسەکانی پێشتری خۆی پوختە کردۆتەوە، بە شێواوی و نیوەچڵی و تەمومژاویی کراون بە کوردی.

**دووەم:** هەموو دەمی کرداری تێپەڕو ڕابوردووی تێکستە عەرەبییەکە لە کوردییەکەدا کراون بە تێنپەڕ، هەندێ جار مرۆڤ وا هەست پێدەکات کە نووسەر ئێستا قسەت بۆ دەکات و باسی مێژووی ڕابردووە ناکات ئەمە بۆچی؟! بابەتەکە خۆی مێژووی فەلسەفەیە و هیگڵ باسی قۆناخی پێش خۆی دەکات!!.

**سێیەم:** وشە عەرەبییەکان بە تایبەتی (زەرورەت، مەعریفە، عەینی، مومارەسە، دیقەت، وەسفدەکرێت) ئەوەندە بەزەقی بەکارهاتوون هیچیان جێگای خۆیانیان لە ڕستە کوردییەکاندا بە تەواوەتی نەگرتووە، بگرە بوونەتە مایەی ناشیرین کردنی ڕوخساری ڕستە و دەستەواژەکان.

**چوارەم:** زۆر وشەی عەرەبی و بێگانە هەیە، دوای جۆرە گۆڕانێک کە لەگەڵ سروشتی زمانی کوردیدا بگونجێ، لە زمانی کوردیدا جێگای خۆیانیان کردۆتەوە، بۆ نموونە وەک وشەی ئەقڵ چونکە پیتی (ع) لە کوردیدا نییە، کەچی کاک عیرفان ئەوەی بواردووە و وشەی (عەقڵ)ی نووسیوە ئەمە بۆ؟!.

**پێنجەم:** بەدەگمەن نەبێ وەرگێڕ هەستی بە جیاوازیی نێوان دارشتنی ڕستە و دەربڕین لە زمانی عەرەبی و کوردیدا نەکردووە. زۆربەی هەرە زۆری ڕستەکان لە چەند وشەیەک کە لە عەرەبییەوە کراون بەکوردی دارێژراون. بۆ نموونە وەرگێڕ «أتخاذ القرار»ی عەرەبی کردووە بە «بڕیار وەرگرتن» ئەمەش وشە وەرگێڕانە چونکە وەرگێڕ خۆیشی باش دەزانێ کە کورد بڕیار دەدات و بڕیار وەرناگرێت!.

**شەشەم:** دەبوو دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی هەر نەبێ زمان زانێک یاخود کەسێک کە لە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی کە زمانی دووتێکستەکەی ڕابسپێرێ تا بە وردی هەردوو تێکستەکە لەگەڵ یەکتری بەراورد بکات. دەمەوێ بە دەزگای بەڕێزی موکریان بڵێم یاخود وەبیری بهێنمەوە کە لەلاپەڕە «٤»ی تێکستە عەرەبییەکە، کە دکتۆرێک لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە، نووسراوە: (مراجعة لغوية): «ایهاب غريب». ئەی کوا پسپۆڕی زمان لەلای ئێوە؟! لە کۆتاییدا هیوادارم هەردوو برای وەرگێڕ و دەزگای ناوبراو بە سینگێکی فراوانەوە ئەم ڕەخنانەم لێ وەربگرن.

**سەرچاوەکان:**

**(١) هیگڵ: مێژووی فەلسەفە، وەرگێڕانی عیرفان مستەفا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی (هەولێر)- ٢٠٠٥.**

**(٢) هیجل: تأريخ الفلسفة، المجلد الثالث،المكتبة الهيجلية، المؤلفات. ترجمة: أ.د. امام عبدالفتاح إمام، مكتبة مدبولي القاهرة- ١٩٩٧.**

# زەردەشتیزم: فەلسەفەی کوردەواری یا وەهمی خۆپاراستن؟!

**بەرایی**

من نە ئاڤێستازانم و نە زەردەشتناس. لە سەرەتای هەشتاکاندا یەک دوو کۆرسی زمانی ئاڤێستام خوێند و بەشێکی کەمی گاتاکانمان شی کردەوە. بە سەرنجدانی ئەو هەموو سەرچاوەیەی لەو بوارەدا هەبوون و باس کرابوون، ئەوەم لە لا روون بوو کە بۆ ئاشنابوون لەگەڵ بابەتەکەدا دەبێ مرۆڤ خۆی بۆ تەرخان بکات و بە قووڵی سەرچاوەکان بە سەر بکاتەوە. زەردەشتناسی خۆی زانستێکە وەک هەموو زانستەکانی دیکە، بنەما و مەرجی خۆی هەن، مێژووی خۆی هەیە و لق و بەشی جیاواز و زۆری لێ دەبنەوە.

من ئەم نووسینەی خۆم ناو نانێم لێکۆڵینەوە و بە کارێکی زانستیشی دانانێم. لێرەدا تەنیا هەوڵی ئەوە دەدەم لە روانگەیەکی فەرهەنگی و فەلسەفی ـ سیاسییەوە لەو دیاردەیە ورد ببمەوە، بۆچی لەناو بازنەیەکی تەسکی خوێنەوار و رووناکبیرانی کوردستاندا جاروبار بیری گەرانەوە بەرەو زەردەشتیزم و بەرەو ئاڤێستا دێتە ئاراوە و هێشتایش کەسانێک هەن پێیان وایە زەردەشت دەرمانی دەردەکانی ئەمرۆی کوردەواریی پێیە و بە خۆبەستنەوە بە باوەڕەکانی زەردەشتەوە ئیدی دواکەوتن و بندەستیی دووهەزار ساڵەمان لە کۆڵ دەبێتەوە؟ من، دوای نزیکەی چارەکە سەدەیەک ژیان لە ئەورووپا، ناتوانم هەروا بە ساکاری تەماشای ئەو دیاردانە بکەم کە دەزانم لە زۆر لاوە بە تەونی بیر و نەخشەی رۆژهەڵاتناسان و ئیمپەریالیستانەوە بەستراون.

---

**فەرهاد شاکەلی**
**(سوێد)**

هاوکاتیش ناتوانم چاو لەو ڕاستییە تاڵە بپۆشم و لێی ببوورم کە ژیانی فەرهەنگی لە وڵاتانی ئێمەدا هێندە کز و لاواز و دواکەوتووە، فەرهەنگکارانی وا پەروەردە کردووە کە بە هیچ جۆرێ خۆیان بەوەوە ماندوو ناکەن بچنە بنج و بناوانی لق و بابەت و دیاردە هەزاربەهەزارەکانی زانستەوە لە دنیای تازەدا.

## سەرهەڵدانەوە

وا پێ دەچێت ئەم بەسەرکردنەوەیەی دینی زەردەشتی و ئاڤێستای کتێبی پیرۆزی دینەکە، هەر چەند ساڵ جارێک لە ژیانی سیاسی و فەرهەنگیی کورددا سەر هەڵدەداتەوە و هەندێ خەڵک خۆیانی پێوە خەریک دەکەن، بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ بکەوێتەوە کە قورسایی و گرنگییەکی عەقڵی و لۆگیکیی هەبێت. بە خوێندنەوەی چاپەمەنییە کوردییەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، ناوەڕاستی چلەکان، کۆتاییی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان و هەروەهایش سەرەتای حەفتاکان، دەبینین ئاڵۆشی زەردەشتییەت و تاسە و نۆستالگیای ئاڤێستا و گاتاکان بەر بووەتە گیانی بەشێک لە ڕووناکبیران و کۆلکەڕووناکبیران. ئەمانە لەوە زیاتر کە پەنایان بردووەتە بەر تارماییی کەرتێکی مێژوو بۆ لەبیربردنەوەی دەردە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆیان، نە کارێکی زانستییان ئەنجام داوە کە ببێتە ڕێڕۆشنکەرەوە بۆ تێگەیشتن لە زەردەشتییەت، نە تێزێکی سیاسیشیان پێشکەش کردووە تا بەو خەڵکە، یا هەر نەبێ بە لایەنگر و پیرۆیانی خۆیان بڵێن چۆن و بە چ شێوەیەک دەتوانن سوود لە زەردەشتییەت و زەردەشتیزم وەربگرن. ئەم گەڕانەوەیە بەرەو مێژوویەکی نادیار و تەماوی، هەمیشە ڕواڵەتی ئاشکرای قەیرانی گومانی ناسنامە و کەسایەتیی کورد بووە. لەو سەردەمانەدا کە کورد لە ڕووی سیاسییەوە پێویستی بەوە بووە بە ڕێگای شارستانییەت و پێشکەوتندا هەنگاوێک بنێت، یا لەبارەی پاشەڕۆژ و چارەنووسی خۆیەوە بڕیارێک بدات، دوودڵی و گومانێکی ڕەش سەرتاپێی هەبوونی داگیر کردووە. دوودڵییەکە لەوەوە هاتووە کە نەیزانیوە ئەم ڕێگایەی پێش خۆی بە تیشکی کامە چرا، کامە باوەڕ و ئیدیۆلۆگی ڕوون بکاتەوە، گومانەکەیشی ئەوە بووە کە خۆی نەناسیوە و نەیزانیوە جیۆگرافیای کەسایەتی و نەتەوایەتی و فیزیکیی خۆی چۆن دەستنیشان و پێناسە بکات.

## نزیکبوونەوەیەک لە کێشەکە بە نیازی پێناسەکردنی

ئەم دیاردەیەی پەنجەم بۆ ڕاکێشا، ئیدی بە جۆرێ نۆستالگیا دابنرێت یا بە بۆچوونێکی ڕۆمانتیکانەی سیاسی، بیرکردنەوەیەکە پێی وایە کورد وەک نەتەوە و وەک تاکەکەس دەتوانێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشە و گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی خۆی و بۆ وەلاخستنی ئەو هێز و فاکتۆرانەی هەڕەشە لە بوون و مانەوەی دەکەن، دەتوانێت سوود لە ڕابوردوویەکی دینی – فەرهەنگی وەربگرێت کە زەردەشتیزمە و دەکرێ ئەم ڕابوردووە وەک پرۆژەیەکی سیاسی و فەرهەنگی و شارستانی بخرێتە گەڕ و بکرێتە دەستوورێک بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەمڕۆی. ئەمە کورتەیەکی پوخت و ئاسانکراوی کێشەکەیە. بەڵام ئەگەر بمانەوێ لایەنی دیکەی کێشەکە تێ بگەین دەبێ بە جۆرێکی دیکە هەڵیسەنگێنین و لێی بکۆڵینەوە. لێرەدا دەکرێ هەندێ پرسیار بکەین، بێ ئەوەی ڕووی دەممان لە کەسێک یا لایەنێک بێت:

١: ئایا ئەم بۆچوونە بەڕاستی لە زەردەشتیزم گەیشتووە و دەزانێ فەلسەفە و پەیامی زەردەشتییەت چییە؟

٢: ئەگەر ئێمە دەوڵەت بە ئامانجێکی گرنگ و ڕوونی بزووتنەوەی کوردایەتی بزانین، ئایا دەکرێ لە دنیای ئەمڕۆدا دەوڵەتێک لەسەر بنەما فەلسەفی و ڕۆحی و ئەخلاقی و ئابوورییەکانی زەردەشتیزم دامەزرێنین؟

٣: ئەگەر هەر وایشمان دانا کە بەڵێ دەکرێ دەوڵەتێکی وا هەبێت، ڕێگە و شێوەی پێکهێنانی چۆنە و کامەیە؟ ئایا دەتوانین هەروا سووک و ئاسان کۆمەڵی کوردستان، کە لە پلەی یەکەمدا کۆمەڵێکی موسڵمانە، بەڵام هاوکاتیش مۆزاییکێکی دینی و ئێتنی و چینایەتی و زمانەوانییە، بگەڕێنینەوە بۆ سەردەمێک کە باشترین زانیاریمان لەبارەیەوە لە کۆمەڵێ هێپۆتێز، یا بۆچوونی تیۆریی ڕووت تێپەڕ ناکات؟

٤: تەنانەت ئەگەر بیر لە دەوڵەتیش نەکەینەوە، ئایا

زەردەشتیزم دەتوانێ ببێتە وەرامدەرەوەی کێشە ڕۆحی و فەلسەفی و فەرهەنگییەکانی مرۆڤی کورد، یا هەر مرۆڤ بە گشتی؟ ئاخر هەموو ئیدیۆلۆگییەک خۆی بە میراتگری هەموو فکر و بە وەرامدەرەوەی هەموو کێشەکانی مرۆڤایەتی دادەنێت.

## ژینگەی گەشەکردنی ئەم باوەڕە

تا ئێستا گەلێ جار لە مێژووی تازەی کوردستاندا ڕووی داوە کە هەندێ لە ڕووناکبیران و سیاسەتمەداران بانگەشەی گەڕانەوە بەرەو ئاڤێستا و دینی زەردەشتیان کردووە و هەوڵیان داوە ئەم بیرکردنەوەیە وەک ڕێبازێکی ئیدیۆلۆگی و سیاسیی وا پێشان بدەن کە کلیلی چارەسەری کێشەکانی کوردی پێیە. کە بە وردی لێی بکۆڵیتەوە دەبینی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە هەمیشە لەو کاتانەدا سەری هەڵداوە کە بزووتنەوەی کوردایەتی لە قەیرانێکی فکریدا ژیاوە و کەوتۆتە بەردەم دووڕییانێکی مێژوویی و ویستوویەتی ڕێگایەک بۆ چارەنووسی خۆی بدۆزێتەوە؛ لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کە ئیمپراتۆریای عوسمانی بەرەو ڕووخان دەچوو، گەلانی ناوچەکەیش بۆ ڕێگایەک دەگەڕان پاشەڕۆژی خۆیانی پێ دابین بکەن. لە ساڵانی شەڕی دووەمی جیهانیدا کە چارەنووسی هەموو مرۆڤایەتی بە دەم گەردەلوولی شەڕەوە بەرەو نادیار دەچوو، لە دواساڵانی پەنجاکانی کوردستانی عیراقدا کە هەلومەرجێکی تازە هاتبووە گۆڕێ و کورد بە تەما بوو لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتی کۆماری عیراقدا پشکێکی بەر بکەوێ. لە حەفتاکاندا کە ڕێککەوتننامەی ئازار ئیمزا کرابوو، دیسان کورد ئەزموونێکی تازەی دەست پێ کردبوو. ئەمڕۆیش کە لە کوردستانی عیراقدا هیوایەک پەیدا بووە کە ڕەنگە ئەم جارە بتوانێ بەشێکی باشی ئامانجە سیاسی و شارستانییەکانی خۆی بێنێتە دی.

کەواتە بیرەکە پێوەندییەکی زۆری بە باری سیاسیی کوردستانەوە هەیە و نیشانەی گەڕانە بە دوای ناسنامەیەکی نەتەوایەتیدا کە ببێتە پاڵپشتێکی مەعنەوی بۆ بنیاتنان و دامەزراندنی کەسایەتیی سیاسی و فەرهەنگی و بە دوای بیروباوەڕێکدا بکرێتە زرێیەک کورد وەک نەتەوە لە شاڵاوی هێرش و هەڕەشەی داگیرکەران بپارێزێت. ئەم بیروباوەڕە لە پلەی یەکەمدا وەک بەرپەرچدانەوەی دەستەڵاتی سیاسیی ئیسلام، شۆڤینیزمی عەرەب و پەرەسەندنی ئیدیۆلۆگیی کۆمونیزم بە کار هێنراوە و کراوەتە پەنا. ڕاستییەکەی ئەوەیشە کە هیچ بەشێکی کوردستان هێندەی بەشی کوردستانی خواروو (عیراق) گیرۆدەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە نەبووە. تۆ دەبینی لە کوردستانی ئێراندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی شۆڤینیزمی فارس بە دەگمەن ڕووناکبیران پەنایان بردۆتە بەر زەردەشتیزم. هۆی ئەمە زۆرن؛ ئەوان بەو پێیەی لە ئێراندا ژیاون زیاتر شارەزای دینی زەردەشتین و لەوە گەیشتوون کە فارسیش هێندەی کورد و بگرە زیاتریش خاوەنی زەردەشت و ئایینەکەین. لەبەر ئەوە زەردەشتیزم نابێتە سنوورێک بۆ خۆجیاکردنەوە لە فارس و سیاسەت و دەستەڵاتی سیاسیی فارس. ئەوان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم سیاسەتە ناتوانن ئیسلامیش بە کار بێنن چونکە فارسیش موسڵمانن و بگرە لە کورد زیاتر خۆیان بە خاوەنی ئیسلام دەزانن. کەواتە ناچارن بە دوای پەناگەی دیکەدا بگەڕێن: مەزهەبی سوننی، تەریقەتەکانی قادری و نەقشی و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆیشدا کۆمونیزم، یا بیروباوەڕی سەر بە ئەورووپا و ڕۆژاوا.

## بەرنامەیەکی سیاسی یا کاری زانستی

کەمجار وا ڕێک کەوتووە ئەم بۆچوونە سیاسییە بخرێتە چوارچێوەی بەرنامەیەکی سیاسی و فکریی ڕوون و ئاشکراوە. دەربڕینی هەرە باو و ئاسایی دەربڕینی ئەدەبی بووە. هەندێ لەو شاعیر و نووسەرانەی خۆیان بە ناسیۆنالیستی کورد داناوە، لە بەرهەمەکانیاندا سیمبۆڵی وەک زەردەشت، ئاڤێستا، ئاهورامەزدە، ئەهریمەن و گاتاکانیان بە کار بردووە. هێندەی من ئاگادار بم تەنیا یەک هێزی سیاسی لە ئەدەبیاتی خۆیدا بە ئاشکرا ئەم شێوە بیرکردنەوەیەی بڵاو کردووەتەوە، ئەویش کاژیکە. نووسەران و لایەنگرانی کاژیک زۆر جار لە نووسینەکانیاندا بە شێوەیەک باسی زەردەشت و ئاڤێستایان دەکرد، کە دەکرێ بڵێین بە مەودا (بوعد)یەکی گرنگیان زانیوە و وەک بەرنامە بڕوایان پێ هەبووە و کاریان پێ کردووە، بەڵام نازانم ئایا لە ئەدەبیاتی سیاسی و ناوخۆی خۆیاندا ئەم باوەڕانەیان خستبووە چوارچێوەیەکی سیاسی و ئیدیۆلۆگییەوە یا نا! پاسۆک، کە دواتر بوو بە جێگرەوەی کاژیک، بۆ جیاکردنەوەی ڕێبازی سیاسیی خۆی لە هیی کاژیک، لەپاڵ کۆمەڵێ بۆچوونی ڕیالپۆلیتیکانەدا، زیاتر بەرەو

ئیسلام ڕۆیشت وەک بوعدێکی مێژوویی و شارستانی.

هەندێ جار بێهومێدبوون لە سیاسەتی سەردەست و هەرەشەهێنەر بە لێکۆڵینەوەی زانستی لە زمان و مێژووی کورد بەرپەرچ دراوەتەوە. لەم بوارەدا دەبینین کەسانێکی وەک مامۆستایان محەمەد ئەمین زەکی و تۆفیق وەهبی و عەلائەددین سەججادی خۆیان بە وەهمی ئاڤێستاوە هەڵنەواسیوە، بەڵکە مێژووی کوردستان و مێژووی زمان و ئەدەبی کوردییان وەک زنجیرەیەکی زیندوو پێشکەش کردووە کە دوێنێ و ئەمڕۆی کوردی پێکەوە بەستووە. مامۆستا ئەمین زەکی ئەمەی بە ئاشکرا لە پێشەکیی مێژووی کورد و کوردستانەکەیدا باس کردووە، کە چۆن ئەو دەمەی وشەی تورک جێگەی وشەی عوسمانیی گرتەوە، ناچار بوو بیر لە ڕەگوڕیشەی نەتەوەکەی بکاتەوە و کەوتە سەر هەوای توێژینەوە لە مێژووی کورد و کوردستان.

## ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکان

ڕۆژهەڵاتناسان هەر زۆر زوو دەستیان کردە توێژینەوە لە دینی زەردەشت و ئاڤێستا. ئەو ئەنجامگیرییانەی ئەمانە پێشکەشیان کردوون هێندە لە یەکدی جیاواز و دوورن دەڵێی باس لە کۆمەڵە ئەستێرەیەکی پەرتەوازەی ئاسمان دەکەن. لەوەیە ڕۆژهەڵاتناسەکانی سەدەکانی ڕابوردوو، هەر نەبێ بەشێکیان، لە پێناوی ئامانجێکی زانستیدا خۆیان ماندوو کردبێت و هەوڵیان دابێت لە تێکستەکانی ئاڤێستا بگەن و کۆمەڵێ ڕاستی سەبارەت ژیان و سەردەمی زەردەشت ساغ بکەنەوە، بەڵام هیچ گومانم لەوە نییە کە ڕۆژهەڵاتناسانی ئەمڕۆ، کەمینەیەکی یەکجار کەمیان نەبێت، بە دووی مەبەستێکی دیکەدا وێڵن کە لەگەڵ زانست و مرۆڤپەروەریدا ئاسمان و ڕێسمانن.

سیاسەتی ئیمپەریالیستانەی دنیای ڕۆژاوا کە ئێستایش لەسەر بنەمای کەرتی کە و حوکمی بکە Divide and rule بە ڕێوە دەچێ، هەوڵ دەدات چی ڕێگە و دەستاویژ هەیە لەم دنیایەدا بیگرێتە بەر و بە کار بهێنێ بۆ کۆنترۆڵکردنی دنیا، بەڵام لە پێش هەمووانیشدا بۆ سەرکوتکردن و داپڵۆسینی ڕۆژهەڵات. بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەی کۆمەڵ، مێژوو، دین، زمان و هەموو لایەنێکی گەلانی ڕۆژهەڵات کە بە ڕۆژهەڵاتناسی ناسراوە یەکێکە لەو ڕێگەیانەی ئیمپەریالیستان بە شێوەیەکی یەکجار نامرۆڤانە خستوویانەتە گەڕ، لە لایێکەوە بۆ زیاتر ناسینی ڕۆژهەڵات و چاکتر بەستنەوە و تاڵانکردنی، لە لایێکی دیکەیشەوە بۆ پارچەپارچە و کەرتکردنی و بەو پێیەیش لاوازکردنی لە ڕووی فەرهەنگی و شارستانی و سیاسی و ئابوورییەوە.

کاتێ ڕۆژهەڵاتناسان دێن لە کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی کوردستاندا کۆمەڵێ باسی جۆربەجۆری پێوەندیدار بە دین و زمان و مێژووی کوردەوە دەورووژێنن، دەبێ یەکسەر بیرمان بۆ ئەوە بچێت کە ئەمە ڕێگەیەکە بۆ پارچەپارچەکردنی کورد. ئەوان نە خۆشەویستیی کورد و نە دڵسۆزییە بۆ زانست هانیان دەدات، بێن لە کوردستاندا خەریکی لێکۆڵینەوە بن.

لە کوردستاندا کۆمەڵێ گرۆی جیاواز هەن کە بە هۆی ئایینزا، دیالێکت، دین، تەریقەت، هەڵسوکەوت و گەلێ هۆی دیکەوە جۆرە تایبەتمەندییەکیان لە لا دروست بووە، کە سنووریکی خەیاڵکردی ناسکی خستۆتە نێوان ئەوان و گرۆیەکانی دیکەوە. ئەمە دیاردەیەکی سروشتییە و لە هەموو کۆمەڵگاکانی دنیاشدا هەیە. ئەم وردە جیاوازییە هەرگیز نەبووەتە هۆی دوورکەوتنەوەی بەشە جیاوازەکانی کورد لە یەکدی. بەڵام لەو ڕۆژەوە سەر و سەکوتی ڕۆژاوای ئیمپەریالستی و ڕۆژهەڵاتناسەکانیان لە کوردستاندا دەرکەوتووە، شەو و ڕۆژیان داوە بە دەم یەکدییەوە بۆ فراوانکردنی ئەو درزانە و ئاژاوەنانەوە و دروستکردنی دووبەرەکی و دەبەرەکی و دوژمنایەتی. هەبوونی زازا، عەلەوی، یەزیدی، قادری، نەقشی، کاکەیی، هەقە، فەیلی، سۆرانی، بادینی و گۆران ڕاستییەکە شایانی ئەوەیە بە شێوەیەکی زانستییانە لێی بکۆڵرێتەوە لەپێناوی زیاتر دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و شارستانییەتی کورددا. لایەنی ناوکۆ و هاوبەش لەناو ئەم گرۆ و کۆمەڵانەدا هێندە زۆرە، کە دەکرێ لە چوارچێوەی کاری زانستیدا نەخشەی بۆ دابنرێت، بەڵام کاتێ ڕۆژهەڵاتناسەکان باسی ئەمانە دەهێننە گۆڕێ، دەبێ گومان لە نییەت و نیازیان بکرێت، نابێ بە ئەنجامگرییە زرەزانستییەکانیان فریو بخۆین، نابێ قسە و بۆچوونی ئەوانمان لێ ببێتە کتێبێکی پیرۆزی ئاسمانی، چونکە ئامانجی ئەمان زانست و خزمەتی زانست نییە، بەڵکە بەکارهێنانی زانست و مێتۆدی زانستییە بۆ ئامانجی داگیرکارانە و نامرۆڤانەی سیاسی و ئیمپەریالیستانە.

دیاردەیەکی سەرنجڕاکێش ئەوەیە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە کە ساموئێل ڕیا Samuel A. Rhea چۆتە ناوچەی هەکاری و ماوەی هەشت ساڵان لەوێ ژیاوە (١٨٥١-١٨٥٩)، ڕۆژهەڵاتناسان و کوردناسان جار لە دوای جار، ساڵ لە دوای ساڵ و سەدە لە دوای سەدە هەر باسی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەکەن کە چەندە لە یەکدی جیاواز و دوورن و جیاوازییەکانیان چین. تاکە ڕۆژێک و تاکە جارێک باسی لەیەکچوونی زاراواکانی زمانی کوردییان نەکردووە و نایکەن. جەختکردنی جیاوازی و لەیەکنەچوون و ناکۆکی، بۆتە بنەمای کاری نەک تەنیا کوردناسەکان، بەڵکە هەموو ڕۆژهەڵاتناسەکان. ئەوە نزیکەی بیست ساڵە من لە نزیکەوە ئاگاداری کار و لێکۆڵینەوەی بەشێکی زۆری کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسەکانم و لە دەیان کۆنگرە و کۆنفرانسدا بەشداریم کردووە. تێرمینۆلۆگیی ئەمانە هەرگیز لە زاراوەکانی جیاکردنەوە و کەرتکردن لای نەداوە. کۆمەڵە تێرمی هەرە باو و خۆشەویست و گرنگ و «زانستی» بە لایانەوە ئەمانەن: Conflict, differences, contradiction, against, subdialect, subdivision, contrast, opposition, paradox

هەندێ باس و بابەتی دیکەی وەک بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی بۆ نووسینی زمانی کوردی، پێوەندیی دوژمنانەی تەریقەتەکانی نەقشبەندی و قادری، جیاوازیی کوردیی باشوور و کوردیی باکوور تا ئەو ڕادەیەی کە بە دوو زمانی جیاواز دابنرێن، کوردی نەبوونی دیالێکتەکانی زازا و هەورامی، دانانی کۆمەڵگەی یەزیدی بە بەشێکی جیاواز و دابڕاو لە کورد، گومان خستنەسەر مێژووی کورد و پێوەندی کورد بە مادەکانەوە و گەلێ باسی دیکەیش بەشێکن لە نەخشەی دوژمنانەی ڕۆژهەڵاتناسان بۆ دروستکردنی سەدان درز و سنوور و بۆ پارچەپارچەکردنی کورد، هەروەک ئەم هەڵوێستەیان بەرانبەر گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵاتیش، بەتایبەت گەلانی موسڵمان، ئەگەر لەمە دوژمنانەتر نەبێت دۆستانەتر نییە.

## پاشماوەی ئاڤێستا و زەردەشتیزم

ئەگەر بۆ شوێنەواری دینی زەردەشت و زمانی ئاڤێستا بگەڕێین لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا و لای کوردی ئەم سەردەمە، بێگومان گەلێ نیشانە لە ئارادان کە پێوەندیی مێژوویی و زمانەوانیی کورد و ئەو دینە و ئەو زمانە جەخت دەکەن، بەڵام ئەو نیشانانە لای گەلانی دیکەی ئێرانییش دیسان هەر بە دی دەکرێن. کۆڵەکەیەکی گرنگی دینی زەردەشت فەلسەفەی دوالیزمە، واتە باوەڕ بەوەی کە ئەم گەردوونە و ئەم جیهانە لە بەردەم دوو هێزی دژ بە یەک و نەیاردان، هێزی چاکە و هیی خراپە، ڕووناکایی و تاریکایی، ئەرکی مرۆڤ ئەوەیە پشتی یەکەمیان بگرێ. لە سەردەمی ئەمڕۆماندا هێزی تاریکایی و خراپە زۆر سەرکەوتنی چنگ کەوتووە و چاکە و ڕووناکایی لاواز بووە، بەڵام لە دواییدا هەر ڕووناکایی سەر دەکەوێت. ئەم باوەڕە لای گەلێ دینی تایبەتی کوردانە وەک، کاکەیی (ئەهلی حەق) و یەزیدی هەیە. بەڵام بیری خودا و شەیتان، نەفس و ڕۆحیش لە ئیسلامدا و لای دینەکانی دیکەیش هەر ڕوخسارێکی ئەو بیرەیە، بەڵام بە زاراوەی دیکە.

لە بواری زماندا گەلێ وشە هەن کە لە تێکستەکانی ئاڤێستادا دەخوێنرێنەوە و ئەمڕۆ لە زمانی کوردیدا یا لە هەندێ دیالێکتی زمانی کوردیدا ماون و گەشەیان کردووە. لەم ڕووانەوە، واتە پاشماوەی باوەڕ یا زمانەوانی، گەلێ لێکۆڵینەوە کراوە و دەکرێ لە سەرچاوە بنەڕەتەکاندا تەماشا بکرێن.

## زەردەشتیزم چیی پێیە؟

بە خوێندنەوەی فەلسەفەی زەردەشتیزم، مرۆڤ دەتوانێ گەلێ لایەنی بیروباوەڕەکانی زەردەشت تێ بگات کە بێگومان بۆ سەردەمی خۆی پێشکەوتنێک بووە بەرەو چاکترکردنی ژیانی مرۆڤ و بردنی بەرەو باوەڕی مۆنۆتاییزم (یەکخواپەرستی). هەروەها لە ژیانی ڕۆژانەدا کۆمەڵێ بنەمای هێناوەتە ئاراوە کە یارمەتیی مرۆڤ دەدات بۆ ژیانێکی باشتر. پیرۆزیی ئاو و هاندانی خەڵک بۆ کشتوکاڵ بنەمایەکی ناسراوی دینەکەیە.

من پێم وا نییە لە دنیای ئەمڕۆدا بکرێ باوەڕەکانی دینی زەردەشت: فەلسەفی، ئەخلاقی و ئابووری وەک بنەما و پێکهاتە (ستروکتوور)ی ژیانێکی ئاسایی بە کار بهێنرێن.

# خوێندنەوەی غەزەلێکی مەحوی

**وەک گوڵ هەموو دەمە دەرەوەم سەر بەسەر زوبان**
**وەک غونچەیە دەروونی، دڵی گوڵ لەسەر زوبان**
**یەعنی: کە زیکری زاهیرم و فیکری باتینم**
**هەر وەسفی لێوتە، بە هەموو دەم، بە هەر زوبان**
**ناوت دەبەم دڵم بە زوبانم حەسەد دەبا**
**یادت دەکەم، لەگەڵ دڵەکەم دێتە شەڕ زوبان**
**دێ باسی دیدەو و لەب و گوفتاری تۆ بکەم**
**بادام و شەککەر و نوقڵم دێتە بەر زوبان**
**هەر حەرفی کوشتنە کە دەمی پێ بپشکوێ**
**ئەم تووتییە بە خوونی پڕاوە مەگەر زوبان**
**بۆ شوکری جەوری ئەو دوو برۆیە لە قەتڵما**
**هەربن موویێکە میسلی گوڵی شەست پەڕ زوبان**
**هەر ئەم زوبانە باعیسە بۆ سەربڕینی شەمع**
**«مەحوی»! سەرم ڕەحەت بووە بێڵێ ئەگەر زوبان**

فەلسەفەی ڤیتگنشتاین، بەشەر بەبوونەوەرێکی زمانی پێناسە دەکا و تەنانەت تەواوی کێشە فەلسەفییەکان، نەک بە چەمکی سەربەخۆو خۆ بژێو، بەڵکو بە ئەنجامی تێنەگەیشتن لە سستمەکانی جۆراوجۆری زمان و کایە زمانییەکان و پێچیاوی تێرمەکان و خراپ وەرگرتنیان دەزانێ، ئەرکی فەلسەفەش، بەر لەپرسیار لە (هەستی) و مەعریفە و مرۆڤ، کەشفی چۆڵەپێچە زمانییەکان و کایەکانی و روونکردنەوەیانە.

مەحوی لەم بەرهەمەدا، بە هەڵبژاردنی زوبان وەک رەدیف، کەسایەتیدان بەم و بەستنەوەی خۆی و ئەندێشەی و ئاکارەکانی بە ویست و مەیل و ئاکاری زمان و بەستنەوەی کێشەکانی خۆی بە کێشە زمانییەکان، خۆی لە قەرەی ڤیتگنشتاین داوە. ئەو سەرەتا، (هەستی) خۆی لە چوارچێوەی زمانەوە پێناسە

**مراد ئەعزەمی**
**(شنۆ)**

دەکا:

**«وەک گوڵ هەموو دەمە دەرەوەم سەر بەسەر زوبان»**

تەنانەت تووشی فـەنـاومـەرگ بوونیــشی، دەخـاتە ئەستۆی زمان و ئەگەر (هەستی) ئەو لە زماندایە، ئەوە مەرگیشی لە دەست ئەودایە:

**«هەر ئەم زوبانە باعیسە بۆ سەر برینی شەمع**
**مەحوی سەرم ڕەحەت بووە بێڵێ ئەگەر زوبان»**

ئەگەر لە گوتاری شیعری کلاسیکدا و لە تێرمینۆلۆژی ئەم گوتارەدا، «دڵ» بە ناوەندی عاتیفە و هەست و سۆز دابین کراوە، کەوابوو ئەوەی لە بەرامبەر ئەو ڕادەوەستێ و کۆنتراستی مانایی بەرهەم دێنێ، مەنتیق و عەقڵ و ئاوەزە. ئەم دوالیزمە لە بەیتی ژێرەوەدا بەدی هاتووە.

**«ناوت دەبەم، دڵم بە زوبانم حەسەد دەبا**
**یادت دەکەم، لەگەڵ دڵەکەم دێتە شەڕ زوبان»**

بەم جۆرە، عەقڵ و ئاوەزو مەنتقی بەشەری، لە هۆدەی زمانـدا جێی خـۆش کردووە، لێرەدا مەحوی فەلسـەفەی خۆی لە ڤیـتگنشـتاین جوێ دەکـاتەوە و هۆدەی عەقڵ و هۆدەی (هەست) جیـادەکـاتەوە، هەست و ئیـحسـاس و عاتیفە لەژێر ساباتی زمان داوێتە دەرەوە.

هاوتەریبی دال و مەدلوول و پێوەندییـان لە ڕەهەندی دەلالەتەوە، لە زمـانناسی سوسـێردا باسی لێ دەکـرێ، کاتێ ئێـمە دالی (بادام) دەبیسین، مەدلوولی ئەم داله، کـە بەری دارێکە بەم نـاوە دێتـە پانتـایی زەینمـان. بە پێـچـەوانەش، کە بادامێمان دیت (واتا مـەدلوولمان کەوتە بەرچاو) دالەکەی لە زەیندا خۆیا دەبێ. کاتێ مەدلوولی دالێک، لە زنجیرەی دووەمی دەلالەتەکاندا ببێتە دال بۆ مەدلوولی دووەم و هەروەها بەردەوام ئەم زنجیرەیە دەوامی هەبێ، نیـزامی خـوازەیی دەخـوڵقێ و دەکـەوێتە خـانەی ئەدەبەوە.

مەحوی دەڵێ:

**«دێ باسی دیدە و لەب و گوفتاری بۆ بکەم**
**بادام و شەککەرو نوقڵم دێتەبەر زوبان»**

لەم دێرەدا، مەحوی بە ئیستراتیژییـەکی خوازەییەوە، (دیدە- لـەب- گـوفـتـار) کـە خـاوەنی مـەدلوولگەلی خۆیانن، دەکاتە دال بۆ سێ مەدلوولی (بادام- شەککەر- نوقـوڵ) کـە ئەمـانـەش خـۆیان دالگەلێکن بۆ مـەدلوولی جیاواز، بەڵام ئەوەی سەرنج ڕاکێشە و نوێگەراییە لە بەسـتـێنی داهێناندا، جـیـاکـردنەوەی دوو پرۆسـەی (ئەندێشـە کـردن/ مـەیلی دەربڕین) کـە لە دەقـدا بە (ویسـتی باس کـردن) هاتووە و پرۆسـەی (هاتنە بەرزوبان) واتا لە قـاڵبی واژەکـان و بەدالی دەنگی و فۆنۆتیکی دەربڕینی گوتەکانە.

سێ دالی (دیدە- لەب- گـوفـتـار) لە دۆخی ویسـتی باس کـردن و لە قـۆناغی ئەندێشـە کـردن دانە و هێشـتا نەگەیشتوونەتە قۆناغی دالی دەنگی و فۆنۆتیکی، بەڵام کـە دەگـەنە قـۆناغی زمـانی و دۆخی دالی فـۆنۆتیکی، گۆڕانیـان بەسەردادێ و بە سێ دالی (بادام- شـەککەر- نوقڵ) مەسخ دەکرێن، ئەندێشە سێ دالی (دیدە- لەب- گوفتار)-ی مەبەست بوو، بەڵام زمان سەربەستانە لەسەر تەوەرەی جـێنشـینی وەکـاردەکـەوێ و (بادام- شککەر- نوقڵ) لە جێی سێ دالەکەی ئەندێشـە دادەنێ، بەم جۆرە دەق دەتوانێ ئەم دەلالەتانە بەرهەم بێنێت:

١- ئەندێشـە و زمـان، هەر کـام لەسـەر هێـڵـێکی مـیکانیـزمی جیـاواز کـاردەکـەن و حـوکم نییـە ئەوەی ئەندێشە مەبەستیەتی، بێتەسەر زوبان.

٢- نیزامی دەلالەتی ئەندێشە، ڕیالیستی، ساکار و پلە یەکـە، بەڵام نیـزامی دەلالەتی زمـان، ڕۆمـانسی، خوازەیی و پلە دووە.

زمان، لە زمـانناسی سۆسێریشدا، نیزامێکی زاتی و سەربەخۆیە، کە جیهان لەودا کۆبۆتەوە و دیاردەیەک نییە بوونی لەدەرەوەی جەغـزی زمـان دابێ، واتا (langue) نیزامـێکی نەگۆڕ و هەمـەکـییـە، بەشێـوەی ناو زەمانی و هاوزەمـانی، ئەوەی گۆڕانی بەسـەردادێ، (Parole)-ە ڤیـتگنشـتـاین، باس لە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی پێکهـاتەی زمـان دەکـاو لەسـەر ئەم بڕوایەیە کـە بەدرێژایی مـێژوو، واژەکـان کـارکردیان دەگـۆڕێ و دەبنە خـاوەنی مـەدلوولی نوێ.

مەحوی دەڵێ:

**«هەر حەرفی کوشتنەکە دەمی پێ بپشکوێ**
**ئەم تووتییە بە خوونی پژاوە مەگەر زوبان»**

سـوژەی ئەم دێڕە، تووتیـیـە کـە خـاوەنی ئەندێشـە و بیرکردنەوەیەکی تژی لە مەیل و ئیرادە و ویستی کوشتن و نابوودکـردنە. تووتی خـوازەیەکی تۆخە کـە دەکـرێ بەنماد بخوێنرێتەوە، بوونەوەرێکی دووپات کەرەوەی بێ ئیرادەی دیاردە و چەمکە وەرگیراوەکان.

ئەم سـوژەیە، هەرکـە دەیهـەوێ دەمی بکاتەوە، واژەی مەرگ و کوشتنی لە دەم وەدەردەکەوێ و زمانی واژەگەلی خـوێناوی بەرهەم دێنێت، ئەم شـێـوە گـوتارەشی، بە ڕەوشـتـێکی تووتی ئاسـا وەرگـرتووە. ئەم دەلالەتانە، سەرجەم ئەم ئەسڵە بەرهەم دێنن کە زمـان و بیرکـردنەوە هەردووک لە سـروشت و دەوروبەر و جـیـهـانی دەرەوە (ئۆبژە) شـوێن هەڵدەگرن و دووپاتی دەکەنەوە. زمـان و بیـرکـردنەوە، لەم بابەتەوە پێکەوە وێکچـوونیـان هەیە و هاوبەشن.

# گێندەر و زمان

لەم ساڵانەی دواییدا لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەبارەی بەکارهێنانی شێوازی جیای زمان لەلایەن پیاوان و ژنانەوە کراوە، دیبۆرا تانێن ژنە شارەزا لە بواری سۆسیۆلۆژیای زمان (کۆ زمانەوانی)، گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە پیاوان و ژنان بەتەواوی دوو شێوازی جیاوازی قسەکردن بەکار دەهێنن.

لە ڕاستیدا ئەم ژنە شارەزایەی بواری کۆ زمانەوانی دووپاتی دەکاتەوە کەوا زمانی پیاوان و ژنان ئەوەندە لێک جیان وەکو ئەوە وایە لە دوو جیهانی جیاوازەوە هاتبن. تانێن پێی وایە کاتێک ژنان قسە دەکەن زمانی ئاخاوتنی هۆگری بەکاردێنن، زمانێکە تایبەت بە وەدەستهێنانی هۆگری و هاوڕێیەتی لەگەڵ خەڵکانی تر و سازان و بنیادنانی پێوەندی، بەڵام پیاوان زمانی ئاخاوتنی خۆدەرخستن بەکاردەهێنن، لەم شێوازەدا قسەکەر مەبەستیەتی پلەوپایەی جڤاکی وەدەست بێنێ و تواناو زانیاری خۆی دەربخاو شوێنی خۆی وەکو سەنتەر بپارێزێ.

تانێن دەڵێ: پیاوان و ژنان، بەهۆی شێوازی جیایان لە قسەکردندا، زۆرجار تووشی کێشەو گرفت دەبن.

بۆ نموونە: کاریکاتێرێک پیاوێک و ژنێک لەسەر مێزی خواردن پیشان دەدات، پیاوەکە خەریکی ڕۆژنامەیەکەو ژنەکەش هەوڵدەدات سەرنجی پیاوەکە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

پیاوەکە ڕۆژنامەکە وەکو سەرچاوەیەکی زانستی

**لە ئینگلیزییەوە:**
**کاوە شێروانی**

بەکاردێنێ.

بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لەکاتی ئاخاوتندا (ئاخاوتنی خۆدەرخستن) بەکاربێنێ. ژنەکەش بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ کە هەرچۆنێ بێ سازان و ئاوێتە بوونێک بێنێتە ئاراوە (ئاخاوتنی هۆگری).

هەروەها تانێن دەڵێ کە پیاوان، زیاتر لە ژنان، لە روانگەی ئاریشەو گرفتەوە لە رووداوەکان دەڕوانن. بۆ نموونە، لەوانەیە ژنێک بە پیاوەکەی بڵێ کە یەکێک بێ ڕێزی لێکردووە. کاردانەوەی پیاوەکەش تۆڵەسەندنەوەیە وەکو سنووردانانێک بۆ گرفتەکە. ئەمە لەوانەیە بۆ ژنەکە شتێکی دڵخۆشکەرانە نەبێ، ئەو زیاتر حەزی دەکرد گوێی لە دەستەواژەیەکی لێک تێگەیشتن بێ و پێکەوە ئەم ڕەفتارە مەحکووم بکەن نەک تۆڵە بسێننەوە.

ڤەکۆلەرانی تریش لە جیاوازییەکانی شێوازی کارلێککردنی ژنان و پیاوانیان کۆڵیوەتەوەو گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کەوا کاتێک پیاوان و ژنان قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن، پیاوان زیاتر قسە بەژنان دەبڕن (بابێینە سەر بابەتێکی تر....) یان حەز دەکەن راسپاردەیان هەبێ (بۆ ئەمە نانووسیتەوە؟).

ئافرەتان زیاتر ڕاناوی کەسی و ئاوەڵفرمانەکان بەکاردێنن، (من لە ڕاستیدا ئەوم خۆش دەوێ). هەروەها ڤەکۆلەران گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کەوا ژنان زیاتر پرسیارو پاساوهێنانەوە بەکاردێنن (من وادەڵێم چونکە....).

تانێن پێی وایە جیاوازی گێندەر لە زماندا بەڕوونی لە کلاسی کۆلێژەکاندا دیارەو ئەمەش جێگای بایەخ پێدانە.

ئەو دەڵێ ئەگەر کلاسێکی نموونەیی وەربگرین، دەبینین قوتابییە کوڕەکان ئەو شتانەی دەیزانن هەرزوو پێش ئەوانی تر دەیڵێن و حەزیشین لەمەشتومڕو بەرەنگاربوونەوەی هاوڕێکانیان هەیە، هەروەها چیرۆکی ناوازەش وەرناگرن و گرنگی پێنادەن. قوتابییە کچەکان، لەلایەکی ترەوە حەزیان لە ڕووبەڕووبوونەوەو مشتومڕ نییە، لەو کاتانەشدا زیاتر ئاسوودەن کە بەگرووپ کاردەکەن و بواری گوێگرتن لە چیرۆکی ناوازەیان هەیە. لەبەر ئەوەی ئاشکرایە کە زۆربەی کلاسەکان لەسەر مۆدیلێکی کوڕانە ڕێکخراون، بۆیە تانێن پێی وایە زۆربەی قوتابییە کچەکان حەز بە ژووری خوێندن ناکەن و پێیان وایە کە بۆشاییەکی نەیارە.

چاکترین نموونە بۆ جیاوازی گێندەری لەوەدا بەدەرکەوت کاتێک مامۆستایەکی ئافرەت داوای لە قوتابییەکانی کرد کە هەندێ وشە دروست بکەن و وەسفی ئەزموونی تایبەت بە ڕەگەزی خۆیان بکەن، بە مەرجێک پێشتر ئەم وشانە لە زمانی ئینگلیزیدا نەبووبن. پاشان بۆی دەرکەوت وشەکانی قوتابییە کوڕەکان وەهی کچەکان بە تەواوی لێک جیاوازن. ئەو وشانەی کە لەلایەن قوتابییە کچەکانەوە دروست کرابوون، ژنان لە ڕۆڵی پاسیڤ دادەنێ وەکو (چاوەڕێی یەکێک بکەی تەلەفۆنت بۆ بکا) (ترسان کاتێک کۆمەڵە پیاوێکی نامۆ تێدەپەڕن)، بەڵام ئەو وشانەی لەلایەن کوڕەکانەوە دروست کرابوون، گرنگییان بە توانست و هێزی گۆڕینی شتەکان دەدا، وەکو (ئۆتومبێلەکەت بکەی بە چاکترین ئۆتومبێلی سەر ڕێگا) وە (پاش خواردنەوە بڕوات وابێ کە تۆ زۆر بەهێزی).

تایبەتمەندیی گێندەریی زمان لە کوێوە دێت؟ تانێن پێی وایە لە منداڵییەوە دەست پێدەکات و منداڵان لە پێڕی (هاوتەمەنەکان)ی خۆیانەوە فێر دەبن. باس لە ڤەکۆلەرێک دەکات، چاودێری منداڵانی قۆناغی پێش قوتابخانەی کردووە و گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کەوا کاتێک منداڵان ویستوویانە شتێک بکەن، کچەکان بە دەستەواژەی (باوابکەین...) دەستیان پێکردووە، لە کاتێکدا کوڕەکان فەرمانی ڕاستەوخۆیان دەرکردووە (دانیشن).

لە سەیرکردنی منداڵانی قۆناغی دووەمدا تانێن بۆی دەرکەوتووە کەوا زمان و ڕەفتاری منداڵە- کچەکانی ئەم قۆناغە زیاتر بەهی ژنە پێگەیشتووەکان چووە نەک کوڕانی قۆناغی خۆیان. کاتێکیش منداڵانی ئەم قۆناغە دوو دوو (بەجووتە) لەگەڵ یەک دانراون و داوایان لێکراوە لە بارەی (شتێکی جیدی)یەوە قسە بکەن، کچەکان گوێڕایەڵ بوونە و چییان پێ گوتراوە جێبەجێیان کردووە، بەڵام کوڕەکان گوێڕایەڵ نەبوونەو بەرگرییان کردووەو گاڵتەشیان بەشتەکە هاتووە، چونکە ڕەفتاری زمان زۆر زوو و لە منداڵییەوە دەست پێدەکات ئاساییە ئەگەر زوو ببێتە ڕەفتارێکی ئۆتۆماتیکی.

هەندێ لە زانایان لەم بارەیەوە ڕەخنەیان هەیە و پێیان

وایە زیادەڕۆیی لە جەختکردن لەسەر جیاوازییەکانی زمانی نێرومێدا هەیە، وا هەست دەکەن کەوا ئەوانەی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە دەکەن زۆر جار بەشێوەیەک ئەنجامەکان لێکدەدەنەوە پاڵپشتی لە بیرۆکەی باوی کۆمەڵگا بکات لەبارەی جیاوازییەکانی نێوان ژنان و پیاوان. هەر بۆ نموونە، لە چەند لێکۆڵینەوەیەکدا تێبینی ئەوە کراوە کەوا ژنان زۆرجار لە کۆتایی ڕستەدا کلکە پرسیار بەکاردێنن- ئەم دیاردەیە زۆرجار وا لێکدراوەتەوە کەوا نیشانەی بڕوا بەخۆ نەبوون و گومان بێت لەلایەن ژنانەوە- کە ئەمە خۆی لە کۆمەڵگادا سەبارەت بەژن بیرۆکەیەکی باوە. هەرچەندە لێکدانەوەیەکی تر ئەوەیە کەوا کلکە پرسیار یارمەتیدەرە بۆ درێژبوونەوەو بەردەوامبوونی گفتوگۆ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا ئافرەتان ئاسانکاری دەکەن نەک بڕوایان بەخۆنییە.

هەندێ لە زانایانی تر ڕوونیان کردۆتەوە کەوا بەکارهێنانی زمان بە گێندەرەوە پەیوەست نییە، بەڵکو زیاتر پەیوەستە بەڕۆڵەوە. بۆ نموونە فایحا کرۆسبی ولیندا نایکویست بۆیان دەرکەوتووە ئافرەتان کە لە پایەی دەسەڵاتدان، بەشێوەیەکی بنچینەیی هەمان زمانی پیاوانی ئاستی خۆیان بەکاردێنن.

بەهەمان شێوە پیاوانیش لەوانەیە بپەڕنەوە بۆ ئاقاری ئەوەی پێی دەگوترێ زمانی ئافرەتان. بۆ نموونە زۆرجار سەرۆک کلینتۆن و ڕێگن شێوازی چیرۆکی ناوازەیان بەکارهێناوە، کە بەشێوەیەکی گشتی ئەم شێوازە زیاتر تایبەتە بە ئافرەتان.

**سەرچاوە:**

**لە کتێبی**

**Communicahiny Effectively (2001)**
**by: Saundra Hybels**
**Richard L. Weaver II**

# تایبەتمەندیی هزری کۆمەڵایەتی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

١- سەدەکانی ناوەڕاست، بەمێژوو و کولتوورەوە، ئەو سەردەمە دەگرێتەوە کە نزیکەی هەزار ساڵی خایاندووە، کەوتۆتە نێوان ئاوابوونی ڕۆژی ئیمپراتۆری ڕۆژئاوای ڕۆم لە ساڵی (٤٧٦ز) و داگیرکردنی شاری کۆستەنتینۆپلی یونانی لەلایەن عوسمانییەکانەوە لە ساڵی (١٤٥٣ز)دا. لەم قۆناخەدا کە بە دوورودرێژترین قۆناخی مێژوو دەژمێردرێ و کێشە و بەرەیەکی زۆر و زەبەندەی لە سەرە، شارستانیەت و کولتوورێک لە ئەورووپا و دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاستدا، لەژێر باڵ و کۆنترۆڵی توندوتۆڵی ئایینی مەسیحی خەت و خاڵی داوە.

لە چوارچێوەی ئەم کولتوور و شارستانییەتەدا، بە تایبەتی لایەنە گیانییەکەی، بابەتی هەمەڕەنگی سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵ و دەزگاکانی دەوڵەت ڕێ و شوێنی بنەماکانی ئاکار، بۆچوون لە بارەی مرۆڤ، کۆمەڵ، خێزان، ژیانی ئێستاو دوای مردن، بەختەوەریی، چاکەکاری و بەدکاری، پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، دادپەروەریی، ئازادیی، چارەنووس و ئۆباڵ ئازادی خواست و قەزاو قەدەر، خۆشەویستی و هیوا، پەیوەندی نێوان ژیر و وەحی، زانین و بڕوا بە تێروتەسەلی، بەڵام لە سێبەری ئایینی سەرتاپاگیر و گەردوونی مەسیحیدا، ڕەنگی ڕێژراوە. مۆرکی سەرەکی و تایبەتمەندی بەرچاوی ئەم بابەتە، کە تێیدا جۆرە بیرو هزرێکی کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی کێشە و بەرەی نێوان فەلسەفە و لاهووتدا سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە، گومان کردن بووە لە هێز و توانای مرۆڤ و ژیری مرۆڤ، پشت گوێ خستنی دنیاو ژیانی ئێستا، چاو نوقاندن لە بەرامبەر هەڵکەوت و واقیعیدا، پشت بەستن بە هێزی بوونەوەرێکی سەروو سروشتی ترانسندێنتی کە پتر خۆی

له چوارچێوەی ئەفسانە و داستاندا دیوەتەوە،پاکانەکردن بۆ کۆبلایەتی و ڕەواکردنی هەژاری و نەخۆشی و بەدکاری میتافیزیکی لەپێناوی شادبوون بە بەختەوەرێکی ئەفسووناوی جیهانێکی تر کە دوای مردن دەست پێدەکات تانوپۆی کارەکتەر و تایبەتمەندی ئەم سەدەی ناوەڕاستیان پێک هێناوە.

ئەم تایبەتمەندی و کارەکتەرەی ئەم شارستانی و کولتووره بێگومان، به هەر جۆرێک هەڵبسەنگێنرێن و هەڵوێست لەبەرامبەریاندا بنوێنرێت، یان بخرێنە چ خانەیەکی پەرەسەندنی مێژووی شارستانیەتی مرۆڤەوە، ئەنجام و بەرو بوومی ئایینێکن دوای دەرکەوتنی لە ناوەرۆک و ڕوخساردا گۆڕانی مەزن و سەرتاپاگیری بەسەردا هاتووە، گۆڕانێک دەکرێ مافی ئەوە بە لێکۆلەرەوە بدات کە بەپێی قۆناخی پەرەسەندن و گۆڕانەکەی بە دوو ئایینی ناوی بەرێ، مەسیحیەتێک کە لە ئورشەلیم لەلایەن یەسوعی مەسیحیەوە (عیسای کوڕی مریەم) بانگەشەی بۆ کراوە و مەسیحیەتێک دوای کارەساتی چوارمێخە کێشانی (یەسوع) چۆن باری کردووە و هەوارەکەی خۆی، ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست، بەجێ هێشتووە و لە دەڤەرێکی تر کە ئێستا (ئەوروپا و ئەمەریکا و باشووری ئەمەریکای) پێدەگوترێ باری خستووە و کردوویەتی بە مەڵبەند وەک سەرچاوەکان باسیان کردووە، دوای ون بوونی مەسیح چەندین ئینجیل نووسراوەتەوە و ئینجا لە کۆبوونەوەی (نیکیا) لەنێوان هەموو ئینجیلەکاندا ئەم چوار ئینجیلەی ئێستا کە لەلایەن (ماتیوس، مارکۆس، لوکاس، یۆهانس)ەوە نووسراونەتەوە، پەسندکراون و بە ڕەسمی بڕیاری بەکارهێنانیان دراوە.(١)

ئەوی لەم بوارەدا سەرنجڕادەکێشی پێوەندی ئایینی مەسیحیە بە ئایینی تایەفەی موسا (جوولەکە) و کەلەپوور و کولتووری یۆنان و ناوچەکەوە. پێوەندی نێوان ئینجیل و تەورات (کتێبی ئایینی جوولەکە) دەکرێ لە ڕوانگەیەکی دوو لایەنییەوە سەرنج بدرێت:

**یەکەم**: هەردووکیان یەکەیەکی تەواوکەری یەکتری پێک دێنن. ئینجیل بەهیچ جۆرێک ناتوانێ دەستبەرداری ناوەرۆکی تەورات بێ، نوێژی یەکشەممانی کڵێسە ئەم ڕاستیە ساخ دەکاتەوە. ئەگەر تەوراتیش نەبووبایە دەبوو باس لە هەبوونی ئەم ئینجیلەی ئێستا بکرێت.

**دووەم**: هەریەکەیان ئینجیل و تەورات یەکەی فرە ڕەنگی سەربەخۆ پێک دەهێنن و تایبەتمەندی سنوورداری خۆیانیان هەیە ئەگەرچی جوولەکەکان بە هیچ جۆرێک دانی بەخێر بە ئینجیل و عیساییەکاندا ناهێنن.

– ئەگەر مرۆڤ بە چاوێکی وردبینانە هەردوو کتێبی ئایینی ئینجیل و تەورات بخوێنێتەوە چەند ڕاستییەکی بۆ دەردەکەوێ کە جێگای گومان نەبن.

– هەردوو کتێب بەناوەرۆک و ڕوخسارەوە ئەو هەلومەرجە خودی و بابەتی و ئەو ڕەوش و دۆخە فرە ڕەنگییانەیان پێوە دیارە کە شایەدی پەیدابوونیان بوون.

تەورات کە ناوەکەی بە زمانی عیبری واتای قانوون و ڕێ و شوێن دەبەخشێ لە ئینسکلۆپیدیەیەک دەچێت کە کولتووری گیانی و داستان و ئەفسانە و فۆلکلۆری پێش خۆی و سەردەمی خۆی کۆکردبێتەوە، بە تایبەتی فۆلکلۆر و کەلەپووری بابل و دۆڵی نیل (میسر) و ناوچەی ڕۆژهەڵات و دەوروبەری و دەریای سپی ناوەڕاست، بەشێوەیەکی ڕێک و پێک و لەچوارچێوەی ڕێ و شوێنی ئایینیدا دایڕشتبنەوە. بەڵگەیەکی ڕاستی ئەم قسەیە، لەلایەکەوە نەمانی فۆلکلۆر و کولتووری ناوچەکە، چونکە تەورات هەمووی کۆکردۆتەوە، لەلایەکی ترەوە لە یەکچوونی لەگەڵ ئەو بابەتانەی لە بابل و دۆڵی نیل و نێوان هەردوو ئاوی فورات و دیجلە ساخ کراونەتەوە.

– فیلو کە بیرمەندێکی سەردەمی عیسا بووە لەو نووسینانەی لە دوای بەجێ ماون، ئەو سوودە دەردەخات کە جوولەکەکان لە کولتووری کۆنی یۆنان وەریان گرتووە.(٢)

– ئینجیل بە ئاشکرا دەری دەخات کە نووسەرەکانی تا چ ڕادەیەک لە کەلەپووری ئایینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جوولەکە و فەلسەفەی یۆنانی بە تایبەتی قۆناخی هیلنستی سوودیان وەرگرتووە. تەنانەت کڵێسەی مەسیحی، بە تایبەتی لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە بابەتە تۆمارکراوەکانیدا، دەردەکەوێ کە تا چ ڕادەیەک سوودی لەجیهانديدی فەلسەفە وەرگرتووە و توند و تۆڵ بە ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی دەوروبەری خۆیەوە بەستوویەتیەوە(٣) و تێکەڵاوی کردووە و جیهاندیدی مەسیحی خۆی لێدا ڕشتووە.

٢– بنەماکانی بڕواو ئاکار: ئایینی مەسیحی لەخۆیدا و ئەو گۆڕان و پەرەسەندنەی، دوای بڵاوبوونەوەی لە هەواری نوێی کە ئەوروپا بووە، بەسەریدا هاتووە چەندین

دیارده و ڕاستی گومان هەڵنەگر لە چوارچێوەی بیروهزری کۆمەڵایەتییەکەدا ساخ دەکاتەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

**یەکەم**: دابەش بوونی ئەم ئایینە بە دوو مەزهەبی سەرەکی، پرۆتستانت و کاتۆلیک نەرم و نیانی ئایینەکە لە بەرامبەر ڕەوشی کۆمەڵدا نیشان دەدات و ساخی دەکاتەوە کە مەسیحیەت خۆی گۆڕیوە بۆ ئەوەی بەجۆرێک بێت لەگەڵ ڕەوش و دۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵدا بگونجێ.

**دووەم**: ئەم گۆڕان و دابەشبوونەی ئایینی مەسیحی ساخی دەکاتەوە کە کۆمەڵ ئۆرگان و پێکهاتەیەکی زیندوو و کاریگەرە، هەموو شتێک وەک خۆی وەرناگرێ و پەسند ناکات. کۆمەڵ هەموو شتێک وەک خۆی چۆنە، تۆمار ناکات. ئەم گۆڕانەی ئایین بۆ ئەوە هاتووە کۆمەڵەکە زیندووە و چۆن لەسەرەوە ئایینەکەی بەسەردا سەپێنراوە، بەهەمان شێوە کۆمەڵ لە بنەماو ژێرخانەوە کەسایەتی خۆی سەپاندووە و ئایینەکەی ناچار کردووە لەگەڵ سروشتی کۆمەڵایەتی مرۆڤ و کۆمەڵدا بگونجێ ئینجا وردە وردە پەسند کراوە.

**سێیەم**: جیهاندیدی دامودەزگاو دامەزراوەکانی کڵێسەی مەسیحیەت ڕەنگی تایبەتمەندی تێکڕای ئەو قۆناخەی ڕشتووە کە بەسەدەکانی ناوەڕاست ناودەبرێ. ئەم جیهاندیدیە کاروبار لێکردنی دەستیاوی نێوان ئایینەکە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەرخان و کۆمەڵ وەک پێکهاتەیەکی فرە ڕەنگی ژێرخان پشت ڕاست دەکاتەوە. ئەم جیهاندیدییە کە یەکەیەکی یەکڕەنگی ئایدیۆلۆجی(٤) و دۆگم و هزری و گیانی پێکهاتووی نیشانداوە بریتی بووە لە دیاریکردنی هەڵوێست لە چوارچێوەی دۆگماکانی لاهووتدا بەرامبەر بە کێشەکانی ئەوسای مرۆڤ و ژیان و ئاکارو جیهان و ئینجا پێوەندی ئەم لایەنانە بە تێکڕایی بەسەرو سروشت و ڕەب. بۆ ئەم مەبەستە پشت بە ئایین و سەرچاوەکەی کە وەحی پێگوتراوە، بەستراوە و سوود لە هێزو توانای ژیریش وەرگیراوە.

لە چوارچێوەی بەیەکەوە بەستنەوەی توندوتۆڵی بڕوا و زانیندا، کە بابەتی سەرەکی هزری سەدەکانی ناوەڕاست بووە، ڕەنگی سنوور و چوارچێوەی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ و خێزان و دەزگاکانی بەڕێوەبردن ڕێژراوە. ئەگەرچی بۆ ئەم مەبەستە سەخت و ئاڵۆزە پەنابراوەتە بەر نموونەیەک کە ناوی «ئاسمانی» لێ نراوە، بەڵام ئەم نموونەیە پتر مۆرکی ئایدیالیستی و دۆگم و دیسپلینێکی پێوە دیاربووە کە وەڵامی پرسیارەکانی ناخی مرۆڤێک بێت کە لەجیاتی چارەسەرکردنی ڕاستەقینەی سەختی ژیان و کێشەکانی، هەڵکەوت و واقیعی پشت گوێ خستنبێ، یاخود لێیان بێ هیوا بووبێ و پەنای بردبێتە بەر هەست و سۆز و هێزی لەسنوور بەدەری دڵ و چاوی ناخ و دەروون و ئەوەندەی دڵی حەزی کردبێ سواری ئەسپی خەیاڵ و ئەندێشە بووە و هەموو سنوورێکی بەزاندووە. ئەوەی لێرەدا لێی بێبەش بووە و هیوای بەدەست هێنانی نەماوە و لە گۆڕینی بەرەو باشترەکەشی کەوتۆتە دەریای بێ بنی گومان و ڕەشبینی و بێ هیواییەوە، هەموو ئەو ئاوات و ڕازو مراز و نیازو ئامانجانەی لە دەفرێکی نموونەیی ناڕیالیستیدا، لەو نموونە ئەندێشەییە ئاسمانییەدا بەدی کردووە کە ژیانێکی دوای ژیانی ئێستاییدا، دوای مردن، پێی دەگات یاخود بەڵێنی پێگەیشتنی بەپێی هەلومەرج و قەیدی دیاریکراو پێدراوە.

لەجیهاندیدی ئایینی مەسیحیدا بڕوا (ئیمان) کراوە بە پێوەدانگ و سەرمەشق لە ڕوانگەی باوەڕەوە هەوڵدراوە کێشەکانی مرۆڤ و ژیان و کۆمەڵ و پاشەڕۆژ و چارەنووس و بەدکاری و زۆر و جەور و زوڵم و نادادی (ناعەدالەتی) بابەتی کێشەی خواست و ویست ئایا مرۆڤ لەو کارو کردارانەی ژیانی ڕۆژانەیدا دەیانکات و ئەو شتانەی دووچاریان دەبێت و بەسەری دێن ئازادە و ئۆباڵەکانیان وەک بەرپرسی دەکەونە ئەستۆی، یان ئەمانە قەدەر و چارەنووسن و بەسەریدا سەپاون و لەناوچەوانی نووسراون هەردەبوو ڕووبدەن و بێ و مرۆڤ لە ئاقاریاندا هیچی لە دەست نایەت؟ چارەسەر بکرێت، ئەگەرچی ئەم چارەسەرانە لە دوو لایەن بە دەرنین:

– لەکولتوور و تەوراتی جوولەکەوە سەرچاوەیان گرتووە و خوازراونەوە و بە پێی هەلومەرجی سەردەم دەسکارییەکی هەندەکی کراون و لە ڕوخساردا جۆرە گۆڕانێکیان بەسەردا هێنراوە. بۆ نموونە کێشەی بەدکاری کە لەئادەمەوە دەستی پێکراوە بە تەواوەتی لە تەوراتی موساییەکانەوە خوازراوەتەوە و شتێکی ئەوتۆی نەخراوەتە سەر. بۆ نموونە لەلای ڕابەرانی لاهووتی مەسیحی زۆرجار بە جۆرێک پێناسەی خواستی ئازاد کراوە کە لەخۆیدا بەدکاری وەک هەلومەرج و بەشێک

لەبوونی مرۆڤ دانراوە، بۆیە ئۆگۆستین بەلایەوە وابووە کە خواستی ئازاد و «ئازادی ئەوەیە مرۆڤ خۆی لە گوناھ کردن و کەوتنە بەدکاری بپارێزێت(٥)». لەم پێناسەیەدا ئەگەرچی لەچوارچێوەی بڕواکەدا گیری خواردووە، نە بابەتەکەی بە تەواوەتی پێناسە کردووە و نە مرۆڤی لە ئۆبالی بەدکاری گەردن ئازاد کردووە. ئادەم بە خواستی ئازادی خۆی بەدکاری هەڵبژاردووە، جیاکردنەوەی ئازادی لە ناچاری و ئینجا ئازادی ڕزگاربوون بێ لە کۆیلەتی و بەندایەتی مرۆڤ لەبەردەست گوناھ و بەدکاریدا، بە هیچ بنەمایەکی ژێر پشت ڕاست ناکرێتەوە.

– یان کێشەکە هەر لە زۆر و جەورو زوڵمەوە تاوەکو بەدکاری پتر پاکانەی بۆ کراوە و پاساو دراوە. ئەو چارەسەرانەش ئەگەرچی دەڵەمەیی بوون و پێشکەش کرابن لە چوارچێوەی قسەی گەرم و گوڕی دڵخۆشکەر و ئارام بەخش کە بەوپەڕی وەستایانە داڕێژراون بەولاوە نەبوون. لێکۆڵینەوەی ئەنجام و پاساودانی شتێکە و دۆزینەوەی هۆکاری ڕاستەقینەی بەدکاری و بەلایەکدا خستنی، بەوەی هەلومەرجی پەیدابوونەکەی بنەبڕ بکرێن، شتێکی ترە. ئەمە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە دەگمەن نەبێ هەستی پێ نەکراوە.

٣- دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ژیان: بۆچوونی مەسحییەکان لە بارەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانەوە بەگشتی لە بارەی بنەماکانی ئاکارەوە تاوەکو خێزان و کۆمەڵ و دەوڵەت بریتییە لە سێ ڕەنگییەک کە لە تەورات و ئینجیل و کولتووری یۆنانەوە وەرگیراوە و لەنێو بازنەیەکی کڵۆمدا داڕێژراوە کە دەکرێ بە هزری کۆمەڵایەتی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست ناوببردرێ. لەم هزرەدا ژێر کراوە بە ئامرازێک بۆ یارمەتی دانی باوەڕ و ئیمان و پشت ڕاستکردنەوەی جیهاندید و دۆگماکانی.

**یەکەم**: مرۆڤ ئەگەرچی لەنێوان بوونەوەراندا پلەوپایەیەکی بەرچاوی هەیە، بەڵام بەهۆی گوناهەکەی ئادەمی تەوراتی جوولەکەوە باری سەرشانی سەخت بووە دەبێ بەکردەوە کۆششی دەرباز بوون (ڕزگاربوون لە بەدکاری و ماددە) بکات. مرۆڤ لەلایەن ڕەب داهێنراوە (خەلق کراوە) ئازادە لەنێوان دوو شیاوەکیدا یەکێکیان هەڵبژێرێ:

– جیهانی بەرهەستی ئێستا کە مرۆڤ تیایدا دەژیا، یان – جیهانی سەروو سروشت- گیانی بەوەی پەیڕەوی ڕێ و شوێنی یەسوعی مەسیح بکات. بەم هەڵبژاردنەی، یان دێتەوە سەر زەوی و هەموو شتێک لە دەست دەدات یان دەبێتە مرۆڤێکی ئاسمانی(٦) بەهەشتی.

**دووەم**: جیهاندیدی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست لەوە دەچێ کۆششی نەکردبێ ڕێژیمی کۆیلەوبەند (عەبدایەتی) سەردەمی یۆنان و ڕۆم بگۆڕێ، بۆیە بەجۆرێکی پڕ لە سڵ و پارێز و لە بەرگی مرۆڤ پەروەری و خۆشەویستی و هیوادا بابەتەکە دەخاتە بەرچاو. یەسوعی مەسیح بە ئاشکرا داوای لە بەندو کۆیلە کردووە کۆششی ئازادکردنی خۆیان لەکۆت و پێوەندی لەش نەکەن و کۆیلایەتی پاساو داوە و بە ڕەوای زانیوە.

مەسیح وتوویەتی:

«ئەگەر زللەیەکیان لە ڕوومەتی ڕاستت دا، ڕوومەتی چەپتیان بۆ ڕابگرە» (٧)، هەروەها لەشوێنێکی تردا بە ئاشکرا هەڵوێستی خۆی دیار و دەستنیشان کردووە و گوتوویەتی:

«ئێوە بیستووتانە کە دەوترێ: خزمی خۆتانتان خۆش بوێ و قینتان لە دوژمن بێتەوە، بەڵام من بە ئێوە دەڵێم: «دوژمنەکانی خۆتانتان خۆش بوێ» (٨)

بێدەنگ بوون لەبەرامبەر دەستدرێژیداو خۆشویستنی نەیارو دوژمن، نە خۆشەویستیە نە بڕواو ئیمان قایمیە و نە هیوا و ئاوات بەخشە، بەڵکو بێدەنگ بوونە لە بەرامبەر زۆر و جەورو نادادیدا کە خۆی لەخۆیدا هەڵوێستێکە بەشداربوون لەو بەدکارییە دەردەخات. خۆشویستنی دوژمن کێشەکە ئاڵۆزتر دەکات و هۆکار و هەلومەرجە ڕاستەقینەکانی پەیدابوونی و ئینجا چارەسەرە ڕاستەقینەکەی پشت گوێ دەخات.

**سێیەم**: لە بارەی پێکهێنانی خێزان و ژن هێنان و مێردکردن دەکرێ هەڵوێستی مەسیحیەت بە نالەبار ناوببردرێ. گوایە عیسا خۆی ژنی نەهێناوە و هانی ژن هێنان و مێردکردنی نەداوە و خێزانیشی نەبووە، بۆیە مەسیحیەکان سەرگەرمی ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزان نین، بەڵام ئەم دیاردەی ڕەبەنییە بەپێچەوانەی قانوونی سروشت و کۆمەڵ و ژیانەوەیە، بۆیە مەسحیەکان هەوڵیان داوە ئەم دیاردەیە تەنیا لە چوارچێوەی کڵێسەی کاتۆلیک و لەنێوان کارمەندانیدا پیادە و جێبەجێ بکەن، بۆیە پیاو ژنی ئایینی کڵێسەی کاتۆلیک بە درێژایی ژیان بە ڕەبەنی دەمێننەوە. لەمەوە لە ئەکلیرۆسدا چینێکی ڕەبەن پەیدابووە.

٤- کۆمەڵ و دەوڵەت: ئەگەرچی بابەتی ئاکار بە

قانوون و ڕێ و شوێنەکانیەوە لە مەسحیەتدا سوودێکی زۆری لەکولتووری یۆنان بە تایبەتی کولتووری سەردەمی هیلینستی وەرگرتووە و لە دەفری جیهاندید و دۆگمە جۆربەجۆرەکانی کلێسەدا دایرشتۆتەوە، ئەوا مرۆڤ لە بارەی دەوڵەت و کۆمەڵەوە جۆرە تایبەتمەندییەکی کلێسە و لاهووتی مەسیحی هەست پێدەکات. ئەو تایبەتمەندییە لەنێو ڕێبازی دوو ڕەنگی لەش و گیان، چاکەکاری و بەدکاری، ژیان و مردن، جیهان و مەملکەتی ئاسمان، ژیرو وەحی ڕەنگ ڕێژراوە.

بیرمەندە مەسیحییەکان لەو باوەڕەدابوون کە ژیانی ئەم دنیایە شتێکی کاتییە و بەسەردەچێ و ئەوێ دێت جاویدانی و هەمیشەییە و لەناو ناچێت. پشت ئەستوور بە ئینجیل و ڕێ و شوێنەکانی ئەم ئایینە دەبێ مرۆڤی چاکەکار لە مەملکەتی ڕەبدا بە ژیان و بەختەوەری جاویدانی کە هەرگیز نابڕێتەوە و کۆتایی نایەت شادبێ، چونکە بەرجەستە بوونی ڕەب لە لەش و کلێسەی یەسوعی مەسیحدا مەبەست دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە(٩) بووە لە مەملکەتی ڕەبدا لە ئاسمان. لەگەڵ بڕوابوون بەم بنەمایە نەگۆڕاوە کە لە لاهووت و دۆگمەکانی کلێسەدا گومان هەڵنەگر بووە، بیروڕای تایبەتی لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدا کە ئایینەکە کێشاویەتی جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی ئازاد لە بارەی کۆمەڵ و دەوڵەت لەم سەرزەمینەدا بەرچاودەکەوێت: مەسیحییەکان پشت ئەستوور بە سفری یەکەمی تەورات وایان داناوە کە لەو ڕۆژەوە ئادەم لە فەرمانی ڕەب دەرچووە و لە بەری داری زانینی خواردووە بەدکار لە جیهان و لەسەر زەویدا بڵاوبۆتەوە، بۆیە میللەت بووە بە تیرەو هۆز و خێڵ و نەتەوەی جیاواز و هەریەکەی بەپێی بۆچوونی خۆی هەوڵی دوورکەوتنەوە لە بەدکاری و بەدەست هێنانی بەختەوەری دەدات. کەوابوو مێژووی کۆمەڵ و مرۆڤایەتی لەو ڕۆژەوە کە ڕەب دنیای داهێناوە لە مێژووی جەنگی نێوان بڕواو بێ بڕوا ئیمان و بێ ئیمان و دیندار و بێ دین بەولاوە نەبووە(١٠)، بەڵام دەبێ بە بەزەیی و ڕەحم لەکەسایەتی یەسوعی مەسیحدا بەرجەستە بووە و چوار مێخە کێشراوە بۆ ئەوەی گوناھ و خەتای مرۆڤ پاک بکاتەوە.

ئیتر لەوکاتەوە کۆمەڵی مرۆڤایەتی لە کەسانێک پێکهاتووە کە بیروهەست و سۆزیان بەرامبەر یەکتری کۆی کردوونەتەوە، شارو باژێڕ و کۆمەڵ و دەوڵەت لە کەسانێک کەوتۆتەوە کە خۆشەویستی و هیواو بڕوا، یەکێ خستوون. لە مرۆڤدا دوو جۆرە خۆشەویستی هەیە:

- خۆ خۆشویستن.
- ڕەب خۆشویستن(١١)

بەم پێودانگە دوو جۆرە کۆمەڵ و دوو جۆرە شارو دوو جۆرە دەوڵەت هەیە:

- شاری سەرزەوی کە شاری کەم و کوڕیی و بەدکارییە.
- شاری ڕەب کە لە ئاسمانە و جێگای دیندار و پیاو چاک و ڕەب پەرستانە و تێیدا بە بەختەوەری هەمیشەیی و هەتا هەتایی شاد دەبن.

قانوونی سروشتی بنەمای ژیانی کۆمەڵایەتییە. لەم قانوونەدا دوو ڕێ و شوێن دەستنیشان کراوە:

**یەکەم**: نابێ مرۆڤ شتێک لەگەڵ کەسانی تردا بکات کە خۆی حەز نەکات کەسانی تر لەگەڵیدا بیکەن، یان وەک لە ئینجیلدا هاتووە و وتراوە:

«دەبێ تۆ چۆن بۆ خۆتت دەوێ و حەزدەکەی، ئاوەھا بە هەمان شێوە بۆ کەسانی ترت بوێ.» (١٢)

**دووەم**: لەوە دەچێ ئەم لایەنەی دووەمە لە تەورات و تەوراتیش لە بابلەوە خواستبێیەتەوە. ڕێ و شوێنە دووەمەکە بەم جۆرەیە: «دادپەروەر بێت، هەرکەسە چی دەکەوێ و چ مافی خۆیەتی بیدەیتێ» (١٣).

کلێسەی مەسیحی کە سوودێکی زۆری لە کەنیشتەی جوولەکە Synagoge وەرگرتووە خۆی بە نموونەیەکی دنیایی مەملەکەتی ئاسمان ڕەب داناوە. بۆیە وا تەماشای دام و دەزگاکانی دەوڵەتی کردووە کە لەو پایە نزمترن و پێویستە دەوڵەت ملکەچ و گوێڕایەڵی کلێسە بێت. خۆ ئەگەر دەوڵەت پەیڕەوی ئەو بنەما ئاکارییانە بکات کە کلێسە پەسندی کردوون، ئەوا دەبێتە ئامراز و ئۆرگانێکی ئارامی و ئاشتی و ڕێک و پێکی سیستەم چەسپاندن.

دەوڵەتی سەر زەمین دەبێ ڕەب و دۆگماکانی کلێسە و مەسیحییەت بەسەرچاوەی دەسەڵاتی خۆی دابنێ، پارێزەری ئایین بێ و هەوڵ بدات بەختەوەری هەردووک دنیا بۆ هاوولاتییان دابین بکات. ئەوەندەی دەوڵەت پابەندی ئامۆژگاری و ڕێ و شوێنەکانی کلێسە بێت ئاشتی جێگیردەبێت و مرۆڤ بە ئاسوودەیی ژیانی ئەم دنیایە بەسەر دەبات.

ئەگەر مرۆڤ بە وردی ئەم قسانە هەڵسەنگێنێ، هیچ

جۆره فەلسەفەیەکی ڕێکوپێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیان تێیدا نابینێ ئەو ئەرکەی بە دەوڵەت سپێردراوە لەوە بەولاوە نییە کە دەوڵەت هیچی تر دەوڵەت نەمێنێ و بەرەنگاری بەدکاری نەبێ و ژیان و گوزەرانی ئێستای مرۆڤ بە لایەوە گرنگ نەبێ، نابێ ئەوەش لە یادبچێ کە یەسوعی مەسیح بیری لە دامەزراندنی کۆمەڵ و خێزان و دەوڵەت نەکردۆتەوە و بە ئاشکرا هەردوو جیهان و دەوڵەت و مەملەکەتی ڕەب و قەیسەری لە یەکتری جیاکردۆتەوە، ڕووی لە یەکەم کردووە و داوای دەستبەرداربوونی کردووە لە دووەمیان.

**سەرچاوە:**

**1- Die Bible., Elberfelder Ubersetzung. R.Brockhaus Verlag Wuppertal. 9.Auflage 2003.**

**2- Russell, B.,Philosophie des Abend-landes. Wien 2000. S.336.ff.**

**3- Russell, B., Ebenda. 317.ff.**

**4- Hirschberger, Johannes., Geschichte der Philosophie Bd. I. komet 12.Auflage. Frankfurt am Main 1980. S.317- 318.**

**٥- الدكتور هـ. سدجويك، المجمل في تأريخ علم الأخلاق. ترجمة كل من دكتور توفيق الطويل، عبدالحميد حمدي. ج١، ط١ اسكندرية ١٩٤٩. ص٢٤٠ فما بعد.**

**6- Hirschberger, Johannes., Ebenda. S.347.**

**7- Die Bible, Matthaeus: 5-39. Das Neue Testament.**

**8- Die Bible, Matthaeus: 5-43. Das Neue Testament.**

**٩- جلسون، إتين، روح الفلسفة المسحية في العصر الوسيط. ترجمة أ.د. أمام عبدالفتاح أمام ط٣، مكتبة مدبولي ١٩٩٦. ص٤٣٩ فما بعد.**

**10- Storig, Hans Joachim., klein Welt-geschichte der Philosophie. Stuttgart 1967. S.264.**

**١١- كرم، يوسف، تأريخ الفلسفة الاوروبية في العصر الوسيط، دارالمعارف بمصر ١٩٥٧. ص٤٥ فما بعد.**

**12- Die Bible., Das Neue Testament. Markus: 12: 31.**

**١٣- كرم، يوسف، المصدر نفسه، ص٤٧.**

# چەمکی بونیاد
# لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان
## (پێشنیارێکی ئەلفرێد ڕادکلف براون)

ماریولافلیس
لە عەرەبییەوە: ستار باقی کەریم

دەشێ یەکەمین کەس کە باسی لە چەمکی بونیاد لە زانستە مرۆییەکان کردبێت ئەوا (کلودلیڤی شتراوس)، نووسەری کتێب (ئەنترۆپۆلۆژیای بونیادگەری) بێت، کە بەیەکەم پێشەوا، یا بەڵکو دامەزرێنەری ئەم لقەی زانستەکان دادەنرێ. زۆر لە توێژەران وەک یەکەمین بونیادگەرێک ئاماژەیان بۆ شتراوس کردووە، ئەمەش واتای ئەوە دەدات کە سەرەتا بونیادگەری لە زانستی ئەنترۆپۆلوژیا دەستی پێکرد، بەرلەوەی تەشەنە بکات و سەرجەم زانستەکان بەگشتی و نەخاسمە زانستە وەرزشییەکان و زمان بگرێتەوە، کە (سۆسێر) فەزڵی یەکەم و سەرەکی لەپێش خستنیان هەبوو.

ئەم وتارەش بە پارادۆکسێکی سەرەکی ئەو بۆچوونانەی (شتراوس)دادەنرێ، کە بە درێژایی چەندان ساڵ بەهێزبوون، ئەم پارادۆکسەی لەسەر دەستی (ڕادکلف براون) هاتە ئاراوە. گەرچی بەتەواوی دژی بۆچوونەکانی مامۆستای یەکەمی بونیادگەری نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەم خاڵانە دەکات کە دەکرێت ناچوونیەک بن لە ڕووی هەندێ چەمکدا، وەکو بونیادی کۆمەڵایەتی و ئەستەم دەرکەوتنی هەر زانستێک بۆ کولتوور، یان ئەوەی پێوەندیدارە بە فۆرمی بونیادگەری. گەر وادابنێین کە خوێندنەوەی وتارێکی وا ئاسان نییە، چ جا ئەوەی پەیوەستە بەشێواز یا سروشتی ئەو هزرانەی کە دەیگێڕێتەوە، وەک ئەوەی بۆ زۆر توژینەوەی تری بونیادگەری کراوە و پێی ڕاهاتووە. لەم سۆنگەوە هەوڵی خۆمان خستە گەڕ بۆ نزیک خستنەوەی دەسەڵاتە سەرەکییەکان، تا لە تێگەیشتن نزیک بێتەوە، لەگەڵ باوەڕمان بەوەی، کە توانرا چەمکە گەورەو ئاڵۆزەکان دەرببڕدرێن، تەنها بەهاو واتاکەیان نەبێ، چونکە ئاسانکردنەوە دەبێتە هۆی لە دەستدانی تایبەتمەندییەکەی

و قوولاییە مەعریفییەکەی. لە ڕاستیدا گران دەوەستێ ئەگەر (وەزیفیەت) وەک قوتابخانەیەکی بناغە یەک ڕیزی دابنێین، کە چەندین ڕەوت دەگرێتەوە، بەڵام سەبارەت بە ئەنترۆپۆلۆژیا وەک زانستێک ئەوا هەموویان یەک دیدگەی هاوبەشیان هەیە و سۆنگەیەکی هاوبەشە کە چینە گەوهەریەکەی واقیع دەپشکنێت. ڕەنگە پارادۆکسی گرنگی نێوان (براون.... مالینۆفیسکی) لەوەدابێ، کە یەکەمیان تێبینی سەرەکی خۆی بۆ دیاردەکانی پەیوەست بە بونیادی کۆمەڵایەتی تەرخان دەکات و لە کاتێکدا دووەمیان دیاردە کولتوورییەکانی بەلاوە گرنگە. هەروەها بەم شێوەیە جیاوازی نێوان هەردووکیان دەردەکەوێت (فلیس کابیری)، (مالینۆفیسکی) وا دەبینێ کە هەردووکیان بە جووتە نەزعەی ڕامانگرێتیان لەبری سەرلەنوێ بیناکردنەوەی ڕاستییە مێژووییەکان فەرامۆش کردووەو جەختیان لەسەر پێویستی پشکنینی دەزگا کۆمەڵایەتی و هزرییەکان کردۆتەوە هەردووکیان لە سایەی تیرمەکانی کاریگەری کۆمەڵایەتی بۆ سەر دابونەریتی دامەزراوەکان، ئەوا وەزیفەیان پێشخست، بەڵام هەردووکیان لە هەمان شوێن لە یەکتر دابڕان. لە تیۆرە بونیادگەریەکەی- ڕادکلف براون- ئەوا پێشخستنێکی ڕاستەوخۆی گریمانەکانی (هربرت سبنەر و گوتەزاکانی ئەمیل دۆرکهایم) بەدی دەکەین. وەک ئیفانز بریتشارد دەڵێ: سبنسەر ودۆرکهایم ئەو دوو زانایەن کە لە هەموو کەسێک زیاتر توانیان سەرنجی زاناکانی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بۆ شیکردنەوەی فرمانگەرییەکان ڕابکێشن، ئەمەو ڕادکلف براون توانی ئەو گریمانە لە سبنسەر بخوازێ، کە لە بارەی گەشەسەندنی کۆمەڵگەکان و لە یەکچوونی ئۆرگانیکی لە میانەی ڕوونکردنەوەکەی بۆ بەردەوامیەتی فۆرمەکانی بوونی کۆمەڵایەتی دایڕشتبوو. دۆخەکانی لە یەکچوونی نێوان سیستەمی کۆمەڵایەتی و جەستەی زیندوو (گشتێکی بایۆلۆژیانە) ئەوا یارمەتی زۆری دا لە میانەی توێژینەوەی (شیکردنەوە وەزیفییەکانی). هەروەها دەنووسێت کە بەکارهێنانی چەمکی وەزیفە لە توێژینەوەی کۆمەڵگەکان، پشت بە لەیەکچوونی بوون لە نێوان هەردوو ژیانی کۆمەڵایەتی و ئۆرگانی دەبەستێ وەکو دۆرکهایم هەر خۆی پێناسەی وەزیفەی کردووە، کە گونجانێکە لە نێوان چالاکی دامەزراو و داخوازی پێویستییەکان بۆ بوونی سیستەمی کۆمەڵایەتی، ئەو دەزگایانەی کە وەک نموونەکانی دۆخی ئاکار ناسراون، ئەوا بە بەردەوامی سەقامگیری سیستەمی کۆمەڵایەتی دابین دەکەن. ئەمەو بەرهەمەکانی- ڕادکلف براون، کاریگەرییەکی قوولیان نەک هەر تەنها لەسەر ئەنترۆپۆلۆژیای ئینگلیزی سەدەی بیستەم جێهێشت، بەڵکو ئەوەی ئەم زانایە بەدەستی هێنابوو، بونیادگەرە فەرەنسییەکان بە وەزیفەیان کرد. بەتایبەت (کلود لیڤی شتراوس) زانای سۆسیۆلۆژی خودان ڕووگەی فەرمانگەری- بونیادگەری وەکو تالکۆت بارسۆنزو ڕوبیرت میرتۆن. ئەمەو جێمس فریزەر هەر لەدوای یەکەمین وانەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی دیاری کرد، پاش ئەوەی سەرکردایەتی یەکەم بەشی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی کرد لە زانکۆی لیڤربول لە ساڵی ١٩٠٨ وەک لقێکی کۆمەڵناسی بایەخدار بە توێژینەوەی کۆمەڵگە بەراییەکان، هەروەها ڕادکلف براون ئەم بۆچوونەی قبوڵ کرد، لەوکاتەی وای دانا کە میتۆدی بەراوردکاری ڕێگەیەکی سەرەکی ئەم زانستەیەو بەتوندی دژایەتی (کۆکردنەوە)ی کرد لە بەرامبەر پشکنینە مێژووییەکان. ئاشکرایە ڕەتکردنەوەی بۆ هەڵوێستی ناچوونیەک یا (دژ)ی نێوان توێژینەوەی بەراوردکاری و ئەوی تر مێژوویی، بنەماکەی لەو پۆلێنکردنەی زانستەکانەوە بوو کە (هاینبریخ ریکیرت) لەو نووسراوە بەناوبانگەی (مەعریفەی مێژوویی) و مەعریفەی سروشتی) بەکاریهێنا وەرگرت.

ئەم پۆلێنکردنەش مەعریفەی دابەشی سەر ئەم زانستانە کرد:

ئەو زانستە سروشتییانەی تەرخانی سروشتی وەک فیزیا، کیمیا کراون.

ئەو زانستە مێژووییانەی تەرخان کراون بۆ سروشت «جیولوجیا».

ئەو زانستە سروشتییانەی تەرخان کراون بۆ کولتوور «سۆسیۆلۆژیا».

ئەو زانستە مێژووییانەی تەرخان کراون بۆ کولتوور «زانستی مێژوویی».

ئەمەو ڕادکلف براون دەنووسێ من تێدەگەم ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی وەکو زانستێکی سروشتی تیۆری، بابەتەکەی کۆمەڵگەیە، واتە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەپشکنێ، بەهەمان ئەو وێکچوویەی لەلایەنی سەرەکی لە زانستەکانی فیزیا و ئەوی تریش بایۆلۆژیا بەکاردێ. لە ڕاستیدا کاریگەریەتی «ریکیرت» بەسەر نووسراوەکەی «رادکلف براون» سەبارەت بە

زانستە سروشتییە تەرخان کراوەکان بۆ کۆمەڵگە زیاتر ڕوون و بەرچاوە، ئەم دەستەواژەیەش واتای ئەوە دەدات کە:

– بەکارهێنانی هەمان شێوازێکی لۆژیکی کە زانستە تەرخانکراوەکان بۆ سروشت پەنای بۆ دەبەن، بەڵام ئەمە مانای بەکارهێنانی یا وەرگرتنی هەمان شێوازی وێکچووی کۆکردنەوەی بابەتە ئەمبریقیەکان نادات، یا تەنانەت چەمکەکانی لۆجیکی گشتێن کە بۆ هەموو جۆرە تێفکرینێکی خودان سروشتی تەجریدی دەشێن.

ئەنجامی کۆتایی پرۆسەی ناساندن و ئەو گریمانەی کە لێی چاوەڕوان دەکرێت ببێتە پاساو، ئەوا کەرەستەکەی دۆخە دیاریکراوەکانی ڕێکخستن و پرۆسە دووبارە بووەوەکانن، نەوەکو دیاردەکانی تاکگەرایی هەلاوێردراو کە لەسەر فاکتەری ڕێککەوت دەوەستێ.

## سۆسیۆلۆژیا و مێژوو

لەلای ڕادکلف براون سۆسیۆلۆژیا زانستێکی سروشتییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بەشێوەیەکی گشتگیری وا مامەڵە لەگەڵ بابەتەکەی دەکات، کە ئامانجی هەڵهێنجانی یاسایە، نەوەک دەرخستنی ئەوەی کە تاکگەرایی و ئیدیۆگرافییە، هەروەها ڕادکلف براون لەژێر کاریگەری ریکیرتدا سنووری نێوان سۆسیۆلۆژیا و مێژوو دەکێشێت، کاتێ دەبینین جیاوازی نێوان هەردوو زانست پشت نابەستێ بە جیاوازی لە بابەت، بەڵکو لەسەر بەکارهێنانی شێوازە دژیەکەکان دەوەستێ، هەروەها دەڵێ جیاوازی گەورە هەیە لەنێوان ڕوونکردنەوەی مێژوویی و ئەوی تری سۆسیۆلۆژی، یەکەمیان بەتەواوی پشت بە گریمانە ئیدیۆگرافییەکان دەبەستێ، لە کاتێکدا دووەمیان پشت بەناونراو بە «تێگەیشتنی تیۆری» دەبەستێ.

هەروەها دەڵێ: هۆکاری ڕوونکردنەوەی مێژوویی مەسەلەیەکە کە جارێک بەدەست دەهێنرێ و دەرئەنجامیشە بۆ شتێک تر، لەبەرئەوە لە هۆکاری زانستە سروشتییەکان ناچێ واتە لێرەدا ڕووداوێک دووبارە دەبێتەوە یا ڕەنگە دووبارە ببێتەوە و دەبێتە هۆکاری بەدوای یەکداهاتنی هاوشێوەکان، بەدەربڕینێکی تر گەر ئێمە لە ڕووی مێژووییەوە بوونی دەزگایەکمان ڕوون کردەوە. ئەوە مانای پشت بەستن بە نەسەقی ڕووداوەکان ناگەیەنێ کە زنجیرەیەک لە هۆکارو ئەنجامەکانی دروست دەکەن کە تێیدا دەزگا دوابازنە پێک دێنێ، کەواتە جیاوازی نێوان هەردوو ڕوونکردنەوە کە بەم شێوەیە دەردەکەوێ:

یەکەمیان: لە گریمانە ئیدیۆگرافیەکان پێک دێ، بەڵام دووەمیان دۆخە گشتگرەکان دەگرێتەوە. لە کتێبەکەیدا «بونیاد و وەزیفە لە کۆمەڵایەتی سەرەتایی» دەڵێ:

سۆسیۆلۆژیای مەعریفی و لقەکەشی ئەنترپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی وەک پسپۆریەتێکی تیۆری مامەڵە دەکا و هەوڵی داڕشتنی یاسای ئەنجامدار دەدا تاوەکو بەرازیکردنی گشتگری هەڵسێ، تێگەیشتنی تیۆری لەم دەزگایە یا یەکێکی تر خۆی لە شرۆڤەکردنی ژێر ڕۆشنایی ئەم گشتگیرکردنانە دەبینێتەوە. لێرەوە ناتوانرێ ڕوونکردنەوەی مێژوویی لەسەر شێوەی مامەڵەیەکی تاکگەرایی ڕووت لە ئەنترۆپۆلۆژیا بەکاربهێنرێت، ئەوەش لەبەر هۆکاری هونەری هەروەها کەرەستەی ئەم زانستە کۆمەڵگە سەرەتاییەکانن کە خودان هیچ سەرچاوەیەکی مێژووی نووسراونین تا ڕێگە بە دووبارە بیناکردنەوەی ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتییانە بدات کە لە ڕابردوو ڕوویان داوە، کاتێ زانای ئەنترۆپۆلۆژی کە لە دووبارە ڕێکخستنەوەی بازنە یەکەمینەکانی ئەنجامی زنجیرە ڕووداوەکان ڕووبەڕووی کۆسپ و تەگەرە دەبێتەوە ئەوا هیچی بەدەستەوە نییە، تەنیا زانیاری لەبارەی دوا بازنە نەبێت. لەبەرئەوە ناچارە پەنا بۆ میتۆدی «تێگەیشتنی» تیۆری ببا. کە دوو چەمکی ئەبستراکت کراو ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن: کە

بونیادی کۆمەڵایەتی و «فرمان»ن، بەلای «مالینۆفیسکی» هەردوو چەمکی «کولتوور- سیفەتی تەواوکراوی کولتووری- و وەزیفە » بەدی دەکەین کە دەڵێ «تیۆری فرمانگەرایی» هەوڵی ڕوونکردنەوەی ڕاستییە ئەنترۆپۆلۆژیەکان دەدا لەسایەی وەزیفەکانی لە قۆناغە جیاجیاکانی پەرەسەندنی کولتووریدا، ئەو ڕۆڵەی کە لە سیستمی تەواوکراوی کولتوور ئەنجامی دەدا، لەبەر ئەوە دەیەوێت لە سروشتی کولتوور تێ بگات نەوەکو دووبارەکردنەوەیەکی تیۆریی بۆ پێکهاتنی پرۆسەی پەرەسەندنی ڕووداوە مێژووییە بەسەرچووەکان بێت.

ڕادکلف براون دەنووسێ «ئەنترۆپۆلۆژیا خۆی تەواو بۆ بوونەوەرە مرۆییەکان تەرخان دەکا لەوکاتەی کۆمەڵایەتینە، بەگوێرەی تێگەیشتنم پێویستە فۆرمەکانی پشکداری لە شێوەکانی هاوبەش کە لەلای کۆمەڵە مرۆییەکان سەرهەڵدەدات، بپشکنێ، بەتایبەت ئەو فۆرمانەی کە بونیادی کۆمەڵایەتین و کەرەستەی سەرەکی

و جــێی بایەخی ئەو زانایانەن. لێــرەدا دەڵێ: من ئەم تێــرمــە بۆ ئامــاژەدان بەبوونی تۆڕێک لە پێــوەندییــە کۆمەڵایەتییە کردەکییەکان بەکاردێنم، ئەم پێوەندییانەش وەک کــەرەســتــەیەک بۆ پشکنین باس دەکــەم، من وەک ئەنتــرۆپۆلۆژییەکی کــۆمەڵایەتی نەوەکو ئەتنۆلۆژییــەک یا دەروونزانێک کاردەکەم، بەڵام ئەو شتە مانای ئەوە نادات کــە پشکنینی بونیــادی کــۆمــەڵایەتی واتا هەمــوو ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا من وەک پتر لە بەشێکی ئەوانی تر لەم زانســتــە، مــامــەڵەی لەگــەڵدا دەکــەم. لە کــاتێکدا هەندێ لە زانایانی ئەنتــرۆپۆلۆژیا وەکو فێرث- ئیفانز بریتشارد یا فورتز) تێرمی (بونیادی کۆمەڵایەتی) ناو دەنێنە ئەو کۆمەڵە مرۆییانەی بەرگری لە سیفەتەکانی وەکو بەردەوامیەتی «جێگیری ناسنامە» کــردووە، وێڕای ئەو ئاڵوگــۆڕەی کــە لە بەردەوامی نێــوان ئەندامــانی وەکــو «هۆز، بەرەباب، خــێل تاد لە ئارادان. ڕادکلف ئەم چەمکە بە پۆلێکی دیاریکراوی پێوەندییــە کــۆمــەڵایەتییــەکــان دەبەســتــێــتــەوە کــە: بابەتگەرییــە «ســەبجــێکتــیــڤــیــەتی»، واتە لەســەر دۆخــەکــانی لێکۆڵینەوەی فیزیکی بەندە وەکو «پێوەندی خزمایەتی، دەسەڵات».

خــەڵک لەلایەنی ئەو ڕۆڵە کــۆمــەڵایەتییــانەی کــە لە چوارچوەی گــشــتــیدا جــێبــەجێی دەکەن، جیــادەکرێنەوە بەگــوێرەی مــەرجی یەکــەم، ئەوا ڕەگــەزەکــانی بونیــادی کــۆمــەڵایەتی ئەو پێــوەندییــە کــۆمــەڵایەتییــانەی کــە بەردەوامن لەلایەنی دۆخەکانی دەستەبەرکردنی فیزیکی، لە مــەرجی دووەمــدا پێکهــاتەکــانی بونیــاد ئەو پێوەندییانەی کە جیاوازی لەنێوان چالاکی ئەندامانی کــۆمــەڵە دەکــات، ڕادکلف براوان پێی وایە دابەشکردنی چالاکی دەبێــتــە خــاســیــەتێکی گــرنگی بونیــادی کۆمەڵایەتی، کە زۆر کات بەرامبەر دەبێ لەگەڵ ئەوەی بە دابەش بوونی کۆمەڵایەتی بۆ کار ناودەبرێ.

شــتــێکی ئاســاییــە کــە پشکنینی بونیــاد مــانای بایەخــەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای کــۆمەڵایەتی نییــە، بەڵام بەلای ئەو زانایە لەبەر سێ هۆ بەشــێکی ســەرەکی ئەم زانستەیە:

١- بونیادی کۆمەڵایەتی مانای بنەمای کۆمەڵگەو مل کەچپێکردنی تاکەکان بۆ هەموو چالاکییەک دەگەیەنێ، هەروەها کــۆمــەڵێ دۆخی پشت بەســتــووی ئاڵــوگــۆڕە لە نێوان تاکەکانی گرووپدا.

لەسەر ئەم بنەمایەش هەموو دینامیکیەتی کۆمەڵایەتی بەگــوێرەی پایەکــانی بونیــاد ملکەچی ڕاڤــەکــردنن: کۆپیکردنێکە بۆ بونیــادی باو یان گۆڕینەکــانی، لێرەدا دەڵێ: بیــرۆکــەی پێشــڤــەچوونی کــۆمــەڵایەتی پشت بەو چەمکانە دەبەســتــێ کــە پێــویســتــە بەپێی زاراوەکــانی بونیادی کۆمەڵایەتی پێناسە بکرێن.

بونیــــاد هۆکــــاری ڕاســــتــــەوخــــۆ بۆ ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کە لە نەسەقێکی ئاوای ڕووداوەکان ڕێک دەخرێ کە (براون) بە (پرۆسەی هەنووکەیی) ناوی دەنێ، لەبەرامبــەر پرۆســەی کۆمەڵایەتی دۆخــەکــانی زۆر ئاکار و ئاوێزەبوونی نێوان تاکەکانی کۆمەڵە پێک دێ.

بەڵام ئەوەی بڕیاریشی لەســــەر دەدات پێــــوەندییــــە کۆمەڵایەتییەکانە کە ئەو تاک و ئەوی تر دەگرێتەوە، بەم واتایەش بونیــادی کــۆمــەڵایەتی هۆکارێکە بۆ ڕەفــتــاری تاکەکان یان کرداره زۆر ئاڵۆزترەکان.

ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی کە لە هەر کۆمەڵگەیەک بەدیان دەکەین ئەنجامی ڕاستەوخۆی سروشتی تاکەکانی نییــە، بەڵکو ئەوە ئەنجامی گرێدانیــەتی لە چوارچێــوەی بونیادی کۆمەڵایەتی.

لای ڕادکلف براون ئەرکی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمــەڵایەتی داڕشــتــنی گــریمانە پاســاودارەکــانە ئەوانەی تایبــەتن بەمــەرجــەکــانی بوون (ئیگزیســتی ســیــســتــمــە کۆمەڵایەتییەکان) کە یاسای ستاتیکی کۆمەڵایەتی»یە، هەروەها دۆخــەکــانی ڕێکخســتن کــە لە پرۆســەی گــۆڕانی کۆمەڵایەتی «یاسای دینامیکی کۆمەڵایەتی« دەتوانرێ چاودێری بکرێ.

لەبەر ئەوە گران نییە تێبینی ڕێگەی گەیشتن بە گریمانە گــشــتــیــەکــان بکەین لە هەردوو کــایەی دینامــیکی و ســتــاتیکی بەیەکــەوە، کــە لە ڕێگەی بەراوردی نێــوان جۆرەها شێوەی بینای کۆمەڵایەتی دەستــەبەر دەکرێت. دەتوانین چاودێری واقیــعی کۆمەڵایەتی بەرجەستەکراو بکەین کە لە ڕووداوەکان و پێوەندییە باوەکانی نێوانیان پێک دێ، واقــیع تەنیا ئاژاوەی ڕووداوەکــان نییــە، زۆر لەوانە لە کــاتی دووبارە بوونەوەی دۆخەکانی ڕێکخستن دروست دەبن. ئەرکی ئەنثــرۆپۆلۆژست دۆزینەوەی ئەو دۆخــانەو دەســتنیــشــانکردنی چوارچێــوەو مــەرجی دەرکــەوتنیــانە هەروەکــو (کــرویبــر) دەڵێ پشکنینی گــەوهەری گــرووپە کــۆمــەڵایەتیــەکــان مــەبەست لێی دەســتنیــشــانکردنی فــاکــتــەرە دیار و جــێگیــرەکانە، بە مــانایەکی تر دەســتنیــشــانکردنی دۆخــە تەجــریدییــە دابڕاوەکانە لە دیاردە هەنووکەییەکان لە کات و شوێن و

لە دۆخەکانی جیاکردنەوەی جۆرایەتی.

## ماهیەتی بونیادی کۆمەڵایەتی

هەمان هەڵوێست لەلای ڕادکلف براون بەدی دەکەین، بەڵام ئەو پێچەوانەی «کروبیر» گریمانە دەکا کە فاکتەری هەرە جێگیری دابینکەری ڕێکخستنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ئەوا بونیادە. بونیادی کۆمەڵایەتی وەکو زانراوە ملکەچ کردنێکە بۆ تاکەکان لە چوارچێوەی تۆڕی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە دۆخی ڕەفتاری تاکەکان ڕێک دەخات لەو دۆخانەی کە بەدوای یەکداهاتنییان دیاریکراو و دووبارەیە، بەڵام لەلایەکی تر بونیاد بەلای- ڕادکلف براون- گەر پەنامان بردە بەر زمانی (کروبیر) ئەوا «تەجریدێکی دابڕاوکراوە لە دیاردە هەنووکەییەکان لە کات و شوێن و لەباروودۆخەکانی ئەو جیاوازییە جۆرایەتییەی کە هەیە ئەم دەرە ئەنجامەش پێویستی بە هەندێک تێبینی هەیە، بۆ ئەو تێگەیشتنەی کە ڕادکلف بۆ بونیاد وەریگرت و کلۆدلیڤی شتراوس بەشێوەیەکی توند ڕەخنەی کرد، شتراوس ئەم زانا ئینگلیزەی بەوە تاوانبار کرد کە هەڵوێستێکی ئەمبریقی وەرگرتووە لەبارەی تێگەیشتنی بۆ بونیاد، کاتێ بە کۆمەڵێک لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەراورد کرد، هەروەها «فۆرتیس» ڕەخنەکەی بەهەمان ئاراستە دەڕوات، کاتێ دەنووسێ «لە واقیعێکی بەرجەستەکراو ناتوانرێ ڕاستەوخۆ دەست بگرین بە بونیاد، کاتێکیش بمانەوێت سیفەتەکانی بونیادی دیاریکراو دەستنیشان بکەین، ئەوا دەبێ ئەم پرسە لەسەر ئاستی زانستەکانی ڕێزمان نەوەکو «قسە» باس بکەین. هەردووکیان ڕەخنەی «ڕادکلف براون» دەکەن، چونکە وەک بەشێک لە واقیعی دیاردەگەرایی مامەڵە لەگەڵ بونیادی کۆمەڵایەتی دەکا و هەروەها وەک بەشێک لە واقیعی کۆمەڵایەتی سنووردار تێی دەگا، لە ڕاستیدا «ڕادکلف براون» ئەم گریمانە وەردەگرێ کە پێی وایە بونیادی کۆمەڵایەتی ڕێگە بە چاودێریکردنێکی ڕاستەوخۆ دەدات، هەرچەندە وای ناساندووە کە بریتییە لە کۆمەڵێک پێوەندی کۆمەڵایەتی. لە وەیان دژە ناوەکییەک هەیەو گەر بونیاد کۆمەڵێک بێت لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوکاتە بەشێک نابێت لە واقیعی دیاردەگەرایی، هەروەها ئەگەر بەشێک بێت لە واقیعی بەرجەستەکراو، ئەوا ناتوانرێ کۆمەڵێک بێت لە پێوەندییەکان، بۆ نموونە ئەم پێوەندییانەش «پێوەندی خزمایەتی، دەسەڵات»ن، ئەوانە لە خودی خۆیاندا دیاردەیەک نین تا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بتوانرێ چاودێری بکرێن بونیاد لە پرۆسەی ناساندنە ڕاستەوخۆکان نادۆزرێتەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە میانەی چاودێری دۆخی ڕەفتارەکان نەوەکو لە ڕێگەیەکی ترەوە.

ڕادکلف براون گریمانەی ڕەفتاری ئەندامانی کۆمەڵەیەک لە هەڵوێستێکی دەرکەوتووی دیاریکراو و لەگەڵ پێوەندییە باوەکانی نێوانیان دەکات کە بونیادی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵەیە ئاوەژوو دەکاتەوە، بەڵام مامەڵە لەگەڵ هەموو چالاکییەکان ناکات، بەدیاریکردنی «سیفەتی بونیادگەرە شاراوەکان»، بەڵکو بەهای ئاماژە لەو دۆخانەی ڕەفتارکردن دەبینرێن کە: ١- دووبارە دەبێتەوە. ٢- خودانی سروشتی دۆخەکانی کارلێکردنی هەنووکەیی لە چوارچێوەی کۆمەڵەیەکی دیاریکراوی تاکەکان دەکا. ڕادکلف براون بونیاد وا پێناسە دەکا کە «ڕێکخستنی تاکەکانە لە چوارچێوەی ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە دەزگاکان چاودێریان دەکا، یا دیاریان دەکا، واتا جێبەجێ «اقرار» کردنی ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان یا نموونەکانی ڕەفتارە. بەم پێناسەوە گەڕانە چڕانەی تر دەگەینە ئەوەی کە بونیاد بە تەنها نا، بەڵکو سیستمە کۆمەڵایەتییەکانیش بڕیار لەسەر واقیعی دەرەوەی دیاردەگەرایی واتە واقیعی پەنهان دەدات، «ڕادکلف براون» ئاماژە بەوە دەدات کە سیستمە کۆمەڵایەتییەکان تا ئەوکاتەی بونیادی کۆمەڵایەتی بەردەوامی لە ئارادا بێت، ئەوە ئەوانیش مانەویان مسۆگەر دەبێ.

وەکو ئاشکرایە دەرەئەنجامەکەی بەم شێوە کورت دەکاتەوە، ئەوەی بڕیاری پارێزگاری دەدا لە بەردەوامییەتی بونیادگەری «فۆرمی بونیادگەری»یە، زانای پۆلەندی «ئەندجی پالوخ» پێی وایە ئەو چەمکە نوێیە یەکێکە لەو چەمکانەی کە ڕادکلف براون پێناسەیەکی تەمومژاوی بۆ کردووە و ئەوەی مەبەستێتی سیفەتە گشتییەکانی بونیادە، کە بڕیاری فۆرمە سەرەکییەکانی واتە «پەیکەر و وەزیفە» دەدا، بەڵام چەمکی «فۆرمی بونیادگەری» بەتەمومژاوی دەمێنێتەوە، هەرچەندە ئەو درێژە بەگەڕان دەدا بۆ دۆزینەوەی ماناکەی لەسەر ئاستی سیفەتە زۆر گشتییەکانی بونیاد، هەروەها ئاماژە بە لیڤی شتراوس دەدا کە دەڵێ: لە هزری تیۆری ڕادکلف براون گرنگی فۆرمی بونیادگەری کەم دەبێتەوە، بەڵام من ئەم تێبینییە ڕەخنەییانە بە نا دروست دەبینم، چونکە تێرمی «فۆرمی

بونیادگەری» بریتییە لە:

- بەشێوەیەکی ورد پێناس کراوە.
- خودان گۆڕنێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ بونیاد.
- گرنگیەکی تیۆری گەورەی هەیە.

ئەوەی تایبەتە بە خاڵی یەکەم ئەوا پێویستە ئاماژە بە «ڕادکلف براون» بکەین «دەبێ وەسفی فۆرمی بونیادگەری کۆمەڵایەتی لە سایەی نموونەکانی ڕەفتاری تاکەکان و کۆمەڵەکان کە لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی پێوەندییەکان پەنای بۆ دەبەن، بکەین. ئەم نموونانەش کە لەسەر شێوەی کۆمەڵێک بنەما داڕێژراون کە دابەشکراونەتە سەر ئادابی تێکەڵ بوون و پرنسیپە ئەخلاقی و یاسایەکانی، هەروەها دەڵێت: توێژینەوەی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان «فۆرمی بونیادگەری» لە چوارچێوەی جۆرەها سیستمی کۆمەڵایەتی کە بە «مۆرفۆلۆژیای کۆمەڵایەتی» ناودەبرێ. دابی کۆمەڵایەتیش بەکۆمەڵێک یاسای ڕەفتارەکان پێناسە دەکات، لەلای «ڕادکلف براون» تێرمی «فۆرمی بونیادگەری» مانایەکی زۆر ڕوونی هەیە، مانای بوونی کۆمەڵێک بنەماو ڕەفتارەدا کە لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییە دیارەکان دەمێنێتەوە، ئەوەش لەبەر هاوشانی بوونیەتی لەگەڵ دەزگا و بونیادگەریەتی کۆمەڵایەتی، هەروەها دەکرێ بە ئاسانی لەگەڵ سیستمی دەزگا باوەکانی نێو کۆمەڵە مرۆییەکان بەراوردبکرێ، لە ڕاستیشدا لە میانەی نامەیەکی «ڕادکلف براون» بۆ «کلۆد لیڤی شتراوس» فۆرمی بونیادگەری بەشێوەیەکی تەواو جیاواز دیاری دەکات، ئەوەش مانای ئەوە دەدا کە ئەم فۆرمە جۆرێکی بونیادە: «کاتێ کۆمەڵێکی دیاریکراو لە هۆزەکانی ئوسترالیا دەپشکنم ئەوا لە نێویان پێوەندییەکی ڕێکخراو بۆ ژمارەیەکی دیاریکراوی تاکەکانی خێزانەکان بەدی دەکەم، ئەو پێوەندییانەش لەنێو ئەو کۆمەڵە لە ماوەیەکی دیاری کراوی زەمەنی بە بونیادی کۆمەڵایەتی ناودەنێین، لە میانەی پشکنینم بۆ یەکێک لەناوچەکان ئەوانەی کۆمەڵە لۆکاڵییە سادەکانی خودان سیفەتی «میکانیکین» دەتوانم وەسفی فۆرمێکی دیاری بونیاد بکەم، ئەوکاتەی گوتەزای فۆرمی بونیادگەری کە کۆمەڵێک لە یاساو نموونەکانی ڕەفتار دەگرێتەوە وەردەگرین، واتە سیستمەکانی دەزگا، ئەوا ئەوکاتە دەبینین کە فۆرمی تێرمی بونیادگەری واتای «سیفەتە هەرە گشتییەکانی بونیاد» نادات، لەگەڵ ئەوەی گۆڕاوەتە سەر ئەو هۆکارانەی کە فۆرمە سەرەکییەکانی وەکو «پەیکەر و وەزیفە» دیاری دەکەن. زۆر بەڕوونی دەتوانرێ فۆرمی بونیادگەری لە دەزگای بەناو «بۆتلاش» دەربخرێ کە بەشێوەیەکی سەرەکی خۆی لە ئاڵوگۆڕی دیارییەکان لەنێو هندییە سوورەکانی «کەنەدا» دەبینینەوە، ئەوی تریش لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا بە «پێوەندی گاڵتەجاڕی» ناونراوە، ڕادکلف براون دەنووسێ: «کاتێ ئامادەیی بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی لە ئارادابێ ئەوا میکانیزمی ئابووری کۆمەڵگە بەشێوەیەکی تەواو نوێ دەردەکەوێ، ئاڵوگۆڕی بەرهەمەکان و خزمەتەکان ئەنجامن، لە هەمان کاتیشدا نێوەندێکن کە لە بونیادی دیاریکراو دەمێننەوە، کە ئەوەشیان تۆڕێکی باوی پێوەندی نێوان کەسەکان و کۆمەڵەکانە.

بەلای سیاسەتمەدار و ئابووریناسانی کەنەدا، لە ئاڵوگۆڕی دیارییەکان زێدە خەرجی دەکەن کە ئەوەش بەڵگەی بەفیڕۆدان و گێلێتییانە، هەر لەبەر ئەوەشە کە یاساغ کراوە، بەڵام بەلای ئەنترۆپۆلۆژییەوە ئەوەیان میکانیزمێکی پارێزگاری کردنە لە بونیادی کۆمەڵایەتی بۆنەوەو بەرەباب. کاری ڕاوچێتیش کە سیستمی پایەی کۆمەڵایەتی پێوە بەندەو کۆمەڵێک ئیمتیازات دیاری دەکەن، هەروەها لەساتی یەکەم «پێوەندییەکانی گاڵتەجاڕی» گەر لە میانەی بونیادی پێوەندییە خزمایەتییەکان بمپشکنیبوایە ئەوا زانراو نەبوون، ئەم پێوەندیانەش وەکو زانراون بەردەوام دوالیزمی نین، ئەم کۆمەڵگایانەش دابەشی سەر کۆمەڵگەی پاتریارکی دەکرێن، واتە بەسەر کەسانی تر، خودانی دەسەڵاتە. کاتێ لە چوارچێوەی سیستمی خزمایەتی خوێن، ململانێ سەرهەڵدەدا، ئەوا هەڕەشە لە تەواوی بونیادی کۆمەڵایەتی دەکا، بەڵام ئەم ململانێیە بەرێکی و لە ڕێگەی سرووتەکانی «پێوەندی گاڵتەجاڕییەکان» بەتاڵ دەکرێتەوە، بەم شێوەیە پارێزگاری لە بونیادی کۆمەڵایەتی دەکرێ.

ڕادکلف براون ئەم پێوەندیانە وا وەسف دەکات کە «پێوەندییەکی باوی نێوان دووکەسە یەکێکیان ئازادە، لە هەندێ کاتی دیاریکراویش مولزەمە بە وورووژاندنی بەرامبەر و گاڵتەپێکردنی، بەڵام دووەمیان مافی هەستکردنی بە ڕیسوابوون نییە، زۆری گاڵتە پێکردنەکە بە قسە دەبێ، بەڵام هەندێ کات ڕەگەزی جیا دەگرێتە خۆی تەنانەت زۆرکاتیش مولتەزیم نابێ. بەم شێوەیە دەبینین نەریتی گۆڕینەوەی دیاری مانای مانەوە لەسەر

جیاوازی کۆمەڵایەتی دەدا، پێوەندییەکانی گاڵتەجاڕیش ڕێگەیەکن بۆ دوورخستنەوەی ئەو ململانێیانەی کە لە سیستمی خزمایەتی لە دایک دەبن، بەگشتی هەردوو نەریت خزمەتی پرسی پارێزگاریکردن لە «بەردەوامی دینامی بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی» دەکەن، هەروەکو ئەوەی بەشێکە لە پێکهاتەکانی فۆرمی بونیاد گەری، «ئەلفرێد کروبیر» وا دەبینێ کە «ڕادکلف براون» نوێنەرایەتی شێوەیەکی بەرزی ئەو ئەنترۆپۆلۆژیایە دەکات کە شێلگیرانە چەخت لەسەر چەمکی کولتوور دەکاتەوە سەرباری ئەو پاشەکشێیە بەرچاوە، ئەو وایدادەنێ کە بونیادی کۆمەڵایەتی ناوچەیەکی سەرەکییە لە خانەی کۆمەڵایەتی، کولتووری. لە ڕاستیدا گوتەزاکانی «کروبیر» نیشانە سەرەکییەکانی نەنسرۆبۆلۆژیای ڕادکلف براون دیاری دەکەن کە نکوڵی لە تێرمی کولتووری ناکا، بەڵکو دەرکەوتنی زانستێک بۆ کولتوور بە ئەستەم دەزانێ لەگەڵ ئەوەی چالاکییە تیۆرییەکەی ئەو کردەوەی لێ دەوەشێتەوە، ئەو نەیتوانی جیاوازی ڕوودانی دیاردە کولتوورییەکان لە خانەی بایەخە پەتییەکانی بکات. هۆکەشی ئەوەیە، کاتێ ئەو باسی کولتوور دەکا، ئەوا ئەو ناولێنانە بەکارناهێنێ هەروەکو ئەوەی باسی ڕەگەزەکانی کولتووری ڕێساکان و هەروەها نموونەی ڕەفتار ناکات، تەنها لەمیانەی پێوەندییەکانی بە بونیادی کۆمەڵایەتییەوە نەبێ، ئەم هەڵوێستە خۆی تەواو لە تێرمی «فۆرمی بونیادگەری» دەبینێتەوە کە ئەویش مانای ئەو دیاردانە دەدات کە بەشێوەیەکی تەقلیدی بۆ ناوچە کولتوورییەکان دەگەڕێتەوە. بەم شێوەیە لیڤی شتراوس هەڵەیە، کاتێ دەڵێ: ئەم تێرمە بایەخێکی گەورەی لە تێگەیشتنی «ڕادکلف براون» نییە.

**سەرچاوە:**
**گۆڤاری آفاق عربیة، ژمارەکانی ٤،٣،٢**
**السنة السادسة عشر/ ١٩٩١**

# گەشە و سەرهەڵدانی چەمکی نەتەوە لە سەدەی هەژدەیەمەوە تا سەدەی بیستەم

**دانان و کۆکردنەوەی: دوروتە ئاوایدینکر**
**لە فارسییەوە: مەهدی عەلی ئەحمەد**

چەمکی نەتەوە (nation) کە لە وشەی لاتینی (nasci) بە مانای لەدایکبوون وەرگیراوە، بە درێژایی مێژوو لەبواری ماناوە ئاڵوگۆڕی زۆری بەخۆوە بینیوە. ئەو وشەیە لەلایەن نووسەرانی ڕۆژگاری کۆنی وەک «تاکیتوس» بە مانای (ڕەچەڵەک -بنەماڵە) بۆ وێنە بنەماڵەی جێرمەنەکان، بە مانای کۆمەڵگایەک لە باب و باپیرانی سەربە بنەماڵەیەک بەکار هێنراوە. نووسەرانی هاوچەرخی ناوبراو و هەروەها قۆناغەکانی دواتر، هۆزەکانی سەردەمی کۆچەرەتی، قەومەکانیان بە نەتەوە ناو بردووە کە لە بواری قەومییەوە بەهیچ شێوەیەک یەکدەست و هاوشێوە نەبوون، وەک بنەماڵەکانی تاکیتوس خاوەنی سەرچاوەیەکی قەومی یەکسان نەبوون، بەڵکو چەندین گرووپی مەزهەبی و گرووپی دیکە بوون کە بە مەبەستی کۆچکردن لە دەوری یەکدی کۆدەبوونەوە.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا چەمکی نەتەوە جارێکی دیکە لەکاتی باسکردنی ڕەچەڵەک و بنەماڵەی مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆکان و هەروەها بەشداربووانی کۆبوونەوەی کلێساکان سەری هەڵدایەوە کە «نەتەوە»ی بەڕەچەڵەک ئەڵمانی، فەڕەنسی، بەریتانی و ئیسپانی ناو نرابوو. لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتای چەرخی نوێدا بە کۆمەڵێک خەڵکی خاوەن مافی دەنگدان و بڕیاردان لە مەسەلە سیاسییەکانی ناوچەکەیان دەگوت «ناسیون» یان «نەتەوە» کە نوێنەرانی پیاوانی ئایینی و گەورە پیاوان بوون. نوێنەرانی ناوچە جیاجیاکان، بازنەی شار و شارۆچکەکان لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی ڕایش هەتا ساڵی ١٦٤٩ وەک بەشێک لە نوێنەرایەتی ڕایشی ڕۆمی پیرۆزی

نەتەوەی ئەڵمانیا سەیر دەکرا. لە فەرەنسا چینی «سەرووی کۆمەڵ» وەک نوێنەرانی چەندین گرووپی دیاریکراوی کۆمەڵگا و خاوەنی مافی بڕیاردان لەپێوەندی لەگەڵ باجدا بوون، ناوی نەتەوەیان لەخۆ نابوو و سەرەنجام کۆمەڵەی هاوبەش پێکهاتوو لە ئەڵمانییەکان، مەجارییەکان و سزکلرییەکان کە لە سەدەی پازدەیەم بەسەر ناوچەی ڕۆمانیای ئەمڕۆدا فەرمانڕەواییان دەکرد، ناوی یەکێتی سێ نەتەوەیان لەسەرخۆ دانابوو. بەڵام لەسەرەتای چەرخی نوێدا چەمکی نەتەوە بەشێوەیەکی بەربڵاو بۆ ناوهێنانی چینی دەسەڵاتداری هەر وڵاتێک بەکار دەهێنرا. بۆ وێنە نەتەوەی گەورە پیاوان. مافی دەستێوەردان لە سیاسەت بەتایبەت لەپێوەندی لەگەڵ بڕیاردان لەسەر باج بۆخۆی بە ڕەوا دەزانی و خۆیشی لە دانی باج دەبوارد و بەم شێوەیە – لانی کەم بەشێکیان – لەلایەک کەوتنە دژایەتی شا و لەلایەکی دیکەوە پاشماوەی خەڵک کە زەختی زۆری باجیان لەسەر شان بوو، خاوەنی بچووکترین مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان نەبوون.

## «چینی سێیەم» لەجیاتی «نەتەوە» لە فەرەنسای سەدەی هەژدە

بەهۆی ئەو دژایەتییەوە دەتوانین لە هەوڵەکانی «ئابە سییە» بۆ پێناسەی سەرلەنوێی چەمکی نەتەوە (ناسیون) تێبگەین کە لەسەر ئەو بڕوایە بوو نوێنەرانی ئەو بەشە لە فەرەنسییەکان کە باج دەدەن (واتە چینی جووتیاران) دەبێ خاوەنی بڕیاردان بن سەبارەت بە باجدان، بۆیە جێگای خۆیەتی ناوی نەتەوەیان لەسەر دابنرێت. هەڵبەت لە ناو نوێنەرانی چینی سێیەمدا جووتیاران بەکردەوە نوێنەرێکیان نەبوو و ئەم چینە کۆمەڵایەتییە سەرەڕای ئەوەی پێش شۆڕشی فەرەنسا هێشتا بەتەواوی لە کۆیلەیەتی ڕزگاری نەببوو، نەیدەتوانی خۆی وەک بەشێک لە نەتەوە بزانێت. توێژی خوارووتر لە هاووڵاتیان و جووتیاران (خزمەتکارەکان، قەرەواشەکان، مووچەخۆران و تاد...) وەک ئافرەتان بەشێک لە نەتەوە نەبوون. پەرەگرتنی پێناسەی نوێی «سییە»، زۆربەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی فەرەنسای لە مافی دەستێوەردان لە چارەنووسی سیاسی بەشدار کرد. بەم شێوەیە نەتەوە چوارچێوەیەکی بەربڵاوتری کۆمەڵگای گرتەوە. هاوکات «سییە» بیرۆکەی مافی سروشتی هێنایە گۆڕێ کە بەپێی ئەو بیرۆکەیە، مافگەلێک هەن کە لەسەرووی یاسای دەوڵەتێن و جیا لەو مافانەیە کە شا دیاری کردووە. مافی سروشتی پێش مافی دەوڵەتی هەبووە و لەسەرووی ئەو مافانەدایە. سییە ڕوانگەی وایە کە نەتیا نەتەوەیە کە لێوەشاوەیی دیاریکردنی ئەم مافانەی هەیە، سەلماندیشی کە ئەم بیرۆکەیە بە مانای وەرگرتنی دەسەڵات لە فەرمانڕەوایی دەسەڵاتدار بوو.

## عەمانۆئیل ژۆزێف سییە: چینی سێیەم چییە؟ (١٧٨٩)

عەمانۆئێل ژۆزێف سییە (١٧٤٨ – ١٨٣٦) شۆڕشگێڕی فەرەنسی، لە بنەماڵەیەکی خوارووی کۆمەڵ، ساڵی ١٧٨٨ نوێنەری ئۆسقۆف لەشاری شارترەی فەرەنسا، هەمان ساڵ و ساڵی دواتر نووسینی وتار بە قازانجی نەتەوەی پێکهاتوو لەو هاووڵاتیانەی کە مافی یەکسانیان هەیە و بە دژی دانی پلەی تایبەتی بە دوو چینی دەسەڵاتدار (گەورەپیاوان و پیاوانی ئایینی). لەسەر داخوازی ناوبراو نوێنەرانی چینی سێیەم لە ١٧٨٩ دامەزراندنی پەرلەمانی میللییان ڕاگەیاند. لە دارشتنی دەستووری ساڵی ١٧٩١دا بەشدار بووە و ساڵی ١٧٩٩ ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەری یەکەمین کۆماری فەرەنسا، هاوکاری لەگەڵ ناپلیۆن، کونسولی ناپلیۆن، ساڵی ١٨١٥ بۆ ماوەی سی ساڵ بۆ برۆکسێل دوور خرایەوە.

(نەتەوە چییە؟ نەتەوە ئەو کۆمەڵگایەیە کە لە سایەی یاسایەکی هاوبەشدا دەژین و لەلایەن پەرلەمانێکی یاسادانەرەوە نوێنەرایەتی دەکرێت. بەڵام ئایا ئەمە ڕاستییەک نییە کە گەورەپیاوان خاوەن ماف و پلەی تایبەتین، مافێک کە لەلایەن ئەم چینە رووهەڵماڵدراوانەوە بە «مافی خۆیەتی» دەناسرێن؟ ئایا ئەمە ڕاستییەک نییە کە ئەوان مافی خۆیان لە مافی بەشێکی زۆر لە کۆمەڵ جیا کردووەتەوە؟ ئەم چینە بە کردەوە خۆیان لە یاسای هەمەلایەنە هێناوەتە دەرێ. تەنانەت مافی هاووڵاتی بوونی ئەم چینە بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێکی سەربەخۆ لەناو نەتەوەدا. ئەم چینە لە

مـافی سـیـاسی خـۆی بەشـێـوەیەکی تایبـەتی کـەڵک وەردەگرێت و نوێنەرانی لەلایەن خەڵکەوە هەڵنەبژێردراون و لە پشتیوانی خەڵکی بێبەرین. نوێنەرانی لەبەر دوو هۆ لە خـەڵک بێگانەن، یەکـەم ئەوەی کـە هەڵبـژێردراوی خەڵک نین و دووەم ئەوان لەپێناو بەرژەوەندی بەشێکی تایبەتی و دیاریکراودا تێدەکۆشان. چینی سێیەم خاوەنی هەمووی ئەو شتانە بوون کە پێیان دەگوت نەتەوە و هەر شتێک کە پێوەندی بە چینی سێیەمەوە نەبێت ڕێگای پێ نادرێت خۆی بە نەتەوە بزانێت، هەربۆیە چینی سێیەم هەمـوو شـتـێکە، نەتەوەیە... پێش لە هەمـوو شـتـێک نەتەوە بوونی هەیە، نەتەوە سەرچاوەی هەمـوو شـتـێکە، ئیرادەی ناوبراو هەموو کاتێک یاساییە، نەتەوە بۆ خۆی یاسایە.)

### چەمکی ئابووری نەتەوە لە سەدەی نۆزدەدا

«فریدریش لیست» لە نووسراوەکانیدا لەساڵی ١٨٤١ چەمکێکی دیکەی لە وشەی نەتەوە پێشکەش کرد. لە ڕوانگەی ئەوەوە نەتەوە دەوڵەتێکی داخراو و هاوچەقە بە ڕادەیەکی پێویست لە ژێرخان و هەلومەرجێکی یەکگرتوو بۆ بازرگانی و ئاڵوێرکردنی دراو. فەرەنسا و بەریتانیای گـەورە سـەمـبـولی ئەو بوو کـە لە هەمـان سـەدەکـانی ناوەڕاسـتـدا ڕێڕەوی دەوڵەتی ناوەندگـەرای دەپێـوا و لەسەدەی نۆزدەیەم وەک یەکەکانی گەورەی ئابووری هاتە ئاراوە. «لیست» لایەنە سیاسییەکانی چەمکی نەتەوەی لەبەرچاو نەگرت کە بۆ «سییە» گرنگییەکی زۆری هەبوو. لەو پێـوەندیـیـەدا بۆچوونی سـیـیـە سـەبارەت بە تێکەڵاوکـردنی مـاف و ئازادییـەکـان لەگـەڵ مـافی دەستێوەردان لە چارەنووسی سیاسی بەشێکی بەربڵاوتر لە کـۆمـەڵگا بوو. بەڵام بۆ «لیـسـت» یەکگرتنی ناوچە ئەڵمانی زمانەکانی ناوەندی ئەورووپا لەسەرووی هەموو شـتـێکدا بوو کـە دوای «ئاشـتـی ڤێـسـتـفـاڵن» بەسـەر چەندین ناوچەی سەربەخۆدا دابەش کرابوون.

### فریدریش لیست:
### سیستەمی میللی ئابووری سیاسی ١٨٤١

فـریدریش لیـسـت ١٧٨٩ - ١٨٤٦، ئابووریناس (ئابووری نەتەوەیی) و سیاسەتمەدار، ساڵی ١٨١٧ بۆ ماوەی سێ ساڵ پرۆفیسۆر لە تۆبینگنی ئەڵمانیا، دواتر دەرکرا و ڕەوانەی بەندیخانە کرا، چووە ئەمریکا و ساڵی ١٨٣٠ خۆی گەیاندە کونسولی ئەمریکا، ناوبراو یەکێک لە پارێزەرانی سـەرەکی دامـەزرانی ڕێگای ئاسن لە ئەڵمانیا و ئەنجوومەنی گومرکی ئەو وڵاتە بوو. نوێنەری بیـرۆکـەی قـوڵەکـانی لیـبـرال دیموکـرات و گـومـرگی پەروەردەیی (وەرگـرتنی گـومـرگ بۆ بەهێزکرنی ئابووری نەتەوە لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا). سیستەمی ئابووری سیاسی گرنگترین بەرهەمی «لیست»ە.

(... هەر نەتەوەیەکی ئاسایی خاوەنی زمـان و ئەدەبی هاوبەش، سنوورێکی بەربڵاو و پێکەوە بەستراو لێواولێو لە سەرچاوەی سروشتی جۆراوجۆر و حەشیمـەتی زۆر. وەرزێری، پیـشـەسـازی، بازرگـانی و پیـشـەسـازی پاپۆڕ بەشـێـوەی یەکـسـان گـەشـەیان سـەندووە. هونەرەکـان، زانست، ناوەندەکـانی بارهێنان و پەروەردەی گـشـتی بە ئەندازەی بەرهەمهێنانی ماددی بایەخی هەیە. دەستوور، یاساکانی دیکە و دامەزراوەکان پلەیەکی بەرز لە ئاسایش و ئازادی دەبەخشن، لە خزمەتکردن بە گەشەی دینداری، بایەخـەکـان و ئاسـایش و لەیەک ڕسـتـەدا بەخـتـەوەری خـەڵک ئامـانجـیـەتی. ئەم نەتەوەیە هێـزی دەریایی و زەمـینی پێـویسـتی لەبەردەسـتدایە بۆ ئەوەی بتـوانێت بەرگـری لە سـەربەخـۆیی و پارێزگـاری لە بازرگـانی و تیـجـارەتی دەرەکی خـۆی بکات. نەتەوەیەکی ئەوتۆ دەتوانێت کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر فەرهەنگی وڵاتانی گەشەسەندوو دابنێت، بە حەشیمـەتی زۆر و سەرمایەی مـاددی و مـەعنەوی خـۆی، نەتەوەگـەلی نوێ پێک بێنێت... حەشیـمـەتی گـەورە و سـەرزەمینی بەربڵاو و خاوەن سەرچاوەی سروشتی جۆراوجۆر گرنگترین خاڵی دیار و بەرچاوی هەر نەتەوەیەکی ئاسـاییـە. ئەمـانە بنەڕەتیـتـریـن بارودۆخی پێـویسـتن بۆ پێگەیاندنی مەعنەوی، گەشەی ماددی و هێزی سیاسی. نەتەوەیەک کە لە بواری حەشیمەت و سنوورەوە بەرتەسکن بەتایبەتی ئەگـەر زمـانەکـەی لە شـوێنێکی دیکە باو نەبێت تەنیـا دەتوانێت خـاوەنی ئەدەبێکی نەخـۆش و لاواز و ناوەندگـەلێکی نوقـسـانی پەرەپێدانی هونەر و زانست بێت. وڵاتێکی بچـووک قـەت ناتوانێت لقـە جـۆراوجـۆرەکـانی بەرهەمـهێنانی ناو دەسـەڵاتی خۆی

بەشێوەی کامڵ گەشە پێبدات. لەو وڵاتانەدا هەر چەشنە پشتیوانییەکی ئابووری و پیشەسازی دەبێتە پاوان کردنێکی تایبەتی و تەنیا بە یەکێتی لەگەڵ نەتەوەکانی بەهێزتردا، تارادەیەک بە فیداکردنی خاڵە بەهێزەکانی نەتەوەکەی و بە هەوڵ و کۆششێکی فراوان دەتوانێت سەربەخۆیی خۆی، ئەویش بەشێوەی کاتی بپارێزێت...)

### نەتەوە وەک بەرهەمی رابردووی هاوبەشی سیاسی

بە بۆچوونی «جۆن ستیوارت میل» نەتەوە لە رێگای هەستی پێوەندی نەتەوەییەوە پێکدێت، ئەم هەستەش هەرچەند لەلایەنێ تایبەتمەندی بەرچاوی وەک رەگەز، زمان و ئایین بەهێز دەبێت، بەڵام بەپلەی یەکەم لە رێی رابردووی هاوبەشەوە پێک دێت. بەم شێوەیە ناوبراو «بوون بە نەتەوە»ی بەریتانیای گەورەی لەگەڵ ئۆسکاتلەندا و توێژی دەوڵەمەندی ئیرلەندا وەک گەشەی ناسنامەی هاوبەش دەناسێنێت. لە روانگەی «میل»ەوە (هەروەها سیبیە و بەپێچەوانەی لیست) گرنگ دەستێوەردانی سیاسی و مافی بەشداری ئەندامانی نەتەوە لە پرۆسەی سیاسی کۆمەڵگادایە و تایبەتمەندی بەرچاوی هەر نەتەوەیەکە.

### جۆن ستیوارت میل:
### چەند تێبینییەک لەسەر دیموکراسی ناراستەوخۆ (١٨٦١)

میل (١٨٠٦ – ١٨٧٣) فەیلەسووف و ئابووریناسی بەریتانی، نوێنەری بیرۆکەی لیبرالیزمی رادیکاڵ، ماوەی نێوانساڵانی ١٨٥٦ تا ١٨٦٨ ئەندامی پەرلەمانی ئەعیان بووە، گەڵاڵەدارێژی سیستەمی بیرسای بەرهەمهێنانی توێژینەوە و بەڵگەهێنانەوەی پێوانەیی (گەیشتن لە بەشێک بۆ هەموو و هەروەها لە هەموو بۆ بەشێک)، بەرهەمی سەرەکی ناوبراو «بنەماکانی ئابووری سیاسی»یە.

(... دەتوانین بڵێین گرووپێک لە مرۆڤەکان نەتەوە پێک دێن، ئەگەر ئەندامانی ئەم گرووپە لە رێگای هاوسۆزی و هاوپێوەندییەکی بەرامبەری نێویاندا گرێ درابن، ئەو هاوسۆزیە لە نێوان ئەندامانی ئەو گرووپە و خەڵکانی دیکە بەدی ناکرێت. بەپێی ئەو هەستە ئەندامانی گرووپ ئامادەن پێکەوە هاوکاری بکەن نەوەک لەگەڵ کەسانی دیکە و ئاواتی پێکهێنانی حکوومەتیان هەبێ، حکومەتێک کە لەلایەن ئەوان یان لانی کەم بەشێک لەوانەوە پێک هاتبێ. هەروەک هەستی پێوەندی نەتەوەیی هاوبەش دەتوانێ سەرچاوەی جۆراوجۆری هەبێت. هەندێ جار رەگەز و بنەماڵەی هاوبەش سەرچاوەی ئەو هەستەیە. هاوبەشی لە زمان و ئایین ئەم هەستە بەبێ جیابوونەوە بەهێز دەکات، بەڵام زۆرترین کاریگەری لەم روانگەیە رابردووی هاوبەشی سیاسییە. هەبوونی مێژوویەکی نەتەوەیی و بیرەوەری هاوبەش کە لەودا بەرهەم دێت هەستی شانازی و سەرشۆڕی هاوبەش و بەکۆمەڵ، هەستی شادی و ئازاری هاوبەش کە پێوەندی بەو رووداوانەوە هەیە کە لە رابردوودا روویان داوە، هەڵبەت هیچکام لەو فاکتەرانە مەرجی پێویست نین و خۆی لەخۆیدا تەواو نین... سەرەرای ئەمەش دەتوانین بەگشتی بڵێین هەرکات ژمارەی ئەم فاکتەرانە کەم بێت، بەو رادەیە زانیاری نەتەوەیی بەرەو لاوازبوون دەڕوات. زمان و ئەدەبی هاوبەش و تا رادەیەکی دیاری کراویش رەگەز و رابردووی مێژوویی هاوبەش دەتوانن لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکانی ناوچەیی کە ناوی ئەڵمانییان لەسەر خۆ داناوە، هەستی نەتەوەیی زۆر بەهێز رابگرن، لەگەڵ ئەوەی کە هیچکات دەوڵەتێکی یەکگرتوویان نەبووە، بەڵام ئەم هەستە بۆ لەبەرچاو نەگرتنی ئۆتۆنەمییە ناوچەییەکان وەڵامدەر نەبووە. لەلایەکی دیکەوە هاوپێوەندی زمانی و ئەدەبی زۆر لاواز و هەڵکەوتوویی جوگرافی کە وڵاتەکەی بەهۆی سنوورە روون و ئاشکراکانییەوە لە وڵاتانی دیکە جیا کردووەتەوە، تا رادەیەک هەستی نەتەوەیی لای خەڵکی ئیتاڵیادا دروست کرد کە دەیتوانی لە رابردوودا سەرچاوەی رووداوی گەورە بێت کە ئەمرۆ روو دەدەن. هەرچەند کە ئەم هەستە هێشتا نەپشکوتووە...)

### نەتەوە لەجیاتی راپرسی رۆژانە، وەک وەرگرتنی رەزامەندی دووبارەی هاووڵاتیان لە دەوڵەت

یەکێک لە تۆکمەترین باسەکان سەبارەت بە بیرۆکەی نەتەوەیی، ئێرنە رنۆ لێکۆڵەری فەرەنسی لە ساڵی ١٨٨٢ لە سمینارێکیدا لە زانکۆی سۆربۆنی پاریس

گـــوتی: بەهۆی پەیوەست بوونی ئیلزاس –لۆترینگن لەلایەن ڕایشی ئەڵـمـــانیـــا لەســاڵی ١٨٧١ کــە بە پێچەوانەی ئیرادەی خەڵکی ئەم ناوچەیە بەڕێوە چووبوو، نەتەوەیان وەک دیاردەیەک پێناسـە کـرد کـە بە مـەرجی گـەڕانەوە بۆ دەنگی ئەرێی هاووڵاتیـانەوە گـرێدرابوو. ئەمــرۆکــەش ئەم بیــرۆکــەیە بوەتە بنەمــای یاســای «هاووڵاتی» لە فەڕەنسا، ئەو کەسە وەک فەڕەنسی سەیر دەکرێت کە لەوێ لەدایک بووبێت و دەیهەوێ فەڕەنسی بێت.

## ئێرنە ژۆزێف ڕنۆ: نەتەوە چییە؟ ١٨٨٢

ڕنۆ (١٨٢٣ – ١٨٩٢)، ڕۆژهەڵاتناس، زمـــانزان و مـــامـۆســتـــای زانکۆ و مـێـــژوونووس، ســاڵی ١٨٦٢ پرۆفیسۆری کۆلێژی فەڕەنسا، ساڵی ١٨٧٨ ئەندامی ئەکـادیمیـای فـەڕەنسـا و سـاڵی ١٨٨٢ سـمـینارێکی بەناوبانگی لەژێر ناوی نەتەوە چیـــیـــە، لە زانکۆی سۆربۆنی پاریس بەڕێوە برد.

(نەتەوە ڕۆح و گـیـــانە، یەکـێـکیـــان پێــوەندی بە ڕابردووەوە هەیە و ئەوی دیکەیان بە ئێستاوە. یەکێکیان موڵکی هاوبەشی میراتی دەوڵەمەندە لە بیرەوەرییەکان، ئەوی دی ڕێکەوتنی هەنوکـەیی، ئاواتی پێکەوەژیان، ئیـرادەیەکـە بۆ پاراستن و زیندوو ڕاگـرتنی ئەم مـیـراتە، مـیـراتێک کە هەمـووان بەشێوەی گشـتی و بەشـێـوازی دابەش نەکـــراو وەریان گـــرتووە... هەربۆیە نەتەوە کۆمەڵێکی گەورەیە کە خاوەنی هاوپێوەندییە، ئاکامی ئەو قوربانیانەیە کە لە ڕابردوو و لەپێناویدا گیانی خۆیان فـیـدا کـردووە و ئامـادەی فـیـداکـاری بوون، ڕێکەوتن ئاواتێکی سەرزارانە بۆ درێژەدانی ژیانی هاوبەش، بوونی نەتەوەیەک لە ڕاپرسی گـشــتی ڕۆژانەدا خـۆدەنوێنێت. نەتەوەکـان بەردەوام و هەتاهەتایی نین، ئەوان جـارێک دەستیان پێ کردووە و جارێکیش کۆتاییان دێت. ئەگەری ئەوە لەئارادایە کە کۆنفیـدراسیـۆنی ئەورووپا جـێگای ئەوانە بگرێتەوە، بەڵام ئەمە یاسای سەدەی ئێمە نییە، واباشترە کە نەتەوەکان بوونی خۆیان هەبێت و بوونیـان پێـویسـتـە و ئازادی دەسـتـەبەر دەکـات، ئازادی لە نێـو دەچوو ئەگـەر لە جـیـهـاندا یەک یاسـا و یەک سـەروەر بـوایەت... مـرۆڤ نە کـۆیلەی دەسـتی ڕەگـەزیەتی، نە زمـانی و نە ئایینی و نە ڕێڕەوی ڕووبار و کـێـوەکـان. کـۆمـەڵێکی گـەورە لە مـرۆڤی تێگەیشــتـوو و دڵگەرم جۆرێک وشیـاری و بەڵێنی ئەخلاقی دروست دەکات کە پێی دەڵێن «نەتەوە». بەو ڕێژەیە کـــە ئەم بەڵێنی و وشیـارییە لەلایەن قوربانیانێکەوە بسەلمێندرێ کە گیانی خـۆیان فـیـــدا کـــردووە. ئەوکــات ئەم نەتەوەیە ڕەوای مـانەوەیە و مـافی ژیان پەیدا دەکات. لەبیـرچوون –پێم خـۆشــە تەنانەت بڵــێم هەڵەی مــێــژوویی – لەکــاتی پێکهێنانی نەتەوەدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە، هەر لەبەر ئەمـەیە کـە گـەشـەی لێکۆڵینەوەی مـێژوویی زۆرجـار بۆ نەتەوە بووەتە جێگای مەترسی. لێکۆڵـینەوەی مێژوویی بە کــردەوە ڕووداوە تاڵـەکـانی ڕابردوو دەخـاتە ڕوو کـە لەکاتی پێکهێنانی قەوارە سیاسییەکان – تەنانەت ئەو قـەوارە سیـاسـیـیـانە کە ئاکامی ئەرێنی بەدواوە بووە – ڕوویان داوە. یەکگرتن هەمـــوو کـــاتێک بەشــێـــوەی بێبـەزەییـانە بەڕێوەچووە، یەکگرتنی باکـوور و باشـووری فەڕەنسا ئاکامی لانی کەم سەدەیەک شەڕی ماڵوێرانکەر و تیـــرۆر بووە. شـــای فــەڕەنســـا کـــە بۆ ئەو وڵاتە سـەرکـەوتووترین یەکـێـتی نەتەوەیی و خـاکی دەسـتـەبەر کـردووە، ئەگـەر لە نزیکەوە لێی بڕوانین بایەخی خـۆی لەدەست دەدات. نەتەوەیەک کە خۆی پێکی هێنا لۆمەی دەکـەن... هەڵبـەت ئەمـە بەشـێک لە سـرووشـتـی هەر نەتەوەیەکە کە هەمـوو تاکەکـانی پێکەوە چەندین خـاڵی هاوبەش دەیانگرێتەوە. هیچ فـەرەنسـیـیـەک نازانێ ئەو «بورگــوندەیی»، «ئالونی» یان «ویزگــوبی»یە و هەر تاکێکی ئەو وڵاتە دەبێ «قەڵاچۆی شەوی بەرتالامە» لە ١٥٧٢/٨/٢٤ و کـوشـتـاری سـەدەی سێـزدەیەمـیـان لە باشـوور لەبیـر کـردبێت. بۆیە نەتەوەی مـۆدێرن بەرهەمی مـێـژوویی کـۆمـەڵێک ڕاسـتـیـیـە کـە بە ڕێڕەوێکدا تێدەپەڕێت. لە درێژەی ئەم پرۆسەیەدا بوو کە لە بەشێک لە ئەورووپا یەکگرتنێکی خێـرا سەری هەڵدا. سـەبارەت بە فـەڕەنسـا لەلایەن زنجیـرەی پاشـایەتی، سـەبارەت بە هۆڵەندا، سویسرا و بەلژیکا لە ڕێگای خواست و ئیرادەی پارێزگاکان و لە ئیتالیا و ئەڵمانیا لەڕێی ئەندێشەی باو و هەمەلایەنە لەپێوەندی لەگەڵ پێویستی یەکگرتن.)

## نەتەوەی فەرهەنگی لە بەرامبەر نەتەوەی دەوڵەتی

«فـریدریش مـاینکە» چەمکی نەتەوەی فـەرهەنگی

دۆزییەوە. بەم دەستەواژەیە زمان و فەرهەنگی بەتایبەت ئەڵمانی لە بەرامبەر نەتەوەکانی دەوڵەتی ئەوروپای ڕۆژئاوا وەک فەرەنسا و بەریتانیای گەورە ڕاگرت. لەهەمان کاتدا تەئکیدی دەکردەوە کە ئەم دوو چەمکە لە یەکتری جیا ناکرێنەوە و نەتەوەی فەرهەنگی و نەتەوەی دەوڵەتی تێکەڵ بە یەکتر بن و بەشێوەی ئاساییش هەروایە.

## فریدریش ماینکە: جیهانی نیشتیمانی و دەوڵەتی نەتەوەیی (١٩٠٧)

ماینکە (١٨٦٢ - ١٩٥٤)، مێژوونووس، پرۆفیسۆر لە ئیستراسبۆرگ، فرایبۆگ و بەرلین، ساڵی ١٩٠٨ بەرهەمی سەرەکی خۆی بەناوی جیهانی نیشتیمانی و دەوڵەتی نەتەوەیی بڵاو کردەوە. هەروەها گۆڤاری مێژووی دەرکرد. لە ڕوانگەی سیاسییەوە لیبرال و دژی ناسیۆناڵ سۆسیالیزم بوو، پاش شەڕی دووەمی جیهانی یەکەمین سەرۆکی زانکۆی ئازادی بەرلین بوو. ماینکە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر نووسینەوەی مێژووی ئەڵمانیا لە سەدەی بیستەمدا دانا.

(... نەتەوەکان لە ڕوانگەی یەکەمدا کۆمەڵگایەکی گەورە و بەهێزن و ئەو مرۆڤانەی تێدا دەژین کە لە ڕوانگەی مێژووییەوە دوای پرۆسەیەکی دوور و درێژ هاتووەتە ئاراوە و بەردەوام لە جووڵەدا بووە و ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە... شوێنی نیشتەجێی هاوبەش، ئاوێتەی خوێنی هاوبەش و وێکچوو، زمانی هاوبەش، ژیانی هاوبەش، چوارچێوەی دەوڵەتێکی هاوبەش یان فیدراسیۆنێک لە دەوڵەتانی هاوچەشن، هەمووی ئەمانە دەتوانن بنەما و تایبەتمەندی نەتەوەیەک بن، بەڵام بەو مانایە نییە کە هەرکام لەم کۆمەڵگایانە بۆ ئەوە ناوی نەتەوەیان لەسەر دابنێین، دەبێ خاوەنی سەرجەم ئەو تایبەتمەندییانە بن . ئەوی پێویستە لە ناو خۆیاندا با ئەم لاوئەولا ڕەچاوی بکەن ناوکێکی سروشتییە کە بەهۆیەوە پێوەندی خوێنی دادەمەزرێت... دەتوانین نەتەوەکان بەسەر نەتەوەی فەرهەنگی و دەوڵەتیدا دابەشیان بکەین. دەستەی یەکەم بەپێی پێشینەی فەرهەنگی هاوبەشی تەجروبەکراو دامەزراوە، دەستەی دووەم لەسەر بنەمای هێزی یەکگرتنەوەی مێژووی سیاسی هاوبەش و یاسای بنەڕەتی. زمانی گشتی، ئەدەبی هاوبەش و ئایینی هاوبەش گرنگترین و کاریگەرترین ئامرازی فەرهەنگین کە نەتەوەیەکی فەرهەنگی دروست دەکات و لەسەر پێی خۆی ڕایدەگرێت... بەڵام چەندین خاڵی بەرچاون کە لەواندا کاریگەری و قازانجی سیاسی لەخزمەتی پێکهێنانی زمان و ئەدەبی هاوبەش بووە و ئەم فاکتەرانە لە هەندێ بواری بنەڕەتیدا زمان و ئەدەبی هاوبەشیان پێکهێناوە. هەروەها پێوەندی ئایین و دەوڵەت و نەتەوەش زۆرتر لێک نزیکن... هەربۆیە ناتوانین لەناوخۆدا بە ڕوونی نەتەوەی فەرهەنگی و نەتەوەی دەوڵەتی لێکدی جیا بکەینەوە و لە دەرەوەشدا ئەمکارە بەرێوە ناچێت، چونکە لە چوارچێوەی نەتەوەیەکی بەڕاستی دەوڵەتی - هەروەکو وێنەی سویسرا نیشانی دەدات - دەتوانن هاووڵاتییانی نەتەوەکانی فەرهەنگی جۆراوجۆر بژین. لەلایەکی دیکەوە نەتەوەیەکی فەرهەنگی دەتوانێت - هەروەکو وێنەی لە نەتەوەی گەورەی ئەڵمانیادا نیشان داوە - نەتەوەکانی دەوڵەتی جۆراوجۆر بژین، بەو واتایە کە خەڵکی ئەو وڵاتانەی کە هەستی هاوبەشی سیاسییان دەکەنە تایبەتمەندییەکی زەق و بەرچاو، دەبنە نەتەوە و زۆربەیان وشیارانە دەیانەوێ بن.)

## نەتەوە وەک کۆمەڵگای هاوچارەنووسان

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە سۆسیال دیموکراسی خۆی لە بەرامبەر ئەم ئەرکەدا دیتەوە کە چەمک و پێگەی نەتەوە پێناسە بکات، بێ ئەوەی کە بنەمای ئەنترناسیۆنالیزم خەوشدار بکات. ڕاستی پێناسەی «ئۆتۆباوەر» لە نەتەوە، بۆ پێکەوەژیانی نەتەوەکان و فەرهەنگە جیاوازەکان لە نەمسا و مەجارستان دەگەڕێتەوە کە هەرچەند لە بواری یاساییەوە بەرابەر نەبوو، بەڵام لە زۆر بواری دیکەدا بە مۆدێرن و پێشکەوتوو هەڵیسەنگاندووە. بۆیە ناوبراو نەتەوەی نە لە ڕوانگەی فەرهەنگی یان ڕەگەزی، بەڵکو بەر لە هەموو شتێک لە گۆشەنیگای مێژووییەوە پێناسە دەکرد. ئەوەی لەم پێناسەیەدا دەردەکەوێت بە دڵنیاییەوە ڕاستییەکی ئەزموون کراوە، ئەوەیش کارێکی زەینییە کە بنەماکەی ئەمرۆی تاکەکانی کۆمەڵگایە.

## ئۆتۆ باوەر: مەسەلەی نەتەوایەتی و سۆسیال دیموکراسی (١٩٠٧)

ئۆتۆ باوەر (١٨٨١ – ١٩٣٨) سیاسەتمەدار و نووسەری نەمسایی، ڕێبەری فیکری و داڕێژەری سەرەکی مارکسیزمی نەمسایی، سەرنووسەری بڵاوکراوەی ڕەزم و ڕۆژنامەی کرێکاران، نوێنەری پەرلەمانی نەمسا، وەزیری ڕاوێژکار لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەو وڵاتە. یەکێک بووە لە داڕێژەرانی یاسای بنەڕەتی نەمسا، ساڵی ١٩٣٤ چووە چیکۆسلۆڤاکیا و چوار ساڵ دواتریش بەرەو فەرەنسا هەڵات.

(... ئێمە بە کۆمەڵێک لەو تایبەتمەندییە جەستەیی و ڕۆحییەی هەر نەتەوەیەک کە تاکەکانی ئەو نەتەوەیە پێکەوە گرێدەدات و لە نەتەوەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە پێی دەڵێین تایبەتمەندی نەتەوە کە ئەم تایبەتمەندییانە هاوتراز نین. بەدڵنیاییەوە چۆنیەتی شکڵ گرتن و گرتنەبەری ڕێچکەی داخوازی نەتەوە وەک بەشێک لە تایبەتمەندی نەتەوەیی دێتە ئەژمار. ئەم ئیرادە و ئۆگرییە لە پرۆسەی ناسیندا وەک هەستی بەکۆمەڵ شکڵ دەگرێت، هەستێک کە لە نێوان زۆر دیاردەی تەجروبەکراودا تەنیا جۆرێکی دیاریکراو لەوانە هەڵدەبژێرێت و لێکی دەداتەوە. ئەڵمانییەک و بەریتانییەک پاش گەڕانەوەیان لە سەفەرێکی هاوبەش، هەریەکەیان هەڵگری ئەزموونێکی جیاوازە. ئەگەر دوو لێکۆڵەری ئەڵمانی و بەریتانی بیانەوێ سەبارەت بە بابەتێک لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن، شێواز و ئاکامی لێکۆڵینەوەکەیان جیاواز دەردەچێت. ئەم ئیرادەیە بە شێوەی بێ ناوبژیوان لە بڕیاردانی مرۆڤدا ڕەنگ دەداتەوە و ئەوانە لە هەلومەرجی بەرامبەردا بەشێوازی جیاجیا هەڵسوکەوت دەکەن. شتێکی ڕوونە، نەتەوە جۆراوجۆرەکان ئامراز و پێوانەی جۆراوجۆریان بۆ ڕوانگەکانی خۆیان هەیە. چەمک و ڕوانگەکان لە ڕەوا و ناڕەوا، ڕوانگەکان سەبارەت بە ئەخلاق و بێ ئەخلاقی، نەجیبی و قەباحەت، جوانی و ناشیرینی، ئایین و زانست ... بەم شێوەیە ئێمە دەگەینە چەمکێکی بەرتەسکتر لە تایبەتمەندی نەتەوەیی. ئەو تایبەتمەندییە بە پلەی یەکەم بە واتای کۆمەڵێک تایبەتمەندی جەستەیی و ڕۆحی تایبەت بە نەتەوەیەک نییە، بەڵکو تەنیا جۆراوجۆری لە ڕێڕەوی ئیرادە و ئۆگری ئەوانە. ئۆگرییەکی یەکگرتوو دەبێتە هۆی جووڵە و بڕیاردانی جیاواز. هەڵبەت دیاریکەر بۆ ئەم جۆراوجۆرییە لە ئیرادە، جیاوازی ڕوانگەکانە کە ئەم نەتەوەیە وەدەستی هێناوە یان جۆراوجۆری لە تایبەتمەندی جەستەییەکانە کە هەر نەتەوەیەک لە خەباتیدا بۆ مانەوەی پەروەردەی دەکات. پاشان ئێمە پرسیارمان کرد کە چۆن ئەم هاوبەشییە لە تایبەتمەندی پێک دێت و پرسیارەکەمان بەم چەشنە وەڵام درایەوە کە هۆکارەکانی کارتێکردنی یەکسان دەبێتە هۆی یەکسانی لە کاراکتەردا. بەم جۆرە بوو کە ئێمە نەتەوەمان وەک چارەنووسی هاوبەش پێناسە کرد... لەم قۆناغەدا پێویستە زیاتر و وردتر لە پێناسەی چەمکی هاوبەشی چارەنووس بڕوانین. چونکە چارەنووسی هاوبەش بەمانای وێکچوون و سەپاندنی چارەنووسێکی یەکسان نییە، بەڵکو بە واتای تەجروبەکردنی هاوبەشی چارەنووسێکە کە پێوەندی بەردەوامی لەگەڵ یەکتر و کاریگەری دوولایەنەی ئەوان هەیە و هاوبەشی لە چارەنووسی نەتەوە دروست دەکات... هەربۆیە دەتوانین نەتەوە نە وەک یەکسان بوون لە چارەنووس، بەڵکو هاوبەشی لە تایبەتمەندییەکانی وەرگیراو لە چارەنووسی هاوبەش پێناسە بکەین. ئەمە هەروەها پێناسەی زمانە بۆ نەتەوە، لەگەڵ ئینسانەکان کە پێوەندی نزیکم هەیە، زمانێکی هاوبەش پێک دێنم و لەگەڵ ئەوانەی کە زمانی هاوبەشم هەیە، پێوەندی دەگرم.)

### نەتەوە لە ڕوانگەی مارکسیزم – لینینیزمەوە

سۆشیالیستە سەرەتاییەکان لە فەرەنسای پێش ساڵی ١٨٤٠ ڕوانگەیان سەبارەت بە نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی دیاربوو کە لەگەڵ ڕوانگەی زۆربەی نووسەرە غەیرە سۆشیالیستەکان لە دژایەتیدا بوو. ئەم جیاوازییە بەتایبەت لە «مانیفێستی کۆمۆنیستی»دا بە ئاشکرا دەردەکەوێت، ئەسەرێک کە نەتەوە، وشیاری نەتەوەیی، نیشتیمانپەروەری و نەتەوەخوازی وەک تایبەتمەندی بۆرژوازی (سەرمایەداران و توێژە نێوەنجی و سەرەوەکان کە لە ڕێڕەوی حەرەکەتی داهاتووی مێژوودا دەسەڵاتیان لێ وەردەگیرێتەوە) دەناسێ و داهاتووی مرۆڤایەتی نەتەنیا لە کۆمەڵگایەکی بێ چین، بەڵکو بە ڕێژەیەکی

زۆر بە بێ دەوڵەتی نەتەوەیی لەهەرحـــــاڵدا بە بێ کۆمەڵگایەکی ناسۆنالیستی دەبینێت.

## کارل مارکس و فردریش ئینگڵس:
## مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست ١٨٤٨

ئینگڵس ١٨٢٠ – ١٨٩٥ کوڕی خاوەن کارگەیەکی ڕستن و چنین و دواتریش بەڕێوەبەری کارگەکە. ساڵی ١٨٤٢ دەست پێکردنی هاوکاری لەگەڵ کارل مارکس، ئۆون و چارتیستەکان (لایەنگرانی بیرۆکەی یاسای بنەڕەتی لە بەریتانیا). لە ساڵانی ١٨٤٧ و١٨٤٨بە هاوکاری مارکس «مانیفێستی کۆمۆنیستی» دارشت.

مــــارکس (١٨١٨ – ١٨٨٣) فــــەیلەســـــووف و سیاسەتمەداری ئەڵمانی، ١٨٢٤ ئایینی جوولەکەی بەجێ هێشت و بە پرۆتیستانتیزم پەیوەست بوو. خوێندنی یاسا لە بۆن و بەرلین، قوتابی هیگڵ، ١٨٤٢ سەرنووسەری ڕۆژنامەی راینیشە تسایتۆنگ، لە ڕێگای ئینگڵسەوە لەگەڵ ئابووری نەتەوەیی ئەو ئاشنا بوو، ١٨٤٨ بەپێی رەشنووسێکی ئینگڵس مانیفێستی کۆمۆنیستی نووسی کە لە سەرەتای شۆڕشی ١٨٤٨ و ١٨٤٩ی ئەڵمانیا بڵاو کرایەوە. مارکس بەرگری لە بیرۆکەی کۆمارێکی یەکگرتووی ئەڵمـــانی و هەروەها خـــەباتی هاوبەشی دەوڵەتی ئەوکاتی ئەڵمانیا بە دژی ڕووسیای دواکەوتوو دەکرد.

(... کۆمۆنیستەکانیان بەوە تاوانبار دەکرد کە دەیانەوێ نیشتیمان و نەتەوە هەڵبوەشێننەوە، کرێکاران نیشتیمانیان نییە، کەسێک ناتوانێت شتێکیان لێ وەربگرێتەوە کە لێی بێ بەشن. پێویستە لەسەرەتادا پرۆلیتاریا دەسەڵاتی سیاسی بەدەست بهێنێت، خۆی بۆ توێژی نەتەوەیی سەر بخات. ئەمە بۆخۆی کارێکی نەتەوەییە، هەرچەندە بە پێچەوانەی ئەو مانایەیە کە بۆرژوازی لێی تێدەگات. بە گەشەی بۆرژوازی و ئازادی بازرگـــانی و بازاری جـــیـــهـــانی و هاوشـــێـــوەبوونی بەرهەمهـێنانی پیشەسازی و بە گونجاندن لەگەڵ ئاڵوگۆڕی ژیان، پاڵاوتنی نەتەوەیی و دژایەتییەکانی نێوگەلان بەردەوام لە ناو دەچن. بەدەستهێنانی هێز و دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریا ئەوی جارێکی دیکە زیاتر دەســـڕێتـــەوە. بزووتنەوەی یەکگرتووانەی ولاتانی پێشکەوتوو یەکێک لە مەرجە سەرەتاییەکانی ڕزگاری ئەو توێژەیە، بە هەمان ڕێژە کە چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە لەناو دەچێت، چەوسانەوەی نەتەوە لەلایەن نەتەوەشەوە دەسڕێتەوە، بەهۆی ئەو دژایەتییانەوە کە توێژەکان لەناوخۆی نەتەوەدا هەیانە، بەرەو ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمنکاری نەتەوەکان لەدژی یەکتر لەناو دەچێت...)

چەمکی نەتەوەی ستالین زۆر بەرتەسکتر بوو لە چەمکی نەتەوەی «ماینکە» و «باوەر» کە ساڵی ١٩١٣ بە ڕێنوێنی لینین دایرشت. نەتەوە بەرهەمی پرۆسەیەکی مێژووییە و ناولێنانی وەک نەتەوە بەهۆی بوونی چەند تایبەتمەندییەکەوە بوو کە بەپێی ئەو تایبەتمەندییە کۆمەڵگا لەڕووی زمانەوانییەوە ناتوانێ ناوی نەتەوەی لەسەر دابنرێت کە لە بوونی دەوڵەتی خۆی بێ بەش بێت. لەلایەکی دیکەوە، ستالین بە لابردنی ڕەگەز لە پێناسەی نەتەوە کەوتە دژایەتییەکی ئاشکرا لەگەڵ بەشێکی گەورە لە نووسەرانی سەردەمی خۆی، پاشان هەڵوێستی «میا» و «رنە»ی هێنایە بەر باس و پاڵپشتی لە هەڵوێستی ماتریالیزمی مێژوویی نەکرد.

## ژۆزێف ویساریۆنۆڤیچ ستالین:
## مارکسیزم و مەسەلەی نەتەوایەتی (١٩١٣)

ستالین (١٨٧٩ – ١٩٥٣) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی سۆسیال دیموکراتی کرێکاری ڕووسیا، لە ساڵی ١٩٠٣ چەند جارێک بۆ سیبریا دوور خراوەتەوە، ١٩١٢ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بلشویکەکان بووە و ڕۆژنامەی حزبی «پراڤدا»ی دەرکرد، پاش لێکۆڵینەوە سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەکان ساڵی ١٩١٣ لە ڤییەنا گیرا و تاساڵی ١٩١٦ لە سیبریا بە دوورخراوەیی مایەوە، ڕۆڵێکی کاریگەری لە دارشتن و بەرەوپێش بردنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا گێڕا، ساڵانی ١٩١٧ تا ١٩٢٣ بەرپرسیارێتی کۆمیسارییای گەل بۆ مەسەلەی نەتەوەکانی لە ئەستۆ بوو، لەکاتی نەخۆشی لینین ئامادەیی وەرگرتنی دەسەڵاتی لا فەراهەم بوو، ١٩٢٢ بوو بە سکرتێری گشتی حزبی کۆمۆنیستی ڕووسیا (بلشویک)، دوای مردنی لینین نەیاران و نارازییانی خۆی لە ڕێگای پاکسازی و دادگا فەرمایشییەکانییەوە

لەناو برد و یەکێتی سۆڤییەتی بەرەو سیستەمێکی پاوانخوازانە برد.

(پێش هەموو شتێک نەتەوە هاوبەشییەکی دیاریکراوی مرۆڤەکانە. ئەوەش هاوبەشی ڕەگەزی یان خێڵەکی نییە. نەتەوەی ئێستای ئیتاڵیا لە ڕۆمییەکان، جێرمانییەکان، ئۆترۆسکییەکان، یۆنانییەکان، عەرەبەکان و... پێکهاتووە و نەتەوەی فەرەنساش لە گالییەکان، ڕۆمییەکان، بەریتانییەکان، جێرمانییەکان و... . لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕەگەز و خێڵی جۆراوجۆریان لەخۆ گرتووە، نەتەوە هاوبەشییەکی ڕەگەزی و خێڵەکی نییە، بەڵکو هاوبەشییەکی نێوان ئینسانەکانە کە لە ڕەوتی مێژوودا شکڵیان گرتووە. نەتەوە هاوبەشییەکی سەقامگیرە کە بە درێژایی مێژوو شکڵی گرتووە ئەویش لەسەر بنەمای هاوبەشی لە زمان، سنووری سیاسی، ژیانی ئابووری و سروشتی فیزیکی کە لە فەرهەنگی هاوبەشدا دەرکەوتووە. ئاشکرایە نەتەوەش وەک هەر دیاردەیەکی مێژوویی شوێنکەوتووی یاسای ئاڵوگۆڕەکانە کە مێژوو سەرەتا و کۆتایی خۆی هەیە... لێرەدا پێویستە پێ لەسەر ئەو دابگیرێت کە هیچکام لە تایبەتمەندییە ئاماژە پێکراوانە بۆ ناساندنی کۆمەڵگایەک وەک نەتەوە بە تەنیا بەس نییە، ئەگەر تەنانەت یەکێک لەم تایبەتمەندییانەی نەبێت چی دیکە نابێتە نەتەوە، دەتوانرێ بیر لەوە بکرێتەوە کە کۆمەڵێک مرۆڤ بە کاراکتێری نەتەوەیی ببن بێ ئەوەی بتوانین ناوی نەتەوەیان لەسەر دابنێین. بۆ وێنە ئەوانە لە بواری ئابوورییەوە لێکدی جودا بن، یان لە وڵاتە جیاجیاکاندا بڵاوەیان پێکرابێت و یان بە زمانە جیاوازەکان بدوێن و ... ئەم مەسەلەیە بۆ وێنە سەبارەت بە جوولەکەکانی ڕووسی، گالیسیایی، ئەمریکی، گۆرجستانی و جوولەکەکانی کێوی ڕاستە کە بە باوەڕی ئێمە نەتەوەیەکی یەکگرتوو پێک ناهێنن. ئەم مەسەلەیە بۆ ئەڵمانییەکان و لیتوانییەکانی ناوچەی دەریای ڕۆژهەڵاتیش ڕاستە، ئەمانە نەتەوەیەک نین، چونکە خاوەنی تایبەتمەندی جیاوازن. نەتەوە کاتێک پێک دێت کە سەرجەم ئەو تایبەتمەندییانەی تێدا بەدی بکرێت...)

**فەرهەنگی بچووکی سیاسی (١٩٨٥)**

«فەرهەنگی بچووکی سیاسی» کتێبێکە کە لە ساڵی ١٩٨٥ لە کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیای پێشوو بڵاو ببووەوە و تیایدا کۆمەڵێک چەمکی فەرمی سیاسی و مێژوویی پێناسە و باس کراوە. ئەم کتێبە بەتەواوی چەمکی نەتەوەی لەسەر بنەمای ماتریالیزمی مێژوویی پێناسە کردووە. بەو مانایە کە نەتەوە دیاردەیەکە لە ڕوانگەی مێژووییەوە پێویستە لە ڕێڕەوەی بزووتنەوەی مرۆڤایەتی بەرەو سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم بەردەوام لەحاڵەتی پەرەسەندندا بێت. نەتەوە بوارێک بۆ پشکووتنی سەرمایەداری کە پێویستە جێگا بۆ سۆشیالیزم ئاوەڵا بکات و ئەمەش لە قۆناغی کۆتایی مێژوویی مرۆڤایەتیدا دەبێتە کۆمۆنیزم. نەتەوە لە تەواوی ئەم قۆناغە مێژووییەدا گرنگییەکی تایبەتی هەبووە و لە ڕێگای گەشەی بێ وێنە و نزیکبوون لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە لە ناوەرۆکدا ئاڵوگۆڕ پەیدا دەکات و بەرهەمی پرۆسەی پەرەسەندنی مێژوویی نەتەوەکان و تێکەڵبوونیانی لێدەکەوێتەوە.

(نەتەوە قەوارە و پەرەسەندنی کۆمەڵە لە ڕیزبەندی کۆمەڵگای سەرمایەداری و کۆمەنیستی... لە پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵگادا دوو جۆرە دامەزراوە لە نەتەوە پێکدێت: نەتەوەی کاپیتالیستی و نەتەوەی سۆسیالیستی. نەتەوەی کاپیتالیستی شکڵی پەرەسەندنی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە، بنەمای ئابوورییەکەی شێوازی بەرهەمهێنانی کاپیتالیستییە. هەربۆیە ئەم کۆمەڵگایە بەسەر چین و توێژی ئاشتی نەخوازدا دابەش دەکرێت و پڕ دەبێت لە خەباتی چینایەتی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان. بۆرژوازی هێزی ڕابەری ئەوجۆرە نەتەوەیە... تا کاتێک کاپیتالیزم لە ڕێگای گەشەسەندندا هەنگاو بنێ دەتوانێت دووره دیمەنی پەرەسەندنی نەتەوەش دەستنیشان بکات و بۆرژوازی دەتوانێ نوێنەرایەتی نەتەوە بگرێتە ئەستۆ. بەڵام لە قۆناغی ئاوابوونی سەرمایەداریدا کە ناوی ئیمپریالیزمی لەسەر دانراوە، دژایەتییەکانی نەتەوە لەگەڵ سەرمایەداری پاوانخواز بەردەوام قووڵتر دەبێت...

پەرەسەندنی دوایی نەتەوە لە خەباتی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار بۆ لەناوبردنی ئیمپریالیزم و دامەزراندنی

سۆشیالیزم جیا ناکرێتەوە، چینی کرێکار بەرژەوەندی ڕاستەقینەی نەتەوە ڕابەرایەتی دەکات... ئەم تویژە لە ڕێگای شۆڕشی سۆشیالیستی و دامەزراندنی کۆمەڵگای سۆشیالیستییەوە بنەماکانی بوونی نەتەوە دەگۆڕێت و ناوەرۆکێکی نوێی پێ دەبەخشێت و لەم ڕێگایەوە جۆرێک کۆمەڵگا لە ئاستی بەرزدا و هاوبەشی نەتەوە دەخوڵقێنێ کە پێی دەڵێن نەتەوەی سۆشیالیستی... ئەو نەتەوەیە لە هەمان کاتدا پێوەندییەکی نوێ لەگەڵ نەتەوەکانی تر دادەمەزرێنێت. لە پێوەندییەکانی نێوان نەتەوەکانی سەرمایەداری توندوتیژی، هەوڵدان بۆ سەرکوت، فێڵ و تەڵەکە و چەوسانەوە دەبینرێت، لە حاڵێکدا بنەمای ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری فاکتەری دیاریکەری پێوەندی نەتەوە سۆشیالیستییەکان لەگەڵ یەکترییە. نەتەوەی سۆشیالیستی و پێوەندی نەتەوەیی لە سۆشیالیزمدا تایبەتمەندی و سروشتی خۆی لە ڕێگای کاریگەری دوولایەنەی سیاسەتە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکانەوە بەدەست دێنێت. لەم ڕێگایەدا بە درێژەدانی ڕەوتی پەرەسەندن، سۆشیالیزم گەشە دەکات و تێپەڕبوونی بەرەو کۆمۆنیزم قورسایی و بایەخی تایبەتی ئەنتەرناسیۆنالیزمیش گەشە دەکات. لە کۆتایی ئەم پرۆسەیە کۆمەڵگایەکی نێونەتەوەیی لە نەتەوەکانی سۆشیالیستی بە مافی بەرامبەر پێکدێت. لە ڕیزبەندی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیزمیش دوو ئاراستە لە ڕێگای نەتەوە و پێوەندی نەتەوەیی سەری هەڵدا کە ئاکامی ئەو ئاراستانە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دەبێت و لە کۆمەڵگای سۆشیالیستیدا ناوەرۆکێکی نوێ بەخۆوە دەگرێت: یەکەم، خواستی بۆ گەشەی ئازادی نەتەوەیی لە ڕێگای گەشەی بەردەوامی نەتەوە، دووەم، مەیل بۆ نزیکی هەمەلایەنە و بەردەوامی نەتەوەکان بە یەکتر بەو مەبەستەی کە لە داهاتوویەکی دوور و لە ناو یەکتریدا تێکەڵ بن و بتوێنەوە...)

## چەمکی نەتەوە لە فاشیسمی ئەڵمانیا و ئیتاڵیادا

مارکس هێڵدبێرت بوم – هەرچەند دژی ناسیۆناڵ سۆشیالیزم بوو، بەڵام دەکرێ ناوی نوێنەری بیرۆکەی ئەندێشەی نەتەوەیی لەسەر دابنرێت کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە ئەڵمانیا پەرەی سەندبوو. ئەو دژایەتی نەتەوەی فەرهەنگی «ماینکە»ی دەکرد و ئەو چەمکەی بۆ نەتەوە لەناو دەوڵەتدا بەرتەسک کردەوە. هەوڵەکانیشی بۆ جیاکردنەوەی گەل و نەتەوە لە یەکتری وەگەڕخست. بە وەرگرتنی بیرۆکەی ناسیۆنالیستی ئیتالی بە چەمکی «ئەردەنتا»، ئەندێشەی ڕزگاری ئەو بەشانەی گەل کە کۆیلەن پەرەپێدا کە دەبوایە ئەو بەشانەی لەگەڵ پەیوەست بن کە پێوەندییان بە دەوڵەتی نەتەوەییەوە نەبوو. هەربۆیە ناوبراو یەکێک لە پێشڕەوانی بیرۆکەی تێکەڵ کردن (تەنانەت بە توندوتیژی)ی کەمایەتییەکانی ئەڵمانی زمانی ئەورووپا لە ئەڵمانیایەکی گەورە دایە.

### مارکس هێڵدبێرت بوم: گەلی سەربەخۆ (١٩٣٢)

هێڵدبێرت بوم (١٨٧٩ – ١٩٤٣) نووسەری ئەڵمانی، داهێنەری بەشە سەرەکییەکانی بیرۆکەی «گەلی»، خوێندنەوەی ئەفسانە حەماسەییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەدەبیاتی ئەڵمانی گەشەپێدا و تا ساڵی ١٩٣٤ سەرۆکی ئەنیستیتۆی سنووری و دەرەوەی سنووری لە دامەزراوەی خوێندنی باڵای زانستی سیاسی ئەڵمانیا لە بەرلین بوو.

(... هەر دەوڵەتێک بە بێ لەبەرچاوگرتنی شکڵ و یاسا بنەڕەتییەکەی، بە سەر کۆمەڵێک لە دانیشتووانی وڵاتەکەیدا دەسەڵاتی دەبێ کە بەشێکی سەرەکی خەڵکی سنوورەکەی پێک دێنێت. ئەم دەوڵەتە خوازیاری دەسەڵاتی بەردەوامە و مافی بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتە دەرەنجامی ڕابردوویەکی زۆر دوورە. ئەمڕۆ پێوەندییەکی ئەوتۆ لە ڕوانگەی هاووڵاتیان و یاسا نێونەتەوەییەکانەوە وەرگیراوە و بووەتە بنەمای یاسای شوێنکەوتەی هەر وڵاتێک ... شوێن کەوتنی هاوبەشی لە چارەنووس و یاسا لە دەوڵەتدا ڕەنگ دەداتەوە، لە زمانی باوی خەڵک پێی دەڵێن «گەل»... ئێمە جیاکردنەوەی ئەم دواییانەی نەتەوەی دەوڵەتی و نەتەوەی فەرهەنگی ڕەت دەکەینەوە. هەر نەتەوەیەک بە پێی سروشتی خۆی نەتەوەی دەوڵەتییە. هەروەها ڕواڵەت گەرایی دەوڵەتی لە چەمکی فەڕەنسی و ئەورووپای ڕۆژئاوای نەتەوەدا ناتوانێت ڕازیمان بکات. لە ڕوانگەی ئێمەوە و لە بواری دیموکراسیدا نەتەوە چەمکێکی پاڵاوتەکراو بۆ گەلی دەوڵەتی نییە،

بەتایبەت لە وڵاتە فرەگەلییەکاندا و بەرابەری ئەو گەلانەش نییە کە لە دەوڵەتە بەناو نەتەوەییەکانی ئەمڕۆکەدا بەشێکی کەم و زۆر گرنگی پێک دێنێت. مەبەستی ئێمە لە نەتەوە گەلێکە کە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی بە یەکەیەکی پڕ لە ئیرادە پەرەبستێنێت و بۆ ئەو مەبەستە بەخۆیدا بچێتەوە. بۆ نموونە بەر لە دەسپێکی شەڕی ساڵی ١٩١٤ نەمساییە ئیتاڵی زمانەکان کە خۆیان بە بەشێک لە گەلی ئیتاڵی ڕزگارنەکراو دەزانی، وەک نەتەوەی ئیتاڵی سەیری دەکرا، بە پێچەوانەوە ئەڵمانی زمانێک کە لە بەرەی وڵاتی نیشتەجێبوونییەوە لەدژی ئەڵمانیا بەشداری شەڕ بێت، ناتوانین وەک بەشێک لە نەتەوەی ئەڵمان بیناسین. لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە پەیوەست بوون بە نەتەوەیەک و لە هەمان کاتیشدا هاوپێوەندی نەتەوەیی نە بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێکی دەوڵەتی و نە بە هیوای پێکهێنانی ئەو دەوڵەتە لە داهاتوودا... ئەو بیانییانە وەک بەشێک لە نەتەوە حیسابیان بۆ دەکرێت کە بەبێ پێوەندی فەرمی بە وڵاتی دایکییەوە لەگەڵیدا لە هەلومەرجێکی هەستیاری تایبەتیدا دەژی و چارەنووس و ئیرادەی بە چارەنووس و ئیرادەی خۆی دەزانێت، بەبێ پێشێل کردنی مافی ئەو وڵاتە کە تێدا دەژی...)

لە داڕشتنی بنەماکانی تیۆریکی ناسیۆنال سۆشیالیزمی ئەڵمانیا (فاشیزم)یش پێش هەموو شتێک ڕەگەز، ناوەڕۆک و پێکهاتەی سەرەکی نەتەوەی پێک دەهێنا. لەکاتێکدا لە ڕوانگەی بنیتۆ مۆسۆلینی بناغەدانەری فاشیزمی ئیتاڵی دەوڵەت پێکهێنەری نەتەوەیە. لە ڕێبازی ئەودا دەوڵەتەکە نەتەوەی خۆی دروست دەکات و دەوڵەت هەمان وشیاری سروشتی نەتەوەییە.

**بنیتۆ مۆسۆلینی: بنەماکانی تیۆری فاشیزم (١٩٣٢)**

مۆسۆلینی (١٨٨٣ - ١٩٤٥) ساڵی ١٩٠٠ ئەندامی حزبی سۆشیالیست، هەواڵنێری کۆمەڵێک ڕۆژنامەی وەک ئاوانتی (بۆپێشەوە) ئۆرگانی حزبی سۆشیالیستی ئیتاڵیا، بەبۆنەی لایەنگری شەڕ لە ئیتاڵیا لەو حزبە دەرکرا و حزبێکی بەناوی حزبی فاشیزمی نەتەوەیی دامەزراند. ساڵی ١٩٢٢ بوو بە سەرۆک وەزیرانی کابینەی هاوپەیمانی کە بە هاوکاری پیشەسازی قورس و هێزی سەربازی هاتەدی. ساڵی ١٩٢٥ دەستی دایە دیکتاتۆریی تاکە حزبی و دەوڵەتێکی پاوانخواز و بوو بە «دوگە» (ڕێبەر). ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ هیتلەر ئیمزا کرد. لەشەڕی دووەمی جیهانی لەبەرەی ئەڵمانیادا بەشداری کرد. ساڵی ١٩٤٣ لەلایەن پاشای ئەو وڵاتەوە لەسەر کار لابرا و دەستگیر کرا و دواتر بەهۆی پەڕەشووتوانانی ئەڵمانییەوە توانی لە بەندیخانە ڕزگاری بێت. مۆسۆلینی «کۆماری سالو»ی دامەزراند و ساڵی ١٩٤٥ لەکاتی هەڵاتن بۆ سویسرا لەلایەن خەباتگێڕانی ئیتاڵییەوە دەستگیر کرا و کوژرا.

(... یەکبوونی نەتەوە و دەوڵەت بەرزترین کەسایەتییە. نەتەوە ئەو دەوڵەتە پێک ناهێنێت کە بەپێی وێنەی کۆنی قوتابخانەی سروشتگەرایی سەدەی بیستەم دروست کرابێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوە نەتەوەیە کە لەلایەن دەوڵەتەوە دروست دەبێت. مافی سەربەخۆیی هەر نەتەوەیەک بۆ تێگەیشتن سەبارەت بە بوونی خۆی لە ئەدەبیات و ئاوات و ئامانجەکان ناگەڕێتەوە، بەڵکو لە هەڵسووڕانێکی وشیارانە، لە ئیرادەیەکی سیاسی بۆ کردەوە و بۆ دیاریکردنی ئازادی کردەوەی خۆی بەرهەم دێت. ئەمەیە سەرچاوەی دەوڵەت. دەوڵەت وەک نوێنگەی خواست و ئیرادەی گشتی ئەخلاقی بەشێوەیەکی بەردەوام خوڵقێنەری یاسایە، نەتەوە وەک دەوڵەت ڕاستییەکی ئەخلاقییە کە بوونی هەیە و لە ژیاندایە و لە جووڵە کەوتنی مانای مردن دەگەیەنێت. هەربۆیە دەوڵەت نەتەنیا دەسەڵاتێکە کە حکومەت دەکات و داخوازی و ئیرادەی خەڵک بەشێوەی یاسایی و لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی ژیانیان دێنێتەدی، بەڵکو هێزێکە کە ئیرادەی بۆ دەرەوە دەسەپێنێت، ئەویش بەشێوەیەک کە دەبێتە هۆی ئەوەی دەوڵەتانی دیکە دانی پێدا بنێن و ڕێزی لێبگرن. دەسەڵاتێک لە ڕێگای هەڵسوکەوتی گشتییەوە بەرەو گەشەکردن دەڕوات، بەم جۆرەیە کە دەوڵەت دەتوانێ خۆی لەگەڵ ئیرادەی مرۆڤەکان بەراورد بکات و لە ڕێگای پەرەسەندنیدا بەربەستێک ناناسێت. دەوڵەت ژیانی کورتی خەڵکەکەی لەڕێی

ڕوونکردنەوەی وشـــیـــاری گـــشــتـی تەواوی نەتەوەوە پەرەپێدەدات...)

## چەمکی نەتەوە لە گەنگەشەی زانستی نێونەتەوەییدا لەپاش قۆناغی شەڕی دووەمی جیهانییەوە

«لیـمـبـێـرگ»، «دۆیچ» و «ئەندرسـۆن» نووسـەرانی ئەڵمانی و بەریتانی دەیەی ٦٠ و ٨٠ی سەدەی بیستەم پێناسەی نەتەوەیان بەجۆرێک پەرەپێدا کە ئەوان چیدیکە تایبـەتمەندییـە هاوبەشـەکـانی وەک زمـان، ئەدەب و فـەرهەنگیـان وەک تەوەر دانەنا، بەڵکو پێوانەیان تەنیا بوونی پێـوەندی نێـوان ئەندامـانی ئەو نەتەوەیە بـوو. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەم پێوەندییە کە ئایدۆلۆژی نەتەوەیی هۆکاری هاوبەشییەتی، نەتەوە دروست دەکات، هەربۆیە ئەرکی ناسیۆنالیزم بریتییە لە پاراستن و دەستەبەرکردنی یەکـێـتـی و هاوپێـوەندی نەتەوەیی. بەپێی تیـۆری ئەندرسـۆن نەتەوە لە کـۆمـەڵگایەک بەرهەم دێت کـە ناسیۆنالیزم دروست دەکات.

### ئۆیگن لیمبێرگ: ناسیۆنالیزم (١٩٦٤)

لیـمـبـێـرگ (١٩٠٣ - ١٩٧٦) خـاوەنی بڕوانامـەی زانستی سیـاسی و کۆمەڵناسی لە پراگ، مـامۆستـا لە پراگ و کـاسل، ١٩٥٥ بۆ مـاوەی دووسـاڵ بەرپرسی بەشی قوتابخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی هێسنی ئەڵمـانیـا بووە. دواتر پرۆفیـسـۆری کۆمەڵناسی بووە بۆ کـاروباری پەروەردە لە ئەنسـتـیـتـوی لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەیی فرانکفۆرتی ئەڵمانیا. مێژووی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، ئیسلاویستیک و پرسی نەتەوەیی، تەوەری سەرەکی کارەکانی بووە.

(ئەوەی کە نەتەوە دەکات بە نەتەوە، یان باشتر بڵێین لە گرووپە گەورە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵەی هەڵسووڕ و نەتەوەیی یان نیـمـچـە نەتەوەیی دروست دەکـات و لە کۆمەڵگا پەراوێزییەکانی جیا دەکاتەوە، نە هاوبەشییە لە تایبـەتمەندییەک، هاوزمـانییـەک، هاوڕەوشـتـیـیـەک و هاوفـەرهەنگـیـەک لەژێر دەسـەڵاتی هێـزێکی دەوڵەتی، بەڵکو بەپێـچـەوانەوە سیـسـتـەمـێک لە خـوێندنەوە و بایەخـەکـان، وێنەیەکی دیاریکراوە لە جـیـهـان و لە کـۆمـەڵگا، ئەوەش واتای ئایدۆلۆژیا دەگـەیەنێت، ئایدۆلۆژیایەک کـە سـەر بە گـرووپێکی گـەورە بێت کـە تایبـەتمەندییـەکـانی باس کـران. بەواتایەکی دیکە گرووپێکی گەورە ڕادەکێشێت و یەکدەستی دەکات و لە دەوروبەری خۆی جیا دەکاتەوە. ئەگەر بەرامبەری یەکێک لەو تایبـەتمەندییـانە ئەوە دەبوو کە نەتەوەکـان بکات بە نەتەوە یان هەڵگرانی تایبـەتمەندییـە هاوبەشـەکـە لە کۆمـەڵگایەکی هاوبەش بۆ مردن و ژیان یەکگرتوو بکات و فـیـداکـاری، هەوڵدان و قـوربانیـدان بەدوای خـۆیدا بهـێنێت، ئەوکـات بەهۆی پاشـمـاوەی هەلومـەرجی سەرەتایی کۆمەڵایەتی شادمانی ڕەوا دەبوو، هەروەها ئەم چاوەڕوانیـیـە کـە بیـرکـردنەوە لە حـاڵەتی گـەشـە و ڕۆشنگەری پێـــوەندییـــەکی پتـــەوی بەهۆی بوونی هاوچەشنیی ئەم تایبـەتمەندییـانە و دژایەتی کـردنی پێکهاتووە بەتێپەڕبوونی کات لەناو دەبەن، بەڵام لایەنی بەرامـبـەری ئەم تایبـەتمەندییـانە ناتوانێت پێکهـێنەری نەتەوە بێت. لەبەر ئەوەی کـامـە بەڵێنی ئەخلاقی و کـام هۆکـار بۆ عـەشق و نەفـرەت، بۆ لەخـۆ بوردوویی و جینایەت بەرامبەری ڕەنگی موو یان زمان و شکڵی سەر و شوێنی نیشتەجێ بوون دەیتوانی بدات بە دەستەوە، لە کـاتێکدا لە پشـتی ئەمـەوە خـوێندنەوەیەکی ڕوون لە جیهان و کۆمەڵگا، سیستەمێک لە بایەخەکان نەدەبوو کە بەم بەرامبـەرییە بایەخێکی تایبـەتی، ڕەوشـتـێکی بەڵێندەر دەخشێت، ڕەوشتێک کە تاک بە کەسانێکەوە دەبەسـتـێـتـەوە کە وەک ناوبراو خـاوەنی ئەو ڕەوشـتـەن، کەسانێکیش جیا دەکاتەوە کە بەم تایبەتمەنییانە نامۆن، بەڵام ئایدۆلۆژیا بنەمـــایە، گـــرنگـتـــرین شــتـــە، تایبـەتمەندییـەکـان تەنیـا ئامـرازی یارمـەتیـدەرن کـە ئایدۆلۆژیا خۆی لەگەڵیدا ڕێک دەخات. ناسیـۆنالیـزم یەکێک لەو ئایدیۆلۆژییانەیە کە دەبێتە هۆی یەکگرتنی ناوخۆیی گرووپە گەورەکـان و لە نێوان ئەوان و هەرێمدا سنوور پێک دێنێت. لە مـێـژووی مـرۆڤـایەتی یان لە چوارچێـــوەی فـــەرهەنگی ڕۆڵ و پێـگەیان دەداتێ، فیـداکـاری و هەندێ جاریش دەمارگرژی ئەندامـانی ئەم گـرووپانە دەبزوێنێت، بە سیـسـتـەمێکی دیاریکراو لە بایەخەکان پابەندیان دەکات و مانا و چەمکی ژیانیان بۆ پێناسە دەکات. ئەگەر بە کورتی بمانەوێ باسی بکەین، دەبێ بڵـێین کـە ناسـیـۆنالیـزم وەک ئایدۆلۆژیایەک

خـوازیاری یەکگرتنی گـرووپە گـەورەکـان یان کـۆمـەڵگا گەورەکانە، دەردەکەوێ کە لە سەرەتاوە مرۆڤایەتی پێ دابەش بووە و هەرواش دابەش دەبێت.)

### کارل وڵف گانگ وۆیچ: پێکهێنانی نەتەوە - دەوڵەتی نەتەوەیی و ئینتیگراسیۆن (١٩٦٦)

دۆیچ (١٩١٢ - ١٩٩٢) مـامـۆسـتـای زانسـتـی سیاسی، خاوەنی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕۆڵی ڕاگەیەنە گشتییەکان لە کۆمەڵگای پێوەندییەکاندا، ١٩٥٨ بۆ ماوەی دە ساڵ پرۆفیسۆری زانکۆی یال لە نیوهاون بووە، ١٩٦٧ تا ١٩٧٨ پرۆفـیـسـۆری زانکۆی کـمـبـریج، تا سـاڵی ١٩٨٥ بەڕێوەبەری ئەنسـتـیـتـۆی لێکۆڵینەوەی بەراوردی کـۆمـەڵگای هەمـەچەشن لە ناوەندی زانسـتی بەرلین.

(«نەتەوە» گـەلێکە کـە خـاوەنی دەوڵەتە. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەم گەلە ببێتە بەشێکی سەرەکی لە هێزی ڕابەریکەری دەوڵەتەکەی و ژمارەیەکی زۆرتریشی هاوسۆزی خۆیان لەگەڵ دەوڵەت دەرببـڕن و پشـتـیـوانی لێ بکەن. لەلایەکی دیکەوە، «گەل» تۆڕێکی پێوەندیدەرە و ئامانجی مرۆڤەکان دێنێتە دی. لە کـۆمـەڵێک خـەڵک پێکهـاتووە کـە خـێـرا و سەرەڕای مەودای زۆر سەبارەت بە مەسەلە جۆراوجۆرەکان دەتوانن لەگەڵ یەکدی پێوەندی دابمەزرێنن. پێـویستـە بۆ ئەم کـارەش دابونەریتی پێـوەندی گـرتنی دیاریکراویان هەبێت، زۆرجار فەرهەنگ وەک پاشەکەوتێک لە مانا و بیـرەوەرییـەکـان ئەو بوارە هاوبەشـە فـەرهەنگیـیـە دەرەخسێنێت بۆ ئەوەی خەڵک لە ئێستا و لە داهاتووی نزیکدا ئۆگـری و خـوێندنەوەی هاوبەشـیـان هەبێت. ئەندامـانی گـەلێکی دیاریکراو لە پێـوەندی لەگـەڵ دابونەریتدا وێک دەچن و بە تەواوکەری یەکتر دادەنرێن. هەرکـات دەتوانین بەشـێکی گـرنگ لە گـەلێک کـە بۆ گەیشتن بە دەسـەڵاتی سیاسی بۆ گرووپێکی قـەومی و زمـانی خـۆی هەوڵ بدات، وەک نەتەوە سـەیر بکەین. ئەگـەر ئەم نەتەوەیە دەستی بەم هێـزە - کـە زۆرجـار بە مـانای پێکهـێنانی دەوڵەتە - ڕابگات، پێی دەگـوترێ نەتەوە...)

### بندیکت ئەندرسۆن: دۆزینەوەی نەتەوە (١٩٨٣)

ئەندرسـۆن لەدایکبـووی ١٩٣٦ی کـۆمـێنگی چینە، لێکۆڵەر و پرۆفیـسـۆر لە بواری سیسـتـەمی حکومـەتی، بەڕێوەبەری پرۆگـرامی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسـیا بوو لە زانکۆی کۆرنل نیۆیۆرک.

(... نەتەوە کـۆمـەڵێکی سـیـاسی وێناکـراوە، ئەویش وەک کـۆمـەڵی سـیـاسی بەرتەسک و سـەربەخـۆ. نەتەوە لەبەر ئەم هۆیە وێنەیەکی زەینییە کە زۆربەی ئەندامـانی تەنانەت نەتەوەیەکی زۆر بچووک قەت یەکتری ناناسن، پێـوەندییـان پێکەوە نییـە و تەنانەت شتـێک لە یەکدی نابیـستن. ئەمـەش لە کـاتێکدایە کـە لە زەینی هەریەک لەوانەدا وێنایەک لەم کـۆمـەڵەیە هەیە... کـۆمـەڵەکـان نابێت لە ڕووی ڕەسەنایەتی و عەینی بوونیانەوە لێکتری جیا بکرێنەوە، بەڵکو بەو شێوەیە بێت کە ئەوان وێنایان کردووە... نەتەوە بۆیە وەک کۆمەڵی سیاسی بەرتەسک وێنا دەکرێ کە تەنانەت گەورەترینیان لە حەشیمەتێکی بۆ نموونە یەک ملیـار کـەسی لە چوارچێـوەی سنوورە دیاریکراوەکـاندا دەژین، ئەودیوی سنوورەکـان نەتەوەی دیکەی لێ دەژی. هیچ نەتەوەیەک خۆی لەگەڵ سەرجەم مرۆڤایەتیدا یەکسان نابینێت. تەنانەت ناسیۆنالیستە توندڕەوەکـانیش خـەون بەو ڕۆژانەوە نابینن کـە تێـیـدا هەموو مرۆڤایەتی بە نەتەوەکەیانەوە بەسترابێتنەوە. بەو هۆیەوە نەتەوە وەک کۆمەڵەیەکی سیاسی سەربەخۆ سەیر دەکرێت، چونکە چەمکەکەی لە کاتێکدا لەدایک بوو کە ڕۆشنگەری و شـۆڕشی ڕاسـتـەقـینەی ئیـمپـراتۆرییەکـانی هیـرەمی و پاشایەتی خۆیان بە حکومەتی ئیلاهی دەزانی و دەبردە ژێر پرسـیـارەوە... لەبەر ئەم هۆیە، نەتەوەکـان جگە لە ئازادی ڕاسـتـەقـینە بیـریان لە شـتـێکی دیکە نەدەکردەوە، ناسنامەی ئەم ئازادییە دەوڵەتی سەربەخۆیە. سەرەنجام نەتەوە وەک کۆمەڵێک لە زەیندا وێنا دەکرێت، لەبەر ئەوەی کـە سـەربەخـۆ لە نابەرابەری کـۆمـەڵایەتی ناوخـۆی نەتەوەکـەی، وەک یەکگرتنێکی دۆسـتـانە لە مـرۆڤـەکـان لە بیـرو زەیندا خۆ دەنوێنێت و هەستی پێ دەکرێت...).

# لێڵی له زمانی كوردیدا

سەلام ناوخۆش بەكر
(زانكۆی سەلاحەدین - كولێژی پەروەردەی بنیات)

**پێشەكی**

لێـڵی زاراوەیەكـه له بواری زمـانەوانی بۆ ئەو وشـه و فرێز و ڕستانه بەكار دێ كه زیاتر له واتایەكیـان هەیە، ئەم دیاردەیه له زمـانی كـوردی له ئاسـتی فـۆنـۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازی بەدیار دەكەوێ.

دوو ژێدەری سـەرەكی، كـه ژێدەری زمـانـەوانی و نازمانەوانییه ڕۆڵی سەرەكی دەبینن له دروستكردنی ئەم دیاردەیەدا، بەڵام ئەم لێكۆڵینەوەیه تەنیا جەخت لەسەر ژێدەری یەكـەم دەكـات؛ گـرنگی ئەم لێكۆڵینەوەیه لەم دیاردەیەدا لەوەدایه كه وەك لێكۆڵینەوەیەكی سەربەخۆ له چەمك و هەردوو جـۆری سـەرەكی لێـڵی دەدوێ، ئەوە دەردەخـات كـه زمـانی كـوردی هەردوو جـۆر لێـڵی له خـۆ دەگـرێ، بەهەمـان شـێـوەش ڕێگا چارەی ڕوونكردنەوەی لێـڵـیشی هەیە. ئەم لێكۆڵینەوەیه له سێ بەش پێكدێ: بەشی یەكـەم له چەمك و جـۆرەكـانی لێـڵی ڕێزمـانی دەدوێ، بەشی دووەم تایبـەته بە لێـڵی لێكسـیكی و جۆرەكانی. له بەشی سێیەمدا پێنج ڕێگا خراونەته ڕوو بۆ ڕوونكردنەوەی هەردوو جۆری لێڵی.

## ١-١ چەمكی لێڵی:

لێڵی یاخـود (تەمی واتایی) یان (تەمومژی واتایی) دیاردەیەكی زمـانەوانییـه. كـریسـتـاڵ (١٩٩١: ١٧) باوەڕی وایه «كـه واتای گـشـتی ئەم زاراوەیه بریتـییـه لەوەی كـه وشـەیەك یاخـود ڕسـتـەیەك گـوزارشت له واتایەك زیاتر بكات.» تراسك (١٩٩٣: ١٣) هەمـان شت دووبـاره دەكـاتەوە بەوەی لێـڵی لەوانەیه تەنیـا له وشەیەك بێ یاخود له شێوازی پێكهاتەی ڕستـەیەكەوە بێت. هۆرسی (٢٠٠١:٧) دەنووسێ: «ئەگـەر وشـەیەك

یاخــود گــرێیــەک لە لێکدانەوەیەکی زیاتر هەبوو، ئەوا دەوترێ: ئەو وشـەیە یاخـود گـرێیـە لێـڵی هەیە». ئەو ڕستانەی کە تەمومژی واتایان هەیە مانای وانییە کە ئەو ڕستانە لە ڕووی ڕێزمانییەوە پەسەند نین. لەم بارەیەوە «لیــۆنز (١٩٧٧: ٣٩٦) دەنووسێ: زۆر پێکهــاتەی گـونجـاو دەکرێ لێڵ بن، چونکە دەکرێ بەدوو ڕێگا یان زیاتر شرۆڤە بکرێن».

## ٢-١ ژێدەرەکانی لێڵی:

ژمــارەیەک هۆکــار هەن کــە دەبنە هۆی دروست بـوونی لێڵی. هەندێ جار هەر خودی وشەکە زیاتر لە واتایەک هەڵدەگـرێ. ئەم دیاردەیە لە کـوردیدا زیـاتر لە هاوبێـژی بەرچاو دەکـەوێ. بۆ نموونە هەر یەک لە هەردوو وشـەی «بیـر» و «شـیـر» بە ڕێکەوت وا ڕێک کــەوتوون کــە هاوبێژی وەک خۆیان هەبێت:

١- بیر یاخود «هزر» و «بیر» «بیری ئاو» دوو وشەی هاوبێژن هیچ پێوەندیەکیان بەیەکەوە نییە.

هەبوونی ئـەم دوو وشــــەیە بەتەنیــــا (لە دەرەوەی چوارچێوە) لێڵی دروست ناکەن. هەروەها-

٢- شیر «شـمشـێر» و «شیـر» «شیری مـانگا» لە فـەرهەنگ و چوارچێـوەدا لێـڵی لێکسـیکیـان بەدەر دەکەوێت.

هەر لەسەر ئاستی وشەدا، لە دیاردەی فرە واتادا لێڵی هەیە. فرە واتا خۆی بریتییە لەوەی کە وشەیەک زیاتر لە واتایەک لە خــۆ بگرێ، بەڵام ئەو واتایانە پێــوەندیان بەیەکەوە هەیە یان لەیەک نزیکن، ئەم دوو واتایەی کــە لێکسـیـمێک فـەراهەمی دێنێ پەیوەستێ بەیەکـەوە، بۆ نموونە وشـەی «دەم» «زار» هەم بە واتای «دەم»ی مرۆڤ دێ هەم بە واتای دەمی ئەشکەوت دێ هەروەها دەکرێ بە واتـای «دەمی دەریا»ش بێ- لۆبنێـر (٢٠٠٢: ٤٤) و پالمەر (١٨٩١- لا ١٠٨).

محەمەد مەعرووف (١٩٩٠: ١٧٠) لە بارەی ئەم دوو جـۆرەی تەمـومـژی دەنووسێ «ئەم دوو جـۆرە تەمـومـژی واتاییـە لە گرنگیدا وەک یەک نین. فـرە واتایی کـورتی نییە لە زماندا، بەڵکو تایبەتییەکی گرینگێتی. ئەگەر فـرە واتایی نەبێت، دەبێت بۆ هەمـوو واتایـەک وشـەیەک هەبێت. هاوبێــژی، بە پێـچـەوانەوە بەهیچ جــۆرێـک پێویست نییە هەبێت لە زماندا.....

نە فـرە واتایی و نە هاوبێـژی نابن بەهۆی تەمومژێکی تێکدەر لە زمـاندا، چونکە چوار چێـوەی قسـە زۆر شت ڕوون دەکاتەوە».

لە حاڵەتی بەکارهێنانی هەندێ جێناودا، لێڵی دروست دەبێت ئەم جۆرە لێڵییە وەک هۆرسی (٢٠٠١:٧) دەڵێ: دەکــرێ پێی بـوترێ لێــڵی ژێدەرەکی. ئەم نموونـەیەی خوارەوە ئەم جۆرە لێڵییە لە خۆ دەگرێ،

٣- ئازاد نازانێ کە ئەو دێ یان نا.

لێرەدا جێناوی «ئەو» لێڵییـەک دروست دەکات تەواو نازانرێ ئاخۆ «ئەو» ئاماژەیە بۆ ئازاد یاخود کەسێکی تر.

هەروەها جـێناوی ئامـاژە «ئەم» لە هەندێ چوارچێـوەی قسەدا لێڵی دروست دەکات. ئەم لە کوردیدا هەم لەگەڵ ناوی تاک هەم لەگــەڵ ناوی کــۆ بەکــاردێت. هەروەها هەرچەندە، ئـەم ئاماژە بۆ نزیکی دەکات، بەڵام لە هەندێ چوارچێوەی قسـەدا تەواو شـتە ئامـاژە بۆ کراوەکـە ڕوون ناکـاتەوە. بۆ نموونە ئەگـەر لەسـەر مـێـزێک کـۆمـەڵێک قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ هەبن یەکێ بڵێ:

٤- ئەم قـەڵەمەم بۆ بێنە ئەم «ئەم»ە تەواو ئامـانجـەکە ناپێکێ، چونکە کـەسی پرسـیــار لێکراو لەوانەیە بڵێ: کامەیان، سوورەکە یان زەردەکە؟ ڕەشەکە یان کەسکەکە؟ گەورەکە یان بچووکەکە؟ ئەمانەش هەمـوو لێڵی واتایی دەگەیەنن.

- وریا عــومــەر ئەمین (٢٠٠٣: ٢٩٦) جــیــایی لە ئاوازی ڕســتــە بە هۆیەکی دی لێـڵی دادەنێ. ڕســتــەی (هەرچواریان هاتن) دوو واتا لە خۆ دەگرێت.

یەکەم: هەمـوو چواربوون و هەمـوو هاتن. بۆ ئەم واتایە وزەی زیاد دەخرێتە سەر (هەر)

دووەم: زیاتر بـوون لە چوار و تەنیـا چواریان لێ هاتن، بۆ ئەم واتایە وزەی زیاد دەخرێتە سەر (چوار).

بوونی ئەم هەمـوو ژێدەرە لە دروستکردنی لێڵیدا بەرەو ئەو ڕایەی والدرن ١٩٦٧ وسگەرمـان ١٩٩٩ دەبات کـە لێـڵی خـۆی لە خـۆیدا کێـمـاسی و تـەواو لەیەک حـاڵی نەبوون دەگـەیەنێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، وەک لە بەشی کۆتایی باسی دەکەین، چۆن ژێدەر هەن بۆ دروست کردنی لێڵی بەهەمـان شێوەش هۆکاری تر هەن لە چارەسەرکردنی لێڵیدا.

## ٣-١ جۆرەکانی لێڵی:

جـۆرەکـانی لێـڵی لەسـەر دوو ئاست شـرۆڤـە دەکـرێن: لەسەر ئاستی واتا، دووەمیش لەسـەر ئاستی ڕەگەزەکانی

رستە و پێکهاتەی رستە.

هەندێ جار بەبێ ویستی مرۆڤ و بەبێ ئاگایی و مەبەست لەکاتی ئاخاوتن جۆرێک لە لێڵی دروست دەبێ. جا هۆی لێڵییەکە تەنها وشەیەک بێ یان شێوەی گۆکردنی وشەیەک بێ یاخود رستەیەک بێ، ئەم جۆرە لێڵییە پێی دەوترێ: لێڵی نا مەبەست ئەم رستانەی خوارەوە لە ئەم جۆرەن:

٥- ئازادو نەوزادی برام هاتن.

هەندێ جاریش قسەکەر بە مەبەست لێڵی دەخاتە ئاخاوتنەکەی بۆ ئەوەی کاریگەری بەسەر خوێنەر یاخود بیسەر پیشان بدات. لە رووی ئاینییەوە ئەو گفتوگۆیەی نێوان پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) لەگەڵ پیرەژنێک بەشێک لەو جۆرە لێڵییە پێکدێنێ:

٦- پیرەژن: ئەی پێغەمبەری خوا من دەچمە بەهەشتێ؟

٧- پێغەمبەر: هیچ پیرەژنێک ناچێتە بەهەشت!

ئەو وەڵامەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) پیرەژنەکە هەراسان دەکات، بۆیە پێغەمبەر پێی دەفەرمووێت:

٨- ئەوانەی دەچنە بەهەشت هەموو گەنج دەبنەوە، ئەوجا دەچن.

لیۆنز (١٩٧٧: ٣٧٨) دوو جۆری لێڵی دەست نیشان دەکات: لێڵی زمانەوانی و لێڵی نا زمانەوانی.

**لێڵی زمانەوانی:**

ئۆلمان (١٩٦٢: ١٥٦) باوەڕی وایە کە لێڵی زمانەوانی هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە، بەواتای ئاستی فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکسی و واتاسازی.

**١-٣-١ لێڵی فۆنۆلۆژی:**

هەریەک لە هێز و ئاواز رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە دروستکردنی لێڵی فۆنۆلۆژیدا.

ئەم دیاردەیە لە کوردیدا زۆر بەرچاودەکەوێ بەتایبەتی لە قسەکردن نەک نووسین. ئەم دوو وشەیەی خوارەوە بە گوێرەی شوێنی هێز واتای جیاواز دەبەخشن:

ئازاد ماوە (هێشتا نەمردووە)

٩- ماوە {ماوەی نێوان دوو وانە

خان-ە (دەسەڵات) (یا دەبێتە خانی خانان، یا دەبێتە پووشی بانان)

١٠- خانە {خانە (شانە cell)

چما خانە! (بەخۆڕایی بێ)

وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٣: ٢٨٧) دەنووسێ: کە بەهۆی هێزەوە رستەی:

١١- درەختەکە سەوز بوو.

دوو واتای جیاوازی هەیە:

١- ئەگەر هێز کەوتەسەر (بوو)، ئەوە دەگەیەنێ کە درەختەکە ئێستا سەوز نییە و لە رابردوودا سیفەتی سەوزی پێوەبووە.

هەروەها وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٣: ٢٩٠) دەنووسێ کە رستەی (نەکەی دەتکوژم) دوو واتای بەتەواوی دژیەکی هەیە، بەپێی ئاوازەکەی دەستنیشان دەکرێن و دەزانرێت:

١- ئەگەر بکەی دەتکوژم.

٢- ئەگەر نەکەی دەتکوژم.

**١- ٣- ٢ لێڵی رێزمانی:**

ئەم جۆرە لێڵییە وشەسازی و رستەسازی دەگرێتەوە. ئۆلمان (١٩٦٢: ١٥٦) دەڵێ «ئەم جۆرە لێڵییە لەوانەیە بەهۆی پێکهاتەی رێزمانی رستەکەوە بێت» هەر لەو بارەیەوە کریستاڵ (١٩٩١: ٣٣٠) دەڵێ دەکرێ لێڵی رێزمانی بە لێڵی پێکهاتەیی (رۆنانی) دابنرێ و ئەوکاتەش پەیدا دەبێ کە پێکهاتەیەک زیاتر لە راڤەکردنێک لە خۆبگرێت.

دەکرێ بڵێین ئەم جۆرە لێڵییە پەیوەست نییە بە هاوبێژی و فرە واتایی وشەوە، بەڵکو پەیوەستە بەوەی کە گرێیەک یاخود رستەیەک زیاتر لە خوێندنەوەیەک یاخود راڤەکردنێک، کە بەهۆی پێوەندی رەگەزەکانی رستەکەوە پەیدا دەبێ، لە خۆ بگرێت.

**١- ٣-٣ جۆرەکانی لێڵی رێزمانی:**

لیۆنز (١٩٧٧: ٤٠٠- ٤٠٣) و کریستاڵ (١٩٩١: ١٧) ولۆبنێر (٢٠٠٢: ٤٦) باوەڕیان وایە کە لێڵی رێزمانی دەبێتە هۆی لێڵی سیمانتیکی «ئەم جۆرە لێڵییەش ئەوە دەگەیەنێت کە ناکرێ هەردەم رستە بنج و سیمای وەک یەک بێت، بەڵکو خودی لێڵی واتای دوو خوێندنەوە، دوو واتا دوو بنج بۆ یەک سیما دەگەیەنێ.

ئەو دیاردەیە لە رێزمانی بونیادگەری فەرامۆش کرابوو، بەڵام لە رێزمانی گواستنەوە و پێکهێنەر چۆمسکی

ئەوەی خستە ڕوو کە هەر ڕستەیەک بنج و سیمای هەیە. لە ڕستەی لێڵیدا هەردەم ژمارەی واتاکان لە سیماکان زیاتر دەبن.

ئەم جۆرە لێڵییە دوو جۆری هەیە: یەکەم لێڵی سترەکچەری گرێ لیۆنز (١٩٧٧: ٤٠١) لێڵی سترەکچەری گرێ دەکاتە دوو جۆر: کۆمەڵکردن و پۆل پۆل کردن.

لێڵی کۆمەڵکردن: لەم جۆرە لێڵییە وشەکان خۆیان لە واتا دا لێڵ نین بە واتای وشەکان نە «هاوبێژن» و نە «فرە واتا»ن بەڵکو لێڵییەکە لەو پێکهاتە گرووپ گرووپ دروست دەبێ کە ڕەگەزەکانی ڕستەیەک دروستی دەکەن، بۆیە تۆماس و گینتگین ئەو جۆرە لێڵییە بە لێڵیی پێکهاتەیی دادەنێن.

لە کوردیدا ئەم جۆرە لێڵییە زیاتر بەهۆی دیارخەرەوە دروست دەبێ. ئەم دیارخەرە لە هەندێ ڕستەدا ئاوەڵناو دەبێ و لە هەندێکی تردا ناو دەبێ:

١٢- ژنە جوانەکە و کوڕەکەی هاتن.

١٣- پیاوە پیرەکە و ژنەکە مردن.

١٤- باوکی کوژراوەکە و بکوژەکە لەوێ بوون.

ئەم سێ ڕستەیە هەرسێک لێڵن، چونکە هەریەک زیاتر لەواتایەک دەبەخشن یان وەک چۆمسکی دەڵێ: بنج و سیمای ڕستەکان وەک یەک نین.

لە ڕستەی (١٢)دا ئەگەری ئەوە هەیە کە گرێییەکان گرووپ گرووپ بکرێن:

ژنە جوانەکە+ کوڕە جوانەکەی هاتن.

ژنە جوانەکە+ کوڕەکە (جوان نییە) هاتن.

لە ڕستەی (١٣)دا لە ئاکامی گرووپ گرووپ کردندا دەردەکەوێ کە جارێک ئاوەڵناوی «پیر» بۆ پیاوەکە و ژنەکەیە. جارێکیش تەنیا بۆ پیاوەکەیە. لە ڕستەی (١٤)دا دوو خوێندنەوە هەیە: ناوی هەبوونی «باوکی» دەکرێ بۆ «بکوژ» و «کوژراوەکە» بەکاربێ هەروەها دەکرێ «باوکی» تەنیا «باوکی کوژراوەکە» بگەیێنێ.

وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٣: ٢٩٧) ئەم جۆرە لێڵییە بۆ هەبوونی دوو پێوەندی جیا لە نێوان بەشەکانی ڕستە لە بنج و دەرنەکەوتنی ئەم جیاوازییە لە سیمادا دەگەڕێنێتەوە.

ئەم ڕستەیەش دەکاتە پاڵپشتی ڕایەکەی:

١٥- ئاوازو ئاهەنگی خوشکم چوونە هەولێر.

ئەم ڕستەیە دوو واتای جیای هەیە:

١- ئاوازو ئاهەنگ هەردووک خوشکمن.

٢- هەر ئاهەنگ خوشکمە.

دووەم لێڵی پۆلی: پۆلی جودا یاخود بەشە جیاوازەکانی ئاخاوتن لەم جۆرە وا ڕێک دەکەوێ کە وشەیەک لە ڕستەدا زیاتر لە بەشێکی ئاخاوتن بگەیێنێ. ئەم جۆرە لێڵییە زیاتر پەیوەستە بە ڕیزبوونی وشەکان لە ڕستەدا. لە ڕستەی (١٦)دا وشەی «گەورە» ئاوەڵناوە کەچی لە ڕستەی (١٧)دا فرمانە.

١٦- تۆ گەورەی ئێمەی.

١٧- ئازاد گەورە بووە.

لە هەندێ ڕستەدا گۆڕانی بنەڕەتی لە بەشەکانی ئاخاوتن دروست نابێ: بە واتای «ناو» نابێتە «ئاوەڵناو»

یاخود «فرمان» نابێتە «ناو» بەڵام تەنیا گۆڕان لە بەشێکی ئاخاوتن دروست دەبێت وەک.

١٨- ئێمە جیهان بچووک دەکەینەوە (ئەمە پڕۆپاگەندەی کۆڕەک تێلیکۆمە مەبەست لە «جیهان» دنیایە»

١٩- ئێمە جیهان بچووک دەکەینەوە (جیهان ناوی کچێکە بە گەورە نووسراوە ئێمە لە دادگا، دایەرەی نفوس ناوی بچووک دەکەینەوە) لێرەدا هەردوو «جیهان» ناون ئەوەی یەکەم ناوی گشتییە و هی دووەمیش ناوی کەسە.

هەندێ فرمان لە هەندێ چوارچێوەدا تێنەپەڕن و لە هەندێکی تر تێپەڕن، بۆیە ناکرێ بەڕایەکی یەکلاکەرەوە بڕیار لەسەر «تێپەڕی» یاخود «تێنەپەڕی» هەندێ فرمان بدەین.

ئەم دیاردەیەش لێڵی دروست دەکەن:

٢٠- ئازاد باش دەنووسێ. (تێنەپەڕ)

٢١- ئازاد شیعر باش دەنووسێ. (تێپەڕ)

١-٣-٤ لێڵی گوێزانەوە:

ڕێزمانی بونیادگەری ڕۆنکاری نەیتوانی ئەو جۆرە لێڵییە چارە بکات. خودی ئەم جۆرە لێڵییە پەیوەستە بە ڕۆنانی ژێرەوە لەم بارەیەوە لیۆنز (١٩٧٧: ٤٠٣) بانگەشەی ئەوە دەکات کە ڕستەیەک بە لێڵ دادەنرێ ئەگەر دوو ڕۆنانی ژێرەوەی (بنج)ی لە خۆگرت. وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٣: ٢٩٨) دەنووسێ کە لە ئەنجامی سەپاندنی هەندێ یاسای گوێزانەوە.... یاسای جیا دوو ڕستەی جیا (لە بنجدا) دەکەن بە هاوسیما. بۆ نموونە ڕستەی:

٢٢- (پێم دەشکێ).
ئەم دوو واتایەی هەیە:
١- قاچم دەشکێ.
٢- من دەتوانم بیشکێنم.

**هەندێ لێڵیی ڕێزمانی تر:**

لەم بەشەدا ئاماژە بە چەند جۆرێکی تری لێڵی دەکەین. هەندێ لەم دیاردە زمانەوانییانە پەیوەستن بە دەمکاتی کوردی و هەندێکی تر پەیوەستن بە لێڵی بە شێکی جێناوی کوردی.

لە کرمانجی خوارووی دا لە دەمکاتی ئێستا و ڕانەبردووی بەردەوام و داهاتووی سادە هیچ جیاوازیەک لە فۆرمی فرمان دەرناکەوێ لە ئەنجامدا لێڵی دروست دەبێ:

٢٣- ئەو دەچێت بۆ کۆلێژ { ئێستا / بەردەوام / داهاتووی سادە

بەڵام لە کرمانجی سەروودا ئەم دیاردەیە بەرچاو ناکەوێ، چونکە هەر دەمکاتەو شێوەی سەربەخۆی خۆی هەیە.

٢٤- ئەو دچتە کۆلێژێ. ئێستا
٢٥- ئەو یێ/ یا دچتە کۆلێژێ بەردەوام
٢٦- ئەو دێ چتە کۆلێژێ داهاتوو سادە

شێرکۆ بابان (٢٠٠٠: ١٤٦- ١٤٩) دەنووسێ: لە ڕستەی:

٢٧- شیلان (چووە) بۆ بازاڕ.
٢٨- ناوی من (هەبووە) لە ئەوێ.

لە ئەم ڕێژانەدا لێڵاییەک هەیە، چونکە ئەو نموونانە لە ڕووی شیتەڵکارییەوە بە ئەم چەشنەن:

(چ) (وو) (و) (ە)
هە (ب) (وو) (و) (ە)

لە ئەم ڕێژانەدا، کە ڕێژەی ڕانەبردووی تەواون، خانەی (٣-) هەردەم بزوێنە، لە چەشنی (وو) بەڵام، خانەی (٤-) لێڵە، چونکە نازانین دەنگی (و) بزوێنە یان نەبزوێنە، ئەمەش زمانی نووسین لێڵ دەکات.

هەردوو ڕاناوی «ئێمە» و «ئێوە» زیاتر لە واتایەک دەبەخشن بەمەش لێڵی دروست دەکەن.

واتاکانی «ئێمە»

٢٩- ئێمە= من+ تۆ= ئێمە برای یەکین.
٣٠- ئێمە= من (خودا)= ئێمە مرۆڤمان دروست کردووە.
٣١- ئێمە= (دەسەڵاتدار- یەک کەس) ئێمە ڕازی نین.
٣٢- ئێمە= من+ تۆ+ ئەو+ ئەوان (میللەت) ئێمەی کورد تەنها یەک ئاڵامان هەیە.

واتاکانی «ئێوە»

٣٣- ئێوە (کۆ) ئێوە هەمووتان بڕۆنەوە.
٣٤- ئێوە (تۆ+ ڕێز) ئێوە چی دەڵێن؟ ئێوە ڕاتان چییە لە بارەی کێشەی ئاوارەکانەوە؟

لە هەندێ باردا دیاردەی لێڵی مۆرفۆسینتاکسی لە هەندێ وشەی کوردی دیار دەکەوێت: وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٣: ٢٩٤- ٢٩٥) لەم بارەیەوە ئەم دوو نموونە دەهێنێتەوە:

وشەی برایەتی
٣٥- برایەتی { ڕستەی ئەو برایەتی.
٣٦- وردە {وشە: پارەی وردە
ڕستە: ئارد وردە

٢-١ لێڵی لێکسیکی: ئەم جۆرە لێڵییە لە لێڵی ڕێزمانی جودایە کە بەهۆی پێوەندییە سترەکچەرییەکانەوە پەیدا دەبێت. لێڵی لێکسیکی وەک لە واتا و وشەکانیدا دیارە، پەیوەستە بەخودی وشەکانەوە. سو (١٩٩٤- ٢٩) لە بارەی لێڵی لێکسیکییەوە دەنووسێ: ڕستەیەک بە لێڵی لێکسیکی دادەنرێت، ئەگەر لێڵییەکەی لە یەکێ لە وشەکانییەوە سەرچاوەی گرتبوو. لێڵییەکەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە وشە لێڵەکە زیاتر لە واتایەک دەبەخشێت. تراسک (١٩٩٣- ل١٣٧) باوەڕی وایە کە «لێڵی بە پلەیەک لێکسیکییە» ئەمەش وای کردووە، کە ئەم جۆرە هەم گرنگتر و هەم بڵاوتر بێت لە لێڵی ڕێزمانی.

**٢-٢جۆرەکانی لێڵی لێکسیکی:**

سو (١٩٩٤: ٣٠) دوو جۆرە لێڵی لێکسیکی لە یەک جیادەکاتەوە، ئەوانیش لێڵی لێکسیکی کاتیگۆری و لێڵی لێکسیکی تەواون.

**٢- ٢-١ لێڵی لێکسیکی کاتیگۆری:**

لەم جۆرە لێڵییەدا جەخت لەسەر بەشەکانی ئاخاوتنی

وشە دەکرێت. وشە هەیە دەکرێت لە ڕستەیەک «ناو» بێ لە ڕستەیەکی تر «ئاوەڵفرمان» لە یەکێکی تر «ئاوەڵناو» بێ.

ئەم دیاردەیە تەنها لە چەند وشەیەکی کوردیدا بەرچاو دەکەوێ. هەریەک لە لێکسیمی «جوان»، «شیرین» و «نازدار» زیاتر لە بەشێکی ئاخاوتن دەنوێنن.

٣٧- جوان جوانە.
ناو ئاوەڵناو

٣٨- جوان جوان دەخوێنێ.
ناو ئاوەڵفرمان

٣٩- نازدار نازدارە.
ناو ئاوەڵناو

٤٠- شیرین شیرینە.
ناو ئاوەڵناو

٤١- شیرین شیرین دەدوێ.
ناو ئاوەڵفرمان

هەروەها هەندێ وشەی تر وەک «ئازاد» و «ڕزگار» و «وشیار» دەکرێ وەک ناوی کەس، هەروەها وەک ئاوەڵناو و فرمان بەکاربێن. لە هەندێ چوار چێوەی قسەدا، بێجگە لەم جیاوازییە لە واتاش جودان:

٤٢- ئازاد قوتابییەکی زیرەکە.
ناوی کەس

٤٣- شەڕی ئازادی عێراق.

٤٤- دوێنێ مامۆستاکەمان ئازاد بوو.

٤٥- هەرکەسە ئازادە لەوەی کە دەیڵێ.

٤٦- ڕزگار دکتۆرێکی ناسراوە.

٤٧- هەر گەلێک تێ بکۆشێت ڕزگار دەبێ.

٤٨- ژنەکە ڕزگار بوو.

٤٩- وشیار مامۆستایەکی ئازادیخوازە.

٥٠- دەڵێی وشیاری؟!

٥١- شوکر وشیارە مەحوی.

٢-٢-٢. لێڵی لێکسیکی تەواو:

سو (١٩٩٤: ٣١) دەڵێ: ئەم جۆرە لێڵییە لە لێڵی کاتێگۆری جیایە ئەم جۆرەیان ئەوکاتە دروست دەبێ کە وشەیەک زیاتر لە واتایەک ببەخشێ. لەم پێوانگەیەوە ئەم جۆرە لێڵییە هەم پەیوەستە بە واتاسازییەوە، هەم پەیوەستە بە چوارچێوەی بەکارهێنانی وشەکەوە، کەوابێ ئەم لێڵییە لێڵییەکی سیمانتیکی پراگماتیکییە. ئەم جۆرە لێڵییە چونکە تەواو پێوەندی بە لێڵی وشەوە هەیە، ئەم دیاردە زمانەوانییە بەشێوەیەکی سەرەکی لە فرەواتا و هاوبێژی پارەوانی و هایپۆنیم دەردەکەوێت.

**٢-٢-٢-١ فرە واتا و هاوبێژی پارەوانی و هایپۆنیم:**

زاراوەی فرەواتا یان پۆڵواتا بریتییە لە بەکارهێنانی هەمان لێکسیم بە دوو (یان زیاتر لەدوو) واتای جیاواز زماناسانی وەک: پاڵمەر، لیچ، فرۆمکین و ئۆڵدمان و کریستال باوەڕیان وایە کە لە فرەواتادا یەک فۆڕم هەیە، ئەو فۆڕمەش چەندین واتای جیاواز لە خۆوە گرد دەکاتەوە. لەمەش زیاتر گرێتەر و ڕێدمان و ئەتلەس و سۆ، دەڵێن: واتا جیاوازەکانی یەک فۆڕم دەبێ هاوڕەگەزبن، لە هەمان سەرچاوە سەرچاوەیان گرتبێ، بڕوانە- سەلام (٢٠٠٣: ٦٧) هەرچی هاوبێژە بریتییە لەو جووتە وشانەی بەرێکەوت هەڵکەوتوون کە هەمان شێوە یاخود هەمان دەنگ یاخود هەمان شێوە و دەنگیان هەبێت، بەڵام لە واتادا جیاوازبن- محەمەد مەعرووف (١٩٩٠: ١٧٠) بەشێوەیەکی گشتی چوار جۆری هاوبێژ هەیە (تەنیا سێ لە کوردی هەن)

١- هاودەنگ: فۆڕمی جیاواز و هەمان دەنگ (ئەمەیان لە کوردی نییە- محەمەد مەعرووف ١٩٩٠: ١٧٠).

٢- هاوپیت: هەمان فۆڕم و دەنگ جیاواز: ماوە: (هێشتا نەمردووە) ماوە: (کات، دووری) وەک هەمانە= هەیتمان، هەمانە= هەمبانە.

٣- هاوبێژی تەواو: هەمان فۆڕم و هەمان دەنگ: وەک، (ئاش: جێی هاڕین)، (ئاش: چێشت).

٤- لەتە هاوبێژی: مۆرفیمێکی سەربەخۆ و بەند هەمان فۆڕم و واتایان هەبێت. وەک:

یار: خۆشەویست.

یار: کرپار. بڕوانە- فەتاح مامە (١٩٨٩: ٥٧)، لوبنێر (٢٠٠٢- ٤٤) ئاوا لە بارەی فرە واتاو هاوبێژیەوە دەنووسن «لە کاتێکدا هاوبێژی دیاریدەیەکی دەگمەنەو ڕێکەوت ئامێزە، هەرچی فرەواتایە بەربڵاوە. فرەواتا زیاتر یاسایەکە نەک دیاردەیەکی بەرپەرِ یاخود نامۆبێ، هەروەها فرەواتا ئارەزوویەکی ئابووریانەی زمانە و زۆر ڕێک دەکەوێ هەتا وشە هاو بێژەکانیش ببنە فرەواتا نەک بە پێچەوانەوە.»

بەشێک لە پارەوانی کە پێی دەوترێ پارە وشە خۆیی (یووسف شەریف ٢٠٠٤: ١٦٩) لێڵی دروست دەکەن،

هەردوو وشـــەی دەست و پێ لە کـوردیدا ئەو بەشــانەی دەگرنەوە:

دەست —— دەست
بازوو
قۆڵ

پێ —— پێ
قاچ
لاق

سەرچاوەی پێشوو (لا ١٧٠)

هەروەها دەکرێت هەریەک لە دەست و پێ هایپۆنیم بن، چونکە چەند وشەیەک لەخۆ دەگرن کە بەشێکن لە دەست و پێ وەک"

دەست:
باڵ
ئانیشک
قۆڵ- باسک
مەچەک
دەست          پەنجە ناولەپ پشت دەست

پێ:
ڕان
ئەژنۆ
قاچ
لوولاق
پووز- بەلەک
پێ
گۆزینگ
پاژنە
پەنجەی پێ

لێرەدا کە یەکێک دەڵێت:
٥٢- دەستم شکا.
یاخود دەڵێت:
٥٣- پێم شکا.

هەردوو ڕســتــە لێــڵن، چونکە تەواو نازانرێت کــە لە ڕستەی (٥٢) کوێی دەستی قسـەکەر شکاوە؟ هەروەها لە ڕستەی (٥٣) نازانرێت کوێی پێی شکاوە؟

**٣-١ ڕێگاکانی ڕەواندنەوەی لێڵی:**

چەند ڕێگایەک هەن کــە هەریەکــەیان بە جــۆرێک دەتوانێت جۆرەکـانی لێڵی لە کوردیدا بڕەوێنێتەوە. لەم بەشــەدا لەو ئامــرازە سـەرەکـیـانە دەدوێین کـە ڕۆڵێکی بەرچاویـان لـە تواندنەوەی لێــڵــی ڕێزمـــانی و لێــڵــی لێکسیکی و جۆرەکانیان هەیە.

وەک دەرکـەوتووە کە چوارچێوە ڕۆڵێکی سـەرەکی تری هەیە لەوانی تر، بۆیە چوارچێوە دەکەینە یەکەم ڕێگا.

**یەکەم: چوارچێوە:**

دوان لە ڕۆڵی چوارچێوە لە دیاری کردنی واتای وشە و فـرێز و ڕسـتـەدا زۆر گـرنگە، چونکە پێش هەمــوو شت چوارچێــوە لێــڵی دەق لە زمــاندا ناهێــڵــێت. ســەلام (٢٠٠٣: ٦٤)، هەدســـۆن (٢٠٠٠: ٣١٢) دەنووسێ بەبێ چوارچێــوە فــۆڕمی زمـانەوانی بە تەنیـا ناتوانێت شرۆڤەی ئەو هەمـوو واتایانە بکات کە ئێمە لە زمان بە دەســتی دەهێنین. لێــڵی لێکســیـکی کــە هەر یەک لە فــرەواتا و هاوبێــژی ســەرچاوەی دروســتکردنی ئەو لێڵییەن، دەکرێت بە چوارچێوە چارەسەر بکرێن. فەتاح مـامـە (١٩٨٩: ٥٨)، لە بارەی گـرینگی چوارچێـوە لە تواندنەوەی لێــڵــی هاودەنگ دەنووســێت: هاودەنگ دیاردەیەکی (سیـاق)ییـە، چونکە بە هۆی سیـاقـەوە ئەو لێڵـییـە دەتوێتـەوە کـە لە ئەنجـامی وشە هاودەنگەکـان هاتوونەتە ناوەوە.

لە ڕێگەی چوارچێـوە، ئەم نموونەی خـوارەوە لێـڵی لە وشەی هاودەنگی (کورک) ناهێڵێت:

٥٤- کورک: ئەو سەرینە لە کورک دروست کراوە.

٥٥- کورک: مریشکی کورک هێلکە ناکات.

سـەبارەت بە لێـڵی فـرەواتایی، هەندێک ئاوەڵناو لە کوردیدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە، لابردنی ئەو لێڵییەش هەر بە چوارچێوە دەستەبەر دەبێت:

ئاوەڵناوی (گـران) چەندین واتای لەیەک نزیک هەیە دیاری کــردنی هەریەک لەو واتایانەش پەیوەســتــە بە چوارچێوەوە:

٥٦- ئەو بارە گرانە. (قوڕسە- هەڵناگیرێت)

٥٧- پیــــاوێکی گـــرانە. (بە ویقـــارە- خـــاوەن کەسایەتییە)
٥٨- پرسیارێکی گرانە. (ئاسان نییە)
٥٩- گـرانە (هەرزان نیــیــە) بڕوانە ســەلام (٦٨: ٢٠٠٣)

پێـویستــە هەردوو جـۆری چوارچێـوە لە یەک جـودا بکەینەوە: چوارچێـــوەی زمـــانەوانی و چوارچێـــوەی نازمـــانەوانی، چونکە هەندێک ڕســتـە هەن تەنیــا بە چوارچێوەی زمـانەوانی لێڵـییـەکەیان لاناچێت، بەڵکو هەندێک جار پێویستـیـمان بە هاوکاری نازمـانەوانیش دەبێت بۆ لابردنی لێـــڵی. لە بـارەی چوارچێـــــوەی زمــانەوانییــەوە پالمەر (١٩٨١: ٢٤٤) و کـریسـتــال (١٩٩١: ٨٧) دەڵێن: ئەم جـۆرە چوارچێـوەیە بە کـۆ- دەقییەوە هەردوو پێوەندی سیگمانتیکی و پراگماتیکی بەشەکانی ڕستەکە دەردەخەن.

٦٠- ڕستەی (فڕاندی) ڕستەیەکی لێڵە، دەکرێت ئەو چەند واتایە لەخۆ بگرێت:
١- کۆترەکەی فڕاند. (فڕی)
٢- پارەکەی فڕاند. (بردی- هەولێر)
٣- کچەکەی فڕاند. (هەڵیگرت)

بەڵام ئەگەر لە جیاتی (فڕاندی) بڵێین: (ڕفاندی) کە هاوواتایەکی پارچەییە لەگەڵ (فڕاندی) پێک دەهێنێت، ئەوا ڕســتـەکـە لێـڵی نامـێنێت، تەنیـا واتای (بردن) دەگەیەنێت

٦١- پارەکەی/ کچەکەی ڕفاند.

هەرچی چوارچێـوەی نازمـانەوانییـە ئەوا بەشێـوەیەکی ســەرەکی پێی دەوترێت چوارچێـــوەی کـــەوتگە. ئالان (١٩٨٦- لا ٣٧) شـوێنکاتی ئاخاوتنەکە بە ئەدگـار و تایبەتمەندییەکی سەرەکی ئەو جۆرە چوارچێوەیە دادەنێت.

لە ڕاستیـشدا هەر وایە ئەگەر تۆ (کات) و (شـوێنی) چوارچێوەی ئاخاوتنەکەت زانی هیچ لێڵـییـەک لە ئارادا نامێنێت. بەپێی ئەم جۆرە چوارچێوەیە کە هیچ پێوەندی بە فۆرمی زمانەوانی وەک وشە و فریز و ڕستەوە نییە، ئەم ڕستانەی خوارەوە هیچیان لێڵییان نامێنێت:
٦٢- پێم دەشکێ.
٦٣- پێی دەخورێت.
٦٤- پێی لێ نا.
٦٥- فڕاندی.
٦٦- کردیێ.

**دووەم فەرهەنگ:**

فــەرهەنگ ژێدەرێکی تری گـرنگە بۆ لابردنی لێـــڵی وشــەیەک. فــەتاح مــامــە (١٩٨٩- ٥٨) دەنووسـێت: فەرهەنگ هاوبەشی لە ڕوونکردنەوەی لێڵی دەکات..... بەتایبــەتی لێـڵی وشــە هاودەنگەکــان. هەر لە ڕێگای فەرهەنگەوە لێڵی ئەم وشە هاودەنگە لادەبرێت:
٦٧- کورک١: تووک.
٦٨- کورک ٢: مریشک باڵندەی کڕکەوتوو.

هەرچی فـرەواتا، هاوواتا و هایپـۆنیـمیـە، کـە تەواوی دانەکــانی فــەرهەنگ پێک دەهێنن هۆکــارێکی ترن بۆ ڕوونکردنەوەی لێڵی:
٦٩- جوان، قەشەنگ، شۆخ هاوواتان
٧٠- گەورە: بەتەمەن، بەرپرس، کەتە، فرەواتان
٧١- سەگ: دەڵ، گەماڵ هایپۆنیمن، بەڵام هەروەک لە وشـەکـان دەردەکـەوێت هـەر یەک لە فـرەواتا و هایپـۆنیم، چونکە تاکـە وشــەن هەر بەتـەنیــا بە ڕێگەی فــەرهەنگ لێڵیـان لانابردرێ، بۆیە لێرە پێویستـیـمان بە چوارچێوە دەبێت بـۆ زیاتر ڕوونـکردنەوەی لێـــڵی ئەم سێ دیـاردە زمانەوانییە.

سێیەم: یارمەتیدەری چوارچێوە:

بێــجگە لە چوارچێـوە و فــەرهەنگ ڕێگایەکی تر کــە یـارمـــەتیــــدەربێت لە ڕوونکردنەوەی لێـــڵی، هەندێ ئاوەڵفــرمــانی کــاتین. ئەم هۆکــارە ئەگـــەر لە دەرەوەی چوارچێـــوەش بێ، هۆکـــارێکی زمـــانەوانی لەلایـەک و هەروەها هۆکـارێکی نـازمـانەوانییــە. ئەم جـۆرە ڕێگایە دەکرێ بۆ ڕوونکردنەوەی ڕستەی لێڵی ئێستا و بەردەوام و داهاتووی سادەی کرمانجی خواروو بەکاربێ.
٧٢- ئەو دەچێتە دەرەوە.

- بە زیادکـردنی ئاوەڵفرمـانی کـاتی وەک «ڕۆژانە- بۆ ڕانەبردووی ســادە» هەر ئێـــســـتـــا وا- بۆ ڕانەبردووی بەردەوام» ســـبــەینێ- بەیانی- بۆ داهاتووی ســـادە، لێڵییەکە ناهێڵن:
٧٣- ئەو ڕۆژانە دەچێتە دەرەوە.
٧٤- ئەو هەر ئێستا وا دەچێتە دەرەوە.
٧٥- ئەو بەیانی دەچێتە دەرەوە.

هەروەها بەهۆی چوارچێـوەی شـوێنکات دەکـرێت بەبێ بەکارهێنانی ئاوەڵفرمانی کاتی، لێڵی ڕستەکە لاببەین.

چوارەم: ڕێگای گـرووپ گـرووپ کـردن لە کـەوانەدا: کـەوانەدارکـردن ئەم ڕسـتـانەی خـوارەوە پێکهـاتەیەکی

لێڵییان هەیە:
٧٦- پیاوە پیرەکە و ژنەکە مردن.
٧٧- باوکی کوژراوەکە و بکوژەکە هاتن.
٧٨- ئاواز و ئاهەنگی خوشکم چوونە هەولێر.
- هەریەک لە «پیر» و «باوک» و «خوشک» لێڵییان دروست کردووە، چونکە تەواو روون نییە کە ئەم سێ دیارخەرە تەنیا بۆ یەک ناون یان بۆ هەردوو ناوەکە. جا ئەگەر پەیرەوی رێگای گرووپ گرووپ کردن لە کەوانەدا بکەین، ئەو لێڵییە نامێنێت:
- (پیاوە پیرەکە) و (ژنەکە) مردن.
یان
- (پیاوە پیرەکە) و (ژنە پیرەکە) مردن.
- (باوکی کوژراوەکە) و (بکوژەکە) هاتن.
یان
- (باوکی کوژراوەکە) و (باوکی بکوژەکە) هاتن.
- (ئاواز) و (ئاهەنگی خوشکم) چوونە هەولێر.
یان
- (ئاوازی خوشکم) و (ئاهەنگی خوشکم) چوونە هەولێر.
پێنجەم رێگا: هێزو ئاوازە:
ئەکماژین (١٩٩٥: ٢٢٨) دەنووسێ: «هەریەک لەهێز و ئاوازە رۆڵێکی گرنگ دەگێرن لە روونکردنەوەی لێڵیدا» رۆڵی ئەم دووە لە کوردیدا زۆر بەرچاوە بۆ رەواندنەوەی لێڵی. غازی فاتیح وەیس (١٩٨٤: ٨٤) لەبارەی هێزەوە دەنووسێ: «ئەو هێزەیە کە ئەکەوێتە سەر برگەیەک لە برگەکانی وشە. واتە ئەو وشەیەی کە بریتییە لە دوو یا زیاتر لە دوو برگە، برگەیەکیان هێزی ئەکەوێتە سەر و بە گۆرینی ئەو هێزە لەو برگەیەوە بۆ برگەیەکی تر ئەو وشەیە ئەبێتە هۆی گۆرینی ئەو وشەیە لە رووی زمانەوانیەوە. «بە واتای جێگۆرکێی هێز لە کوردیدا دوو گۆرانی لێ دەکەوێتەوە، لە لایەک واتای وشەکە دەگۆرێ، دووەمیش وشەکە لە بەشێکی ئاخاوتن بۆ بەشێکی تر دەگۆرێ. ئەو دوو گۆرانەش تەنیا لە ئاخاوتن نەک لە نووسین هەستی پێ دەکرێ. ئەو وشانەی خوارەوە بەپێی جێگۆرکێی هێزەوە ئەو دوو گۆرانەی پێشەوەیان بەسەردا دێت:
٧٩- نووستن.
٨٠- مردن.
٨١- برایەتی.
٨٢- ئازادی.
- ئەگەر هێز بکەوێتە سەر دوا برگە، هەریەک لەو وشانە دەبنە چاوگ یاخود ناو
- (غازی فاتیح وەیس ١٩٨٤: ٨٦). وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٣- ٢٨٦)، هەروەها دەکرێ بڵێین ئەو وشانە دەبنە وشەی فەرهەنگ و هەریەکە واتای خۆی هەیە:
نووستن= خەوتن.
مردن= کۆچی دوایی کردن.
برایەتی= برایی.
ئازادی: سەربەستی.
بەڵام ئەگەر هێز لەسەر یەکەم برگە بوو، وشەکان دەبنە رستە. کەوابێ لە کوردیدا بۆ نەهێشتنی لێڵی پێویستە شوێنی هێز لە ئاخاوتن دیاربکرێ. هەرچی ئاوازەیە ئەوە پەیوەستە بە گۆرینی پلەی «نەغمەی» رستەیەک یاخود وشەیەک بەبێ دەستکاریکردنی وشەو برگە و فۆنیم و مۆرفیمی ئەو رستەیە یاخود وشەیە- غازی فاتیح وەیس (١٩٨٤: ٩٣). سەبارەت بە لێڵییەوە دەکرێ بڵێین: ئاوازە بریتییە لە وەستان لە نێوان وشەکانی رستەیەک ئەکماژین (١٩٩٥: ٢٢٨)، ئەو وەستانەش لەنێوان وشەکاندا لێڵی ناهێڵێ وەک ئەم نموونەی خوارەوە:
٨٣- نەرۆی دەتکوژم دوو واتای دژبەیەکی هەیە:
١- نەرۆی دەتکوژم.
٢- برۆی دەتکوژم.
بروانە: وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٣: ٩٠)، بەڵام ئەگەر لەنێوان (نەرۆی) و (دەتکوژم) وەستان هەبێت، لێڵییەکە نامێنێ و رستەکە تەنها واتای: (ئەگەر برۆی دەتکوژم) دەگەیەنێ.

## ئەنجام

ئەم لێکۆڵینەوەیە چەند ئەنجامێکی پێکاوە، کە دەکرێ بەشێوەی خاڵ رێزیان بکەین:
١- لێڵی دیاردەیەکی زمانەوانییە، زۆر وشەو گرێ و پێکهاتەی رستەی کوردی ئەم دیاردەیەی لەخۆ گرتووە.
٢- لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا، فرەواتا و هاوبێژ و هاپیۆنیمی سەرچاوەی سەرەکی دروستکردنی لێڵین. لە کوردیدا لەسەر ئاستی رستەسازیش چەندین پێکهاتەی رستەی کوردی لێڵی لە رستەی کوردی دروست دەکەن.
٣- لێڵی لەوانەیە مەبەستدار بێ و قسەکەر بە

ئەنقـەست لێـڵـی دروست بکات، ئەمـەش ڕەنگدانەوەی پۆزەتیڤ و نیـگەتیڤی لەسەر گوێگر دەبێت یان لەوانەیە لێڵی بێ مەبەست بێ.

٤- لێـڵی لێکسـیکی زۆر باوتر و گـرنگتـرە لە لێڵی ڕێزمانی. لێـڵی لێکسیکی لە وشەوە سەر هەڵدەدات و فاکتەری ئەو لێڵییە بۆ هۆکاری زمانەوانی دەگەڕێتەوە.

٥- لێـڵی ڕێزمـانی پەیوەسـتـە بە پێکهـاتەی ڕسـتـەو خـوێندنەوە جـیـاوازەکـانی هەر پێکهـاتەیەک و ئەمـەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی تیۆرەکەی بونیادگەری لەبەرامبەر هەردوو ئاسـتـی ڕسـتــە هەرەس بێنێ و تیــۆرەکــەی چۆمـسـکی سـەرکـەوتن وەدەست بێنێ، لەم ڕووەوە بە واتایەکی تر لە لێـڵی ڕێزمـانی دەردەکـەوێ کـە دەکـرێ ڕستە دوو سێ بنجی لەیەک سیما هەبێت.

٦- پێنج ڕێگا چارە بۆ ڕۆشنکردنەوەی لێـڵی دەست نیشان کراون:

I- چوارچێوە.

II- فەرهەنگ.

III- یارمەتیدەری چوارچێوە.

IV- گرووپ گرووپ کردنی گرێ لێڵییەکان.

V- ڕۆڵی هێز و ئاوازە لە ڕۆشنکردنەوەی لێڵی.

VI- چوارچێوەی زمانەوانی و چوارچێوەی شوێنکات:

دوو ڕێگا چارەی سـەرەکین بۆ ڕوونکردنەوەی لێـڵی و جۆرەکانی، سێ ڕێگاکەی تریش هەریەکەی بە جۆرێک ڕۆڵی خۆیان لە ڕوونکردنەوەی لێڵیدا هەیە..


**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:**

**١- سـەلام ناوخـۆش بەکـر، زمـانناسی و هەندێک بابەتی زمانناسی کوردی، هەولێر ٢٠٠٣.**

**٢- شێرکۆ بابان، شرۆڤەکاری ڕێزمانی لە زمانی نووسیندا، هەولێر ٢٠٠٠**

**٣- غازی فاتیح وەیس، فۆنەتیک، بەغدا ١٩٨٤.**

**٤- فەتاح مامە عەلی، هاودەنگ لە زمانی کوردیدا، ماستەر نامە، هەولێر ١٩٨٩**

**٥- محەمەد مەعرووف فەتاح، زمانەوانی، بەغدا ١٩٩٠.**

**٦- وریا عـومـەر ئەمین، چەند ئاسـۆیەکی تری زمـانەوانی، هەولێر ٢٠٠٣.**

**٧- یووسف شەریف، پارەوانی، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین ژ ٢٣، هەولێر ٢٠٠٤.**

**دووەم: سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**

**1- Akmajin, A. etal (1995). Linguistics: an Introduction to language and communication 4th ed. Masssachu settes: Institute of technology**

**2- Allan, k. (1996) . Linguistic meaning, vol. l. London: Routledge and kegan paul.**

**3- Crystal, D. (1991). A Dictionary of Linguistic and phon tics, 3rd ed. London: black well publishers.**

**4- Horsey, K. (2001). 101 key ideas: Linguistic London**

**5- Hudson, G. (2000) Essential Introductory Linguistics London: Cornwall**

**6- Lyons, J. (1977) Semantics, vol. 11 Cambridge: Cambridge University press.**

**7- Lobner, S. (2002). Understanding Semantics London: Oxford university press.**

**8- Palmer, F.R. (1981). Semantics, 2nd ed Cambridge: Cambridge University Press.**

**9- Sigar, A.H. (1999). Homonymy with reference to English Arabic Translation (unpublished M. A. thesis) Misul University.**

**10- Sue, S.p. (1994) lexical Ambiguity in poetry. London: longman press.**

**11- Thomas, O. and, E, R. kintgen. (1974) Transformational Grammar and the teacher of English: theory and practices, New York: holt press.**

**12- Trask, R, L. (1993). A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics. Lindon: Routledge inc.**

**13- Ulman, S, (1962). Semantics: an Introduction to the science of meaning. oxford: Oxford University press.**

# ئیلامییەکان یەک لە باپیرەی کوردانن

ئیـلامی دێرین یا ئیـلامی باسـتـان لە نێـوان ڕووباری دیجلە و ئوستانی ئیسفەهان و قەسری شیرین لە باکوور تا دەگەیشتە بوشەهر و باکووری فارسی دەگرتەوە، چەند جارێکیش وڵاتی نێوان دوو زێی، واتە وڵاتی سۆمەر و ئەکەد کە لە سەردەمی کاشیەکان پێی دەوترا وڵاتی کاردۆنیاشی دەکەوتە ژێر دەست. بەپێی لێکۆڵینەوەکان (١٠,٠٠٠پ ز) ئیلامی باستان بە تایبەتی خوزستان ئاوەدان بووە، شاری (شۆش)یش کە پایتەختیان بووە بە کۆنترین شاری جیهان دادەنرێت، بەلای کەمی (٤,٠٠٠پ ز) ئەم شارە ئاوەدان بووە و لەو کاتیش تیرە و هۆزەکانی کاسی، گوتی و لۆلۆ لە چیاکانی زاگرۆس لێیانەوە نزیک بووە و هەڵبەت زمانیشیان لەیەکتری نزیک بووە، دەوروبەری (٣,٠٠٠پ ز) ئیلامییەکان حکومەتیان پێکهێناوە و لەلایەن سۆمەرییەکانەوە ناوی هاتووە و تا لە ساڵی (٢٥٠٠پ ز) سۆمەرییەکان بەسەرۆکایەتی گودا، ئیلام دەخەنە ژێر دەسەڵاتییانەوە، لە ساڵی(٢٣٨٠پ ز) زنجیرە پاشایەک بەناوی ئاوان تا ساڵی(٢٠٠٠پ ز) دەبنە فەرمانڕەوای ئیلام، کە بریتی بوون لە(١٢) پاشا و بەسەرۆکایەتی یەکەمین پاشای ئەم زنجیرەیە (کدور ناخونتە) دەتوانن وڵاتی سۆمەر داگیر بکەن و پەیکەری خوداوەندی (نانا)ی سۆمەری کە خودای پاسەوانی ئاو بووە بۆ وڵاتی ئیلامی ببەن و لە شاری شۆش دایبنێن و کڕنۆشی بۆ بەرن، بەڵام لە ساڵی (٦٦٣پ ز) دوای ئەوەی وڵاتی ئیلام لەلایەن ئاشورییەکانەوە داگیر دەکرێت، پەیکەری نانا دەگەڕێننەوە شاری بابل. پاشایانی زنجیرەی دووەم بەناوی سیماش لە

---

**عەباس سلێمان سمایل**

ساڵانی نێوان (٢٠٠٠-١٨٥٠پ ز) فەرمانڕەوای ئیلامیان کرد و (ئابارتی) دامەزرێنەری ئەم زنجیرەیە سەرەتا هاوپەیمانی وڵاتی سۆمەر و ئەکەد بوون، بەتایبەتی (سارگن)ی پاشای ئیلام، بەڵام (ڕیموش) کەوتە جەنگ لەگەڵیان و دوای ئەو (مانیشتوز)ی برای بووە فەرمانڕەوا و (٣٢) شاری لە باکووری ڕۆژهەڵات داگیر کرد، دواتر کوڕەکەی بەناوی نارام سین کە جێگای باوکی گرتەوە ناوچەکانی لۆلۆ و گوتی لە باکوور خستە ژێر دەست، هەروەها وڵاتی (سۆمەر و ئەکەد)یش لە (٢١١٥پ ز) داگیر کرد و تاڵانەکەی گواستەوە، لەوانە یاسای حەمورابی و ژمارەیەک لە خوداوەندەکانی لە شۆش دانان. جا دوای ئەوەی نارام سین دەمرێت وڵاتی ئیلام دەکەوێتە بەر پەلاماری ئەکەدییەکان. ئیتر دوای (١٥٠) ساڵ لە فەرمانڕەوایی زنجیرە سیماش وڵات دەکەوێتە بەردەست زنجیرە پاشایەک بەناوی (ئانزان)، لەم زنجیرەیەش (١٠) پاشا فەرمانیان گێڕا لەماوەی ساڵانی نێوان (١٣٠٠-١١١٥پ ز)، پاشایەکی ئەم زنجیرەیە بەناوی شوتروک ناخونتە توانی وڵاتی کاردۆنیاشی داگیر بکات و دوا پاشای کاسی بکوژێت و وڵاتی کاردۆنیاشی تاڵان بکات و تابلۆی نارام سین و یاساکانی حەمورابی و پەیکەری ماردوخ (مەردوک)ی (خودای گەورەی بابل)ی گواستەوە شاری شۆش و لە ساڵی (١٩٠١) ئەم یاسایانەی حەمورابی لە وێرانەی شاری شۆش دۆزیەوە. ئیتر دوای پاشا شوتروک ناخونتە کوڕەکەی بەناوی شیلهاک (شینهاک) جێگای گرتەوە و دەستی بەفتوحاتی زیاتر کرد. کدور لاهمر کە پاشایەکی دیکەی ئەم زنجیرەیە توانی فەلەستین بگرێت. لە پاشا هەرە بەناوبانگەکانی ئەم زنجیرەیە (ئونتاش گال) یا (ئونتاشی هوبان)ە، کە شارێکی گەورەی بەناوی دورئنتاشی لە شوێنی (جغاز نەبیل)ی ئەمڕۆکە دەکاتە فەرمانڕەوای وڵاتی کاردۆنیاش. (گوتیە)ش پەرستگایەک لە شاری شۆش دروست دەکات. ئیتر لەدوای ئەم پاشایە وڵات بەرەو بێ هێزی دەڕوات و تا لە ساڵی (١١١٥پ ز) بەدەستی نەبوخودنەسری ئیلامی وڵات داگیر دەکرێت و کۆتایی بە دەسەڵاتی ئیلامییەکان دێت. لە ساڵی (٧٤٢پ ز) جارێکی دیکە حکومەتی ئیلام دروست دەبێتەوە بەسەرۆکایەتی هوبان نوگاش، دوای ئەویش لە ساڵی (٦٦٨پ ز) گال کوداش کە دەبێتە پاشای ئیلام بەهۆی زۆری ستەمەکەی دانیشتوانی ئیلام لێی ڕادەپەڕن و پاشا دەکوژن و کدورناخوندی لە جێگای دادەنێن، دواتر لەساڵی (٦٦٣پ ز) ئاشوورییەکان بەسەرۆکایەتی ئاشورپانی پاڵ کۆتاییان بەدەسەڵاتی ئیلامییەکان هێناو، وڵاتی ئیلامیان تاڵان کرد و سەری (هوبان هالتاش)ی دوا پاشای ئیلامییەکان ڕەوانەی نەینەوا کرا. ئیتر وڵاتی ئیلام دەکەوتە ژێردەستی ئاشوورییەکان و تا ساڵی (٦١٤پ ز) و ڕووخانی ئاشوورییەکان لەلایەن میدیاکانەوە واتە دوای (٤٩) ساڵ لە ڕووخانیان، ئیلام دەگەڕێتەوە باوەشی ئێران و بەبێ ئەوەی مێژوونووسێک باسی لەوێرانی ئیلام بکات بە دەستی میدییەکان ئەوەش یەکڕەسەنی ئیلامییەکان و میدییەکان دەسەلمێنێ. مێژوونووسە بیانییەکان، ئیلامییەکان بە گرووپێکی زاگرۆسی و دوور لە ئاری دەزانن و هەندێ لە مێژوونووسە فارسەکان بە نزیک لە گەلی فارسی دەزانن، کەچی هەندێک لە مێژوونووسی کوردان ئیلامییەکان بە ئامۆزای کاسی و گوتی و لۆلۆ دەزانن و بەیەک لە پاپیرەی کوردان دادەنێن و لووڕانی ئەمڕۆی خوزستان بە نەوەی گەلی خوزی و خوزیش بە نەوەی ئەنزانی، واتە ئیلامی دەزانن. هەرچەندە تاکو ئەمڕۆ لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ لەبارەی زمانەکەیانەوە نەکراوە و زیاتر لە (٥,٠٠٠) هەزار نووسراوی گڵێن بە نووسینی بزماری و زمانی ئیلامی لە ناوچەکانی نێوان قەسری شیرین بوشەهر دۆزراوەتەوە، سەرەتا زانای فەرەنسی (دی مورگان) لە ساڵی (١٩١٤) هەندێک لەوانەی کە لە سەبز ئاباد، قەڵای ڕەی شەهر، شانشین و بوشەهر دۆزییەوە، وەرگێڕایە سەر زمانی فەرەنسی و بڵاوی کردنەوە، دواتریش بەشێک لەمانە وەرگێڕانە سەر زمانی فارسی و بڵاو کرانەوە. بەداخەوە ئەم وەرگێردراوانە لەبەردەست نییە تا بیخەینەڕوو تەنیا چەند وشەیەک نەبێت ئەویش لە زمانی کوردی نزیکترن، نەک لە زمانێکی دیکە، ناوی پاشا و پەرستگە خوداوەندەکانیشیان زیاتر بە زمانی سۆمەری و ئەکەدییە بەهۆی ئەوەی ئایینی ئەم گەلانە کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر ئیلامییەکان هەبووە.

### چەند تێبینییەک لەسەر زمانی ئیلامی

بە قسەی پسپۆڕانی زمان وشەیەکی زۆری هاوبەش

هەیە لەنێوان زمانانی ئیلامی، کاسی، لۆلۆ و گوتی بەهۆی نزیکیانەوە لەیەکتری. هەروەها ژمارەیەک لەوشەی ئەکەدی و سۆمەری تێکەڵ بەزمانی ئیلامی بووە و بەپێچەوانەشەوە، بەهۆی داگیرکردنی وڵاتی یەکترییەوە. ئەگەر لە ڕووی پێشگر و پاشگرەوە سەیری زمانی ئیلامی بکەین، نزیکایەتییەک لەگەڵ زمانی کوردی ئەمڕۆ بەدی دەکرێت، بۆ نموونە نیشانەی (ی)ی نەسەب وەک پاشگرێک دەکەوێتە سەر ناوان کە ئەمە لەکوردی ئەمڕۆشدا هەیە، بۆ نموونە ئیلامییەکان کە ناوی لۆلۆ دێنن بە شێوەی (لۆلۆیی) ناوی دێنن کەچی سامییەکان بەشێوەی لولوبوم ناوی دێنن، هەروەها پاشگری (تاش) پاشگرێکی جێگایە کەتایبەتە بەزمانە زاگرۆسییەکان، وەک: هونتاش، تالاش، هەروەها ئەم پاشگرە دەکەوێتە سەر ناوی خوداوەندەکانیشیان لەوانە: لیلا ئاپرتاش، راپتاش،.. ئەم پاشگرە لە زاراوەی هەورامی ئەمڕۆدا بەرچاو دەکەوێت وەک: بەرەش، واردش، کەرەش..

## ناوی ئیلام لەچییەوە هاتووە

ئیلامییەکان ناوی گەل و وڵاتەکەیان بەپیتی بزماری بە(هل.تا.م.ت.Hil-ta-m-ti) نووسیوە، سۆمەرییەکانیش بە هالتامتی ناویان بردوون، پارسەکان بە (ئوجا) و (هوجا) ناویان بردوون،بابلییەکانیش بە ئالامتو ناویان بردوون. کەچی حەسەن پیرنیا دەڵێت دانیشتوانی ئیلام ناوی گەل و وڵاتەکەیان بە (ئەنزان سوسونکا) ناودەبرد، بەڵام ئیلام ناوی بەشە کوێستانییەکەی ئەم وڵاتە بووە و لە زمانی بابلی ئیلام واتای وڵاتی بەرز و کوێستان دەگەیەنێت، بەڵام لە تەورات ئاماژە بەناوی عیلام کوڕی سام کوڕی نوح دەکات کە لە خوزستانی ئەمڕۆ نیشتەجێ بووە و بەناوی ئەوەوە ئەم گەل و وڵاتە ناوی دەرکردووە. لەدوای فەتحی ئیسلام، عەرەب ناوی گەلی نیشتەجێی خوزستانیان بە خوزی هێناوە ئەمڕۆکەش ئەم خوزییانە بەشێکی لوور پێک دەهێنن.

## شارە بەناوبانگەکانی ئیلام

شاری شۆش: شاری شۆش کۆنترین شاری جیهانە و زیاتر لە (٤،٠٠٠) ساڵ بەر لەزایین شار بووە و کۆنترین شاری ئێرانی و کوردستانە و کۆنترین پایتەختی کوردستان و ئێران، (شۆش) و (هەمەدان) و (ئەستەخر) و (مەدائین)ە کە هەموویان لە کوردستان هەڵکەوتوون. ئەمڕۆکەش ناوی شۆش لە زۆر ناوچەی دیکەی کوردستان بەرچاو دەکەوێت وەک گوندی (شۆش)ی نزیک ئاکرێ و شۆشی خۆشناوەتی.

دمرگان کاولگەی شاری شۆش دابەشی سەر چوار بەش دەکات:

١- ئەرک یا قەڵای شۆش کە لە سەردەمی هەرە کۆنەوە ئاوەدان بووە تا سەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنی.

٢- کۆشکی شاهانەی هەخامەنیشیان.

٣- گەڕەکی بازرگانی.

٤- گەڕەکی لای ڕاستی ڕووباری کەرخە، کە کۆشکی داریوش و ئەردەشێری دووەمی تێدایە، هەروەها گەنجینەیەکی زۆری ئیلامییەکانیان تێدادۆزیوەتەوە.

لە ساڵی (١٣٠٩) هەتاوی پرۆفیسۆر گیرشمن لە پشکنینی کۆنە شاری شۆش کۆمەڵە شتێکی گرانبەهای دۆزیەوە و هەندێکی بۆ مۆزەخانەی شارستانی پاریس گواستەوە و هەندێکیشی لە مۆزەخانەی ئێران دانا. ئیتر شاری شۆش کەناوە کۆنەکەی (سوزا)یە و لە ٦٥کم لە باشووری ڕۆژئاوای دیزفول هەڵکەوتووە و گرنگترین و گەورەترین پایتەخت بووە لە جیهان و کۆنترین شاری ئێران و کوردستانە و لانکەی شارستانییەتی مرۆڤایەتی بووە بۆ(٤،٠٠٠پ ز) دەگەڕێتەوە و پاشماوەیەکی زۆری هەخامەنیشی و ئەشکانی و ساسانی تێدا دۆزراوەتەوە، سەرەڕای هەبوونی چەند گۆڕێکی پاشای هەخامەنیشی و پێغەمبەر دانیاڵ و بەدەیان چیرۆک لەسەر ئەم شارە نووسراوەتەوە و مێژوونووسانی وەک مستۆفی لە (نرهة القلوب)دا دەڵێت یەکێ لە کوڕانی سام کوڕی نوح لەم هەرێمە نیشتەجێ بووە بەهۆیەوە ئەم هەرێمە بە ئیلام ناوی دەرکردووە، هەرچەندە مێژووی شارستانییەتی شاری سوزا (شوش) زۆر کۆنترە لە تۆفانی نوح. (ئیسترابۆ) ناوی (شۆش)ی بە سوسن هێناوە، دەڵێت یەکێک بەناوی مەمنون ئەم شارەی دروست کردووە و بەناوی (سوسن)ی باوکی ناوی لێناوە. واتە شاری سوزای کۆن بەدرێژایی مێژوو بەم ناوانە ناوی هاتووە: ١- سوزا ٢- سوسن ٣- شۆش ٤- سوس، شۆش. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکان ئەم شارە لەلایەن خوزییەکان کە

بەشێک بووینە لە ئیلامییەکان دروست کراوە، خوزبیەکانیش دوای فەتحی ئیسلام ناویان نامێنێ و بە بەشێکی لوور دەناسرێن. هەروەها هەفت تەپەی نزیک شۆش (١٥) پارچە لە کەلوپەلی سەردەمی ئیلامییەکان دۆزرایەوە لەگەڵ دۆزینەوەی زەقوورەیەک و چەند تابلۆیەکی گڵێنی نووسراو بەزمانی ئیلامی و شێرێک و خەنجەرێک و خوداوەندێکی لەبەرد داتاشراو و دوو نموونەی جلوبەرگی ژنانی ئیلام. هەروەها لە دورئونتاش (چغاز نەبیل) کە لە نزیک هەفت تەپە هەڵکەوتووە، ژمارەیەک ئاژەڵی لە قوڕ دروستکراو دۆزراوەتەوە و بەزمانی بابلی لە سەریان نووسراوە، دوور نییە تالانی بابل بێت. دورئونتاشی شارێک بووە لەلایەن (ئونتاش گال)ی پاشای ئیلامی دروست کراوە. کاتی خۆی زیگوراتەک بۆ خودای ئینشوشیناک و خودای گال لەم شارە دروست دەکات.

## لێکدانەوەی چەند ناوێکی ئیلامی

ناوی ئیلامی بەتایبەتی ناوی خوداوەند و پاشاکانیان بەزۆری کۆتاییان بە پاشگری تاش (کە واتای خودا دەگەیەنێت)، سو، کا، .. دێت.

پاتسی: پاسەوانی پەرستگە.

زیکورات: بورج و کەلووی چین چین، زەکورە، زەقورە نزیکە لە سەکۆی ئەمڕۆی کوردی.

دور: ئور، وار، هەوار، شار، ئاوەدانی. دورئونتاشی واتای شاری ئونتاش فەرمانڕەوایی ئیلام دەگەیەنێت.

ئونتاش (هونتاش): ئیش، کار

ڕاتب تاشی: خوداوەندی ڕزق و خۆراک، ڕاتبە لە دەشتی هەولێر بەو خۆراکە دەوترێت، کە دانیشتوانی گوند دەیدەنە فەقێیان.

تەپیر: ناسناوی وەزیرێکی ئیلامی بووە، کە سەرۆکایەتی نووسینگەی لە ئەستۆ بووە، ئەم وشەیە نزیکە لە (دەبیر) و (باوکی پیر).

هانا (هان): ئەم ناوە لە زمانی کاسی بووەتە (خان) و ڕۆڵی هەبووە لەناوی جوگرافیش. (هانی کوڕی هیربەگ) فەرمانڕەوای شاری (ئایا پیر)ی ئیلام بووە و ناوی هیربەگ نزیکە لەناوی (هیربەد)ی ڕابەری ئایینی زەردەشتی، ئەگەر (هیربەگ)یش لە دووبڕگە پێکهاتبێت، ئەوا بڕگەی (بەگ) لەوشەی (بوگ،بوغ) هاتووە و واتای خودا دەگەیەنێت، ناوی شازادە خانمێکی ئیلامییە کە لەساڵی (٢٨٠٠پ ز) ژیاوە.

شۆش: شۆش ناوی شارێکی کۆنی ئیلامییە، دوورنییە پێوەندی بەناوی (شاشا) کچانی بەختیاری و شووشەی کچانی دەشتی هەولێرەوە هەبێت، چەند ناوێکی دیکەی گوند و شارۆچکە لە کوردستان هەیە وەک شارۆچکەی (شۆش) زەنگەزۆر و پایتەختی کوردستانی سۆری سەر بە کۆماری ئازربایجان و ئەمڕۆکەش ئەرمەنستان داگیری کردووە، (شۆش)ی نزیک ئاکرێ، کە بە دەیان پاشماوەی دێرینی سەردەمی هوری گەلانی دیکەی تێدایە، هەروەها گوندێک لە خۆشناوەتیش و بەناوی شۆشێ (سوسێ) هەیە. دەڵێن شۆشێیەکەی ئاکرێ لە ئەستێرەیەکی شەش پەڕ هاتووە، گوایە ئەستێرەیەکی شەش پەڕ لەسەر بەردێک لەم گوندە هەڵکەندراوە، هەرچەندە ئەمڕۆکە ئەم ئەستێرەیە نابیندرێت.

تیروهونت: ناوی مرۆڤێکی ئیلامی بووە، کاری قوربانی و سەربڕین بووە لە بۆنە ئایینیەکاندا، ئەم ناوەش لە دووبڕگە پێک هاتووە: بڕگەی یەکەم (تیر) کە ڕەگێکی ئاوێستایی هەیە و واتای تیژوخێرا دەگەیەنێت.

تاتا: ناوی خوداوەندێکی ئیلامی بووە، دوورنییە واتای (داد) ببەخشێت، چونکە هەمیشە خوداوەند دادپەروەر بووینە د.جەمال ڕەشید لە لاپەڕە (٢١٧) کتێبەکەی بەناوی لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی.. دەڵێ: تاتە نێوی کەسییە لە ئێراندا واتای باوک دەگەیەنێت، لە زمانی هیندیش هەمان واتا دەگەیەنێت، تاتە بەبن لەهجەی هەورامی واتای باوک دەگەیەنێت.

سیامەنتاش: ناوی یازدەمین مانگی ساڵی ئیلامییە لە زمانی کوردی ئەمڕۆ بووەتە ناوی مرۆڤ بە شێوەی سیامەند، سیامەنت، سیابەند.

ئاوان: ناوی هەرێم ،بنەماڵەیەکی (شا)یانی ئیلامی بووە، لە ساڵانی (٢٦٠٠پ ز)، ئەم ناوەش ڕیشەکەی لە کوردی ئەمڕۆ نزیکە و دوورنییە واتای دوو ئاو، دوو ڕووبار، وڵاتی نێوان دوو ڕووبار بگەیەنێت.

شازی: ناوی خواژنی ڕووبارەکان بووە، ڕەنگە ئەم ناوە ئیلامییە لەزمانی کوردی ئەمڕۆدا بووبێتە شازێ و ڕۆڵی هەبووبێت لە ناولێنانی کچان.

سیوە پلار هویک: ناوی شازادەیەکی شۆش بووە، لە زمانی کوردی ئەمڕۆ (سێوە، سێڤێ) ناوی کچانە،

هەروەها ڕۆڵی هەبووە لە ناولێنانی کوڕانیش. وشەی پەلار بەواتای سەرزەنشت و تانەوتەشەر لە کوردیدا ماوە.

ئەنشوشناک: (شیلهاک، شینهاک) ناوی پادشایەکی ئیلامی بووە، ئەم ناوەش لە زمانی ئیلامی واتای ماری مەزن، هەژدیها دەگەیەنێت. ڕەنگە (ئەنشوشناک) لە زمانی کوردیدا بووبێتە شینک و شینە. ناوی شینەش لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا واتای قەوارە گەورە دەگەیەنێت وەک شینە زەلام، شینە مار.

ئاسو: ئاسو وەک پاشگرێک هاوبەشی دەکات لە دروستکردنی ناوی خوداوەندان، کە واتای بەرزایی، گرد، داوێنی کێو، بڵندی دەگەیەنێت.

لە زمانی کوردی ئەمڕۆشدا واتای لە سەرەوەی چیا دەگەیەنێت. نموونە: ڕۆژ لە ئاسۆوە هەڵدێت، واتە لە سەرەوەی چیادا بە دەردەکەوێت. تاپیر ئاسو خودای مانگ بووە و ئاسو وەک پاشگرێک هاوبەشی لە دروستکردنی ناوەکەی کردووە.

پەپی: پەپی کوڕی ئینداتوو ناوی شازادەیەکی ئیلامی بووە، پاپی ناوە بۆ یەکێک لە هۆزەکانی لووڕی ئوستانی ئیلامی ئەمڕۆ، دوورنییە (پاپ=باوک ، باب)ی پەهلەوی لە (پەپی) ئیلامی هاتبێت، پاشان خزیبێتە نێو فەرهەنگی ئایینی مەسیحییەوە بەشێوەی پاپا.

نرام سین: خۆشەویستی سین. نرام وشەیەکی ئەکەدییە.

پەراوێزەکان:

*** لە کتێبە پیرۆزەکانی (جیلوە، مەسحەفا ڕەش)ی ئێزیدیان ناوی کوڕەکانی نوح بە (ئادان، ئاتان، شەمسان) هاتووە و ناوی (ئیلام)یش نەهاتووە کەیەک لە کوڕی ئەم سێ کەسە بێت.**

*** خوزستان ئوستانێکی سەربەخۆیە و پێتەختەکەی شاری ئەهوازە و دەوروبەری نیوەی زیاتری دانیشتوانی کوردی لوڕن و خوزستانیش لای بەختیارییەکان بە گەرمیان یا گەرمەسێری بەختیاری ناوی دێن لەبەر ئەوەی هەر لە کۆنەوە هەواری زستانەی بەختیارییەکان بووە.**

*** ئیلامییەکان سروشت پەرست بوون، ئایینی بابلی و سۆمەریشیان لەگەڵ تێکەڵ ببوو.**

*** کۆنترین زمانی هەرێمەکە زمانی ئەنزان بووە بە قسەی دومرگان، دواتر زمانی سۆمەری و بابلی-یش لە هەرێمەکە قسەی پێدەکرا.**

*** هۆزێکی کوردی لووڕ بەناوی سوسە لە عەزیزییە و نەعمانییە نیشتەجێن، دەڵێن ئێمە دانیشتووی ڕەسەنی ئەم ناوچانەین و ناوی (سوسە) لە سەوزە و سەوزایی هاتووە. جا دوور نییە سوسە، سۆس، شۆش و سوزا لە سەوز و سەوزاییەوە هاتبێت.**

*** کاردۆنیاش: وڵاتی خوداوەندی یاش.**

*** مانیشتوز: (مانی+شتوز): مانی ناوێکی ئێرانی کۆنە و بەردەوام ڕۆڵی هەبووە لە ناولێنان لە نێو گەلی کورد، هەروەها ناوی پێغەمبەرێکی کوردە و ناوی پاشایەکی ئورارتوان (مانوا)یە.**

*** نارام سینی: نارام: وشەیەکی ئەکەدییە واتای خۆشەویست دەگەیەنێت+سینی (هەیڤ)= خۆشەویستی هەیڤ.**

**سەرچاوەکان:**


**١- ایران باستان، تاریخ مفصل ایران قدیم، تألیف حسن پیرنیا، جلداول، طهران، (١٣١٣) هەتاوی.**

**٢- کلیات تاریخ وتمدن ایران پیش ازاسلام، د. عزیز بیات، طهران،(١٣٦٥)**

**٣- سرزمین ما/ مروری به تاریخ و معماری ایران، تألیف ع- رکوعی، طهران. (ساڵی بە چاپ گەیاندنی لەسەر نییە)**

**٤- نگاهی به تاریخ خوزستان ، نیره زمان رشیدیان، با مقدمه دکتر باستانی پاریزی، طهران،(١٣٦٩) .**

**٥- ئیلام زمانی کۆن و نوێی ئیلامی، ئەحمەد شەریفی، گۆڤاری سروە (ژ ١٣٣-١٣٤) .**

**٦- مێژووی ناسناو و ناوی مرۆڤی کورد، عەباس سلێمان سمایل، (٢٠٠٤)، هەولێر.**

# پیرۆزیی بەرد لە ئەفسانە و باوەڕی کۆندا

محەمەد سلێمان عەباس

بەرد لای کۆمەڵگا بەرایی و دێرینەکان، مانایەکی هێماییانەی بەرزی هەبووە، زۆرجار وایانزانیوە بەردی سروشتی جێگای نیشتەجێ بوونی رۆحەکان و خواوەندەکانە، دەشێت هەموو شتێک بایەخێکی هێمایی هەبێت (بەرد، ڕووەک، گیانەوەر، ئاو، ئاگر). و مرۆڤ ئەم شتە درک پێکراوانە دەگۆڕێت بۆ هێما پاشان لە سرووتە ئایینییەکان گوزارشیان لێ دەکات.

هەرچی لەم بوونەوەرەدا هەیە، هەرچی بەردەست و بەرچاوە. ڕۆژانێ مرۆڤ پەرستوویەتی و بە پیرۆزی داناوە، ئەو شتەی جوان بوون و خۆشی ویستوون و پێویستیان پێیان بووە، هەمووی بە پیرۆز زانیوە.

مێژووی پیرۆزی بەرد بۆ سەردەمەکانی پێش مێژوو دەگەڕێتەوە، بەرد تۆمارێکە مرۆڤی کۆن بۆیان جێهێشتووین بۆ ئەو هێمایانەی سەرنجیان ڕاکێشاون و مانایان هەبووە.

قەبارە و شێوە و ڕەنگی جوان و ڕێک و لووس و نائاسایی بەردەکان کاریکردۆتە سەر ئەندێشە و خەیاڵی مرۆڤی بەرایی و باوەڕی وابووە، کە بەردەکە هێز و توانای هەیە خێر و چاکە، یان زەرەر و زیان دەگەیەنێتە مرۆڤ. گرنگیدان بە بەرد بە پیرۆزدانانی پابەند بوو لە سەر شێوە و ڕەنگی بەردەکە، ئەگەر بەردەکە شێوەیەکی نامۆ و نائاسایی و سەیر و سەمەرەی هەبووایە و دەگمەن بووایە، ئەوا پتر شیاوی گرنگی و بایەخ پێدان دەبوو. هەروەها بەرد کارێکی گرنگی کردۆتە سەر ژیانی مرۆڤی بەرایی لە کاروباری ڕۆژانەدا و لە ئاماژە و هێمادا، لەم ڕووەوە بەرد وەکو شتێکی پێویست بۆ ژیانی مرۆڤ بووەتە هۆی ئەوە کەببێتە تابۆیەکی پیرۆز.

لە سەرەتای مێژوودا مرۆڤ هەوڵیداوە گوزارشت لە ڕۆحی بەرد بکات بەو شێوەیەی کە هەستی پێدەکات،

هەزاران ساڵ لەمەوبەر مرۆڤی کۆن باوەڕی وابوو، کە دەشێت خواوەندێکی زیندوو، یان ڕۆحێکی پیرۆز لە ناو بەرد دا بەرجەستە ببێت و مامەڵەی خوداوەندی لەگەڵ بەردەکە دەکرد، بەم شێوەیە بەردەکەی بە خوداوەند دا دەنا. لە کۆمەڵگا بەراییەکاندا بەرد بە گۆڕ، یان شتی شکۆداری ئایینی و سرووتە پیرۆزەکان و کەژاوە ئایینیەکان و جیاکردنەوەی سنوور بەکاردەهێنرا. لە زۆربەی گۆڕ و مەزارە بەراییەکاندا دەبینین خواوەند بە یەک دانە بەرد وێنا نەکراوە، بەڵکو بە ژمارەیەکی زۆری بەردی دانەتاشراو کە بە شێوەیەکی تایبەتی هەڵچنراون (بۆ نموونە، ڕیزە بەردەکانی هەرێمی بریتانی، هەروەها بازنە بەردینەکانی ستۆنهنگ). ئەم ریز کردنانە گوزارشت لە پوختەترین شێوەکانی ڕۆمانییەت دەکەن. مرۆڤی بەرایی مەیلی ئەوەی هەبووە سیمایەکی تا ڕادەیەک مرۆییانە بداتە بەرد و بە پێی تواناش شێوە سروشتییەکەی بەردەکە بپارێزێت، بۆیە بەرد لە سەرەتا وەک (نەسب)ی هەستپێکراو، یان بەرجەستەبوونی خواوەند، کە بە پێی سەردەم گۆڕینی بەسەر داهات و بووە پەیکەر، یان بتێکی بەردین لە شێوەی مرۆڤ.

ئەوەش پرسیارێک دێنێتە ئاراوە، ئایا مرۆڤ لە سەرەتادا بەردی پەرستووە، چونکە بڕوای وابوو کە بەردەکە بەرجەستەکردنی خواوەندە، یان ڕۆحێکی پیرۆزی لە ناودایە؟. بە پێی بەڵگە ئایینییەکان بەرجەستە بوونی خواوەند لە بەردێک، دەبێتە هۆی پیرۆزی بەردەکە و هەر مرۆڤێکیش دەست بە بەردەکەدا بخشێنێ و دەستی پێدا بێنێ، ئەوا مانای وایە مرۆڤەکە ڕاستەوخۆ پێوەندی لەگەڵ خواوەنددا دەکات.

لەم باریەوە پێویستە ڕەچاوی دوو خاڵ بکەین : یەکەم، چۆن مرۆڤ هەیکەلێکی دروستکراوی کردە هێمایەک بۆ خواوەند. دووەم بۆچی هەیکەلەکان لە بەرد، یان کۆمەڵە بەردێک دروست دەکرا؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم دوو خاڵە پێویستە بزانین، کە مرۆڤی بەرایی بڕوای وابوو بەردەکان لە ناخی خۆیاندا ئەفسونێکی زیندوویان تێدایە یان هێزێکی ڕۆحانی شاردراوەی تێدایە کە دەتوانێ مرۆڤ بە ئامانج و ویستەکانی بگەیەنێ، بۆیە لە سەرەتای زەمانەوە خەڵکی بەردیان کۆکردۆتەوە و بە پیرۆزیان داناوە و پێیان وابووە هەندێک لەو بەردانە هێزی ژیانیان گرتۆتە خۆیان ، بۆ نموونە ئەڵمانییە کۆنەکان بڕوایان وابوو، کە ڕۆحی مردووەکان لە توێی بەردی گۆڕەکانیانەوە بەردەوامی دەدەن بە ژیانی خۆیان ، خووی دانانی بەردیش لەسەر گۆڕەکان، ڕەنگە تا ڕادەیەک لەم بیرۆکە هێماییەوە هاتبێت کە دەڵێت شتێکی ئەبەدیانەی نەمر لە ناو کەسی مردوودا هەیە، کە دەشێت بەرد بە باشترین شێوە وێنای بکات. هەر بەم پێوانەیە بەردی سەرگۆڕ و مەزاری ئیمامان و شێخان و خودا ناسان مانا دەگرنە خۆیان، چونکە ڕۆحێک هاوڕێیەتی ئەو بەردانە دەکات کە ڕۆحێکی پیرۆزی ئەو کەسایەتییانەیە. سەرەڕای ئەوەی سروشتی بوونەوەری مرۆیی زۆر جیاوازە لە بەرد، وەلێ هەندێک لایەنی کرۆکی ناوەوەی مرۆڤ بە شێوەیەکی نامۆ لە بەرد دەچێت، بەم مانایە بەرد هێمایە بۆ سادەترین ئەزموونی ئەم شتە ئەبەدیانە دابنرێت کە دەشێت مرۆڤ لەو ساتانەدا هەستی پێ بکات کەوا هەست پێ بکات نەمرە و ناگۆڕێت و لە ناوناچێت.کەواتە ئەو نهێنی و پاڵنەرەی لە هەموو شارستانیەکاندا دەیدۆزێتەوە بۆ دامەزراندنی هەیکەل و نەسبێک لە بەرد بۆ پیاوە ناودارەکان ڕەنگە لەم هێماییەی بەردەوە هەڵبقوڵێت. ئەو بەردەی یەعقوب لەو جێگایەدا داینا کە خەونە نێودارەکەی لێ بینی، یان ئەو کەلە بەردەی خەڵکە ساویلکەکان لە سەر گۆڕی پاڵەوان و چاکساز و سەرکردەکانیان دایانناوە، سروشتی ڕەسەنی ئەو مۆرکە ڕوون دەکاتەوە کە مرۆڤ هەستی پێدەکات. بۆیە سەیر نییە زۆرێک لە پێڕەوە ئایینیەکان بەرد بەکار دێنن بۆ ئاماژ کردن بۆ خودایەک، یان دەست نیشان کردنی جێگایەکی پەرستن، بۆ نموونە پیرۆزترین شوێن لە جیهانی ئیسلامدا کەعبە و بەردە ڕەشەکەیە و هەموو مرۆڤێکی باوەڕدار بە هیوایە حەجی بۆ بکات.

## پیرۆزی بەرد لە باوەڕی میللەتاندا

مرۆڤی کۆن و زۆربەی گەلە دێرینەکان بەردیان بە پیرۆز داناوە، چونکە لە ڕوانگەی ئەوان بەرد هێزێکی خارقی هەیە، تەنانەت کێوەکان و ئەو شتەی کە پێوەندیان لەگەڵ بەرد هەیە بە پیرۆز و پاک دەژمێردرێن، بۆ وێنە کێوی (توور) کە لە قورئاندا ناوی هاتووە. مرۆڤی بەرایی بەرد، یان پەیکەریان کردۆتە ناوەندێک لە نێوان خۆی و خودادا، پێی وابووە ئەم پەیکەر و نەسبە نوێنەری خوان لە سەر زەوی و هێزێکی نادیار و خارقیان تیادایە و پیرۆزن. دەکرێ بڵێین پیرۆزی دان بە (بەرد. دار. شوێن) سیمای گشتی هەموو ئایین و باوەڕە کۆنەکانە.

– لە چینی کۆندا بەردیان بە پیرۆز دەزانی و بڕوایان بە هێزی ئەفسووناوی هەندێک جۆرە بەرد هەبووە، بۆ نموونە پێیان وابوو ئەگەر مرۆڤ سەد هەنگاو بڕواتە ناو ئەشکەوتێک کە لە چیای (کین)ە، لەناو ئەشکەوتەکە

دوو بەرد دەبینێت، یەکێکیان بەردی ڕووناکییە و ئەوەی کەیان بەردی تاریکییە، ئەم دوو بەردە بڕیاری باران بارین دەدەن. هەر لەم ناوچەیەبەردێک لەسەر لێواری دەریاچەیە لای خەڵک پیرۆزە و کاتێک وشکە ساڵی بێت و باران نەبارێت ئەوا خەڵکی ناوچەکە گایەک دەکوژنەوە و خوێنەکەی لە لای دواوەی بەردەکە هەڵدەسوون.

– بەرد لە لای خێڵەکانی ئوسترالیاش بە پیرۆزە و پێیان وایە ئەو بەردەی کە لە ئەشکەوتی پیرۆزدایە جەستەی باپیریانە، بۆیە وێنەی ئەفسووناویان لە سەر ئەم بەردانە کێشاوە و بڕوایان وایە دەست پێداهێنانی ئەم بەردانە هێزێکی سیحراوی دەبەخشێتە مرۆڤ و دەبێتە هۆی پیت و بەرەکەت و فەڕی مرۆڤ.

– لە ناوچەی ئاسیای بچووکیشدا، بەردیان بە پیرۆز زانیوە و پەرستوویانە لە ساڵی (٢٠٤)پ.ز پەیکەری خواوەندی دایک (سیبیل)یان، لە ڕێوڕەسمێکی ڕەسمیدا هێنا بۆ ڕۆما و بەردە ڕەشەکەیان لە پەرستگای سەرەکی لە ئاسیای بچووک هێنایە ڕۆماو لە کاپیتۆل دایان نا.

– لە یۆنانی کۆندا پەرستنی هرمس (Hermes) بەند و پەیوەست بووە بە ڕێز گرتنی بەردی (hemae) کە بۆ سنوور و ئەنساب بەکاردەهێنرا و ئەم وشەیە لە وشەی (erma) وەرگیراوە کە بە مانای بەرد دێت. هەروەها ناوی هرمس بە مانای (ستوون، کۆمە بەرد) دێت. کۆنترین پەیکەری هرمس هێمایەکی تەوتەمییە لە شێوەی نەسبێکی بەردین. هەروەها ئەفسانەیەکی یۆنانی باس لەوە دەکات، کە (دۆکالیۆن) و هاوسەرەکەی دوای ڕووداوی لافاوەکە زەوی ئاوەدان دەکەنەوە، بە هۆی ئەو بەردانەی کە فڕێیان دەدا، دەبوونە ژن و پیاو و تۆوی مرۆڤایەتی نوێیان دامەزراند و هێناکایەوە. جگە لەو ئەفسانەیە، چەندین ئەفسانە هەیە کە بەرد بە ئێسکی دایکە–زەوی دادەنێ.

– فەرەنسییەکان لەکاتی ڕوودانی کارەساتێک، یادمانێکیان بە بەرد دادەمەزراند تاکو کارەساتی ئەم شوێنە وەکو یادمانێک بمێنێتەوە و مەکۆی بەردیان لە سەر گۆڕی ئەو کەسە دروست دەکرد.

– لە ناو کورداندا شوێنەوار گەلێک هەیە کە ئەگەر لە داب و نەریتی کوردەواری بڕوانین، لایەنە پیرۆزەکانی بەردمان بۆدەردەکەوێ. بۆ وێنە هەبوونی بەردەگەلێ کە لە بڕوای خەڵکیدا مرۆڤ بوونە و تووڕەیی خواوەند ئەوانی کردووە بە بەرد. هەروەها بەردی سەر مەزاری پیاو چاکان و خواناسانی ئایینی لە کوردستاندا وەک تابلۆیەکی تایبەتی بڕەوی هەیە و نەزر و نیازی لە سەر دەکەن تاکو مرازی دڵیان حاسڵ بکات. لە هەورامانددا لە کن زیارەتگای پیری شالیار گوایە بەردێکی سپی و سوڵ هەیە کە خەڵک لە کاتی جێژنی پیری شالیاردا وەکو تەبەڕوک لێی دەشکێنن و لە گەڵ خۆیاندا دەیبەن، وێنەی ئەو بەردانە لە ناو کورداندا زۆرە، لە بڕوای خەڵکیدا بەردە گەلێک هەن بە ناوی (مراز حاسڵ) کە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دەبینرێ و خەڵکی بۆ مراز و ئاوات و ئارەزووەکان دەچنەسەری.

– عەرەبەکانیش بۆ نزیک بوونەوە لە خوداکانیان دار و بەردیان کردۆتە ناوەند و بە پیرۆزیان داناوە، یەکێک لەو بەردانەی کە عەرەب بە پیرۆزی زانیوە و زیارەتی کردووە دەستی پێداهێناو و نزای لە پاڵدا کردووە، بەردە ڕەشەکەیە.

ئەم بەردە بەردی ئاگرینی قەوارە مامناوەندییە، سەرەتا لە کێوی ئەبی قەبیس بووە، لە شەوانی تاریکیدا ڕووناکی داوەتەوە، چوار ساڵ پێش ئیسلام قوڕەیشییەکان ئەم بەردەیان هێنایە خوارەوە و خستیانە ناو کەعبەوە. ئەفسانە و چیرۆک لەبارەی ئەم بەردەوە زۆرە، مرۆڤی عەرەب پێی وابووە ئەم بەردە یاقووتێک بووە لە بەهەشت، کاتێک ئادەم هاتۆتە خوارەوە بۆ سەر زەوی ئەم یاقووتەشیان ناردۆتە خوارەوە، پاشان جبرائیل ئەم بەردەی لە کێوی ئەبی قەبیس شاردۆتەوە، کاتێک ئیبراهیم خەریکی دروست کردنی کەعبە دەبێت، بە ئیسماعیل دەڵێت بڕۆ بەردێکم بۆ بێنە، لەم کاتەدا ئەبێ قەبیس دێتە قسە و بە ئیبراهیم دەڵێت: دیاریەکم بۆت هەیە، ئەویش ئەو بەردەیە. ئەم بەردە لە بنچینەدا تەنێکی ئاسمانییە و نیازکێک بووە لە خولگەی خۆی دەرچووە و کەوتۆتە سەر زەوی.

کاتێک ئیسلام پەیدا بوو هەرچی کەعبە هەبوو لە ناوی برد، چونکە دەیویست فرە ئایینی و فرە خودایی لە ناو ببات، تەنیا یەک کەعبە و یەک بەردی هێشتەوە ئەویش کەعبەی مەککە و بەردە ڕەشەکە بوو، کەواتە مانەوەی بەردە ڕەشەکە و زیارەتکردنی درێژە پێدانی بەرد پەرستی پێشووە. کەواتە بەر لە ئیسلامیش خەڵکی مەککە و ناوچەکە ڕێزیان لێ گرتووە و بە شێوەی تاک، یان بە کۆمەڵ لە کاتی دیاریکراودا سەریان لێداوە.

– بێگومان مێژووی بەرد پڕە لە شتی سەرنج ڕاکێش و سەیر و سەمەرە بۆ نموونە گەلی (ناگا) کە لە ڕۆژهەڵاتی هیندستان دەژین، هەر لە سەردەمە بەراییەکانەوە تاکو

ئێستا بەرد بە پیرۆز دەزانن و بڕوایان وایە کاریگەری لەسەر چارەنووسی مرۆڤ هەیە و هەندێ جاریش سیما و ڕەفتاری بەرد وەک هی مرۆڤە. گەلی (ناگا) گەلێ باوەڕی خورافیان لە مەڕ بەرد هەیە، وەک شەڕی بەردەکان، ناوی بەرد، نەوەی بەرد، پێوەندی بەرد لەگەڵ مرۆڤ.

بڕوایان وایە هەندێ جۆری بەرد زۆر بەسوودە بۆ کۆکردنەوەی بەروبوومی دارەکان و جۆرێکی دیکە بۆ ڕاوکردن سوودی هەیە و بڕوایان وایە هەر بەردێک بۆ شتێک باشە و سوودی هەیە، بۆیە ڕێز لەو بەردانە دەگرن و بە پیرۆزی دادەنێن و پێیان وایە هەندێک جۆرە بەرد هێزێکی سیحری تێدایە و توانای هەیە پاسەوانی و پارێزگاری لە گوند و خەڵکی گوند بکات، هەر بۆیە لە زۆربەی ئەفسانەکانی ئەو گەلەدا بەرد ڕۆڵی پاڵەوان دەبینێ.

– بە پێی هێما کەنیسەیی مەسیحییەکان، مەسیح ئەو بەردەیە کە بیناسازان فڕێیانداوە و دواتر بووە بە بەردی گۆشە. هەروەها ئەو بەردە ڕۆحییەیە کە ئاوی ژیان لێوەی هەڵدەقووڵێت. بەو شێوەیە مرۆڤ هەر لە سەرەتای ژیانیەوە بەرد و دیاردەکانی دیکەی سروشتی دەوروپشتی بە گوێرەی ئاستی تێگەیشتنی خودی لێکداوەتەوە و بە پیرۆزی زانیوە، ئەم پیرۆزایەتییە تا ئەو ڕادەیەیە کە لە باوەڕ و ئەفسانەکانی سەرەتاییدا شوێنەواریان بەجێ ماوە و ڕەنگی داوەتەوە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١–سحر الاساطیر، م.ن ألبیدیل. ترجمة–حسان میخائیل اسحق. دمشق–٢٠٠٥ ل٢٠٣.**

**٢–دیانة السامیین–روبرتسن سمیث–ترجمة–عبدالوهاب علوب–قاهیرة–١٩٩٧ ل٢٠٩.**

**٣–جولة في اقالیم اللغة والاسطورة–علي الشوك–دمشق–١٩٩٩–ل١٥٥، ١٥٦.**

**٤–ئیسلام و دنیای هاوچەرخ– ئارام ڕەشید–٢٠٠٢–ل١٢٤ .**

**٥–مرۆڤ و هێماکانی–کارڵ یۆنگ. و–ئاوات ئەحمەد. سلێمانی–٢٠٠٥ ل٣٣٤،٢٩٢.**

**٦–گۆڤاری (ڕامان)–ژ(٦٤) ٢٠٠١.**

# ڕێژیسیۆر و خەیاڵ

د. فازیل جاف
(سوید)

خەیاڵ گەورەترین هێزی شۆڕشگێڕانەی هونەرە، هەموو داهێنانە مەزنەکان زادەی خەیاڵن. هەر خەیاڵیشە ئەم سامانە گەورەیەی شیعر و مۆسیقا و هونەری بە مرۆڤ بەخشیوە.

داهێنەران تێکڕا لە گرنگی و کاریگەرێتیی خەیاڵ لە پڕۆسەی داهێناندا تێدەگەن، بەڵام هەموو داهێنەرێکیش بە ئاسانی پەی بەجیهانی بەرینی خەیاڵ و فانتازیا نابات.

گرنگی خەیاڵ لە پڕۆسەی داهێناندا، لای زۆربەمان ئاشکرایە و پێویست بە دووپاتکردنەوەی ناکات، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە بزانین چۆن خەیاڵ بەکاربێنین. ئەمە ئەرکێکی گرنگی ڕێژیسیۆرە و نابێ بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و لاوەکی مامەڵەی لەگەڵدا بکا. دەبێ لە ڕەفتارکردن لەگەڵ خەیاڵی خۆتدا زمانێکی تایبەت یان میتۆدێکت هەبێ.

## میتودێک بۆ خەیاڵ

خەیاڵ خۆی لەخۆیدا دوورە لە میتۆد و بەرنامە و بەهیچ شتێک ڕام ناکرێ، نەک هەر ئەوەندە، بگرە کە خەیاڵ دەکەوێتە گەڕ، میتۆد و بەرنامە دەکشێتەوە، بەڵام بۆ بەکارهێنانی خەیاڵ و چالاککردنی فانتازیا و ئەندێشە، ڕێژیسیۆر دەبێ پەنابەرێتە بەر میتۆدی تایبەت بەخۆی و بە هەڕەمەکی ڕەفتار لەگەڵ خەیاڵدا نەکا. وەک ڕێژیسیۆر پێویستیت بە شێوازی تاکەکەسی خۆتەو دەبێ کار لەدوای کار ئەو شێوازە گەڵاڵە پێ بکەی، ئەوەش بزانە کە هەر خۆت دەزانی چۆن ڕەفتار لەگەڵ خەیاڵی خۆتدا دەکەی.



هەربۆیە کە خەیاڵ، لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆی لەخۆیدا ئەنتی میتۆدە، دەبێ میتۆدێک هەبێ کە خەیاڵ بووروژێنێ و ئەکتیڤ و چالاکی بکا. پەیبردن بەکلیلەکانی جیهانی خەیاڵ، تارادەی پێویستی گرنگە بۆ کاری ڕیژیسیۆر و ئەکتەر. وابزانم ڕێنماییەکانی ستانیسلاڤسکی لەمەڕ کارکردن لەگەڵ ناوەوەی ئەکتەردا ڕێگاپیشاندەرێکی بێ وێنەن، نەک تەنیا بۆ ئەکتەران، بگرە بۆ ڕیژیسیۆرانیش.

پێوەندی ڕیژیسیۆر لەگەڵ جیهانی ناوەوەی خۆیدا و هاوسەنگی و هارمۆنیای لەگەڵ خودی خۆیدا، زەمینەی بە پیت بۆخەیاڵ دێنێتە دی و لەوەش پتر، ئینسانیەتی ڕیژیسیۆرو دید و جیهانبینی فراوانتر و ناسکتر دەکات.

## خەیاڵ و دەروونی پۆزەتیڤ

ئەگەر لەمن بپرسی میتۆدی شەخسیم بۆ جیهانی خەیاڵ و فەنتازیا چییە، من بۆ خۆم گەلێ سوودم لە فەلسەفەکانی ڕێبەرانی فەلسەفەی ئاسایی، بەتایبەت هیندییەکان و چینییەکان بینیوە، لەوانەوە فێربووم کە چۆنیەتی بەکارهێنانی خەیاڵ پێوەندی ڕاستەوخۆی بە کۆنتاکتی خودی خۆت بە دەروون و ناوەوەتەوە هەیە. ناکرێ خەیاڵ ئەکتیڤ و پۆزەتیڤ و ئینسانی بێت ئەگەر خاوەن دەروونێکی گرژ و پەست و گومڕا و شەڕخواز و خۆپەرست بی. خەیاڵ لە دەروونێکی پەست و نێگەتیڤ بەشێوەیەکی سەلبی کار دەکات و داهێنانی لێ ناوەشێتەوە. خەیاڵ بۆ ئەوەی جیهانی بەرینی داهێنانت بۆ مەیسەر بکا، دەبێ پۆزەتیڤ بێ. کاتێکیش خەیاڵ پۆزەتیڤانە کار دەکا، کە خۆت جیهانی ناوەوەت، دید و جیهانبینیت پۆزەتیڤانە بێ.

ئەگەر بتەوێ خەیاڵ چالاک و بەگوڕ و ئاواڵە بێ، خۆت لە تەعەسووب و دەمارگیری، مەترسی لە ڕەخنە، خۆپەرستی و خۆ بەزل زانین، ستایش و پیاهەڵدان و ئاهەنگی ڕێزلێنان و چەپەڵە بۆ خۆ سازکردن، ڕزگار بە تا دەتوانی شەفاف و کراوە بە. بەکورتی جیهانی ناوەوەی خۆت بکە بە سەنتەر و فۆکس مەخەرە سەر کەسانی دیکە. با خۆشەویستی کومپاسی دڵت بێ، تەنیا خۆشەویستی و هێزی بێ پایانی دڵت ئەو میتۆدە کاریگەرە بۆخەیاڵت دەرەخسێنێ.

شانۆکارێکمان بەشانازییەوە گوتبووی: تەمەنم بەرەوە شەشت هەڵدەکشێ، شانازی بەوەوە دەکەم کە تاکو ئێستا بە کەسم نەگوتووە خۆشم دەوێی. تەنانەت بەژن و منداڵەکانیشی.

ئەمجا بزانە میتۆدی کارکردن لەگەڵ ناوەوە چەند گرنگە بۆ شانۆکارێکی لەو تەرزە، بەر لە هەموو شتێک ئەو شانۆکارە دەبێ ببێت بە کەسێک کە مرۆڤی خۆش بوێ، تاکو بتوانێ باری دەروونی مرۆڤ نمایش بکا.

## میتۆدی شەخسی لە خەیاڵدا

خەیاڵ خەڵوەتی دەوێ، دەبێ تەواو تەنیا بیت، تەنیا گوێت لە بێدەنگی بێت، ئینجا بە هەموو توانایەکت هەوڵ بدە وێنە دروست بکەی، وێنە بهێنە پێش چاو، با وێنەکانت لە قۆناخی یەکەمدا کامڵ نەبن، با وەکو سکێچی یەکەمی نیگارکێشەکان بن، هەوڵ مەدە وردەکارییان تێدا بکەی، وردەکاری وێنەی گشتی دەشێوێنێ. گرنگ ئەوەیە هەر جارەی وێنەیەک لە ئەندێشەتدا بەرهەم دێنی، هەوڵ بدە ئەو وێنەیە هەڵگری

و له یادت نەچێ. له جاری داهاتوودا ئینجا زیاتر فۆکسی بخەره سەر، یەک تۆز وردەکاری تێدا بکه، زیاتر ڕەنگڕێژی بکه، جاری سێیەم وردەکاری زیاتری تێدا بکه، بزانه وێنەکانت دەگەنه کوێ، با وێنەکانت لەو قۆناخەدا سینەماییانه بن، واته ڕوونتر و وردتر بن! لەم پرۆسەیەدا بەسێ قۆناخ ڕەت دەبێ: فیکره یان وێنه، فۆکس خستنەسەر، ڕەنگڕێژی و فیلماندن. پاشتریش چەسپاندنی وێنەکانت.

میتۆدی خەیاڵ، خەیاڵی سەرپێی قبووڵ ناکات، خەیاڵ بۆ ڕیژیسێور کارێکی سەرەکییه، دەبێ بەرنامەی بۆ دابنێ و به بەرنامەکاری لەسەر بکا. ڕیژیسێور نابێ پچڕ پچڕ و لەناو پاس و لەناو حەمام و له چایخانه و بەدەم دۆمینەکردنەوه پەنای بۆ بەرێ. له پرۆسەی خەیاڵدا مێشک و زەین چالاکه و پشوونادەن، باشترین کار بۆ ڕیژیسێور ئەنجام دەدەن.

میتۆدی خەیاڵ دەبێ وێنه و هزری کۆنکریت بەرهەم بێنێ. تا وێنەکانت سینەماییتر و ڕوونتر وردترین، ئەوەنده بەرجەستەکردنیان ئاسانتر دەبێ. خەیاڵ ئەگەر بەرهەمی نەبێ وێنەکان بۆ ڕیژیسێور نەشواتەوه، خەیاڵێکی بێ کەڵک و بێ ئاکامه. به ڕاهێنان، تەنیا بەڕاهێنان ڕیژیسێور دەتوانێ خەیاڵێکی چالاک و تیژ مسۆگەر بکا.

### خەیاڵ و سەنعەت

ئەوه لەبەرچاو بگره که نه خەیاڵ جێگەی وەستایەتی و سەنعەت دەگرێتەوه، نه سەنعەتیش بێ خەیاڵ و فەنتازیا دەگاته لێواری داهێنان. له ڕاستیدا وەستایەتی و دەست ڕەنگینی بێ خەیاڵی فراوان و فانتازیای هونەریانه، کۆمەڵی تەکنیکی وشک و برنگن. هەروەها خەیاڵیش بێ کارامەیی و لێزانین، جۆره شێتییەکه که له دەرەوەی سنووری هونەردا، ئەمه دەکرێ لای شاعیرێک یان لای نەقاشێک کەمتر دەرکەوێ، بەڵام لای ڕیژیسێور که مایسترۆ و ڕێبەری بەرهەم و نمایشه، که مامۆستا و بەڵەدی گرووپه، تەواو ڕوون و ئاشکرایه. بینەر له شانۆدا حەزی له بەرهەمی ڕیژیسێورێکی پیشەکاری و وەستاو خەیاڵ فراوانه.

### هونەر ئەگەر له بنەڕەتەوه فێری نەبی ناتوانی لێی تێ بگەی

بەر لەوەی خەیاڵ و ئەندێشەت بخەیته گەڕ، دڵنیابه که خاوەن سەنعەت و دەستڕەنگین و کارامەیت و بەقۆناخی خۆپێگاندا تێپەڕیویت، دەبێ له بنەڕەتەوه له پیشەی ڕیژیسێوری قووڵ ببیتەوه، بنەماکانی لای خۆت ساخ بکەیتەوه، هونەر ئەگەر لەبنەڕەتەوه فێری نەبی ناتوانی بەقووڵی لێی تێبگەی.

گرنگ نییه چەند شاعیرانه بیردەکەیتەوه، گرنگ ئەوەیه ئەو شاعیریەتەت چۆن دێته ئەنجام و چۆن بەرجەستەی دەکەی. کەرەسته و ئامراز تاکه ڕێگای بەرجەستکردنی وێنەکانی خەیاڵتن. کەرەسته و ئامراز تەکنیکی سەنعەت و پیشەگەرین.

کەی؟ لەکوێ؟ چۆن؟

پرۆسەی خەیاڵ پێوەندی بەمیتۆدی بەکارهێنانی خەیاڵەوه هەیه: واته کەی؟ لەکوێ؟ چۆن؟

ئەم سێ پرسیارەش جەوهەری دراما پێک دێنن، که بەرامبەرەکەیان ئاوا دەکەوێتەوه: ئێستا و ئێره و کردار.

تەنیا پاش قۆناخی خۆڕاهێنان و خۆ فێرکردن و حیرەفییەت، ئەو میتۆدی خەیاڵەت لا گەڵاڵه دەبێت.

### خەیاڵ.. تەکنیک.. چێژ

زۆربەی ڕیژیسێوره گەنجەکان، ئەوانەی پیشەکار نین، پشت به خەیاڵ دەبەستن و کەمتر بایەخ به تەکنیک و سەنعەت دەدەن، ئەو ڕاستییه فەرامۆش دەکەن، یان هەر نایزانن که ئەو شتەی کەرەستەی بەرجەستەکردنی خەیاڵ بەدی دێنێ وێنه و تابلۆکانی خەیاڵ لەسەر تەختەی شانۆ و فەزای نمایشدا بەرجەسته دەکات، سەنعەت و لێزانین و دەستڕەنگینییه.

من بەش بەحاڵی خۆم ناتوانم چێژ له بەرهەمی ڕیژیسێورێک وەرگرم، هەرچەند خاوەنی خەیاڵێکی فراوان و به پیتیش بێت، ئەگەر له ڕووی تەکنیکەوه لاواز بێ. له ڕاستیدا هونەر هەردوو لایەنی ناوەرۆک و فۆرم لەخۆ دەگرێ، به تەنیا یەکێکیان بەڕێوه ناچێ. ئەمه وەکو ئەوه وایه، مۆسیقاژەنێک مۆسیقایەکی ئاست بەرزت به نەشازەوه بۆ بژەنێت. هەر ساڵی پار شانۆنامەیەکم بینی، که ڕیژیسێورێکی گەنج و

ئارەزوومەند دەریهێنابوو. لە ڕاستیدا، نمایشەکە لە ڕووی خەیاڵەوە خراپ نەبوو، بەڵام من ناتوانم، چێژ لە کاری ڕیژیسیۆرێک وەرگرم کە نەزانێ مۆسیقا بەکاربێنێ، یان نەزانێ ڕووناکی بەکاربهێنێ، هەروەها نەزانێ سەرەتا و کۆتایی دیمەنەکان لەکوێدان و چۆن دەبێ جێبەجێ بکرێن. ئەو نەشارەزاییە وەکو نەشاز وایە لە مۆسیقادا، بە خەیاڵ و فەنتازیا داناپۆشرێن. بە خۆمم دەگووت باشە من هاتووم بەرهەمی کەسێ ببینم کە ڕیژیسیۆر نییە. بۆ ئەم کاتەی خۆم بە فیرۆدا!

بەرجەستەکردنی خەیاڵی بەرز پێویستی بە تەکنیکی بەرز هەیە، بە هەمان شێوە تەکنیکی خراپ، یان ناشارەزایی لە تەکنیکدا دەکرێ جوانترین خەیاڵ بشێوێنێ.

ڕیژیسیۆر دەبێ پاش قۆناخی وەستایەتی ئەوجا پەنا بەرێتە بەر خەیاڵ، سەرەتا فێربوون و وەستایەتی، ئینجا خەیاڵ و ئەندێشە و فەنتازیا، ئەگەر ئەوی دووەم پێش بخەی وەکو شاعیرێکت لێ دێ کە تەنیا خۆی چێژ لە شیعرەکانی خۆی وەربگرێ. شانۆش وەکو دەزانین نابێ تەنیا بۆ یەک کەس بێ، نەخوازەڵڵا ئەو کەسەش هەر خۆت بێ.

## خەیاڵ و ڕابردوو

من پێم وایە باشترین میتۆد بۆ ئەکتیڤکردنی خەیاڵ ئەوەیە کە تا بۆت دەکرێ کەم خۆت بە ڕابردووەوە ببەستیتەوە، چونکە خەیاڵ لە خزمەتکردنی دراما‌دا پێوەندی بە ڕابردووەوە نییە، خەیاڵ ئێستایەو لە ئێستادا لە دایک دەبێ. خەیاڵ و زەمەنی دراما زەمەنی ئێستایە، بۆیە کاتێ پەنادەبەیتە بەر جیهانی بەرینی خەیاڵ و فەنتازیا، هەوڵ بدە هەرچی فێربووی بە تەواوەتی لەبیری بکەی، خەیاڵ دەبێ لە سفرەوە، لەهیچەوە کار بکا. ئەگەر حەواسەکانت بەتاڵ نەبن و زەینت نەگەیشتبێتە ئاستی هیچ، خەیاڵت باش کار نەکات و داهێنان لە دایک نابێ. ئەگەر زینت سەرقاڵ و مەشغووڵ بێت، شتێکی نوێ نایەتە گۆڕێ، چونکە مێشکت خۆی پڕە لە شت، زۆرینەی شتەکانیش ڕەش و نێگەتیڤن، جارێ فەرموو مێشک و زەینت بەتاڵ بکە، زەمینە بۆ خەیاڵ خۆش بکە، ئەوجا دەبینی چ داهێنانێک لە دایک دەبێ.



فەیلەسووفێکی هیندی دەڵێ ئەگەر بتەوێ ببی بە وێنەکێشێکی داهێنەر: دەبێ سەرەتا دوانزە ساڵ فێری وێنەکێشان بی، پاشان دوانزە ساڵی دیکە، ئەوەی فێری بووی هەمووی لەبیر بکەی، لەو دوانزە ساڵەدا هەوڵ بدە کارێکی دیکە بکەی، وەکو داربڕین، ئاوڕاکێشان، ئەمە لێرەدا هێمایە بۆ کەسابەت و کارو ژیانی ڕۆژانە، هەرچی کارێکت پێ پەسەندە بیکە، تەنیا وێنەکێشان نەبێ، پاشان دەستبکەوە بە وێنەکێشان.

گەلێ جار بۆت دەردەکەوێ کە هەموو ئەو شتانەی فێری بووی، زانیارییەکان و شارەزاییەکان بەربەستێ لەبەردەم خەیاڵدا و وەک شووره ئابڵووقەت دەدەن و بوارت نادەن.

## خەیاڵ و ئێستا

یادەوەری ئەزموونە.. ئەزموونیش کۆنە، بەڵام خەیاڵ و

ئەندێشـە بەرەو ئاسـۆیەکی فـراوان دەتبـات کـە ئاسـۆی داهێنانە، داهێنانیش هەمیشە دەبێ هی خۆت بێ، بۆیە دەبێ نوێ بێ. هەموو شتێکی نوێیش بە ئێستاوە بەندە.

تا پتر پەنا بەریتە بەر خوێندنی ئاکادیمی، پتر خەیاڵت وشک دەبێ، وزەی داهێنانت ئیـــفلیج دەبێ. کــاری ئەکادیمی و داهێنانی هونەری تێکەڵ مەکە.

ئەوانەی ئاکـادیمین دەبێ زۆر بە جیـدی بیـر لە خـۆیان بکەنەوە، مـیـتـۆدێکی کـاریگەر بۆ ئەکـتـیڤ کـردنی خـەیاڵیـان بخـولقـێنن، دەنا وشکبـوونەوە بە ئاسـانی زەفەریان پێ دەبا.

ئەزموون و یادەوەری و خوێندنی ئەکادیمی گرنگن بۆ خۆ فێرکردن و خۆپێگەیاندن، بەڵام بەر لەچوونە ناو پرۆسەی داهێنانەوە هەوڵ بدە هەمـــوو ئەو شـــارەزاییـــانە بەلاوە بنێیت، چاکتر وایە هەر لەبیریان بکەی، پاشان ئەوانە لە کاتی پێویستدا فریات دەکەون. ئەزموون و شارەزایی لە یادەوەریدا خۆیان حەشار دەدەن، بۆ کاتی پێویست فریات دەکــەون، بەڵام کــە هێــشــتــا لە ســەرەتای خــەلق و داهێناندای، لێ مـەگـەڕێ دەسـتـت بگرن و ڕێنمـاییت بکەن. ئەزمـوون و زانسـتـییـەکـان و زاکیرە وەکـو شوورە چواردەوری زەینت دەدەن و ناهێڵن ئاسۆی خەیاڵ باوەش بۆ داهێنانەکانت بکەنەوە.

## بزانە دڵت چیت پێ دەڵێ

ئەرکی سەرشانی تۆ ئەوەیە ئەو شوورەیە برووخێنی. بۆ تێکدانی ئەو شـوورەیە پێـویسـتـە بە وردی گـوێ لە دڵی خـۆت بگری. پاشــان تێــدەگـەی کـە ڕێگای دۆزینەوەی تایبـەتمەندی و سـەربەخـۆیی خـۆت ئەوەندە دوور و درێژ و سـەخت نیـیـە، بە پێـچـەوانەوە هەر زۆر نزیکە، چونکە ئاسۆی داهێنان هەر لەناخی خۆتدایە و لە هەر جێگایەکی دیکە بـۆی بگـەڕێی بزر دەبێ و لە ئەنجــامــدا لاســایی کەسێکی دیکە دەکەیتەوە.

## شارەزایی و زانیاری و دەنگی دڵی خۆت

ئەوەی لە ڕێبـەرانی شانۆوە وەکـو سـتانیسلاڤسکی و مـیـیرهۆڵد و برێخت و تـاد. بەدەستی دێنی، شارەزایی و زانیارییە، بەڵام ئەوەی لە ناخی خۆتەوە سەرچاوە دەگرێ تێگەیشتن و زیرەکی و بیرتیژی و خەیاڵ فراوانی خۆتە، واتە تایبەتمەندیی خۆتە.

ئەوەی یەکەمیان ڕۆشنبیرییە، ئەوەی دووەمیان زیرەکی و فام کردنە. ئەوەی یەکەمیان وەکو شێخی شاعیران شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەڵێ کـەسـبـیـە. ئەوەی دووەمـیـشـیـان هەروەکــو شـێـخ دەڵێ و وەهبـیـە. ئێـمـە کـە بمانەوێ بەرهەمـێکی تۆ ببینین دەمانەوێ شـتـێکمـان پێشکەش بکەی کە وەهبی بێت. واتە داهێنانی خۆت بێ.

ئەگـەر بتـەوێ تایبـەتمەند بی، ئەگـەر بتـەوێ سـەربەخـۆ وجودا بی، ئەگـەر نەتەوێ وەک تووتی بی، ئەگـەر بتـەوێ بەرامبـەر بە وجـودی خـۆت ڕەسـەن و ڕاسـتگـۆ بی، دەبێ تەنیا گوێ لە دڵی خۆت بگری.

ئەوەی کـە جـەوهەریی و وەهبـیـە لە شـانۆنامـەکـەتدا ئەوەیە کـە نابینرێ، یان خـۆی بە هەمووکـەسێک پیشـان نادات، ڕیژیسیۆر دەبێ سۆراخی ئەو شتە جەوهەرییە بکا کە پەی پێ بردنی ئاسان نییـە. دۆزینەوە و دەرەخسـتنی ئەو شتە جەوهەرییە کارەکەی تۆ لە کاری کەسانی دیکە جیـا دەکـاتەوە. زۆربەی زۆری کـاری ڕیژیسـیـۆران کـە لە یەک دەچـن، هی ئەوەیـە خــــۆیان بـەدوای شــــتــــە جـەوهەرییـەکـان مـاندوو ناکـەن. زۆرینەیان درشت بینن و وردبین نین، ئەو شـتـانە دەبینن کـە خـوێنەر و بینەری ئاسایی دەیبینن.

ڕیژیسـیـۆر دەبێ ئەو سیـحـرە بدۆزێـتـەوە کـە کـەسـانی ئاسایی نایدۆزنەوە. دەگێڕنەوە کە مەلای مەزموور کلیلی دەرگـــاکــــەی لێ ون دەبێ. شــەوێک لە بەر تیــــشـکی چراکـەدابۆی دەگـەڕێ، چەند بـۆی دەگـەڕێ نـایدۆزێـتـەوە، دراوسـێکەی لێی دەپرسێ: مـەلا کلیلەکـەت لەکـوێ ونکردووە؟ مەلا دەڵێ: لە ژوورەوە. دراوسێیەکەی دەڵێ: ئەی بۆ لەدەرەوە بۆی دەگەڕێی؟ مەلا دەڵێ چونکە دەرەوە ڕووناکـە گـەڕان لە ڕووناکـیـدا ئاسـانە، بـەڵام کلیلەکـە نادۆزیتەوە.

کلیلی شــانۆنامــەکــەت، نمایشــەکــەت لە شــوێنە تاریکەکـانی دەقەکەتدایە و تەنیـا بەدڵ دەدۆزرێتەوە. دڵ وەکو سانت ئۆگزۆبری دەڵێ شتەکان بە ڕوونی دەبینێ. نە مـیـتـۆد، نە ڕێباز یارمـەتیت نادات لە بینین و تەجلیـدا. ئەوەی نەبینراو دەکات بەبینراو و کەشفی دەکات دڵـتە. تەنیـا دڵت دەبێ ڕێبــەرت بێ لە داهێناندا. بۆیە دەبێ بەدڵ و دەروونێکی ئاسـوودەوە، دنیـای خـەیاڵت ئاواڵە



بکەی. دەبێ بە قـووڵی شۆڕبیتەوە و بە قـووڵی بڕوانی، چونکە لە قووڵبوونەوەدا سیحرێک کەشف دەکەی و وەکو برووک و گرۆتۆڤسکی دەڵێن نەبینراو دەکەی بە بینراو. پاشـان بۆت دەردەکـەوێ کـە ئەم سـیـحـرە لە پرۆسـەی داهێناندا چەند گرنگە و چەند لە کارەکەتدا جەوهەرییە، چەند چێـژبەخـشـە و بۆ سـەرتاسـەری ژیانیـشـت ئیلهـام بەخشـە، چونکە لەسـەرجـەمدا وەکو داهێنەرێک هەر ئەو سیحرەت بۆ دەمێنێتەوە.

## سیحری نمایش و بینەر

بە کەشفی تایبەتی خۆت شاد بە. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە هەموو کەسێ ئەو کەشفەی تۆ دەبینێ. ئەوە بزانە کە بینەرێـک دەیبینێ کە ئەویش توانای قووڵ بوونەوەی هەیە، بینەرێک کە ئەویش وەکو تۆ دوای دڵی کەوتووە و ڕاسـتگۆیانە گـوێ لە دڵی خـۆی دەگـرێ. تۆ دەبێ بۆ ئەو بینەرە کـار بکەی. مـەڵێ بینەری وا نـیـیـە. بینەری وا هەیە، وەکو چۆن ڕێژیسیۆری وەکو تۆ هەیە، ئەو بینەرەش هەیە، تۆ دەبێ ڕایکێـــشـی بـۆ لای خـــۆت، بـۆ هۆڵـی نمایشەکەت. ئەوەش بزانە کە هەموو کەسێک ئەو کەشفە نابینێ، بۆیە کـە خـۆت بینیت ئیـدی ڕەخنەت زۆر بەلاوە گرنگ نابێت، سـتایشیشت بەلاوە گرنگ نابێ، چونکە بەدەگمەن ڕەخنەگر و پێداهەڵدەر ئەوکەشفانە دەبینن.

لەناو جەمـهووردا، لەناو خەڵکی ئاساییدا، ڕوونتر ئەو سـیـحـرە دەبینن، چونکە توانای بینینیـان لە ڕۆشنبـیـران بێگەردتر و ڕەوانترە، بینەری ئاسایی دوای دڵـی دەکەوێ و گوێ لە دڵی خۆی دەگرێ، بۆیە لەکارکردنتدا هەمیشە بیـر لە بینەرێـک بکەوە لە دەرەوەی بازنەی ڕۆشنبیـران و شانۆکاران بێ.

من بەش بەحاڵی خۆم لە ناو بینەراندا دادەنیشم و گوێ لە نەبز و لێدانی دڵیان دەگرم. ئەگەر ڕیتمی دڵیان لەگەڵ ڕیتمی نمایشەکەم هاو جووت بوو، ئیدی گوێ بە قسەی ڕەخنەگران نادەم و منەتم بە ستایشیش نییە. با ڕیتمی دڵی بینەران کۆمپاسی نمایشەکەت و چرای داهێنانت بێ.

## خەیاڵ و کلێشە

کە پەنا دەبەیتە بەر خەیاڵ، لە کـلێـشـە و چارەسەری حازر بەدەست شـێوازی باو و سواو خـۆت دەرباز دەکەی. ئینجا لەو قەناعەتەوە کاربکە کە شانۆنامەکەت دیمەن بە دیمەن لە گـۆڕاندایە. وابزانە شـانـۆنامـەکـە بۆ تۆ و بۆ ئەو شانۆیە نووسراوە کە کاری تێدا دەکەی. وەک چۆن ژیان خـۆی سـات لەدوای سـات دەگـۆڕێ، دەبێ سـاتەکـانی ناو شانۆنامەکەش ئاوا بگۆڕێن. خەلق و داهێنانی ڕێژیسیۆر لەبەرجـەسـتـەکـردنی ئەو گـۆڕانانەدا دەردەکـەوێ، ئەگـەر گۆڕانەکـان کلێـشـە ئاسا بن، دراماکـەش گـیـان لەدەست دەدات و دەبێت بەفۆرمێکی مردوو.

ڕێژیـســیــۆری زیرەک و خـاوەن فـام بەپێی بارودۆخی دراماکە هەڵسـوکەوت دەکـا- ڕێژیـسـیـۆری کـەم فـامـیـش بەپێی وەڵامی حـازر بەدەست و کلێشـەی سـوواو ڕەفـتـار دەکات. یەکەمیـان داوای تیشکی مۆمی داگیرساوی ناو دڵ و دەروونـی خـــۆی دەکـــەوێ، بەڵام دووەمـــیـــان دوای تیشکی لایتی دەستی کەسانێکی دی دەکەوێ.

بەکـارهێنانی کـلـێـشـە دەکـاتە بەکـارهێنانی زمـانی هونەریی کەسانی دیکە و تەنیا فـۆرمی کلێشە ئامێزی لێ دەکەوێتەوە. تەنیا هەستکردن بە گۆڕانی یەک لەدوای یەکی دراماکە و بەرجەسـتەکردنیـان زمانێکی هونەریی تایبەت بە خۆت دەسەلمێنێ.

## خەیاڵ و زمانی هونەریی تایبەت بەخۆت

ئەوەی پێی دەگـوترێ زمانی هونەریی تایبەت بە خۆت هەر لە ناو خـەیاڵدا چەکەرە دەکات و دەپشکوێ. هەندێ کـەس پێـیـان وایە کـە زمـانی هونەریی تایبـەت بەخۆت لەناو هزر و بیـرەوە لەدایک دەبێ. من دەڵێم ئەمـە تەواو بە پێـچەوانەوەیە، چونکە هزر و بیـر هیـچیـان هی خۆت

نین. هەمموویان کۆنن و پێشتر بەکارهێنراون، ڕەنگە بزانی بەکارهێنراون و ڕەنگە نەزانی، جا بۆیە تکایە باسی ئەزموونگەرێتیمان بۆ مەکە، چونکە بەمە فریو ناخۆین. ئەگەر باش و بە وردی لێکی بدەیتەوە تاکە یەک بیرۆکە هی خۆت نییە.ئەوەی هی خۆتە ئەگەر لێی بزانی و چاکی بەکاربێنی خەیاڵە... ئەگەر خەیاڵت باش بەکاربێنی و لەوبەکارهێناندا ڕەسەن و ڕاستگۆ بێت.

ئەگەر بەدوای سەربەخۆیی و تایبەتمەندیی خۆتدا بگەڕێی، ئەوساکە تەنانەت فیکر و هزرە کۆنەکانیش سەرلەنوێ لە داهێنانەکانی تۆدا لەدایک دەبنەوە و تایبەتمەندیی و سەربەخۆیی و جیا هەڵکەوتوویی تۆی ڕێژیسێور دەسەلمێنن. لەم گەڕانەشدا خەیاڵت گەورەترین بەڵەدتە، بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکەم و بە ڕێژیسێور دەڵێم: باسی ئەزموونگەری و نوێخوازی و پێشڕەوایەتی مەکە، ڕێبەرانی شانۆ و ڕێژیسێورە مەزنەکان وایان باس نەکردووە وەکو فەریکە ڕێژیسێورەکان دەیکەن. ئەم زاراوە زلانە بنێشتی کەسانی فشەکەرن، لەبری ئەوە بەدوای تایبەتمەندی و سەربەخۆیی و جیاهەڵکەوتوویی خۆتدا بگەڕێ، ئەمانە خۆیان بۆ ئینسانیەت ماکی داهێنانی نوێ ئەزموونی نوێ و پلەی پێشەنگی وەردەگرن.

## کەماڵ و سەرجەم

بە تەمای ئەوە مەبە نمایشەکەت بگاتە کەماڵ. داهێنانی ڕێژیسێور وەک داهێنانی هەر داهێنەرێکی دیکە هەرگیز ناگات بە کەماڵ، چونکە لە هونەردا کەماڵ نییە. ئەمە لە شانۆ و بەتایبەت لەکاری ڕێژیسێوردا ئاشکراتر دەردەکەوێ، چونکە شانۆ سروشتێکی مەجازی هەیە.

ڕێژیسێور جیهانێک دەخوڵقێنێ، داهێنانی ڕێژیسێوریش لە سەرجەم و تێکڕای (کلیە) ئەو جیهانەدا دەردەکەوێ. داهێنانی هیچ یەکێ لە دەرهێنەرە بلیمەتەکان نەگەیشتۆتە پلەی کۆتایی. باشە پلەی کۆتایی یان دوا پلە لە شانۆدا هەیە؟ گەلێ جار وا ڕوودەدا کەسانێک دەڵێن ئەم نمایشە هێشتا ماوەیەتی. من گاڵتەم بەم قسەیە دێ. پاش نمایشێکی شانۆگەریی تەرتووف کە بە ئینگلیزی لە لەندەن دەرمهێنا شانۆکارێکی عیراقی کە ئینگلیزییەکەی بایی ئەوە نەبوو لە شانۆگەرییەکە تێ بگا، دەستخۆشی لێکردم، گوتی دەستخۆش، بەڵام وا بزانم هێشتا ماوەیەتی، گوتم بێگومان منیش هێشتا ماومە و ماوم و نەمردووم. نمایشیش هەر بەو چەشنەیە. ئەگەر نمایشێک نەیمابێ واتە مردووە و تەواو. نمایش، هەر نمایشێک بێ، هەموو جارێک سەرلەنوێ لە دایک دەبێتەوە. ئەم فەرمایشتانە نیشانەی تێنەگەیشتنە لە سروشتی هونەری شانۆ، بگرە لە سەرجەمی هونەر و ئەوەی پێوەندی بە ژیانەوە هەیە، چونکە ئەگەر نمایش کامڵ بوو ئەوکات دەکاتە ژیان خۆی و ئەوسا هیچ پێویست ناکات تەماشای بکەین.

نمایش یان ئەوەتا داهێنانە یان ئەوەتا داهێنان نییە. بەڵێ دەکرێ ڕەخنە لەمیتۆد و حیرەفیەت و دیدی ڕێژیسێور بگیرێت، بەڵام ناکرێ بگوترێ کارەکەی تەواو نەبووە. کام ڕێژیسێوری داهێنەر دەگری بەو بێ پاش نمایشی یەکەم دەرفەتێکی دیکەی بۆ بڕەخسێنرێ و دیسانەوە کار لەسەر بەرهەمەکەی بکاتەوە، چونکە دەزانێ هێشتا ماوەیەتی، هەرچەندە زۆربەی زۆری ڕێژیسێوران دەزانن کە تەواوبوون لە دەرهێناندا نییە، بەڵگەشم کارکردنی چل ساڵەی ڕێژیسێوری ئیتاڵیایی جورجیۆ ستریهلەرە لەگەڵ شانۆنامەی ئەرلیکینۆ، کەچوار جار گەڕایەوە سەر هەمان شانۆنامە و سەرلەنوێ کاری تێدا دەکردەوە. میرهۆڵد دەڵێ: هەموو بەرهەمەکانی ساڵانی بیستەکانم وەکو مەشق و سکێچ وابوون بۆ شانۆنامەی پشکنەری گۆگۆل، ئەو شانۆگەرییەی کە بە یەکێ لە شاکارەکانی دادەنرێ، تاکو ئێستاش هەر لێکۆڵینەوە و تێز و گوتاری لەسەردەنووسرێ. سەرەڕای ئەوەش چەند جارێک گەڕایەوە سەر کارکردن لەسەر شانۆگەرییەکە.

## لە دەرهێناندا دوو ژوور نییە

هەر میرهۆڵدیش دەڵێ: لە دەرهێناندا دوو ژوور نییە، یەک ژوور هەیە، ئەویش ژووری تۆیە کە ڕێژیسێوری. کەس ناتوانێ بڵێ ئەم ژوورە خراپە، چونکە ژوورێکی دیکە نییە، تاکو لەگەڵیدا بەراورد بکرێ. ئەوەی تۆ دەیکەی یان داهێنانە یان داهێنان نییە. یان پەسەندە، یانیش پەسەند نییە، بەڵام لە هەموو دۆخێکدا نابێ کامڵ بێ، بۆیە لە دەرهێناندا گرنگ کاری سەرجەمە.

ڕیژیسیۆری بەتوانا هەوڵ دەدا ئەو سەرجەمییە بهێنێتە ئەنجام. هارمۆنیا و هاوسەنگی لەسەرجەمدا نیشانەی بلیمەتی ڕیژیسیۆر دەگەیەنێ.

ئەگەر ڕیژیسیۆر نەگاتە سەرجەم، ئەوە ئەکتەرەکان و هەموو کارمەندانی بەرهەمەکە گیرۆدەی پچڕپچڕی دەبن. ئەگەر تەونی سەرجەم نەباتە ئەنجام، هارمۆنیا وهاوئاهەنگی نێوان ئەکتەران و بگرە هەموو کارمەندانی بەرهەمەکە دروست نابێ.

هەوڵ بدە بگەی بە سەرجەم و بیر لە کەماڵ مەکەوە، چونکە لە هونەردا کەماڵ نییە.

### لۆژیکی ژیان / لۆژیکی شانۆ

هەموو ئەزموونێکی ژیانت، دید و بۆچوون و جیهانبینیت لە نمایشەکانتدا ڕەنگ دەدەنەوە.. هەموو ئەزموونێک لە دید و بۆچوونەکانتدا، لە فۆرم و تەکنیکتدا دەردەکەوێ. بینەر ڕیژیسیۆری خاوەن ئەزموون و خاوەن دیدی ئینسانی دەناسێتەوە، هەروەک چۆن بینەر، وەکو مییرهۆڵد دەڵێ بە هەر شێوەیەک بێ ئەکتەری زیرەک دەناسێتەوە، ئەم بۆچوونە بە هەمان شێوە ڕیژیسیۆریش دەگرێتەوە.

ئەگەر بتەوێ زمانێکی هونەریانە گەڵاڵە بکەی،دەبێ لە لۆژیک (مەنتیق)ی ژیان دوورکەویتەوە وبە لۆژیکی هونەر کاربکەی، چونکە مەنتیقی هونەر لە مەنتیقی ژیان قووڵترە. مەنتیقی ژیان و مەنتیقی هونەر جودان، یەکەمیان عەقڵانییە و دووەمیان سیحریی و ئێستێتیکیە. مەنتیقی ژیان بەش بەشە، مەنتیقی هونەر کولییە سەرجەمە. کە شانۆ مەنتیقی ژیانی پیادەکرد شانۆی ناتۆرالیزمی لێ دەکەوێتەوە، کە لاساییکردنەوەی ژیانە. ئەو قسەیەی برووک دووبارە دەکەمەوە کە دەڵێ شانۆ ژیانە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە شانۆ و ژیان جیاوازییان لەنێواندا نەبێ.

### جیهانی ڕیژیسیۆر

ڕیژیسیۆرێکی گەنج لێی پرسیم، باشترین سەرچاوە دەربارەی پیشەی ڕیژیسیۆریی، یان بۆ ئەوەی ببی بە ڕیژیسیۆرێکی کارامە چییە؟ یەکسەر پێم گوت ژیان خۆیەتی. ڕیژیسیۆر دەبێ باش لە ژیان تێبگا، چونکە



بیناسازی جیهانێکی هونەریی لەسەر شانۆدا دەکا. جیهانێک کە جیهانی خۆتە، یان جیهانە بەو شێوەیەی کە تۆ تێیدەگەی و تێیدا دەژیی، بۆیە دەبێ لە خودی ژیان بەگشتی و لە ژیانی خۆی بەتایبەتی بگا. تاکە ڕێگاش بۆئەوەی لە ژیان بگەی ئەوەیە کە سەد لە سەد و تا ئەوپەڕی توانایش بژیی. داهێنان خۆی لە خۆیدا ئەوەیە کە تۆ شتێکی نوێ بە جیهان دەبەخشی، شتێکی جوان بە جیهان پێشکەش دەکەیت، ئیزافەیەک دەکەیتە سەر ژیان، بۆ ئەوەی ئەم ئیزافەیە بکەیتە سەر ژیان، دەبێ چاک بژییت. باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی لەسەما تێبگەی ئەوەیە کە دەبێ خۆت سەما بکەی.

### جیهانی سەر شانۆ و جیهانی تایبەتی ڕیژیسیۆر

جارێک نمایشێکی شانۆنامەی «ڕەشپۆشیی لە ئێلێکترا دێ»ی یۆجین ئۆنێل-م بینی، نمایشەکەم پێ جوان بوو، بەڵام یەک ڕەخنەم لێ هەبوو، پێم وابوو نمایشەکە تا ڕادەیەک فش و فۆڵ و قەبە بوو، بەتایبەت مۆسیقا و کارتێکردنی دەنگ، شێوەی دیکۆر گۆڕین کە بریتی بوو لە پارچە دیکۆری سپی و لەژێر تیشکی

بەهێزی سپۆت لایتەکاندا دەبریسکانەوە کاریگەرییەکی عـاتیـفی و هەندێ جـاریش مـیلیـۆدرامـایانەی دروست دەکـــرد، کـــە بە بۆچوونی من لەگـــەڵ ســـروشـــتی ناتۆرالیستانەی شانۆنامەکەدا نەدەگونجا.

ئەمـە هزرێکی لا دروست کـردم، کـە ژیانی تایبــەتی ڕیژیســـیـۆرەکـــە هەر دەبێ ئاوابێ، دوو سێ بەرهەمی دیکەی ئەو ڕیژیسیـۆرەم بینی، ئینجا لە زەینمدا وێنەی ژیانی تایبەتی و دیکۆری ناو ماڵەکەیم دەکێشا. پاشان لە ڕێگای هاوڕێکانییـەوە ئەو وێنەیەی کە لە زەینمـدا کـــێـــشـــابووم، تاڕادەیەکی زۆر ڕاست دەرچوو. ئەو ڕیژیســیـۆرە کـە لە شـانۆدا زۆر حـەز لە ڕەنگی سـپی دەکـات، دەڵێن لەمـاڵەکـەیدا ڕەنگی سـپی لە هەمــوو ڕەنگێ لەلای زاڵترە.

لە مـەغـریب ڕیژیسـیـۆرێکی شـانۆی ئاهەنگسـازی و شـانۆی مـیللی مـەغـریبی (مسـرح الحلقـە) دەعـوەتی مـاڵەوەی کـردم. سـەرانسـەری مـاڵەکـەی بریتی بوو لەبابەتی کۆن وتوحەفیـات و شتی مـیللی جـوان جوان، بەگاڵتـەوە پێم گوت: کەسێ نەزانێ دەڵێ خۆشت هەر لە مۆزەخانەوە دەرکـەوتووی. پێکەنی و گـوتی: ڕاسـتـە من خۆشم ئێستا بوونەوەرێکی فۆلکلۆریم.

لە ڕاسـتـیـدا ڕیژیسـیـۆر شـانۆکـەی و نمایشـەکـەی تاڕادەیەک ئاوێنەی جـیـهــان و دەروونی خـــۆیەتی. ڕیژیســیـۆر بەنمایش و لە نمایشـدا ڕێڕەوی ژیانی خـۆی بەرجەستە دەکات، چونکە سەرچاوەی ڕاستەقینەیەتی بۆ جیهان، بۆ گەردوون، بۆ وجوود. بۆیە ڕیژیسیۆر بە خۆی بزانێ یان نەزانێ حـەقـیـقـەتێکی وجـوودیانە دووپات دەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر خاوەن ئایدیۆلۆژیا و ئایین بێ، یان ئەندامی پارتێکیش بێ.

ئەگەر بتەوێ ببی بە ڕیژیسیۆرێکی جیای هەڵکەوتوو، پێویست ناکات سەر بە ئایدیۆلۆجیایەک، ئایینێک، یان پارتێک بی، گـــرنگ ئەوەیە ئادمی بیت. ئەوەش کــە زۆرجـــار دەبیــــســـتم کـــە ڕیژیســـیـــۆر دەبێ خـــاوەنی فـەلسـەفـەیەکی تایبـەت بێ بەرامـبەر بەجـیـهـان، ئەوەش بەلای منەوە پەشـمـە، چونکە لە ڕاسـتـیـدا ڕیژیسـیـۆر پێویستی بەفام و زیرەکییە. ئەوانەی کە پەنا دەبەنە بەر هزرێکی دەرەوەی خۆیان ئاستی فام و زیرەکییان نزمە و ناگاتە ئەو ڕادەیەی ڕێگای ژیانیـان پیشـان بدات، ئەمە ئەگەر مەبەستێکی سوودمەندانەی لەدواوە نەبێت.

## سەرچاوەکانی هونەری ڕیژیسیۆری

دەربارەی دەرهێنان لە شـانۆدا سـەرچاوە گـەلێ زۆرە، لەوانە کتێبەکەی ئەلکسەندەردین کە پاش نزیکەی پەنجا ساڵ، هەر بە گرنگترین سەرچاوەدادەنرێ. خوێندنی ئەو کـتـێـبـە گـەلێ سـوودبەخـشـە و بیـروبۆچوون و یاسـا سەرەکییەکانی کاری ڕیژیسیۆر بەپوختی و بەچڕی لەوێدا داڕێژراوە، بەڵام دیسـانەوە ئەو کـتـێـبـە کـەس ناکـات بە ڕیژیسـیۆر ئەگـەر ئەو کـەسە خـۆی خاوەن بەهەرە نەبێت. من ئەمە لە ئەزموونی خۆمەوە دەزانم، کە قـوتابی بووم لە ئەکـادیمیـای هونەرە جـوانەکـانی بەغـدا، کـاتێ کـە بەشـداربووم لە بەرهەمی ڕیژیسـیـۆرێکی قـوتابی، کـە کـتێبـەکـەی ئەلکسـەندەردینی تەواو لەبەربوو، بڕواناکەم ئەلکسـەندەر دین خـۆی ئەگـەر ژیابا ئەوەندە ناوەرۆکی کتێبەکەی خۆی وەکو ئەم ڕیژیسیـۆرە قوتابییـە لە بیر مـابا، بەڵام سـەرەڕای ئەوەش ڕیژیسـیـۆرێکی تا بڵـێی خراپ بوو، تاڕادەیەک مامۆستاکانی سەرفی نەزریان کرد لەوەی بەرهەمـەکەی پێشکەش بکات و بەوە ڕازی بوون کە پلان و نەخشـەی دەرهێنانەکە لەسەر کـاغەز پیشـان بدات، ئەمیش ڕاستییەکەی لەوەدا تا بڵێی کارامە بوو، چونکە هەمـوو ڕێنمـاییـەکـانی ئەلکسـەندەردینی لە مەڕ چۆنیـەتی دروسـتکردنی پێکهـاتە و مـیـزانیـسـێنی سێ گۆشە دەرخ کردبوو، دەیزانی چۆن شـانۆنامـەیەک لەسـەر کاغەز دەربهێنێ، بەڵام لە خودی ژیاندا و لەسەر شانۆدا نەیدەزانی.

## ئەزموونەکانی ژیانت

برووک دەڵێ شانۆ چەند تەرزێک نییـە شانۆ دەربارەی ژیانە. ئەمە خاڵی دەستپێکە. هیچ شتێکی دیکە لەمە بنچـینەتر نیـیـە. لە هەمـان کـاتدا کـەس ناتوانێ بڵێ جیاوازی لەنێوان شانۆ و ژیاندا نییە. بەواتایەکی دیکە هەموو تەرزەکانی شانۆ دەربارەی ژیانە یان ڕاستتر بڵێین دەربارەی جەوهەری ژیانە. ئەگـەر ڕیژیسـیـۆر خـۆی ژیان بەتێـر و تەسـەلێ و فـوول نەژێت، ناگـاتە ئەو ناوەرۆکـەی کە جەوهەری ژیانە. گەر بتەوێ جیهـانێک پڕ لە مانا و دەلالات لەســەر شــانۆ بەرجــەســتــە بکەی، دەبێ ژیان



بەخەستی بژێیت. ئەگەر بتەوێ ژیانێکی بەجۆش و دینامیک لەسەر شانۆدا بەرجەستە بکەیت، دەبێ خۆت بە هەموو جۆش و خرۆشێک و تا بۆت دەکرێ دینامیکیانە بژی. ئەگەر بتەوێ بە قووڵی باس لە ژیان بکەی، دەبێ خۆت بەر لە هەموو شتێک لە ژیان قاڵ ببیتەوە.

### جەوهەری نمایشەکەت واتە جەوهەری ژیانت

سەرجەمی ئەزموونی ژیانت سەرچاوەی ئیلهامتن، ئەگەر بەقووڵی ئەزموونەکانی ژیانت وەرگری، ئەوە ئەو ئەزموونانە خۆیان دەرژێنە ناو ڕووباری داهێنانتەوە. هەموو ئارەزووەکانی ڕۆژانەت گرنگن، بە قەد کتێب گرنگن. هەندێ جار ئەزموونی ڕۆژانەت لە کتێبیش گرنگترن بەمەرجێک بە قووڵی وەریانگریت. ئەوەش دەکەوێتە سەر ئەوەی چۆن دەڕوانیتە جەوهەری ژیان. جەوهەری ژیان چۆن بێ بەلاتەوە، نمایشەکەشت هەروا دەبێ.

ئارەزووەکانی ژیانی ڕۆژانەت کەرەستەیەکی گەلێ گرنگن، پێویستە بایەخیان پێ بدەی و دەربەستیان بیی. بە تایبەتی هەموو ئەو ئارەزووانەی کە شتیان لێوە فێردەبێ، وەکو گەشت و سەفەرکردن و گەڕان و جیهانبینی و زمان فێربوون، کە بایەخی بۆ ڕیژیسێر لەبن نایەت، هەروەها دیدەنی و ناسینی خەڵکی بێگانە و ئەوانەی کە سەر بە کولتوورێکی دوورن، کراوەیی و شەفافیەتە بەرامبەر بە کولتووری جیاواز، زانیاری وەرگرتن و فێربوون و قبووڵکردنی کاریگەرێتی شت و دیاردەی نوێ، هەموو ئەمانە دەروازەیەکی مەعریفی گەورەت بۆ دەخاتە سەرپشت.

ئینجا خوێندنەوەی بەردەوام و بەشێوەیەکی جیدی و بە بەرنامە و پلان، نەک بە ڕێکەوت پێش خەوتن و لەکاتی چاوەڕوانیدا. ئینجا خەوبینین و پێداچوونەوە بە خەونەکانتدا و شیکردنەوەی هێماکانیان. وەرزش بە گشتی و وەرزشەکانی ئاسیایی وەکو تایچی و کیکونگ، هەموو ئەمانە ئەزموونن و قوتابخانەی ژیان بۆ ڕیژیسێر پێکدێنن و ڕۆڵێکی گەورە لە پێکهێنانی دید و جیهانبینیدا دەبینن. ئەمانە لە پێگەیاندنی ڕیژیسۆردا گرنگترن لە خوێندنی ئەکادیمی یان قوتابخانەی شانۆ.

ژیانی سەر شانۆ جەوهەر و پوختەی ناوەرۆکی ژیانە بە هەموو ڕەهەند و ئەزموونەکانییەوە، بەڵام لە فۆرمی ئینتیگراسیۆن، واتە تێکەڵاو بوون، ئەوە لە یەکتر گونجاندا خۆی دەنوێنێ، تێکەڵاوبوونی ڕەهەند و ئەزموونەکانی ژیانت لەکاری هونەریت دابڕاو نییە، بەگشتی ئاوێنەی ژیانی خۆتن وەکو ڕیژیسێر، ئەگەر کەسێ لە نزیکەوە بتناسێ ڕەهەندەکانی ئەو جیهانە تایبەتییەی خۆتی تێدا دەدۆزێتەوە. هەر ئەمانەن کە دەبن بە دەلالات، بە هێما و ئاماژە، ئەمەیش وەکو ڕیژیسێر لەسەر کارامەیی خۆت دەوەستێ.

لە هەموو حاڵەتێکدا، خۆت چۆن بی جیهانی سەر شانۆکەشت ئەوەندە بڕ دەکات، بەقەد ڕەهەندەکانی خۆت: واتە ڕەهەندی ڕۆحی، ڕەهەندی زەینی، ڕەهەندی ئیحساسی و ڕەهەندی جەستەیی، لە تێکەڵبوون و لەگەڵ

یەکترگونجانی ئەم ڕەهەندانە جیهان لەسەر شانۆکەت، لە نمایشەکەتدا لە فۆرمێکی هونەریدا بەرجەستە دەبێ. هەر ئەم چوار ڕەهەندەش کەرەستەی هونەریت بۆ دەستنیشان دەکەن و یارمەتیت دەدەن لە هەڵبژاردن و داڕشتنی میتۆد و ڕێباز و ستیل و...تاد جیهانبینی تۆ وەکو ڕێژیسێۆر لە تێکەڵاوی لەگەڵ پێکەوە گونجاندنی ئەم چوار ڕەهەندەوە گەڵاڵە دەکات.

تاکو خەستتر و قووڵتر بژیت، ڕەهەندەکانی ژیانیشت دەوڵەمەندتر دەبن، دید و جیهانبینییت فراوان و ڕوونتر دەبێ. چەندی ژیانت زیندوو و دینامیک بێت، ئەوەندەش نمایشەکەت زیندووو دینامیک دەبێ. هەوڵ بدە پێش ئەوەی بیر لە داهێنان بکەیتەوە، ژیانت خۆی پڕ بێ لە داهێنان.

## ئینتگراسیۆن / تێکگونجان

ڕێژیسێۆرێک بەرلەوەی ببێ بە ڕێژیسێۆر، خاوەنی پیشەیەکی دیکە بووبێ، یان لە بوارێکی دیکەدا کاری کردبێ، لە داهێناندا بەختی کراوەترە. بە تایبەت ئەگەر پیشەی پێشووی هونەریی و داهێنەرانە بووبێ. ئەگەر مۆسیقاژەنێک ببێ بە ڕێژیسێۆر لە دەرهێناندا دەرگایەکی گەورەی لە ڕوودا ئاوەڵە دەبێ و هەموو کارەکانی لە ڕووی داڕشتنی پێکهاتەی مۆسیقایی نمایشەکەی، هەروەها لە ڕووی ڕیتمەوە شەقڵی مۆسیقای پێوە دیار دەبێ.

لەناو ڕێژیسێۆرانی ئەمڕۆدا چەند ناوێکی گەورە هەن کە پێشتر بیناساز بوون و پاشان بوون بە ڕێژیسێۆر و لە بواری دەرهێناندا تا بڵێی داهێنەرن. دیارە بیناسازیی گەلێ لەدەرهێنانەوە نزیکە، هەردووکیان لە چەمکی پانتایی و پێکهاتە لە گەلێ ڕووەوە یەک دەگرنەوە.

لە ڕێژیسێۆرە بەناوبانگەکانی ئەم سەردەمەمان ڕۆبێرت ویلسۆن پێشتر بیناساز بوو. کاریگەریتی بیناسازیی لە کارەکانی ویلسندا لە هەموو چەمکێکی دیکە بە هێزترو شاکارترە. ویلسۆن دەڵێ بەرلەوەی هیچ کارێکی دیکە لەسەر شانۆنامەکە بکات، پێش هەموو شتێ بینای میعماری سەر شانۆکە ئەنجام دەدات.

وا بزانم کەم کەس هەیە ئاگای لەوە بێ کە ڕێژیسێۆرێکی جیای هەڵکەوتووی وەکو داریۆفۆ پێشتر بیناساز بووە، پاشان لە شانۆدا وەکو نووسەر و ئەکتەر و ڕێژیسێۆر دەستی بەکار کرد. کاریگەریتی بیناسازی لە شانۆنامە درێژەکانی داریۆفودا گەلێ زەقە.

ئەوانەی کتێبخانە تایبەتییەکەی مییرهۆڵد یان ماڵەکەییان بینیوە، دەڵێن ژمارەیەکی زۆری کتێبەکانی دەربارەی بیناسازی بوون، ئەگەردەتەوێ ببی بە ڕێژیسێۆر ئەم لایەنە فەرامۆش مەکە.

لەم پەنجا ساڵەی دواییدا گەلێ لە کەسانی سینۆگراف چوونە ناو جیهانی دەرهێنانەوە و ئەزموون و دیدی خۆیان لە چەمکەکانی فەزاو پانتایی و مەوداوە گواستەوە ناو هونەری دەرهێنان. بەمە هونەری دەرهێنانیان دەوڵەمەندتر کرد. من لێرەدا لە یەک ناو زیاتر ئاماژە بە کەس نادەم، ئەویش سینۆگراف و ڕێژیسێۆری گەورەی ڕووسیا ئاکیمۆڤە، کە هیچ ڕەخنەگرێک ناتوانێ باس لە داهێنانی ئەو ڕێژیسێۆرە بکات بە چاوپۆشی لە سینیۆگرافیاکانی دی، کە هەر خۆی نەخشەی بۆ دادەنان.

ئینجا بڕوانن پیشەی پزیشکی چەند کاری کردۆتە سەر شانۆنووسێکی وەکو چیخۆف.. وابزانم زۆربەمان شانۆنامەی خاڵۆ ڤانیامان خوێندۆتەوە، بڕوانن ئەزموونی چیخۆف لە بواری پزیشکیدا لە خوڵقاندن و داڕشتنی کارەکتەری ئەستروۆڤ و چەندین کەسایەتی دیکەدا چ ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە.

بەگشتی ئەو هونەرمەندانەی کە خاوەن پیشەیەکی دیکەن و پێ دەخەنە ناو جیهانی دەرهێنان، بەهرەیەکی تایبەتی دەسەلمێنن و وەکو منداڵی دایک و باوکی دوو کولتووری جیاوازوان، کە بەگشتی بەهرەمەندترن لەو منداڵانەی کە دایک و بابیان سەر بە یەک میللەتن.

# هونەری گۆرانی و موزیک لەناوچەی کۆیەدا

**بەشی یەکەم**

گەلێک جار باسم کردووە کە ماوەی دە ساڵان بەناو کوردستانی باشووردا بەدوای زۆر لایەنی موزیکی کوردیماندا گەڕاوم، باسیشم کردووە کە من ساڵی ١٩٨٤ لە هەڕەتی توانایيمدا چ وەکو موزیکژەن بووبێت یان ئاوازدانەر یان ڕاهێنەری تیپەکانی موزیکی وەک: تیپی مۆسیقای منداڵانی هەولێر کە چەندین ساڵ لەسەر ئاستی هەژدە پارێزگای عیراقدا بە پلەی یەکەم دەردەچوو، تیپی خانزادی کچان کە خۆم یەکەم جار کاری فێر کردنی ژەنینی موزیکیانم گرتە ئەستۆ و دواتریش کاری ڕاهێنان و ئاوازدانان و ئامادەو دابەشکردنی ئاوازەکانیان، یانیش ڕابەری تیپەکانی موزیکی ناو هەولێری وەک: تیپی هونەری هەولێر و تیپی مۆسیقای بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر، بەڵێ لە هەڕەتی توانایی هونەریمدا بەناچاری چالاکی قوتابخانەکانیان پێ جێهێشتم؟ مەرجیان ئەوەبوو: دەبوو سروود بۆ بەعسی فاشی، یانیش دیکتاتۆرە کورد کوژەکەی بەغدا دابنێم، زووتر وەک باسم کرد هەموماوەی ژیانم بۆ کاری هونەری بوو، بە چاو تروکانێک هەموو ژیانم بووە بێکاری و دەست بەتاڵی، بەو هۆیەوە ماوەی چەندین شەو و ڕۆژ لەسەردەم کەوتم و خەریک بوو شێت بم و ورە بەربدەم، دواجار بیرم کردەوە و لەخۆم پرسی: ئایا خزمەتکردنی هونەری پیرۆزی گۆرانی و موزیکی کوردیمان تەنیا بە ژەنینی موزیک دەبێت؟ بە تایبەتی زووتر هەندێ هەوڵی کورتە نووسینم لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا هەبوو، ئەوەبوو دەستم بەکاری گەڕانی مەیدانیی خۆم کرد.

---

**وریا ئەحمەد**



مەسعوود محەمەد

گەلێ جارانیش باسی ئەو گەڕانە مەیدانییانەی خۆمم کردەوە، کە ماوەی (١٠) ساڵ یان زیاتر بەدوای گۆرانی و موزیکی کوردیماندا کردوومە، ئەویش بە هەمەوولق و بەشە جیاکانییەوە وەک: ڕەزم و مەقام و مەقام خوێن و مەقامزان و لاوک و حەیرانبێژ و ئامێرەکانی موزیکی کوردی و ئامێرژەنەکانیان و وەستای دروستکاری ئەم ئامێرانە و کەسانی سەرچۆپی کێش (یان شایەر)و دەروێشی دەف زەن و تەپڵی سەر سێپاو نەققارە(یادوو تەپڵە) و (سەنج- زیل) کوتی، ناو تەکییەکان و سەڵەوات و ستایش خوێنانی ئایینی و قەوال و شمشاڵ یا (شوباب) ژەنی کوردانی ئێزدی و دۆڵەنگێوو زۆڕناژەن و شوانی شمشاڵ و بلوێر و دوزەلەژەن و پیرێژنی سەردولکەخوێنی ناو شین و شەپۆڕ و تەنبیرو (کەمانچە- جۆزە) ژەنانی کورد کە لە ژمارە نایەن و خۆیشیان ئەو ئامێرانە دروست دەکەن و تەمیرەژەنانی کوردانی کاکەیی کە مێژووی ئامێرەکەیان لەهەزار ساڵ ڕەتی داوەو بەیت خوێنان و....تاد.

ئێستاش دوای ئەوەی لە سایەی خوێنی شەهیدەکانمانەوە، کەرەستە و شوێنی تایبەت بە ئەنجامدانی کاری دوای قۆناغی گەڕانە مەیدانییەکان هاتۆتە کایەوە، مەبەستم کاری دانیشتنی پشت مێزە، بە مەبەستی قوڵ هەڵماڵین و دەست بە توێژینەوە و جیاکردنەوە و پۆلێن کردن و بەنۆتە نووسینەوەی ئاوازی گۆرانییەکان و شیکردنەوەی ڕەزمەکان و دەست نیشان کردنی ڕەگەز (تیتراکۆرد- چواردەنگی) و (ترایکۆرد- سێ دەنگی) گۆرانییەکان و...تاد.

جارێ سەرەتا وەک شێوازی نوێی گەڕانی زانستی، کە یەکەم جار دەبێت ئەو کارانە ئەنجامبدرێن کە زووتر کۆ کراونەتەوە و گەڕانی مەیدانییان بۆ ئەنجامدراوە، دەستم کرد بە نووسینەوە و توێژینەوەی ئەو بەرهەمانەی لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان لە شاری کۆیە ئەنجامم دابوون.

سەرەتا حەزم کرد ئاماژە بە هەندێ زانیاری بەنرخی مێژووی مەقام و مەقام شوناس و ئاهەنگسازی لەکۆیە بکەم، کە لەبەرگی یەکەمی کتێبی (حاجی قادری کۆیی) دانانی زانای گەورەی کورد (مەسعوود محەمەد- یادی بەخێر) وەرمگرتوون.

## مێژووی مەقام و گوتن لە ناوچەی کۆیە

(حاجی قادری کۆیی) و(حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە) لە مەجلیس و دانیشتنە ئەدەبییەکانی ئەوسای ماڵی (حاجی بەکر ئاغا) و بەدوای ئەویشدا (ئەمین ئاغا) کە خاڵوانی حاجی مەلا عەبدوڵڵا بوون، بەیەکەوە لەو مەجلیسانەدا بەشدار دەبوون و تیایاندا وەک دوو ئەستێرەی ورشەدار ڕۆناکییان دەبەخشی.

حاجی بەکر ئاغا و ئەمین ئاغای کوڕی، یەک لەدوای یەک، دوو ئەدیب و شاعیری گەورەی سەردەمی خۆیان بوون. حاجی بەکر ئاغا ڕەفیقی کەم بووە لە عیشقی کتێب و مەیل بۆ ئەدەب و ڕۆشنبیری.

لەگەڵ حاجی قادر و باپیرم (کەیفی) شاعیریش لەو ئاهەنگانەدا بەشداربووە. هەمان تاموشامی ئەو بەزمانە و ئارایشتی ژیانی نەرم و نوڵی پڕ تەرەفی تالارە مەڕمەڕەکەی ئەمین ئاغا لە هەڵبەستەکانی کەیفیشدا خۆ بە دیار دەخەن: سەیریشکیش لەوەدانییە، چونکە لە ئەنجامی تێکەڵ بوون، بۆماوەیەکی بەردەوام، لەگەڵ بەزم و ئاهەنگدا، مرۆڤ شاعیر بێ یا گۆرانیبێژ یا هەر هونەرمەندێکی دیکە بێ، جۆشی ئەو بەزمانە خوێنی دەکوڵێنن.

ڕێکەوت وابووە (ئەمین ئاغا) بۆ خۆی شاعیرێکی هێژابووە، لە کوردی و فارسی-دا بەشێکی زۆر لەبەیتی گۆرانی و بەستەکانیش خۆی دەیهۆنییەوە، ئەوەی خەڵقی دیکەیش هەڵی بەستبان، لە پێش چاوی ڕەخنەگر و

نیگای پڕهونەری ئەودا تێــپەڕ دەبوو، ئەوجـا دەبوون بە گۆرانی و دەخرانە قـاڵبی مـۆسـیـقـاوە، بۆیە هەڵبەسـتی گـۆرانیـیـەکـانی ئەو سـەردەمەی کـۆیە، کـە زارە و زار بە ئێـمـەوە گـەیییـوە زەوقـێکی هونەرکـارانە و واتای تازە و دارشـتـنی بێ سـابیـقـەی تێـدایە لە چاوبەندی گـۆرانی عادەتیەوە:

**ئەرێ گوڵێ گوڵە جوانێ**
**سینگ سپیێ مەمک فنجانێ**
**داک حدودێ بێ نیشانێ**
**ئەگەر جەلادان لە من دەگرنەوە چارگۆشەی مەیدانێ**
**چەرخەچی شا میسرییان دەردێننەوە لە کالاّنێ**
**توحەقی ئەو ڕۆژی جومعەیە شەموی بەسەردادێ**
**ئەوان گرتیانە ئەتو بەردەوە لە بەندیخانێ**

لەلای خـۆتەوە قـیـاسـێکی ئەم دارشـتنە لەگـەڵ ئەم بەستەیە بکە:

**تازە داکەوتووە ئاوی بەللوعە**
**پێم گۆ بۆ ماچێ گۆتی مەمنوعە**

ئەوەی ڕاســــتی بێت نەک هەر بەســــتـــــەی تازە هەڵبەستراو، گەلێک لە بەستەی گۆرانیەکانی پێش ئەو دەورەش بەهۆی کـەوتنە کـاری (فـێـرگـە/ پەیمانگە)ی مۆسیقاسازییەوە لە بەرودیوەخانی پیاو ماقووڵانی کۆیێ کە مـەرکـەزەکەی مـاڵی ئەمین ئاغـا بوو، ئەو گـۆرانییـە کـۆنانەش بەرگـیـان نوێ کـرایەوە، وەک کـۆرپەی تازە لە دایک بوو کـەوتەوە بێـشکەی بەزم و مـۆسـیـقـادۆست و کـەیف خـوازانەوە لەوەش زیاتر ئەمین ئاغـا سـەرەڕای شاعیری شارەزاییێکی دەست درێژیش بووە لە (مەقام) بە قەدەر هەر ئوستادێکی بەناوبانگ لە زانستی مەقامدا، چەسپاو بووە، شاعیری لە لاییکەوە و مەقام شوناسی لەلایەکی ترەوە، هەردووکیان کە بە تێرو پڕی لە بەهرەی ئەمین ئاغادا کۆببوونەوە، ئاکاری شیرین و خنجیلەی ئەو بەزمـانە بوون کە لای ئەو بەرپا دەبوون و لەو ڕووەوە بە تەرازووی هونەر، گـەلێک سـەنگینتـر و نرخـدارتر دەردەچوون لە بەزمی عـادەتی کـە لە جێگاکـانی دیکەی کوردستان بەرپا دەکران.

ئەو دانیشتنە ئەدەبیانەی سەردەمی حاجی بەکرئاغا و ئاهەنگسـازی دەوری ئەمین ئاغـابوون، بەلای باوەڕی منەوە کـە وای کـردووە مـەلایەکی زلی وەک حـاجی مـەلا عەبدوڵلای جەلیزادە ببێتە پێشەوایەک لە فنونی مەقام ناسـیـدا، چونکە لە سـەرەتای عـومـرییـەوە و بەر لەوەی ببێـتـە جێ نشـینی حاجی مـەلا ئەسـعـەد زۆرجاران لەو دانیـــشـــتنانەدا بەشــداربووە، دڵ و مــێـــشکی بە گوزارشتیانەوە مەشغول بووە، بەڵێ مەجلیسی فەقێیان بێ گۆرانی و گەپ و دەنگی خۆش نییە، بەنسبەت حاجی مەلا عـەبدوڵلاوە کـتێـبخـانەکەیشی کـتێبی مۆسـیـقـاو مەقامی تێدابووە، بەڵام گۆرانی و گوتن لە مەجلیسی پڕ تەقیـەو زمـان گرتنی فـەقێـیـان شـتێکە و لەرەی عـود و کـەمـان لە کـۆشک و تەلاری شـاعـیـرێکی مـۆسـیـقـاردا شتێکی دیکەیە.

شـاری کۆیێ بە گەز و گـرێی چەرخـەکـانی لەمـەوبەر و بەنسـبـەت تێکڕای شـارەکـانی کـوردسـتـان شـار بووە، قـەسـەبچە نەبووە. بەڵگـەیێکی بچـووک بۆ ئەم ڕاستـیـیـە دێنمـەوە لە کـتـێـبی «قـامـوس الاعـلام» کـە لە سـاڵی (١٨٩٨) لە ئەستەمبوڵ دەرچووە. بۆ مەبەستی بەیەکدی گرتن (مقایسە- مقارنە) لەم کتێبە شایەدی وەردەگرم کە دەربارەی گـەورەیی و بچـووکی ئەوسـای هەولێر و کـۆیەی داوە: بۆ هەولێــر ٦٠٠٠ هەزار دانیــشـــتـــوو، بۆ کـــۆیە ١٠,٠٠٠ هەزار دانیشتووی داناوە. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکـەین لەوە پێــشـــتـــر کـــۆیێ گـــەلێک گـــەورەترو قەڵەباڵغتربووە. سەرژمارەی ناو کـتێبەکەی (قـامـوس الاعلام) کاتێک کراوە کە تازە دەهات کۆیێ خۆبگرێتەوە لەدوای ڕشانەوەکەی (١٢٨١)ی کۆچی کە دەوەستێتە بەرانبەر (١٧٦٥)ی زاینیی. پێشتریش لە (١٢٤٦)ی کۆچی تاعوون کارێکی کردووە لە کۆیێ نوێژی جومعەی تێدا نەکراوە، واتە ٤٠ کەسی خەلقی شار لە مزگەوتی جـومـعـەی ئەوسـای کـۆبوونەتەوە کـە (نصـاب)ی نوێژی جومعە بێبکێن. بەر لەو فەلاکەتانە تەنیا ئەو هێندەی شارەکـە کـە دەکـەوێتە ناو شـوورەوە لە ١٠,٠٠٠ هەزار کەسی زیاتر حەواندۆتەوە.

لە کتێبخانەی جەلیزادان کتێبێکی دەسنووس هەیە بە ناوی (الازکار للامام النواوی) بە خامەیێکی ڕەنگین و هونەرکـار نووسـراوەتەوە، لە کـۆتایی کـتێـبەکـە مـێـژووی نووسـینەوەی هەیە و سـاڵی (٧٧٦)ی کـۆچی بەرامـبـەر (١٣٧٤)ی زایین، واتە پـێش نزیـکی (٦٣٢) ســـاڵ نووسـراوەتەوە خۆشـبـەختـانە نـاوی خـۆی و نشـیـمـەتی بە ڕەوانی دەنووسێ (خضر بن عمر الکویسنجقلی موطنا) کـە ئەمـە خـۆی بـەڵگـەیە لەلایەنـی مـێـژوویی ڕووتیـشـەوە

ئەوەمــان تێــدەگــەیەنێت کــە نــاوی (کــۆی سنجــاق) لە حوکمی عوسمانی کۆنترە!


جــا لەوســاڵانەی دوایی لە پاشکۆیەکی ڕۆژنامــەی (الثورە)ی بەغدادا، گوتارێکی دکتۆر (مستەفا جەواد)م خــوێندەوە (بەر لە مــەرگی بە چەن مــانگێک) لەسـەر مەقامی عیراقی، لە ئاخەلێوەی ئەو گوتارەدا باسی دوو کــەس دەکــات کــە لە ڕێگەی ئەوانەوە زاراوەی فــارسی نــاوی مــەقــامــەکــان بەرەو ڕۆژئاوای وڵاتی عــەرەب بڵاوبووەوە، بەنیسبەت دووەمەوە دەڵێت (الجمال المشرقی خضربن عمرالکوردی) بێگومان ئەم مۆسیقارە هەمان خۆشنووسەکەی کتێبی (نواوی)یە، بەر لە (٦٣٢) ساڵ یەک لەدوو مۆسیقاری هەرە گەورەی ئیسلام، هونەرمەند و ڕۆشنبیرێکی کۆیی بووە! بەر لەوەی گوتارەکەی (دکتۆر مستــەفــا جــەواد) ببــینم مــەعلومــاتی ئەوەم هەبوو لەو (٢٠٠) ســاڵەی چەرخی نۆزدەم و هەژدەمـــدا کـــۆیێ شارێکی ئاهەنگ دۆست و مۆسیقا ساز بووە، مەلای گــەورە دەیفــەرمـوو: لە کــوردســتــانی ئێــرانێ گــۆرانی پەیدادەبوو، لە سلێمانی تەوش و تراش دەکرا، لە کۆیە چەرخ دەدرا! بەڵام بەداخەوە تەفسیلاتی ئەو وتووێژانەی باوکم بیر نەماوە تاکو بۆ خوێنەری کوردی دەور تەسلیم بکەمــەوە، بەڵام بایی ئەوە یارمــەتی بەیەک گــەیاندنەوەی ڕابردوو و ئێستاکەی کۆیەمان بدات، قسەکانی لەگوێم دەزرنگێنەوە کە ئوستادی خۆی و باوکی و ئەمین ئاغا و باوکیشی لە مەقام شوناسیدا، میراتێکی یەکجار کۆنی کۆیە بووە، هەرچەندە ئەڵقەکانی نێوان سەدەی چواردەم، کە ڕۆژگاری جەمال مەشریقییە، لەگەڵ سەدەی هەژدەم کە مــەعلومــاتی من لە ڕێی باوکــمــەوە دەیخــوێنێــتــەوە، ئەوئەلقانە لە زنجیــرەی پیــشــەی مۆسیــقــاســازی کــۆیە بەنادیاری مـــاوەتەوە، زەکـــایەکی زۆری ناوێ بزانرێت زاهیــرەی مــەقــام شــوناسی ڕۆژگــاری ســەردەمی حــاجی قـــادری کـــۆیی، لەکـــۆیە نەوەی بێگومـــانی جـــەمـــالی مەشریقییە. با ئەوەش لێرەدا بخەمە سەر تێکڕای بابەتی گۆرانی و مــەقــام لەکۆیە، کــەوا بەڵگــەیەکی بەهێــز و بۆ ڕەسەنی ئەم پیشەیە لە مەفتەنی حاجی قادر لەوەدا دێتە دەست کە موسوڵمان و گاوری کۆیە لە مەقام شوناسیدا هاوڕێ و هاومــەشــرەب و هاو مــەجلیس بوون، جیــاوازی ئاییــن لەم مـــــەیدانەدا بــایی تۆزقــــاڵێــک خـــــۆی بەدەرنەخســتــووە، بۆ خۆم دیومــە گۆرانیــبــێــژی گــاور لە مەجلیسی (ئیجازە)ی مەلایان لە مزگەوتی گەورەی کۆیە بۆ مــاوەی دووردورێژ گــۆرانی گــوتووە! لەکــۆیە لەنێــوان گاورەکان چەندین مەقامزان و گۆرانیبێژ هەڵکەوتوون و لە موسـڵـمـانەکـانیان تێپـەڕاندووە. بەڵگەیەکی بەهێزی دیکەش بۆ ڕەسەنی و کۆنینەی پیشـەی مەقام شوناسی لە کۆیە ئەوەیە کەوا نەک هەر ئاغا و خاوەن کۆشک و تەلار و مەلا و خوێندەواری هێژا شارەزای مەقام بوون، بەڵکو لەجــەرگــەی مــیللەت و لەنێــوان ڕیزی کــەســەبەی کــۆیە مــەقــامـــزانی ئەوتۆ پەیدا بووە و هەڵکەوتووە، ڕەنگە لەکـــوردســـتـــانا هاوتای کـــەم بووبێت! نموونەی هەرە پێشکەوتوو لەم مەیدانەدا، خوالێخۆشبوو (حــاجیــیــە گــەورە) بوو. حــاجیــیــە گــەورە مــەقــام زانێکی زل بوو، تیایدا ئوستاد بوو، لە ئوستادیشی زیاتر عاشقی مەقام بوو؟ خولیای مەقام ئۆقرەی لێ هەڵگرتووە، بەم لاو بەو لایدا گــێــڕاوە، لە تەمــەنی گــەنجــیــدا چۆتە (مــووسڵ) مەقامزانی بەناوبانگی ئەو کاتەی شاری مووسڵ (مەلا عــوســمــان)ی دیوە، دواتر لە تەمــەنێکی کــامــڵــتــر چۆتە حەلەب و شام، لەگەڵ (سەید دەروێش)ی گۆرانیــبێــژ و مــەقــام شــوناس و ئاوازدانەری ناوداری (مــیــســـر)یش دیدەنی کردووە! بەو گەشتانەی کوردستان و ئێران و ئەو وڵاتانەی عەرەب، هەمەجۆرە مەقامەکانیی کلاسیک و ناوچەیی هەرێمــەکــانی عــیــراق و ســوریا و مــیــســـر و کــوردســتــان و ئێــرانی، لە ناو دڵ و ســەرزمــانی خــۆیدا، کــۆکــردۆتەوە و پەراوێزی مــەقــام شــوناسی خــۆی لەهی غەیری خۆی فراوانتر کردووە.

بەڕاســـــتی و بەبێ هیچ پێچ و پەنا و لێـــــزیاد و کەمکردنەوە، پەیدابوونی مۆسیـقاری وا زل لە جەرگەی جەرگی زێدە خــوێندەواری و گــەشــەداری و گــەورەیی و داراییـــەوە هەڵدەســتێ: جــێــگەی بچــووک و هەژارو نەخـــوێندەوار، هەرگـــیـــز نابێ بە بێـــشــکەی هونەر و مۆسیـقا.. نایان ژیێنێت... هەر پێیان ئاوس نابێت تا بیـان ژیێنێت یاخود نا! گۆرانی گوتنی دەنگ خۆشێک شتــێکە و دانانی کــتــێب لەســەر مۆســیــقــا و شــۆرەت پێوەرگرتنی، شتێکی یەکجار جیاوازە.

**مام قادری حەمامچی- ناسراو بە قالە کەچەڵ**

**پێم گــوت**: کۆڕی گۆرانی گوتنت بە زۆری لەگەڵ چ کەسێکدا بوو؟

**گوتی**: لە مەولوود یان بووک گواستنەوەکاندا، کۆڕمان دەبەست.



**مام قادری حەمامچی**

**گوتم**: ئەوکەسانە کێ بوون؟

**گــوتی**: سێوە، مەلا ئەسعەد، حەمەدەمینی کەبابچی (گــۆجـە)، عــەبدوڵڵای کــوڕی پلکم- خــەفــاف بـوو لە قـەیسەری کـۆیە ئەمری خوای کردووە، سۆفی مـحەمـەد (سـەرەخـۆرە) ئەهلی زەوق بوو هەردەم لەگـەڵمـان بوو، بەڵام نەیدەگوت، بەڵکو حەزی دەکرد دانیشێت و گوێ بگرێت.

**گـــوتم**: (مـەلاسـەلمان) چۆن لەگـەڵ (عـەبدولئـەحەد جەردیس) دەهاتن بۆ کۆیە؟

**گــوتی**: (سـەعدی ئاغا) لەکۆیە چایخانەی هەبوو، دەچوو بە پارە دەیگرتن و دەیهـێنان بۆ کـۆیە، (٥-٦) کـەس بوون (سمـایل ئەمین و سەید ئەحـمەد)یان لەگـەڵ بوو (کاویس ئاغا) لاوکی دەگوت، ئێمەش دەمان گوت، ئەوە پێش ساڵی (١٩٤٠) گۆرانی عارەبی دەگوتراو لەو چایخـانەیەدا کـورسی بەبەر نەدەکـەوت! کـەسـێکی دی هەبوو (سـەعـیـدی قـادری مـەلا وەیسی- ئەو پیـاوە دەنگخـۆش نەبوو، بەڵام حـەزی لە دەنگی خـۆش بوو)، ساڵێکیـان (سـەعدی ئاغـا) (کـاوێس هەرکی) بە پارە گرتبوو، بێت لە چایخانەکەیدا لاوک بڵێت، ئێمە لەگەڵ (سـەعـدی ئاغـا) و (ئەحـمە خێل) و (سـەلیـمی فـەقێ ئۆمـەری) چووین بەرەو پیـری (کـاویس ئاغـا)، شـایانی باسـە بەفـرێکی باشـیش باریبـوو، کـاتێک لە ڕووباری (جـەلی) پێک گـەیشـتین، (کـاوێس ئاغـا) لەوبەری ڕوبارێوە، لاوکی (سـوارۆ)ی لۆ هەسـتـا، ئەمنیش دوو دەمـانچـەم بەسـەردا هاویشتن! دوایی هاتینە کـۆیە، ئەو شەوە لە مـاڵی سەعـدی ئاغـا، تا بەیانی نەنووسـتین و کردمانە بەزم و ڕەزم!

دیسـان مـام قـادر گوتی: «ئەحـەی ناسر» دەهاتە کۆیە، بۆ لای (حـاجیـیـە گـەورە- حـاجی مـحـەمـەد) ئەمـەیانم نەدیتووە بە چاوی خۆم بەڵام (عـەبەی چایچی)م دیتووە، دیســان گــوتی: باوکی (سـەمــەد)ی چاوەشـیـش واتە (مـەمـەند) کـە زوڕنای هەنبـانەی لێـداوە، مـام قـادر (مەبەستی لە ئامێری- قیـرب)ە کە زوڕناکـە لە جیـاتی دەم بەهەمانەیەک فـووی تێدەکرێت و هەمـانەکەش بە بن قـۆڵی مـوزیکژەنەوە، گرێ دراوە هەر کـاتێک هەنبـانەکـە بەتاڵ بێت، بە فـوو پڕ لە هەوا دەکـرێتـەوە، ئەم ئامـێـری (قیرب- زوڕنا هەمبانە) وەک بیستوومە لە ئەسڵدا هی میللەتی (سکۆتلاند)ەو لە زۆر وڵاتیش لە (جوق- تیپی موزیکی سوپا)دا بەکاردێت.

هەر دەربارەی پرسیارەکانی من سەبارەت بە ئامێرەکانی مـوزیک، کـە لەسـەردەمی منداڵی مـام قـادر هەبوونە، گوتی: سەردەمی منداڵیم و تا ئەمڕۆش ئامێری شمشاڵی ئاسنم بەدەست شـوانانی خـۆمـانەوە دیوە، ئامـێـری (دومبـەرەک)یش لەکـاتی بووک گواسـتنەوەدا دەکـوترا (لێـدەدرا)، هەروەها ئامـێـری (تاس مـەعـرف- سەرنج)یشم دیوە، ئەمەی دوایی زۆرتر لەناو (دیانەکان- لەکلێسـای کۆیە و کلێسای گوندی هەرمۆتە)دا دەدیترا، هەروەها لەکۆیە سەردەمی کۆن ئامێری (دووزەلە- کە بە قـیـر و بنێـشت پێکـیـەوەی دەلکێنن)م دیوە، ئەم ئامـێـرە بەهۆی دوو پیکەوە کە دەخرێنە ناو دەمی دوو قـامـیشـە بەیەکەوە لێکنراوەکان، دەژەندرێت.

**تێبینی:**

**ئەم چاوپێکەوتنە لە شاری کۆیە ڕێکەوتی (١٦/١٠/١٩٧٩) ئەنجامـدراوە، گەر هەڵە نەبم، مام قادر ساڵی (١٩٠٧) لە شاری کـۆیە هاتۆتە دنیـاوە و لە (٢/٥/١٩٨١)یشـدا، کـۆچی دوایی کردووە.**

# پێداچوونەوە بە بیروبۆچوونی هەندێ لەوانەی لە بارەی سیاچەمانەیان نووسیوە

دارا محەمەد عوسمان
(سلێمانی)

(١ - ٢)

ئێمەی کورد زۆر پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی قووڵ هەیە سەبارەت بە سیاچەمانەوە، ئەو بیروبۆچوونانەی توێژەرەکان یان نووسەرەکان لەم بارەیەوە نووسیویانە، هەریەکەیان بۆچوونێکی تایبەتی خۆی هەیە و هەریەکەیان جۆرە خوێندنەوەیەکی تایبەت بە ئاوازی بەرزە چڕین هەیە، کە پێویست دەکات بەباشی لێی بکۆڵرێتەوە.

ئەم بابەتەش پەیوەستە بە دەڤەرێکەوە، کە مەڵبەندی لە دایکبوونی ئاوازەکەیە یان ئاوازەکانە. دیارە بیروبۆچوونی ئەو نووسەرانە دەکرێت بە دوو بەشەوە. بیروڕای یەکەمیان پەیوەستە بە نووسەرانی زێد زادەی کوردستانەوە، ڕای دووەمیشیان پەیوەستە بە بۆچوونی نووسەرانی بیانی یان نەتەوەکانی دیکەوە کە زێد و زێدزادەیان کوردستان نییە.

ئەم بابەتە پێویستە فرە بە جوانی لێی بکۆڵرێتەوە و توێژینەوەی مەیدانی بۆ بکرێت، تاوەکو باسەکە دوو شێواز وەربگرێت، ئەویش ڕێگەی ئەدەبی و هونەرییە، ئەوی دیکەیان ساغ کردنەوەی بۆچوونەکانە بەشێوەیەکی زانستی، تاوەکو فەرهەنگ و کولتوور و کەلەپوورمان بە چەواشەکاری نەنووسرێت. ئەو گەڕیدانە کە هاتوونەتە کوردستانەوە زۆر بە وردی نەچوونەتە نێو بابەتەکەوە، ئەوانەش هەرچییان وتووە، دەقاودەق نووسیویانەتەوە. ئەمە کارێکی باشە، بەڵام ساغ کردنەوەی گرانە، چونکە مەرج نییە، هەموو بۆچوونێک ڕاست بێت، یان بیروبۆچوونێکی بێ بەڵگە، شێوەی زانستی خۆی وەرناگرێت. جێی ئاماژەو وتنە لەوەتەی گۆڤاری «ڕامان» هاتووەتە مەیدانەوە، زیاتر بابەتی سیاچەمانەش پەرەی پێ دراوە و بیروبۆچوونی نووسەرانی سەبارەت بەم هونەرە

یەکلایی کردووەتەوە، ئەمەش بیرو هۆشیاری نەتەوەیی فراوان دەکات. بە بۆچوونی خۆم ئەگەر ڕاگەیاندن نەبێت، یان گۆڤار و کتێب نەبێت، با نووسەر و هونەرمەند هەبن، کە نووسینیان بڵاونەکرێتەوە، ئەوە بوارەکە پێشناکەوێ و نابووژێتەوە، یان وەک درەختێکی لێ دێت کە پێویستی بە ئاو هەبێت، ئاوی نەبێت وشک دەبێت. زانست و ئەدەبیش وەک درەختێکی بەردار وایە، ئەگەر کرداری پێ نەکرێت. وەک درەختی بێ بەر وایە، کە کەڵکی نابێت. هەروەکو مەلا خدری ڕوا فەرموویەتی:

**(عیلمەن چوون درەخت عەمەل سەمەرەن**

**عیلمی بێ عەمەل باغی بێ بەرەن)**

کەواتە دەبێت زانین کەڵکی هەبێت، نووسین بە شێوازی زانستی بڵاوبکرێتەوە بۆ ئەوەی خانەی خۆی وەربگرێت، ئەو دوو بوارەش دەبێت ڕەخنەی زانستی لەپاڵ بێت، تا بوارەکان لەنگەری خۆیان وەربگرن و نووسین قاڵبی تایبەتی خۆی هەبێت، بۆ ئەوەی نووسەران بەرهەمی خۆیان بەچاوی ڕەخنەگرانەوە بنووسن و دەقی ئەدەبی شێوازی خۆی وەرگرێت، پێویستە توێژینەوەی مەیدانی بکرێ، باسی سیاچەمانەش کە ڕەگ و ڕیشەی لە هەورامانە و هەورامانیش زێد زادەی کوردستانە- کەوایە ئەو بیروبۆچوونانە کە دەنووسم دەبێت بە ڕاسپاردەوە، وەک خۆیان ئەو بۆچوونانە بە ئەمانەتەوە بنووسمەوە، دیارە ئەو ڕاوبۆچوونانەش ڕای خۆمی لە بارەوە دیاری دەکەم، دواتر با خوێنەر خۆی دادوەر بێت و بابەتەکە هەڵسەنگێنێ. مەرجیش نییە بەپێی زنجیرە بۆچوونەکان بنووسمەوە، جاری وا هەیە ڕاوبۆچوونی یەکێک پێش دەکەوێت یان دوا دەکەوێت، گرنگ ئەوەیە بۆچوونەکان بەلایە ڕاستەکەیدا ساغ ببێتەوە. ساغ کردنەوەش هەر ئەوە نییە توێژینەوەی مەیدانی بۆ بکرێت، بەڵکو پێویستە دەزگایەک هەبێت یارمەتی ئەو توێژەرەوانە بدات. هونەری کوردستان لە چوار قوتابخانەی ڕەسەن پێکهاتووە، کە ئەمانەن: قوتابخانەی سیاچەمانە و بەشەکانی، دووەم هۆرە و بەشەکانی، سێیەم لاوک و بەشەکانی، چوارەم حەیران و بەشەکانی. بابەتەکەی ئێمە سیاچەمانەیە کە ڕاوبۆچوونی نووسەر و هونەرمەندان نیشان دەدات، کە بەشی زۆری ئەو بابەتانەن کە بەدەستی من گەیشتوون، یان لە گۆڤاری (ڕامان)ی ئازیز و چەند کتێبێکدا بڵاوکراوەتەوە و بە چاپ گەیشتوون.

پێش ئەوەی باسی ڕاوبۆچوونەکان بکەم، کەمێک ئاوڕ لە مێژووی لە دایک بوونی سیاچەمانە دەدەینەوە، لەناو مێژووی هەوراماندا. محەمەد ئەمین هەورامانی لەلاپەڕە «٤٩»دا دەڵێ: (ئاریان واچەکان) کە بۆ یەکەم جار پێش هەموو شتێک دروست کردنی هەرهۆزێک و کیشوەرێک لە ئاڤێستادا (ڤەندیداد فەرگەردی یەکەم) بە ناوی (ئاهورامەزدا)وە وەها هاتووە، کە ناوچەی «ئاریان= ئاران» پێش هەر ناوچەیێ، یان وڵاتێکی دیکە دروست کراوە، بەڵام ئەم گەلە هەر تەنها، نەناوی (ئاریی=ئێریان ڤاچ= ئاریان واچ= ئاریان واچ)ەوە ناودەبات. بەم کورتە مێژووەی سەرەوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هەورامان زێدزادەی سیاچەمانەیە، چونکە موغەکان، یان ڕابەرانی ئایینی زەردەشتی ئەم ئاماژەیان بە سروودی (گاتەکان) فەرمووە، ئەمەش بەڵگەی بوونی ئەوە دەسەلمێنێ کە هونەری سیاچەمانە، کۆنترین هونەرە لەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەدا. حەمە ئەمین هەورامانی، هەر (لە مێژووی هەوراماندا) لە بارەی سیاچەمانەوە دەفەرموێ: وشەی سیاوچەمانە، وشەیەکی ناساکارە و پێکهاتووە لە چواربەش، یەکەمیان وشەی (سیاو)ە کە بە واتای ڕەش هاتووە، بەشی دووەمی وشەی (جام)ە یان (یامە)، کە بە واتای (کراسی دەرەدامان) هاتووە و بەشی سێیەمیشی، بریتییە، لە (دامان)، کە بە واتای داوێن، قەراغی شۆڕ، یان پایینی پێ هاتووە، ئەوجا پاشبەندی (ە)ی کۆتایی، کە ئامرازێکە بۆ (بەناوکردن) بەکاردێت، ئەمە لە ڕووی زمانەوانییەوە واتای وشەکان نووسەری باسەکە فرە بە جوانی بۆی چووە. دیسان دەڵێ: وشەی ناساکاری، (سیاوچەمانە) باری سواری ئەو وشەیەیە، کە بە واتای (کراسی ڕەشی دەرەدامان) هاتووە، ئەم جۆرە کراسەش، تایبەتی بووە بە پێشەوای ئایینی زەردەشتی سروود بێژەوە، بۆیە بەو ناوەشەوە ناوبراوە، بە تایبەتی سەروکڵاوەی ئایینی ئیسلام، شایانی باسە کە سروودەکانی ناو (کەنیسە) جۆر بەجۆرەکانی مەزهەبەکانی ئایینی مەسیحی (عیسایی) تاڕادەیەکی زۆر ئاوازی جۆرەکانی سیاوچەمانەیان تێدا ڕەنگیان داوەتەوە و لە زۆر ڕووەوە لە ئاوازی فەهلەویان، یان (ئاورا من) دەکەن. من خۆم لەگەڵ بۆچوونی، ئەم

ڕاوبۆچوونەم، بەڵام لە ڕووی زمانەوانییەوە (و)ەکە، کەوتووەتە میانەی هەردوو وشەکەوە، کە یەکێکیان واتای وشەی (سیا)یە کە ئاوەڵناوە. وشەی (چەمان)ەکە ناوە، ئەم ناوەو ئاوەڵناوە، ئەو (واو)ە بەستوونی بەیەکەوە، وشەیەکی لێکدراوی نوێی دروست کردووە. بیروڕاو بۆچوونێکی دیکە لە مێژووی مۆسیقای کوردیدا، کە حەمەی حەمەباقی دەڵێ: هەر لە بواری ئاوازگەلی سرووەدەکانی گاتاو ئایینی زەردەشت- دا بە خۆشییەوە ئەڵێین ئەوەندەی وەک نموونە و شوێنەواری ئەو ئاوازانە، بەشێک بن لە ڕەسەنترین ئاواز و گۆرانی دێرین و زیندوومان. ئاوازی هۆرە و سیاچەمانەیە، شایانی باسە ئەو نامەیە، کە حەمە ئەمین هەورامانی بۆ حەمەی حەمەباقی لەبارەی (سیاوچەمانەوە) ناردوویەتی هەر هەمان بۆچوونی هەورامانییە، بەڵام هەردوو نووسەرەکە باسی بەرزە چڕیان نەکردووە، تەنها فەرموویانە ئاوازی (سیاوچەمانە). هەروەها حەمەی حەمە باقی دەڵێ: ڕەنگە تەمەنی گۆرانی کوردی زۆر لە پێش واژەی گۆرانیشەوە بێت، چونکە پەیڕەوانی (ئەهلی حەق) بەو شیعرە دەبڕگەییانەی خۆیان، کە لە جەمخانەکاندا بە ئامێری تەنبوورەوە ئەیخوێنن، ئەڵێین سروودی یارسان، یان ڕازو ئەوەی کە لە جیاتی سروودیش بەواژەی گۆرانی بەسەریاندا براوە. خەڵکانی دەرەوەی ئەهلی حەق، ئەو ناوانەیان لەو سروود خوێندنانەی ئەهلی حەق ناو ناوە، ئەگینا خۆیان بە پێودانی سروودی گاتاوبە چاولێکەری، لەو کارەی خواپەرستی پەیڕەوانی زەردەشت کاری تێکەڵکردنی شیعر و مۆسیقای خۆیان ناو ناوە سروودی (یارسان)، ئەو پەیڕەوە دینیانە بە ڕای خۆم هەر هەموویان زادە و زێدیان ئایینی زەردەشتییە، ئیدی چ کاکەیی بێت، یان ئەهلی حەق، ئەو سروودانەش هەر ئاوازی بەرزەچڕن، کە ئەو پەیڕەوانە دەیخوێنن چ لە ئاتەشکەدەی زەردەشتی و جەمخانە و بنکەی لالش و...تاد. ئەمەش ئەوەمان بۆ دیاری دەکات کە مۆسیقای کوردی بناغەی ڕەسەنی خۆی هەیە. لە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە «٦٨»دا، مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی دەڵێ: سۆز و مۆرکی ئەوێ وەردەگرێت، ئەوەی گوێی لە سیاچەمانە و گۆرانی چەپڵەی هەورامان بێ، ڕەنگدانەوەی لە ناخی ئەوکەسەدا دەبێت بەو شێوازە حەز دەکات، ئاواز ببیستێ). کەواتە هەر زاراوەیەک یان هەر شێوە دیالێکتێک تایبەتمەندی خۆی هەیە.

هەر شێوە زمانێک مۆرکی خۆی هەیە، بەڵام تەماشا دەکەی ئەوانەی کە لەسەر سیاچەمانەیان نووسیوە، هەر دەڵێن: گۆرانی، گۆرانیش لەسەردەمی پەیدابوونی ئایینی ئیسلامدا پەیدابووە. لێرەدا پرسیارێ دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە کاتێک وشەی گۆرانی لەسەردەمی ئایینی ئیسلامدا پەیدابوو، ئەی بە سیاوچەمانەیان دەگوت چی؟ بێگومان ئەوکاتە بە سیاوچەمانە یان دەگوت؛ ئاوازی بەرزە چڕ. لەسەردەمی زەردەشتی پێغەمبەردا. ڕاوبۆچوونێکی تر کە ئەویش بەڕێز جەلیل عەباسی لە گۆڤاری «ڕامان»ی ژمارە ٤٥دا نووسیوبەتی! سیاچەمانە (٣٧٤٠) ساڵ بەر لەئێستا گیانی بە بەر (گاتا)کانی (زەردەشت)ی پێغەمبەردا کردەوە و پاش (٢٣٢٠) جار چڕینەوە لەژێر تەپ و تۆزی ڕەشەبایەکدا نووقم بوو، کەچی (یووسف ئاسکە)یەک تۆزەکەی سڕییەوە و، وەک گوارەی زێڕین کردییەوە بە بەر نەرمەگوێی مێژووی لەمێژینەی مۆسیقای ئاهوورایی‌دا و پاش ئەویش تەنیا (ئوسمان هەورامی) توانی ببێتە باخەوانی دەست ڕەنگینی ئەو باخە ڕازاوەیە، هەر ئەویش بە وتنەوە و لق و پۆپ لێکردنەوە، لە زیانی نەمان پاراستی و گەیاندییە لووتکە و هەر بۆیەش خەڵاتی (باوکی سیاچەمانە)ی پێ بەخشراوە. کە هەر شیاوی خۆیەتی، چونکە گەر باوکی سیاچەمانە، واتە ئوسمان هەورامی نەبوایە، ئێستا بۆشاییەکی گەورە لە گەنجینەی کەلەپووری کوردیدا ئازاری دەدایین و ئەویش نەمانی- سیاچەمانە- ئەم چریکە ڕەسەنە ئاهوورایییە- بوو هەر بۆیە ئێستاش و تا دواساتی مێژووی مۆسیقاش، وشەی سیاچە، هەر لەگەڵ ناوی (ئوسمان هەورامی)دا، ئاوێتەیە و لێک جیانابێتەوە. ئەم ڕاوبۆچوونەی مامۆستا جەلیل عەباسی ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە.

ئەگەر هونەرمەندی گەورەی هەورامان (ئوسمان، کێمنەیی، هەورامی، گەچێنەیی) نەبوایە ئەوە ئەم ئاوازە بەرزە چڕە، وەک گوڵ سیس ببوو. هەڵبەتە پێشتر سیاچەمانەبێژ هەبوون، بەڵام ناویان ئاوێتەی گڵ بووە. بۆچوونێکی دیکە هەیە ئەویش هونەرمەند ئوسمان هەورامی، کێمنەیی، گەچێنەیی، کە هەرسێکیان نازنازی هونەرمەند ئوسمانن. ئەوەتا لە گۆڤاری ڕامان-ی ژمارە (٤٥)دا دەفەرمووێت: هەروەک دەزانین سیاچەمانە هەر

لەگەڵ ئاڤێستا و سروودەکانی ئاهورامەزدا-دا هاتووە. دەتوانم بڵێم سیاچەمانە بەشێکە لە هۆرە، کە ڕەسەنترین چریکەی ئاهوورایی بێ، ئەم ئاوازە ڕەسەن و دڵبزوێنە، بەرە بەرە هاتووەتە پێش و دواتریش زۆربەی ژن و پیاوە بەزەین و هونەرمەندەکان وتوویانەتەوە، تەنانەت بۆ خۆشیان ئاهەنگیان داهێناوە. هەروەها لە هەمان سەرچاوەدا دەفەرمووێت: بنەماڵەی ئێمە چ ژن و چ پیاو هەموویان دەنگ خۆش بوون و بە سیاچەمانە گۆش کراون. کەوابوو دەبێ زمانیشم، هەر بە گۆرانی کردبێتەوە. هەروەها دایکشم، کە (مریەم خان)ە، زۆرجار سیاچەمانەی چڕیوە، کە ئێستا تەمەنی ۹۸ ساڵە). دیارە ئاووهەوای گوندی کێمنەی ئازیز، زۆر سازگارە بۆ چڕینی ئاوازی بەرزە چڕی سیاچەمانە، نەبوونی هۆکارەکانی دەنگ و ڕەنگ وای کردووە، کە زۆربەی ئاوازدانەر و ئاوازە بەرزە چڕەکان، کە کاتێ کیرۆسینی دەکوژێتەوە، ئا ئاواش زۆربەی هونەرمەندانی چرای ژیانیان بەبێ تۆمار کوژایەوە، هەروەها شێوە دیالێکتی هەورامان، یان شێوەزاری هەورامی ڕاستەوخۆ لە ئاڤێستاوە هاتووە، بۆیە لە هەموو شێوە دیالێکتەکانی دی، زیاتر، ڕەسەنایەتی خۆی پاراستووە. دیارە هەورامانیش ئاوازەکانی سیاچەمانەی وەک بەرهەمی هەزاران ساڵەی خۆی بەزەریفی هێشتووەتەوە و جوغرافیای سیاچەمانە، ئاریان ڤاچەکان ماد و ئاڤێستا و چوارەم هەورامانی دەلال دێننە کایەوە.

بیروبۆچوونێکی دیکە کە ئەویش هونەرمەندی دەنگ خۆش و شمشاڵ ژەن، دەهۆڵ کوت، زوڕناژەن، هونەرمەند [جیهان بەخشی غەفووری] ئەم کاکە (جیهان بەخش)ە، لە گوندی دەرەی مەڕ، سەر بە هەورامانی باشوور لە دایک بووە، لە دایک بووی ساڵی (١٩٣٥) زایینییە لە گۆڤاری ڕامان-ی ژمارە ٦٣ لە بارەی سیاچەمانەوە دەفەرمووێت! سیاچەمانە حیسابی جیایە، ئاوێنەیەکی پاک و بێگەردە ئێمە تیایدا هەناسەی زەردەشت بە ئاسمانی گاتاکانەوە دەبینین. سیاچەمانە مێژووی دێرینی پڕ شانازی هەبوونی خۆمانە، بیرو هزرمان بۆ دەخوێنێتەوە، ڕابردووی پڕ بەختەوەری و ئاستی بەرزی پێشکەوتنی شیعر و هونەری مۆسیقاو زانستی بیرمەندیی گەلەکەمان بە ئاشکرا دەردەخات، بریا دەمتوانی بەشێوەی زانستی لە بارەی ئەم بابەتە بکۆڵمەوە و بیسەلمێنم، بەڵام بەداخەوە ناتوانم، هەر تەنیا پشت بە بیروڕای خۆم و دەلیلە تەقلیدییەکان دەبەستم. ئەگەر ناشتوانم زۆرتری لەسەر بڕۆم. ئەوە مەزنایەتی و قووڵی سیاچەمانە پیشان دەدات. شایانی باسە دایکی ئەم هونەرمەندە، کە ناوی (نازەنین خان)ە، فرە دەنگی خۆش بووە، بەڵام هەروەک ئاماژەم بەوە کرد. نەبوونی تۆمار گڵکۆی هونەرمەندانی هەورامانی نامۆ کردووە، هەروەها ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە هەورامان سەرچاوەی عیشق و ئەوین، ڕێگەی داوە بە ئافرەتان گۆرانی بڵێن، واتە سەربەست بوون، بەڵام سەربەستی ڕاست و دروست بۆچوونێکی دیکە لە گۆڤاری ڕامان-ی ژمارە ٤٧دا کە هونەرمەند (فەتحوڵڵای ئەمینی) دەفەرمووێت: (ئەگەر بە وردی تێفکرین) تێدەگەین مۆسیقای بێگانە بە تەواوی بەسەر هەستی ئێمەدا زاڵ بووە، تارادەیەک شمشاڵمان وەلا ناوە. هونەری هەرە بەرز و مەزنی (سیاچەمانە) فەرامۆش کراوە و ئەو هونەرمەندانەش کە (سیاچەمانە) دەچریکێنن لە ڕێزی تایبەتی خۆیان بێبەش کراون. هەندێ خوا نەناسیش بوونەتە زوڕنای بێگانە و هەر ڕۆژە بۆ بیانوویەک دەگەڕێن، کە هونەری ڕەسەن و هونەرمەندی ڕەسەن سەرکوت بکەن. ئەم بۆچوونە فرە بە جوانی پێکاویەتی، دیارە قەدری زێڕ لەلای زێڕنگەرە.

ئەگەر ئێمەی کوردستانی، لە کوردستانی مەزندا بایەخمان بە هونەری ڕەسەنی خۆمان بدایە، ئێستا لە جیهان بە کوردستانیان دەوت هونەری بەرز و بەنرخی هەیە. هەرچەندە ئەمە لە بناغەدا ڕاستە، بەڵام نەزانینی خۆمان، کەم بایەخدان بەم هونەرە دیارە قافڵەکەمان لەنگ دەبێت. ئالێرەدا پێویست دەکات بەهێنانەوەی ئەو هۆنراوەیەی (مەولەوی)، کە فەرموویەتی:

**وەبازا ڕەوا وەبابگ بێ شەرم**
**مەگێلاو مەوات وەزایلەی گەرم**
**بازارش کەساس ڕای بەندەرش بەند**
**کەس نمەواچۆ سەرمایەش بەچەند**
**مایەم نا ڕەواج دەروونم تەنگەن**
**قافڵەم تاقام قیامەت لەنگەن**

بێ بازاڕی، بێ زایڵەیی، بێ بەندەری، بێ پڕوپاگاندەیی (میدیایی و نەبوونی بیروهۆش)ی

نەتەوەیی، بێ جـــاڕدانی، بێ بـڵاوبوونـەوەی هۆش و هۆشیاری، کەم دەرامەتی وای لە هونەری ڕەسەن کردووە، کە کـەم بایەخی پێ بدرێت، ئەگـەر ئێمـە خۆمـان هەبین، ئەگـەر دەنگمـان یەک بێ، ئەگـەر دەروونمان خـاوێن بێت، ئەگـەر بۆچوونی خـۆمـان یەک خـەین، ئەوە کـاروانی هونەرمان مـایەپووچ نابێت، بگرە دەنگی کـاروان و زرەی زایلەی تەنبووری ئەهلی حەق و ئێزیدییەکان و کاکەیی و یارسـان و زازایی و زەنگنە و ئەردەڵانی و هەورامـانی گیـانی پاکی هونەرمەند شاد دەکەن. ئەوەی کە مەولەوی فەرموویەتی مەگەر تەنیا هەر خۆی ئەوەی فەرموویێت، قافـڵە و بازاڕ کەساس بوون و بێ دەنگی وای کردووە، کـە دەنگی مـەولەوی وا بەو شێـوەیە بەرز بێـتـەوە. ئەو هۆزانە پەنجـەییـانە، ئەو هونەرە ڕەسـەنەی (کنالـەیل)ی سـیـاچەمـانەی (یووسف ئاسکە)ی زیندووکـەرەوەی ئەو سـیـاچەمـانەیە کـە لەلایەن هونەرمـەندان (ئوسـمـان کێمنەیی، جەمیل نەوسوودی، حەمە حسێن کێمنەیی) نرخ و ڕەواجـــێکی تری دەبێت. بۆچوونێکی دیکەی هونەرمەند حەمە حسێن کێمنەیی کە ئەویش لە گۆڤاری رامـان-ی ژمـارە ٤٨دا، دەفەرمووێت! چل سـاڵی تەواوە من گـۆرانی دەڵێم، لە خزمـەتی سـیـاچەمـانەدام، وەک پێشتـر وتم بنەماڵەی ئێـمـە هەموویان گۆرانیـبێژ بوون، هەروەها دەفــەرمـــووێت: (مـــامـــۆســـمـــان بـاوکی سـیـاچەمـانەبێـژانە یان ئاوازی بەرزە چڕانە). هەرچەندە ئوسـمـان هەورامی، حـەمـە حسـێن کـێمنەیی، جـەمـیـل نەوسوودی، جیـهـان بەخش، فەتحوڵڵای ئەمینی، شەفیع کێمنەیی و چەند هونەرمەندێکی دیکە، سیاچەمانەیان چڕیوە، بەڵام ئەو ئاوازە بەرزە چڕانە خــــڕیان تۆمـــــار نەکراون. یان هەندێ لە هونەرمەندە نەمرەکانمان، لە کاتی کـۆچی دواییـانـدا کـەس ناوی نەهێـناون ئەمـەش بە زیانی مۆرکی نەتەوەیی شکاوەتەوە.

لە گـۆڤـاری رامـــان-ی ژمــارە ٥٦دا هونەرمــەندی سـەرکـەوتوو تەوفـیق دزاوەری دەفـەرمـووێت!! (هەمـوو بەزمەکان و بەتایبەتی هەموو سیاچەمانەکان، بەقـووڵی کاریان کردۆتە سەر بیرو زەین و هەژاندوومیانن. زۆرجار گـوێ لە گـۆرانی غـەیری هەورامی دەگـرم، دەبینم لەسـەر بنەمـاکـانی ئێـمـە کـاردەکرێت، واتە بنەڕەتی شـتـەکـە لە ئێمـەوە وەرگیراوە، ئەمـەش مەزنایەتی هونەری ڕەسـەنی ئێـمـە دەگـەیەنێت. لە هەمـان کـاتدا هەندێ لاوی کـەم ئەزمـوونی لای خـۆشـمـان هەن، کـە لاسـایی ئەو لایـەنە دەکــەنەوە کـــە ئامـــاژەم پێ کـــردن، واتە لاســـایی لاساییکەرەکان دەکەنەوە. دەبێ بڵێم، کە ئەوانە لە هونەر شـارەزانین، هیچ بوونێکیـان بەسـەر هونەرەوە نییـە. هونەرمـــەندی ڕاســـتـــەقــینە و داهێنەر بناغـەی تازە گـەریـیـەکـانی لەسـەر سـیـاچەمـانە دادەمـەزرێنێ، ئەگـەر وانەبێ ئەوە لە ڕەسەنایەتی خۆی لای داوە). بۆچوونێکی فـرە جـوانە، چونکە هەر هونەرمـەندێ ڕێچکەی خـۆی ون بکات و پەنا بەرێتە بەر هونەری بێگـانە، ئەوە بێگومـان لە هونەری خۆی نەگەیشتووە. هونەرمەند بناغـە و مۆرکی ڕەسەنایەتی لەسەر زەمینەی خۆی و بوونی ئەو هونەرە کە هی نەتەوەکەیەتی، دەبێت وچان بگرێت، پەنا نەباتە بەر ئەو وڵات و ئەم وڵات، ئەمـــەش ئەوە ناگـــەیەنێ کـــە هونەرمـەند گـوشـەگـیـر بێت، بگرە دەبێت زیاتر بایەخ بە هونـەر بدات و زیـاتـر تێــــبگـات، کــــاروانی هـونـەر گەیشتووەتە کوێ؟

لە گـۆڤـاری ڕامـان-ی ژمـارە (١٠٥) وتارێـک لەسـەر سـیـاچەمـانە لەلایەن نووسـەری پایە بەرز کـاک «ڕەووف مـحـەمـەد پوور) بڵاوکراوەتەوە بەناونیـشـانی (ڕێچکەی عـیـشق و براڤی بوون لە هەرێمی سـیـاچەمـانـەدا) کـە دەفەرمـووێت: سـەرنجم بۆ سـیـاچەمـانە، پێداگری لەسـەر تێکستـەکانە، ئەو سۆز و ئاوازە مـەحشـەر ئەنگێزە، کە هێـزی ژیان و زاووزێ بەرەنگاری وەسف و عـیـشـق، لە وڵاتی وشـە و هەرێمی کـەلیـمـە و بەزمـدا، ئارەقـەی بەرینایی زەین و هزر و هەسـتی مـرۆڤ دەکـاتەوە، هزر، بیر، ئەندێشە بوونی گاتاکانە گیـانی پیرانی هەورامان، پاراستنی دەقی هونەری و ئەدەبی کوردیمان هێنایە کایەی مایەی سۆز و ئەویـنی خاوێن، کەواتە ئەم نووسەرە ڕاستی بۆچووە، ســوار چاکــە لەو مـــەیدانەدا هەر لە هەمـــان سەرچاوەدا دەفەرموێ! (ناوەرۆکی سیاچەمانە لیپە لە هێـمـــا و بـانگەشـەی ژیان و بەردەوامی براڤ لەپێناو مـانەوە و هیـــوا و بوون و عـیـــشق.. ئەگـەر سـەرنجی ناوەرۆکی سـیــاچەمـــانە بدەین دەبینین، کــە بە زۆری تارادەیەکی ئێجگار باڵا لە خزمەت غـەریزەی ژیاندایە و بگرە بە دەگـمـەن ئاوڕ لە غـەریزەی مـەرگ دەدرێتـەوە، کـەواتە ئاوازی بەرزە چڕی هەورامـانی گـیـانی نەریت و ئاوڕدانـەوەیە بۆ پاشـەڕۆژ، وەک واقـیـع ئاڵوگـۆڕ لەگـەڵ دەقەکان دەکات و هەناسەی سارد هەڵناکێشێ بۆ مەرگ،

بگره هیـواو دوارۆژ لـه دەقی سـیـاچەمـانەدایە. دیسـان دەفەرموویت: (سیاچەمانە وەسفی جوانییەکانی مرۆڤ و دەڤەر پێوەندییەکی ڕۆحی عاتیفی لەناخی مرۆڤدا، بوونیات دەنێت و ڕیشەی مرۆڤ بە ناخی کاکی دەڤەردا ڕۆ دەبات، بە باوەڕی من یەک لە هۆکـانی مـانەوەی کـولتـووری هەورامی و هەورامـیـیـەکـان بۆ ئەم تایبەتمەندییەی گۆرانی هەورامی؛ بەتایبەتی سیاچەمانە دەگەڕێتەوە!

**(و لە هەنارەکێ ڕەنگشا کەردۆ سوور**
**میزاجی مدا بەرئاما چنوور)**

بانگەواز و جـاڕدانی بەهارو مـایەی درەوشـانەوەی بوونە، لەنوێ بوونەوەی ژیانی مرۆڤایەتیدا، ئاوازی بەرزە چڕی سـیـاچەمـانەش ئەو عـیـشق و سـۆزەی لە ئامـێـز گرتووە. بوونی دەقی خاوێن و دەستکاری نەکراو گەواهی ئەم بۆچوونانەیە. لە هەمـان سـەرچاوەدا دەفـەرمـوویت: (ئەگەر لای سۆفستاییەکان شەڕ شای هەموو شتەکانە و لای سۆقرات حەقیقەت ، ئەوە لە سیاچەمانەدا عەشق و خۆشەویستی دەبنە باڵا دەست و وەک مەلەکەی گۆرانی و سۆز و پاشایەتی دەکەن):

**(تڵفەکەت گرەوۆ هۆرزە لوەوە**
**مەرحەبایم پەی چێش ژیرش کەرەوە**
**سەر کەلا گیردێ بەرنەشا بازێ**
**تا یاوا بە بۆی ئاواتە وازێ**
**وەشڵەیم پاکوڕەی سەوزەدایە شەن**
**دانیم گۆش جەدەنگ لایە لایە شەن**
**سەوزێ بارش کەرد لواوە ئاوێسەر**
**ئاگادارش بۆ خواکەی بانی سەر**
**هەنگێ نەژیوا بارا ئاوارە**
**تۆشا گەستیێ، پادڵ و بارە)**

ئەگەر تەماشای ئەم دەقە بکەین، کە چەند وشەکانی شیرینە. وەسفی ئافرەتێک دەکات، کە چۆن منداڵەکەی لە کـۆش دەکـات و ژیری دەکـاتەوە؟ چۆن چاوەڕوانی ئازیزەکـەیەتی؟ چۆن شـادبـێـتـەوە؟ چۆن ئاواتی ئەوە دەخـوازی کـە خـۆشـەویـسـتـەکـەی گـوێی لەلایە لایەی منداڵەکەی بێت، ئەم دەقە پڕ بە پێـستی ئاوازی بەرزە فڕی سیاچەمانەیە لە هەمان سەرچاوەدا.

# تەکنیک و ئەزموونی گرافیکی وەلید ستی لە پێشانگایەکی شێوەکاریدا

لە دوای ڕاپەڕینەکەی ١٩٩٠ ناوچەی کوردستانی باشوور جموجۆڵێکی فراونی لە بوارە جیا جیاکانی هونەر و ئەدەب و ... بوارەکانی تری ڕۆشنبیری بە خۆوە بینی و لەنێو ئەم ناوەندە ڕۆشنبیرییانە بەش بەحاڵی خۆم چەند ناوێکی دیار و ناسراوی هونەری شێوەکاری هەبوو، بەڵام لە تاراوگە ژیانیان بەسەر دەبرد و نەم دەناسین و ئاشنایی هونەرەکەشیان نەبووم. یەک لەبەر ئەوەی من لە پاش ڕاپەڕینی ١٩٩٠ هاتمە نێو گۆڕەپانی شێوەکاری و هۆی دووەمیش ئەم کۆمەڵە هونەرمەندانەی لە دەرەوەی کوردستان دەژین لەبەر نەبوونی هەلومەرجێکی ڕەخساو بۆیان و ڕەوشی ئەوسای سیاسی و هەڵوێستی کوردانەیان بەرەو هەندەران ڕۆیشتن و کۆچیان کرد، ئیدی هێدی هێدی ناویانم دەبیست و شارەزای هەندێ لە کارە هونەرییەکانیان بووم. هەندێکیان بە سایەی گەڕانەوەیان بۆ کوردستان و کردنەوەی پێشانگا لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی-دهۆک.... هەندێکیشیان لە ڕێگەی ئامرازی بڵاوکردنەوەی وێنەی تابلۆکانیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا. هەر بەیادی بیستنی پۆستەری کەڤاڵەکانیان لە نێو لاپەڕەی گۆڤارەکاندا، ڕۆژێکیان من و هونەرمەند «حەمید جەمال و ماجید نووری نووسەر» لە بەردەم (چایخانەی مەچکۆ) وەستا بووین، دیاربوو حەمید جەمال پرسی ناوێکی لە ماجید نووری دەکرد وەک پیشەی هەمیشەی گۆڤاری ڕامان زێتر پۆستەری کەڤاڵی هونەرمەندە ناودارە کوردەکانی تاراوگەی نمایش دەکرد و بایەخی پێ دەدا لە دیوی ژوورەوەی لاپەڕەی بەرگی یەکەم


**سۆران ئیسماعیل**



داواکەشی ئەوە بوو بەدوای پۆستەری کەڤاڵی هونەرمەند وەلید ستی بگەڕێن و بۆی بڵاو بکەنەوە هەر بۆ ئەوەی توێژە ڕۆشنبیرەکانی ئەم ناوچەیەش بیناسن، منیش نایشارمەوە لەگەڵ بیستنی ناوی هونەرمەند «وەلید ستی» بۆ یەکەم جار لەسەر زاری حەمید جەمال-ی شێوەکار بیستم و لام ناسرا، زۆر لە مەراقدا بووم لە یەک لە ژمارەکانی داهاتووی گۆڤاری ڕامان چاوم بەکارە هونەرییەکەی هونەرمەند وەلید ستی بکەوێت و لە شێواز و شێوەی ڕەسمکردنی شێوەکارییەکەی بزانم و تێی بگەم، بە دڵنیاییەوە دەڵێم ڕۆژێک لەڕۆژان ئەمجارە چاوەڕوانی ئەوە بووم کەڤاڵەکانی ناوبراو ڕووبەڕوو لەنێو هۆڵێکی پێشانگا بنۆڕم و زێتر وردبمەوە نێو پێکهاتەی ڕەگەزەکانی تابلۆ و لە نزیکەوە و بە تێڕوانینێکی بەرجەستانە شارەزای تەکنیک و کەرەسەی بەکارهێنراوی ببم. ئەوەبوو تا ئەو ڕۆژەی ناوبراو لە دوورەوە دەنگی هەبوو، بەڵام ڕەنگی نەبوو، کۆپی کەڤاڵەکانی هەبوو، بەڵام ئەسڵەکانی نەبوو هەر تا ئەو ڕۆژەی لەنێو گەلەری کوردستانی شاری هەولێر بە هەردووکیان ئاشنا بووم و دوو دیوی یەک ماهییەتم بینی لە حەقیقەتی هونەر.

«هونەر بۆ هونەر» ئەمە فەلسەفەی قوتابخانەی پەرناسییەکان بوو.


«هونەرمەند ڕۆڵەی میللەتەکەیەتی» ئەمەش گوتەی بیکاسۆیە لە نێوان ئەم دوو ڕایە دوو واتای جیاواز دەبینرێ و هەریەکەشیان لەسەر ڕێچکە و ژێدەری خۆی بەڕێوە دەچێت- سەبارەت بە وانەی لە سەر قوتابخانەی هونەر بۆ هونەر کار دەکەن پێوەندیان بە هیچ یاسا و ڕێسایەکی کۆمەڵگا نییە و خۆ بە ئایین و بوارەکانی ئابووری و ڕامیاری نابەستێتەوە تەنیا مەبەستیانە لە پرۆسێسی گەیاندنی کارێکی هونەری بەدیوە جوانییەکەی و ئایدیا مرۆییەکەی گوتارەکەیان بگەیەنن و تەنیا بۆ ئامانج هەوڵ دەن تا داهێنانێکی پوختی هونەری لێبکەوێتەوە. لەلایەکی دیکەش ئەوەی بیکاسۆ باسی لێوە دەکات هونەری هونەرمەند بۆ کولتوور و لایەنە کۆمەڵایەتی و ژینگەی دەوروبەرەکەی دەبەستێتەوە و هونەرمەند کاتێک بیری بۆ بابەتێکی هونەری دەچێت تێکهەڵکێشی کێشە و بیرەوەرییەکانی لایەنی دەروونی ناخ و دەرەکییەکانی کۆمەڵگایەکەی دەبێتەوە بە مانا هونەرییەکەی. لە نێوەندی ئەم دوو باسەدا و تێکهەڵکێش بە یەکتر لە دۆزینەوەی شێوازێکی تایبەتمەند بەکارکردنی هونەریانەی هونەر فەلسەفەیەکی تایبەت بەتێڕوانینی هونەرمەند وەلید ستی دەسازێ لە بارەی زمانی هونەری شێوەکاری-ئەمەش بە هونەر گەیاندنی کولتوورەکەیەتی بەشێوەیەکی هونەری مۆدێرن. کە دەکرێت هەر کەسێ لە مرۆڤی ئەم سەردەمە خۆی لە نێو فەلسەفەیەکی دیاریکراوی هەڵبژاردەی بابەتەکەی بدۆزێتەوە و ببێتە یەکێک لەو کاراکتەرە فیگەرەی کە بە ئادەمیزاد بەخشیوە شەکەت و ماندوو کە بە دەستی زەمان داخ کراون و دەناڵێنن. ئەگەر بێتوو بابەت وەک زادەی عەقڵانییەت بڕەوێتە نێو کەڤاڵەکانی هونەرمەند «وەلید ستی» ئەوا ئەو دەمە هەموو ئاماژەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ناوبراو زێتر بەرکەوتی واقیع دەبێت و ڕاستەوخۆ دەرک بە بابەتە زەقەکان دەکات و کەمتر ئاوێزانی وەهمی هەستەکانییەتی و بەڵکو لەنێو ئەفسانەیەکی زۆر واقیعانە خەملێندراوە، ئەو ئەندێشە و خەیاڵانەی کە بەسەر دیاردەکانی دەوروبەر هەیەتی ناهێڵێت بگاتە سەرووی واقیع و میتافیزیقەت مامەڵە لەگەڵ فەلسەفەی چەمک و موفرەداتی شکڵەکان ناکات، بەڵکو من زێتر لە هونەرێکی «ئێکسپێرشنیزمی-ڕیالیزم» دەبینم-واتا لە





بارەی تەرحی بابەتەکانی لە شێوازی گوزارەیەکی واقیعبینیانە ئەنجامی داون. هەروەها لە ڕووی شێوازنامەی هونەرمەند لە یەک میتۆدۆی کارە هونەرییەکاندا دووبارەکردنەوەی بەکارهێنانی فۆرمیولای بەرد هەر جارەی بە کوژمێکی جوولێنراو و تەرحێک دەبیستریّ لە چەند فۆرمێکی فرە ئاراستەییدا بێجگە لەمەش بە ئەبستراکتیکردنی ئادەمیزاد لە بەرگەکەی و دیکۆرێشنەکەی و نیشاندانی لە ئەنەتۆمییەکی ڕووت و بەشداری پێکردنی لەگەڵ فیگەرەکانی بەرد بۆ خۆی ئیزافەیەکی تری ناسینەوەی شێوازی کارکردنی هونەرمەند (وەلید ستی)ی نیشان دەدات لەنێو تێکڕای هەریەک لە تابلۆکانی نێو پێشانگاکە ئەگەر بمانەوێت پیاسەیەک بەنێو قاوشی هۆڵەکەدا بکەین و لەبەردەم سووچێکی هۆڵەکە بوەستین بەرامبەر پەیکەرێک لە شێوەی ئەندازەی هەرەمی دامەزراو شرۆڤەی بیرۆکەی هونەرەکە بکەین دوای ئەوە لەتەک کارەکە لەبان دیوارەکە ئەوە بخوێنیتەوە کە دەڵێ: ئەو کەسەی حەز بکات دەتوانێت بەردێک بۆ خۆی ببات، ئەمەیش دوای ئەو تەعبیرە دێت کە لە پرۆسەی ئەو کارە ئینستە لێشنەی ناونراوە «چاڤێ تە لێ بێت»- بێگومان ئەم پرۆسە فیکرییەی وەلید ستی زۆر مانا و ئامانج لە خۆ دەگرێ، پوختەی ئەنجامگەیاندنی پەیکەرەکەی پێکهاتەی ژمارەیەکی زۆر لە بەرد بە ڕێژەی (٥٠٠) دانە دەبێت بە جۆرێک چاککراون کەقەبارەی ٥×٦×٩ سم دروست کراون، ڕەنگی کوتلەی بەردەکان سپی دەردەکەون بەرگێکی نایلۆن لەسەر هەڵکێشراوە و لەسەر ڕووکەشی بەردەکە چەند ژمارەیەک نووسراون کە ئەمانەش لای هونەرمەند وەلید ستی هێمایەکن بۆ نیشتەجێبوون و هەروا واژەی خۆی لەسەر لێداون و دیارە بەم کردارە نووسینەشی لەسەر ڕووکەشی بەردە سپییەکان جۆرە جووڵەیەکی نەرمی هارمۆنی بەخشیوە بە ڕەقێتی بەردەکە و جگە لەو مەبەستەش کە لای هونەرمەند پشتە و ڕاست کراوەتەوە بە هۆی پێدانی نووسراوە هێماکانی سەری. با بێینەوە سەر باسی مەسەلەی «چاوت لێ بێت» و «ئەو کەسەی حەز بکات بەردێک هەڵبگرێ» لێرەدا نهێنی وردەکاری لە ئامانجی سەرەکی هونەرمەند لەوەوە سەر هەڵدەدات کەوا ناوبراو داوا لە بینەر و هەڵسوکەوتی جەماوەری نێو پێشانگا دەکات کە ئەوەی بەرچاویان پرۆژەیەکی هونەرییە پێ بزانن جیاواز لە بواری (موکەعەبات) ئەمە ئەو خانوو و تەلار و کەلاوە نییە بە هەوەسی خۆتان تێکی دەن و بیرمێنن، هونەرمەند هەوڵ دەدات لە ڕێگەی ڕێکخستنی نیزامی یاسایی هونەرێتی پەیکەری ئەم بناغەیە پێک بهێنێت و هەر بە سایەی یاسایەکی جوانناسانەی هونەرییەوە بڵێ بۆت هەیە تەنیا

دەکـات لەجێ کـردنەوە و پاراسـتنی قـوتاری دەبێت و بارسووکـییـەک بۆ کـێشـەی جێ کـردنەوەی  کـارەکـانی دەکات. ئەوەی دەمـێنێتـەوە تەنیا جێماوەی یادەوەرییە هونەرەکەیەتی هەم لە نێو فەزای ئەم هۆڵە و هەم لە زەینی بینەران. بە مـانایەکی دی ئاسـان گـەیاندنی مـەبەسـتی ئامانجی هونەرمەند ئەوەیە، پەیکەرێک لە ماتریالییەتی فـۆرمی بەرد لە شکڵـیـەتی هەڕەم پێک بهـێنێت و بە شێوەیەکی بەرجەستەیی بەردەست تێڕوانینی چاوی بینەر بکات و پاشـانیش مـوجـەردی بکات لەو پێـچـوونەی پێشـتری خۆی، لە ڕێگەی بوونی بەڵگەیی هەر بەردێک لای جەماوەر سەر لەنوێ لە نێو خەیاڵیان بە پرۆسەیەکی گـواستنەوەی فـیـزیکیـیـەتی کـەرەسـتـەی ئەبسـتـراکت بۆ فیزیکییەتی کەرەسـتەی واقیعی ئەم پەیکەرە هەرەمییە سەر لەنوێ دروست دەکـاتەوە. سـەبارەت بە خـاسـیـەتی تەکنەلۆژیای بەرد جۆرە فـیزیکـیـەتێکی جیـۆلۆجی خۆی هەیە و جـیـاواز لە خـاسـیـەتی تەکنەلۆژیای جـام و چوار چێـوەی شـووشـەی پارێزراوی سـەر تابلۆکـانی ئایا ئەم بە بەرگ خستنی سەر کەرەستە ماتریالییە تابلۆکانی دەبێت هیچ کـاریگەرییەک بەسەر بڕینی تێڕوانینی بینەر بۆ سەر ناوەرۆکی بابەتی کـەڤـاڵەکـان کـاردانەوەی نەبێت و ئەم دوو بەرە لەگـەڵ یەک دەسـازێن. ؟ ئاشکرایە چاککردن و دروست کردنی ئەم تابلۆیانەی هونەرمەند لە دەرەوە ئەنجام دراون و پاشـان لەبەر ئاسـان کـاری گـواسـتنەوەی بۆ کوردستان بە تەکنیکێکی سادەی ماتریاڵ ئەنجامی داون، بەڵام لێرە پرسیارێک دێتە ئاراوە ئایا  پەیامی هونەرمەند وەلیـد سـتی کـە لەو فـەلسـەفـە و فـیکرەی بەردانە سەرچاوەی گرتووە نەدەکرا هونەرمەند بیخاتە ژێر ڕکێفی پرۆسەگـەراییـەکی زەخمی-مـاتریالییـەت و ڕاسـتەوخۆ مـامەڵەی لەگەڵ فۆرمەڵەکردنی شکڵیەت و ڕەسەنایەتی بـەرد بکـردایە و بـە تەکـنیـکێـکی چڕ و پڕتـری بابـەت بنووسـیـایە ئەو کـاتە بە گـوێرەی مـەبەسـتی خـۆی هەڵسـوکەوتی لەگەڵدا بکردایە، ئەگەر چی ئەوە ڕایەکی کەسی خۆمە وەک پێشنیارێک دەخەمە بەردەم کارەکانی هونەرمەند «وەلید ستی».

هەر لەگـەڵ پرسـیـار کـردنی خـۆمم ئایا دەکـرێ بڵـێین شێوازی کارکردنی هونەرمەند هەر بەم شێوە بریتییە لە بەکـارهێنانی کـەرەسـتـەی مـاتریاڵی و تەکنیکی سـادە گـوزارە کـردنێکی بەهێـز و پڕ واتا لە ڕواتی فـیگـەرەکـان








پاچەیەک لە پێکهـاتەی جـوانی ئەم پەیکەرە ببـەیت و بەشـدار بیت لە شـێـوەیەکی تری پێکهـێنانی پەیکەری جـوانی و ئاوەدانی جـێنیـشـتـەی ئەویش هەر لە ڕێگەی هونەرەوە. لەمـەوە نزیک ئەو قـەناعـەتەی هونەرمـەند دەبینەوە کـــە لە ڕێگای ئەم کـــرداره دوو بەرژەوەندی هاوبەش کـراو لە نێـوان خـۆی و بینەران دەسـازێنێ. یەکەمیـان بیرەوەری هونەری خۆی لە ڕێگەی ئەم بەردانە بە دیاری دەبەخشێتە بەرامبەرەکەی و نرخ و بەهایەک بۆ هونەرەکەی جێ دێڵێت.

دووەم: ئەم پاشـمـاوە زۆرەی بەردانە لە خـۆی ڕزگـار

یانیش هۆکەی تەنیا ئاسانکاری و سانایی لە ڕێگای گواستنەوەی تابلۆکانیەتی بۆ هەر شوێنێک مەبەستی بوو‌بێت بۆ کردنەوەی پێشانگا. جارێکی تریش دێمەوە سەر باسی وردەکاری لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردن لەو شەش کەڤالانەی لێک نزیک دانرابوون لە ڕووی قەبارە و مانا و تەکنیک و کەرەستەی شێوازی کارکردنی زێتر هاوشێوەی یەکترن بەراورد لەگەڵ کەڤالەکانی تر، هەروا لە ڕێگای چەند قۆناغێکەوە تەواوکەری یەکترن و دوو فیگەر فەزای تابلۆی تەواو پڕ کردووە هەرجارەو لە جووڵە وەزعییەتێک ڕوانگەی بینگەی ڕوانین دەرەخسێنێ. لە نەخشەیەکی هێڵکاری و بەکارهێنانی کەرەستەی وەک بۆیەی ئەکریلک و بە شێوازی چەندین ساڵەی ئەزموونی گرافیک ئەنجامی داوە. لەسەر کاغەزی ئارت پێیپەر کە لای ئێمە بە وەرەقەی (زەرف) وەسف دەکرێ. ئەگەر ئەو کۆمەڵە تابلۆیانە بێتو وەک بابەت بە قووڵای مانا لێک بدەینەوە، ئەوا گۆمی گوزارە لە دیوی فۆرم و ناوەرۆک دەبینرێ. لە دیوی دەرەوە یەک فیگەری ئادەمیزاد و یەک فیگەری بەرد لە هەر شەش دانە تابلۆکان لە ڕووی ڕووخسار و شکڵ و تەشریحی فیگەرەکان هەمان دارشتن لە شێوە، تەنیا وەزعییەتی جووڵەکانیان نەبێت، بارهەڵگری بەردەکە بە پێی توانای خۆی خستوویەتیە باوەشی و ئاستێکی یەکسانی پێداوە دەمێک لەسەر شانیەتی و دەمێک لەسەر پشتیەتی و بە لاتەنیشتیش ڕایگرتووە، ئیدی لێرە بەخشینی مانا فەرزی سەر بەردێکی بێ گیان و ستیل دەبێت و کەمتر مانا لە ئادەمیزادێکی گیانلەبەر دەبینرێ. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ئایا بەرد کۆیلەی ئادەمیزادە یان ئادەمیزاد بووەتە کۆیلەی. یانیش دەکرێ نزیک فەلسەفەکەی سیزیف ببینەوە و لەسەر تاکی کورد پەیڕەوی بکەین، ئیدی لێکچوونێکی زۆر لەم فەلسەفەی کارانەی هونەرمەند (وەلیدستی) لەگەڵ فەلسەفەی «سیزیف» دێنە یەک ڕێی، پێدەچێت ئادەمیزادی ئەم سەردەمە بە تایبەت مرۆڤی کورد هەمیشە لە هەوڵ و تێکۆشاندایە بێ وچان ڕەنجی بەبا دەچێت. کێشەکان لەبار قورسییەکی زۆر گراندان وەک قورسی ئەم بەردانە بەسەر شانی مرۆڤەوەیە و هەوڵی دەرباز بوونی دەدات، بەڵام دواجار دێیتەوە سەر هەمان بارودۆخ و ڕۆژانە ئەم کردارە دووبارە دەبێتەوە.

# بەکارهێنانی فلتەرات



کە کـامـیـرای تاک هاوێنەی ڕفلیکسی دیجـیـتـاڵی بەکاردێنی، ئایا پێویـسـتیت بە بەکارهێنانی فلتـەرات دەبێت؟ لە ڕاسـتـیدا لەکامـیرای دیجـیـتالیـدا فلتـەرات هێندە گرینگی نییە پێویست بەو زیادە خەرجییە ناکات، هۆبەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی فلتەراتی تایبەتی لەناو کۆمپیوتەرەکەت لە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ (photo-shop)، بەهۆی ئەم پرۆگـرامـەشـەوە دەتوانی دەیان فلتـەری جـۆراوجـۆر بەکـاربێنی، ئەگـەرچی هەمـوو فلتـەراتەکـانی تێدانییـە، بەڵام ڕۆڵی زۆربەیان دەبینێ. ئەگەر فلتـەری ڕاسـتـەخۆ بەکارنەهێنی، دەبێ مـاوەیەکی زۆر لەسەر کۆمپیوتەرەکەت تەرخان بکەی بۆ بەکارهێنانی ئەو فلتـەرانەی کـە لەناو پرۆگـرامـەکـەدا هەن، (WB) وایت بەلانسی کـامـیراکـەت ڕۆڵـێکی گرینگ دەبینێ لە ڕاست کـردنەوەی ڕەنگەکـان و جـێی چەندین فلتـەر دەگرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستیت بە چەند فلتەرێکی تایبەتی دەبێت، دەبێ بزانی چ جـۆرە مـارکـەیەک بەکـاردێنی، بەزۆری فلتەری (CoKin) یان (Lee) ئەم دوو جۆرە سیستەمە لەگەڵ کامیرای دیجیتاڵی دەگونجێن. فلتەری پۆلەرایز و جووتێک فلتـەری (ND) یەکـێکیـان جۆری گرادیشـن بێت، واتە پلە پلەیی بێت، ئەوی تریان تێکڕا نیوترال دێنستی بێت.

**فلتەری پۆلەرایز Polariser Filter:**

ئەم جـۆرە فلتـەرە تەمـومـژی کـەشـەکـە لا دەبات و

**فارس سەعدی**



ڕەنگەکـــــان بەڕەونەق دەردەخـــــات، تیشکدانەوەی ئاو و شەپۆلەکان لادەبات. لە هەمان کاتدا ئاسمانی شین ئەگەر کاڵتر بێت بۆتی تۆخ و تاریک دەکــات، بەڵام دەبێ بە وریایی بەکاری بێنی، ئەگینا زۆر تۆخ بێت شینێکی ناشیـرین دەردەچێت. لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆر ڕووناکییەکە دەمژێت دەبێ وابکەی شـــەتەر و دایافــــرام بەجــــۆرێک بەکـــاربێنی تووشی دەست لەرزین نەبیت، ئەگینا دەبێ ستاند، واتە سێ پا بۆ ئەم جۆرە حاڵەتانە بەکاربێنی.

**فلتەری نیوتراڵ دێنستی ND:**

ئەم جـۆرە فلتــەرە ســودی ئەوەی هەیە دەتوانی خێـرایی شەتەرەکە کەم کەیتەوە بۆ هەندێ گرتەی تایبەتی، بۆ نموونە لێڵ کردنی ئاو، بەتایبەتی ئاوی تاڤگەو قەڵبەزەکان، خەسڵەتی ئەم فلتــەرە ئەوەیە ڕووناکی زۆرکــەم دەکــاتەوە بێ ئەوەی ڕەنگی بابەتەکەت بگۆڕێ.

**فلتەری گرێد نیوتراڵ دێنستی ND Grad:**

زۆرجار کە وێنەی دیمەنی سروشتی دەگری، دەبینی ئاسمانەکە زۆر کاڵەو مەیلەو سپی دەچێتەوە، لە هەمان کاتدا زەمینەکە تۆخە، بۆ ئەو جیاوازییە زۆرەی نێوان ئاسمان و ڕێسمان، ئەوە ئەم جۆرە فلتەرە بەکاربێنەو گرفتەکەت بۆ چارەسەر دەکات.

**بۆچی ئەم دوو جۆرە فلتەرە؟**

لە ڕاستیدا دەتوانی فلتەرەکانی تریش بەکاربێنی، بەڵام ئاکامەکەی باش نابێت، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ناو کـامیرای دیجیتاڵی پرۆگرامی (WB) وایت بەڵانس هەیە کە ڕەنگی فلتەرەکانی دەگۆڕێ، بە شێوازێکی وا کە وەک وێنەی سروشتی لێ بکات، واتە کاریگەری فلتەرەکە پووچەڵ دەکاتەوە، بەڵام فلتەرەکانی (ND) و پۆلەڕایز، چونکە کـار لە ڕەنگەکـان ناکـەن، بۆیە ڕۆڵی خۆیان بە چاکی دەبینن.


لـە لایـەکـی تـرەوە فـلتـــــــــەری سکـای لایـت و ئەڵتراڤـایۆلێت (UV) دەتوانرێ بە بەردەوامی بیـان بەستی بە هاوێنەی کامیراکەتەوە، ئەمانیش کاریکەری خۆیان دەبینن، چونکە تەمومژی دیمەنەکە لادەبەن و شینی سێـبـەر و سـەر بەفـر کـەم دەکـەنەوە، بۆیە وێنەکـە بە سروشتی دەردەکەون.

لە کـامـیـرای دیجـیـتـاڵی هەندێ مۆدێلیـان هەیە کە دەتوانی وێنەی ڕەش و سپی پێ بگری، ئەگەر بەم جۆرە شێوازە وێنەی ڕەش و سپـیت بە کـامـیراکـە گـرت، ئەوا بواری ئەوەت دەداتێ کەوا هەندێ فلتـەری ڕەنگاوڕەنگ بەکاربێنی وەک فلتەری زەرد و نارنجی و سوور کە ئەمانە زۆر کاریگەرن بۆ دیمەنی سروشتی کە هەور بە ئاسمانەوە بێت، بتەوێ پەڵە هەورەکان لە ئاسمانەکە جیا بکەیتەوە زەردەکـە هەندێ ئاسـمـانەکـە تاریک دەکـات، واتە تۆخی دەکـــات و بێ ئەوەی کـــار لە هەورەکــە بکات، بەڵکو هەورەکە بە جوانی دەردەکەوێ، بەڵام نارنجی ئاسمانەکە نیـمـچە ڕەش دەکات، واتە خۆڵەمێشییەکی تۆخ دەکات بێ ئەوەی کـار لە پەڵە هەورەکـان بکات، بەڵام فلتـەری سـوور ئەوا ئاسـمـانەکـە بە تەواوی ڕەش دەکـات و پەڵە هەورەکـانی بە جـوانی دەردەکـەون، فلتـەری سـەوزیش بۆ لابردنی ماک و پەڵەی سەر پێستی دەموچاو باشە، ئەگەر بابەتەکەت پۆرترێت بوو. لێرەدا (WB) وایت بـەڵانس دەور نابینێ، بەڵکو بۆ ڕەنگەکان ڕۆڵ دەبینێ.

# ڕێگا و بان

سابیر ڕەشید

بێگومان وەرگێڕانی چاک ئەوەیە کە خوێنەر بەرهەمەکە دەخوێنێتەوە وا هەست دەکات بە زمانی بێگانە نەنووسراوە، بەڵکو خوێنەر ئەگەر ناوی نووسەرەکە و ناوی پاڵەوانی چیرۆکەکە ئەگەر چیرۆک و رۆمان بێت لەگەڵ ناوی شوێنەکان ئەگەر لا ببردرێن، یان خوێنەرەکە لە زەینی خۆیدا بیانکات بە ناوی کوردی ئەوا هەست بەوە بکات بەرهەمێکی کوردی خۆماڵی دەخوێنێتەوە نەک وەرگێڕدراو ئەمەش بەندە بە توانا و سەلیقەی وەرگێڕەکە، کە تا چەندە دەسەڵاتی بەسەر هەردوو زمانی ئەوەی کە لێی وەرگێڕاوە و لەگەڵ زمانی کوردی کە بابەتەکەی بۆ وەرگێڕدراوە، ئاخۆ چۆن دەتوانێ ئەم کەشوهەوا و جوانکاری و مەبەست و جیهانبینی دەقەکە بگوازێتەوە بە زمانێکی سادە و ساکار و ڕەوان نەک پڕ لە گرێ و دروستکراو، بۆ ئەوەی بە جوانی بیخاتە ناو دڵ و دەروونی خوێنەری کورد زمان. من بۆ خۆم زۆر چێژ لە وەرگێڕانەکانی مامۆستایان: (شوکر مستەفا) و (د.عەزیز گەردی) و (عەبدوڵڵا حەسەن زادە) و (د.عەبدوڵڵا پەشێو) و (غەریب پشدەری) و چەندانی دیکەش وەردەگرم، دیارە (نەژاد عەزیز سورمێ) یش یەکێکە لەو کەسانەی کە لە وەرگێڕاندا کوردییەکەی جوان و پاک و ڕەوانە هەر بۆیەش لە ساڵی ١٩٨٣ کاتێ چاپی یەکەمی کۆمەڵە چیرۆکی (ڕێگا و بان) دەرچوو بەتایبەتیش کە چیرۆکنووسەکەی بولگاری بوو زۆر بە شەوقەوە خوێندمەوە، ئەمیش هەم لەبەر ئەوەی دەمویست لە ڕێگای ئەم کۆمەڵە چیرۆکەوە ئاگاداری چیرۆکی نوێی بولگاری بم بە تایبەتی کە کەشوهەوای ئەوان لەگەڵ کورد لێک نزیکن و کوردیە ڕەوانەکەی وەرگێڕیش ئەوەندەی دیکە هانی خوێندنەوەی دام، ئەوکات هەستم بەوە دەکرد کە ئەگەر ناوی نووسەرە بیانییەکە لەسەر بەرگی کتێبەکە لابدرێ لەگەڵ ناوی شوێنەکان ئەوا بێگومان وەک چیرۆکی سەرکەوتووی کوردی دێنە بەر چاو.



ئەمجارەش کە چاپی دووەمی دەرچوو جارێکی دیکە بە تاسەوە خوێندمەوە .. بە ڕاستی کەم کتێبی واهەیە من جاری دووەم بیخوێنمەوە، چونکە حەز دەکەم ئەوەی نەمخوێندۆتەوە بیخوێنمەوە، بەڵام چاپە جوان و وەرگێڕانە جوان و ڕەوانەکە و ئەو کوردیە بە سەلیقەی وەرگێڕی بە توانا خستمیەوە ناو بازنەی خوێندنەوەیەکی دیکە و هەستم بەوە کرد کە دنیای چیرۆکەکان و کەشوهەوا و ناوەرۆکەکەی لەگەڵ ئێمەی کورد نامۆ نییە و ئەگەر خوێنەر ئەوەی لە بیر بچێتەوە کە چیرۆکی وەرگێڕدراو دەخوێنێتەوە چیرۆکەکان دەیان وێنە و ڕووداو و کارەسات و دیمەنی وەک ناو دنیای ئەم کۆمەڵە چیرۆکە لە هاوشێوەی لای خۆمان دەخەنە ناو زەینی خوێنەری کورد، بەڵام هەر زوو کە چاوێک بە بەرگی کتێبەکەدا دەخشێنیتەوە ئەوسا وەبیری دێتەوە کە ئەوە خەریکی خوێندنەوەی کۆمەڵە چیرۆکی (نیکۆلای خایتۆف)ی بولگارییە. چیرۆکنووس لە چیرۆکی


یەکەمیدا کە بە ناونیشانی (کاتیرین)ە کە خۆشی ناوی سەگێکە چیرۆکبێژ باسی ئازایەتی و جەربەزەیی سەگێک دەکات کە خاوەنەکەی مام (باچۆلا) وای ڕاهێنابوو کە ڕاوی گورگان بکات، بەڵام خاوەنەکەی تێری نەدەکرد تا وایلێهات لە گەڵ گورگەکان ڕێککەوتبوو هەر ئەوان نێچیرێکی مام باچۆلایان وەبەر دەست دەکەوت ئەو ڕاوی دەنان، بەڵام لەدواوە بەشی ئەویشیان دەوێ و خاوەن ماڵیش ڕەنج بەخەسار تا ناچار دەبێ تۆڵەی لێ بکاتەوە و دەیکوژێ دوایی سەگێکی دیکە بە خێو دەکات، بەڵام ئەمجارە تۆبەی دەکات و خواردنی زۆر دەداتێ، بەڵام دیسان ئەمجارەش لەبەر زۆر خواردن قەڵەو دەبێ و ناتوانێ ڕاوی گورگان بکات. بۆیە سەری لێ دەسوڕمێ تێری ناکات ئەوا لە گەڵ گورگان دەبێتە دەستە برا، تێریشی ناکەی ئەوا ڕاوی گورگانی پێ ناکرێ.. ئەوجار لەمەودوا بڕیار دەدات کە خواردنی بداتێ، بەڵام زۆر بەئاگادارییەوە.

لە چیرۆکی (ڕۆژگاری پیاوان)دا چیرۆکەکە بە زاری چیرۆکبێژ ڕووداوە تراژیدی و کۆمیدیا ئامێزانە دەگێڕێتەوە کاتێ کە پاڵەوانی چیرۆکەکە باس لە سەرکێشی خۆی دەکا وەک چۆن پیشەی ئەوە بووە بە پارە هەموو شتێک بکات تەنانەت کاری پیاو کوژی و چەقاوەسوویی چونکە کاری وی ڕفاندنی ئافرەتان بووە بەرامبەر مستێک پارە، لە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەی ناو چیرۆکەکەدا کوڕێک حەز لە کچێک دەکات، لەگەڵ پاڵەوانی چیرۆکەکەدا ڕێکدەکەوێ کە بۆی بڕفێنێ بەم جۆرە خۆی لێ دادەنووسێن و دەیڕفێنن و هەرچەندەش براکەی لەگەڵیدا دەبێ و لەسەری بەجواب دێت، بەڵام ئەوان بەناو زاوا چوارکەس دەرهەقیان نایێ دوایی براکەی جێ دەمێنێ و ئەوان بەرەو شارێکی دیکە بەناو قەراغ شار و دارستانان دەیڕفێنن، دواییش براکەی لە دەم ڕووبارێک دەیانبینێتەوە، بەڵام بە هەڕەشەی تفەنگیش لێی ناسێنرێتەوە، کابرای پیاو کوژەکە کە بەدەستێک خەنجەر و بە دەستێک دەمانچەی لە مشتە دەیگرێ و هەڕەشەی ئەوەی لێدەکا ئەگەر نەگەڕێتەوە کچە واتە خوشکەکەی فڕێ دەدەنە ناو ڕووبار کابراش دۆش دادەمێنێ، ناچار وازیان لێدێنێ و سەرەنجام کچە دەبەن و لای شێخ مارەی دەکەن ئینجا دوای چوار پێنج مانگان کابرای چەقاوەسوو. زاوای ڕازی دەکات کە ئەو ئافرەتە کەللەڕەقە تەلاق بدات و بەرامبەر بە هەندێک پارە ئافرەتێکی نەرم و نیانی بۆ بێنێ و لەگەڵیدا بگونجێ چونکە دیارە لەوەتەی ئەو کچانی ڕفاندووە قەت کەللەڕەقی وای نەدیوە ئەگەر چی بە ئازایەتییەکەشی سەرسامە، ئەوجا کچێکی دیکە بە ئاسانی دەڕفێنێ و بە نەرمی دەیداتە دەست زاوای گۆرین..

ئەم چیرۆکە کە ئەگەر چی بە شێوەیەکی ساکار گێڕدراوەتەوە، بەڵام دیارە ئەمە بەدەردەخات کە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ئێمەش جاران بە دەست ئەم نەریتانەوە ناڵاندوومانە دیارە کۆمەڵگای بولگاریش هاوشێوەی کۆمەڵگای ئێمە بووە بۆیە ئەم ڕووداوانە بۆ ڕۆژگاری جاران چەشنی هەقایەتی بەر ئاگردان بەتام و لەزەت بووینە.، بەڵام ئەمڕۆ ئەم ڕووداوانە ڕوو لەکزین چ لای کۆمەڵگاکانی دیکە و چیش لای کۆمەڵگای کوردەواری خۆمان . دیارە لەم کۆمەڵە چیرۆکەشدا چەندان ڕووداو و بەسەرهاتی جیا لەو بەسەرهات و گێڕانەوەی سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشن کە زۆربەیان لەگەڵ داب و نەریتی ئێمە هاوشێوەن، بەڵام لە هەمووی خۆشتر ئەوەیە ئەگەر چی شێوازی نووسەر لە هەموو چیرۆکەکاندا دەناسرێتەوە و بە زمانێکی ساکار و ڕەوانیش ڕووداوی چیرۆکەکەی گێڕاوەتەوە، بەڵام دیارە هەر یەکەیان بە تەکنیک و بیرۆکەی جیا جیا لە ناو جەرگەی کۆمەڵگەی بولگاریدا هەڵقولاون کە هەروەک پێشتریش وتم ئەگەر ناوی نووسەر و شوێنەکان هەڵبگرین وا هەست دەکەی چیرۆکی کوردی دەخوێنیتەوە. دیارە چیرۆکەکانی دیکەش هاوشێوەی ئەم چیرۆکانە تام و چێژ و سەلیقە بە خوێنەر دەدەن، بەڵام ناکرێ ئێمە لەم خستنە ڕووەدا هەموویان باس بکەین، یان بیرۆکەی هەموو چیرۆکەکان بۆ خوێنەر بگوازینەوە با خوێنەری زیرەکی ئێمە بە دوای سەرچاوە سەرەکییەکەدا بگەڕێ کە کتێبە وەرگێڕدراوەکەی (نەژاد عەزیز سورمێ) شایەنی خوێندنەوەیە. دیارە هەر لەگەڵ ئەم کورتە چیرۆکانە وەرگێڕ شانۆنامەی (قایخێک لە دارستاندا)ی هەمان نووسەری لەگەڵ ئەم کۆمەڵە چیرۆکە وەرگێڕاوە و لە کۆتایی کتێبەکە خستوویەتیە پاڵ ئەوان کە ئەمیش شانۆ نامەیەکی جوانە و بیرۆکەیەکی مرۆڤایەتی بەهێزی هەیە و دەتوانرێ هەم بخوێنرێتەوە و هەمیش لەسەر شانۆدا نمایش بکرێت تەنیا پێویستی بە دەرهێنەرێکی زیرەک و بەتوانا هەیە.. بۆیە لە کۆتاییدا دەستخۆشی لە برای وەرگێڕ دەکەین و هیوادارین کە لەپاڵ ئەرکە ڕۆژنامەنووسی و شاعیریەتی خۆی لە وەرگێڕانی بەرهەمی چیرۆک و ڕۆمانی سەرکەوتووی دنیا بێبەشمان نەکات بە تایبەتی کەبرای نووسەرمان بەو کوردییە جوانەی دەتوانێ کتێبخانەی کوردی بە شاکاری جیهانی وەرگێڕدراوی هاوشانی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی (نیکۆلای خایتۆف) دەوڵەمەند بکات، چونکە دیارە بەرهەمی دیکەشی هەیە چ لە زمانی فارسی و چ لە زمانی عەرەبی، دیارە هەر میللەتێکیش ئەگەر بیەوێ پێش بکەوێ دەبێ پێش هەموو شتێک کتێبخانەی وەرگێڕدراوی دەوڵەمەند بێت، یان خاوەن فەرهەنگێکی گەورەی وەرگێڕان بێت وەک میللەتانی پێشکەتووی دنیا.

# کاتێ نیچە گریا

**هاشم سەڕاج**




[ئیرڤین دی. یالۆم]ی ڕۆماننووس ویستوویەتی تێکستێک هەڵبدا هەڵگری پانتاییەک بێ، تژی لە کێشە و هاودژی و ململانێی بیروبۆچوونی جیاجیا پانتاییەکی جووڵەئامێزی پەیوەست بە چەمکی بوون و زەمان و گەردوون و عیشق و مەرگ و ئازادی و هێما نەگۆڕەکانی پیرۆزی و ڕۆڵی کاریگەری کەفائەت و چالاکی پسپۆر و زانست پەروەران.. نەخاسما لە بواری پزیشکی و دەروونناسیدا، کەواتە.. دەکرێ. بگوترێ تێکستی [کاتێ نیتشە گریا] ڕۆمانێکە و تێیدا ڕەگەزی دیالۆگ بەردەوامی بەکردەو جووڵە و ڕووداو و بونیادەکانی عیشق و فەلسەفە و دەروونشیکاری و پەرشوبڵاوکردنی چەمک و نهێنییەکانی نامە تایبەتییەکان دەدا، هاوکات توخمەکانی خەیاڵ و فەنتازیا ئاوێزانی ڕووبەری کونجە تاریک و نووتەکەکانی واقیع دەکا، ئەو واقیعەی بەهۆی کۆمەڵێک یاساو ڕێساو کۆت و بەندو ئاستەنگی دێرینەوە هێدی هێدی خودی خۆی دەسەپێنێتە سەر ڕۆح و دەروون و ڕەمەکەکانی مرۆڤەوە و ئازادییە خۆڕسک و ڕەنگاو و ڕەنگەکانی لێ زەوت و داگیردەکا.. ئەگەر «نیتشە» و دکتۆر یۆزیف بروێر وەک دوو کاراکتەری سەرەکی بزوێنەری فەزای دەق و ڕووداو و جیهانبینییەکان بن، ئەوا «لۆسالۆمێ» و بێرتا پاین هایم «ئانائۆ» پرژێنەری مەرجانە ئاگرینەکانی چرکەی خۆشی و بەختەوەری و ئەڤین و ئیرۆتیکن، کە جۆرێک لە ئارامی و خۆشنودی و دڵنیایی بە دڵ و دەروون دەبەخشن..

گەرمترین و ڕۆمانسیترین دیمەنی ئەم تێکستە لە [کافێی سۆرینتۆ]دا ڕوودەدا، ئەو دەمەی دکتۆر بروێر بەدەم قاوە فڕکردنەوەوە چاوەڕوانی دەرکەوتنی لۆسالۆمێ دەکا... لۆسالۆمێ.. ئەو ژنە ڕووسییە سەلار و سەنگین و کەمدووەی کچی ژەنەراڵێکەوە بە جوانییە ناوازەکەی نائاگایی نیتشەی داگیرکردووە و لە جیهانی جوانی ڕۆمانەکەشدا مانەندی کەسایەتییەکی نیمچە شەبەنگی جارجارە دەردەکەوێ و بابەتگەلێکی فەلسەفی و عیشقی دەورووژێنێ... کارتەکەی لۆسالۆمێ بۆ دکتۆر بروێر [ئایندەی فەلسەفەی ئەڵمانی لە مەترسیدایە]. [سبەی کاتژمێر نۆ لە کافێی سۆرینتۆ چاوەڕوانتان دەبم پاشان لە کافێکەدا بۆی دەدرکێنێ و دەڵێ: «من دۆستێکم هەیە کە زۆر نائومێد و نارەحەتە، ترسی ئەوەم هەیە کە ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا خۆی بکوژێت.. باوەڕ بکەن مەرگی ئەم پیاوە بۆ ئێوەو بۆ کولتووری ئەورووپا و بۆ هەمووماندواهاتی دژواری لێدەکەوێتەوە» لێرەدا کێشەی سەرەکی و ململانێی نێوان هێزو ویست و دەسەڵات لە بواری فەلسەفە و زانستی دەروونیشکاریدا

دەست پێدەكاو كەچی هەردوو بوارەكە هێدی هێدی بە هاوسەنگی و هەماهەنگی كارلێكی دەكەن و دەبنەهۆی تەواوكەری بوارە جیاجیاكانی تر.. بە تایبەتی ئەوكاتەی نیتشە دوای چارەسەركردنی لەلایەن دكتۆر بروێرەوە، بەڵام ئازارەكانی «میگرەن» دەسبەرداری نابن و هەمیشە ڕووە و پشێوی و پەشۆكاوی ڕایدەماڵن كاتێ لە ژوورەكەدا بە قێزەونترین دیمەن دەكەوێتە ژێر فشاری دەروونشیكاری و نیشانەكانی میگرەن بەدزێویترین شێوە و كرێتیترین سیماو ڕوخسارێك خەریكە بەرەو سەرئێشەی توندو كوێری و هێڵنجدان و بێ خەوی و ڕشانەوەی دەبەن. لێرەدا بێ توانایی و بێ نموودی جەستە ئامادەیە گوتارە خەتەرناكەكانی جیهانبینییە باڵاكانی بواری فەلسەفە لە خشتە بباو چوون بوونەوەرێكی زەلیل و زەبوونی وابەستەی كلینیك و زانستەكانی دەروونشیكاری سەراپای هێزی بەرگرییەكانی خود لە دەست بدا.. ئەگەرچی نەخۆشی میگرەن وەك هۆكارێكی پۆزەتیڤی بوارێكی كاراو كاریگەر بۆ نیتشە دەڕەخسێنێ و واتا واز لە وانە وتنەوەی زانكۆ دەهێنێ زۆرترین كاتی بۆ خوێندنەوە و نووسین ڕاڤە و تێرامان تەرخان دەكات، چونكە میگرەن یان ژانەسەری توند بەچركەی زایینی مێشک لە قەڵەم دەدرێت- ئەم حاڵەتی زەین زایینە ڕستە شیعرێكی [دیلان تۆماس]م بیردەخاتەوە كە تێیدا گوزارشت لە ژانەسەرێكی سەخت و دژوار دەكاو. ڕاڤەكاران هەمان چەمک دەلالەی نیتشەوی پێ دەبەخشن، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە نێو دنیای ئاڵۆز و شاراوەی دكتۆر یۆزیف بروێرەوە هەست دەكەین ئەوەندەی چێژو تاسە و ئارەزووی بۆ [بێرتا] هەیە نیو ئەوەندە خۆشی بە [ماتیلدە]ی هاوسەری نایێ... [بروێر دوێنێ بە تەنیا چووبووە گەڕانێ، بە دەوری دووڕگەی مۆرانۆدا گەڕابوو، لەگەڵ ئەوەشدا نەهیچی بینیبوو، نە هەستی بە هیچ كردبوو، تەنانەت هیچ وێنەیەكی لە دییەیەوە نەگواستبۆوە بۆ مێشكی، خەیاڵ و هەست و چاوی لای بێرتا بوو، جوانییەكی فریودەر، نیگای ئارەزوومەندانەی، گەرمای ئەو لەشە ئاشنایە و هەناسە خێراكانی كاتێ كە نۆڕینی بۆ دەكرد یان ماساژی دەدا].. دكتۆر بروێر.. لە ئاگایی و نائاگاییدا لەگەڵ یادگارییەكانی بێرتا دەژیا.. [بروێر هەرگیز ئەوە لە یاد ناكات كە چۆن ئەو ڕۆژە ترسناكەی كە نۆڕینی بۆ بێرتا دەكرد، ژنە لە ئازاری سكپڕییەكی خەیاڵی خۆی پێچ دەدا و بەدەنگی بەرز دەیگوت: هەر ئێستا منداڵەكەم لە دكتۆر بروێر لە دایک دەبێت!].. دكتۆر بروێر وەك پزیشكێكی بەنێوبانگ و سەركەوتوو لە بواری دەروونشیكاریدا بە نوێترین شێواز چارەسەری نەخۆشەكانی دەكرد هەندێ جار ڕێگە چارەی هیپۆنۆتیزمە [خەواندنی موگناتیسی] بەكاردەهێنا و زۆرجاریش سونبوولە كێویلەی [ڤالێریان- Valeriane] دژی كەشەنگ بوون و هیستریا و لێدانی دڵ و بێخەوی و كەمكردنەوەی میزكردن و نەخۆشی شەكرە بەشێوەی پۆدرەو حەب و شرووب و وەک چارەسەر دەیدا بە نەخۆشەكان.. فرۆیدی گەنج بە هەیەجانەوە هاتە پێشەوە [یۆزیف، بریا دەتانزانی كە چەندێ حەزم لێیە زانیارییەكی زیاتر لە بارەی میتۆدی تازەی چارەسەری ئێوەوە بەدەست بهێنم؟ ناتوانن لانی كەم ئەوەی كە بۆ قوتابییەكانتان باسكردووە بۆ منیشی ڕوونكەنەوە؟ دەتوانن دڵنیابن لەوەی كە من تەنانەت لەبەرامبەر مارتادا وەک پزیشكێ ئەم ڕازە دەپارێزم]، بەڵام دكتۆر بروێر هەستی بەوە كردبوو كە فرۆید تا ڕادەی پەرستن عاشقی «ماتیلدە»یە. پاشان لە گەشتە هیپنۆتیزمەكەدا ئەم ڕاز و نهێنییە دەدركێنێ.


كەچی بروێر وەک دكتۆرێكی بەنێوبانگ و ئێجگار بەتوانا، كاتێ لەگەڵا نیتشە سەردانی گۆڕستانی خانەوادەكەی دەكا و چەپكەگوڵێكی تازە دەخاتە سەرگۆڕی دایكی كە ئەویش «بێرتا»ی ناوە ئەمجارەیان بروێر دەكەوێتە ژێر گوشاری دەسەڵاتی بیروبۆچوونە نیهلیستییەكانی «نیتشە»وە.. بە تایبەتی كاتێ لە توخمی تاریكی دەدوێ [تاریكی پێش لەدایكبوون و تاریكی دوای مردن]. هەروەها هێدی هێدی نهێنییەكانی خود و ئازادی و گەڕانەوەی سەرمەدیانەی زەمەن و بیروبۆچوونی سەبارەت بەمرۆڤی باڵا دەخاتەڕوو، نیتشە دەڵێ: [گرنگ نییە مرۆ لەچی كۆمەڵگایەكدا بێت، چونكە هەر چۆن بێت هەمیشە بە تەنیا دەمرێت].. نیتشە زۆرجار هێرشی میگرەنی بەدیارییەكی ئاسمانی لە قەڵەم دەدا.. بەم شێوەیە دكتۆر بروێر خۆی لە حاڵەتە هەڵخەڵەتێنەرەكانی خود دەرباز دەكا و پەیتا پەیتا ڕاستینەی خودی خۆی دەدۆزێتەوە.. بە تایبەتی پووچی زیندەگی و لەیادچوونەوە و پیری و مردن.. لە شێوەی ئاخڵەیەكی ترسێنەر گەمارۆی گیانی دەدەن.. دەزانێ زەمەنی هەموو شتێک قووتدەدا و دواتر تەنیا شتێک ناداتەوە! كەواتە وەیشوومەیەكی ناگەهان هەس.. هەڵگری ڕاڕایی و نیگەرانی و

هەڵخەڵەتاندنی خودە و چرکەساتێک پێت دەڵێ تازە کات درەنگە و پێویستە بەبێ دەنگی قبوڵی ماڵئاوایی بکەی!

ئیتر دەگەڕێمەوە سەر بونیادی ڕاستەقینەی ڕۆمانەکە، وێڕای هەڵگری بونیادی- هیستیری و دەرمانسازی و چارەسەرگەری و جیهانێک پڕاوپڕ لە نەخۆشی، کوشندەی وەک سفلس و میگرەن و بێخەوی و هێڵنجدان و ڕشانەوە، یا چارەسەر و دەرمانەکانی وەک مۆرفن و ڤیرۆناڵ و کلۆراڵ...تاد «ڕۆمانی کاتێ نیتشەگریا» تێکستێکە پابەندی بونیادی وەسوەسەکانی زەین و تێکشکاندنی مۆراڵە تەقلیدییەکانە. ئەگەر دکتۆر یۆزیف بروێر چێژو لەززەت لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی شێتانەی «ئانانۆ» واتە [بێرتا پاین هایم] وەرگرێت و ئێستەتیکیترین وێنە و دیمەنی ئیرۆتیکی لە جەستەی شاوەتینی دووچاربوویەکی هیستیریدا بدۆزێتەوە ئەوا [نیتشە] و [پاوڵ ڕێد] و [لۆسالۆمێ] لەوێنەیەکدا کە ساڵی ١٨٨٣لە لۆسرین گیراوە.. لۆسالۆمێ لەنێو فایتۆنەکەدا قەمچییەکەی ڕەشی لە دەستە و بەوپەڕی خانەدانییەوە سەیری خاڵێکی نادیار دەکا، یا ڕووی نیگای لە مەجهوولە، دەکرێ قەمچی هێمای هێزو ویست و دەسەڵات بێ، واتە لەم وێنەیەدا وەک هێمایەکی ئاوێتەش دەلالەت مۆرک و خەسڵەتی سادیەت و مازۆخیەت بکا، چونکە لۆسالۆمێ وەک کیژۆڵەیەکی جوان و زرنگ و نەشئەباز بوون و ئامادەیی خۆی لەنێو ڕۆح و نائاگایی نیتشە دەپارێزێ و زۆرجار دووچاری وەسوەسەکانی زەین و وڕێنە و شێتێتی دەکا، هاوکات لۆسالۆمی لە ڕێگەی عیشق و دۆستایەتییەوە بۆتە نێوەند و پێوەندێک بۆ گواستنەوەی هزرگەلێکی خەتەرناک لەنێوان نیتشە و «دۆستۆیڤسکی»دا بە تایبەتی وێنەی فایتۆنچییە کە کاتێ لە «ڕۆمانی برایانی کارامازۆف»دا ئەسپەکان قەمچی ڕێژ یان قامچی باران دەکا، ئەگەرچی نیتشە بەهۆی [پاوڵ ڕێد]ەوە ئاشنایەتی لەگەڵ لۆسالۆمێ پەیدا دەکا، بەڵام دواتر شێتانە شەیداو گرفتاری دەبێ، هەروەها «ئەلیزابێس»ی خوشکی نیتشە بەجۆرەها شێوە دژایەتی و بەربەرەکانێی لۆسالۆمی دەکا، بەڵام نیتشە تا دوایین چرکە ساتی ژیانی شەیدای ڕەفتار و جوانییەکانی لۆسالۆمێیە، چونکە نیتشە بڕوای بەزەواج نەبوو، بەڵام باوەڕی تەواوی بە دۆستایەتی بوو، دۆستایەتییەکەی فیساگۆرسی و ئەپیکۆری، واتە ئەو دۆستایەتییەی کە لە ڕێگەی چرکە هەڵایساوەکانی لەززەتی ڕۆحییەوە خود ڕووە و هەڵکشان و بەرزی و باڵابوون دەبات.. ئەو دەمەی نیتشە دووچاری گریان دێ. فرمێسکەکانی بۆ فیرقەت و جیایی و دووری لۆسالۆمێ هەڵدەوەرێنێ [نیتشە قسەیەکی نەکرد، چاوانی پڕ ئەسرین بوون و سەری بۆ خوارەوە شۆڕکردەوە]. [ئاخ یۆزیف، من بۆ تەحەمولکردنی تەنیایی بە زۆر ڕێگای جیاواز خۆم دەخاپێنم، بەخۆم دەڵێم، دەبێ لە مێگەل جیاببمەوە تاوەکو بتوانم بەدوای هزرەوەبم،] هزری زەردەشت و مرۆڤی باڵاو گەڕانەوەی سەرمەدیانەی زەمەن... [پێشینانی مەزنن کە بەدزییەوە لە گۆشەی تاریکی خۆیانەوە بەرەو هەتاوی من دێن.. نیتشە بەردەوام بوو، ئێستا بە یاریدەی ئێوە تێگەیشتم کە لۆسالۆمێ جگە لە وەهمێک شتێکی تر نەبووە!

ئەم ڕۆمانە تێکستێکی ئاوەڵا و ترسناکە دەکرێ خوێندنەوەگەلێکی بێ شوماری بۆ ئەنجام بدرێ... لەوانە.. تێڕامان لەنامەکەی ڤاکنەر، ئامارکردنی ئەو هەموو داودەرمانە هەمە جۆرە و ئەو هەموو نەخۆشییە کوشندانە، ڕۆڵی کاریگەری کاراکتەرەکانی تر، ڕۆچوون و نغرۆبوون لەنێو گوفتارەکانی نیتشە و بابەتەکانی گەڕانەوەی سەرمەدیانەی زەمەن و مرۆڤی سوپەرمان و چەمکەکانی ویست و هێز و دەسەڵات و دەرکەوتنی زەردەشت، سەفەرە وەهم ئامێزەکەی دکتۆر بروێر بەرەو دوورگەکانی ڤینیسیا، مەینەتییەکانی مەرگ و پیری، عیشق و ئیرۆتیک و جوانی، دنیای نائاگایی و هەڵوەدابوون، نیشانەکانی نەخۆشی سیاتیک و میگرەن و هیستریا، کتێبی «مرۆڤانە، زۆر مرۆڤانە»ی نیتشە.. گەڕانەوە بۆ چارەسەرەکانی سیگموند فرۆید، لەدەستدانی هاوسەنگی ڕۆحی، دیاریکردنی هەندێ لە سرووتەکانی جوولەکە و هزری دژە جوولەکە، بڵێسەکانی هەستی جوانی و چرکە بێهودەییەکانی زیندەگی، مەرگ و پەتاو قێزەونبوونی ژیان و چەندین خوێندنەوەی تر.

**ناوی کتێب کاتێک نیتشە گریا**
**بابەت: ڕۆمان**
**نووسەر: ئیرڤین دی. یالۆم**
**وەرگێڕان: دڵشاد هیوا**
**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی- چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٦**




# ڕامانێکی سایکۆلۆژیانە بۆ ئەدەب

محەمەد تەها حوسێن



هەر ساتێکی نووسین لای نووسەر بریتییە لە حاڵەتێکی سایکۆلۆژی و لە ساتەوەختەکانی نووسیندا نووسەر لەژێر کاریگەری بارێکی دەروونی نائاساییدایە و ئاستی توانایی هزری و لەولاشەوە ئاستی توانا زمانییەکانی، پێوەری وەرگێڕانی ئەو بارە دەروونییەن بۆ شێوازە جیاجیاکانی دەق. ئا لێرەدایە سایکۆلۆژییەتی نووسەر بەسەر دەقە ماناداره بەرهەمهێنراوەکاندا ڕەنگ دەداتەوە و لە ڕێگەی سایکۆلۆژییەتی نووسینیشەوە دەکرێ توخمە سەرەکییەکانی عەقڵی نووسەر بدۆزینەوە و هەر لەوێشەوە لەو بارە دەروونییە تایبەتە بگەین کە لە بنچینەدا مۆتیڤی سەرەکی نووسەر بووە بۆ کردەی نووسین و تەرجەمەکردنی هزری ئەو بارە.

نووسەر بوونێکی مانابەخشە و پڕۆسێسی بەرهەمهێنانی ماناش بە تەواوی ساتەوەختی دەروونین و بریتین لە وەرگێڕانی هەستەکان بۆ بابەتێکی ئیدراکی مانادار. کەواتە هەمیشە بونیادی کۆجیتۆی نووسەر (نووسین) بووە، واتە (من دەنووسم کەواتە من هەم). لێرەشدا نووسەر بوونێکی بیرکەرەوەیە و دەکەوێتە نێوان هەردوو پڕۆسێسی خوێندنەوە و نووسین:

**خوێندنەوە ⟵ بیرکردنەوە ⟵ نووسین.**

بە مانا هەمیشە خوێندنەوە و نووسین لە نێوانیاندا گرنگترین توخمی (بوون) هەیە کە (بیرکردنەوە)یە و بێ ئەم توخمە نە هزر، نەنووسین، نە دەق بەرهەم نایەن.

ئەم حاڵەتی بیرکردنەوەیە گەوهەری کار و چالاکی سایکۆلۆژیای مۆدێرنە، واتە بەشی هەرە زۆری بایەخی سایکۆلۆژیا لەسەر پڕۆسێسی بیرکردنەوە وەک ڕەفتارێکی عەقڵی ئیش دەکا و گەورەترین پانتاییش کە دراوە بە بیرکردنەوە (خەیاڵ)ەو خەیاڵیش دیارترین خاڵی هاوبەشی نێوان ئەدەب و سایکۆلۆژیایە و ڕووبەرێکی بەپیتی فیکریشە و بەشی هەرە زۆری داهێنانە مەعریفییەکان بە ئەدەبیشەوە لە بە پیتی خەیاڵی نووسەر و داهێنەرەکانیانەوە هاتوون.

هێزی هەر دەقێکی ئەدەبیش بە فراوانی و تەنگی خەیاڵی نووسەرەکەی دەپێورێ، بە پێچەوانەوەشەوە هێزی خەیاڵی نووسەر، بە هێزی دەقەکەیەوە دەردەکەوێ. ئەوەی سنوور ناناسێ خەیاڵە و کاتێ تۆ لە خەیاڵدای چەندەی بتەوێ دەفڕی و دوور دوور بەرەو ناکۆتاکان باڵ دەگری. خەیاڵی نووسەریش تەنیا لە ڕێگەی میکانیزمە سایکۆلۆژییەکان شی دەکرێتەوە و قاڵبێکی تەئویلی پێدەدرێ، بە مانا خودی چەمکی تەئویل کە ئەکتیڤترین چەمکی پشکنینی دەق و گەڕانە بە دوای مانا جیا جیاکانیدا، ئەوەندەی چەمکێکی سایکۆلۆژییە، ئەوەندە چەمکێکی فەلسەفی نییە. لە بیریشمان نەچێ مادامەکێ ئەدەب بەرهەمی ساتەوەختە دەروونییەکانی مرۆڤە، لە هەمان کاتیشدا ئەم دەقە بەرهەمهاتووانە هەمیشە دەبن بە بابەتگەلێک بۆ ناسینەوەی مانا و عەقڵەکانی لە پشتیانەوەن و ئەوەتا ئەفسانەکانی یۆنان و واوەتریش حیکایەتە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤایەتی و تابلۆ و پەیکەرە داتاشراوەکان و سەدان دەقی ئەدەبی و هونەری بوون کە دەیانی وەکو فرۆید و یۆنگ و ئەریکسۆن و هی دیکەیان هان دا ئارکیۆلۆژیانە بوونی مرۆڤ لەو دەقانەدا بپشکنن.